www.pertwk.com

# ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا

# لەسەدەی (21)

ئامادەکردنی

( ئەنجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا )


وەرگێڕانی

دلاوەر عەبدوڵلا

مجید سالەح - تارا شێخ عوسمان





بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: ستراتیژی نەتەوەیی ئەمەریکا لە سەدەی (21)
- ئامادەکردنی: ئەنجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا
- وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: دلاوەر عەبدوڵلا – مەجید سالّح – تارا شێخ عوسمان
- بابەت: سیاسی
- تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: شیلان نوری – سۆران عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ: کەمال حامید
- زنجیرە: ( 85 )
- تیراژ: 1250 دانە
- ژمارەی سپاردنی ( 7 )ی ساڵی ( 2005 )ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
- چاپی یەکەم: 2005- سلێمانی
- چاپخانە: ڕوون

www.pertwk.com

# ناوەڕۆك


تێبینیەك

پێشەکی وەرگێڕی فارسی

**بەشی یەکەم: جیهانی ئاینده**

دەستپێك

فەسڵی یەکەم: لێکۆڵینەوەی دینامیکی جیهانی

- ئایندەی زانستیی– تەکنۆلۆژیا: خەڵکی چی فێردەبن وچی دەئافرێنن؟
- ئابوری جیهانی: چۆن سامان کۆبۆتەوە؟
- ئایندەی سیاسی– کۆمەڵایەتی: چۆن جیهان بەڕێوە دەبرێت؟
- بواری ئاسایشی– سەربازی : چۆن کۆمەڵگا بەرگری لەخۆی دەکات؟

فەسڵی دووەم: بزاوتی جیهانی

- ئەورووپای گەورە
- خۆرهەڵاتی ئاسیا
- خۆرهەڵاتی نزیکی گەورە
- ئەفریقای باشوری بیابان
- کیشوەری ئەمریکا

فەسڵی سێیەم: هەلومەرجی ناوخۆیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەداهاتودا

- هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان
- هەلوێستە تەکنۆلۆژییەکان
- هەلوێستە ئابورییەکان





- بەهاکان، ڕووداو، ویستی نەتەوەیی
- هەلوێستە کاریگەرەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی

فەسڵی چوارەم: جیهانە خەیاڵیەکان

- ئاشتی دیمکراسیانە
- نەتەوەگەرایی وپارێزگاریکردن لە بەرهەمە ناوخۆییەکان
- بەجیهانبونی سەرکەوتوانە
- دابەشکاری و ڕووبەڕوبونەوە
- ئایندەیەکی پارچە پارچە

فەسڵی پێنجەم: بابەتەکان و پەیامە بنەڕەتیەکان

**بەشی دووەم: تاوتوێکردنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی**

- دەسپێك
- هزری ستراتیژانە
- دەبێت سیاسەت وستراتیژ لەڕاژەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکاندا بن
- بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لەسەدەی نوێدا
- ئامانجە بنەڕەتیەکان
- پێداویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی
- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاشتی

**بەشی سێیەم: گۆڕانکاری ناچاریی**

- دەسپێك

فەسڵی یەکەم: ڕاسپاردەکان

- فەراهەمکردنی ئاسایشی وڵات
- نوێکردنەوەی دامەزراوەی زانستیو پەروەردەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان

www.pertwk.com


- پێداچونەوەو ڕیفۆرمسازی دامەزراوەکان
- پێداویستییە مرۆییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی
- ڕۆڵی کۆنگرێس
- پێویستبونی گۆڕانکاری

فەسڵی دووەم: ئارامکردنی وڵات

- فۆرمی ستراتیژی
- نوێکردنەوەی دامەزراوەی ڕێکخراوەیی
- هاوکاری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن

فەسڵی سێیەم: نوێکردنەوەی دامەزراوەی زانستی وپەروەردەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان

- سەرمایەگوزاری لە نوێگەریدا
- پەروەردە و فێرکاری وەك پێداویستیەکی ئاسایشی نەتەوەیی

فەسڵی چوارەم:پێداچونەوە و ڕیفۆرمسازی دامەزراوەکان

- بەرنامەڕێژی و ڕێکخستنی بودجەی ستراتیژ
- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی
- وەزارەتی کاروباری دەرەوە
  - دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە لە ئێستادا
- وەزارەتی بەرگری
  - ڕیفۆرمسازی لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا
  - ڕیفۆرمسازی دامەزراوەکان
  - ڕیفۆرمسازی ڕەوتی کار
- سیاسەتی بۆشایی ئاسمان(فەزا)
- کۆمەڵگەی زانیاری





فەسڵی پێنجەم: پێداویستیە مرۆییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- تەقەلاو مەیلی نەتەوەیی بۆ ڕاژەکردن بە وڵات
- پرۆسەکانی دانانی پۆستی سەرکۆماری
- دامەزراوەی دەرەکی
- بەڕێوەبەرێتیەکانی دەوڵەت
- کارمەندانی سوپا

فەسڵی شەشەم: ڕۆڵی کۆنگرێس

- دواوتە

پەراوێزەکان

## تێبینیەک : دەربارەی ئەم کتێبە

ئەم کتێبە، چۆن لەلایەن (لیژنەی دارِشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا) وە تۆمارکراوە، هەروەاش لەلایەن لیژنەیەکەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕاوە. ئەو لیژنەیەش بریتین لە (جلال دهمشگی، بابک فرهەنگی ، ابو القاسم راه چمنی). ناونیشانی ئنگلیزی بابەتەکەش برتییە لە ( New World Coming: American scurity in 21Century-Century 2001) . سەرەتاش بڕیاربوو بۆ وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی بەهاوبەشی چەندین نوسەرو وەرگێڕ ئەنجام بدرێت ، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەوانە بەهەر هۆیەکەوە بێت کارەکەیان بۆ بەئەنجام نەگەیشت. بەهەرحاڵ کاتێک دەستکرا بەکۆکردنەوەی دەستنوسەکان وئەوانەشی تایپ کراون دەرکەوت کە :لە کۆی سێ بەشی هەموو کتێبەکە، لە بەشی یەکەمدا پێشەکیەکەی لەلایەن (فلاح کریم)، فەسڵی یەکەم (دلاوەر عەبدوڵڵا)، نیوەی فەسڵی دوەم (مەجید ساڵح)و نیوەکەی دی (دلاوەر عەبدوڵڵا) ،فەسڵی سێیەم و چوارەم خاتوا( تارا شێخ عوسمان) و فەسڵی پێنجەم (دلاوەر عەبدوڵڵا) وەریانگێڕاوە. بەشی دووەمیش (لێکۆڵینەوە دەربارەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی) لەلایەن (دلاوەر عەبدوڵڵا) وە کراوە، بەڵام دوابەشی کتێبەکە، کە بەشی سێیەمە (پێداویستی گۆڕانکاری) ونبوە. لەیەرئەوە تادوبارە پەیداکردنەوەی ئەو بەشەو وەرگێڕانی و پێداچونەوەی بەگشتی، کاتێکی زۆری خایاند. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرنگی وبەهاو ناوەڕۆکی کتێبەکە زۆرلەو ماندوبوونە زیاتریشی دەهێنا، بۆیە جەخت لەسەر ئامادەکردنی دەکرایەوە. هەرچۆنێک بێت بێگومانم کەبەرهەمێکی ناوازەی لەمجۆرە بێکەموکورتی نابێت ، هیوادارم مەبەستی سەرەکی لەوەرگێڕانی کتێبەکە لێبوردەیی لەهەڵەو کەموکوڕییەکان لەگەڵ خۆی بکاتە دیاری .



www.pertwk.com

دلاوەر عەبدوڵڵا

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی

لەساڵی (1997)دا یاسادانەرانی ئەمریکا پەییان بەو خاڵە برد کە(یاسای ئاسایشی نەتەوەیی) پاش بەسەر بردنی پەنجا ساڵ لە دەنگ لەسەردان و پیادەکردن پێویستی بە ڕیفۆمسازی وچاوپیاخشانەوەیە. ئەم یاسایە، کەبەپێی ئەوە کاروباری هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا خرابوە ئەستۆی وەزارەتی بەرگری و(ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) بۆ هەمانگسازی لەدەسەلاتی نەتەوەیی وڵاتدا پێکهات، ئەگەرچی لە سەردەمی جەنگی سارد و بەرەنگارنگاربونوەی فراوانخوازی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرکەوتو بوو، بەڵام بۆ کاراتر بوونی لە خولی نوێدا دەبێت ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بگۆڕێت. لەسەر ئەم بنچینەیە وەزیری بەرگری ئەمریکا بەپێی یاسای ( لیژنەی ڕاوێژکارانی فیدراڵ) پێشنیارێکی بەناوی گەڵاڵەکردن بۆ (ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەسەدەی بیست و یەك) خستەبەردەست و، کۆشکی سپی و کۆنگرێس ڕەزامەندبوون و لیژنەیەك بەهەمان ناوەوە پێکهات. ئەندامانی لیژنە لەنێو سیاسەتمەداران، یاسادانەران و لێکۆڵیارانی بەرجەستە هەڵبژێران و، سەرۆکایەتیە هاوبەشەکەی لە ئەستۆی ( گری هارت– سەناتۆری پێشوی ویلایەتی کۆلۆرادۆ) و( وارن .ب. رادمن – سەناتۆری پێشوی ویلایەتی نیوهمشایر) دابوو. ئەندامەکانی دی بریتی بوون لە: (جەیمز شیلزینگر– وەزیری پێشوی بەرگری و وزەو سەرۆکی (CIA) ) ،( نیوت گینگریج– سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەران)، ( ئان ئارمسترانگ– لەزانکۆی تەکساس و بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی) ، ( نۆرمن.ر. ئاگوستین –

www.pertwk.com

سەرۆکی پێشوی کۆمپانیای لاکهید مارتن)، ( جان دەنسی– ڕۆژنامەنوسی سیاسی تۆڕی تەلەفزیۆنی(NBC) لە کۆشکی سپی)، ( جان.ر. گالوین– جەنەراڵی خانەنشین وفەرماندەی پێشوی ناتۆ)، ( لسلی. ئێچ. گیلب– سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکیەکان)، ( لی. ئێچ. هاملتۆن – ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیندیانا، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆلینەوەی ڤۆدۆرۆ ویلسن)، ( لایونیل ئولمەر– یاریدەدەری پێشوی وەزیری بازرگانی)، ( دۆنالد. ب. ڕایس– کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرێتی کۆمپانیای یۆرجنسیس)، (هاری.د. ترین– ئەدمیرالی خانەنشین وفەرماندەی پێشوی فەرماندەیی هێزەکانی هاوپەیمانان لەناوچەی ئۆقیانوسی ئەتلەسی)، ( ئەندرۆ یۆنگ– پاریزگاری پێشوی ئەتلانتا وبالوێزی پێشوی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان). گروپێکی بیست و نۆ کەسیلێکۆڵیار ، گروپێکی دوازدە کەسی یاریدەدەرانی توێژینەوە، گروپێکی دوازدە کەسی پشتیوانی ، بەڕێوەبەرێك و یاریدەدەرێك بۆ هاوهەنگاوکردنی گروپەکان ، یاریدەی ئەندامە سەرەکیەکانی لیژنەکەیان دەدا.

لیژنەکە یەکەمین دانیشتنی خۆی لە ئۆکتۆبەری (1998) بەست و ئەرکە پێسپێردراوەکەیان دابەشی سێ قۆناغ کرد. یەکەم، لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجی نوێی جیهان لە بیست وپێنج ساڵی داهاتودا " دوەم، گەڵاڵەکردنی ستراتیژێکی ئاسایشی نەتەوەیی گونجاولەگەڵ هەلومەرجی نوێ " توێژینەوە لەکاری دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئاسایش لەپێناوی کارامەترکردن و ڕاستتر پیادەکردنی ئەم ستراتیژەو ڕاسپاردەی پێویست بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرمسازی لەناو ئەو دەزگایانەدا.

بەپێی ئەو دابەشکردنە بڕیاردرا یەکەمین قۆناغی داڕشتنی ستراتیژی ئەوپەڕی تا پازدەیەمی سێپتامبەری (1999) ، قۆناغی دوەمی ئەو پەڕی تا



پازدەیەمی ئاوریل (2000) و قۆناغی سێیەم ئەو پەڕی تا پازدەیەمی فوریە (2001) ئامادەبکرێت و پێشکەش بە وەزیری بەرگری بکرێت.

قۆناغی یەکەمی ئەم ستراتیژە لەکاتی دیاریکراودا و لەژێر ناونیشانی ( جیهانی ئایندە–New world coming ) دا بڵاوکرایەوە. لەم کتێبەدا ئەنجامی ئەم قۆناغە لەبەشی یەکەمیدا هاتوە، کەبەشی سەرەکی کتێبەکە پێکدەهێنێت. لەم بەشەدا ئاڵوگۆڕەکانی بیست وپێنج ساڵی یەکەمی سەدەی بیست و یەك لە دیدی زانستی و ئامارەوە ڕاڤەو پێشبینی کراوە.

قۆناغی دوەم لە پازدەی ئاوریلی ساڵی (2000) بەناونیشانی ( لێکۆلینەوە لەباری ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی–Seeking national strategy) بڵاوکرایەوە و، لەم کتێبەدا بەشی دوەم پێکدێنێت. لەم بەشەدا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و ئامانجەکانی ئەمریکا لە بیست و پێنج ساڵی داهاتودا خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەوەو، ستراتیژێك بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندی و ئامانجانە خراوەتە ڕوو.

قۆناغی سێیەم لە پازدەی فوریەی ساڵی (2001) بەناونیشانی (پێداویستی گۆڕانکاری– Imperative for change) بڵاوبۆتەوە، کەبەشی سێیەمی ئەم کتێبە پێکدێنێت. لەم بەشەدا یاسادانان، دامەزراوەی دەوڵەت و دامەزراوەی بڕیاردان کەلەساڵی (1947)وە دانراوە خراوەتەوە ژێر لێکۆڵینەوەوەو، تا دەرکەوێت کەئایا لەگەڵ پێداویستیەکانی سەدەی بیست ویەکدا هاوخوانە یان نا و، سەبارەت بە بابەتە ناسازگارەکانیش ڕیفۆرم پێشنیاز کراوە. ئەم بەشە زیاتر باس لەدامەزراوە ناوخۆییەکانی ئەمریکا دەکات.

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

# جیهانی ئایندة

www.pertwk.com

## دەستپێک

و:فلاح كريم

لەبنچینەدا ئایندە ئەو هەلە مێژووییەیە کە ئەمریکا لەمەیدانی سیاسەتی جیهانیداو ئەو سەرکەوتنەی لەقۆناغی کۆتایی جەنگی ساردا بەبێ خوێنڕشتن بەدەستیهێناوە، کەبەڕاشکاوی ئاوێتەیە لەگەڵ باڵادەستی ئامانجەکانی ئەمریکا. ئەو هەلە مێژووییە هەمیشەیی نابێت" بەو پێیەی کەهیچ یەکێك لەدەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی هەتاسەر نین، بەڵام لە(25) ساڵی ئایندەدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەمەبەستی زامنکردنی ئەو دەستکەوتانەی کەلەڕابەرایەتی ئەمریکاوە بەر ئێمەو زۆر لەدانیشتوانی جیهان دەکەون، لەجیهانێکدا کەئاڵۆزتر دەبێ، دێتە مەیدانەوە.

ئەمریکا بەو هەموو هێزو توانایەیەوە کەهەیەتی، لە(25) ساڵی داهاتودا ناتوانێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەسەڵاتی بەسەر ئەم جیهانە پان و پۆڕەدا بشکێ و چاودێری بکات و هیچ وڵاتێکی تریش ئەو توانایەی نابێت. مێژو هێشتا ڕێگایەکی دور و درێژی لەپێشە، هەمەجۆری کەلتورەکانی مرۆڤایەتی هەروا بەردەوامەو لایەنگیری و هەواداری بۆ دەسەڵات و سەرچاوەکانی هەست و جۆشوخرۆشیش هەروەکو جاران لەژیان و ژیانی سیاسی نەتەوەکاندا دەمێننەوە.

بەمپێیە، جۆرێك لەپەرشوبڵاوی دەسەڵات – بەڵام نەك بەشێوە کلاسیکییەکەی– لەبەرامبەر ئێمەدایە، ڕەنگە هاوسەنگییەکی نوێ لەدەسەڵاتدا سەرهەڵبدات، ئەو هاوسەنگییەی هەتا بۆ کاربەدەستانی سەدەی( 18و 19 ) قابیلی هەستپێکردن بوە، بەڵام شتێکی جیاوازو فراوانتری لەوە لەخۆگرتوە و



ڕەنگە بەسەریشیدا زاڵبێت. کۆنترۆڵی زیاد لەجارانی زانست و بەکارهێنانی لەتازەکردنەوەی تەکنەلۆژیا، لەڕێڕەوی کاملبونی بەجیهانیکردنی ئابوریدا، لەکاتی گۆڕینی بنەماکانی ڕوبەڕوبونەوەی نێودەوڵەتی و هەتا لەکارلێکردنی ناسنامەی کۆمەڵگەکاندا، ڕۆڵی هەیە. ڕادەی دەسەڵات و نفوزی حکومەتەکان هەمیشە لەسنوری کۆمەڵگەدا لەهەڵکشان و داکشاندا بوە. ئەمانە زۆرجار لەسەر دزەکردن بۆ دەرەوەی سنور لەگەڵ دەزگاکانی‌تردا لەململانێدا بون، بەڵام ئەو کێشانەی کەئێستا یەخەی دەسەڵاتی نەتەوەییان گرتوە تازەن و لەهەمان کاتدا قەبەن.

ئەوەی کەبەهۆی ئەو کێشانەوە بەردەوام ڕۆڵی حکومەت کەمبێتەوە یان سیستمی وڵاتە سەربەخۆو دەسەڵاتدارەکان سیمایەکی تازە بەخۆیانەوە ببینن یان سیستمێکی تازە جێگایان بگرێتەوە, ئەنجامێکی حەتمی نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو سیستمەو یەکەکانی ناوەوەی بێچەندوچون گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەهەمان شێوە کەهەر کاتێ لەبەردەم ئەزمونێکدا بون گۆڕانیان بەسەردا هاتوە .

لەساڵانی داهاتودا سنورە جوگرافیایی و ئەتنیکی و نەتەوەیی و دەرونزانییەکان ڕوبەڕوی فشارو ململانێ دەبنەوە و بەناچاری سیمای ئێستایان گۆڕانی بەسەردا دێت. لەگەڵ گۆڕینی فاکتەرەکان و گورز بەرکەوتنی دەسەڵاتی نیشتمانیدا زۆرجار پێکهاتەی بنەماکانی ئێستا لەگەڵ واقیعدا لەململانێ و کێشمەکێشدا دەبن. لەگەڵ سەرهەڵدانی هەڕەشە نوێکاندا دیمەنی ڕۆڵ و کاریگەری کۆنی یاسا و کاری پۆلیسی و دەسەڵاتی سەربازی نادیار دەبێت.

لەنێو ئەو هەڕەشە تازانەدا ڕەنگە هێرشی تیرۆریستە سەربەخۆکان یان ئەوانەی لەلایەن هەندێ دەوڵەتەوە پشتیوانییان لێدەکرێت بە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لەدژی شارەکانی ئەمریکا پێویستی بەسەرنجدانێکی زیاتربێت. لەگەڵ

www.pertwk.com

هاتنی سەدەی نوێدا ڕوخسارەکانی جیاکردنەوەی بەرگری کۆنی نیشتمانیی لەئاسایشی ناوخۆ ململانێیەکی زیاتری لەسەرە و سیاسەتە باوەکان و ڕێوشوێنی بیرۆکراتیانە تاسنوری لەبەریەك هەڵوەشان و ئەولاتریش لەخۆدەگیرێت، مەگەر ئەوەی چاویان پێدابخشێنرێتەوە.

هەروەها ئاینده پڕە لەدەرفەتی هیوا بەخش و مەزن، ڕەنگە مرۆڤایەتی بۆ بەلاداخستنی بیروبۆچونەکان و نزیککردنەوەی دیدگاکان و یارمەتیدانی لێقەوماوان و تیمارکردنی نەخۆشەکان چەند شێوازو دیدگایەکی نوێ لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکانی جیهادا بگرێتەبەر. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لەم بوارانەدا ڕوبەڕوی ناکامی بێتەوە ئەگەری شکستی لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر دەبێت، چونکە پەیوەستی جیهانیی لەلایەکەوە، دەبێتەهۆی بەهرەمەندی و لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی بەدبەختی و چارەڕەشی. بونبەیەکی بازاڕەکانی دراوی جیهانی لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبونی سیستماتیکی فاکتەرەکانی چەقبەستنی ئابوری - کەبەزۆری وەرزی و ناوچەیی بون- لەئەنجامیشدا ئەم چەقبەستنانە کاریگەریی جیهانی بەدوای خۆیاندا بهێنن. جوڵەی بەهێزتری سامان کە سەرچاوەکەی لەپڕۆسەی بەیەکبونی ئابوری جیهانییەوە هەڵدەقوڵێت، هەرچۆنێك بێت دەبێتە هۆی نابەرامبەری گەشەکردن لەنێوان نەتەوەکاندا. پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاش پەیوەست دەبێت بەبەرهەمهێنانی ئامێری کاراتر لەچاو رابردو. ئەو ئامێرانەی کە لەدەستی خەڵکانی شایستەدا بۆمەبەستی سودوەرگرتن و بەرهەمهێنان بەکاردەهێنرێن گەر بکەونەدەست خەڵکانی ناڕەسەن و ناشایستە، دەتوانن ترسی گەورەو تەنانەت براکوژیش بەدیبهێنن. لە(25) ساڵی ئاییندەدا، ململانێیەك لەسەر گرفتی ئەخلاقی کە لەخودی تەکنەلۆژیای ژیاندایە پەیدادەبێ و لەوانەیە مرۆڤایەتی بۆ بنەما سەرەتاییەکان بگەڕێنێتەوە. هزریشمان بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەئاسایشی نەتەوەیی فراوان دەبێت. بەهاو پێوانە سیاسییەکانمان هاوتای گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە لەمەحەك دەدرێن و هێزە داهێنەرو بەئەخلاقییەکانمان لەهەموو بوارەکاندا بەکاردەهێنرێن.



لەگەڵ ئەوەشی هەندێك لە شتەکان گۆڕانیان بەسەردا نایەت، بەڵام بێگومان چەندینجار لەژیانی سیاسیماندا ڕوبەڕوی ئەم سێ پرسیارە بنەڕەتییە دەبینەوە :

1- دەسەڵات و حکومەتی شەرعی چۆن پێکدێن؟

2- لەژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا، چ شتێك دادپەروەرانەیە؟

3- چۆن دیدە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدیدا بگونجێنین؟

هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئێمە سەرگەرمی قوڵبونەوەین لەم پرسیارانەو بواری تردا، ڕێسای مێژوش هەروەك ڕابردو کاریگەری دەبێت. هێزە گەورەکان هەروا دەمێننەوە و ڕوبەڕوبونەوەکانیان وەك ڕابردو گرنگ دەبێت و وەکو هەمیشە، بەشێکی زۆری کاروبارەکان پەیوەندی بەوردبینی و لێهاتویی و دانایی سەرکردەکانەوە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گەواهی بەدحاڵیبونەکان و دادگایی نادروست و هەڵەکان و هەروەها ئەو سەرکردە دلێرانەی دەرکەوتەی بیرتیژیی پیاوان و ژنانی ئاوارتەین دەبین.

بەچاوخشاندنێك بەو گۆڕانکارییانەی باسکران، دەتوانرێ بگوترێ ئێستا ئەمریکییەکان لەچاو ڕابردودا ئاسایشی کەمتریان هەیە و لەئاییندەشدا ڕێژەی خۆپارێزییان بەشێوەیەکی زۆرتر لەوەی بیری لێدەکەنەوە کەمتر دەبێتەوە. لەبەرئەوە بەئاسانی ناتوانرێت هەڕەشەکانی داهاتو پێشبینی بکرێت. ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی کەلەڕوی مێژوییەوە خومان پێوەگرتون ( وەك دیکتاتۆرییەکان، شیعرە شەڕخوازییە نەفرەت ئامێزەکان، سوپای گەورەی تاژێر چەناگە چەکدار ، لەحاڵەتی پێشکەوتندا موشەکە زەبەلاحەکان ئامادەی تەقاندنن) جیاوازیی بەرچاویان هەیە. ئەم هەڕەشانە لەوانەیە وەك هێرشی چاوەڕواننەکراوی گروپە شێوە ناسیۆنالیستییەکان بەسودوەرگرتن لە نەخۆشیی بەرهەمهێنراوی ئامێزی ئەندازیارانی جینەکان بۆسەر شارەکانی ئەمریکابن،

www.pertwk.com

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە هێرش بۆ سەر ژێرخانی ئابوری نێودەوڵەتی ببینین، کەبەشێوەیەکی بەردەوام لەکەداربونی یەکپارچەیی و پەرتەوازەبونی زیاتر بوە و لەژێر دەسەڵاتێك و سنوری هیچ ناوەند یان کەسێکی راستەقینەدا نین.

لەم نێوەندەدا، جۆرێك لەپارچەپارچەبونی پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی، کەچەند وڵاتێکی گرنگی ڕوەو تێکشکان و بێئومێدی یان لەبەریەکهەڵوەشان بردوە وبۆتەهۆی سەرهەڵدانی کێشە ناوچەییەکان لەوانەیە لەمجۆرە هەڕەشانەبن. قەیرانی سیاسی کەلەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەك یەکەو لەبەرامبەر دەوڵەت و سیاسەتەکانیدا خۆی دەردەخات، ئەمەیە کەلایەنەکانی رابەڕایەتی نەتەوەیی ئەمریکا والێدەکات کەچۆن وڵات یەکبخەن و ڕێوشوێنێك وێنابکەن کەلەبوارە تازەکان سودوەرگرن و لەدوای هەڕەشەکانیش دوبارە دەرکەونەوە؟ پێش ئەوەی کەلێکۆڵینەوەو بەڵگەکان تاوتویێ بکەین، بەشێوەیەکی ورد شێوەو هۆکانی کارەکە باس دەکەین.

(تۆماس هۆبز) لەکتێبەکەی خۆیدا (الیفیاپان) دا بەم شێوەیە دەنوسێت :

(هیچ کەسێك ناتوانێت لەهزری خۆیدا وێنایەکی بۆ ئایندە هەبێت، چونکە ئەمڕۆ هێشتا ئایندە نییە. لەهەمان کاتدا ئێمە لەوێناو هەڵهێنجانەکانی ڕابردوی خۆمانەوە ئایندەیەك بەدەسدەهێنین). مەبەستی(هۆبز )لەم نوسینە دو داواکارییە، یەکەم ئەوەیە کەڕابردو تەنیا زەمینەیەکە بۆ پێشبینی ئایندە. داواکاری سەرنجڕاکێش و ئاقڵانەی دوەم ئەوەیە کەژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای وێناکردن و هەڵهێنجانی مرۆڤەکان پێکدێت. لەهەردو بوارەکەشدا، هەق لای (هۆبزە)، چونکە ئێمە لەئامادەیی و توانای غەیب وتندا بێبەهرەین و تەنیا هۆکارمان بۆ خوێندنەوەی ئایندە سومبولەکانی تازەکردنەوە و لێکجیابوەوە و جموجۆڵ و هەواڵ و ئاماژە مێژوییەکانی سەبارەت بەسروشتی مرۆڤە. ئەمەش



هەروەها واقیعێکە تەنها لێکۆڵینەوە بۆئایندە ئەنجامدەدات. لەبەر ئەوە بەزۆری لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئایندەو پێشبینییەکانی خۆمان، بەجۆرێك کاردەکەین کەهۆکارەکانی بەدیهاتنیان فەراهەمدەبێت. بۆیە پێناسەکردنی ژینگەی نێودەوڵەتی (25) ساڵی‌تر لەئێستاوە، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کارێکی ناوخۆییە لەگەڵ پەیامە گونجاوەکانیدایە. هەرکەسێك لەدژوارییە خودییەکانی ئەم گرنگییەدا کەمێك گومانی هەیە، دەبێ تەماشای ڕابردوی خۆی بکات، هەروەك ئەوەی کەئەم نوسراوە بۆ ئایندە دەڕوانێت.

لەکۆتایی هاوینی( 1974) دا، ڕێك (25) ساڵ پێش ئێستا، وڵاتە یەکگرتوەکان تازە قوڵترین هەڵچونی کێشەیەکی سیاسی سەبارەت بەدەستوری تێپەڕاندبو، ئابورییەکەی زیاتر لەهەر کاتێکی‌تر لەکاتی پاشەکشێی گەورە بەملاوە، توشی بێڕەونەقی و داخراوی ببو. لەگەڵ ئەوەی کە وڵات بەتازەیی شەڕێکی دۆڕاندبو کارێك بو کەلێنی قوڵی کۆمەڵایەتی و لەدەستدانی ڕای گشتی و تواناو ئیرادەی نەتەوەیی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

لەڕابردویەکی تاڕادەیەك نزیکدا، گرنگترین و جدیترین دوژمنی جیهانیی ئەمریکا، واتە، یەکێتی سۆڤیەتی ڕابردو، بەبەردەوامی توانا سەربازییە ستراتیژییەکانی خۆی بەهێز دەکردو لەهەمان کاتیشدا دواکەوتەی سیاسەتی فراوانکردنی نفوزی خۆی بو لەڕێگەی زیادکردنی دەسەڵاتی بەسەر وڵاتانی فەلەکی خۆیدا –لەئەفریقا وە بیگرە تا ئەمریکای ناوەڕاست–. لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانە پلەیەکەکانی ئەمریکا لەئەوروپاو ئاسیادا، هەروا سەرگەرمی کەمکردنەوەی ئەگەری دۆڕاندنی خۆیان لەسەر مەسەلەی سەرکردایەتی ئەمریکا بون و بۆ وەرگرتنی سودی زیاتر لەئابوری ئەمریکا، ئامادەباش دەهاتنە پێشچاو. باوەڕ بەئایندەی دیموکراسی و سەلامەتیی ئابوری بازاڕ چ لەناوخۆی ئەمریکاو چ لەدەرەوەی ئەمریکادا، ڕوەو

www.pertwk.com

دابەزین و هاتنەخوارەوە بو. لەو کاتەدا ژمارەیەکی بەپەنجەی دەست بژێردراو پێشبینیان دەکرد، کە بە پێپەڕبونی تەنیا (25) ساڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان لەکاتێکدا کەناوەندەکانی تاڕادەیەك زۆربەدەسلێنەدراوی دەمێنێتەوەو بەهاو پێوانە بنەڕەتییەکانیشی لەپێوانە نێودەوڵەتییەکاندا پشتیوانی لێکراوە، نمونەی لوتکەی ئاسایش و خۆشبەختی نەتەوەیی و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی بێت.

هێڵی ڕۆشتنی نەتەوەیی ئەمریکا لەجیهاندا لەساڵی( 1974)ە وە تائێستا بەئاشکرا لەبەرزبونەوەدا بوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە ئەم هێڵی رۆشتنە لە(25) ساڵی داهاتودا گۆڕانی بەسەردابێت. لەهەر شێوەیەکدا، بنەمای ئەم نوسینەی ئێستا خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم گریمانانەیە کە ویلایەتە یەکگرتوەکان وەك هێزێکی سەرەکی سیاسی و سەربازی و ئابوری و فەرهەنگی لەجیهانی ئەمڕۆدا تاساڵی( 2025) هەروا پایەدار دەبێ و توانا ماڵی و پەلهاویشتنە جوگرافیایی و دەسەڵات و نفوزی فەرهەنگی و متمانەی سیاسی ئەمریکا بەشێوەیەکی چەسپاو دەبێتە هۆی ئەوەی لەئاسایشی نێودەوڵەتیدا بەدەوڵەتێکی گرنگ بژمێردرێ و رۆڵی بەرچاوی هەبێت.

هەروەها لەبواری میتۆلۆژیادا، ئەم سێ گریمانە بنەڕەتییەمان لەبەرچاو گرتوە:

1– پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت هەڵهێنجراوی هەموو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەکنەلۆژی و ئابورییەکان بێت، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەگەڵ دەسەڵات و رەفتاری حکومەتدا پەیوەست دەبن.

2– ئەو کۆمەڵە پێشبینی و بەدەستهاتوانەی کەپەیوەندییان بەئاییندەوە هەیەو بەتەواوی لەسەر ڕەوتی ئەمڕۆ بنیاتنراون، لەوانەیە ببنەهۆی گومڕایی کردن.



3– هەرچەندە پێشبینی فراوانبونی ڕوداوەکانی ئاینده چاوەڕوانکراوە، بەڵام قسەکردنی پێشوەخت بۆ یەك ڕوداوی تایبەت، گونجاو نییە.

دواهەمین گریمانە، فاکتەری وردو دیقەتکاری هەیە: ئایندە، ئەگەریی و مەرجداریی و ڕوداو قبوڵکردنە.

مێژوی مرۆڤ تەنیا یەك ڕوداو نییە، بەڵکو دروست دەبێ. لەساڵی (2025) دا ڕەوتی کاروبارو بارودۆخی جیهان کۆمەڵێك ڕێوشوێنی وردو ناوخۆیی دیاریدەکات، کەبەشی زۆریان هێشتا نەگیراونەتەبەر. لەبەرامبەردا کێشەی ئێمە ئەوە نییە کەبەسودوەرگرتن لەباشترین هۆکارەکانی لێکۆڵینەوە، تا چ رادەیەك ئەو ڕەوتەی لەپێشماندایە دەتوانین بیبینین، کێشەکە ئەمەیە کەڕەوتەکەمان پڕپێچ و پەنایەو بەهێزترین هۆکارەکانیش ئەو توانایەمان ناداتێ کەپێچەکان ببینین. تێڕوانین بۆئاینده هەرچەندە دژواربێت، هەم پێویستەو هەم گومان ئەنگێزو سەرنجڕاکێش. لەبەرئەوەی کەمەترسییەکان ئەوەندە زۆرن پێداویستی هەوڵ و کۆششێك بۆ ئایندەبینی چەندە کەمیش بێت باشترە لەنەبونی . مایەی گومان و سەرنجڕاکێشە، چونکە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بەشوێن شتدا دەگەڕێین و گیرۆدەی هەستین و ململانێکان بەکێشمان دەکەن.

www.pertwk.com

## فەسڵی یەکەم

# لێکۆڵینەوەی دینامیکی جیهانی

و: دلاوەر عەبدوڵلا

ئایندە، ڕازێکی ئاڵۆزترە لەوشتانەی کە خومان پێوە گرتون. ئەگەر ڕوداوێك لە ناکاو (25) ساڵ (بۆساڵی4 197) بمانگێڕێتەوە دواوە تەواو هەستمان بە ئارامیو ئاسایشی دەکرد" لەگەڵ ئەوەشدا دیسان نەماندەتوانی جیهان لە ساڵی (1999) پێشبینی بکەین. بۆ نمونە تواناى پێشبینیکردنی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد یان بەدیهاتنی شۆڕشی زانیاری، گەشەکردنی ئابوری پایەداری دەیەی نەوەدەکان، یان ئەو چەندین کێشمەکێشە تایبەتیانەی کەلەم دواییەدا سیاسەتی نێودەوڵەتییان هێناوەتە لەرزە نەبوە. بەمپێیە بۆساڵی( 2025) یش چونکە وردەوردە و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ بەو ساڵە دەگەین ڕەنگە هەست بە ئاسودەییو ئارامی بکەین، بەڵام چەندین مەسەلەی زۆر کە ئێستا ناتوانین ڕونیان بکەینەوە تا ئەو ساڵە ئاوەژو دەبنەوە.

گۆڕانو ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی مەتەڵێکی تاك ڕەهەند نییە، بەڵکو مەتەڵێکی دو ڕەهەندە، لەلایەکەوە چالاکیی بەردەوامی سروشتو مرۆڤ لە ڕەوتدایە، کە پێناچێت گرنگیەکی زۆری هەبێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە لەناکاو هەست بەگۆڕانی گەورە لەچەند بوارێکدا دەکەین کە بەر لە ئێستا هەستمان بەهیچ جۆرە چالاکییەك تیایدا نەکردوە، ڕاست وەك ئەوەی کە هەست بە خولانەوەی زەوی ناکەین



بەدەوری خۆیدا . ئاساییە کەڕەوتی گۆڕانی سیاسی یان کۆمەڵایەتیش بەچاو نابینین.

لەبواری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، چەند دیدگایەکی بەرجەستە هەن کە بایەخ بەم مەتەڵە دو ڕەهەندە دەدەن، بەڵام ئەوەی ناسینی بۆ ئێمە گرنگە ئەمەیە کە واقیعی کۆمەڵایەتی خاوەنی خوازەو سەرچاوەی چەند لایەنەیەو پەیوەندی هەیە بەکارو کاردانەوەی بەرامبەرەوەو لەو داخوازییانە هەندێکییان هۆکاریان نزیکە، وەکو تایبەتمەندی کەسایەتی (تاکەکان)، یان شێوەیان لەنمونەی ئەقلانیو (ڕۆشنبیری) یان ڕوداو و ڕێکەوت" هەندێکیتر هۆکاریان دورترە، وەکو هۆیە شاراوەکانی بواری فیزیایی ، دامەزراوەی ژینگە ناسی جۆرەکان و نمونەپایەدارو هەمیشەییەکانی کەلتوری مرۆڤایەتی. ئێمە ئەم بەشەمان بەلێکۆڵینەوەی ڕەوتە زانستیو هونەریو نمونە (چاوەڕوانکراوەکانی ئایندە لەئابوری جیهان) دەست پێکردوە . پاشان دێینە سەر لێکۆڵینەوەی دینامیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کارلێکەرو کارلێکراو لەو ڕەوت و نمونانەی باسکران و بە باسێك دەربارەی قەڵەمڕەوی سەربازی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆتایی بەو لێکۆڵینەوەیە دێنین.

### *ئایندەی زانستی – تەکنۆلۆژیا : خەڵك چی فێردەبنو چی دادەهێنن؟*

ئەو ئامێرانەی کە تەنها لەم سەدەیەدا لەلایەن ئەمریکیەکان و کەسانی دییەوە دروستکراون چەند گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی سەرەکیان لەوڵاتە پێشکەوتوەکاندا هێناوەتە ئاراوە، کە زۆریان قابیلی پیشبینی نەبون. گەیاندنی کارەبا بەفراوانی لەگەڵ بەدیهێنانی گۆڕانی بنچینەیی لە هونەرو شێوازەکانی بەرهەمهێنان و نمونەکانی مەسرەفدا بون بەهۆی گۆڕان لە ئابوری وڵاتاندا. خاوەنداریێتی تایبەتی ئۆتۆمبیل بۆ هەمووان بو بە هۆی زیادبونی لەڕادەبەدەری جوڵەو گوێزانەوەی هێزی کار و نمونەکان و تێزە تازەکان لەبواری خانوبەرەدا بەتایبەتی لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا، ئەوەش سەرهەڵدانی چەند ناوچەیەکی

www.pertwk.com

لەدەوری شارەکان لێکەوتەوە. ژیانیش لە چواردەوری شارە گەورەکان بو بەهۆی خێراکردنی ڕوتی تێکەڵبونی کۆمەڵگە بچوکە جۆراو جۆرەکان لە یەك ڕەوتی زاڵی نوێدا ، بو بە گۆڕانکاری لە نمونەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن و کرداری کۆمەڵایەتیو ئابوری لە شارە گەورەکاندا، دەرمانەکانی ئەنتی بایۆتیك-یش لەڕوی دانیشتوانەوە گۆڕانیان پەرەپێداو شانبەشانی پێشکەوتنەکانی دیکە لەبواری زانستی پزیشکیدا یارمەتی گۆڕانی هەستە مەزهەبیەکانیاندا. ئەو فەرهەنگە نوێیەی بازرگانی کەلە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستدا هێشتا لەپەراوێزی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا بو لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پەلکێشکرایە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە. تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵی زاینی وەچەکان لەڕوی ڕەگەزەوە، نمونە باڵاکانی خێزانیان گۆڕی.

هەڵسەنگاندنی ڕادەی کاریگەری سیاسی ئەو گۆڕانکاریانەی باسکران پراکتیکانە لەتوانادا نییە . گروپگەلی زانست و شارەزایی و بەها مەدەنیەکان، تەنانەت ناوەندەکانی ناسنامەی نیشتمانیش هەموو پێکەوە، گۆرانیان بەسەردا هات . کێشمەکێشی سەختی فۆرمە جیاوازەکانی سۆشیالیزم لەگەڵ دیمکراسی لیبراڵ لەسەدەکانی نۆزدە و بیستدا بەیاد بهێنەرەوە . بنچینە و بنەمای ئەم کێشمەکێشانە و لێکترازانی گەورەی کۆمەڵایەتیودەرونی سەرئەنجامی شۆڕی پیشەسازی بو" چونکە شۆرشی ناوبراو تیۆری سۆسیالیزمی گۆڕی بۆ ئایدۆلۆژیایەکی بەرنامە ڕێژکراو. بێدودڵی، داهێنانە سەرەکیەکانی کۆمەڵایەتی وتازەگەری تەکنیکی لەسەدەی ئایندەدا، لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ دروست دەکات . ڕاستیەکەی ئەمەیە کە کاریگەری و ئەنجامەکانیان هێندە فراوانن کە ئێمە لێرەدا تەنها دەتوانین ئاماژەیەکی سەرپێیان بۆ بکەین .

لە(25) ساڵی ئایندەدا ئەو تەکنیکانە چین کە سەر هەڵدەدەن ؟ خاسیەتی گشتی تەکنیکی نوێ دروستکردنی گۆڕانکاری گەورەیە لەنمونەکانی هەڵسەنگاندندا . تاپێش دەیەی حەفتاکان نمونەی پشەسازیی – تەکنیکی باو،



نمونەیەك بو کەلە سەر بنچینەی ئەوە کارخانەکان بەمەبەستی زامنکردنی پێداویستیە جیهانیەکان گەورەتر دەبون و لەبەرزایی تەلارەکان زیادی دەکرد و بەکارهێنانی بیناکان بەرفراوانتر دەبو. ئەو فڕۆکە خێرایانەی کە هەمیشە قەبارەیان گەورە دەکرا کیشوەرەکانیان بەیەکەوە گرێدادا . کەشتیە ئاسمانیە زەبەلاحەکان خەڵکیان دەبردە سەرمانگ و کڵاوەی موشەکە جەنگیەکان (کە هەریەکەیان توانای تەقینەوەیان بەرامبەر چەندان میگاتۆن بو) هاوسەنگی ئەتۆمییان بەرقەرار دەکرد. کارایی و متمانە لەپێوەرە گەورەکاندا شاراوەبون . بەڵام ئێستا ڕێکخستن وگۆڕان قبوڵکردن و خێرایی چەند خەسڵەتێکی بنەڕەتین. بۆردە سیلکۆنیەکان بەردەوام فراوان دەبن وئێمە لەبەردەم سەردەمی کۆپیکردن وشێوەگرتنەوەی پیشەسازیانەو توانستی سیستمەکانی ژینگە لە بواری بەرهەمهێنان و دروستکردنی مۆڵکۆلیداین .

دیارەترین تازەگەری بیست وپێنج ساڵی ئایندە لەسەربنەماو پێکهاتەی سێ وتەزادا سێ وێنابەرجەستە دەکات. ئەم سێیەش بریتین لە تەکنەلۆژیای زانیاری، تەکنەلۆژیای ژینگەیی و مایکرۆئەلکترۆمیکانیك(MEM).

**بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەزیاد بوندان**



www.pertwk.com

له تەکنەلۆژیای زانیاردا هەروەکو رابرددو هەنگاوی گەورە هەڵدەگیرێت ، ئەم کارەش مۆرکی کۆمەڵایەتی گرنگی بەدوادا دێت . بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەرانسەری جیهاندا بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد دەکات .

ڕەوتی بەماشێن بون زیاتربوە و خەرجی کالا کەمتر دەبێتەوە " تۆڕەکانی ئەنتەرنیت دەگات بەهەموو شوێنێکی جیهان" ئامێرەکان هۆشمەندتر دەبن و کۆمپیوتەرەکان لەڕوی چۆنایەتی دەنگ وڕەنگی خۆیانەوە سیفەتی مرۆیانەی زیاتر بەدەست دەهێنن . لەگەڵ هاتنی ساڵی ( 2025) و ڕەنگە ماوەیەك بەرلە وەش، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری تاڕادەیەکی زۆردەستە جەمعی و جیهانگیری دەبێت و پسپۆڕی زۆر لەشێوەی جۆراوجۆر بە پێوانەی جیهانی لەئارادا دەبێت . تەواوی بەشەکانی جیهان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە" بەجۆرێك کە ناردن و وەرگرتنی خێرای ئامارژەکانی دەنگوڕەنگ و تەواوی ئاماژە ئەلکترۆنیکییەکان لەهەر ئیستگەیەکی جێگیر، یان (لە هەر جێیەکی جیهان ) بۆئیستگەیەکی دیکە لەتوانادا دەبێت.

ئەگەر ئەوهەزارەیەی کە لەسەرەتای پەیوەستبونە بەمێژوەوە، وەکو سەردەمانێك پێناسەی بکەین کە تیایدا بۆیەکەمجار پەیمان بەفەزای ئەستێرەکەی خۆمان برد، سەدەی یەکەمی هەزارەی ئاینده دەتوانرێت بە سەدەیەك دابنرێت کە تیایدا مرۆڤایەتی بەتوندی (جگە لەمەش بەشێوەیەکی پراکتیکی) پەیوەندی تەواو لەگەڵ (زەمەن)ی ڕاستەقینەدا بەدەستدەهێنێت . ئێمە گەواهی ئەوشتە دەبین کە بە(مەرگی ماوە[3]) لەقەڵەمیان داوە.

تەکنۆلۆژیای زانیاری بەشێکی گەورە لەدەوروبەرمان، هەم لەڕوی ئامرازو هەم لەڕوی پەیوەندی لەگەڵ کەسەکانی تردا، دەخاتە بواری پراکتیکەوە . لەگەڵ هاتنی ساڵی (2025) کەسانێکی بێشومار ئامێرەکانی زانیاری گەیاندنی تایبەت لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن . لە کاتێکدا کە ئەو ئامرازانە دیارنین و وزەی پێویستیشیان لەئەنجامی جوڵەی خۆیانەوە دابین دەکەن[4]. لە جیهانێکدا کە



هەرکاتێك حەز بکەین دەوروبەرێکی کارکردنی مەجازی هاوڕێکی پێداویستی و سەلیقەمان لەگەڵ دەبێت، بۆ زۆربەی کەسەکان بڕێکی زۆری زانیاری لەهەرکات وشوێنێکدا بن بەدەست دەبێت . لەکاتی سەفەردا، ئۆتۆمبیلەکانمان کەوەرگری (GPS) یان تێدایە و پەیوەستن بەتۆڕێکەوە لەگەڵ بنکە ناوەندییەکان ، بەدەستهێنانی بەردەوام وهەمیشەیی دواین زانیاری ترافیکی و جیوگرافی دابین دەکەن . لەگەڵ گەیشتنە ماڵ بەهۆی پێداویستیەکانی بەرنامەڕێژی وهاوبەندی یەکتری هەلومەرجی ماڵەکە بەتەواوی لەگەڵ گەیشتنەوەماندا هاورێك دەبێت .

سەرگەرمی و خۆشی خاسیەت و کەش و هەوایەکی جیهانی لەخۆدەگرێت ، لە ڕاستیدا دەتوانین لەگەڵ هەرکەسێك یان گروپێکدا کەلە بواری هونەری، سیاسی، نەژادی و نەتەوەیی یان ئاینیدا، کەحەزو ئارەزوی هاوبەشیان لەگەڵماندا هەبێت پەیوەندی دروستبکەین وهاوکاریان بکەین .

گۆڕانە بنچینەییەکان لەبواری تەکنۆلۆژیای ژینگەییدا تەنانەت لەنوێترین تازەگەرییەکانی تەکنەلۆژیای زانستی سەرسوڕهێنەرتر دەبن . تا ساڵی ( 2010 ) ڕەنگە تەکنەلۆژیای زانیاری لەڕوی سەرمایەگوزاری ئابورییەوە پێش تەکنۆلۆژیای ژینگەیی بکەوێت . بەهەر حاڵ تاڕادەیەك بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت بوترێت کە ئەم لقەی زانست لەڕوانگەی کاریگەری گەورەی کۆمەڵایەتییەوە[5] لە پێش تەکنەلۆژیای زانیارییەوە دەبێت . کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانیەکان و (بەڕادەیەکی کەمتر) دەوڵەتەکانیش هەروا درێژە بەدابینکردنی سەرمایەی قەبەو پێویست دەدەن بۆ لێکۆڵینەوە لەتەکنەلۆژیای ژینگەیی و فراوانبونی درێژەی دەبێت . ئەم سەرمایە گوزارییە کەشانبەشانی ئەو پێشکەوتنانەی قەڵەمڕەوی ئەندازەی جین و لێکۆڵینەوەکانی خانەناسی بەدەست دێت دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تازەگەری و گەشەکردنی ئابوری پەیوەست بەو بوارە.

توانستەکانی ئاینده دەتوانن هاوشانی موڵکایەتی و پێوەرەکانی ئەمڕۆ ڕاتەکێنەربن. ئەگەر دەوڵەتەکان ڕیگری نەکەن ئەندازیارانی جینەکان ئەگەری

www.pertwk.com

گۆڕینی ڕەگەزو سیفەتی تایبەتی لە منداڵاندا مەیسەر دەکەن . هاوشێوە دروستکردنی ئەندامەکانی مرۆڤ لەبابەتە ئاساییەکان دەبێت . مرۆڤ ، زانیاری زیاتر لەنەخۆشییە ڤایرۆسیەکان پەیدادەکات و تەکنەلۆژیای چاندنی دەمار دەتوانێت ئەگەری چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری نەخۆشییە هەمیشەیی و دەمارییە تیژەکان فەراهەم بکات .

بەهێزکردنی دەزگای بەرگری لەشی مرۆڤ لەبەرامبەر نەخۆشیەکاندا لەتوانادا دەبێت . بەهۆی ئەو گاو بەرازو بزنانەی کە لەلایەن ئەندازیارانی جینەوە ئاڵوگۆڕ لەجینەکانیان کراوە تا گۆشتو شیرەکانیان پرۆتین و مادەی بەنرخی تێدا بێت، (دەرمانە ئاژەڵییەکان) بە فراوانی لەبەردەستدان . ئەوخواردەمەنیانەی، کە خۆراکەکەی یان بەرگریبەخشییان بەهێز کراوەو بەیادەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێن ، هەروەها زیادبونی بەرگری گیایی لەبەرامبەر ئافاتە دیارو ناسراوەکان، کشتوکاڵ دەگۆڕێت . لەگەڵ ئەم داهێنانە نوێیانەدا، درێژی تەمەنی مرۆڤ لە جیهانی پەرەسەندودا زیاد دەکات و دەتوانێت لە نێوەندی( 75 )ساڵ ئێستاوە بەلایەنی کەمەوە بگاتە نزیکەی( 85 ) ساڵی و لەوانەیە دوای چارەکە سەدەیەکی پاش ئەوە بگاتە نزیکەی (120 ) ساڵ .

لەگەڵ ئەمانەشدا تا ساڵی (2025 ) مایکرۆئەلکترۆنیك هەزران بەهاو بەتوانستێکی باڵاوە لە کەلوپەل و ئامێرو دەوروبەری فیزیکی ئەو کەسانەی کەلە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا دەژین بە فراوانی دەستدەکەون . ئێمە ئاشنایی لەگەڵ ئامێری مایکرۆئەلکترۆمیکانیکی پەیدا دەکەین، کە تیایاندا هەستەوەرو نێرەرو وەرگرەکان یان چالاککەرەکان (ئەو دوگمانەی کە ئامێری میکانیکی دەخەنەکار) بەقەبارەی ترانسیستۆرێك بچوك کراونەتەوە . تەکنۆلۆژیای لەوجۆرە بەشێوازی جۆراوجۆر کار لە ژیانمان دەکەن . هەر کاتێك نەخۆش بکەوین پزیشکەکان هاوکات لەگەڵ خۆماندا یان زوتر ئاگاداری نەخۆشییەکەمان دەبن، لەبەرئەوەی هەستەوەرە وردەکان هەمیشە چاودێری تەندروستیو سەلامەتی ئێمە دەبن"



هەستەوەری لەوجۆرە بەتوانای زیاترەوە یارمەتی پاراستنی ماڵ و شوێنی کارکردنمان دەدەن . لیستی ئەژماری سرەفکردنی وزە لەپێناوی بەکارهێنانی کەلوپەلی کەم مەسرەفدا نزم دەبێتەوە . بەکارهێنانی هەستەوەری مایکرۆسکۆبی لەسەر ڕوی باڵی فڕۆکەکان گەشتەکانمان خێراتر دەکات . ئامێرە مایکرۆئەلکترۆمیکانیکییەکانیش بە پێچەوانەی پەیامە نادیارەکانی ئابوری وسیاسی ئەخلاقییەکانیشەوە، لەوانەیە ئەگەری توانای دۆزینەوەی زۆر زیاتر وقوڵتری ئاسمان فەراهەم بکات.

بەهەمان شێوەی ئەوەی کەچاوەڕوانی دەکرا، مۆرکی شۆڕشی (نانوتەکنەلۆژیا) (تەکنەلۆژیا هەستیارەکان) ئاشکرا دەبێت . توانستە نوێیەکان لەئامێرە مایکرۆئەلکترۆمیکانیکدا یەك لەدوای یەك پەیدا دەبن . لەنانوتەکنەلۆژیادا، ئامێروهۆکارەکان بەسود وەرگرتن لە شێوازەکانی پێکهاتەی مۆلۆکۆلی چونیەکی ئەندامەکانی مرۆڤ ، بەرهەم دەهێنرێن . لاساییکردنەوەی ژینگە (Bio-Mimicry) – هەوڵی ئیرادەو سەرەکی لەڕوی سەرمایەگوزاری لەبواری ئەزمونگەرایی و فێرکاریەکانی سروشت بەدرێژایەی ملیۆنەها ساڵی تەواو – بنچینە و بنەمای بەشی زۆری پێشکەوتنە نوێیەکانی تەکنەلۆژیا پێکدەهێنێت . بەگوتەی (ئەریك درکسلەر) (یەکێك لە بنیاتنەرانی نانوتەکنەلۆژیا) لەم ڕەوتەدا دەزگاو ئامێری ئەفرێنراو بۆگۆڕینی ئەو ئامێرو هۆکارانەی کە سودیان لێوەردەگرین، بەکاردەهێنرێت(6).

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، نیشانەی ئەوەیە کە نانوتەکنەلۆژیا لەگەڵ ئەوەی هێشتا قۆناغەکانی سەرەتای خۆی تێدەپەڕێنێت ، بەخێرایی پەرەدەسێنێت و کامڵ دەبێت . لەمانگی حوزەیراندا (مەبەست مانگی حوزەیرانی ساڵی 2000–و) گروپێکی توێژەرەوە توانیان پارچەی کۆمپیوتەرێکی سادە بەقەبارەی یەك مۆلۆکۆل دروستبکەن(7). ئەمە سەرکەوتنێکە کە بە بەراورد لەگەڵ رابردودا دەتوانرێت لەڕوی گرنگییەوە بە کاردانەوەی ئەتۆمی زنجیرەیی

www.pertwk.com

ئێنریکۆفێرمی (Enrico fermi) ی ساڵی( 1942 ) (کە لە گۆڕەپانی سکواشی زانکۆی شیکاگۆدا تاقیکرانەوە) بەراورد بکرێت .

کاریگەری‌و پەیامەکانی نانوتەکنۆلۆژیا، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی تەکنۆلۆژیای لەمشێوەیە لە خاڵی پێگەیشتنی زانستی تەکنیکی زانیاری و ژینگەدا کاریکردوەو کاریگەری دەبێت، شۆڕشێکی تەواوە . ئەنجامی لکاندن‌و ئاوێتەبونی ئەم تەکنۆلۆژیایانە پەیدابون‌و بەرهەمهێنانی خولگەی بچوکترو پایەدارتروهەرزانتر دەبێت، کەدەتوانرێت پراکتیکانە لەهەمووشتێکدا – لەوانە شێوەکانی ئۆرگانی (میکانیک) یانەی ژیان – پێکەوە لەپەیوەندی وپەیوەندیگرتندا دابنرێت . کاریگەری ئەم داهێنانە نوێیە بنەڕەتیە لەسەر پێشەکەوتنە بەدەستهاتوەکانی زانستی کەرەستەو پزیشکی‌و ڕێگاوبان‌و وزە و بەرهەمەهێنان و دروستکردن و کشتوکاڵدا گەورەیە و لەهەمانکاتیشدا بەزۆری نادیارن[8].

بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت کە ئەم تازەگەرییە بنچینەییانە ئەگەری دۆزینەوەی زانستی ئاڵۆزتری لە دەوروبەرەکەماندا زیاتر کردوە و بە ئاسانکاری لە ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری، لەرادەی ئاگایی‌و دەرککردنمان لە سیستمە ئاڵۆزەکان زیاتر دەکات . تەکنۆلۆژیای لەجۆرە لەوانەیە لەگەڵ پێشکەوتنە بنچینەییەکانی فیزیایی تیۆریدا، بەتایبەتی لەبوارەکانی پێکهاتەیی (Complexity) و تیۆری ئاژاوە ئاوێتەبون کۆمەك بەم پێشکەوتنانە بکات . ئەنجامی ئەم کارەش، تەنها تیۆری‌و زەینی نابێت، بەڵکو لە دۆزینەوەی هاوکاری وهاودەمی تازە لەبواری تەکنۆلۆژیا و هەروەها داهێنانی کەلوپەلی ئاڵۆزتر بۆ ئامێرە نوێیەکانی لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردێن، کاریگەری قوڵی دەبێت .

بەڵام سەرکەوتنی لەوجۆرانە بەهەر ئەندازەیەکیش سەر سوڕهێنەربن، لەخولی ماوەی ئەو(25) ساڵەدا هەموو شتێك ئاوەژوناکاتەوە . لەوانەش باوەڕ و متمانە بە سەرهەڵدانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە و بنچینەیی لە نمونەکانی جیهانی وزە لەناو ناچێت .



بەشێکی زۆری بیریاران بڕوای تەواویان بە ئابوری وزە کە لەسەر هایدرۆجین یان گەشاندنەوەی ئەتۆمی بنیاتنرابێت هەیە . هەندێك لەوباوەڕەدان کە سەر ئەنجام ڕۆژێك وزە ، ئەوەی کە بەوزەی خاڵی سفر ناو دەبرێت، لە بۆشایی ئاسمانەوە بەرهەم دەهێنرێت . هەندێکی‌تریش لەو باوەڕەدان جێگرتنەوەی ئەتانۆڵی لە جێگەی بەنزینی ئاسایی دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لەسەر زەخیرە دەستلێنەردراوەکانی وزە دابنێت“ لەگەڵ ئەوەی بەسود وەرگرتن لە ئەندازیاریی جینەکان دەتوانرێت بە شێوەیەکی سەرەکی هاوسەنگی‌و ڕێژەی ژیانی خەڵك بۆ بەرهەمهێنانی ئەتانوڵی‌فروان بکرێت و لەم ڕێگەیەشەوە بەهای ئەم بەرهەمە زۆر کەم بکرێتەوە[9].

گرفتی ئەم پێشبینیانە، (بێجگە لە دوا پێشبینی) ئەوەیە کە ڕێگە چارەیەکی کاراو پراکتیکانە بۆ لەجێگادانانی بنەمای دامەزراوەکانی ئێستای ڕەگەزێکی دی سوتەمەنیی ناخاتە ڕو. تەنانەت ئەگەر دۆزینەوەیەکی سەرەکیش لە تاقیگەکاندا ڕوبدات، پێشنیاز و هێنانەئارای دامەزراوەیەك لەبوارەکانی بەرهەمهێنان‌و بازاڕ پەیدا کردندا، کەلەلایەن ئەو دۆزینەوە تازەیەی باسکرا پشتیوانی بکرێت و گۆڕانێکی گشتی بەپێوەرێکی جیهانی بهێننەکایەوە، بەشێکی زۆر لەوقۆناغێکی (25 )ساڵە داگیر دەکات . لەم بوارەدا، ئەوەی کە بەدیدێت و پێویستە چاوەڕوانی بکرێت، پێش ئەوەی لە بواری سەرچاوەکانی وزەدا بێت، پێشکەوتنە بەردەوامەکانی تاقیگا وسەلماندنی و دۆزینەوەی پراکتیکانەی سەرنجڕاکێشە – ئەمەش زیاتر لەبوارەکانی کارایی‌و ئامڕاز و پێداویستی نوێی چاکسازی بەکارهێنانەکانی وزەدا دەبێت . بەدەستهێنانی سەرکەوتن وپێشکەوتنەکان لەبواری بەرهەمهێنانی پاتریدا، کارێکی حەتمی‌و نزیکە . پێشنیازی دروستکردنی ئۆتۆمبێلەکانی ناوشار کە بەسوتەمەنی باتری کاربکەن چاوەڕوان کراوە . پێبەپێی ئەوەی کە ئابوری زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکان، زیاد لە رابردو لەسەر زانیاری و هوشیاری بنیاتبنرێت، پەیوەندی بێسمی ( Tele

Commuting) وبازاڕی تەلەفۆن و بازرگانی ئەلکترۆنی ڕەواجی زیاتری پەیدا کردوە. نمونەکانی سەرفکردنی وزەش لەوانەیە گەشە بکەن .

سوتەمەنیە پەترۆڵیەکان و ئەو ناوچانەی کە عەمباری ئەم جۆرە سوتەمەنیانەیان تیایە، هەروەها لەڕوی ئابوری ولە گەمە سیاسییەکانی زلهێزە سەرەکییەکانی جیهانیشدا گرنگی دەبێت" مەگەر ئەوەی ڕێگەچارەیەکی جێگرەوەی ئەتانولی پیشەسازی جیهانی وزە ئاوەژو بکاتەوە . بێگومان داواکاری لەسەر سوتەمەنیە پەترۆڵیەکان، هاوپێی پەرەسەندن و پەلهاویشتنی ئابوری کیشوەری ئاسیاو بە شەکانی دی جیهانی تازە پێگەیشتوفروان دەبێت[10]. هەروەها پەیوەستبونی ئەمریکا بەسەرچاوە دەرەکییەکانی سوتەمەنیە پەترۆڵیەکانەوە لە بەشی زۆری ( 25 ) ساڵی دا هاتودا زیاتر دەبێت، لەحاڵەتێکدا کەپێویستە بەهاکان بەوڕادەیەی کەبۆچەقبەستنی بەکارهێنانی زەخیرە بچوکەکان یان بەگران بەدەستهێنانی ئەم سوتەمەنیە بە مامناوەندێتی بمێنێتەوە – کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەسی ساڵی ئایندەدا بەوشیوەیە دەبێت – ئەودەمە گرنگی بەرهەمهێنەرانی کەنداوی فارس زیاد دەکات و بە ئاستی سالانی نێوان دەیەی (1970) دەگات .

لەم توێژینەوەیەدا، بواری ئەوە لە ئارادا نییە کە هەموو تازەگەرییە جۆربەجۆرەکانی زانستی و هونەری بیست و پێنج ساڵی ئایندە بەسەربکەینەوە. ئەوەی لە ڕوانگەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەوە گرنگی زۆری هەیە، کاریگەرییە کۆمەلایەتیو سیاسی وئامڕازەکانی داهێنانە، نەك خودی ئەو ئامڕازانە و، لێرەشدایە کە ئایندە لێڵ دەبێت . دۆزینەوە نوێیە زانستیەکان وتازەگەری هونەری بەو جۆرەی کە سودێکی زۆریان لێدەکەوێتەوە ، گرفتی زۆریش دەنێنەوە، کە هەندێکیان مەعریفیو زانستیو هەندێکی دییان مۆڕاڵیو فەلسەفین.



www.pertwk.com

چاوەڕێکردنی سەرهەڵدانی گرژیی نوێ بەڵگەی زۆری هەیە" لەوێنەی ئەم ڕوداوەی کەگۆڕانکاری تیژتر لەهەر سەردەمێکی دی دێتە ئاراوە . بەوخێراییەی کە داهێنانە نوێیەکانی تەکنۆلۆژیا چۆتە بواری بازرگانییەوە لەو ڕێچکەیەوە بەڕەوەندی بنەڕەتی کۆمەڵگەوە دەبەسترێنەوە ، بەجۆرێك فراوان و تەشەنەی کردوە کە کۆمەڵگا هەلێکی کەمتری دەبێت کە خۆی هاوشانی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکات . وەك (تۆماس ئەلوا ئەدیسۆن) کە لە دەستپێشخەرییە بێهاوتاکەیدا لە ساڵی (1882) لە کارێکی بەرزو سەرنجڕاکیشدا سویچەکەی ئۆن کردو تەزوی کارەی بەناو تێلی شەقامەکانی (پرل)، کە دەکەوتە خواروی (ماتهاتات) ڕەوانە کرد" لەگەڵ ئەوەشدا، سی ساڵ درێژەی کێشا تادەستکەوت و هەنگاوە بازرگانیو کۆمەلایەتیە ئەلکتریستیەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا گشتگیر بون .

ئەمڕۆ، لەسەرەتای سەرکەوتنێکی زانستییەوە تابڵاوبونەوەی ئامێری نوێ لەوانەیە کەمتر لە ساڵێك بخایەنێت . بەڵگەکان خێراتربونی ئەم ڕەوەندە دەسەلمینن: یەکەم ئەمەی کە هاوبەندی و پەیوەندی زانیاری و زانست وەك دنگەی داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان لە حالەتی فراوانبوندان و ئەم پەیوەندیە نوێیە پێشئەوەی بەتاقیگەکانی بەرگریی دەوڵەتەوە پەوەست بێت لە حالەتی هاوبەندی وپەیوەندی هەرچی زیاتردایە لەگەڵ پیشەسازی . دەستکەوتی ئەم ڕەوتە ئەمەیە کە لەهەر سەردەمێکی دی زیاتر سەرمایە گوزاری سەرنجڕاکێش بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی فراوانی زانکۆو تاقیگەکان و سەنتەری توێژینەوە بازرگانیەکان ئەنجام دەدرێت . ئەم ڕەوتە کە گشتگیریو خێراییەکەی تاڕادەیەك حەتمەیە، ئەوە پیشاندەدات کە ئامانجی سەرکەوتنە زانستیەکان زیاتر ڕێکخراو و سیستماتیك بوە .

دوەمین بەڵگەی خێراتربونی ڕەوەندی باسکراوئەوەیە کە دۆخی بازارەکان لە زۆربەی زۆری جیهاندا و بەتایبەتی لە ئەمەریکادا، بەو جۆرەیە کە تەکنۆلۆژیا

www.pertwk.com

نوێیـەکان دەتوانێـت بـەخێرایی و لەماوەیـەکی کورتـدا ببێتـە شـتێکی بازرگـانی. خەڵکی وڵاتانی ئەو جۆرە بازاڕانە خو بـەو داهێنانـە نوێیـە یـەك لـەدوای یەکانـەوە دەگرن. دەرئەنجامی ئەم ڕەوەندەش هاتنەکایەی مەیلێکی فەرهەنگییە کەهاوجوت و هاوشان ویەکسانە لەگەڵ ئەو تازەگەرییانەو ئەم مەیلـە لـە شوێنی خۆیدا ڕۆڵـی هاندەرێك بۆ تازەگەری دەبینێت.

بەڵگەی سێیەم ئەمەیە کە تەکنۆلۆژیای زانیاری لـەوێوە کـە هـەمووکات بەرهـەم و ئـامڕازێکی بازاڕیانەیـە، خێرایـی بەداهێنانـە نوێیـەکان دەبەخشـێت. یەکـەمین بابەتی کە لە ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆندا جەختی لەسەر کرایەوە هاندان بو بۆ کڕێنـی تەلەفزیۆنی زیاتر، بەجۆرێك کە تەکنۆلۆژیای ناوبراو (بەگوتەی بازاڕیانە) حاڵـەتی (خـود–زیـاد کـردن) ی بـەخۆوە بینـی. گرنگـی و گـەورەیی گروپـە داهێنـراوە نوێیەکانی زانیاری بازرگانی، هەر لە کۆمپیوتـەری خودییـەوە بگرە تـا ئینتـەرنێت و دەزگـای (GPS) و مۆبایـل، توانـای (خـود– زیـادکردن) و هـاو شـێوە سـازی تەلەفزیۆنیان هەیە. ئەم تەکنیکـە خودی ژێرخـان و دەرئـەنجامی لێکدانی فراوانـی بازرگانێتی خۆی بوە ولە ئاینـدەدا بۆ بـازاڕ گـەرمکردنی بەرهـەمی داهێنـراوی دی (کـەزۆریان بێگومـان پەیوەسـت بـە زانسـتی هونـەری زانیـاری و ژینگـەوە دەبـن) سودمەند دەبن [11].

چوارەم ئەمەیە کە زانست و زانیاری زۆری سەرچاوەی فیزیکی زیاتر پایەو بنچینەی تەکنۆلۆژیای ئایندە پێکدەهێنێت و، بەهەمان ڕێژەش لە سنورداریەکانی دەرئەنجامی دەرهێنان و پاککردنەوەی مادە قەبارە گەورەو وخاوەکان کەم دەبێتەوە، ڕێژەی گەشەی پێویست ودیاریکراوی بەرهەمە خۆماڵیەکان، کە لە ڕابردودا (دەستپێڕا گەیشتنی) پێویستی بە بەرهەمهێنانی چەندین تەن پۆڵاو تێکەڵە بو، ئێستا بە بەرهەمهێنانی مادە پلاستیکی و سیلیکۆنیەکان، بە بڕێکی کەمتری ئەوقەبارە گەورەیە مایەی بەدەستهێنانە. هەرچەندە دەربارەی (نامادی بون) ی گریمانەیی جیهان دەتوانرێت زیادەڕۆیی و



زۆر بڵێی بکرێت، بەڵام واقیع ئەمەیە کە تەکنۆلۆژیای نوێی ڕاگیر لەسەر زانست، ئازادی زیاتری بۆپێشکەوتن هەیەو تاکە سنوردارییەکەی فەراهەم نەبونی هەلومەرجەکان و توانستەکانی کۆمەڵگەیە لە بەرامبەر سەرمایەی مرۆڤایەتی و ڕێکخستن لەڕوی نەزم و پلەدارکردنی سەرمایەی ناوبراو و سودمەندبونە لەو تەکنۆلۆژیایە.

ئەو دەرئەنجامگەلەی لەخێرایی داهێنانی نوێی ڕاگیر لەسەر ڕشتە زانستیەکانەوە، کە پەیوەندی نزیکیان پێکەوە هەیە، سەرچاوە دەگرێت و مایەی خۆلێلادان نییە ئەوەیەکە توانا وهەلومەرجەکەمان لە پێشبینی کردنی ئاڵوگۆڕی تایبەتدا، بەخێرایی نزم دەبێتەوە، بەواتایەکی دی دەتوانرێت بوترێت ئێمە هۆشمەندترو لەهەمان کاتیشدا کەم هزرتردەبین ! ئامارژەکانی ئەم دۆخەی ئێستاش دەتوانین لەو کاریگەرییانەی کە شۆڕشی زانیاری لەماوەی دو دەیەی ڕابردودا بەجێهێشتوە ببینین" لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی کەم لەخەڵکی ئارەزوی گەڕانەوەیان هەیە بۆ ڕابردو، بەڵام سەرهەڵدانی ئاوێتەبون لە ژیانی خودی وکاردا، کە زۆرینە ئەزمونیان کردوە، ناکرێت نادیدە بگیرێت .

تەکنۆلۆژیاکانی زانیاری لەسەر زۆربەی تاکەکان لەئەمریکاو ئەوڵاتانەی دی کە لە ڕوی تەکنیکەوە بە پێشکەوتو دادەنرێت کایگەریی بەرچاو دادەنێت. ئێمە، لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی فەزایەکی زانیاری خودی و سەرەتایین، ئەوانەی بانگەشە بۆ ئەمە دەکەن ژمارەیەکی زۆری ئەوکەسانەن کە لە سەر ڕاستە شەقامێك لە جوڵەدان و بە موبایل یان پۆستی ئەلەکترۆنی (ئی–مێل) درێژە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوڕێ وکەسوکار یان دەدەن . ئەوەش دەزانین ئەوکەسانەی لە کۆمەڵگادا سەروکاریان لەگەڵ تەکنۆلۆژیای پێشکەوتودا هەیە لەزۆر ڕووەوە لەهەموو سەردەمانێك بەتواناترن. ڕادەو سودمەندی وکاریگەری بەشێکی زانستەکان بەهۆی گەشەکردنی هەستەکانەوەیەو بەشێوەیەکی بەرفران

www.pertwk.com

لەوەچەکانی ڕابردو فراوانترو لەهەموو وەچەکانی پەیوەست بەڕابردوشەوە پایەدار ترە .

خشتەی فەزای زانیاری کەسایەتی لە بیستو پێنچ ساڵی ئایندەدا گەشەی ستونیو ئاسۆیی بەخۆوە دەبینێت. بەواتایەکی دی، لەوجۆرە بوارانەی ئاڵۆزتر بون کاریگەریان لەسەر ژمارەو جۆرەکانی ئەومرۆڤانەی لەناو ئەو بوارانەدان زیاتردەبێت تا لە کەسانی دی لە جیهاندا . سەرئەنجام، بە ئەفراندنی کۆمەڵگەی مەجازی خاوەن خۆشبەختیو بەرژەوەندی هاوبەش (کەهەندیك بە –کۆمەڵگای هەڵبژێردراو– یان هۆزی زەوقو هونەر ناوزەدی دەکەن) بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری ئەلەکترۆنیەوە، سنورە فیزیکیەکانی لۆکاڵو شوێنگەی کارەکان وبازرگانییەکانمان کەم کەمە لەنێودەچێت. ئێمە لە ڕێگای ئینتەرنێتەکەمانەوە، هەرسایتێکی بازرگانی هەڵبژێرین دەچینە ناوی، یان تازەترین هەواڵو ڕاپۆرتی زانستیو فەرهەنگی بە دڵی خۆمان دەخوێنینەوە، یان لەگەڵ هەرکەسێکی دی لەهەرکوێیەکی جیهان کە پەیوەندی وبەرژەوەندی هاوبەش کۆماندەکاتەوە ولەهەر سەردەمێکی بمانەوێت پەیوەندی دەگرین. ئینتەرنێت لە جیاتی زانیاری کارلێکراو، زانیاری پراکتیکانە بۆ بەکارهێنەرەکانی فەراهەم دەکات. لەوبابەتانەی کە هەڵیان دەبژێرین دەبێتە مامۆستاو پەروەردگارێك. ئەگەر بەتەواوی بەمجۆرە بێت، بەوتەی خاوەن دیدێك ( سنورداری زمانەوانییەکان لە سنورە جیوگرافیو فیزیکییەکان گرنگیان زیاتر دەبێت).

ئەم فەزا تەکنیکیە گریمانەییە، تەنگانەی تایبەت بەخۆشی دەسازێنێت. تاکەکان ناچاربەیەکسانبون لەگەڵ ئاستی نوێیە ئاڵۆزەکە دەبن. هیچ کەسێك دەرکی تەواوی بۆدەوروبەر نابێت یان ناتوانێت ئەو ڕەوڕەوە زەبەلاح و بەردەوامە زانیارییە کە لەوفەزایەدا لەجوڵەدایە کۆنترۆڵ بکات. لەوانەش کاریگەرییە کۆمەڵایەتیە گەورەکانی تەکنۆلۆژیاکان لەئایندەمانا (ئەوەندە جیاوازیش



نییەلەگەڵ بنەماو لۆژیکی بازرگانیو بازاڕ) و بێکاریگەرمانەوەی هەرجۆرە کۆششێك بۆ دۆزینەوەی کۆنترۆڵێکی سەنتراڵیانە بەسەریاندا. بۆتاكو ڕێکخراوەکان سەرکەوتن بەمانای خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانیکی سەرانسەر پەروەردەو فێرکاریو گۆڕینی نمونە باڵاکانی ڕەفتار دەبێت. ئامڕازو هۆیە نوێیەکانی زانیاری گەیاندن بەمامۆستاوفێرکارانمان دەگۆڕێن. بەپێوانە لەگەڵ ڕەوتی ئێستادا، هەموناچار بە جموجوڵو بزاوتێکی ڕێژەیی دەبن. لە گیروگازی لەوجۆرەدا هەندێك خەڵك ودامەزراوەکان لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا باشتر خۆدەسازێننو ئەوانەی کەلەم ڕەوتە دوادەکەون لەڕوی ئابورییەوە دوچاری زیان دەبن. بەکورتی ئەوەیەکە داهێنراوە نوێکانی تەکنۆلۆژیا پێوەرێکی نوێ بۆ جوداکردنەوەی براوەکان لە دوا کەوتوەکانی کۆمەڵگادا دێنێتە کایەوە .

فشاری دەرئەنجامی کورتبونی هەلی کاردانەوە دەچێتە سەر فشارەکانی وەك ئاڵۆزی هەلومەرجو گرانبەهایی زانیاری. لەگەڵ ئەوەشدا ئینتەرنێت ئەو توانستەی بەرقەرارکردوە کە ئەو کارانەی لەسەرانسەری جیهاندا لەڕابردودا هەفتەومانگیان دەخایاند تاڕادەیەك لەساتێکی گونجاودا ئەنجامی بدەین، هەروەها لە ڕابردودا ئەو هەلەمان لەبەردەستدابوکەخۆمان ئامادە بکەینو کاردانەوە بنوێنینو دەرئەنجامە گریمانەییەکانمان هەڵبسەنگێنین. هەرچەندە ئەگەر هەیە لە ئایندەدا بەرهەمی زانیاری زیاتر بەدەستبهێنین، بەڵام کۆنترۆڵو ڕەخنەیەکی کە تەکنەلۆژیا لەکارە کانمانی دەگرێت بواری بیرکردنەوەمان لێزەوت دەکات.

زۆر بەقورس وگرانی پەی بەناهەماهەنگی نێوان بەدەستهێنراوەکانو زانیاریو زانست دەبەن. ئەم ناجۆرییانە چەندە لای تاکەکان مایەی دەردەسەری بن، لای ڕێکخراوە گەورەکان وبەتایبەتی دەوڵەتەکان زۆر نەگونجاوتر دەبێت. لەئەنجامدا ئەم گومانە لەئارادایە کەلەوانەیە دۆخێکی ئیدراکیو مەعریفی زۆرتوندوتیژتر

www.pertwk.com

لەبەرامبەرماندا بەرقەرار ببێت. هەرچەندە شڵەژان و فشاری ڕۆحیو دەرونی تاڕادەیەك هزرێكی تیۆریو زهنیە، بەڵام بونیادێكی فیزولۆژی عەینیو واقیعیشی هەیە كە كاریگەری ودیاردەی تەندروستی باش لەوێوە سەرچاوە دەگرن" لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری گۆڕینی نمونەی نەخۆشیەكانیش لەئارادایە. هەرچەندە لەوانەیە پەی بە چارەسەركردنی زۆر جۆرو نمونەی شێرپەنجە ببەین، بەڵام دوچاری ژمارەیەكی زۆری نەخۆشیەكانی دڵو دەمارو دەرونی دەبین، كەئێستاش بەشێكن لە نیگەرانیە تەندروستیەكانمان. شڵەژان وفشاری ڕۆحیو دەرونیش لەوانەیە ببنە هۆی ئەوەی كە گروپێك لە خەڵك زیاتر بیرلە پێشبینیكردنی ئایندە بكەنەوە، هەوڵ بدەن لەژیانیاندا بەفراوانكردنی یەقینو سوربون لەهەندێك لەبوارەكاندا، ڕاڕاییو سەرەڕۆیی لەبوارەكانی دیدا قەرەبو بكەنەوە[13].

بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی كەدامانابو ناتوانین بگەینە ئەو سەرئەنجامەی ئایندەیەكی ئەو كۆمەڵگە خاوەن تەكنیكە پێشكەوتوانە هەیانە بۆ هەموو خەڵكی گرفتاویتر دەبێت. كەسانێكی كە خاوەنی ئاسیشو تەندروستی زۆرترنو هەلو كاتی زۆر تریان بۆ گەڕانو سەرگەرمی لەبەردەستدایە بەدڵنیاییەوە كەمتر ڕوبەڕوی گرفت وفشاردەبنەوە. لەسەروئەوەشەوە، ئەگەر كارمەندیی بێسیمی ببێتە هۆی كەمكردنەوەی كاتە لەدەستچوەكانی ئاڵۆزی بەرترافیكەكانو ئەگەری زیاتربۆ خۆشگوزەرانی ژمارەیەكی زۆرتری خەڵكی فەراهەم بكات، ئەوكاتە خاڵی باش وتاڕادەیەك سەرنجڕاكێش ئەمەیە كە لە بنەڕەتدا لەپێناوی بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیای پێشكەوتودا خەڵكی زیاتر لەتوانایاندا دەبێت باشتر سروشت ئەزمون بكەن.

زانستەكانی تەكنیكینوێ پرسوكێشەكانی پەیوەست بەفراوانبون و پەروەردەش دەخاتەژێركاریگەرییەكانیەوە . تۆڕەكانی كۆئەندامی دەماری كۆرپەلەی مرۆڤ، هەروەك كۆرپەلەی هەموو گیانەوەرانی دی، وەك پاشكۆی تێكەڵ



وسروشتی ئەوبزوینەرانەی كە منداڵ لە ژینگەدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، فۆرمگیر دەبن. هەندێك لە پسپۆڕانی دەمار لەو باوەڕەدان كە ئەومنداڵەی پێش گەیشتنی بەشەش ساڵی سەدان سەعات سەیری فیلمی خرۆشێنەر وياریيە سەرنجڕاكێشەكانی ئنتەرنێتی كردوە، ئەگەری ئەوە هەیە بە ئارامی دانیشتن لە پۆل و لەو وانانەی كە ئاهەنگو چالاكیان زۆركەمە كارێكی دژوار بێت. ئەمەش بەومانایە نییە كە تەكنۆلۆژیا یان ئەویارییانەی باسكران خراپبن، بەڵكو مەبەست لەوەیە كەلەڕاستیدا كاریگەریو سەرئەنجامەكانی تەكنۆلۆژیا بەناسینی باشتری ڕوبەڕو بونەوەكانو جیاوازی بیروڕا لەسەر ئاستی پێناسەكردنو چارەسەركردنی بێئارامی و بزۆزی یان نەشیاویی دەرئەنجامی كەمبونی سەرنجدانو وردبونەوە لە پێنەگەیشتوانداو بەشێوەیەكی گشتی كۆمەك بەڕەوش و شێوازی پەروەردەیی دەكات[14]. ئەو كاتەی ئێمە بەناسینی تەواوی ئەوتەكنۆلۆژیا نوێیەی لە بەردەستماندایە دەستمان ڕاگەیشت وشێوەی دروست بەكارهێنانی فێربوین بواروهەلی باش بۆگۆڕانكاریو ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانە لەشێوازەكانی فێركاری فەراهەم دەبێت .

خێزانەكانیش هەروەك تاكەكان، ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بسازێنن. دانیشتوانی پێشكەوترین وڵاتان (چ وەك دایكوباوك چ وەك هاوڵاتی) لە بواری بەڕێوەبردن وبەكارهێنانی زانیاریدا ڕوبەڕوی بەرپرسیارێتی نوێدەبنەوە. ئەوانەلەگەڵئەوگۆڕانكاریوهەندێكجارنابوتیانەیكەبەهۆی سنورداریيەفیزیكیو كۆمەڵایەتیەكانەوە لەسەرسنورونەزمو ڕێكخستنەكان ڕودەدەن، لەپێناوی بەرقەراكردنی هاوسەنگی ویەكسانی دەرونیو مۆڕاڵی خۆیاندا دەبێت بەرپرسیارێتی زیاتر پەسند بكەن .

بەوجۆرەی كەخاوەن دیدێك وتویەتی، لەگەڵ بونی تۆڕێكی تەواو وئازادوبەتاڵ لە سانسۆر وكۆنترۆڵ كە ئاوێتەیە لە بەزموڕەزمی سەرگەرمیوخرۆشێنەر،

www.pertwk.com

گرنگترین ئەرکی دایکوباوکان بۆ ئامادەکاری ڕۆڵەکانیان بۆ جیهانی ئینتەرنێت فێرکردنی لێوەشاوەیی ئاڵۆزنییە، بەڵکو سەرنجڕاکێشانیانە بۆبنەماوبونیادی نەریتی دێرینە – وەك پەروەردەیەکی چاك بۆگوزەراندنی ژیانێکی باش و تەندروست و کارامەی خێزانی وفێربون وخوێندنی بالا–[15].

ئەوسنورانەشی کە وەچەو ڕەگەزەکان لەیەکتری جودا دەکەنەوە دەگۆڕێن. هەرچی پەیوەستە بەسنورەکانی جۆری یەکەمەوە، بەکورتبونی بەردەوامی تەمەنی وەچەی تەکنۆلۆژیاکان هەرچی زیاترە لەخێرایی تازەگەری لەداهێنانی نوێی تەکنۆلۆژیا زیاد دەبێت، ئەگەری ئەوەشی تاکی لاوتر لەڕیزی پێشەوەی ئەم تازەگەریانە جێگیربن فراوانتر دەبێت. ئەم دیاردەیە پێچەوانەی ئەم ڕاستیەیە کە زیادبونی درێژی تەمەن و سەلامەتی وتەندروستی ژمارەیەکی زۆری خەڵك، لەوانەیە چینێکی نوێ لە(تەمەن مامناوەند) (لەنێوان پەنجاوپێنج بۆ هەفتاوپێنج ساڵ) بێنێتە ئاراوە، کە گروپێکی زۆر چالاکتر و بەبەرهەمتر لەڕابردو دەبن. گەشەی ڕێژەیی سودمەندبون لە ئابوری و گرنگی شوێنگەی لاوان دەتوانێت پێشهاتی کۆمەڵایەتی قوڵ لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا لەگەڵ خۆی بهێنێت. بەتەمەنان لەبەشی گەورەی مێژوداو تاڕادەیەك لە سەرانسەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نیشانەی زانست و ئاگایی دورو درێژ بوە. لەڕابردودا خەڵکی زۆر بەتەمەن دەگمەن بون و ئەو مەبەستەشی کە چەندە ئەزمونی تاك زیاتر بێت بەهەمان ڕێژەش زیرەکتر دەبێت، هەمیشە وەك ڕاستیەکی لۆژیکی دەردەکەوێت. سروشت وخەسڵەتی بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکانی ئایندە بەجۆرێکە کە دەبێتە هۆی ئاوەژو کردنەوەو گۆرینی تەواوی ئەو واقیعە کۆنە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هزری لاوان خاوەنی چالاکی زیاترەو بۆ کۆمەڵگەیەکی کەهەمیشە تازەگەریی تیایدا ڕودەدات بەهادارترە، لەلایەکی دییەوە بەئاوڕدانەوە لەوەی کە هەرەمی دانیشتوان لە حاڵەتی ئاوەژو بونەوەدایەو ئەوەشی کە ژمارەی بەتەمەنان لەلاوان



زیاترە (ئەم ڕەوتە لە ئایندەشدا بەردەوام دەبێت) دەتوانرێت بوترێت بەردەوامی گەورەتربونی بەتەمەنەکان کەمتر سەرنجراکێش دەبێت. ئەم کارە هەرچەندە بەشێوەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگای (کۆنفۆشیوسی) ودواکەوتوەکانی خۆرهەڵاتدا دەبنە گرفت، بەڵام کاریگەریش لەسەر کۆمەڵگای خۆرئاوادا دەنێت.

دەربارەی جیاوازی ڕەگەز، پلەبەپلە کەتەکنۆلۆژیاکان (کە دو خەسڵەتیان بچوکی وخێراییە) بەرەو ئابورییەکی ڕاگیر لەسەر زانست کێشمان دەکەن. گەورەیی ئەندام و باشتریی توانای فیزیکی ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕابردو گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن. لەڕوانگەی مێژوییەوە، بەهێزی و گەورەیی وزەی پیاوان لەدابەشکردنی کارو لە خێزاندا فاکتەری دیاریکەر بوە، بەڵام لەسەرخۆ کە هێزی گیانەوەران و پاشان هێزی ئامێر بوە جێنشینی بازوی مرۆڤ گرنگی ئابوری لەپێشتری وجیاوازییەکانی نێوان دو ڕەگەز دەستی بەتوانەوە کرد. لەم نێوەندەدا دواکەوتویی زمانی فەرهەنگی لەواقیعی ئابوری شایستە ئاڕاستەکراو بوە، بەڵام خێرایی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری زیادی کردوەو بەزویی هاوشانی واقیعە ئابورییەکە دەبێتەوە. ئەم کەموکوڕییە دەبێت لەماوەی چەندین وەچەی تەکنۆلۆژیای ئایندەدا کەم ببێتەوە، کە یەکێك لە پەیامەکانی زۆربونی بەدەستهێنانی دەستەڵاتە دەوڵەتیەکانە لەلایەن ژنانەوە.

سەبارەت بەوەی کە ئەو ئاڵوگۆڕانەی باسکران چ کاریگەرییەکیان بەسەر شوێنگەی ژنانەوە دەبێت، بیروڕای جیاواز هەیە. زۆر لەبیریاران سەبارەت بەم بابەتە تخوبە بینراوەکانی ئێستا تێدەپەڕێنن[16]. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئاشکرایە کەبابەتەکانی پەیوەست بەژنان لە زۆربەی کۆمەڵگە ناخۆرئاواییەکاندا شاهیدونوێنەرەوەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بوەوژنان لەهەندێ شوێنی جیهانداهێزی پێشەنگی سڕینەوەی نمونەچەقبەستوەکانی کۆمەڵگە پێکدەهێنن[17]. بە پێی ئەمە، لەگەڵ ئەوەشی بزاوتی یەکسانی ژن و پیاو لەم

www.pertwk.com

چەرخەدا دیاردەیەکی خۆرئاواییە – پەیوەندی زۆریشی بەتەکنۆلۆژیاوە هەیە – بەلاّم لەوانەیە پەیامە بنەڕەتیەکەی لەسەدەی داهاتودا لەناوبوارو قەلّەمڕەوی کۆمەلّگە ناخۆرئاواییەکاندا سەرهەلّبدات.

ڕۆچونی تەکنیکی نوێی زانیاری بۆناوئەو مەیدانانەو پەسەندکردنی زانستی تەکنیکی ناوبراو بێگومان ئەو کاریگەری و پەیامەی باسکرا بەهێز دەکات، چونکە ژنان لەپێناوی پسپۆڕی وکرێگرتەبون لەبواری ئەو هۆکارو ئامڕازانەدا دەبنە خاوەنی پشکی یەکسان لەگەلّ پیاواندا.

لەهەندێ تەکنۆلۆژیای نوێی ژینگەوە کەکار لەڕەگەزو تایبەتمەندییەکانی دی مرۆڤایەتی دەکات بابەتی جیاوازی خرۆشێنەر سەرهەلّدەدات . لەناوسودمەندبون لەوئاسانکاری وتوانستە تەکنیکیە فراوانانەی کە دایکوباوکان بەبەکارهێنانیان دەتوانن ڕەگەزو تایبەتمەندیەکانی دی ڕۆلّەکانیان هەلّبژێرن، زۆر پرسی مۆرالّی پەنهانە. سودمەندبون لە شێوازەکانی ئالّوگۆڕکردنی هەلومەرجە سایکۆلۆژییەکان (کە بەردەوام وردەکارییەکانی فراوان دەکرێت) لەوانە شێوازە نوێیەکانی سایکۆلۆژی – دەرمانسازی لەسەر ئاستی تەلقین و دۆزینەوەی هەستی شادیو بڕوا بەخۆبون وهەستەکانی دی کە بە شێوەیەکی تەواو لەهەموو جۆرە ڕەفتارێکی دی ڕوتکراونەتەوە و، هەروەها پرسو گێژاوی مۆرالّیو پرکتیکانەی لەوجۆرە لەخۆ دەگرێت. زیادبونی لەڕادەبەدەری تەمەنیش ڕوبەڕوی زۆر کێشە دەبێتەوە. پرسی بەدەستهێنان لەسەرەتای ئەم کێشەوگرفتانەدا بڕیار دەدات : ئەوە کێیە لەتواناییدایە سود لەوجۆرە تەکنۆلۆژیایانە وەرگرێت و، لای کێ ئەم توانستە فەراهەم نابێت ؟ ئەگەر هەموو داوای ئەوە بکەن کە شایانی بەسەربردنی ژیانێکی دورودرێژن، سەرچاوە پزیشکیەکانی کەلەم بوارەدا هەیە چۆن دابەش دەبن ؟ لەکاتێکدا کە سەرچاوەیەکی سنوردار بۆ ڕزگارکردنی گیانی لاوان لەنەخۆشیەکان پێویستە، ئایابەکارهێنانیئەوسەرچاوانە بۆ درێژکردنەوەی تەمەن شیاوە ؟ ولاّتە



پێشکەوتوەکان لەبەرامبەر پرسی گێڕانەوەی تەمەن، تازیاری خانەنشینی، بیمەی خزمەتگوزاری چارەسەرکردن و هاوبەندی هێلّی کۆمەلاّیەتی، چ جۆرە ڕەفتارێك دەگرنەبەر؟ هەروەها هەمووان لەلای خۆیانەوە لەوانەیە لەگەلّ پرسی تەواو نوێ، وەك چۆنیەتی پەیوەندی دروستکردن لەگەلّ ڕۆلّەکانیان ڕوبەڕو ببنەوە .

ئەوەی باسکرا خاوەنی لایەنو ڕەهەندی نێونەتەوەیشە، ئەوهێندە ئەمریکیەی کەلەودواییانەدا توانییان ڕەگەزی ڕۆلّەکانیان دیاریبکەن مێینەیان لەنێر پیباشتر بوە" بەلاّم مەیل ودەمارگیری فەرهەنگی لەزۆر لەبەشەکانی دی جیهاندا، بەتایبەتی لەخۆرهەلاّتی دور، پێچەوانەی ئەم حەزەیە[18].

لەکاتێکدا کە هەلّبژاردنی ڕەگەزی مندالاّن پەرەبستینێت ئەم گریمانەیە لەئارادایە کەبەتێپەڕبونی کات لەکۆمەلّگە جیاوازەکاندا شەقلّی دانیشتوانی جیاواز (ناچون یەك) بێتە ئاراوە – جگە لەمەش، ئەگەر بڕیاربێت ناوەندی درێژی تەمەنی خەلّك، بۆ نمونە لەخۆرهەلاّتی نزیك یان ئەمریکای لاتین، چەند دەسالّێك لەتەمەنی خەلّکانێك کەمتر بێت کە لە گۆمەلّگەی خاوەن تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوەکاندا دەژین، ئەودەمە جاڕسبون و ڕك لێبونەوە لە کۆمەلّگە پێشکەوتوەکان، لەلای ئەوانەی کە مەودای زۆریان لەگەلّ ئەو کۆمەلّگەیانەدا هەیە، ئەگەری زیادبونی دەبێت. کەمیو نەبونی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوی تەندروستیش دەتوانێت فاکتەرێك بێت بۆ کۆچکردن لە جیهانە تازەپێگەیشتوەکانەوە (بەرەو جیهانە پێشکەوتوە کان ).

لەم نێوەندەدا سنوری کۆمەلّگاکان و شوێنی کارە لەیستۆکەکانیش ئالّوگۆڕیان بەسەردادێت. کۆمەلّگا مەجازییەکان لەوانەیە تاڕادەیەك ببنە جێگرەوەی کۆمەلّگاڕاستەقینەکان، کەپارسەنگ وسنوریئەم جێگرتنەوەیە حەزی غەریزەی مرۆڤ بەپێی نەزمی کۆمەلاّیەتی دیاریدەکات[19]. ئەگەر فراونبونی کۆمەلّگای مەجازی بەپێوەرێکی زۆر گەورەتر بەرەو زیان گەیاندن بەکۆمەلّگای

www.pertwk.com

ڕاستەقینە بڕوات، ئەو کاتە گومانی ئەوە دەکرێت کە فەزای هەموومان دوچاری فشار ببێت. ئینتەرنێت‌و پەیوەندی بە فەرهەنگی سەرقاڵی بازرگانیەوە پراکتیکانە ئەم توانستە دەخاتە بەردەم تاکەکان کە خۆیان بۆ خۆیان هەواڵەکان هەڵبژێرن. ئەم ڕەوتە لەوانەیە ببێتە هۆی بەهێزکردنی حەزەکان‌و تێڕوانینی تاکەکان ولە جیاتی کرانەوەی زیاتری دیدی خەڵکی، بەرەوکورتبینی کێشیان بکات و دواجار لەجیاتی زیادکردنی هەستی بەرپرسیارێتی‌و نیگەرانی بەرامبەر هەموو کۆمەڵگا لەو هەستە کەم بکاتەوە[20].

لەحاڵەتی لەوجۆرەدا ئەگەری خستنە ژێرفشارو بچوکبونەوەی فەزای گشتیمان لەئارادایەو ئەگەری ئەوە هەیە کە دیموکراسی – هەرچەندە سیماوچوارچێوە دەرەکیەکەی ئاسایی دەردەکەوێت – لەناوەخندا بۆ گەن و گەندەڵ ببێت. لەلایەکی دییەوە، لەوانەیە کۆمەڵگا لۆکاڵیەکان وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە بەرفراوانبونی کۆمەڵگای مەجازی ڕەونەق پەیدا بکەن و گەشە بکەن. ئەو کەسانەی بەهۆی کارکردن لەسەر ئینتەرنێتەوە کاتێکی زیاتر لەماڵەوە بەسەردەبن، لەوانەیە پەیوەستبونێکی زیاتر بەتەنگژەو سیاسەتە لۆکاڵیەکانەوە پەیدا بکەن. ئەم کارە لەڕێی خۆیەوە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشانەوەی بەکۆمەڵگابون‌و ئاستێکی بەرزتری هاوبەشیکردنی سیاسەیانەی خەڵکی لەگەڵ خۆی بهێنێت[21].

ئەوەی پەیوەستە بەسنورەکانی جۆری دواییانەوە (سنوری شوێنگەکانی کارکردن) کارلەسەر ئینتەرنێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەست لەشوێنگەی کارەکان هەڵبگیرێت، چونکە ئەو شوێنکارانە خاوەنی لایەنێکی توندوتۆڵ‌و پایەداری مرۆڤایەتین بۆیە بۆ ئەنجامدانی کارێکی شایستە پێویستن. لەهەمان کاتدا کارکردن لەسەر ئێنتەرنێت کاریگەری شوێنگەی کارەکان دەگۆڕێت[22]. ئەم واقیعە زۆر ئازادانەتر دەبێت کە دورتر لەنێوەندەکانی کار ژیان بەسەر ببەن



ونمونە باڵاکانی سروشتیش بخاتە ژێر کاریگەرییەوەو دەتوانێت پەیامی شایستەی سەرنجڕاکێشی لەسەر ئاستی بەکارهێنانی زەوی‌و ئاوهەبێت. لەهەمان ڕووەوە گەر وەك زۆربە کە پێشبینی دەکەن بەرلەگەیشتنی ساڵی (2025) نیوە یان زیاتری مامەڵەکان لەڕێگای بازرگانی ئەلکترۆنیەوە ئەنجام بدرێت، ئەمە کاریگەری لەسەر سیمای کۆمەڵایەتی‌و سروشتی فەزای شارەکان و دەروبەریان دا دەنێت و لەوێوە کە بۆ ئاڵوێرکردنی کاڵا کەمتر پێویست بەفرۆشگاکان دەبێت بەکارهێنانی موڵك بۆنیشتەجێبون بەرامبەر بەبەکارهێنانی بۆ بازرگانی زیاد دەکات. پێشەنگی هێزی کاریش دەگۆڕێت: لەوانەیە لەفرۆشگاکاندا ژمارەی سەرپەرشتیارن کەم بێتەوەو لەجیاتی ئەوەش شوێنگەی کارکردن لەبوارەکانی بەڕیوەبەرایەتی‌و فرۆشتن ئاڵوگۆڕو ئەنبارکردن زیاد بکات.

ئابوری نویێ وەك نمونەکانی بازرگانی‌و سروشتی فەرهەنگی سەرگەرمیش ئاوەژو دەکاتەوە. لێرەوە پێشەنگی‌و نەخشەی پانتایی کۆمەڵگاکانیش دەکەونە ژێرکاریگەرییەوە. شوێنە نوێیەکان، توانستی فێرکاری کۆمەڵایەتی نوێ‌و سەرهەڵدانی تیۆری تازە فەراهەم دەکەن" واژەو ئامێری نوێی ئاخافتن دێنە ئاراوەو نوێنەری فەرهەنگی تازە دێنە مەیدانەکەوە. باسکردنی ئەم ئاڵوگۆڕانە لەو بارەیەوە گرنگی هەیەکە تایبەتمەندی وسیفاتەکانی پانتایی کۆمەڵگە – یان بەواتای جیوگرافیای مرۆڤی – هەموو دەم هاوبەندی کاریگەری و پێشهاتێك بون[23].

کارکردنی سەر ئینتەرنێت‌و بازرگانی‌و کڕین‌و فرۆشتن‌و تەلەفۆن‌و بارزگارنی ئەلکترۆنی وەك بەشێك لەڕوداوێکی گەورەتر دادەنرێت، کەلە حاڵەتی دۆزینەوەی نمونەی نوێدان، چ لەبازاڕەکان‌و چ لەشوێنگەی کارەکاندا. نادیدەگرتنی توانستی هێڵەکۆنەکانی پەیوەندیکردن، واتە ئەو ڕێکخراوە (پانوپۆڕە) دور لەزنجیرەی پلەدارییەی کە ماوەیەك‌و بەردەوام جێگای مشتومڕ بوە، فاکتەری سەرهەڵدانی

کارامەیی نویێ لەبازرگانیدا بوە. قەبارەی بەرهەمهێنانی سامان کەپێدەچێت بۆ شێوەیەکی نوێی سودمەندبون لەسەرمایەی مرۆڤایەتی بگۆڕێت، ئەوەندە گەورەیە کەئێمە تائێستا تەنها سەرەتاو بەراییەکەیمان بینیوە[24]. لەهەمان کاتدا، بۆ ئەوەی بڕیاردەران بتوانن بەرامبەر بەنمونە تازەکانی تەکنۆلۆژیا کارێك بکەن، پێویستیان بەدامەزراوەو بینای نوێی ڕکخراوی جیاواز هەیە. گەرچی گەڵاڵەکردن ونڤاری لەوجۆرە بیناو تازەگەریانە هەمیشە دژواربوە، لەداهاتوشدا هێندە ئاسان نابێت. ئاشکرایە کە بونیادێکی تەواوکراوە، ڕێکخراوێك نییە، بەڵکو تەنها هاوشانیو هاوبەشییەکە. جگە لەمەش، بیروکراسی فرەڕەهەند لەوڵاتە دیموکراتیەکاندا ناتوانن ئەو شتەی کەپیشە تایبەتیەکان ئەنجامی دەدەن بەهەمان سادەیی بەئەنجامی بگەینن" چونکە ئەوانە تای سەرکەوتنەکانیان بەتای پاراستنی باوەڕی گشت و بەڕەوشو شێوەی حسباتی ستاندارانە ناپێون. هەروەها ئەم بیروکراسانە ناتوانن و نابێت لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتی و ئەرك وفەرماندا کەجەوهەری حکومەتی دیموکراسییە، سەرپێچی بکەن.

لەوبابەتگەلەی هاوبەندی داواکارییەکانی لای سەرەوەیەو لە تەکنەلۆژیاوە هەڵقولاونو لەسەر تاکەکان وهەموو کۆمەڵگاش کاریگەریان دەبێت، مەسەلەی پەنهانکاری و داپۆشینی (کاروباری کەسایەتی) یە. پەنهانکاریو ڕازپۆشی کاری دیارکراو لەئایندەدا دژوارتر دەبێت. گەشەکردن و فراوانبونی توانستەکان لەبواری چاودێریو بەدواداچونی کرێکاران، ئاشکراکردنو وەرگرتنی پەیامەکان یان گوێڕاداشتن لەگفتوگۆکانو دەسبەسەراگرتنی ناردە کەسیەکان(تاکەکان)لەبنەکە پەیوەستدارەکانەوە لەوانەیە لەکۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا دژ بەمافی تاکەکان بوەستێتەوە . پاراستنی نهێنی- بەچاوپۆشی لەوەی خودی یان بازرگانی یان دەوڵەتی بێت- دژوار دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا کەسەکان و ڕێکخراوەکان بۆ شاردنەوەی نهێنیەکانیان زۆر هەوڵدەدەن و



www.pertwk.com

هێشتا نازانین لە ململانێی نێوان (ڕەمز دانەر) و (ڕەمزکەرەوە) دا کامیان سەرکەوتو دەبن، بەڵام گومان هەیە کە زانیاری بنەڕەتیتر بکەوێتەدەست خراپەکارانەوە. لەنێوان ئاشکراکردنی زانیاری و – لەوجۆرەی کە خەڵك توانای سودمەندبونی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئایندەدا هەبێت- پاراستنی زانیاری بەمەبەستی پوچەڵکردنەوەی هەوڵی ئەو کەسانەی کە بەخراپە ئەو تۆڕانە بەکاردەهێنن، شڵەژانێکی گەورە دێتە ئاراوە.

لەژینگەی فیزیکیشدا لەوانەیە ئایندە سیمایەکی ئاوێتەی دیاری بهێنێت. هیچ کەسێك گومانی لەوەنییە کە چالاکییەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە بایوسفیر (چینی دەرەوەی گۆی زەوی). گەشە کردن و فراوانبونی دانیشتوانو ژینگە مرۆییەکان شەقڵی ئەستێرەکەمانی گۆڕیوە. لەگەڵ ئەمەشدا مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاستی پرسە بچوکەکانو هەروەها هاوسەنگیو هاوکێشی مۆراڵی خودی (دانەبڕاولە) لە چالاکیی مرۆڤ لە ئارادایە. ئاڵودەبون بۆ مرۆڤەکان و هەمووگیانداران زیانبەخشە، بەڵام گەشەسەندنی ئابوری – کە ئاڵودەبون یەکێکە لە پێشهاتەکانی- خەڵکی لە زەلکاوی ژیانێکی نەزانیوکورت و بێبەزەیانە دەکێشێتەوە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەکنەلۆژیای بونیادنەرو ڕیفۆرمسازی ژینگە پێبەپێ لەگەڵ ئەو زیان و وێرانیەی کە ڕەوتی بەپیشەسازی بون لەوڵاتە پێشکەوتوەکاندا دەهێنێتەوە ئاراوە بەرەوپێش دەچێت ولە ئایندەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەکەوێتە دەستی ئەو وڵاتانەشی لەحاڵەتی گەشەکردندان.

بەمجۆرە تەنانەت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کەلەتەکنەلۆژیادا ڕویانداوە وردبونەوە لە زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، سنورداری سەرچاوەکان، لەوانە ئاوی خواردنەوە واقیعیانەو جدییە. هەروەها، لەڕوی لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەی پەیدابونی مرۆڤ گرفتی بنچینەیی بەرامبەر بە کەمبونەوەی خێرای چۆنایەتی بایۆلۆژیانە لەئارادا دەبێت [25]. ئەم سنورداریيانە نیشاندەری خەباتی بنچینەییە

www.pertwk.com

بۆنەوەکانی ئاییندە. واتە ناهاودەنگییەکی جدی دەربارەی چەند پرسێکی بنەڕەتی پەیوەست بەژینگەی سروشتیەوە هەیە. زۆر کەس لەوە دڵنیان کەگەرم بونی زەوی لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا زیانی کۆمەڵایەتی زۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام بەڵگە زانستیەکان هەتا ئێستا پشتگیری ئەمە ناکەن. هەروەها ڕون نییە کە کەشی ئاوهەوای ئەم دواییە کە دوابەدوای توێژینەوە دەربارەی ڕیشەی مرۆڤ بەدەستهاتوە پێچەوانەی ئاڵوگۆڕی سروشتی بێت.

گومانی تێدا نییە کە ڕوداوە سروشتیەکان بەهەمان جۆری کەلە ڕابردودا هەبون لە ئایندەشدا هۆی نیگەرانی و تێکدانی ئارامی مرۆڤەکان پێکدەهێنن. فشاری دانیشتوانیو فاکتەرانی دی زۆرینەی خەڵکی دانیشتوانی وڵاتە پێشکەوتوەکان بەرەو ڕوبارو ناوچە پڕ ئاوییەکان کێش دەکات. لەم حاڵەتەدا ڕوداوە سروشتیەکان تەلەفاتی مرۆیی زۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێت [26]. نزیکەی چل لەپەنجا شاری ڕو لەپێشکەوتوی جیهان کەوتونەتە سەرهێڵی بومە لەرزە. نزیکەی نیوەی دانیشتوانی جیهان لەناوچە کەنارییەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و لەبەردەم هەڕشەکانی سێڵاو و بڵاوبونەوەی نەخۆشی مەلاریاو بەڵاکانی دیدان. ئاوارەبونی دەرئەنجامی گرفتی ژینگەی دەوروبەر، هەم زیاد لە نیوەی ئاوارە بونی جیهان پێکدەهێنن و هەم ئەم ڕێژەیەش ڕولەزیاد بونە[27]. بە هەرحاڵ دەربارەی ئاڵۆزی و دژواری هەلومەرجەکە لە ئایندەدا لێڵییەك سەبارەت بەوەی کەچۆن ڕەوش و قوڵیو سەرچاوەی گۆڕانکارییەکانی ئاو هەوا بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، لە ئارادایە.

سنورە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانیش بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە دەکەونە ژێر فشارەوە. بڕیارە تازەکانی ئابوری وەستاو لەسەر زانیاری ، چینی کۆمەڵایەتی نویٚ لەگەڵ چەمکی جدی سیاسی دێنێتە ئاراوە. بۆ نمونە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە ململانێی کار لەناوچەیەکی جیوگرافی



زۆر فراوانتردا بێتە ئاراوە. لایەنی پۆزەتیفانە ئەمەیە کە کارامەیی پەرەدەگرێتو کارامەیی زیاتر لە بازرگانیش بەشێوەیەکی گشتی مانای کەڵەکەبونی زیاتری سامانە لە کۆمەڵگەدا. بەڵام لەم نێوەندەدا لایەنێکی نێگەتیڤانەش هەیە. دامەزراوەی گەیاندنی (تلیکۆم)ی بەریتانی لەئێستادا کارمەندانێك بەکاردەهێنێت کەلەنیوزلەندا دەژین، چونکە ئەو دەمانەی کە زۆربەی خەڵکی بەریتانیا لەخەودان، ئەوانە بەخەبەرن" ئەم ڕەوتە دەبێتەهۆی تێچونی کەمترو کارامەیی زیاتر بۆ دامەزراوەکە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا، فشاری زیاتری بێکاری لە (مانچستەرو لیدز) لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕانە لەوانەیە بەهەمان کێش کارێگەری لەسەرکاری (یەخەسپیەکان)یان زیاترلەکاری (یەخەشینەکان) – کە لەڕوی فیزیکییەوە سەر بەشوێنێکی تایبەتن – دابنێت. خولگەبەندیو دوالیزمی هێزەکانی کاریش، بەشێوەیەکی پراکتیکانە پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتیە. ئەو گروپانەی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵ کەخاوەنی شارەزایەکی تەواونین ئەگەری ئەوە هەیە لەهاوشانیو گونجانیاندا لەگەڵ ژینگەی تەکنۆلۆژی ئابوری نوێدا گرفتیان هەبێت. بۆ نمونە ئاشکرانییە کاری خزمەتگوزاری کە پێویستی بەلێوە شاوەییەکی کەم هەیە بۆ ئەو گروپی خەڵکەی کە بۆدابینکردنی موچەیەکی سەربەخۆ پێویستیان پێیەتی، بەڕادەیەکی باشبونی هەبێت. لەم حاڵەتەدا، چینی ناوەندی فراوان ودەستبڵاوی ناسراوی ئەمریکاو چینە مامناوەندییەکانی دی کۆمەڵگەی پیشەسازییە کۆنەکانیش لەگەڵ بونی ئەوگیرفانە تازانەی کە بە ئابوری نێونەتەوەییەوە دەبەسترێنەوە و کەسانێکی کە بەرەو بواری پەڕاوێزانەتر چون، دوچاری خولگەبەندی و دابڕان دەبن.

زیاد لەوەش، هەرکاتێك دابەشکردنی پەروەردەیی ڕەنگدانەوەی دەمارگیری نەژادی یان نەتەوەیی بێت جیوگرافی نوێی دابەشبونی هێزی کار لەوانەیە ببێتە هۆی ئاوەژوکردنی ئەو ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتیەی کە هەیە. ئەم کارە بەتایبەتی

www.pertwk.com

لەو کۆمەڵگایانەدا کە خاوەنی پێشینەیەکی سامانی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك پێویستن لەوانە ویلایەتە یەکگرتوەکان، دەتوانن نائارامو گۆڕاوبن. تەکنەلۆژیای نویێ کاریگەری لەسەر نمونە کۆمەڵایەتیەکانی ڕیزبەندی ئابوریو کۆمەڵگەش دادەنێت. لە ئێستادا، لەوڵاتە پێشکەوتوەکان ئامرازی خزمەتگوزاری خۆبەخۆ – وەکو بۆکسی خۆبەبەخۆ لەبانکەکان وپۆستی دەنگیی لەفەرمانگەکان – ڕادەی ڕوبەڕوی نێوان خەڵکی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ئابوری وکۆمەڵایەتی کەم کردۆتەوە. لەنێو گروپە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکاندا چەمکەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسی گۆشەگیرانەی فراوان پەنها دەبێت، بەڵام لەدیموکراسیە جەماوەرییەکاندا ئەم بابەتە بەئاسانی وێنا ناکرێت.

بەمپێیە هەڵوێستەکانی تەکنەلۆژیا بەئاشکرا کاریگەری لەسەر نمونە باڵاکانی کۆمەڵایەتی دادەنێت و لەسەر ئاستی دادوەری کۆمەڵایەتی پرسیارگەلێك دێنێتە ئاراوە. بێگومان لەداڕشتنی سیاسەتەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ئەو جۆرە پرسیارانە بنەڕەتی دەبنو ئەمڕۆش تاڕادەیەك بەهەمان شێوە یە. لەماوەی چەندین دەیەی ڕابردودا لەویلایەتە یەکگرتوەکانو هەروەها زۆربەی کۆمەڵگاپێشکەوتوەکانی دیدا دابەشکردنی دەرامەت دوچاری ناعەدالەتیەکی زۆربوە، هەندێك هێرش دەکەنەسەر سیاسەتە داراییە دواکەوتوەکان، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە نێوان چینی دەوڵەمەنداندا کە لە ڕوی ماهیەتەوە لەگەڵ هەڵپەی ئابوریی بنەڕەتی سەردەمی سامان (خولی نێوان ساڵەکانی 1965 تا 1900 کەبەزۆربونی ئەفسانەیی سامان بەناوبانگە) جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە، گەواهی مەیلی فراوانبون و کەڵەکەبونی دارایی بوین. وەکو ڕابردو، ئەم مەیلە لە سەردەمی داراییدا لەوانەیە بەمەبەستی زیادکردنی دەرامەت لەچاو سەردەمەکەی خۆی جۆرێك فۆرمگیرببێت، کە ئاماژەیەك بێت بۆئەوەی کەئەم شتە بەهەمان شێوە ئەنجام دراوە. هەروەها دیموکراتیزەکردنی سەرمایە کەوا دەردەکەوێت بۆتە



بەشێك لە ژینگەی تەکنەلۆژیای نویێ دەتوانێت لە کاروانی ئاسایش وخۆشبەختی زیاتربۆ هەمووان بەرەو یەکسانی کردنی زیاتری دەرامەت هەنگاو بنێت. بەڵام نازانین کاریگەری تەکنەلۆژیای نویێو دەرئەنجامەکانی لەسەر ڕازاندنەوەی ئابوری ناوخۆییو نێودەوڵەتیەکان چۆنەو یەکسانی هەل و ڕەوتی ئابوری لە کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکاندا چۆن دەگۆڕێت. بە ئەگەرێکی زۆرەوە کۆنترۆڵکاری– لەهەندێ بواردا زۆرو لەهەندێکی دیکەدا کەمتر –لەئارادا دەبێت.

سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، خاڵی گرنگ تەنها توێژینەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستێکی گەورە نییە، کەلەبەردەم دەرئەنجامە خێراکانی تەکنۆلۆژیا داوەستاون. ئاڵوگۆڕە تیژڕەوەکان، هەموو سودمەندییەك لەتواناکەیان بەهۆی هەماهەنگیانەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا دەخاتە ژێر هەڕەشەوە. بۆ ئەو کەسانەی کە دەرامەتی باشیان هەیە، غافڵبون لە ئاڵوگۆڕە خێراکان دەتوانێت هەڕەشە ئامێز بێت و ئەوانەی کەوتونەتە ئاڵوگۆڕەکانەوە دەتوانن ڕەوەندی ئاڵوگۆڕەکە بەلایەنی کەمەوە بۆماوەیەك بوەستێنن یان لەکاروانەکەی خۆی دوری بخەنەوە. ئەم نیگەرانیانە لە شێوەی دەستەبژێری بەرپرس بۆ وەسفکردنی تازەگەری دەردەکەون – بۆنمونە سیاسەتمەدارە نەتەوەییەکان، سەرەتا چاکەی ئینتەرنێت دەڵێنو پاشان بۆ سنوردارکردنی ڕوولە دانانی ڕێساو سانسۆر و سنوری دارایی دەکەن.

هەندێك لە دەستە بژێرە دەسەڵاتدارەکان (سیاسییەکان) بەرامبەر ئەوانی دی – بەستراوە بەبواری فەرهەنگی کراوەترەوە– لەگۆڕانکارییەکاندا باشتر بەرگری دەکەن. هەموو ئەم شتانە ئاماژە بەوە دەدەن لەحاڵەتێکدا کە تەکنەلۆژیا نوێیەکان لەنێو نمونە باڵاکانی کۆمەڵگادا جێی خۆیان دەگرن، لەمشتومڕی فەرهەنگیانەی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا پلەبەپلە جێگۆڕکێی ڕودەدات. لەوانەیە ئێمە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر دەربارەی لەباربردنی منداڵ، کۆنترۆڵی

www.pertwk.com

خۆپڕچەککردن، بێنەزاکەتی دەسەڵاتدار لەهەمبەر سەرگەرمیەکان، بنەمای مۆڕاڵی، فرۆشتنی دروستکراوەی پیشەسازیانەی ژیان بۆسودو بڕیارەکانی حکومەتی سایبرنتیك بوەستێنین. لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکارییەکی ئێمە دەیخەینە ڕو ناوەڕۆکێکی نوێی بەیاننامەی سیاسیمان دەبێت و ئەوشتەی کە واتاکەی لیبراڵ یان کۆنەپارێز، پێشکەوتوخواز یان کۆنەپەرستیە دەیگۆڕێت.

تەکنۆلۆژیای نوێی پشت ئەستور بەزانست دەشتوانێت بەرامبەر بەها بنەڕەتیەکان کۆمەڵگە دابەش بکات. ڕێژەیەکی نادیاری بەتەمەنان لەکۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا بەهۆی خێرایی زۆری پێداویستیە بنەڕەتیەکان، نەبونی ئاسایشی خودی، لەناوچونی سنورە ئارمبەخشەکان‌و خراپ بەکارهێنانی سەرەتا مرۆییەکان لەوانەیە جموجۆلی دەرەوەی چوارچێوەی ئاسایی ژیان لەو کۆمەڵگایانەدا بەباشتر بزانن. ژمارەیەك لە هاوڵاتیان چالاکانە بەرامبەر بەجیهانی نوێ دوژمنایەتی دەنوێنن ولەوانەیە ڕوبەڕوی ئەو توندوتیژیە ببنەوە. ئەم ڕەوتە ئەوەپیشان دەدات کەفەرهەنگە نەیارەکان لەکۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا لەسەربنەمای نەیاری‌لەگەڵ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی باسکران ولە تەکنەلۆژیاوە سەرچاوەیان گرتوە، ئایدۆلۆژیای نوێ بەرهەم دەهێنن. هەندێ کەس لە ئێستادا ئەو جۆرە ئاماژانە لە چەندین وڵاتی پێشکەوتودا لەپاڵ بزاوتی کاتی ژینگەدا دەبینن و ئەمەش ڕەوتێکە کە ئەگەری خێراتربونی لێدەکرێت‌و خاوەنی چەمکی ئاسایشیانەی بەهێزی لە جۆری تیرۆریزمی ئابوری (ECO-TERRORISM )، کە پێش تامکردنی ئەمە، ئەوەمان لە ئەمریکای باکورو لە ئەوروپاش چەشت.

لە کاتێکدا کە هەندێ لە ئامێرە نوێیەکان بێگومان لەسەر ئاستی هەلسوڕێنەران و نیگەرانیەکانی پەیوەست بە ژینگەی سروشتییەوە  زۆر جۆری دەبێت، کە سانی دی چێژ لەو ئازادییە وەردەگرن کە تەکنەلۆژیایی نوێ بۆیان فەراهەم دەکات. بەڵام ئەمەش لەلای خۆیەوە مشتومڕێکی بەهێز کەخاوەنی



چەمکێکی قوڵەلە فەرهەنگەکانی دیموکراسیدا دێنێتە ئاراوە. هەستی ڕولە گەشەکردنی دەسەتەڵات لە خەڵکانێکی زۆردا کە بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە ئیدراکیان فراوان بوە، دەتوانیت هاوسەنگی مۆراڵی لەنێوببات. ئەگەر ئەم کارە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان ڕوبدات تەنانەت دەتوانێت زۆربەی سەرچاوەکانی هەمان سیستمی فەرهەنگی کە ئەو جۆرە ئازادییەی بەدیهێناوە لەناو ببات[28]. دیاردەیەکی لەو بابەتە هەڕشە لە هاوسەنگی ڕەوشەکانی مەدەنی پایەداری کۆمەڵگە دیموکراسیەکان دەکات.

سنورە نێودەوڵەتیەکان کراوەتردەبن. دەوڵەتەکان، بۆ ڕێگری لە دزەکردنی بیروڕا و کاڵای ئابوری و هەڕەشەکان بۆ ناوەوەی سنورەکانیان بەجۆرێکی بەرفراوان ڕوبەڕوی گرفت دەبنەوە[29]. لەسەر ئاستی نێوان دەوڵەتەکان تەکنەلۆژیا پیشاندەری کاریگەری یەکسانکردنێکی بەزەبرە لەتوانای زیان گەیاندن بەکەسانی دی لەڕێگای سنورەکانەوە. ئیتر بۆ وڵاتە بچوك و تەنانەت گروپەکان و تاکە دەوڵەمەندەکان، چ وەك باندە تاوانکارەکان چ وەك تیرۆریست، بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای زۆر مەترسیدار پێویستی بەسەرمایە گوزاری بنەڕەتی لە ژێرخانە زانستی وپیشەسازییەکان نابێت.

لەگەڵ ئەوەی تەواوی کۆمەڵگاکان دەکەونە بەردەم تەکەنەلۆژیاو ڕەنگدانەوەکانی، بەڵام هەموو ئەوانەش ناتوانن بەشێوەیەکی یەکسان دەسبەسەر دۆخە نوێیەکەدا بگرن. لەگەڵ ئەوەی داهێنانە نوێیەکان فراوانتر دەبن، بەڵام سودەکانی لەو فراوانبونەوە بەدەسدێت هەمیشە ناڕێکوپێکتر دابەش دەکرێت. لە کاتێکدا کە هەندێك لەوڵات‌و گروپە نێوخۆییانە بەئامێزێکی کراوەوە باوەش بۆ پێشکەوتنی تەکنیك دەگرنەوە، زۆر لەوڵاتانی دی ژیانی ناو دەورەیەکی تەکنۆلۆژی پەیوەست بەدەیەی چلەکانەوە ئەزمون دەکەن. بەمپێیە تەکنۆلۆژیای

نویَ بەپیَچەوانەی ئەوەی مرۆڤەکان لیَکدی نزیکتر بکاتەوە، لە جیهاندا کەلیَن زیاد دەکات.

ئەم ڕەوتە لەماوەیەکی دریَژخایەندا زۆر گرنگە. هەموو کودەتا گرنگەکانی ئابوری وتەکنیکی بۆپشك و دەسەلاَت بەخشین بەهەندیَك لە گروپەکانو لاوازکردنی هەندیَکی دی بوە. لە حالَەتیَکدا ئیَمە چەندی زیاتر بەرەو خولی دەسەلاَتی ڕاگیر لەسەر زانست بەرەو پیَشەوە بڕۆین، ئەو ولاَت و کۆمەلَگاو گروپانەی کە لە بواری پەروەردەو سەرمایەی مرۆڤایەتیدا لە پیَش ئەوانی دییەوەن بەشیَوەیەکی گشتی خۆیان لەولاَتە دواکەوتوەکان بەشایستەتر دەزانن. ئەم بابەتە لەهەندیَ ڕووەوە لەنیَو نمونەکانی پاش جەنگدا، وەك هۆنگ کۆنگ و سنگاپوراو ئیسرائیلو ولاَتە بچوکەکانی کە لەگەلَ نەبونی سەرچاوەی سروشتیدا توانیویانە سامانیَکی باشو مایەی سەرنجو دەسەلاَتیَکی ڕیَژەیی پەیدا بکەن، تاڕادەیەك نمونەی ئاشکران. ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە پەروەردەو هەروەها سەرمایەو گونجانی کۆمەلاَیەتی لە ئایندەدا بەشیَوەیەکی بەرفراوان وەك بەشی گرنگی دەسەلاَتی خۆمالَی دابنریَت.

لەم بارەیەوە لەوانەیە ئیَنتەرنیَت ڕۆلَی گرنگ بگیَڕیَت. ئەم تۆڕە لەلایەکەوە توانایەکی بەرچاوی بۆ بلاَوبونەوەی زانین و ئاگایی لەبەشە فراوانەکانی جیهانی و پیَشکەشکردنی زانست بەملیۆنان کەس هەیە (کەلەوانەیە لە حالَەتی نەبونی ئەو تۆڕەدا بەنەزانی بمیَننەوە) کەئەمەش شتیَکی پەسەندەو، لەلایەکی دییەوە فەرهەنگی جیهانی ئینتەرنیَت خەلَکیَکی زۆرتری خاوەن پەروەردەیەکی کەموکوڕ دەهیَنیَتە ژیَربار. ئەم پەندەی کەدەلَیَت: (زانستیکەم دەکریَت مەترسیدار بیَت) لەوانەیە وەك پیَشبینیەك سەیری بکریَت، بەلاَم نادروست نییە. کاتیَك بیر لەو دەمانە دەکەینەوە کە مەترسیدارترین ڕابەرو پەیڕەوەکانیان لە سەدەی بیستەمدا



کەسانیَك بون بە ئاستیَکی نزمی زانستەوە( ستالین، هیتلەر، ماو، پۆل پۆت) ئەم ئەگەرە لایەنی نیگەرانیی دروست دەکات.

نەك تەنها لەسەر ئاستی سەرکردەی نەتەوەیی بەلَکو بەجۆریَکی زۆر قولَتر لەناو کۆمەلَگەدا ئەمە گرفتیَکی گەورەیە. لە ئیَستادا ئینتەرنیَت ڕابەری زانیارییە کەتایبەتمەند بەزانست نییەو بەتەواوی بیَ کۆنترۆلَکردن بلاَودەکریَتەوە. بۆ ئەوکەسانەی کە خاوەنی بنەمایەکی زانیاری بنچینەییو کاملَ نین جیاکردنەوەی زانیاری دروست لە نادروست و بیروڕای پاك لەئاویَتە یان پیَشنیازی پراکتیکیلەناپراکتیکانەو مەترسیداروخەیالَپلاوانە، دژوارە. لەگەلَ ئەوەشدا هەموو کەس تەنانەت منداڵیَکیش دەتوانیَت لە ڕیَگای ئینتەرنیَتەوە سەردانی گروپە (نەفرەت)یەکان بکات، یان بەڕیَکەوت بکەویَتە ژیَرکاریگەری ویَنە جۆراو جۆرەکان یان ڕاگەیاندنە نائاساییەکان لەهەر چوارگۆشەی جیهاندا. گرتنی تۆڕی وب (میللەتی ئاریایی) لەسەر ئینتەرنیَت هیَندە ئاسانە وەك دانانی (ئامازۆن کام)یَك لەناویدا. (باوەڕە گەورەکان) لە هەڕشویَنیَکی جیهاندا بخریَتە ڕو زۆر لە جاران خیَراتر لەسەرانسەری ئەم گۆی زەوییە دا بلاَودەبیَتەوە. (هەم – باوەڕە گەورەکان – باشەکان و هەم خراپەکانیش) لەلایەکی دییەوە ئەگەری گەشەکردنی بڕوای مرۆڤدۆستی لەچوارچیَوەی پارتی نیَونەتەوەیشدا (پارتیَکی سیاسییە کە دەیەویَت دەسەلاَت بەدەست هاولاتیانەوە بیَت–KnowNothing) مایەی نکولَی لیَکردن نییە، چونکە تۆڕی ئینتەرنیَت ئاسانکاری بۆ هەماهەنگی نیَوان گروپەکانی سەرقالَی چالاکی ئاشتیو مافی مرۆڤن دەکات.

هەروەها ناتوانریَت پەسندبکریَت کە هیَزە بنەڕەتەیەکانی نەیاری مۆدیَرنیتە لەو ئەگەرانە چاوپۆشی بکەن. لەهەندیَك کۆمەلَی موسلَماندا ئوسولَیە مەزهەبیەکان یەکەمین کەسانیَکن کە بۆ بلاَوکردنەوەی پەیامەکانیان سود لەتوانستی پەیوەندیگرتنە نویَیەکان دەبینن. کۆمەلَگای هونەری جەنگاوەرانەو

www.pertwk.com

نیمچە مەزهەبیانەی چین، هەرچەند لەپێشەوە سۆفیگەرانەو دژبە مۆدێرنیتەن، بەڵام ئەگەر سەرکردەکانیان ڕێگایان بدەن کەبەمەبەستی (مرۆڤ دۆستانە) دەکرێت سود لە تەکنەلۆژیاوەر گرن ، ئەو کارە دەکەن.

زانستە نوێیەکانی هونەریش کاریگەری لەسەر هاوسەنگی ناسنامەی میللەتان دادەنێن. ئەمریکیو هاوڵاتیان دی وڵاتە پێشکەوتوەکان لەڕێگای ئینتەرنێتەوە لەگەڵ خەڵکی نەتەوەکانی دیدا پەیوەندی زیاتریان بەرقەراکردوەو لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر کاریگەرییان لەسەر داناون یان پییان کاریگەر دەبن[30]. تاساڵی(2025) ئەگەر پەیوەندیکردن بەسەر زەمینەکانی دییەوەو ئاسان گەیشتن پێیان فراوان دەبێت. تێچونەکان کەم بۆتەوەوجیهانگەڕی دەبێتە گەورەترین پیشەی جیهانی. تەکنەلۆژیاش تاڕادەیەك وەرگێڕانی هەموو زمانەکانی سەرگۆی زەوی ئاسان دەکات، کە ئەمەش خۆبەخۆ توانای ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان لەسەر ئاستێکی زۆر فراوانتر ئەنجام دەدرێت. لەوانەیە لەزۆر وڵاتاندا هەستێکی لە جۆری چەمکی (هاوڵاتی جیهانی) برەوی زۆرتری هەبێت، لەپێشەوە چۆنایەتی مەعریفەی خەڵکی بۆخودی خۆیی‌و چ جێگایەك بۆ وڵاتەکەی لە جیهاندا بەشیاو دەزانێت دەگۆڕێت.

هاوڵاتی ئەمریکیو نەتەوەکانی دی کەسروشتیان نەتەوەپەرستانەیە، ناچار دەبن باڵاتر لەئاستی ئەو ناسنامە نەتەوەییەی کە هەیانە (کە هەمان هاوڵاتی جیهانیە)و نزمتریش لەوە هاوبەشییەکی پتەولەگەڵ بونیادە کۆمەڵایەتیە نەتەوەیی، دەستەیی‌و لۆکاڵیەکان بەرقەرار بکەن. بەواتایەکی‌دی، لەوانەیە ئێمە گەواهی لەدایکبونی دەوڵەتی پۆست مۆدرێرنە بین – کە لەگەڵ چەمکە پتەوە بەهێزەکاندا دیاردەیەکە بۆسیاسەتە نێودەوڵەتیەکان[30]–.

ئەم ڕوداوە زۆر گرنگە، چونکە لەڕوانگەی مێژوییەوە تەنها لەدوو شوێندا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیانە لەسیستمی سیاسی جیهانیدا ڕویداوە: یەکەم، سەردەمێك



کە ماهیەتی یەکە سیاسییە مەشروعەکان گۆڕان (بۆ نمونە گۆڕان ئیمپراتۆڕەکان بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەسەدەکانی نۆزدە وبیستدا)، دوەم سەردەمانێك کە بەها نوێیەکان پێناسەیەکی تازەیان بۆناسانامەو دڵبەنییە خودییەکان گەڵاڵە کرد. دژوارە بتوانرێت بوترێت کە تیۆری دەوڵەتی یەك نەتەوەیی تا چ ڕادەیەك لاواز دەبێت – ئەو شتەی کە لەوانەیە لەچارەکە سەدەی داهاتودا ڕوبدات – بەڵام ئاڵوگۆڕی پەیوەندییە سیاسیەکان لەسەرئاستی دەوڵەتەوە بۆ سەروتر یان نزمتر هەر ئێستالە ئەوروپادا ئاشکرا بوە. لێکۆڵیارەکان سەبارەت بە گریمانەی دۆزینەوەی بونیادێکی ئابوری بەمەبەستی داڕشتنی دەوڵەتێك بۆ میللەتێك (کەلە دیدی دەستەبژێرە ئەوروپیەکانەوە لۆژیکی یەکێتی ئەوروپایە) لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن.بەڵام ئەو شتەی کەلەڕابردودا هەرگیز کارامە نەبوە لەوانەیە لە جیهانی نوێدا چالاك بێت. لە ئێستادا لاوانی (ئەڵمانی و هۆڵەندیو پرتوگالی) کە لە ژێر سی ساڵییەوەن بەهەمان ئەندازەی کە خۆیان بەخەڵکی ئەو وڵاتانە دەزانن و خۆیان بە ئەوروپیش دادەنێن[32]. بەدیهاتنی ئەم کارە لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر دەبێت، چونکە بەلوتفی تەکنەلۆژیای تازەوە پایەکانی پەیوەندیگرتنی نێوان کۆمەڵگاکان، سنورە فەرهەنگی‌و ئابورییەکانی لە ئارادان بۆ سودی سنورە نوێیەکان ڕادەماڵێت.

ئەو یەکە نەتەوەییانەشی کە هەن کاتێك کە دامەزراوەیەکی فرەنەتەوەیی پانوپۆڕ بوە جێنشینی یان لە حاڵەتی سەرهەڵداندا بێت بەئەگەرێکی زۆرەوە پاشەکشە دەکەن و بەمجۆرە گشتگەرایی هەڵوەشاندنەوە پێکەوە دێنە ئاراوە. بۆنمونە دروشمی پارتی نەتەوەیی (ئوسکتلەندا) لەیەکەمین هەڵبژاردنی بەهاری ڕابردودا بۆ پەرلەمانی نوێی ئەو وڵاتە (ئوسکتلەندای سەربەخۆ لەئەروپادا) بوو، ئەو پارتە نەتەوەییە سەرکەوتو نەبو، بەڵام ئەم ئەگەرە لە ئارادایە کەلەئایندەدا

www.pertwk.com

سەرکەوتن بەدەسبهێنن. ئەم لۆژیکە تاڕادەیەکیش بۆخاڵەکانی دی وەك کرواتو لمیاردیو ڤالونیاو ولاتی باسك دەگونجێت.

بەهۆی پێشبینی تەکنەلۆژیای ژینگەوە ئێمە وەك جۆری مرۆڤ لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا ڕوبەڕوی ڕەفتاری مۆراڵی وفەلسەفی دەبینەوە. لەگەڵ ئەوەی تەکنەلۆژیای سروشتی لێبڕاوانە توانایەکی زۆری هەیە، بەڵام توانای زیانبەخشینیش بەمرۆڤایەتیو ژینگەی سروشتی گۆی زەوی واقیعێکە. وەك نمونە ئەم تەکنەلۆژیایە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی کوشندەترو ئاڵۆزتر ڕایی دەکات. ئاوێتەسازی تەکنەلۆژیای سروشتیو فۆرمەکانی یەك ملیارساتی لەتەکنەلۆژیادا تەنانەت قەیرانی ڕیشەدارتر دروستدەکات. بۆ نمونە پەیوەندی خێرایی دەمارەکانی مێشکی مرۆڤ بەداتاشراوە سیلکۆنیەکانەوە دەکاتە واقیع[34]. هەروەها لە ڕێگای ئەندازەی چینەکانەوە گۆڕینی وردتری ڕەفتاری مرۆڤانە شیاو دەکات.(35)

لەکاتێکداکە ئەوتوانا ئومێدبەخشانە ئەگەری چارەسەرکردنی زۆرلەنەخۆشییە فیزیکیو دەرونیەکانی لێدەکرێت و نمونەی زۆر پێشکەوتولە ڕۆبۆتەکان دەخاتە ڕو، باسیش لە گۆڕینی بواری چالاکی مرۆڤیش دەکات. بەوجۆرە نەك تەنها گۆڕانکاری ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەڕێگای ئەندازەی چینەکانەوە مومکین دەکات، بەڵکو پێکبەستنی مرۆڤ لەگەڵ ئامێریشدا بگونجێت. تاوەکو ئێستا کە فەیلەسوفەکان لەکامڵبونی نێوان مرۆڤ وئامێر گفتوگۆیان کردوە تەنها لەڕوانگەی فرەئاڕاستەیی سروشت و میتافیزیکیەوە ڕوبەڕوی بونەتەوە. لەم ڕوەوە وێنەگرتنەوەی ڕۆبۆتێکی مرۆڤئاسا یان ڕێکخستنو چاودێریکرنی کاروفرمانی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ یان گیانەوەرێکی ئامێری ئەلکترۆنی یان میکانیکیو پیاوان و ژنانی زانستی بایۆلۆژی تەنها لەبواری خەیاڵدابون، بەڵام ئێستا



بەلایەنی کەمەوە دەسپێکردنی توانایەکی لەو جۆرە دەکرێت لە خولی منداڵان لە خوێندنی سەرتایدا دروست بکرێت.

ئاڵوگۆڕی لەوجۆرە نابێت بەکەم بگیرێت. شارەزایمان لە ڕێکخستنەکانی تەواوی کۆمەڵگە مرۆییەکان لەڕیشەوە لەسەر بنەمای زانینی سروشتی مرۆڤ وەستاوە. ئەگەر ئەوماهیەتە لەڕێگای ڕێکخستن وعەقڵ و ئەفڕاندنەوە دوچاری ئاڵوگۆڕ ببێت هەموورێکخستنی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ دوچاری گومان دەبێت(36). ئاساییەکە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەربارەی بابەتی لەوجۆرە قوڵترین بابەتی مۆراڵی بوروژێنی: ئایا مرۆڤایەتی لەگەڵ توانای لەوجۆرەدا دەتوانێت باوەڕ بەخۆی بکات؟ ئایا پێویستەئەوکارە ئەنجام بدات؟ مرۆڤایەتی چۆن دەتوانێت پێش سەرهەڵدانی ڕوداوێك ئاگادارییی هەبێت؟ دەبێت کێ بڕیار بدات؟.

هەمیشەخەڵکی ڕەشبین بەرامبەر بەتەکنەلۆژیا لەنێوانماندا هەبون" لەگەڵ ئەوەشدا بەپێچەوانەی ئەو ناهەمووارییانەی کە لەچەند تازەگەرییەکی تەکنەلۆژیای گرنگەوە لەچەند سەدەیەکی ڕابردودا سەریان هەڵدا دەتوانرێت بوترێت لە ئەنجامی تەکنەلۆژیاوە ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی درێژترو تەندروسترو شادترو ئارامتر بوە[37]. بەئەگەرێکی زۆرەوە، دۆزینەوەو ئامێر لەچارەکە سەدەی داهاتوشدا بۆ چاکترکردنی چۆنایەتیو چەندایەتی ژیانی مرۆڤایەتی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی گەورە ئەمەیە کە فراوانبونی خواستەکانمان بگاتە ڕادەیەك کە تاکە هەڵەیەك یان ڕەفتارێکی پریسکدار وێرانیەکی گەورەی بەدواوە بێت. بەمپێیە مرۆڤ لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی تەکنەلۆژیادا دەوەستێت، کە ناچارمان دەکات پێش ئەوەی بەخێرایی بەرەوپێشەوە بڕۆین، جارێکی دی بیربکەینەوە. ئەگەر بەوجۆرە بێت، ئیتر بەقۆناغێکی کراوەترو نوێیشارستانی دەگەین، کە تیایدا مرۆڤ وەك گیاندارێکی

www.pertwk.com

ئامێرسازو بەناوی بونەوەرێکی مۆراڵییەوە ڕێگاچارەیەکی ڕون لەنێوان ئەم دوو ڕەهەندە سەرەکیەی ماهیەتی خۆیدا دادەهێنێت.

### ئابوری جیهانی: سامان چۆن کۆبوەتەوە ؟

ئابوری لە بنەڕەتدا ئەم پرسیارە سادەیە دەکات: سامان چۆن کۆکراوەتەوەو چۆن دابەشکراوەو بەکارهێنراوە؟ بەڵام وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەهیچ جۆرێك سانا نییە. بۆگەیشتن بە ئامانجەکەمان بزاوتێکی زۆر زیاتر لە ئامرازی هاوبەندی سروشتمان هەبوە. چالاکی ئابوری لەسەرئاستی ناوخۆیی‌و ناوچەیی‌و نەتەوەیی‌و نێودەوڵەتی هاوشان لەگەڵ بابەتەکانی لەجۆری ڕێکخستنی سەرچاوەکان، تەکنیکەپێشکەوتوەکانی بەرهەمهێنان، پەروەردەوسەرمایەی مرۆیی، بازاڕ پەیداکردن، کاروباری‌دارایی، بازرگانی‌وگەلەیاساو پەیمانەکانی کە هەموو ئەم چالاکیانە پێکەوە گرێدەدات، زۆر ئاڵۆز بوە.

تائەو شوێنەی کەبە بیست‌وپێنج ساڵی ئایندەوە پەیوەست دەبێت، گرنگترین پرس لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا، بە هاوسەنگی ڕەوتی گشتگەرایی سیستمی ئابوری جیهانیەوە هاوبەند دەبێت" چونکە ئەم گشتگیرییە لەسەردابەشبونی جیهانی ئابوری و سیاسی‌و دواجاریش سوپایی کاریگەری دادەنێت. هەندێك لەولآتان زوتر لەوانی دی سەرکەوتو دەبن و هەندێك لەولآتانی تازەگەشەکردوی هۆشیارو بەئاگای وەك چین لەپێش هەموانەوە سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت.

بەردەوامی گشتگەرایی بۆ زۆرینەی ولآتان، لەوانە ویلایەتە یەکگرتوەکان سامانێکی زۆرتر بەدیاری دەهێنێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زیانێکی نوێشی بەدواوە دەبێت. لەحاڵەتێکدا کە ڕەوتی گشتگەرایی بوەستێت یان ئاراستەیەکی ئاوەژو بگرێتەبەر، گرفتی دی دێتە ئاراوە. زۆرتر لەدابەشکردنی سامان‌و دەسەلآت مەیلکردن بۆ ئابوری وەستاولەسەر زانست دەتوانێت فاکتەری نائارامی



سیاسی بێت‌و هەروەها ببێتە هۆی تێژکردنی ململانێ لەنێوان ولآتەکاندا. هاوبەندی هاوشانی ئابوری زیان بە ئابوری ویلایە تەیەکگرتوەکان دەگەینێت. ئەوانی دی سەرمایەو بازرگانی بەئاڕاستەی نەیاری بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەباشی بەگەڕدەخەن. نمونە بالآ نوێیەکانی ئابوریش لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و قەبارەی دەوڵەتەکان بۆ فەرمانڕەوایەتیکردن کاریگەری دەبێت.

زۆرترینی چاودێران لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیستمی ئابوری نێودەوڵەتی لە دۆخێکی گواستنەوەی خێرادایە، بەڵام ئەوانە دەربارەی ئەوەی ئەم جێگۆڕکی‌و گواستنەوەیە بەرەوکوێ دەچێت، هاوبیرنین. هۆی ئەمەش تاڕادەیەك لەوەوەیە کە نەیاری مۆڵەتدراو لەدەرەوەی بۆتەقەی ئابورینا‌سانی پرۆڤیشناڵی (وهەندێجاریش لە ناوەوەی ئەم بۆتەقانە) بەشێکی زۆری گفتوگۆکانی بەجیهانیبون فۆڕمگیردەکەن. بەمپێیە دەتوانرێت وێنایەکی تاڕادەیەك واقیعی‌و پراکتیکی سەبارەت بەئابوری نوێی جیهان بەرجەستە بکرێت. ئەم کارە پێویستی بەدۆزینەوەی بەشەکانی گۆڕانکارییە بونیادیەکانە لە ئابوری نێودەوڵەتی و لەڕەهەندە دارایی‌و بەرهەمهێنانەکان و هەروەها دیاریکردنی ڕادەی کاریگەری سوڕانە ئابورییەکانی جیهانە. ئەمە بەواتای دەرککردنە بە پەیوەندییە بازرگانیەکان لەگەڵ بزاوتی سەرمایە، بەتایبەتی لەو ولآتانەی لەحاڵەتی گەشەکرندان‌و هەروەها ناساندنی ڕێگرییە جۆراوجۆرەکانن لەسەر ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئابوری.

**ئاستی کۆبونەوەی سەرمایەی نێو دەوڵەتی**

**ژمارەکان بە ملیار دۆلار**



www.pertwk.com

بابەتێکی گرنگ لەبواری ئابوریدا، لەباری گۆڕانی جیهان، تەقینەوەی هاوسەنگی بزاوتی سەرمایەی نێونەتەوەییە. لە ساڵی (1990)( یەك ساڵی تەواو پاش دارِمانی دیواری بەرلین) وڵاتانی تازە پێگەیشتو لەکاتی بزاوتی گشتی سەرمایەی وادە درێژدا زیاد لەسەدملیار دۆلاریان کێش کرد. زیاد لەنیوەی ئەم بڕەپارەیە بەرهەمی کۆمەك‌و هاوکاری فەرمی حکومەتەکان یان دامەزراوە چەند لقەکانی وەك بانکی جیهانی بوو. تا ساڵی (1998) جیاوازییەکان تەواو ئاشکرا بون" بزاوتی گشتی سەرمایەی ماوە درێژی وڵاتانی تازە پێگەیشتو بۆدوسەدو حەفتاو پێنج ملیار دۆلار زیادی کرد، کە لەسەداهەشتای ئەم بڕە لەجوڵەی سەرمایەی تایبەتی بازاڕە نێونەتەوەییەکان و هەروەها سەرمایە گوزارییە ڕاستەوخۆ دەرەکیەکانی پێکدەهێنا(38).

لەوانەیە بتوانرێت بوترێت ئەوئاڵوگۆڕانەی لەلایەنە تایبەتیەکاندا ڕویانداوە، کە هاوبەشی بازاڕەکانن، ئەوەی کە چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدەن، هەروەك فراوانبونی بزاوتی سەرمایە خاوەنی گرنگییە. ژمارەو ڕیشەی بەشداربوانی بازاڕ، ڕادەی مامەڵەکاری نەبەستراو، جۆرەکانی ئامرازو سەرمایە بەستراوەکان و بەگشتی خێرایی گەشەکردنی بازرگانی پەرەسەندنێکی شایانی بەرچاویان هەبوە. بانکە بازرگانیە گەورەکان هێشتا لە بزاوتی سەرمایەی جیهانی‌و بێنەزمیدا ڕۆڵی سەرکیان هەیە، بەڵام سەرچاوە سەرمایەگوزارییە بەرفراوانەکان و سندوقەکانی خانەنشینی و بیمەو هەروەها دراوی بەهاداری تاکیش لەخۆدەگرن(39). بەکورتی پێویستە بوترێت کە سیستمی دارایی جیهان لە گروپێکی بچوکی بنەڕەتیەوە بۆ گروپێگەلێکی سەرمایە گوزاران‌و دامەزراوەی خاوەن بڕوای زەبەلاحتر گۆڕاوە.

ئەم شتە لەسەرانسەری جیهاندا، لەپەڕاوێزێکی فراوانتری قەڵەمڕەوەکانی ئابوری‌و دارایی‌و سیاسیدا هەمجۆشییەکی زۆر تری نوێی هێناوەتە ئاراوەو بۆتەهۆی ئەوەی کەبڕێکی زۆرتری دراو بکرێتە خەرجی سەرمایەگوزاری و



مامەڵەی ماوە کورت. لەم ئاڵوگۆڕەدا، زانستی هونەریی فاکتەرێکی گرنگ بوە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری، دامەزراوەی دارایی و سەرمایە گوزاران لەکۆکردنەوەو دابەشکردن و شرۆڤەکاری زانیاری پەیوەست بە بازاڕەکان یان خێراییەکی کەتائێستا نمونەی نەبوە لەتوانادا یەکسان کردوە. ئەم ڕەوتە بەهێز دەکرێت چونکە بەبرەودان بەتەکنەلۆژیاکان، ڕێکخراو و تاکەکان لەهەموو خاڵەکانی جیهانیش لەتوانایاندا دەبێت وەك تاك و دامەزراوە سەرمایە گوزارەکانی وڵاتانی پێشکەوتوی، وەك ویلایەتە یەکگرتوەکان هاوبەشی بازاڕە جیهانیەکان بکەن.

زانستی هونەری تەنانەت کاریگەری قوڵی لەسەر بەرهەمهێنانیش داناوە. پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان چۆنایەتی ئۆپراسیۆن‌و ئەندازەو شوێنی کۆمپانیاکانی گۆڕیوە. لەلایەکی دییەوە ئەمڕۆ ئەو توانایە لەبەردەستدایە کەزۆر لە چالاکیە ئابورییەکان پراکتیکانە بەجیهانی ببن. بەمپێیە تەکنەلۆژیای زانیاری ئاسانکاری بۆ بەرهەمی تایبەت بەبازاڕی تایبەت دەکات. ئەم دیاردەیە کە بە بەرهەمهێنانی شوێنگەیی (Niche Production) ناسراوە لەماوەی ساڵانی داهاتودا بەهۆی مۆرکی فراوانی زانست‌و شێوازەکانی بەرهەمهێنان‌و ئامێرە زیرەکەکان‌و ئاوێتە بونی لەگەڵ ئاگایی ئاشکرا لەکاتی بازاڕدا سەرتاپاگیر دەبێت. ئەم کارە لەبارەی بەرهەمە کۆنەکانی وەك چنین‌و هەروەها بەرهەمە نوێیەکانی کە تەکنۆلۆژیا یاریدەی دەرکەوتنیان دەدات ڕاستە. بەجیهانیبونی بونیادی چالاکی ئابوری‌و فراوانبونی بازاڕی جیهانی‌و سەرهەڵدانی بەرهەمهێنانی شوێنگەیی، لەڕێگای جۆر بەجۆرەوە دەبێتە نوێکردنەوەی بونیادەکانی پیشەسازی‌و خزمەتگوزاری‌و، باشتربونی چۆنایەتی لەسەرهەموو ئاستە جۆراوجۆرەکانی چالاکیە ئابورییەکان و زیاتربونی خێرایی سودکاری وبەرهەمە زانستیەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت .

تەكنەلۆژیای زانیاری ستراتیژی  پاراستنیش دەخاتە ژێركاریگەری خۆیەوە، ئەمەش كاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت. ئەو پاراستنەی كە هەیە كارێكی پڕ خەرجییە، بۆیە دامەزراوەكان پێیان باشە باری سەرشانیان سوكتربێت. پرسەكە لێرەدایەكە چەقبەستن لەدابینكردنی مادەی پێویست (نەك تەنها بەهۆی شەڕەوە بەڵكو بە هەر هۆیەك بێت) وڵاتە هاو بەندەكان دوچاری زیان دەكات. بۆ نمونە ئەگەر چین هەوڵبدات تایوان بەزۆر داگیربكات ولەم هەوڵەشدا پەیوەندییە ئابورییەكانی تاوانو ئەمریكا دابڕێت، پیشەسازی ئەمریكا لەوانەیە خۆیان لەبەرامبەر كەمبونی بەشو پارچەی پێویستدا ببیننەوە.

لەم زەمینەیەدا ئینتەرنێتیش لە ئارادایە، كەشێوازە كۆنەكانی بازاركردن و دابەشكردنی دوچاری كودەتا كردوە. ئینتەرنێت هەم بۆبەرهەمهێنانی تایبەتو هەم بۆگروپگەلەكانی بەرهەمهێنان بۆتە سەرچاوەیەكی گەورەی ئاگاداریو ڕیكلامەكان، لەچارەكە سەدەی داهاتودا كاریگەری لەسەر ئەم قەڵەمڕەوانە دوبارە زۆرتر دەبێت[40].

هەروەها ئینتەرنێت بڕی تێچوی چونەناو بازاڕە نوێیەكانەوە كەم دەكاتەوەو بەشداری دامەزراوەی بچوك لەچالاكیە ئابورییە نێودەوڵەتیەكاندا ئاسانتردەكات. ئەم دیاردەیە بەكەمكردنەوەی ژمارەی نێوان میانجیگەرەكان و كورتكردنەوەی كاتی مامەڵەكان ئەو توانستە بەبازارەكان دەبەخشێت كە بەڕاستی ببنە جیهانی. بازاڕی جیهانی نەك تەنها لەحاڵەتی گەورە بوندا یە، بەڵكو زنجیرە پلەدارەكانی ناوەرونیشی لاوازتر دەبن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرنگی بۆسەر بونیادی بازرگانیو چاودێری لەبەشە خزمەتگوزارییەكانو پیشەسازی ئابوری جیهانیشدا هەیە.

هاوبەندی ئابوری جیهانی – كە ئەمڕۆ لە كایەدایە – بەم بەڵگانەی خوارەوە لەگەڵ سەرچاوە بەراییەكانی ئاوێتە كردنی ئابوردا جیاوازن:



یەكەم: ڕێژەی بازرگانی بەرانبەر بە بەرهەمی لۆكاڵی ناوخۆی جیهان بەلایەنی كەمەوە وەك بەشێك لەهەڵسەنگاندنەكان لە ئاستێكی بەرزدایە[41]. ئەمڕۆ وڵاتان زیاتر لەهەرخولێكی ئەم سەردەمە سود لە پەیوەندیگرتنی ئابورییانە لەگەڵ وڵاتانی دی دەبینن و بۆ پاراستنی ئاستی گەشەكردنو بەرخۆریی خۆیان پێویستیان بەم پەیوەندییانە هەیە. ژمارەیەكی زۆرتری وڵاتان، لەوانە ویلایەتە یەكگرتوەكان بەشێوەیەكی بەرفراوان پشت بە هاوردنی كاڵای بەكارهێنان وهەناردنی بەرهەمی بەرزو تەكنەلۆژیای هاوردەیی دەبەستن. سەرەڕای ئەوەش، سەركەوتویی كۆمپانیا ناوخۆیی و دامەزراوە داراییو تاكەكان بەجۆرێكی بەرفراوان بە سەركەوتویی چالاكیە دەرەكیەكانەوە هاوبەند دەبن.

دوەم: لەگەڵ فراوانبونی بازرگانیدا كە هەناردنی خزمەتگوزاریەكانیش لەخۆدەگرێت، بازرگانی كەمتر لە جاران لەژێر كۆنترۆڵی بەرهەم و كاڵا دروستكراوەكاندایە، بۆیە بازرگانی خزمەتگوزاری لەزۆر لەوڵاتەكاندا برەوی پەیدا كردوە. بازرگانی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەكاندا كە هەر دابینكەری مادەی خاو بۆ وڵاتە پێشكەوتوەكان بون وئێستاش جۆرەها كاڵای دروستكراو دەخەنە ڕوو، فراوانیەكی زۆری هەیە[42].

سێیەم: دەستڕاگەیشتنی كۆمپانیا چەند ڕەگەزییەكانو تۆڕە بەرهەمهێنەرە ئابورییەكانی دی بۆ دەرەوەی سنورەكان خێرایی وەرگرتوە. كۆمپانیا گەورەكان دەتوانن توڕەكانی بەرهەمهێنانی جیهانی دروست بكەن و هەوڵ بۆ كەمكردنەوەی بڕی تێچونی بەرهەمهێنان و بەشەگرنگەكان بدەن. لەوانەیە بابەتی گرنگتر ئەمە بێت كە لەئایندەدا كۆمپانیا فرە نەتەوەكان، بەجۆرێكی بەرفراوان بۆ كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكان دەگۆڕێن. هەرچەندی كە خاوەنداریێتیو بزاوتی دەستكەوت لەیەك ڕێچكەوە بڕژێتە ناو كۆمپانیاكەوە، ئەو كۆمپانیایە لە ڕەوتی نێودەوڵەتی بون نزیك بۆتەوە. (لەبەرامبەردا حاڵەتی خاوەنداریێتیو دەستەكەوتەكان لەناوچە جیاوازەكانی جیهاندا لەچەند ڕێچكەیەكەوە لەبزاوتندایە).

www.pertwk.com

چوارەم: بازاڕی هاوبەش لەسەرانسەری جیهاندا پەیدا بون‌و زۆر بەیان فاکتەری گرنگی پاشەکەوت‌و سەرمایە گوزارین. گرنگترین ڕەنگدانەوەی درێژخایەنی بازاڕە هاوبەشەکان، تایبەتکردنی سەرچاوە سەرمایەگوزارییەکان بەپێی پێودانگەکانی بازاڕ لەبۆتەقەیاندا حەشاردراوە. لە زۆربەی وڵاتەکاندا بازاڕە هاوبەشەکان دیاردەی گرنگ‌و نوێن، کەکۆمەك بە ڕیفۆرمی ئابوری سیاسیش دەکەن.

پێنجەم: بونیادە نێودەوڵەتی‌و چەند لایەنەکان لەئابوریدا ئەمڕۆ خاوەن شوێنگەیەکن کەلە سیستمی ئابوری جیهانی ڕابردودا وێنەی نەبوە. ئەم بونیادانە ئەرکی چارەسەرکردنی جیاوازی ئابوری و گەلاڵەکاری سیاسەتەکانی دارایی نەتەوەییان لە ئەستۆدایە، هەڵبەتە ئاڕاستەی دیشیان هەیە کە لە گەڵ بەردەوامی زیاتری ئابوری جیهانیدا فراوانتر دەبن.

شەشەم: لەم نێوەندەدا چاوەڕوانیکردنەکانیش گرنگن. لە زۆربەی وڵاتاندا گەلێك کەس ئاگاداری بەرژەوەندی ئابوری جیهانێکی پێکەوە لکاوترن. ئەمانە بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان بۆ لادانی ئەو ئاستەنگانەی کە لە نێوان ئەوان و بەرژەوەندییە سەپێنراوەکانی بەجیهانیکردنی ئابوریدا لەئارادایە بەڵگەیان بەدەستەوەیە (وەکو ئاستەنگەکانی کەلە سەر ڕێگای بزاوتی ئەوسەرمایانەدایە کەهەیە). زیاد لەوەش ئابوری لێکنراو خێرایی بەکردارە نێودەوڵەتیەکان دەبەخشێت. کاتێك کە ئابورییەکان لەگەڵ بازاڕە دراویەکانی جیهاندا پەیوەندی نزیکتر دروستدەکەن دەوڵەتەکان ناتوانن وابەئاسانی سیاسەتی پارێزگاریکردن لە بەرهەمە لۆکالیەکان درێژە پێبدەن، دەبێت لە ڕابردو زیاتر ڕێزی ڕێساکانی بازاڕ بگرن. ئەمە نەك تەنها بۆ بانکدارو پلەداری دامەزراوە داراییەکان بەڵکو بۆ خەڵکی ئاسایش بەسود دەبێت (کە لەسەرمایەگوزارانی نێودەوڵەتی زیاتر بەدەستی دەوڵەتی نەشیاوەوە زیان باربون) .



ئەم گۆڕانکاریانە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوەی سیاسی گرنگیان بەدواوەیە. ئەمەی کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی لەهەژاری ڕزگاریان بێت و تەنانەت زەنگین بن، کەمتر باس لە سیاسەتی گشتگەرایی‌و جەنگ ومشتومڕلە سیاسەتدا دەکەن. چەندی وڵاتێك دەوڵەمەندترو وابەستەی ئابوری جیهانی قوڵتربێت خولیاکانی بۆخۆبەدور گرتن لە شەڕو جەنگ لەگەڵ هاوسێکانیدا زیاتر دەبێت. هەڵبەتە لۆژیکی ئابوری بە تەواوی لەگەڵ بەرژەوەندی سیاسیدا هاوجوت نابێت ، وڵاتان زۆربەیان لە پێناوی ئامانجی سیاسیدا دەست دەدەنە کارێك کەلەڕوی ئابورییەوە نالۆژیکانەیە، بەڵام ئەو خولیانەشی کە باسمان کردن گرنگییان هەیە.

پێدەچێت ئەو ئابورییە جیهانیەی کە بەجۆرێکی بەرفراوان بۆتە پارچەیەك، لەبەردەماندا بێت، بەڵام ڕەوتی پێکەوە لکاندنیش ئەوەندە ئاسان وسانا نییە. زۆربەڵگە لەئارادان تابەرامبەر بەڕەوتی پێکەوە لکاندنی ئابوری جیهانی بەوخێراییە دو دڵ بین. مۆڵەت بدە لە ئەگەرەکانیش بکۆڵینەوە:

دەکرێت پایەداربون لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕەکاندا توند بێت، ئەو دەمە ڕاوەستان لەبەرامبەر گۆڕانکارییە خێراکان زۆر توندتر دەبێت. ئابوری جیهانی بەپێی ئەو ڕادەیەی کۆمەڵگا تێوەی دەگلێت لەگەڵ کەمبونەوەی بەربەستە بازرگانی، سەرمایەگوزاری‌و ڕێکخستنی ئابوری ناوخۆیی، بە ناچاری ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتە بەردەم هێزەکانی بازاڕ. کاتێك لەگەڵ تێپەڕبونی کات بازاڕی سەرچاوەکان چالاکیەکانی کەمسودتر بەچالاکی پڕسودتر باشتر بەڕێوە دەبرێت، کۆمەڵگای لۆکاڵی‌و نمونە بالادێرینەکانی ئابوریش سەراسیمە دەکات‌و پایەی پیشەسازی‌و ڕەوتی کارکردن لەوڵاتدا دوچاری ئالوگۆڕی بونیادی دەکات(42). گۆڕینی نمونە بەرزەکانی بەرهەمی سامان و خەرجی شوێنگەی کۆمەڵایەتی وهەروەها بەڕێوەبەرایەتی سیاسی ومۆڕاڵی بەناچاری ناجێگیر دەکات(44). کەسانێکی کە شوێنگەو دەسەڵاتیان هەیە ئاساییە حەزناکەن کەسانی دی بکەنە هاوبەشی

www.pertwk.com

شوێنگەو توانای خۆیان‌و لەو ڕووەوە بەرگریکردن لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکاندا دەبێتە ناچاری.

چەقبەستن لە ڕوی فراوانبونی ئابوری جیهانی دەتوانێت فۆڕمی جیاوازی هەبێت. جۆرێکی کلاسیکانەی پارێزگاریکردن یان پاراستنی بەرهەمە لۆکالیەکانە. لەکاتێکدا کە بەرژەوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی شتێکی گشتیە، زۆرجار لەناو بەشە پیشەسازییەکانی وڵاتدا، کە توانای ململانێی کەمتریان هەیە، گرفت دروستدەکات. کاتێك پیشەیەك هەست بەفشاری رکابەری نێودەوڵەتی بکات زۆرجار بۆ ڕزگاربون پەنا بۆ فشاری سیاسی دەبات. لەوڵاتە پێشکەوتوەکاندا، هەستکردن بەم واقیعە کەململانێ لەگەڵ وڵاتە تازە گەشەکردوەکان (کە ئاستی دەرامەت تیایاندا نزمە) هەڕەشە لەپیشەسازی خۆماڵی تاڕادەیەك بێمێڵ دەکات و دەبێتە هۆی فشار خستنە سەر دەرامەت‌و هاتنە خوارەوەیان، لەوانەیە لەماوەیەکی درێژدا هەستی پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان بجوڵێنن.

سیاسەتی پاراستنی بەرهەمە لۆکاڵیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ڕوو لەفراوانبونە، ئەم کارەش سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە بازرگانی ئازادو بەجیهانیبون بە بەڵگەی سەرەکی نزمبونەوەی کاری پیشەسازی‌و پڕدەرامەت دادەنرێن. پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان لە پێشنیازەکانی پەیوەست بەزیادکردنی فەهرستی بەهای پۆڵای هێنراو جیاوازی لەگەڵ فراوانی پشکەکانی سەرکۆمار لە گفتوگۆکانی تایبەت بە ڕێکەوتنە بازرگانیەکاندا دەردەکەوێت. ئەوانە هەموو سەردەمانێك ڕودەدەن کە ئاستی کارکردن‌و ڕێژەی گەشەکردن لە ئەمریکا لەئاستی بەرزدابوەو گەشبینی فراوانی ئابوری لە ئارادایە. ئەم بابەتە ڕوبەڕوی پرسیارێکی نیگەرانکارمان دەکاتەوە" پرسیارێکی کە (ڕۆبەرت ڕیچ) وەزیری پێشوی کار بەمجۆرە خستویەتیە ڕوو: بازرگانی ئازاد – کە ئێستا ئابوری ڕوو لە گەشەکردنە– کەتا ئەم ئاستە ڕوبەڕوی نەیاری بۆتەوە، کاتێك



ئابوری گەشەی نێگەتیڤانەی هەبێت – کە بێچەندوچون ئەو ڕۆژەش دێت– چی ڕودەدات[45]؟

توخمەکانی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی دەتوانن لە فۆڕمێکی دولایەنە یان چەند لایەنەدابن. پەیوەندیە ناوچەییەکان لەحاڵەتی فراوانیدا دەبن، بەتایبەتی لەگروپگەلیەکانی وەك (مرکوزو)، یەکێی ئەوروپاو نفتا، کە وەك بونیادێك بۆ پەرەسەندنی ئابوری بەرکارخراون. تائێستا ئەم گروپبەندیانە بەئاڕاستەی کەمکردنەوەی بەربەستی بازرگانی– نەك تەنها لەناو سنورەکانی خۆیاندا بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر جیهاندا، هەڵبەتە جگە لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان– کاریانکردوە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەم گروپانە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا پراکتیکانە بۆ بەڵێندەری ناوچەیی بگۆڕێن، پەرەسەندنی جیهانی دوچاری زیان دەبێت. بلۆکە بازرگانیە لۆکاڵیە نەیارەکان دەتوانن بۆ بەربەستێك لەبەردەم یەکگرتنی بازاڕە نوێیەکان‌و سەرچاوە ئابورییە جیهانیەکان بگۆڕێت.

ئێمە ئێستاش دەتوانین لەناو بلۆکە بازرگانیە ناوچەییەکاندا ڕەونەقی کرانەوە بەڕوی پارێزگاریکردن لەبەرهەمە ناوخۆییەکان ببینین. بۆ نمونە شڵەژانی نێوان یەکێتی ئەوروپاو مانگەکانی پێشوی یەکێی سۆڤیەت لەناوەڕاست و سەنتەری ئەوروپادا بەگشتی پەیوەندی بەم پرسەوە هەیە. کاڵا کشتوکاڵیەکانی یەکێی ئەوروپا خاوەنی بابۆیە بۆیە هەنارده کردنیان بۆ وڵاتانی وەك پۆڵۆنیاو کۆماری چیك بەهۆی ئەو باربۆیەوە ئاسانکاری بۆ کراوە و فشاربۆسەر جوتیارانی ئەو وڵاتانە پیادە دەکات. لەهەمان کاتدا زۆربەی کاڵاکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی بەهۆی بونی ئەو فەهرستی نرخ و پشکانەوە کە ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە بەرهەمەکانی ئەروپای خۆرهەڵاتی شوێنگەیەکی باشی لەململانێی ناو بازاڕەکانی یەکێتی ئەوروپادا هەبێت، لەچونە ناو بازاڕەکانی یەکێتی ئەوروپادا ناکام دەبن. بەمپێیە ئاشکرایە کەلەم ڕەوتەدا بەهۆی ئەو شتەوەی کە دەتوانرێت بە (بەڵێندەری ناوچەیی) ناوی ببەین بەگشتی بازرگانی سونەردار دەبێت.

www.pertwk.com

فەرهەنگیش دەتوانێت ببێتە یەكێك لەسەرچاوەكانی بەربەست لەبەرامبەر یەكێتی ئابوریدا. بەهێزی و لاوازی بەرگریكردن لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕەكاندا بەستراوە بەوەوە كە ئەو ئاڵوگۆڕە هەڵگری فەرهەنگێكی تاچ ڕادەیەك بێگانەومەترسیداری شاراوەیە. ئامرازەكانی تەكنەلۆژیا نوێیەكان بەگشتی خۆرئاوایین و زۆربەی خەڵكی كۆمەڵگای زانیاری لەكاتی سەرهەڵداندا بە فەرهەنگی ئەمریكایی دەچوێنن. لەهەندێ كۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەلایەن وەچە لاوەكانەوە ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەكی بەرفراوان پەسەندكراوە، بەڵام لەلای هەندێكی دی فەرهەنگی گشتگیری جیهانی ویستراونییە، وەچەكانی بەجۆرێك دوچاری دوالیزمە كردوە كە زەمینەی بۆ نیگەرانی و ڕەنجانی دەستەبژێرانی وڵات فەراهەم كردوە. ئەم نائەقڵانیەتە نەك تەنها لەناو هێزی دواكەوتوخوازی ئاشكرای وەك (تالیبان) دا هەستی پێدەكرێت، بەڵكو لە ئەوروپاو ئەو وڵاتانەشی كە ئەمریكیەكان ئەوان بە دۆست و هاوپەیمانانی خۆیان دەزانن بەجۆرێكی بەرفراوان دەبینرێت.

واقیع ئەمەیە، بمانەوێتو نەمانەوێت ئێمە لەحاڵەتی چونەناو سەردەمی جەنگ وبەرەنگاری فەرهەنگیداین. ئەوەی فەرهەنگەكان چۆنو تاچەند تەكنۆلۆژیا نوێیەكان ڕادەكێشنو سود لەنمونە باڵاكانی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئابوری جیهانیدا دەردەكەون وەردەگرن، سیمای ئەم بەرەنگارییانە دیاری دەكەن. ئەزمونو ئەقڵی تەندروست فێرمان دەكات ئەو ڕوداوانەی لەژێرخانی ئابورییەكی كراوەدا سەركەوتوە – بۆنمونەئامێرە كۆمەڵایەتیەكان – لە بەدەستهێنانی سەرمایەو پەیوەست بەپێكهاتەی سەرمایەوە دژوارەترە. سی وپێنج ساڵ بەرلەئێستاش ئەم هیوایە هەبوو كە (گوێزانەوەی تەكنۆلۆژیا) دەبێتە هۆی پەرەسەندنی خۆیەتی لە جیهانی سێیەمدا. بەڵام ئەمڕۆ ئاشكرابوە كەبۆ ڕیشە داكوتانی تازەگەری كۆمەڵایەتی و سەركەوتنی شتێكی زیاتر لەئاڕاستەی هونەرێكی پێویستە(46). فەرهەنگ زۆر گرنگە. هاوكات لەگەڵ برەودان و گەشەو فراوانبونی تەكنۆلۆژیا،



لەهەندێ شوێنی جیهاندا كە لە پرۆسەی یەكبونی ئابوری جیهاندا بەرەو لای یەكتری كێش دەكرێن، لەژێر كاریگەری فەرهەنگدا بەرەو دوركەوتنەوە لەیەكتر ودابڕان ڕێنمایی دەكرێن.

ئەو گروپە خەڵكەی كەلەئابورریەكی جیهانی پێكەوە گرێدراوترا سودمەندنابن، دورە بەهۆی نەبونی سەرمایەی كۆمەڵایەتیەوە خۆیان سەرزەنشت بكەن. ئەوانە بە ئەگەرێكی زۆرەوە هەست دەكەن دەسیسەیەك لە ئارادایەو بەختەوەر نابن. ئەم ڕەوتە لەلای خۆیەوە پرسیارێكی دی دێنێتە كایەوە : ئایا دەشێت نیوەی جیهان كە لەسەدەی سڕبونی سنورەكاندا بەهۆی تەكنەلۆژیای خۆرئاواییەوە بون بەیەك پارچە، لەپاڵ نیوەكەی دیدا كە لێی بێزارە جێیان بێتەوە؟ ئەگەر بەتەواوی بابەتی (بون)و(نەبوەكان) لەنێواندا نەبێت و(ڕەزامەندەكان) و (نەیاران)یش بونیان هەبێت، ئایا (نەیارەكان) ناتوانن كامی گروپەكەی دی تاڵ بكەن؟.

شڵەژانی باری ئاسایشی ناوچەیەك یان ولاتێك، ئەگەر ناوچەكە گرنگ بێت یان تاڕادەیەكی باش فراوان بێت، دەتوانێت ڕەوەندی ئابوری ئەو سامانە و ڕەوتی ئابوری هەموو جیهان بخاتەژێر كاریگەرییەوە. تاڕادەیەك ڕاستە كە جەنگ ڕێگری بازرگانیە" ژێرخانو سەرمایە مرۆڤایەتیەكان لەناودەبات و سەرمایە گوزارییەكان لەناوچە نوێكانەوە بۆ ناوچە وێران بوەكان كێش دەكات، دەرچونی سەرمایە لەناوچەیەكی فراوانتری كاركردن و ئاسایش دوچاری زیان دەبێت و زەمینە بۆ نائارامی زیاتر و توندوتیژی ئامادە دەكات. ئەو ناوچانەی جیهان كە بەهەر هۆیەكەوە بێت دوچاری توندوتیژی دەبن لەسەدەی بیستو یەكەمدا دواكەوتوتر دەبن. دەرئەنجام درزی نێوان هەژارو دەوڵەمەند، نەك تەنها لەنێوان ناوچەو وڵاتەكان، بەڵكو لەنێوان خەڵكی یەكو وڵاتیشدا قوڵتر دەبێتو كێشمەكێشی زلهێزەكان هەڕەشەی لەهەموو سیستمی ئابوری جیهانی دەكات.

www.pertwk.com

وەستاندنی بزاوتی وزە لەبازاڕە جیهانیەکاندا دەتوانێت کاریگەری قورسی لەسەر پەرەسەندنی ئابوریو یەکپارچە بونی جیهان هەبێت. وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان کەهەوڵ دەدەن پەیوەست بن بەئابوری نوێی جیهانیەوە پێویستی زۆریان بە وزەیە. لەوانەیە لەساڵانی (1996 تا 2020) بە کارهێنانی وزەی ئاسیا دووسەدو پەنجالە سەدا زیاد بکات[47]. لە دەیەی ڕابردودا بونی نەوتی هەرزانو زۆر لە کەنداوی فارسدا ڕۆڵی گەورەی لە نزم هێشتنەوەی نرخەکاندا هەبوە. ئەگەر ئەم سەرچاوەیە بەجۆرێك لە جۆرەکان بخرێتە بەر هەڕەشەلێکردن یان سنورداربکرێت گەشەکردنی وڵاتانی تازەپێگەیشتو ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەبنەوە. لەوانەیە زۆر لە ڕژێمی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان لەبەرامبەر شۆکی دەرئەنجامی ناسەقامگیری بازاڕی نەوتدا بەپایەداری نەمێننەوە.

لێکترازانی دیش دەتوانیت یەکپارچەیی ئابوری بخاتە ژێرکاریگەرییەوە. یەکەم، ئەنجامی لادانی تەکنۆلۆژیای بایلۆجی (Bio- Technolog) دەتوانێت نەخۆشی سەرتاپاگیرو چاوەڕوان نەکراو بهێنێتە ئاراوە. لایەنێکی دی ئەوەیە دەکرێت بڵاوبونەوەی فراوانی ئایدز لەوڵاتانی وەك هندستانو چین بێت. ئەگەر جیهان دوچاری نەخۆشیەکی سەرتاپاگیری لەسەر ئاستی جیهان ببێتەوە هەموو پێشبینیەکانی سەبارەت بە ڕێژەی گەشەکردنی ئابوری نادروسیت دەبێتو وەك بڵقی سەرئاوی لێدێت، سەرمایەی مرۆڤایەتیو دابەشبونی دانیشتوانو پەیوەندییە ئابورییەکانی گۆی زەوی لەوانەیە بەجۆرێکی بنەڕەتی بگۆڕێت.

بەمپێیە، ئاشکرایە یەکپارچەیی ئابوری جیهانی شتێکی حەتمی نییە. هەروەها ناتوانین دڵنیابین کە لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا قەیرانێکی گەورەی میتۆدکراو نایەتە ئاراوە. سورێکی دی سەرەکی ( تەقینەوەیەکی بەهێز) لە جیهانێکی کەبەرەو پێشەوە دەچێت (وەك ئەوەی لە1977و1988 بینیمان) دەتوانێت پشتیوانیکردنی سیاسیانەی ئەو ڕەوشانەی لەسەربازاڕی ئازادا



ڕاگیراوە (کە ئابوری جیهانی لە حاڵەتی سەرهەڵدانیدا لەسەری وەستاوە) لاواز بکات. بەڵام لەنێو هەموو ئەو مەترسیانەی کە لە بەرامبەر جێگیری ئابوری نوێدا هەیە، ئەوەی کە بەلایەنی کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا لەهەمووی هەستیارترو کاریگەرترە، پەیوەندی بە تەندروستی ئابوری ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە دەبێت.

لەپێنچ تا دەساڵی ئایندەدا دەستپێشخەری بەهێزی ئابوری ئەمریکا بۆ خۆلادان لە قەیرانێکی دورودرێژ گرنگی زۆری دەبێت. لەخولی پاش قەیرانی دارایی (1997 – 1998) ئەمریکا تاکە ئابوری گرنگە کەخاوەنی گەشەکردنی ئابوری ئاڕاستەکراوە. خامۆشی تیژی ئابوری ئەمریکا، ئەگەر پێش بەرزبونەوەی خواستی کاڵاو خزمەتگوزاری لە ئەوروپاو ئاسیادا ڕوبدات، دەتوانێت ببێتە هۆی خامۆشی جیهان[48]. ئەم کارە هەموو ئەو پێشبینیە هیوابەخشانەی کە گوزارشت لە گەشەی جیهانو ئەمریکا دەکەن دەکاتە بڵقی سەرئاو.

خامۆشیەکی ئابوری جدی تاج ڕادەیەك مایەی پێشبینی کردنە؟ ژمارەی ئەو ئابوریناسانەی کە بەشێوەیەکی دروست لەوباوەڕەدان کە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا دەتوانێت ڕێژەی باڵای گەشەی ئابوری لەتەك هەڵئاوساندا نزم یان نزیك بەسفر ڕاگرێت، زۆر نین. خامۆشی لەئارادا دەبێت، بەڵام لەونێوەندەدا پرسیاری گرنگ ئەمەیە، کە توندی ئەم خامۆشییە چەند دەبێت؟ پرسیاری دوای ئەوەش ئەمەیە کە چ فاکتەرێك دەیهێنێتەدی؟.

گروپێك لەکارزانان دەڵێن زیان هێنانی پراکتیکانەی ئابوری ئەمریکا لەڕێژەدانانی بەرزی بازاڕی هاوبەشی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەڕادەی خەزێنەی سەرفکردنەوەیە. هەندێکی دی نەیاری ئەم بۆچونەن و لەوباوەڕەدان بەرهەمە واقیعیەکان لەمەیدانی بەکارهێناندا کەدەرئەنجامی کودەتای زانیارییە بەجۆرێك پێشگیری شەپۆلی گەشەکردنی واقیعیانە دەکات کەڕێژەی بازاڕی هاوبەشی کەمتر لەڕێژەی واقیعی خۆی دەبێت. بەبڕوای هەندێکی دی زەرەرمەندبون

www.pertwk.com

لەلایەکەوە بەهۆی کەمهێنانی ترانزێتی ئابورییە ولەلایەکی دییەوە لە قەوارەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بۆ ڕاکێشاننی سەرمایە گوزاری دەرەکی بەجۆرێك کە بۆ بیمەی دارایی قەرزی نەتەوەیی کافی بێت. بۆ نمونە ئەگەر ڕیفۆرمی ئابوری ڕاستەقینە لە ژاپۆن ببێتە هۆی خەرجی زیاتری ژاپۆنیەکان، بڕی ئەو سەرمایەیەی کە ئەمریکا دەتوانێت قەرزی بکات نزم دەبێتەوە. یان دوابەدوای فراوانبونی زیاتری بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا لەوانەیە ئەمریکا ناچاربێت بۆ کێشکردنی سەرمایە ڕێژەی سود بەرزبکاتەوە[49]. ئەم کارەش لەوانەیە بۆ ڕێژەی گەشەکردنی جیهان خامۆشی هەڵگرتبێت.

بەڵام (نزمبونەوەی توند) حەتمی نییە، کورتهێنانی ئەژماری ئێستای ئەمریکا تەنها لەسنوری لەسەدا دوی بەرهەمی خۆماڵیی‌یەو ئەم ژمارەیە زیاد نییە و لە درێژایی دەیەی (1980) کەمترە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە خولی ئێستادا کەمهێنانی زۆرو لەهەمان کاتدا خولی سەرمایەگوزاری فراوانیش هەیە. بەڵام ئەگەر (نزمبونەوەیەکی توند) بێتە پێشەوە (کە لەو حاڵەتەدا، دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمریکی فشاردەخاتە سەر دەستکەوتەکانی ئەو وڵاتەو ڕێژەی سود بەرزدەبنەوە) کاریگەری ئەوە لەسەر هەموو جیهان شتێکی بەرچاو دەبێت.

لێرەدا بابەتێکی دیش لەئارادایەو ئەویش ئەمەیە کە ئابوری جیهان بەگشتی پەیوەندی بە بازاڕی تایبەتی سەرمایەوە هەیەبۆ درێژەدان بە ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە سوڕاندنەوەی پاشەکەوتەکان (لەوڵاتە پڕسەرمایەکانەوە بۆ وڵاتە کەم سەرمایەکان). ڕاستیەکەی ئەمەیە کە زیاتری دراوکاری بازاڕی سەرمایەکان دراوی ئەمریکیە کە لەلایەن دامەزراوە ئەمریکیەکانەوە بەڕێوە دەبرێت – کە هەڵبەتە ئەم ڕەوتە دەتوانێت بەخێرایی بگۆڕێت . لەبەرهەمان هۆ، هەر ڕوداوێکی کە دێتە بەردەمی ئابوری ئەمەریکا کاریگەری لەسەر پەیوەندی و دۆخی بازاڕە تایبەتیەکانی سەرمایە دادەنێت. هەلومەرجی ئابوری وڵاتە گرنگەکانی جیهانی بە



تایبەتی ئەمریکا هێشتا لەدیاریکردنی ئەندازەو ماهیەتی بزاوتەکانی سەرمایەی تایبەتدا زۆرترین گرنگیان هەیە[50].

لە بازاڕی سەرمایەکاندا، ئەگەری زیادهەڵاتنی سەرمایەش لە ئارادایە بەڵام کەس زانیاری دەربارەی ڕادەی نییە، ئەگەر بزاوتنی سەرمایەبەرەو وڵاتانێکی لەحاڵەتی گەشەکردندان سەرنجڕاکێش بێت ئەگەری گەشەکردنی زۆربەی وڵاتان‌و تەنانەت هەموو جیهانیش بەشێوەیەکی گشتی ئاستی نزم دەبێتەوە[51]. بەبێ گەشەی ئابوری بەردەوام پێشبینی سەقامگیری سیاسی لە زۆربەی وڵاتەکاندا لێڵونادیار دەبیت. لەگەڵ ئەوەی پەرەسەندنی ئابوری ڕەوایانە هەموو گرفتەکە نییە، بەڵام لە زۆر ڕوەوە وەك هێمنکەرەوەیەك کاریگەری بوە، دیارە کەئەمە ئاڕاستەیەکی دولایەنەیە" واتە چەند سەقامگیری سیاسی کۆمەڵایەتی کەمتر بێت پێشبینی ئابوری لاوازترەو، چەندەش ڕەوتی ئابوری لاوازتر بێت نائارامی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی زیاترە.

لەم نێوانەدا ئەو پرسیارانەی خۆیان دەسەپێنن: ئەگەری ڕودانی کامیان زیاترە" بەردەوامی یەکبونی ئابوری جیهانی، کەمبونەوە یان وەستانی ڕەوتی دواین ئاڵوگۆڕ یان  تەنانەت گەڕانەوەیە بۆ ڕابردو؟.

بەئاستەنگ دانان لەبەردەم لێکدابڕانی خێرای سیستمی سیاسی یان ئابوری جیهان ئەو ڕەوتە بنچینەییانەی کە هەن لەبواری پەیوەندی‌و ڕێگاوبان‌و بازرگانی‌و کاروباری دارایی جیهاندا (کەپێشتر باسمان کرد) لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاوەژو نابنەوە. پلەبەپلە یەکێتیە ستراتیژییەکان لەبەشی خۆیان لەبەرهەم و سودبردندا زیاد دەکەن، پەڕاوێزی سنوربالایی و تۆڕە جیهانیەکان قوڵترو زۆرتر دەبن[52]. بەنێودەوڵەتی بونی تۆڕەکانی بەرهەمهێنانیش درێژەی دەبێت، بەڵام خێرایی پێکەوە بەستنەوەی بەشەکانی دی جیهان بە ئاڕاستەکانی یەکبون و

www.pertwk.com

ئامادەیی وڵاتەکان لە ئاڵوگۆڕە ئەنجامدراوەکاندا ئەگەرچی یەك ڕیتم نابێت، بەئەگەرێکی زۆرەوە زۆر لاوازتر دەبێت لەوەی کە پێشبینی دەکرا.

ئەم کارە چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر سیستمی ئابوری سەدەی ئاینده دەبێت؟ دەستکەوتی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان هاوکات لەگەڵ گەشەی ئابوریدا بەشێکی دارایی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان دابین دەکات" مەگەر ئەوەی وڵاتە گەورەکان زیاد لە سنور گرنگی بە ڕاکێشانی سەرمایە بدەن. هەروەها دادوەری بازاڕو دامەزراوە بنەڕەتیەکانی وەك خزمەتگوزاریو خشتەبەندی قەرزەکان لە دیاریکردنی بڕو بەردەوامی بزاوتی سەرمایە بۆ هەموو وڵاتان (نەك تەنها وڵاتە گەورەکانی لەحاڵەتی گەشەکردندان وەك ڕوسیاو مەکسیكو بەرازیل) ڕۆڵی هەستیاری دەبێت. تواناي ولاتانێکی لە حاڵەتی گەشەکردندان بۆ دەسڕاگەیشتن بەم سەرمایانە کاریگەری زۆری لەسەرچارەنوسیان دەبێت (نەك تەنها چارەنوسی وڵاتە پێشکەوتوەکان، چونکە چارەنوسی هەموو وڵاتەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان پێکەوە دەبەسترێنەوە.).

یەکبونی زیاتری ئابوری جیهانی بەواتای گەشەکردنی ئابوریش دێت. ئەم وتەیە درەنگ وەختانە دەردەکەوێت، بەڵام لەدیدی مێژوییەوە سەیری بکەین بەو جۆرە نییە. لە چەندین وڵاتی نائەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری (بەرازیل، چین، هندستان) گەشەی ئابوری ساڵانەی دەتوانێت بەشێوەیەکی مام ناوەندیانە لەنێوان پێنج تا حەوت لەسەدا بێت، نێوەندی گەشەی ئابوری ساڵانەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری دو تاسێ لەسەدایە. بەمپێیە، بەشی وڵاتە نائەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ڕوی بەرهەمهێنانی خۆماڵییەوە لەوانەیە لە چلوچوار لەسەدای تەواو بۆ پەنجاو شەش تا شەست و حەوت لەسەدا زیادبکات" پەیوەستە بەوەی کە ڕێژەکانی گەشەکردن بەرەو بەرزترین یان نزمترین ڕادەی پێشبینییەکان داشکێننەوە. بە ڕەچاوکردنی ژمارەی زۆری دانیشتوانی چین ڕێژەکانی گەشەکردن – لەڕادەی مامناوەندییەوە بۆ بەرزترینی ئەو وڵاتە – و ڕەوشی تایبەتی ئەندازەگیری ئابوری، هەندێك سەرسوڕهێنەرانە پێشبینیان



کردوە کە ئابوری چین تاساڵی (2025) پێش ویلایەتەیەکگرتوەکان دەداتەوەو بەتەنها دەبێتە گەورەترین ئابوری جیهان[53].

ئەم خواستە گشتیانە بەجۆرێکی نائاسایی گرنگن چونکە بەلایەنی کەمەوە لەسەدەی ڕابردودا باڵادەستی ئابوری لە جیهاندا تایبەت بوە بەئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکای باکورو ژاپۆن، بەڵام لەساڵی (2025)دا سیستمی ئابوری جیهان دەبێتە چەند جەمسەری. لەگەڵ گەشەی زۆرو گەشەکردنی کەمدا چینو هندستان و بەرازیل دەتوانن بۆ سەنتەری گرنگی ئابوری بگۆڕێن و ببنە بازاڕی سەرنجڕاکێش بۆ وڵاتانی ئەندام و نائەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری[54]. ئەم کارە پیشاندانی ئارایشێکی نوێیە لە نمونەکانی هێزو باڵادەستی ئابوری جیهاندا. هەڵبەتە ئەگەری زیادبونی شڵەژانیش لە ئارادایە، چونکە ئەم وڵاتانە هەوڵ دەدەن نفوزی لەنوێ بەدەستهاتویان لەناوچە جۆربەجۆرەکاندا پیادە بکەن. هەوڵ دەدەن دزە بکەنە ناو ڕەوتی یاسادانانی ڕژێمە ئابورییە جیهانیەکانەوە لەکاتێکدا کە ئەم ڕەوتە تا ئێستاپشکی ویلایەتە یەکگرتوەکانو هاوپەیمانەکانی بوە.

فۆرمگیری ئابوری چەند بلۆکی جیهانی



www.pertwk.com

هاوكات لەگەڵ ئەم خواستە ئەگەريانە لە ئابورى ئاييندەدا، بەشى دى لە سەر ئاستى نەتەوەيى نێونەتەوەيى دەربارەى تێكەڵكردن‌و ڕێكخستنى ئابورى جيهانى كە بە جۆرێكى بەرفراوان ئاڵۆزتر دەبێت، لەئارادا دەبێت. دواكەوتنى بازاڕەكانى ئەمڕۆى سەرمايە كەلەقەيرانى ئەم دواييەى ئاسياو بەرازيلدا بە باشترين شێوە خۆى نواند، بۆتە هۆى ئەوەى كە لە سەرانسەرى جيهاندا (دامەزراوەى نوێى دارايى) لايەندار پەيدا بكات. ئەم دامەزراوە دەبێت خواستى سياستمەداران بۆ ئارامى دۆخى بازاڕو سەقامگيرى دابين بكات" لەهەمان كاتدا گەيشتنە ڕێسايەكى پەسەندكراو دژوارە [55]. بەپێى ئەمە لەوانەيە ئێمە گەواهى درێژەى لێكۆڵينەوە سەبارەت بەچۆنيەتى بزاوتى سەرمايەى نێودەوڵەتى‌و لەهەمانكاتدا هێوربونەوەى ڕێژەى هەڵاتنى ئەو سەرمايانە بين.

قوتابخانەيەكى هزرى، دامەزراوەكانى ئابورى نێودەوڵەتى نوێى بە دامەزراوەى نەتەوەيى وێكچواندوە. بەپێى سەلماندنەكانى ئەم قوتابخانەيە، پێش ئەوەى سياسەتەكانى هەماهەنگى وڵاتان فراوان بن دەتوانرێت گەواهى هاتنەكايەى نوێكارى زۆر لە ڕەوڕەوەى بازرگانى جيهانيدا بێت. جگە لەوانەش سندوقى دراوى نيودەوڵەتى كاتێك سەريهەڵدا كە زياتر پسپۆڕان نيگەرانى چۆنيەتى چاودێريكردنى ڕەوڕەوەى بازرگانى بون– نەك بزاوتى سەرمايەو شۆكەكانى ڕێژەى بەها–[56].لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێكيتر لەگەڵ بيرۆكەى ڕێكخستنى بزاوتە نێودەوڵەتيەكانى سەرمايە لەسەرەوە نەيارن(57) . بازاڕێك چەندى لە كۆت‌و پێوەند ئازادتر بێت سەركەوتن‌و بەرهەمى باشترى دەبێت. زۆرهەن دەگەنە ئەو دەرئەنجامەى كە گێڕانەوەى واقيعى لادراو بۆسەر ڕێچكەى ڕاستى خۆى لە بڕيارە وە نايەت، بەڵكو دەبێت گەمەكاران ناچاربن باشترين ڕەفتارەكان فێربن، ئەگەر كەڕەتێك بەهەڵەدا چون ئاگاداربكرێتەوە. ئەم بەڵگەيە ديارە بەخێرايى پراكتيك ناكرێت. بەپێيئەمە، قەيرانە داراييە نێودەوڵەتيەكان



لەئايندەدا دەكرێت خۆيان لێلادرێت" هەرچەندە ڕادەو ماوەى ئەوانە لاى كەس ديارىكراو نييە. دەربارەى شوێنگەى سەرهەڵدانى ئەم قەيرانە دەبێت بەئەگەرێكى زۆرەوە بوترێت، كەدەوڵەتە تازە پێگەيشتوەكان دەبنە نێوندى قەيرانەكان، چونكە سيستمەبانكيەكان‌و دەزگا ڕێكخەرەكانى ناوخۆيى حاكم بەسەر بزاوتى سەرمايەدا، لەم وڵاتانەدا شكێنەرن و بەئاوڕدانەوە لەوەى كە پێشهاتەكانى دەرئەنجامى دابڕانى بزاوتى سەرمايە دەتوانێت توند بێت، هەروەها ئەگەرو نەگەرى سنورداركردنى گواستنەوەو گوێزانەوەى سەرمايەش لە ئارادا دەبێت. لە ساڵى (1998) دا بەكردارى چاودێريكردنى چەندلايەنە بەسەر سەرمايەوە، ئەم بيرۆكەيە لە ماليزيادا بوە واقيعى. بەمپێيە بەهۆى گرنگى ڕاكێشانى سەرمايەوە بۆ گەشەكردنى ئابورى، دورە هەوڵدان بۆسنورداركردنى ئازادى بازاڕە دراوييەكان جگەلەبزاوتى ماوەكورتى سەرمايە، بزاوتێكى‌دى بگرێتەبەر.

**ئاوابونى بازاڕەكانى سەرمايە ڕەنگدانەوەى گرنگى لەسەر ئاسايش هەيە:**

يەكەم: فراوانبونى بزاوتى سەرمايەو ماهيەتەكانى دەتوانێت لە جێگۆڕكێى سەرمايەدا شەپۆلى جيهانيى گەورە بێنێتە ئاراوە (لەڕوى بالاْكردن ولەڕوانگەى قەبارەوە)[58]. بەجۆرێك كە چاوە ڕوان دەكرێت جوڵەى بازرگانى ناوچەيى كە لە ڕابردودا هەماهەنگ نەبوە لە ئايندەدا بۆ ئەو جۆرە بگۆڕێت. ئەگەر ئەم شتە بێتەدى شەپۆلەكانى باسكران لەوانەيە هێندە بەهێزبن كە هەموو وڵاتەكان بگرێتەوەو هەموو ناوچەكان دوچارى نائارامى بكات.

دوەم: (كە گرنگترينە) ماهيەتى بڕيارەكانى ئايندەى حاكم بەسەر بزاوتى سەرمايەو چۆنيەتى كاملْبونيان، دياريكارى چۆنيەتى پەچەكردارى وڵاتەكان‌و ڕەوتى سودوەرگرتنيان لە تەكنەلۆژياوسامانە. بەواتايەكى دى، ئەم بزاوتە دەتوانێت ئەنجامەكەى دروستكردنى بونيادێكى نوێى ئابورى نێودەوڵەتى تاڕادەيەك يەكسان بێت لەگەڵ ژينگەى ئەمنى جێگيرو سەقامگير.

www.pertwk.com

ئاڕاستەیەکی جودا لەکاریگەرییە نێگەتیفەکانی بزاوتی شاراوەو گەورەی سەرمایە بەگروپێك لەبەهاوە پەیوەست دەبێت. بەشێك لەشارەزایان لەو باوەڕەدان کە تا ساڵی (2025) جیهان دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەستبەسەراگراتنی دوبەهاوە، واتە دۆلارو یۆرۆ، ئەوانە دەتوانن بۆ ئابورییە بچوکترەکان ئەم توانستە دەسەبەربکەن کە لەکاتی کەنارەگیری مەترسییەکانی جێگۆڕکێی فراوانی سەرمایە لەجیهاندا لەتازیارەکانی سودمەندبن[59]. لەکاتی ڕوداوی قەیرانی (پیزۆ – دراوی مەکسیکی) لە ساڵی (1959) و قەیرانە داراییەکانی ساڵانی (1997 و 1998)، ڕێژە جێگیرەکانی ئاڵوگۆڕی بەها بەشێوەیەکی فراوان هاوشانی ئاڵوگۆڕە زیانبەخشەکانی ڕێژەی ئاڵوگۆڕ بو. وڵاتەگەورەکانیش لەو جۆرە قەیرانانە بەدور نابن، بەڵام گچکە بونەوەی بازاڕە داراییەکانی وڵاتانێکی لە حاڵەتی گەشەکردندان (کە بەگشتی لە بانکێکی لۆکاڵی ویلایەتە یەکگرتوەکان گەورەترنین) خۆدورە پەرێز گرتن لەو زیانانە لەجیهانێکدا کە بزاوتی سەرمایە تیایدا بەردەوام لە حاڵەتی زۆر بوندا بۆ ئەوانە زۆر دژوار بێت. لەوانەیە هەندێ لەوڵاتانەی لەحاڵەتی گەشە کردندان بگەنە ڕادەیەك لەگەڵ دامەزراندنی کۆمیتەکانی بەها (کە ڕێژەی بەهای دیاریکراو یان بنەمایەك لەبەهاکان جێگیر دەکەن) بگەنە ڕێژەیەکی جێگیری بەها" بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم ئەگەرەش لەئارادایە کە بەهاوکاری وڵاتانی دی دراوی نوێ (وەك یۆرۆ) دروستبکەن و یان بەهای وڵاتانی دی بکەنە یەکەی دراوی خۆیان. (وەك ئەوەی کە پاناما بە دۆلاری ئەمریکی کردی)[60].

پیادەکردنێکی بەرفراوانی هەریەك لەم ئەگەرانە بەگەڕانەوە بۆ سیستەمی ڕێژەیی تاڕادەیەك گرنگی بەجێگیری مامەڵە دەبەخشێت[61]. بەڵام تەنگژەش لە ئارادایە، بۆنمونە گەر ئەرجەنتین بەڕەسمی دۆلاری ئەمریکی بکاتە یەکەی دراوی خۆی (شتێکی کەلەو مانگانەی دواییدا مایەی مشتومڕ بوە) بانکی سنتراڵی ئەمریکی دەبێتە حاکمی پێچەندوچونی سیاسەتی دراوی ئەرجەنتین، دەرئەنجام خاوەنداریێتی نەتەوەیی ئەرجەنتین لاواز دەبێت[62]. لەهەلومەرجی ئێستادا بانکی



سەنتراڵی ئەمریکی بەم بڕیارەی ئەرجەنتین خۆشحاڵ نابێت و سەردەمی دو دڵییەك دێتە ئاراوە کە ئەرجەنتین خۆی بەلاواز بونی فەرمانداری نەتەوەیەکەی سەغڵەت ببێت.

لێکۆڵینەوە دەربارەی بلۆکی دراوی تازە سەری هەڵداوەو لەوانەیە چەندین ساڵ درێژە بکێشێت، چونکە لە بنەڕەتدا سیاسەتی دراوی نێودەوڵەتی پەیوەستە بەم سێ فاکتەرەی خوارەوە:

1– جێگۆڕکێی سەرمایە.

2– بونی سیاسەتێکی دراوی سەربەخۆ.

3– مەیلی ڕێژەی ئاڵوگۆڕە جێگیرەکان یان بەلایەنی کەمەوە ئارام.

پێناچێت ئەم فاکتەرانە ڕێگا چارەیەکی هەیشەیی پەسەندبن، لەگەڵ ئەوەی هێشتا زوە دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە پێشبینی بکرێن ، بەڵام شتێك کە ئاشکرایە ئەمەیە لە چارەکە سەدەی داهاتودا ئەم بابەتە جێگای ڕاوێژو ئەزمونکردن دەبێت.

گۆڕانکاری لەئابوری جیهاندا چ کاریگەرییەکی بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە دەبێت؟ بە پێی ئەوەی کە پێشتر باسکرا، کاریگەری ئەم ئاڵوگۆڕانە دەتوانرێت بەئاوڕدانەوە لە چوار دیاردەی سەرەکی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەوە" ئەم چوار دیاردەیەش بریتین لە:

1– جیاوازی زیاتر.

2– هاوبەندی بەرامبەریی فراوانتر.

3– سودمەندبون لەبازاڕە بازرگانیەکان‌و هەروەها بازاڕی سەرمایەی کەرتی تایبەت بە مەبەستی باوك سالاریی.

4–خستنە ژێرگومانی ناسنامەی نەتەوەیی‌و سەرئەنجام قەوارەی دەوڵەتەکان بۆحوکمڕانیکردنی نەتەوەکان .

www.pertwk.com

بەكارهێنانی تیۆرەكان و زانست و سەرچاوە جیهانیەكان ئەم توانستە فەراهەم دەكات كە كرانەوەی ئابوری جیهانی بەڕدەیەكی سەرسوڕهێنەر فراوان ببێت" بەڵام لەهەمانكاتدا ئاستی دارایی و دەرامەتیش بەرزبكاتەوە. ئەم جیاوازییانە لەنێوان دەوڵەتەكانیشدا لە ئارادایەو ڕەنگدانەوەی گرنگی لەسەر ڕادەی توانستیان دەبێت(63).

ئابوری بنیاتنراو لەسەر زانستیش هاوبەندی ناوخۆیی دروستدەكات. واتە خاوەن بڕوانامەكان وپلەو پایەداران دەوڵەمەنتر دەبن لە كاتێكدا هەژاران وەك خۆیان دەست بەتاڵ دەمێننەوەو تەنانەت نەبونتر دەبن. چینە ناوەندەكان بەهەمان شێوەی كەهەن دوچاری درز تێبون دەبن(64). ئەم مەبەستە دیاردەیەكی ناو ئەو وڵاتانەیە كە لەڕوی ئابوری وەستاو لەسەر زانستەوە پێشەنگن. نزیكەی بیست ساڵە كە تاڕادەیەك لەسەداشەستی خەڵكی ویلایەتە یەكگرتوەكان بەواقیعی ئافەتی موچەیان ئەزمون كردوە(65). ئەم بابەتە لەگەڵ بەرەنگارییەكانی ئەم دواییەی مێژوی ئابوریشدا هاوكاتە" واتە جیاوازی دەرامەتی وڵاتانی پێشكەوتو لەگەڵ یەكدی بەرامبەر ئەو وڵاتانەی لە حاڵەتی پەڕینەوەدان یان لە حاڵەتی بەرەوپێشەوە چونن(66).

جیاوازی دەرامەتی باج






لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیەوە هەژارانیش زیاد لە هەركاتێكی دی پەیوەست دەبن پێكەوە. هێشتا چەندین شوێن لەسەر ئەم زەمینە لە ئامڕازی كودەتای زانیاری تاڕادەیەك بێبەشن. ناوچەیەكی فراوان و پڕ دانیشتوان، كەلەهەزاروشەش سەد میلی دوری (كابول) دان نمونەیەكی باشی ئەم بێبەش بونەیە. ئاشكرایە كە ئەم ڕەوتە لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا دەگۆڕێت. كاتێك كە جیهان بە تەواوی بەهۆی (بێسیمەوە) پێكەوە گرێدەدرێت هێزی كاری لێوەشاوە جوڵەی زیاتری دەبێت و، خەڵكی دەتوانن لەسەر خاكەكەی خۆیان بەهۆی دەزگای ئینتەرنێتەوە كاری ویستراو هەڵبژێرێن. جیاوازییە ئابورییەكان بۆ هەندێكی زۆرتری خەڵكی بەرجەستەتر دەبێت، ئەمەش سەرچاوەیەكی نوێیە بۆ ناكامی و شڵەژانی كۆمەڵایەتی.

هاوبەندی بەرامبەریش ئابورییەكی تاڕادەیەك كراوەی وەك ویلایەتە یەكگرتوەكان دەبێت. بەرخۆرەكان، سەرمایە گوزاران وكۆمپانیا ئەمریكیەكان كە بە دەرامەت و داهات و بەرهەمی وڵاتانی دەرەوە دەبەسترێنەوەلەژێر كاریگەری ڕوداوەكانی ناوئەو وڵاتانەدا دەبن، كە كاریگەرییان لەسەر ئەو كۆمپانیا گەورە، یەكە هاوبەندەكان و ئامادەكارەكانە دەبێت. خاڵی بنەڕەتی ئەمەیە كە ئابوری جیهانی، وڵاتەكان لەبەرامبەر شڵەژان و بەرەنگارییە دەرەكیەكاندا، بەچاوپۆشی لەسەر چاوەكانیان، زیانبارتر دەكات. ڕێچكەكانی گوێزانەوەی ئەم جۆرە ململانێیانە لەدەرككردنی ئێمە خێراتر گەشە دەكەن.

لەم پەیوەندیگرتنەدا، خاڵی گرنگ ئەمەیە كە لە كاتێكدا كۆمپانیا فرەنەتەوەییەكان كە پلە بەپلە ماهیەتی نێودەوڵەتی بەدەستدێنن، پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتاندا ئاڵۆزتر دەبێت. دەوڵەتە نەتەوەییەكان، لەوانە ویلایەتەیەكگرتوەكان لەهاوپەیمانی و سودمەندییەكانی دەرەوەی سنور لەگەڵ بەشەكانی خۆیدا ململانێی فراوان دروستدەكات. بەرژەوەندی بابەتی چاودێری دەتوانێت تەكنۆلۆژیای هەستیاریش بگرێتەوە. كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكان

www.pertwk.com

حەزدەکەن کە سەرچاوە ی فرۆشتن و پێدانی مۆڵەتی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لەسەرانسەری جیهاندا کەمترین سنورداریێتی هەبێت، بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکان ودەوڵەتانی دی بیانوی ئاسایش و سوپایان هەیە، هەروەها ویستی کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی تەکنۆلۆژیایەکی کە دوو بەرامبەر خێراییان هەیە، لە ئارادا دەبێت“ ئەمەش بابەتێکە کە پرسێکی دژوارەو گومانیش هەیە لە ئایندەدا ئاڵۆزتر ببێت.

نەگونجاوتر ئەمەیە کاتێك ژێرخانی ناوخۆیی و جیهانی بەشێك لە ژیانی ئەمڕۆژە بن، تێکشکاندنیان دەتوانێت پێشهاتی مەرگبار لەگەڵ خۆی بهێنێت. ئەمجۆرە ژێرخانانە ڕێگاوبانی بنەڕەتی و تەندروستی و سیستمەکانی دراویی، لەڕوی ماهەیەتەوە دەبنە ئامانجی خەڵك و گروپە خراپەکارەکان وهەروەها وڵاتانێکی بەتوندی دوژمنایەتی دەکەن. بەرگریکردن لەم ژێرخانانە کارێکی زۆرە دژوارە. جەنگی هۆشمەندانە ( Cyber War) واتە هەوڵدان بۆ لە کارخستنی دەزگاکان بەهۆکاری هۆشمەندانە، هەڕەشەیەکی جدیەو مایەی نیگەرانیە[67]. تەنانەت سیتمە ئاڵۆزەکانیش مومکینە بەهۆی تەقینەوەی سەرەتاییەوە کە لە ساتوکاتی گونجاودا ئەنجام دەدرێن ئیفلیج بن. ئەگەر ئێمە بۆ زیادکردنی بەرهەمی کێڵگەیی و بەربومەکانی دی کشتوکاڵ ڕوبکەینە ئەندازەی جینەکان، ئەو بەرهەمانەشمان خستۆتەبەر ئەگەری وێرانبون. سەرەڕای ئەوەش دەیانخەینە بەر ئافاتی زیندەوەرو بەکتریا زیانەخڕۆکان[68].

سێیەمین پرسی ئاسایشی نەتەوەیی سود وەرگرتنە لە بازاڕە تایبەتەیەکانی سەرمایە بەسروشت و پێوەری تازە. ئاوەژوبونەوەکانی بازاڕە دراوییە نێودەوڵەتیەکان توانست بەدەوڵەت و کۆمپانیاکانیش دەبەخشێت لە ڕێگاکانی جودا لەو ڕێیانەی لەکاتی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەت و بانکە بازرگانیەکان بەسەر ڕەوتی دابینکردنی دارییدا، لەسەرچاوەی جوداوە دراو بەدەسبهێنن. پاش کۆتایی جەنگی سارد گەلێك وڵاتی گرنگ توانیان ئەو بوارە نوێیە بەکاربهێنن. بۆ نمونە ڕوسیا بڕێکی سەرنجڕاکێش لە دراوی بازاڕە تایبەتەکانی سەرمایەی



بەدەستهێناوە. ئەم گوێزانەوەیە بەهۆی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان و دامەزراوەکانی قەرز بەخشینەوە– وەك سندوقی نێودەوڵەتی دراو– ئاسان بوە. ئاشکرانییە کە ئەم دراوانە کۆمەکی بە بەرەو پێشبردنی ڕیفۆرمە بنەڕەتیەکان لەڕوسیا کردبێت“ هەندێك لەوباوەڕەدان کەئەم دراوانە پاشەکشەی بە ڕیفۆرمەکان کردوە. خراپترین لەمە، دراو شایانی گۆڕینەو لەوانەیە بەسودەکانی خستنەڕوی دراو لەویلایەتە یەکگرتوەکان لەڕێگاکانی دژبەیاسای ئەمریکا کرابێت. تەنانەت گەر ئەم جۆرە چالاکیانە نایاسایی نەبن، لەڕوانگەی سیاسیەوە هەستیارن. ئێستا چوینەتە سەردەمانێکەوە کە مامەڵەی دراویی گرنگ (تایبەت) دەتوانێت کاریگەری سیاسی گرنگ لەخۆ بگرێت[69]. چین لە (1980) بەدواوە بەگشتی لەسنوری بیست و شەش ملیار دۆلار وەك سەدو سیو چوار جۆر کاغەزی قەرزی خستۆتە بازاڕی جیهانییەوە. لەم بڕە پارەیە دە ملیاردو نیو دۆلار پشتیوانی دراوی هەیەو لەسنوری لەسەدا شەستی بڕەکەش لە سێ دامەزراوەدا خراوەتەڕو، کەلەوانەیە ڕاستەوخۆ سەرقاڵی جاسوسیکردن بوبن بەسەر ئەمریکاوە یان لە چالاکی سوپایی زیانبەخش بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بەشداربوبن[70].

دەوڵەتەکانی ڕوسیاو چین سودی زۆریان لەبازاڕە تایبەتیەکان کردوە، چونکە زیاتری دراوە کان لەم بازاڕەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا قەرزکردن لەم سەرچاوانە زۆرجار هەرزانتر تەواو دەبێت، چونکە هیچ مامەڵەیەکی بازرگانی یان پرۆژەیەکی کە دەبێت بیمەی دارایی هەبێت لە ئارادا نییە. بەمپێیە، زۆر ئاسانە کە ئەم دراوانە بۆ ئامانجی نابەرهەمی یان تەنانەت خراپەکارانە تایبەت بکرێن. تائەم دواییانە لە حاڵەتی بەکارهێنانی بازاڕی تایبەتیدا (پێوانە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی دراوی لەدەوڵەتێکەوە بۆیەکێکی دی یان لە ڕێگای بانکە گەورەکانی بازرگانیەوە) توانستی هەڵاتن لە مەرجداری وشەفاف بون و بڕیارەکان سەرمایەگوزاری زیاتر فەراهەم بوو. هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە نوێیەکانی دابینکردنی دارایی وەك

www.pertwk.com

کۆمپانیاکانی بیمەو سنورەکانی خانەنشینی و کۆمپانیاکانی کاغەزی بەبەها ئاسانترە.

سودمەندبون لەبازاڕە دراوە تایبەتیەکانیش دەبێتە هۆی بەهێز بونی بونیادە سیاسی‌یەکان لەوڵاتانەی سەرمایەی تێدا پەسندکراوە و لەوەشی سەرمایەگوزاری کردوە. زۆربەی شارەزایان دەڵێن ئەو گروپی گەفالەتدارانەی بۆ مەکسیکو کۆریا و ڕوسیا ئامادەکرا بون، قەرز وەرگران و سەرمەیەگوزاران و ژمارەیەك لە قەرزدەرەکانی بەشی تایبەتیان واتیگەیاندبو کە ئەگەر دوچاری شکست ببن دەوڵەتەکانیان ودامەزراوە چەندلایەنەکان و سوددارانی قەرزەکان بە هاندانی سیاسی قەرەبوی دەکەنەوە.

بەکارهێنانی بازاڕی تایبەتی سەرمایە بۆ ئەو ئامانجانەی کە جیاوازە لە بەرژەوەندی ئاسایش یان ئابوری ئەمریکا هەر درێژەی دەبێت. ئەوەشی کە بەبێ دانانی سنوردارییەکی نوێ بۆ بزاوتی سەرمایە چۆن چۆنی دەتوانرێت ئەم مەسەلانە تاوتوێ بکرێت ڕون نییە.

سەرئەنجام ئەوەی یەکبونی ئابوری جیهان دەتوانێت کاریگەری گەورە لەسەر سروشتی وڵاتەکان و هەروەها سیستمی حکومەتەکان دابنێت، سەبارەت بەماهیەتی ئەم کاریگەرییانە ڕێکەوتنی یەك بیروڕا لە ئارادا نییە. هەندێك بەنێودەوڵەتی بونی ئابوری بەکاریگەری لەسەر بونیادی ناسنامەی سیاسی دەزانن. ئەوانە دەریدەخەن کە ڕێکخراوە بازرگانیەکان لە حاڵەتی بەجیهانیبوندان و زانست و تەکنیك و بازاڕەکانی کاریش لەحاڵەتی بەجیهانیبوندان. ئەگەر گوزەرانی خەڵکی بەشێوەیەکی بەرفراوان سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتی پەیدا بکات، هەستی هاوبەندی سۆزاوی بەوڵاتی خانەخوێوە سست دەبێت. ئەم کارە بەتایبەتی سەردەمێك خێراتردەبێت کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ هەڕەشەیەکی فیزیکی یان ئایدۆلۆژیی ڕوبەڕوی وڵات نەبێتەوە. ئەمە کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانی سوپایی و ناسوپاییش. ئەگەر هاوڵاتیان ڕاستەوخۆ هەست



بە مەترسی نەکەن بۆ ئەو وڵاتەی کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سوزاوییان لەگەڵیدا نەبوە یان خاوەنی پەیوەندییەکی سۆزاوی لاوازبن گیانی خۆیان لە پێناویدا ناخەنە مەترسییەوە(71).

لە گۆڕانکارییە گەورەکانی دی ئابوری و کۆمەڵایەتی، لەحاڵەتێکدا کە ئەگەری ئەوە هەیە پەیوەندیە سۆزاوییەکانی خەڵکی بەوڵاتەکەیانەوە لاواز بێت، لەهەمان کاتدا چاوەڕوانیەکان لەدەوڵەتی ئەو وڵاتە زیاد دەکات. سیستمی ئەم وڵاتانە لەلایەکەوە بۆ دەستدانە پرسی ئابوری جیهانی، کە بە جۆرێکی بەرچاو فراوان دەبێت، کەمتر شەرعیەتیان دەبێت و لەلایەنێکی دییەوە بۆ ئەوەی ئەو پرسانە بخەنە ژێر کاریگەرییەوە خاوەنی هێزو دەسەڵاتێکی کەمتر دەبن. بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانی وخواستە کۆمەڵایەتیەکان هاوشان لەگەڵ کەمبونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەسەر پرسەکاندا زیاد دەبێت، کەوادەکات دوبارە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێشکەوتوترین وڵاتەکانیش پێناسەبکرێنەوە. دەوترێت زۆر لەوڵاتەکان، بەلایەنی کەمەوە بەوپێکهاتەو سیاسەتە پراکتیکیانەوە، ناتوانن لەوهەلومەرجانەدا پایەدار بمێننەوە.

ئەم تێڕوانینیە تاچ ڕادەیەك جێگای باوەڕ پێهێنانە؟ ئاساییە ئەو بەشەی باسمانکرد بێچەندوچونە. بۆ نمونە واقیع ئەمەیە کە پاش خولی جەنگی سارد کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر سیاسەت و دەسەڵاتی ئابوریدا زۆر کەمبۆتەوەو، بۆ ئەم کەمبونەوەیەش شەش بەڵگە دەچنە ئەقڵەوە(72):

1– لەحاڵەتێکدا کە دەوڵەتەکان هێشتا گرنگی زۆر بە سیاسەتی ئابوری دەدەن، کەرتی تایبەت زیاد لەهەموو کاتێکی دی باڵادەستی بەسەر سەرچاوەکانی گەشەی ئابوری و کارکردن و تازەگەری هونەریدا پەیدا کردوەو پلە بەپلە دەوڵەتەکان پشت بەکەرتی تایبەت و ئاگایی بازاڕ بەستن زیاد دەکەن، توانایان بۆ کۆنترۆڵ کردنی سیاسەتی دارایی بەبێ کاری پاداشتدان و هەبونی سەرمایە کەمتر دەبێتەوە.

www.pertwk.com

2- پەسەندکردنی ستانداردە نیودەوڵەتیەکان کە هیوا بەخشی بڕیاری باشیو ئازادانەترە، لە توانستی دەوڵەتەکان بۆ چونە سەرسیاسەتی ئابوری کەم دەکاتەوە"

3- فشاری چڕنەبونەوەی ئابوریو سیاسی، دەتوانێت بەبەخشینی پشکێکی زیاتر بەدەوڵەتەکان بۆ فەرمانڕەوایەتی لۆکاڵی ڕێنمایی بکات"

4- فراوانبونی هاوپەندی ئابوری لەگەڵ ئەوانی دی، کاری بەرنامە ڕێژیو پێشبینی و کۆنترۆڵکردنی ئایندە لای دەوڵەتەکان دژوارتر دەکات.

5- گروپە هاوبەرژەوەندەکان کە بەگشتی هاوپەیمان بونوبێسنوریانە کاردەکەن، دەتوانن کار لەئاڕاستەی دامەزراوە تایبەتەکانو سیاسەتەکانی دەوڵەت بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا چالاکیەکانی دامەزراوە تایبەتەکان (بۆ نمونە چالاکیەکانی بونیادی خزمەتگوزاری یان لێبوردنی نێونەتەوەیی یان پزیشکانی بێ سنور یان ئاگاداری نێونەتەوەیی و زۆری دی لەو ڕێکخراوانە) لەقەڵەمڕەوی چالاکی خۆیاندا، توانستی ڕێکخستنو دارایی زۆر لە دەوڵەتەکانیان بەخێرایی کەمکردۆتەوە. چەندە سیستمەکانی لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێکخراون نەتوانن هاوئاهەنگی ئەو چالاکیانەبن (کە پراکتیکانە زۆر لەوڵاتان نەیانتوانیوە) ئەم جۆرە چالاکیانە بەخێرایی فراوانتر دەبێتو، سودوەردەگرن لە کەمبونەوەی توانای دەوڵەتەکان. سنوربەزاندن لەهەنگاوی گروپیەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی چالاکیە بازرگانیەکان بەڕێژەیەکی زۆر زیاد دەکات. ئەم ئەگەرە ش لەئارادایە کە بڕیاری ملیوانان کەس بەبێ بەشداری پراکتیکانەی بونیادە سیاسیەکان فۆرمگیری ئایندە بکات[73]"

6- زۆرترینی ئەودەوڵەتانە دەکەونە بەرفشار کەلەقەوارەی بودجەی خۆیان کەم بکەنەوەو بڕیارەکان بەرونیەکی زیاترەوە دەربڕن وسیاسەتێك بگرنەبەر کەئاسانکاری بۆ سودوەرگرتن لەسەرچاوەکانی کەرتی تایبەت بکات. تەنانەت گەر هەموو مەرجەکانی دی وەك ئێستا بمێنێتەوەو نەگۆڕێت، هەمان هۆیە کە



کۆمەکی دەوڵەت بۆ دابەشکردنی دەرامەتو دامەزراوەکانی تۆڕەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ سودی توێژە زیان لێکەوتوەکانی کۆمەڵگە دژوارتر دەکات.

بەمپێیە، ئایا ئەمەی وتمان بەومانایەیە کە زۆرترینی دەوڵەتان (تەنانەت دەوڵەتە گەورەکانیش) لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی کە پراکتیکانە ئەم تۆڕە ئابوریيە سەربەخۆیە بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، خۆیان دورە پەرێز دەگرن؟ وەلام نێگەتیڤانەیە، چونکە بێچەندوچون دەچێتە سەر کۆنترۆڵو فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت" بەلام دەوڵەتەکان بەتوندی تێدەکۆشن بۆ گێڕانی ڕۆڵی خۆیان وەك دادوەرێکی کۆتایی لە سیاسەتە ئابورییەکانی پەیوەستە بەفەرمانڕەوایەتی خودییەوە،. ئەوانە لەڕابردودا چەندین جار خەباتی لەوجۆرەیان کردوەو ئاساییانە سەرکەوتوبون، ئەمەش ئاماژەیە کە هەوڵو تەقەلادان بۆ دۆزینەوەی جۆری نوێی کۆنترۆڵی نەتەوەیی، سومبولی نوێبونەوەی ژیانی دەسەلاتی دەوڵەتەکانە. ئەو گەواهیانەی کە هەندێکیان پەیوەستن بە سەردەمی ئێمەوە، پیشانی دەدەن کە بەلایەنی کەمەوە هەندێك لە وڵاتەکان ئەو چانسەیان هەیە کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی ئابوری بەجۆرێکی گونجاو بەڕێوەببەن[74]. بەڵگەیەکی دی ئەمەیە کە کۆمەڵگاکان پێویستیان بەسەرکەوتویی دەوڵەتەکان هەیە. ئەمە واقیعێکە کە دەوڵەت، وەك نوێنەری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهەموو تایبەتمەندییە مێژوییو سۆزاویەکانیشیەوە ئامرازێکە بۆ چوستکردنی ئابوری. ئەو دەوڵەتانەی کە فەرمانڕەوای نەتەوە گونجاوەکانن گەنجینەیەك لەسەرمایەکانی دامەزراوەیان لەژێر دەستدایە. بەمپێیە ئەگەر لەپرسی ئابوریدا کەمبونەوەی مافە تایبەتیەکانی دەوڵەت بەنزمبونەوەی گشتی دەوڵەت دەربڕین یان وا وێنابکەین کە بە گشتگیربونی ئابوری جیهانی زۆرلە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتەکانی دەکەونە مەترسییەوە، دوچاری هەڵەبوین. بەلام ئەوەی لێبڕاوانە مایەی گفتوگۆنیە ئەمەیە کە ئەگەر پرسی ئابوری گرنگی زیاتر هەڵگرتبێت ئەو وڵاتانەی کەلەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا گونجاون بە پێوانە لەگەڵ ئەوانەی لە

www.pertwk.com

کەناری ئاڵوگۆڕەکاندا ماونەتەوە، شوێنگەیەکی نێودەوڵەتی بەهێزتریان دەبێت. توانای نەتەوەیی هەمان توانایی دەوڵەت نییە. دەسەڵاتی دەوڵەت کەرتێکە لەتوانای نەتەوەیی ،کە دەوڵەتەکان چڕکردنەوەو بەڕێوەبەرایەتیو بەکارهێنانی فێربون. دەستورەکانی گۆڕانی دەسەڵاتی نەتەوەیی بۆ هێزی دەوڵەت لەحاڵەتی ئاڵوگۆڕدایە، بەڵام ئەم کارە نەکردەیی نییە. بەواتایەکی دی ڕۆڵی دەوڵەت لە فۆرمەلەکردنی ژینگەی ناوخۆیی بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابوری وەستاو لەسەر بازاڕ لە ئابوری بەجیهانیبوی ئەمڕۆدا تەنانەت لەڕابردوش زیاتر بۆ تەمایەی ژیان. دەوڵەت وەك بەرپرسی پاراستنی سیاسەتەکانی داراییو دراوی گونجاو ودامەزراندنی سیستمە گونجاوەکانی وەستاو لەسەر بازاڕ بۆ ڕێکخستنی کاروبارو دامەزراندنی ژێرخانی ماددی تەواو و پاراستنی سیاسەتێکی ڕونی کۆمەڵایەتی کە پەروەردەو فێرکارییەکی کاریگەر بۆ دانیشتوانی وڵات دابین بکات، دەمێنێتەوە.

دەوڵەتەکان کە بەجۆرێکی بەرفراوان لەگەڵ سێفاکتەری (1)هێزە کۆمەڵایەتیو لۆکاڵیەکان و(2) بەرژەوەندییە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان و(3)بەرژەوەندیە نەتەوەییە هەستدارەکاندا ڕوبەڕو دەبێتەوە، شەرعیەتی خۆی لە چاوەڕوانیەکانی هاوڵاتیانەوە بەدەستدەهێنن ،کە داواکاری چاکبونی ئابوری و ئاسایشن. سەرئەنجام ئەوانەی کە بەهۆی هێزەکانی بازاڕی جیهانییەوە کەنارخراون، بەناچاری داوای کۆمەك لەدەوڵەت دەکەن ، گەربەڕاستی نوێنەری کۆمەڵگایەکی نەتەوەییە پێویستە وەڵامی ئەوخواستانە بداتەوە. هەموو ئەو داواکارییانە ئەوە پیشاندەدەن کە ڕۆڵی دەوڵەت لەوانەیە لە ئایندەدا جیاواز بێت، بەڵام وەك پێویست لەڕۆڵی ئەمڕۆی بچوکتر نییە.

هەروەها ئەم داواکارییانە ئاماژەن بۆ ئەوە کە توانستە جیاوازەکانی دەوڵەتان لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕی ئابوریدا دەبێتە هۆی خولگەیی بونی زیاتری دەسەڵاتی دەوڵەت. هاوسەنگی هێز لەهەندێ ناوچەدا مومکینە بەیەکدا بدەن و هەندێ



لەوڵاتان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی نوێ جموجوڵی نائاسایی بنوێنن و ژمارەیەکی دییان لەوانەیە پەنا بۆبەکارهێنانی فشار ببەن بەرامبەر بەو وڵاتانەی وادەردەکەون لاوازترن. بەمجۆرە لەحاڵەتێکدا کە هەندێ لە دەستکەوتە جۆراوجۆرەکانی ئاماژەن بۆ زیاتر نزیکبونەوەی جیهان لەیەکتر، کە دەرئەنجامی یەکپارچەیی بونی ئابوری جیهانییە، دەستکەوتی دی پیشان دەدەن کە یەکبونی ئابوری جیهان وڵاتان لەیەکدی دورتر دەخاتەوە.

گفتوگۆ سەبارەت بە چۆنیەتی کاردانەوەی دەوڵەت لەبەرامبەر یەکپارچەیی بونی ئابوری جیهاندا زۆر بابەتی دی لەخۆ دەگرێت، کە پێویستە ڕیزبەندی بکرێت. لەخۆر ئاوا بەشێوەیەکی ئاساییانە واگریمانە دەکەن کە دیموکراسی و ئابوری وەستاو لەسەربازاڕ پشتیوانی یەکدین و یەکدی بەهێزدەکەن. بەڵام بەپێی ئەو مەعریفەیەی کەهەمانە دەوڵەت تەنها محوەری بەهێزی دیمکراسیەتە. باشە چۆن دەتوانین بڵێن کە دنیای ئاییندە جیهانێك دەبێت کە تیایدا دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەجۆرێکی بەرفراوان بەبونیادەکانی دی (بازاڕ، ڕێکخراوە نیودەوڵەتیەکان) دەسپێرێت، لەهەمان کاتدا بەهێزیو فراوانی دیموکراسی کە بەهۆی باڵادەستی ئابوری بازاڕەوە بەدەستدێت، هاوئاهەنگ بکەین؟ ئایا دەتوانرێت بوترێت کە ئازادسازی بازرگانی لەسەر ئاستی جیهانی فراوانبونی دیموکراسی بەهێز نەکردوەو تەنانەت لاوازیشی دەکات؟ واتە بنەمایەکی پەسەندکراو لە خۆرئاوا بەبنەمایەکی دی کە بەهەمان ئەندازە مایەی پشتیوانیانە دژبەیەك دەبن، ئەم کارەش بەتەواوی لەئارادایە.

ڕاستیەکی زۆر دەربارەی ئایندەی ئابوری جیهان لە ئارادایە، کە ئێمە هیچ ئاگایەکمان لێی نییەو تەنانەت بە ئاگابونەوەشمان لێی لەوکاتەدا ناتوانین سیاسەتەکانمان بگۆڕین. هزرو کاردانەوەکانی خەڵك لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا وەلامگەلێکی زۆری ئەم پرسیارانە ڕون دەکاتەوە– ئەم هزرو هەنگاوانە کە سازندەی جیهانی ئایندەن، سروشتێکی سیاسیو ئابورییان هەیەو، ئەم

www.pertwk.com

حەقیقەتە ئێمە بەرەو پرسیاری بنەڕەتی پەیوەست بە کۆمەڵگەو سیاسەتەوە ڕێنمایی دەکات.

### ئایندەی سیاسی – کۆمەڵایەتی: چۆن جیهان بەڕێوە دەبرێت؟

لەدیدی مێژووەوە مرۆڤەکان لە پێناوی ئارامی ناوخۆیی‌و ئاسایشی ئابوری ولەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکیەکان پشتیان بەفەرمانڕەوایەتی دەوڵەتەکان بەستوە. خەڵکی لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی –سیاسیدا، کە دەوڵەت تیایدا سمبولی ژیانی کۆمەڵایەتی جۆری مرۆڤیشە ئەم جۆرەکاریان کردوە. ئەمڕۆ زۆربەی ولاتەکان لەچەند گروپگەلێکی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و مەزهەبی پێکهاتون کە ڕێسای کۆمەڵایەتی– سیاسی دەوڵەت یان هەر جۆرە ڕێسایەکی دی بەسەریانادا زاڵە" وەك ئەوەی لە ڕێسای بنەڕەتی ئەمریکادا هاتوە. هەندێکجاریش ئەم سیستمانە تەنهابەهۆی نەریتەوە دەمێننەوە.

خاڵی گرنگ ئەمەیە کە لە هەنوکەدا بەپێیئەوە خەڵکێکی دیاریکراو لەیەکەیەکی جیوگرافی دەستنیشانکراودا لەلایەن دەوڵەتێکەوە بەڕێوە دەبرێن، هیچ شتێکی نەگۆڕ لەئارادا نییە. لەڕابردودا بەوجۆرە نەبوەو لەوانەشە لە ئایندەدا بەو جۆرەش نەبێت. پەیوەندییەکانی کەوەفاداری تاکێك یان گروپێك بەولاتێکەوە فەراهەم دەکات لەوانەیە بگۆڕێن‌و تەنانەت لەناویش بچن، بەئەگەرێکی زۆرەوە لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا هەندێك لەو گۆڕانکارییانەو لەناوچونانە دەبین.

بەو جۆرەی ڕونکرایەوە تەکنۆلۆژیای نوێ شێوەی کاروبازرگانی خەڵکی بەڕادەیەکی زۆر دەگۆڕێت. ئەم ئاڵوگۆڕانە لەهەندێك ڕوەوە پشتیوانی هاوکاری نێودەوڵەتی‌و یەکپارچەبونی ناوچەکانەو، لەڕویەکی دییەوە جیاوازی دەخاتە نێوان خەڵکی‌و دەوڵەتەکانەوە. زۆر لەولاتان بەشی زۆری کۆنترۆڵیان بەسەر بڕیارە ئابوریەکاندا لەدەست دەدەن‌و تەنها ئەوەی بۆ دابینکردنی گەشەکردنی



ئابوری یان ئاسایش‌و ئارامی ناوخۆیی پێویستە بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەریش هەیە توندوتیژی زۆر ببێت، چونکە ئەو گروپ‌و کەسانەی کە لە ئاڵوگۆڕەکاندا دەکەونە پەراوێزەوە لەوانەیە هێرش بکەنە سەر دیاردەکانی ئاڵوگۆڕ. هەروەها، بە ئاوڕدانەوەیەك لە پێشکەوتنە هونەریەکانی دروستکردنی ئامێرەکانی جەنگ‌و خەسڵەتی جیهانی هەڕشەکردن، توندوتۆڵکارییەکانی سنوری ولاتەکان ئیتر بە ئاسانی ناتوانن ببنە بەربەست لەبەردەم مەترسیەکاندا. ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە پێشماندایە، هەموویان لەوێنەیەکی هێزدا دەتوانن حاکمیەتی دەوڵەت لاواز بکەن، ناسنامە سیاسیەکان‌و وەفاداری هاولاتیان لەبیست‌و پێنج ساڵی ئایندەدا دەکەونە بەردەمی ئەزمونکارییە ڕانەگەیەنراوەکان‌و هەندێ جار نهێنی‌یەکانەوە.

زۆر لە چاودێران لەو بڕوایەدان کە هەندێ لەولاتان ناکەونە بەردەم ئەم جۆرە ئەزمونانەوە. هەندێك لەو باوەڕەدان کە ڕیشەی حاکمیەتی دەوڵەتەکان وسنورو ولاتەکان لە حاڵەتی نەماندان[75]. دەڵێن ڕوداوەکانی کەدێن حاکمیەتی نەتەوەیی، کە لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا یاریزانی بنەڕەتیە لاوازدەکەن: بەجیهانیبون هۆکاری پەیوەندی تەکنۆلۆژیا لەگەڵ یەکپارچەبونی ئابوری جیهانییە – نەتەوەگەڕایی دابەشبو، گەڕانەوەی دوبارەی خێڵگەرایی" فشارەکانی دانیشتواننناسی، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ئاشتی پایەدارو بابەتی دی لەنێو ئەم ئاڵوگۆرانەدا بەجیهانیبونی کردۆتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی فراوانتر.

بەبڕوای هەندێك، بە جیهانیبون نەك تەنها بەهۆی ئاسانکاری گەشەسەندنی ئابوری جیهانەوە، بەڵکو لەو ڕوەوەی کە بالاترە لە حاکمیەتی دەوڵەتەکان (کە بەهەڵگیرساندنی جەنگەکان مرۆڤایەتیان دوچاری ڕەنج‌و نەهامەتی کردوە) لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی باشە. بەپێی ئەمە، بەجیهانیبون لەلای هەندێك بەچەمکی بچوکردنەوەی دەوڵەتەکان لە بەرامبەر سەرهەڵدانی هۆکاری دیدا دێت، لە کاتێکدا کە هەندێکی دی بەپێی بیرکردنەوەیەکی ئایدۆلۆژیانە، ڕەگەزەکانی کە هۆکاری

www.pertwk.com

لاوازکردنی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتەکانە، دەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان. نەیاریی ئەم گروپانە بەو هۆیەوە دەبێت کە تەنها دەوڵەت مایەی متمانەی بەرپرسیارێتی سیاسییە، هەندێکی دیش بەهۆی ئەو واقیعەوە کە بەجیهانیبون فاکتەری تێکدانی کۆمەڵگای لۆکاڵی و لاوازکردنی کۆنترۆڵکردنێتی دژی دەوەستن. بەڵگەی نەیاریی هەندێکی دی ئەمەیە کە ڕۆحی حاکمبون بەسەر بازاڕدا کەبەهۆی بەجیهانیبونەوە دێت دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ سودی کۆمپانیا دەوڵەمەندەکان و ئەوانە بەهۆی هەژارکردنی تاڕادەیەك هەموو توێژە کۆمەڵایەتیەکان زەنگینتر دەبن[76].

چەندی ئەم بەڵگە هێنانەوانە گروپێك ناچار بە جۆرێك لە هەنگاوەنان بکات، تاچەندیش لەلای کەسانی دیش سەرنجڕاکێش بێت، ئەم تیۆرەی کە دەوڵەت بەهۆی بنەماسەرەکیەکانی بەجیهانیبونەوە پایەماڵ دەبێت، ڕیشەیەکی جێیاوەڕی نییە. وڵات –جگە لە ئیمپراتۆڕیەتی چەند نەتەوەیی یان دەوڵەت یا هەر سیستمێکی سیاسی دی کە پێش شارو ئیمپراتۆریەت لە هەبوە – لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیدا هەرگیز یەکسان نەبوە. ڕۆڵی دەوڵەتەکان لە سەردەمەکانی ڕابردودا چەندینجار لەگفتوگۆ جیاوازەکاندا دوچاری هەورازو نشێوی بوە. لە ڕاستیدا دەوڵەتی چڕبۆوە لە سەدەی بیست ویەکدا ئاوارتەیەکی مێژوییەو ئەوانەی کە کۆتایی سیستمی وڵاتانێکی خاوەنی حاکمیەت پێشبینی دەکەن زۆر بەیان ئەوجێگیرو زۆر چڕانەی کە لەگەڵ واقیعی مێژویدا گونجانێکی ئەو تۆیان نییە، لەبەرچاودەگرن[77]. لەگەڵ هەموو ئەو دەرگیریانەی لە ئارادان، ڕیشەی فەرمانڕەوایەتی کەلەچوار چێوەی قەڵەمڕەوی وڵاتدا ناسێنراوە، لەچارەکە سەدەی داهاتوداو لەوانەیە لەماوەیەکی درێژتری دوای ئەوەش، دو بارە بێتە ڕێکخەری سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان.

پێش ئەمە وترا کە بەرەنگارییەکی لە ئارادایە فراوان و هەمەجۆرن و ڕاستەوخۆ بە ڕێژەی نێوان دەوڵەتەکان و ڕێژەی ناوخۆی وڵات و نەتەوەو هاوڵاتیانەوە پەیوەست دەبێت و، تەنانەت گەر زۆر دەوڵەت بەشێك لەحاکمیەتی



خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا لە دەست بدات، هەرچاوەڕوانی زیاتر لە دەوڵەتەکان دەکرێت. ئێستا دەبێت بزانین ئەم کارە لە سیاسەتی جیهانیدا چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت؟.

یەکێك لەم بەرەنگاریانە لە بواری کۆمەڵناسیدایە. لە زۆربەی وڵاتانێکی لەحاڵەتی گەشەکردندان دانیشتوان ڕوو لە زیادبونە. لەهەمان کاتدا تاڕادەیەك هەمووخەڵکی وڵاتە پێشکەوتوەکان و هەندێ لەو وڵاتانەی لەحاڵەتی گەشەکردندان وەکو چین بەخێرایی بەرەوپیربون دەچن[78].

بەهۆی ئەم ئاڵوگۆرە کۆمەڵناسیانەوە زۆربەی وڵاتان لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا پلەبەپلە زیاتر لەمڕۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی جیاوازیان دەبێت. کەمبونەوەی هێزی کار لە کۆمەڵگا پیرو دەوڵەمەندترەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە داواکاری کرێکاری کۆچبار زیاد بکات و ئەم بابەتەش شڵەژانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تیژ دەکات. لەهەمانکاتدا، قەبارەیەکی فراوانی کەسانی لە ئەستۆگیراو لە منداڵان پێك دێن نەك کەسانی پێگەیشو. ئەگەر ئەم لاوانە بخرێنە بەرپەروەردەوفێرکردن و بتوانن کاری بەرهەمهێن پەیدا بکەن زەمینەکانی سود وەرگرتن لەئابوری فەراهەم دەکەن" جگە لەم شێوەیە، دەبنە هۆی نائارامی کۆمەڵگا.

## زیادبونی ژمارەی دایشتوانی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان



www.pertwk.com

بەهەمان شێوەکە ئاماژەی پێکرا، سیاسەتە پێویستەکان بۆ گەشەکردنی ئابوری (بەتایبەتی کاتێك زیادبونی دانیشتوان زورە) دەتوانن هۆی زۆر ئاڵوگۆڕ لەوڵاتدا بن و بەها کۆمەڵایەتی یان ئابورییەکانی کەهەن تێکەڵ بکەن. گەشەی ئابوری زۆر جار لەگەڵ سەرهەڵدانی جیاوازی زۆر لە هاوکێشەی دەرامەت و سامانی ئەندامانی کۆمەڵگادا هاوشانەو ئەوانەی کە دەستەڵاتی ئابوری و سیاسیان هەیە، لەوانەیە دەستەڵاتەکەیان لەمەترسیدا ببیننەوە. بێگومان ئەم کارە شڵەژانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگ لەوڵاتە پێشکەوتوەکان و ئەو وڵاتانەی لەسەر ڕێگای پێشکەوتنن دێنێتە ئاراوە. ئەم ڕەوتە، دەشێت ببێتە هۆی برەودان بەگەندەڵی – بەتایبەتی لەنێو دەستەڵاتدارانی دادو ئاسایش – و دەرئەنجام تواندەستی دەوڵەت لاواز بکات. پرۆسەی خێرایی شارنشینیش توانایەکی زۆری دەوڵەتەکان لەدابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بنەڕەتی بەتایبەتی تەندروستی و پەروەردەو فێرکردن و بەفیڕۆدەدات – تەنانەت گەر ئەم شڵەژان و ئالوگۆڕانە زیاد لە سنوربن یان تیژو درێژخایەن بن، دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لەوڵاتەکان– ڕێکەوت نییە کە قەیرانی (1997 – 1998)ی ئاسیا نەك تەنها بوە هۆکاری ڕوخانی دەوڵەتی سۆهارتۆ، بەڵکو هەموو خاکی ئەندەنوسیاشی خستە مەترسییەوە. مالیزیاش دوچاری قەیرانی سیاسی بوو، کە بوە هۆی سەرهەڵدانی نائارامی خەڵکی و هێشتا ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لە ئارادا ماوە. وڵاتە گەورەکانی وەك چین، هندستان، پاکستان، ئەفریقای خوارو، کۆماری دیموکراسی کۆریا، کینیا و مەکسیك و....کەهەمویان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانیان هەیە و ڕولە زیادبونن، لەمەترسی هەڵوەشاندنەوەی بەشێك یان هەموو وڵاتەکە پارێزراونین[79].

بەڵام هەواڵی خۆشیش هەیە، تۆڕی یەکگرتوی زانیاری جیهانی ئەگونجێت یاریدەی فراوانبونی فرەیی سیاسەت بدات. لەم مەیدانەدا داڕمانی یەکێتی



سۆڤیەتی جاران بهێنەوە یاد. جگە لە کاریگەربونی ستراتیژی سنوردارکردنی ئەمریکا لەماوی فەرمانڕەوایەتی چەندین سەرکۆماردا بۆ ئەم داڕمانە دەتوانرێت بە بەڵگەگەلێکی زۆر بژمێردرێت. لاوازی سیستمی سیاسی داخراوی یەکێتی سۆڤیەت لەخۆگونجاندن لەگەڵ پێداویستیەکانی ئابوری کراوەو پێشکەوتنی زانیاری و خواستە نوێیەکانی بازاڕ لەبەڵگە گرنگ وتەواوکارەکان بوە. ئەگەر ئەم قسەیە بۆ سەردەمی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەری سەرەتایی ناوماڵ ڕاست بوبێت، لە سەردەمی ئینتەرنێتدا لەوانەیە هەموو سیستمە سیاسییە داخراوەکان بۆ گردێك لەخۆڵەمێش بگۆڕیت ! بەکورتی دەتوانرێت بە ئەگەرێکی بەهێزەوە بوترێت کە فشارە نوێ و تیژەکان بە سودی دیموکراسی دەبێت و لەهەر شوێنێك ئەم فشارانە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت دەوڵەتەکان ناچاردەبن وەڵامی خواستەکانی هاوڵاتیان بدەنەوە. لەزۆر ڕوەوە ئەم ڕەوتە بەلایەنی کەمەوە بە حکومەتێکی باشترو شەرعیتر کۆتایی دێت.

پێشکەوتنە بەردەوامەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین لەبواری پەروەردەو فێرکاری گشتیداو لەبارەی نەهێشتنی نەخوێندەواریشەوە زۆر گرنگن. بە شێوەیەکی گشتی بڵاوبونەوەی تەکنۆلۆژیای زانیاری تەنها لەحاڵەتێکدا دەتوانێت بەئامانجە کۆمەڵایەتیەکان بگات کە خەڵکی خوێندن و نوسین بزانن. بەو جۆرەی کە زانایەك ئاماژە بەجیهانی ئیسلام دەڵێت: (پێکهاتەی پەروەردەو فێرکردن و هۆیە گشتیەکانی ڕاگەیاندن زیاتر جیهانی ئیسلامی ئامادەی ئاڵوگۆڕکردوە...هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر کۆنترۆڵکردنی زانیاری لەڕابردو دژوارتر کردوەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی نائارام، هەرچەندە زۆر تەواونییە –دروستکردوەو ، پانتاییەکی گشتی نوێی فەراهەم کردوە). پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی پێشمەرجی دیموکراسی واقیعیەو ئەم کۆمەڵگایە (بەفراوانکردنی توانا بۆ دامەزراندنی پەیوەندیگرتن ودامەزراندنی تۆڕەکانی پەیوەندی) دیموکراسی بەرەو پێش دەبات[80].

www.pertwk.com

لێرەدا پێویست بەلێوردبونەوە دەکات، کەنەهێشتنی نەخوێندەواری بەزۆر زامنکردنی دیموکراسی نییەو پەروەردەو فێرکاری گشتی دەتوانێت بۆماوەیەکی درێژ لەگەڵ شێوازی سیاسیانەی تاکڕەوی زۆردارانە هاوژین بێت. بەڵام گەر هەموو فاکتەرەکان لەپاڵیەکدا بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە، ئەو کاتە دەبینین کە بڕەوی پەیوەندییە گشتیەکان و پێشکەوتنی فراوانی پەروەردەو فێرکاری وباشبونی ئابوری و گەشەکردنی لیبرالیزمی سیاسی بە پێودانگی جیهانی، ڕەنگدانەوەی گەورەی هەیە. لۆجێکی ئابوریش دەتوانێت بخرێتە سەر ئەم ڕەنگدانەوانەو بەرهەمی ئابوری گرنگی تەکنۆلۆژیای سەدەی بیستەم چەند بەرامبەر بکات. هاولاتی ولاتە پیشکەوتوەکان ڕۆژ بەڕۆژ لەبەشداریکردن لەجەنگە زیانبەخشەکان یان پشتیوانی لێکردنیان دوردەکەونەوە، چونکە زانستی تەکنۆلۆژیا تەرازوی مەترسیەکانی لە ژیانی ئێستادا بەرامبەر بەڕابردو کەمتر کردۆتەوە. ژیان ئیتر (هەرزان)نییەو زیانەکان زۆر گەورەتر بون[81]. بڵاوبونەوەی ئەم دیاردانە بەزۆرترین خاڵی جیهاندا دەتوانێت مۆرکی هاوشێوەی هەبێت و بەگشتی لەئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگ و خوێنرێژی کەم بکاتەوە. تەنانەت هەندێ لەو بڕوایەدان کەبەهەمان هۆو فاکتەری دییەوە، جەنگە گەورەکان بەمزوانە بۆهەتاهەتایە ئەگەری ڕودانیان نابێت[82].

تێکەڵبونی سامانی فراوان لەگەڵ ئاسایشی تاک و پەروەردەو فێرکردن و دیموکراسی بەربلاو، لەڕاستیدا ئومێدبەخشی سەدەی نوێیە، کە بەهۆی بڕیاری گەورەو فراوانی شکۆمەندی بونیادە چەند لایەنەکانەوە پەیدانەبون، بەڵکو لەدڵ و هزری تاکەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە. بەڵام ئەگەر ئاشتی و دیموکراسی لەسەرانسەری جیهاندا سەرکەوتو نەبێت (ئەم ئەگەرە تابیست و پێنج ساڵی داهاتودا لەئارادایە) تاکڕەوە ودیکتاتۆرەکان بەهۆی بەڵگەی نوێ و بەڵگە کۆنەکانیشەوە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هاولاتیان زۆر پڕلە گرفتتر دەبینن. سەرەڕای کەمتوانایی دەوڵەتە تاکڕەوەکان لە چاودێریکردنی بزاوتی زانیارییەکان



لەناو سنورەکانیاندا، تاک و گروپەکانیش دەتوانن بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەت ولەسەر ئاستێك کە تائێستا جێباوەڕ نییە، پەیوەندی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن. ئەمڕۆ جموجوڵی گروپێکی کە سنورەکان دەشکێنێت، ڕاستەیەکی دی هیناوەتە ئاراوە و باش ئاشکرایە کە ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان وگروپە خاوەن پەیوەندییە ڕیشەدارەکان، دەتوانن تەنانەت لە ژێر چاودێری توندوتیژانەشدا سنورەکان ببەزێنن[83].

لەولاتە دیموکراسیەکاندا، ئەم ئاڵوگۆڕانە دەتوانێت لەگەڵ ئاسانکاری هاوبەشیکردنی هاولاتیان لەژیانی مەدەنی و سیاسیدا سەقامگیری ولات باشتر بکات. هەڵبەتە ئەگەری هاتنە ئارای مۆرکی کەمتر دڵخۆشکاریش لە ئارادایە. دیموکراسی دەتوانێت لایەنێکی تەنگبینانە وتەنانەت هەڵخەڵەتێنەری گشتیانەی هەبێت و وادەردەکەوێت دیموکراسیە کۆرپەکان مەیلی ڕەفتاری هێرشبەرانەیان هەبێت.

ولاتانێکی کەنەتوانن بۆهاولاتیەکانیان ئاسایشی ئابوری و ئازادی سیاسی و ئاسایشی ناوخۆیی دابین بکەن، لەوانەیە لەگەڵ کۆچکردنی فراوان بەتایبەتی لەنێوان ڕۆشنبیرەکاندا، ڕوبەڕوببنەوە. ولاتە پێشکەوتوەکانیش پێویستیان بەدەستی کاری هونەری خوێندەوارتر دەبێت، لەوڕووەوە کۆچی دەستەبژێرەکان بۆ ولاتە پێشکەوتوەکان بە ڕادەیەکی بێنمونە ڕولەفراوانبون دەکات. ئەم کارە پێکهاتەی دانیشتوانیی ولاتە پێشکەوتوەکان ڕەنگاڵەتر دەکات و لە ناکامی ولاتەکانی دی زیاد دەکات.

بەمپێیە، ئاشکرایە کەپەیوەندی ئەفسانەیی کۆمەڵگاو دەوڵەت دەکەوێتە ژێر فشارەوە. سەرچاوەی فشاری دیش هەیە کەلەوانەیە پەیوەندی نێوان تاک و دەستەلاتەکان لە کۆمەڵگەدا لەیەك دابڕێت.

خەڵکی لە تافی پێکدانو نائارامیە گەورەکاندا، زۆرتر بۆ دەرککردن بەئاڵوگۆڕەکانو بە دەستهێنانی ئارامی دەرونی لەبەرامبەر دابڕانەکاندا، بەناچاری ڕو لەمەزهەبو ئایدۆلۆژیا دەکەن. گۆڕانکارییەکانی دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بوە هۆی سەرهەڵدانی هزری سۆشیالیستی لەسەدەکانی نۆزدەو بیستی میلادیدا. بەپێودانگێکی بچوکتر گۆرانکارییەکانی پاش جەنگی دوەمی جیهانی لە کۆمەڵگەی خۆرئاوادا لەزۆربەی زۆری وڵاتەکاندا شڵەژانی سیاسیو کۆمەڵایەتی هاوشێوەی دروستکرد، کەلەوانە دەتوانرێت ئاماژە بە لاوازبونی ئابوری شارو فرەبونی تەڵاقدانو خۆکوژیو تاوانکردنو کەمبونەوەی بەرچاوی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانو بەشداریکردنە سیاسیەکانی دیدا بکرێت[84]. بۆیە ئەم پرسیارە خۆی دەسەپینێت کە لەبەرامبەر نەگونجاوەیەکانی ئایندەدا چ کاردانەویەکی لەو شێوەیە سەرهەڵدەدات، ئەم کاردانەوەنە چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕۆڵی دەوڵەتو پێکەوە گونجانی دەوڵەتان دەبێت؟.

ئەوەی گومانی تێدانییە ئەمەیە کە بەهۆی جیاوازی هەلومەرجو بارودۆخی وڵاتەکانەوە کاردانەوە کانیشیان لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕە خێراکاندا جیاواز دەبێت. لەخۆرئاوا هەندێ لەو باوەڕەدان کە بەرهەمی مۆدێرنەکەیان– کە تیایدا پیرۆزی کارێکی تایبەت دەبێتە وەهەم و زیاتر بەهاکان جیهانین– نمونەیەکە کە کۆمەڵگاکانی دی دەبێت بەناچاری پەیڕەوی بکەن“ بەڵام بەوجۆرە نییە. ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لاوازی ئێران لە دەیەی حەفتاکاندا دەرئەنجامی چالاکی گروپە توندڕەو وچەپەکان نەبو، بەڵکو مەزهەبی شیعەگەری پێش مۆدێرنە ئەوی ڕوخاند. بەهەمان شێوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا یان لەنێو هەندێ لە یەهودیەکانی ئیسرائیل و دەرەوەی ئەو وڵاتەو لە هندستان (وەك ناسیۆنالیستانی هندی) ئێمە گەواهی گەڕانەوە بۆ پێش مۆدێرنیتە بوین. شەپۆلی سکۆلاریزمی کە بەشێکی خودی تەکنۆلۆژیای خۆرئاوایە لە زیاتری بیستو پێنج ساڵی ئایندەدا، بەشێکی فراوانی جیهان دەگرێتەوە، بەڵام بەتەواوی دەستەڵاتی





بەسەر ڕەوشەکانی ترادسیونیزمدا ناشکێت. بەپێچەوانەوە، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم ڕەوشانە بەرگێکی نوێی ژیان بپۆشن. یەکێکی دی لە دیاردەکانی ئاڵوگۆڕە دەرونیەکانی هەندێك خەڵك، دەکرێت گەڕانەوەیان بێت، بۆ ئایینو ڕەوشتەکانی خودی خۆیان و، کاتێکیش دەوڵەت بەنوێنەری ئەو نەریتو ڕەوشتانە دەزانرێت خەڵکی لەدەوڵەت نزیکتر دەبنەوە.

بەکورتی لەوانەیە هەندێ لەوڵاتان گرێدانی خۆیان بەدەستکەوتە نوێیەخێراکانی تەکنۆلۆژیا یان ئابوری یەکپارچەیی جیهانی هەڵنەبژێرن. لەلای ئەم وڵاتانە مێژو کۆتایی نەهاتوەو جیهانی (ناوەکان) هێشتا زیندوە. ئەم ئەگەرەش لە ئارادایە کە ئەم وڵاتانە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئاڵوگۆڕەکان ببنە هاوپەیمانی یەکدی. لەواقیعدا باری ماهیەتی جیۆپۆلیتیکی دەتوانێت جۆرێك لەسیاسەتی کەلتوری بێت[85]. بەرەنگارییەکی کە چاوەڕواندەکرێت سەرئەنجامی ئەم جۆری سیاسەتە کەلتورییە بێت، کە بەتەواوی ناچێتە ژێر پێناسەی جەنگی مەزهەبیەوە“ بەڵام لەوانەیە لەنێوان ئەم دوانەدا، لێکچونی زۆر لەئارادا بێت.

تەنانەت ئەگەر سکولاریزەکردنیش زۆر فراوان بێت، چاوەڕوانیەکانی ئەم کاروانە لەهەموو ڕویەکەوە یەکسان نابیت. هەر فەرهەنگێك کە ئاوێتەیەك لەکۆنو نوێ یان خۆرئاواو باقی جیهان پەسەند بکات یان نەتوانێت لەبەرامبەریدا خۆی ڕاگرێت ڕێچکەی خۆی بۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەم دژەدا دەگرێتەبەر. وادەردەکەوێت لەهەمان ئەم کۆمەڵگەیەدا، تاکەکان سەبارەت بەڕابردو ڕوبەڕوی هەڵبژاردنی زیاتر بونەتەوە.ئەوانە زیاتر دەستیان بەسەر ئەندێشەکانی دیدادەشکێت و زیاتر لە وەچەکانی ڕابردو ئاگاداری کەلتورەکانی دین، بۆ ئەزمونکردنی ڕاستەوخۆی ئەوانە هەلی زۆریان لەبەردەستدایە. بۆیە ئەم ئەگەرە هەیە کە یەکبونی ناسنامەی تاك یان گروپ لەگەڵ وڵاتدا، جێگەی خۆی بەفۆڕمێکی دی کەفرەلایەنی وڵاتە بدات و لەناوخۆی وڵاتیشدا ئەم فۆرمانە

لەوێنەی نەتەوەیی یان مەزهەبی یا ئایدیۆلۆژی یان ڕێکخراوەی بونیادنراو لەسەر بنچینەی خێڵ سەر هەڵبدەن.

هەروەها لۆژیکانە دەردەکەوێت کە سنوری کەلتوری ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی میراتی جیهانی و کەلتوری و مێژویی نین، توشی زیانی تایبەتی ببن. زیاتر سیاسەتەکانی خۆرئاوا لەڕوی کەلتوری و سیاسەتەوە، گشتگەراییں و کەلتورە دێرینەو ناجیهانیەکان مەیلی گشتگەراییان نییە.

ئێستا ئەم پرسیارە لەبەرامبەرماندایە: لەهەموو ئەمە چی تێدەگەین؟ دیارترین دەرئەنجامێکی کەلە ڕوی فشارەکان و چۆنیەتی کاردانەوەی ئەو وڵاتانەی خاوەن توانستی جیاوزن، بەدەستدەهێنرێت ئەمەیە کە هەروەکو هەردەم ئێمە لەگەڵ پێشهاتەکاندا ڕوبەڕودەبینەوە، وڵاتەکان لە زۆر ڕوی وەك دەستەڵات، دەستڕۆیشتویی، مێژو، ئەندازە و وەفاداری هاوڵاتیانەوە لەگەڵ یەکدی جیاوازیان هەیە. وڵاتەکانیش لەڕوی پێشکەوتنی ئابوری، دەستەڵاتی بونیادی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی سیاسی و دانیشتوانەوە لەیەکدی جیاوازن. ئەوانە لەو دیدەوە کە ناسنامەی نەتەوەیی تاچ ئەندازەیەك بونیاد وەك وڵات– نەتەوە یان ئیمپراتۆریەتی چەند نەتەوەیی یان نەتەوەی بێوڵات– لەناواخنی سیستمی جیهانیدا لەحاڵەتی بوندا پڕدەکاتەوە، لەیەکتری جیاوازدەبن.

ڕۆڵ و تایبەتمەندی وڵاتان لەسەدەی ئایندەدا پەیوەندی بەمەوە هەیە کەلە بەرامبەر بەرەنگارییەکاندا چۆن کاردانەوە پیشان بدەن. هەندێ لەوڵاتان هەلی تەکنیکی و ئابوری بەدەستهێناوە، بەڵام هەندێکی دی خۆی لەبەردەم هەڕشەدا دەبینێتەوە. هەندێ لەتوانایدا دەبێت سیستمی ڕێکخەرو ژێرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێویست بۆ گەشەکردنی ئابوری دەستەبەربکەن و بونیادی سیاسی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە نوێیەکانی هاوڵاتیان دەستەبەربکەن، بەڵام ژمارەیەکی دی توانای ئەنجامدانی ئەم کارانەیان نابێت، هەندێ لەو وڵاتانەش هەوڵدەدەن لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕانەکاندا بەرگری بکەن، بەڵام شکستیان ناچارییەو



www.pertwk.com

دەکەونە ناهەموارترین دۆخەوە، لەوانەیە لەهەموو ئەوانەش گرنگتر تەنها هەندێ لەوڵاتان ببنە خاوەنی سەرکردایەتیەك کە بتوانێت لەسەردەمی دانەبڕاوی بەرچاودا ڕێنمایی بکات.

بەگشتی دەتوانرێت بەمجۆرە بگەینە دەرئەنجام، کە هەندێ لەوڵاتان کە لەگەڵ بەرنگاری فراوانی یەکپارچەکردنی ئابوری جیهاندا ڕوبەڕوببنەوە سەرکەوتو دەبن. لێرەوە پەی بەم بابەتانە دەبەین کە هەندێك لەوانە بۆ ئەم ڕوبەڕوبونەوەیە فۆرمی جیاوازیان پەیداکردوە[86]. هەندێك لەوڵاتانی دی درێژە بە پایەداری خۆیان دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرە تەنگانە گەورانەدا ڕوبەڕودەبنەوە کە هاوڵاتیەکانیان لە کۆششدا بۆ دۆزینەوەی پەناگە بۆ گروپە نەتەوەیی و کەلتورییەکانی دی دەبەن، ئەم پرسە دوبارە لە دەستەڵات و دۆخی ئەمجۆرە وڵاتانە بۆ روبەڕوبونەوەی شەڕەکان کەم دەکاتەوە. هەندێ لەوڵاتانیش لەسەر مەیدانی جیوگرافیای جیهان دەسڕێتەوەو وڵاتانی نوێ لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی یان نیشتیمانی یا مەزهەبی دەبێتە جێگرەوەی. هەندێ لەوڵاتانیش بەتەواوی تێکدەشکێن و لەگەڵ ئەم شکستەدا بەدرێژایی سنورەکان دوچاری تێکڕژانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەرهەڵدانی پەناهەندەی و نەداری و نەخۆشی و توندوتیژی دەبن.

هزری گشتگیری مافەکانی مرۆڤیش چەمکی دێرینەی فەرمانڕەوایەتی وڵات دەخاتە غەرغەرەوەوە. گروپی بچوکی ناحکومی پشتیوانی لەو هزرە کۆنە دەکەن کە دەڵێت فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت پێشئەوەی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بێت هەڕەشە لێکەرێتی. ئەم هزرە بەتایبەتی لە پێشنیازی پێکهێنانی خانەی دیوانی سزایی نێودەوڵەتیدا لەحاڵەتی بیناکردندایە. چارەنوسی ئاڵۆزی (پینۆشە) ئەوە پیشان دەدات کەمافی نێودەوڵەتیش بەرەو ئەو دیدانەی کە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتان بەسودی پێودانگە یەکپارچەکانی مافەکانی مرۆڤ لاوازودەکات، لەحاڵەتی ئاڵوگۆڕدایە. لێکۆڵینەوەی مافەکانی پەیوەست بەهێرشی سوپایی ناتۆ

www.pertwk.com

دژ بەسربستان بۆ سودی ئەلبانی نەژادەکانی کۆزۆفۆ کەهێشتا بەردەوامە، ئەگەر هەیە لەوڕووەوەی کە مافی بڕیاردان لەبەرامبەر مافی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتاندا لە پێشتره (دومافێکی کەلە بلاوکراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، بەڕەسمی ناسێنراون) شێوازێك بدۆزێتەوە[87].

بەچاو پۆشی لە فراوانبونی پەراوێزی وێناکردنی ئەم هێرشەی ناتۆ، پرسی کۆسۆڤۆ ئاشکراترین نمونەی دەستێوەردانێکی سوپایی هێزێکە یان یەکێتیەکە لە کاروبارەی ناوخۆیی ولاتێکی خاوەن فەرمانڕەوایەتی بۆ سودی مافەکانی کەمینەیەك.

کەسانێك کە بەویژدانەوە لەم بابەتە دەڕوانن دەربارەی دەرئەنجامەکانی وەك یەك بیرناکەنەوە. هەندێ لەو باوەڕەدان کاتێك ستەمێك لەوجۆرەی لەسەر خەڵکی کۆسۆڤۆ بوە لەجێگاکانی دی جیهان بەبێ سزادان دەمێنێتەوە، ناتوانرێت جیهانێکی شایستە دروست بکرێت. ئەوانە لەم جۆرە پرسانەدا هانی تێکدانی فەرمانڕەوایەتی ولاتەکان دەدەن[88]. بەلام هەندێکی دی هەن کە باوەڕەیان وایە سەقامگیری نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە بەڕێزدانان بۆمافی ولاتەکان . زۆربە دژ بەوەن کە ئەمەریکا ئەو مافە دەداتە خۆی کە تاکلایەنە بڕیار بدات کام ڕەفتاری ولاتان لەو پێودانگە ئەخلاقیەی کەلەلایەن ئەمریکاوە پێناسەکراوە لای داوە[89]. ژمارەیەکی دیش نیگەرانی ئەوەن کە بەلاواز بونی فەرمانرەوایەتی دەوڵەتەکان ئەم پرسارە سەرهەڵبدات، کەچ کەسێك دەتوانێت بڕیار بدات کام زوڵم و ستەم شایستەی بەرنگاربونەوەی نێودەوڵەتیە؟ بەواتایەکی دی، کام کەسایەتی سیاسی دەبێت بڵێت جەنگێك ڕەوایە یان ناڕەوا؟ لەگەڵ ئەوەشدا، لەڕاستیدا هیچ ڕون نییە کەلەسەر ئاستی فرە نەتەوەیی چ جۆرە بەرپرسیارەتیەکی دیموکراسیانە دەبێتە جێکەوتەی بەرپرسیارێتی دەوڵەت [90]، ئایا گروپی کارمەندانی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی یان مافناسان وچالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ و دامەزراوەکانی کۆمەکبەخش – کە بەڕەسمی لەبەرامبەر کەسدا بەرپرس



نین– هەرتەنهابۆ پەیبردن بەوەی لەفلانە پرسدا چ شتێك باشترینە، شایستەی متمانەن؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە مێژوی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا تازە کەوتۆتە سەرپێ. ئەم پرسیارانەو چەندین بابەتی دی لەبیست وپێنج ساڵی ئایندەدا بەخێرایی جێگای خۆیان دەکەنەوە. بۆ نمونە لەوانەیە پێویست بکات بۆ قەوارە سیاسیەکانی کە لەگروپێك زیاترو بەلام لەدەوڵەتێك بچوکترن (وەك کۆسۆڤۆو ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق) دان بەکاریزمایەکی سیاسیدا بنرێت. ئەگەر گەواهی تیکۆشانی ئێتنیەکان بین بۆ دەستەبەرکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (کە ئەگەری زۆرە) ئەی دەبێت بۆنیادە نادەوڵەتیە فراوانەکان کە ژمارەشیان ڕو لە زیاد بونە (وەك بانکی جیهانیو یونسکۆو خانەی دادی نیودەوڵەتی– ئەگەر هەبن) دەبێت لەگەڵ ئەو قەوارە لێلانە، چ جۆرە پەیوەندیەکیان هەبێت؟

بەهەر حاڵ گومانی تێدا نییە کەلەماوەی بیستو پێنج ساڵی ئایندەدا، کارەکتەرە نێونەتەوەییەکانی دەرەوەی مەیدانەکانی دەوڵەت یان ولات، دێنە سەر شانۆ. هەندێ لەم کارەکتەرانە کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی ڕوبەڕوبونەوە هونەری وئابوری وسیاسیەکان دەدەنەوە (کۆمپانیا فرەنەتەوەییو ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان)و، هەندێکی دی وەلامی نێگەتیڤانە دەدەنەوە وەك(کارتلەکان)– لەچەند کۆمپانیایەکی بچوکتر پێکدێت لە بازرگانانی مادە سڕکەرەکانو تۆڕە تیرۆریستیەکانو تاوانکارەکان– . لەهەندێ ڕوەوە ئەم گروپەی دواییان ئارەزویانە چەندلایەنێك لەلایەنە تایبەتیەکانی دەوڵەتێك (کۆنترۆڵی قەڵەمڕەوی ژێرچاودێری ودۆخی داراییو تەنانەت سەربازگیریش) بەدەستبهێنن.

ولاتەکانیش بۆ کاردانەوە بەرامبەر بەمەترسیەکانو سودوەرگرتن لە هەلە بەدەستهاتوەکانی ئەنجامی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان خۆیان لەبەردەم پێداویستی هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیدا دەبیننەوە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەتوانین لێی دڵنیابین. بەلام خاڵی نادیار ئەمەیە کە ئایا ڕیزبەندییەکی ناوچەیی

www.pertwk.com

جیاواز سەرهەڵدەدات، ئەگەر بەو جۆرە بێت چۆن‌و چ جۆرە بەرپرسیارێتی‌و دەسەڵاتێکی دەبێت؟ ئێمە نازانین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان وبونیادە سیاسیە جیهانیەکانی دی وەك ئەفرێنەرانی وڵاتانی دی دەمێننەوە، یان ئەو پشکەیان پیدەدرێت لەجیاتی وڵاتەکان لەهەندێ بارەوە بڕیار بدەن؟ لەسەر ئاستی ڕێگریکردن لەبڵاوبونەوەی تەکنۆلۆژیاو چەکی جەنگی مەترسیدار، چ جۆرە ڕێکخستنێکی جیهانی یان ناوچەیی فەراهەم دەکرێت، ئایا لەحاڵەتی دروستبوندا ماف‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی خۆیان هەیە؟

ئەوەی نایزانین زۆرە، بەڵام چەند خاڵێکی دیش هەیە، لەگەڵ دانینان بە خۆشبونی بابەتەکە، بوار هەیە ئاماژە بە دانەبڕانێکی بێچەندوچونیش بکەین، بەو جۆرەش نییە کە هەرچی لە چارەکە سەدەیەکی ئایندەدا بەسەر وڵاتەکاندا دێت، دەرئەنجامی چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی‌و سەرکردەکان بێت لەگەڵ بەرەنگارییە تەکنەلۆژیا نوێیەکان و خێرابونی یەکپارچەیی ئابوری جیهانی. لەوانەیە دەرك بەم واقیعە بکرێت کەئەو تاکە شتەی دەگۆڕێت کاریگەری نەبێت و ئەوەشی ناگۆڕێت دەتوانێت گونجێنەر بێت" هێشتا گرفتی کۆنی جیۆپۆلیتیکی بونیان لەئارادایە، ئەم پرسە لەهیچ شوینێکی جیهاندا وەك ئاشکرایی ومەترسیداری کەنارەی ئۆقیانوسی ئارام نییە. لەم ناوچەیەدا پەیوەندی سێ لایەنەی چین‌و کۆریاو ژاپۆن کلیلی سەرەکی جەنگ یان ئاشتیە.

لە جیۆگرافیای سیاسیدا مایەی پێشبینی نەکردنی کەسایەتی‌و مردنی لەناکاو یان نەخۆشبونی سەرکردەکانیش لەکایەدایە، زۆربەی مێژونوسان (هەڵبەتە هەموو مێژونوسان لەو باوەڕەدانین) باوەڕیان وایە ئەگەر چەلەنگی سیاسی فریودەرانەی ئەدۆلف هیتلەر نەبوایە لەبنەڕەتدا جەنگی دوەمی جیهانی ڕوینەدەدا. لەگەڵ ئەوەی هیتلەر دیارترین وێنەی بە دەسەڵات گەیشتنی شەیتانە لەسەدەی بیستەمدا، بەڵام مێژوی ئەم خولەو سەدەکانی دی، نمونەی



هاوشێوەیانی هەیە. ناتوانرێت ئەگەری سەرهەڵدانی (دەوڵەتانی شێت ئاسا[91]) بەسەرکردەی شەیتان‌و گومڕاوە بەنێگەتیڤ دابنرێت‌و، ئەو زەبرەی کە سەرکردەی لەو جۆرە دەتوانێت لە سیستمی جیهانی بدات نابێت بەهەند وەرنەگیرێت. لە ئایندەدا کە چەکە کۆمەڵ کوژەکان بەفراوانی دەستاودەست دەکەن، تەنانەت سەرکردەی وڵاتیکی بچوکیش لەوانەیە لە مەترسیەك زیاتر بێت بۆ سیستمی جیهانی.

## *بواری ئاسایشی – سەربازی:*
## *کۆمەڵگا چۆن پارێزگاری لەخۆی دەکات ؟*

بواری ئاسایشی– سەربازی بیست‌و پێنج ساڵی ئایندە بەهۆی گروپی سەرسوڕهێنەر ولەبنچینەدا نامۆ بەهێزە سیاسی، ئابوری، هونەر، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیەکان کەلە بەشەکانی دی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان کردن، فۆرمەلە دەبێت. وەك ڕابردو بەرەنگارییەکان لەشوێنگەی نیگەرانییە سیاسییەکان وئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌و ئەوباوەڕانەی کەدەمارگیرانە پەروەردە دەکرێن، هەروەها ڕکابەری ئابوری و ڕیزبەندییە فەرهەنگیەکان لە ڕەوتدا دەبن. لەم بەشەی لێکۆڵینەوەیەی ئێستادا تەنها ڕەهەندی ئاسایشی‌و سەربازییانەی ئایندە دەخرێتە ژێر توێژینەوەوە.

لە ساڵی (2025) یدا کۆمەڵگاکانیش ناچارن پارێزگاری لەخۆیان بکەن‌و لەبەرامبەر قەبارەی بێنمونەی کارەکتەرەکان ومەترسیەکانیان بەرگری لە خۆیان بکەن. وەك هەموو خولەکانی ئاڵوگۆڕی خێرا کارەکتەران وهەروەها ئامڕازەکانی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی لەوانەیە بەتەواوی بگۆڕێن. کارەکتەرانی دەرەوەی دەوڵەتان ،تاك بێت یان گروپ، دەسەڵات ونفوز پەیدادەکەن وئامرازی نیگەران و وێرانکاریان دەبێت. لەوانەیە زۆربەی دەوڵەتەکان سەرنج بدەن کە

www.pertwk.com

پەیوەستبونو ناسنامەی نەتەوەیی لەنێو هاوڵاتیەکانیاندا لەنێوچوە وئەمەش کاریگەری لەسەر توانای کۆکردنەوەو بەشداری پێکردنیان لەجەنگ وهەروەها لەسەر ستراکچەری پەیوەندی نێوان سوپایی وناسوپایی داناوە.

تەنانەت لە جیهانێکیشدا کە ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی گەورە تیایدا لاوازە و لە پێناوی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکاندا ڕێگاچارەی باشتر لە ئارادایە، هێشتا ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی کە ببێتە هۆی ڕودانی جەنگو کودەتایی ناوخۆیی‌و سەرهەڵدانی چالاکی تیرۆریستانەو گۆڕانکاری هەمەگی بونی هەیە. کۆتایی جەنگی سارد، بەواتای کۆتایی هەموو تەنگژەکان نییە. دەیەیەك بیرکردنەوە سەبارەت بەڕوداوەکانی لە حاڵەتی سەرهەڵداندان لای هەر مرۆڤێکی زرنگ ئەو گومانە ناهێڵێت کە لە ئایندەدا ئەگەری ڕودانی پێکدادانی مەرگبار لە ئارادا دەبێت. ئێمە ئەم مەبەستو نمونانە لە سێ ڕووەوە دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

یەکەم: دەبینین کام لە وڵاتان یا گروپ یان تاك وبەهۆی چ تایبەتمەندییەکەوە دەیانەوێت هێز بەکاربهێنن.

دوەم: دەشێت چ جۆرە توانستێکی سوپاییان بۆبەکارهێنانی هێز لەپشکدا بێت؟

سێیەم: بوارێکی کە لەئاوێتەبونی ئەو تایبەتمەندییانەی باسکران لەوانەیە پەیدا ببێت، چۆنە؟

جەنگ لەنێوان دەوڵەتاندا لە بیستو پێنج ساڵی ئایندەدا درێژەی دەبێت[92]. وڵاتە پێگەییشتوەکان ئارەزوی جەنگیان لەگەڵ یەکدی نییە. بەڵام بەهەمان شێوە کە لەساڵی (1914)دا سەلمێنرا، پەیوەندییە هاوبەشەکانو هەستی فراوانو ساماندراری زامنکاری ڕەهای ئاشتی‌و سەقامگیری نین. وڵاتە گەورەکان (ڕوسیاو چین دونمونەی ئاشکران) لەوانەیە بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەکردن بەسودوەرگرتن لە توانستی سوپاییان دەسەڵاتی ناوچەییان



فراوان بکەن. کێشمەکێشی دوژمنایەتی کۆن (وەکو جەنگی نێوان هندستانو پاکستان) مومکینە درێژەی هەبێت. هەروەها ئەگەری دەرئەنجامی هەڵە یان خوێندنەوەی نادروستیش هەیە و دەشێت دولایەن بەهۆی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە بۆ شەڕکردن هان بدرێن. شەڕەکان لەوانەیە لە پێناوی هەوڵێك بێت بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەوشتەی بەهەڵە وێنادەکرێت یان هەوڵدان بێت بۆ بەدەستخستنی باڵایی ستراتیژی. هەروەهاجەنگەکان لەسەر جیاوازی سنوری و سەرچاوەو داخوازی زەوی دەبن. مێژوی دەیەی (1930) هێشتا پەندێکە، چونکە ئەو واقیعە مایەی وێناکردنە کە سەرکردەکان لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ پرسە ئابوری وکۆمەڵایەتیە چارەسەر نەکراوەکاندا ڕوو لە دەماگیری نەتەوەیی هێرشبەرانە دەکەن . لەهەموو ئەو جەنگو کێشمەکێشانەدا شێوازە ناسراوەکانی شەڕ لەکەشتی‌و تانكو فڕۆکە بەردەوام دەبێت.

لەلایەکی دییەوە، توندوتیژی ناوخۆی وڵاتەکانیش لەوانەیە بگاتە ئاستێکی بێ نمونە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کەلەڕوی جیاوازی نەتەوەیی‌و خێڵەکی‌و مەزهەبییەوە سەریهەڵداوە وبەهۆی ڕیزبەندیە ئابورییەکانو ئاڵوگۆڕەکانی دانیشتوانیەوە تیژتر دەبێت، لە چارەکە سەدەی ئایندەدا دیارترین جۆری بەرەنگارییەکان دەبێت. ئەم پێکدادانە پیس و ئاژەڵانەیە، کە بەناچاری کورتخایەن نەبوەو دەبێتە هۆی وەچەکوژیش، بەگشتی (نەك بەتەواوی) لەوڵاتە ناخۆرئاواییەکاندا ڕودەدەنو مومکینە وێرانی گەورەو کوشتنی سەدەها هەزار کەس لە ساڵێکدا دەرئەنجامەکەی بێت[94]. بەزۆری گروپە نیمچە سوپاییە میلیشیاکان یان دامەزراوە لەسەر نەتەوەخوازی هەڵگیرسێنەرانی ئەم جۆرە کێشانە دەبن (کە سوپاوسڤیل وەك یەك لەخۆیەوە دەئاڵێنێت). بۆ هاوسەنگکردنەوەی باڵادەستی تەکنیکی سەربازییە هەنوکەییەکان ئەم شەڕانە لەوانەیە لەناوچە شارنشینەکان و دەروبەریان ڕوبدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەم جەنگانەوە پێویست بەلادانی بنەمای بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی دەوڵەتە گەورەکان ناکات، بەڵام گەر ئەم کێشمەکێشانە ئاگری جەنگی نێوان وڵاتەکان دروست بکات یان بە ئاشکرا پێشێلی پێودانگە ناسراوەکانی نێونەتەوەیی بکات، یان ببێتە هۆی لێشاوی پەنابەری و تەشەنەکردنی نەخۆشیو زیان گەیاندن بە ژینگەی سروشتی، کار لە ستراتیژی دەوڵەتە گەورەکان دەکات. لەم بەرەنگاریانەدا، بەتایبەتی ئەگەری پێشهاتی دواییان، واتە بڵاوبونەوەی سێڵاوی پەنابەران وتەشەنەکردنی نەخۆشیو زیان گەیاندن بە ژینگە زۆرە. چونکە ئاساییە کارەساتە گەورە مرۆییەکان، کەلەسەردەمی پەیوەندیە گشتیەکاندا ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، لە ئەنجامی ئەو ململانێیانەوە سەرهەڵدەدەن. بەڵام دەوڵەتە زلهێزەکان ناتوانن بەبیانوی مافی مرۆڤەوە وبەبێ لەناوبردنی ئەو سیاسەتانەی کەلە قافی یەکەمدا فەراهەمکاری ئەم تەنگەژانە بون، بەشداری ئەم شەڕانە بکەن. سۆماڵیەکان، بۆسنیەکان، ڕوانداییەکان، کۆسۆڤۆو هایتیەکانی جیهان لەناو نەچون وگرفتێکی کە ئەوانە خولقاندویانە دەکرێت جارێکی دی سەرهەڵبداتەوە.

هەروەها ئەگەری سەرهەڵدانی جۆرێکی زرنگانەتری توندوتیژی، واتە تیرۆریزمی کارەساتاویش لە هەزارەی سێیەمدا لە ئارادایە[95]. لە کاتێکدا کە خودی تیرۆریزم شتێکی نوێ نییە بەڵام سروشتەکەیو ئەو هۆکارانەی کەلە بەردەستی تیرۆریستانی سبەینێدا دەبێت لە حاڵەتی گۆڕاندایە.

تێکدەرانی ئاینده، تەنانەت لەوانەیە کەمتر لەمڕۆ خاوەنی ڕێکخراو و زنجیرەی پلەداری بن، بەڵام بەجۆرێکی باشتر پێکەوە پەیوەست دەبن. بڵاوییان وایان لێدەکات بەنەناسراوی بمێننەوە، بەڵام توانستیان لە هەماهەنگ کردنی هەنگاوەکان بەپێودانگی جیهانی فراوان دەبێت و گروپێک لەناو وڵاتانی ناوچەیەکدا دەتوانێت ببێتە (تابوری پێنجەم[96]). تیرۆریزم بۆ وڵاتە لاوازەکان دەتوانێت پشکێکی نابەرامبەروسەرنجڕاکێش بێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ



www.pertwk.com

ڕەخنەی زلهێزەکان. لەوڕووەوە ڕادەی هێرشی تیرۆریستانی لەلایەنی دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێن ئەگەر لە هێرشی گروپە تیرۆریستە سەربەخۆو ناپەیوەستەکان زیاتر نەبێت بەلایەنی کەمەوە بەهەمان ئەندازە دەبێت. لەهەمان کاتدا، هێرشی تاکەکانو گروپە تیرۆریستیەکان، کە بەزۆری لە دەمارگیری مەزهەبیو باوەڕێکی نالۆژیکانەی ئیمان یان لە خرۆشێکی بەکوڵەوە سەرچاوە دەگرن، بەرفراوان دەبێت. تیرۆریستەکان ئەمڕۆ دەتوانن سود لەو تەکنۆلۆژیایە وەرگرن، کە ڕۆژانێك تایبەت بوو بە دەوڵەتە زلهێزەکان و سەنتەرە گەورەو پڕلە دانیشتوانەکان بکەنە ئامانجی هێرشەکانیان.

نارەزایی بەرفراوانی ڕۆژ بەڕۆژی بەشەکانی جیهان لەفەرهەنگ و بەهاکانی خۆرئاوا وئەو حەقیقەتەی کە ئەوانی دی زۆربەیان ئەمریکا بەوڵاتێك دەزانن کە بەغروری و خۆپەرستیەوە دەستەڵات پیادە دەکات، ئەو پەیامەی هەڵگرتوەکە دەکرێت فۆرمی جۆراوجۆری هەبێت“ بەڵام وا دیارە تیرۆریزم مەترسیدارترینی ئەم فۆرمە بێت. بەمپێیە، ئەمریکا دەبێت گریمانەی ئەوە بکات کە دەبێتە ئامانجی هێرشی تیرۆریستانێك کە بەهۆی چەکی کۆکوژ ولەسەرخاکەکەی چالاکی ئەنجام دەدەن[97]. ئەمریکا لەبەرامبەر ئەمجۆرە هیرشانەدا دوچاری زیان دەبێت.

پێشبینیەکی تاڕادەیەکی باش ئاگادارکەرەوە ئەمەیە کە سیستم وئامڕازەجەنگیە ناسراوەکانیش هەر لە ئێستاوە تاساڵی (2025) لەسەر ئاستێکی فراوانتر بڵاودەبنەوە. ئەنگێزە ئابوریو سیاسیە ناوخۆییەکان دەبنە هۆی پێشنیازکردنو فرۆشتنی فڕۆکەی پێشکەوتو وچەکی مۆدێرنی هێزی زەمینیو سیستمی نوێی دەریایی لەسەرانسەری جیهاندا. تەنها سیستمە زۆر پێشکەوتوەکان بەوردی پارێزگاییان لێدەکرێت.

تەنانەت ئاشکرا نییە کەفرۆشیارە سەەکیەکانی چەك بۆ ڕێگریکردن لە فرۆشتنی ئەمجۆرە سیستمە جەنگیانە بەو وڵاتو گروپانەی کە بە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر ئاشتی وسەقامگیری دادەنرێن هاوکاری دەکەن یان نا. ئەوسیستمە

www.pertwk.com

کۆنترۆڵکارییە هەناردەیەی کەئێستا چالاکە –واتە دەستوری کارکردنی (واسنار)(Wassenaar Arrangement ) دەتوانرێت بەهێز بکرێت، بەڵام ئەم کارە بە ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانەی فەزای سیاسی نێودەوڵەتیەوە بەندە. هەروەها تاڕادەیەك پەیوەستە بەمەوە کە وڵاتانی هەناردەی چەك تاچەند دەتوانن پیشەسازییەکی کە بونەتە میراتگری وبەتەواوی بەدروستکردن و بەرهەمهێنانی چەکەوە سەرقاڵن بۆ جۆرێ دی لەبەرهەمی بگۆڕن.

لەسیستمی ناسراوی دروستکردنی چەکدا، جەخت لەسەر خێرایی، نهێنی، کوژەری، وردەکاری، ماوە و تۆڕی چالاکی دەکرێتەوە. خولێکی سەردەمی پیشەسازی کە لەسەر سەکۆی فەزایەکی کراوە بێت، لەوانەیە کاتی هاتبێت، چونکە توانست و وردەکاری لەماوە درێژەکاندا لەناو هەموو چەکە ئاسمانی و دەریایی و زەمینیەکاندا پەرەی سەندوە[98]. لە ئایندەدا هێزی زۆر گونجاو کەتوانای جێگیربونی خێرایان هەیە، دەبنە جێگای ئامانج. هەڵبەتە کاروکاردانەوە کۆنەکان وتوانستەکان و هەنگاوی بەرامبەری درێژەی دەبێت و ئەگەر هەیە زانستی فیزیا رێگاچارەی ناسین و لەناوبردنی سیستمە نهێنیەکان و سەکۆ گەورەکان بدۆزێتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەم کارە لەماوەیەکی درێژدا پراکتیك بکرێت و، چونکە نەیارەکان هەوڵدەدەن بەسەرتەکنۆلۆژیای چالاکی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا سەرکەون . تەکنۆلۆژیا نوێیەکانی بەکارهێنانی ئەوچەکانە کەهەن درێژەدانی باڵادەستی ئەمریکا زامن دەکات. بۆ نمونە بەکارهینانی ئامێرەکانی مایکرۆئەلکترۆمیکانیکی لەتەکنۆلۆژیای نیزامیی ئەمریکادا دەتوانێت باڵادەستی چۆنایەتی گرنگ و نوێ لە پەراوێزی فراوانی توانستەکاندا فەراهەم بکات. چونکە توانستە نوێیەکانی جاسوسی و دژە جاسوسی کەلە تەکنەلۆژیای سروشتییەوە (بیوتەکنۆلۆژیا)وە سەرچاوە دەگرن (لەوانە بەکارهێنانی زیندەوەری بچوك بۆ مەبەستی تایبەت) لەوانەیە لە ئایندەدا قەدەغەبکرێن.



لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەوڵاتان بۆ بەدەستهێنانی چەکی مۆدێرنی ئەم ڕۆژە پەیڕەوی لە ستراتیژی تایبەت دەکەن. تاساڵی (2015) ئیتر ئەم چەکە جەنگیانە بەتەکنۆلۆژیای باڵاتر دانانرێن و لەوانەیە بەجۆرێکی فراوان لەبەردەستابن ولەجەنگە لۆکاڵیەکاندا رۆڵی چارەنوسساز بگێڕن[99]. ئەم ئەگەرەش لە ئارادایە، کە بڵاوبونەوەی تارادەیەك خێرایی چەکە ناسراوەکان چەندین ناوچەی شڵەژاو وناسەقامگیرتر کردوەو لەوانەیە جەنگە ناوچەییەکان مەترسیدارتر بکات[100]. ئەگەری بەدەستهێنانی ئەمجۆرە چەکانە لەلایەن ڕژێمە تۆتالیتاریستەکان و ڕژێمەکانی کە توانستە سوپاییەکانیان ڕۆڵی سەرەکی لەدابینکردنی ئاسایشی ناوخۆییدا دەگێڕن، بەجدی بەدواداچونی بۆ دەکرێت.

لەحاڵەتێکدا کە چەکە ناسراوەکانی سەدەی بیستەم بازاڕیشیان گەرم دەبێت، چەندین وڵاتی گرنگ بۆ ململانێکردن لەگەڵ زلهێزەکان ڕێگەی تایبەت دەگرنەبەر. ئەم نەیارە ملۆزمانە بەمەبەستی نکۆڵیکردن لە باڵادەستی ئەمریکا (کەبەهۆی تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوەکەیەوە خاوەنی ئەوباڵادەستیەیە) سیستمێکی تاڕادەیەك هەرزانی سەرمایەگوزاری کردن وچەکە کۆمەڵکوژەکان دەخەنە خزمەتی ئەم ئامانجەوە[101]. دروستکردنی ئەم جۆرە چەکانە، کە سەردەمانێك پێویستی بە ژێرخانی پیشەسازی بەهێز یان لێکۆڵینەوەی زانستی فراوان هەبو، ئاسانتر دەبێت. پێودانگە نێونەتەوەییەکان بۆ ڕێگری لە بڵاوبونەوەی ئەم چەکانە خراونەتە ژێر مشتومڕەوەو، سیستمە جیهانیەکانی کۆنترۆڵکردنی هەناردەکان، کە پەیوەستن بەچەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژییەوە، نابنە ڕێگری کاریگەر لەبەردەم دەوڵەتان یان کارەکتەرانی نادەوڵەتی کە دەیانەوێت دەستیان بگاتە ئەوچەکانە[102]. هەندێ لەوڵاتان، بە ئامانجی بازرگانی وسیاسی ئەمجۆرە چەکانە یان پارچەو پێداویستیەکانیان دەفرۆشن. دابینکردنی ئاسایشی ئەم چەکانەو پارچەکانیان لەناو خودی وڵاتیشدا کارێکی دژوارە.

www.pertwk.com

ئێستا لەنێوان چەکە ئەتۆمیو بایۆلۆژیو کیمیاییەکاندا، کامەیان و تاچ ڕادەیەك بەرهەم دەهێنرێتو بەکاردەهینرێن، پەیوەستە بەفاکتەرگەلێکی زۆرەوە. تەکنەلۆژیاو کەلوپەلی ئەتۆمی لەبەردەستدان، بەڵام بڕی تێچونی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بەرزەو مەترسی ئاشکرابونی چالاکی لەو جۆرەش زۆرە. بەرهەمێنانیو بەکارهێنانی چەکی ڕادیۆلۆژی ئاسانترو هەرزانترە. بەئاوێتەکردنی مادەی تەقینەوەی ناسراو ومادەی ڕادیوئەکتیڤ وەك پلۆتۆنیۆم دەتوانرێت چەکێك دروست بکرێت کە هەم هێزی تەقینەوەی زۆربەرزی هەبێتو هەم ناوچەیەکی گەورەش بۆ ماوەیەکی درێژ پیس بکات. بەڵام بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی زۆر لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و ڕادیۆلۆژی ئاسانترە" لەگەڵ ئەم جیاوازییەی کە هەڵگرتنو بەکاهێنانی کاریگەرانەی دژوار ترە. چالاکی ئەمجۆرە چەکانە بەهۆکارەکانی ئاو هەواوە، کەناکرێت کۆنترۆڵ بکرێت پەیوەستنو ڕادەی هێزی کوژەریی یەکەیەکی کێشانەیی ئەم چەکانە بەگشتی کەمە[103]. بەهەمان هۆوە، بەگشتی چەکی کیمیایی بۆ بەکارهێنانی دژ بەسوپای دیاریکراوی هێرشبەر کە لەمەیدانی جەنگدا نیشتەجێن یان دژبە گروپێکی بچوکی دانیشتوانی بێ چەکی ترساو گونجاوەو، پێناچێت بۆ ترساندنی هەموو شارەکان هۆکارێکی شیاو بن.

بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەوڵەتان و گروپە ناڕازییەکان لەسەدەی بیستویەکدا چەکی بیۆکیمیایی بەدەست دەهێنن. بەرهەمهێنانی ئەو چەکە بەڕادەی ئاسانی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییە، بەڵام مەرگچێنی ئەوانە زۆر زیاترەو هەڵگرتنیان ئاسانترە[104]. لە ئێستادا بۆ بڵاوکردنەوەی کاریگەرانەی زۆر لەفاکتەرە بایۆلۆژییەکان تایبەتمەندی تەکنیکی تایبەت پێویستە" بۆ نمونە فڕۆکەی لەسەرخۆ کە بتوانێت لەبەرزاییەکی دیاریکراوی دۆخێکی ئاووهەواوی گونجاودا بڵاو یبکاتەوە. وەك ئەوەی هەوڵی گرانبەها بێسەمەرکانی عێراق لەدەیەی (1990) پیشانی دا ئەمە کارێکی ئاسان نیە. بەڵام لەلایەکی دییەوە، بە



تیپەڕبونی کات هەموو ڕەوشەکانی بڵاوکردنەوەی فاکتەرە بایۆلۆژییەکان بەبەراورد لەگەڵ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی پێویستی بەشارەزایی هونەری کەمتر دەبێت.

لەوەش زیاتر، دەکرێت چەکی بایۆلۆژی ئامڕازی بچوكو چەندقۆناغ بەرهەم بهێنرێتو، بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو شێوازەکانی کەلە تاقیگەکانی دەرمانی ناسوپاییو کارگەکانی ترشاندندا باوە، زۆر بکرێت. بەخەرجکردنی بڕێکی کەمی دە تاسەد هەزار دۆلاری دەتوانرێت کارگەیەکی چەکی بایۆلۆژی بخرێتە ڕاژەوە[105]. لە ئێستادا، چەندین وڵات خەریکی بەرهەمهێنانی چەکی بایۆکیمیاین و چەندینی دیش لەم زەمینەیەدا سود لە کۆمەکی دەرەکی دەبینن. پسپۆڕانی چەکی بایۆلۆژی کە لە ڕابردودا لەڕاژەی سۆڤیەتدا بون دەڵێن کە بواری بەرنامەکانی شۆڤیەت فراوانن، بەڵام سیتەمەکانی کۆنترۆڵی فیزیکی و تەکنیکی ئەو بەرنامانە پراکتیکانە لە ئاستی سفردا بوە" دەرئەنجام دەتوانرێت بوترێت کە ئەم جۆرە مادە ژەهراویو بایۆلۆژییانە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەدەستدەکەون. پێشکەوتنە تەکنیکیەکان لە زانستی بۆماوەزانیو تەکنەلۆژیای سروشتیدا پێشەنگی پێشکەوتنی زیاترە، کەنەخشەو بەرهەمە ئەزمونکارییەکانی لەلایەن ئەندازیارانی بۆماوەوە بەکارهێنراون لە خۆدەگرێت. ئەو تاقیکارییانە دەتوانن زیاتر ئەنتی بایوتیك و ڤاکسینەکان پوچەڵ بکەنەوەو، وەدەستنیشانکردنەکانی پزیشك و بەرنامەی فراوانی دژە ژەهرییەکان تێك بدات و خشتەی زەمەنی چارەسەرکردن بدات بەیەکدا. گەمژەیەکی کە لەڕوی بۆماوەوە گۆڕاوە دەکرێت بە بەرهەمی ئەم تەکنۆلۆژیایە بێت[106].

لەم ڕوانگەیەوە ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی چەکی بایۆلۆژی لەڕێگای بڕیارو سیستمی کۆنترۆڵ کردنی هەناردەوە کاریگەری نابێت. پەیماننامەیەکی ڕەسمی چەکی بایۆلۆژی بەناوی (پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەو بەرهەمهێنانو هەڵگرتنی چەکی ژەهراویی بەکتریایی (بایۆلۆژی) و تێکشکاندنی) بڕیاری

لێدراوەو لەلایەن سەدوچل وڵاتەوە ئیمزا کراوە. بەڵام لە (ئاپرێلی– 1972) وە کە ئەم پەیماننامەیە ئامادەی ئیمزاکردن بوە تائێستا، ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە دیارن یان گومان دەکرێت کە چەکی بایۆلۆژییان هەیە، دو بەرامبەر بوە[107]. بەیاننامەی بایۆلۆژی هیچ گرنتیەکی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن یان ئامادەکاری لیکۆڵینەوەی نییە، کە هەڵبەتە ئێستا بۆ دابینکردنی ئەوانە گفتوگۆ لەئارادایە.

سیاسەتی بەیدەستکردنی ئەمریکا لەبەرامبەر ئەو وڵاتە ناسراوانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین کاریگەری دەبێت و ئەگەری بەکارهێنانی بەشێوەیەکی خۆبەخۆیانە لاوازە . بەڵام گەر وڵاتانی دیش ئەم چەکە بەدەست بهێنن ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی زیاد دەکات. بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن وڵاتانەوە پەیوەستە بە فاکتەری جۆراوجۆرەوە" بەتایبەتی بەهەڕشەکاری ناوچەیی. هەروەها بڕی خەرجی زۆری دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و دەرئەنجامی سیاسییانەی بەکارهێنانی و گرفتی شاردنەوەی ئەم ئەگەرەی کە چەکی ئەتۆمی بەشێکی بنەڕەتی سیاسەتی دەوڵەتێك بێت زۆر لاواز دەکات. بەڵام بە سەرنجدان لەوزەی تێکدەرانەی زۆر گەورەی ئەم چەکانە، ئەمریکا لە بیستو پینج ساڵی ئایندەدا ڕوبەڕوی هەڕەشەی بونی چەکی ئەتۆمی دەبێتەوە. چەکە ئەتۆمیەکان تێك ناشکینرێنو تەنانەت پەیماننامەی ڕێگری بڵاوبونەوەو دەنگدانی فراوان لەمەڕ قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی ئەتۆمیەکان ڕادەی ئەم جۆرە چەکانە بەشێوەیەکی جدی کەم ناکاتەوە.

کارەکتەرە نادەوڵەتیەکان لە هێرشی ڕاستەوخۆدا سود لەم چەکانە دەبینن. ئەم جۆرە هێرشانە، (چاوی ئافرێنراو)ی جیهانی سەردەم دەبن. هەموو کۆمەڵگە کراوەکان لەڕوی پێشهاتە دەرونیو فیزیکیەکانی دەرئەنجامی چەکەکۆکوژەکانەوە توشی زیان دەبن. ئەگەری گواستنەوەی نهێنیانەی ئەم بەرهەمە نەگریسە زۆر زیاتر لەنیو سەدەی ڕابردو بوەو ئەگەر هەڕەشەکاری نهێنی –بۆ دورە پەرێزی لەتاوانباربونو لە ئەنجامدا ڕەفتاری بەهەمان شێوە لەگەڵ



www.pertwk.com

کردن– لەهەڕەشەی ئاشکراکەی زیاترە. کوشتاری فراوان و شیاوی هەڵگرتن و توانستی دەستڕاگەشتن بەچەکە کۆکوژەکان لەهەموو چارەکە سەدەی داهاتودا مایەی نیگەرانی جدییە.

هەروەها هەڕەشەی موشەکیش لە ئارادا دەبێت" لە حالەتێکدا کە سیستمی کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنانی موشەك، کە بە سیستمی کۆنترۆڵی تەکنۆلۆژیای موشەکی ناسراوە ( Missile Technology Contrrol Regime – MTCR )، بەو بەهێزییەی خۆی دەمێنێتەوەو تەنانەت ئەگەر هەیە بەهێزتر بکرێت. بۆ دەوڵەتەکانی نائەندامی ئەم سیستمە کۆنترۆڵکردنی ئەکنۆلۆژیای پێویست بۆ ئەمجۆرە بەرهەمانە بەجۆرێکی بەرفراوان ئاسان دەبێت. ئەگەر ئێران، عێراق، کۆریای باکور، پاکستان و هندستان بتوانن سیستمی کۆنترۆڵکردنی تەکنۆلۆژیای موشەکی پوچەڵ بکەنەوە، ئەوئەگەرە لەئارادا دەبێت وڵاتانی دیش کە خاوەنی تەکنۆلۆژیای لاوازترن بتوانن لە ئایندەدا هەمان کاربکەن.

موشەکی بالستیو کرۆز دەتوانرێت بەچەکی دورهاوێژ دابنرێت. ئەم موشەکانە دەتوانن لەمەودای دورەوە ئامانجی ناو دەریا ولەسەر زەویش بپێکن. تاساڵی (2025) وردیو هێزی تێکدەرانەی ئەم سیستمە بەڕادەیەکی بەرچاو زیاد دەکاتو تەنانەت بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل بەرکاردەخرێت[108].لە چەند دەیەی ئایندەدا ململانێ لەنیوان کامڵکردنی موشەکەکانو سیستمە پەدافەندیەکان (دژە هەوایی) کێشمەکێشێکی پراکتیکانەی جدی دەبێت. بەپێچەوانەی پێشکەوتنە بەرچاوەکانی سیستمە بەرگرییەکان هێرشە موشەکیەکان بەڕادەیەکی باش دەتوانێت ئەم سیستمانە دوچاری ئیفلیج بون بکات. بنکەکانی ئەمریکا لەدەرەوە لەژێر زەبری ئەم موشەکانەدان[109]. زیاد لەمەش، هەندێ تەکنۆلۆژیای مەترسیدار یان دورلەمەترسی، وەك مایکرۆوەیڤی، وزەی چاککراو،فاکتەری گیمیایی و بایۆلۆژیکی دێنەئاراوە. ئەم تەکنەلۆژیایانە ئەو توانستە بەدەوڵەتە

www.pertwk.com

بچوکەکان دەبەخشێت تا هێزی هێرشبەرانەی موشەکی زلهێزەکان پوچەڵ بکەنەوە.

جگە لە چەکە (ئاساییەکانی)کۆکوژی، فۆرمی نوێ لە (چەکی ستراتیژی زانیاری – Strategec Information Warfare-SIW) دێتە ئاراوە، لەوانەیە وەك جۆرێکی تازەی چەکی هێرشبەر بەکاربهێنرێت. چەکە ستراتیژە زانیارییەکان لەهێرشکردنە سەر سیستمی فەرماندەیی نەتەوەیی‌و سیستمەکانی چالاکی هێزی سوپایدا بەکاردەهێنرێت[110]. لە جەنگەکاندا (بایت– BITE) جێگەی گوللە وبۆمبەکان ناگرنەوە، بەڵام ئەوانەی کە لەگەڵ هێزی دیاریی وڵاتە گەورەکاندا هاوتوانا نین، بۆ ئەم جۆرە هێرشە نائاساییانە ئەنگێزەی دەوڵەمەندیان هەیە. بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە جیهانی بازرگانی (نەك دەوڵەتەکان) داهێنەری ئەم تەکنۆلۆژیانەبوەو سیستمی بیستن‌و گفتوگۆ بەتوندی بە جیهانی بازرگانییەوە بەستراوە، بەجۆرێکی لێبڕاوانە توانستی دابڕینی جدییانەی بەشی ئاسایی چالاکی سوپایی، لەکاتی جەنگ و لەکاتی ئاشتیشدا هەیە. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەبەرامبەر ئەم ڕەوشانەدا دوچاری شۆکی تایبەت دێن، چونکە ئابوری و هێزی سوپاییمان بەتەواوی و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوی زانیاری وەستاون. لەگەڵ ئەوەی دەتوانرێ شێوازی پوچەڵکردنەوەی ئەم هەنگاوانە دابهێنرێت، بەڵام جۆری ئەم جەنگە تا ماوەیەك بەشی گرنگی جەنگەکانی ئایندە پێکدەهێنێت.

جگە لە چەکە کۆکوژەکان، چەمکێکی نوێیش کە بە (چەکەکانی دابڕانی بەکۆمەڵ) ناودەبرێت لە ئارادایە. لەبەرامبەر ئەم چەکانەدا کۆمەڵگا مەدەنیەکان پێش هێزە سوپاییەکان دوچاری زیان دەبن[111]. بەهەمان شێوە کە پێشتر وترا توانستەکانی بەخشینی دراوی و زانیاری کە بەرهەمی شۆڕشی ئینتەرنێتە، بۆتۆڕەکانی دارایی‌و بانکی‌و وزەو گفتوگۆو پزیشکی‌و ڕێگاوبانی ئەمڕۆژە زۆرمایەی ژیانن. لەوڵاتە پێشکەوتوەکاندا تەندروستی و جەنگ وئاسایشی



هاوڵاتیان بەم ژێرخانانەوە بەندن. بەڵام ئەم ژێرخانانە بۆ تیروریستەکان‌و وڵاتە هەژارەکان بە ئامانجێکی پڕ دڵەڕاوکی دادەنرێت، چونکە بەفشار خستنە سەر دوگمەیەك دەتوانرێت بە ئەندازەی بۆمبێك زیان بگەیەنرێت. بۆ نمونە، هێرشی باش نەخشە بۆکێشراو بۆ سەر تۆڕی کۆنترۆڵی ترافیکی ئاسمانی کەنارەی خۆرهەڵاتی ئەمریکا بهێنەبەرچاو، لە کاتێکدا کە زیاتر لە دو سەد فڕۆکەی بازرگانی بەدرێژایی ڕۆژێکی هەفتە لەنێوان باران‌و کەش‌و هەوای جیاوازدا سەرقاڵی نیشتنەوەن.

تائێستا چەندین دزەکاری ئینتەرنێتی رویانداوە، کە زۆربەیان لەلایەن لاوانێکەوە ئەنجامدراون کە تاڕادەیەك سیستمی ئاسایی بەکاردەهێنن. (بکوژانی خۆبەخۆ– Automata Assassins) بەخوێندنی بالاترو بونیادێکی مادی بەهێزترەوە دەتوانن زیانی زۆرتر بگەیەنن" بەتایبەتی گەر کارمەندی ناوخۆیی هاودەستیان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری تاکتیك و تەکنیکی ئیفلیج کردنی سیستمە هەستیارەکان لەئارادان. تەکنیکە ئاقڵەکانی مۆدێرن وەکو ڤایرۆسەکان، بۆمبی لۆژیکانە، ڤایرۆسە بەرەڵاکان و ئەسپەکانی تەروادە ڕەواجیان زیاتر دەبێت. ئاڵۆزی خودی‌و سروشتی پێکەوە بەستراوی سیستمەکانی وابەستەی زانیاری بوار بەتیرۆریست و ئاژاوەچییەکان یان وڵاتانی دوژمن دەدات کاری یاساغانە بکەن.پشتبەستنی زۆرمان بەم سیستمە زانیارییانە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر جۆرە دابرانێك تیایاندا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی جدی لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر لەم گۆشەیەوە بڕوانین دەبینین هیچ وڵاتێکی دی لە جیهاندا بەئەندازەی ئەمریکا زیانی پێنگات.

بۆشایی پشتی ئاسمانیش وەك فەزای زانیاری دەبێتە مەیدانی جەنگ. سیستەمەکانی لەسەر بەکارهێنانی بۆشایی ئاسمان وەستاون بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ بازرگانی نیودەوڵەتی‌و توانستە سوپاییەکان گرنگی زیاتر یان دەبێت. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ئەم جۆرە سیستمانە تازیاری هێندە

www.pertwk.com

به بەها دەخەنە ڕوکە دەستڕاگەشتنی بەردەوام بە فەزا(بۆشایی ئاسمان)، هاوتای ئاسایشی ناوخۆ دەبێت. دەستڕاگەشتن بە بۆشایی ئاسمان هێندە پڕبەها دەبێت کە هاوتای دەستڕاگەیشتن بەدەریا ئازادەکانی سەدەکانی (18، 19، 20) دەبێتەوە. بە مپێیە، مایەی سەرسوڕمان نییە گەربڵێین پرسی زۆر ئالۆزمان لەپێشە.

سودێکی کە بەهۆی فەزاروە بۆ بازرگانی جیهانی دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە سەرمایەگوزاری لەسەر ئاستی تایەبەتمەندی و تەکنۆلۆژیای بۆشایی ئاسمان زیاد ببێت. ئەم هەولانە بێگومان درێژەیان دەبێتو ڕەنگدانەوەی ئەم سەرمایەگوزاریانە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی نائاساییە[112]. ئەمریکا کە بە زیاتر لەسەد ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری لە بۆشایی ئاسماندا کردوە، لە درێژەی دەستڕاگەیشتنی بە بۆشایی ئاسمان بەرژەوەندی ئاشکرای ئابوری هەیە[113]. دەرئەنجام بەبازرگانیبونی بۆشایی ئاسمان بۆتەهۆی ئەوەی ژمارەی ولاتانو گروپەکانی کە دەتوانن وەك بوارێك سودی لێوەربگرن لە ئێستادا لەزۆر بوندایە. زیاتر لەدوو بۆ سێی ئەو شەش سەد مانگە دەستکردەی ئەمڕۆ لەخولگەی زەویدان سەربە ولاتانی دی جگە لە ئەمریکانو ژمارەیەکی زیاتر لە هەزارو پێنج سەد مانگی دەستکردی کە لە ئایندەدا بۆ بۆشایی ئاسمان هەڵدەرێن موڵکی هاوبەشی نێودەوڵەتی دەبێت، یان لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانەوە بەکاردەهینرێت. ئەم حاڵەتە مشتومڕی جاسوسیو دژە جاسوسی گرنگ دەهێنێتە ئاراوە، چونکە بەفراوانبونی سیستەمە فەزاییەکان، دیاریکردنی توانستەکانیان و ئەوەی چ کەسانێك دەستی بەخەرجییان ڕادەگات گرفتاویتر دەبێت. بۆ کاری ئۆپراسیۆنی سوپایی گرنگی بەرچاویان هەیە، بەمپێیە ئەوەی لە بۆشایی ئاسماندا ڕودەدات، گرنگی ژیانیی هەیە[114].

بەئەگەرێکی زۆرەوە چەك لە بۆشایی ئاسماندا هەیەو هەندێك لەوانە موکینە بتوانن لە ئاسمانەوە هێرش بکەنە سەر ئامانجەکان لەسەر زەوی. ئەم ئەگەرەش



هەیە کە بڕیارە نیودەوڵەتیەکان بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانە قەدەغە بکەن (وەك ئەوەی بۆ چەکی کۆکوژ ئەنجام دراوە) بەڵام بابەتەکە بێچەندوچون نییە. تاکە خاڵی ئاشکرا ئەمەیە کە مرۆڤ لە ئایندەدا بەجۆرێکی بەردەوام لە بۆشایی ئاسماندا ئامادەیی دەبێت.

بۆشایی ئاسمان لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە لەم ڕۆژانەدا کەمتر دەبینرێن لە ململانێی ستراتیژو بەرنامەڕیزی نێوان ولاتەکاندا بەشداری دەکات. دوژمنانی ئایندە، ئەو خاڵە دەزانن کە دەستڕاگەیشتن بەزانیاری دروست بەشی سەرەکی ستراتیژی سوپایی ئەمریکا پێکدەهێنێت. بە تایبەتی لەپێناوی چۆنایەتی ئۆپراسیۆنە سوپاییەکان کەمەبەستێکی گرنگی سەرانی کۆمیتەی هاوبەشە[115]. لەبەرئەوە بۆ هەندێ لەولاتان یان گروپەکان پوچەڵکردنەوەی باڵادەستی ئاسایی ئەمریکا لەڕێگای نەزۆککردنی سەرچاوەی زانیاریەکانی کەلەبۆشاییدا جێگیرن ستراتیژێکی ڕونو کاریگەر دەبێت.

ئەوانە پیشانی دەدەن، کە باڵادەستی زانیاری کارێکی ڕێژەییە، لەهەمان کاتدا ئەمریکاش لە دۆزینەوەو هەماهەنگی سیستمە فەرماندەییەکان، کۆنترۆڵی پەیوەندییەکان، ئینتەرنێتی، جاسوسی، جاسوسیو دژە جاسوسی، چاودێریو ناساندن (C4ISR) دا باڵادەستییەکی ڕێژەییانەی دەبێت، بەڵام لەبەر ماهیەتی تەکنۆلۆژیای زانیاریو ئامادەیی هەمیشەیی لە بازارە بازرگانیەکاندا هەرجۆرە بالادەستیەکیبێچەندوچونی زانیاری بە کارێکی نائەقڵانی دادەنرێت . بەپێوەری جیهانیش هێزی سوپایی بەتەواوی پشت بە سیستمەکانی جاسوسیو ناساندنی تۆڕبەندییەکانی سەرزەویو ئاسمان دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پارێزگاریکردن لەبەرامبەر هێرشی سەرکەوتوانە دژ بە بۆشای ئاسمان سیستمەکانی پشتیوانیکردن لە ئارادادەبن. بەهۆی بونی بەرژەوەندی فراوانی بازرگانی لەپێناوی زانیاری پشت ئەستور بە بۆشای ئاسمان ، ئەمریکا تاساڵی (2025) درێژە بەدەستبەسەراگرتنی سیستمی (C4ISR) نادات، بەڵام بەهۆی

سودمەندبون لە سیستمە تەکنیکیەکانی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری بەکەڵك وسودبەخش باڵادەستی خۆی دەپارێزێت[116].

ئێستا لە بەردەم ئەم پرسیارەداین: لەبەرامبەر ئەم ئاڵوگۆڕانە لەبواری ستراتیژی ئاییندەدا چ پێشهاتێك شاراوەتەوە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بوترێت لەهەموو شت گرنگترئەوەیە ئەم گۆڕانکارییانە پیشانیدەدەن کە ڕێگری ئەتۆمی وپێناسەکراو لەسەدەی ئایندەداشدا لە پێشەنگدا دەبێت، بەڵام بەکاریگەر هێشتنەوەی ئەوڕێگرییە لەڕابوردو دژوارتر دەبێت. لەسەر بنچینەی ئەزمونەکانی خولی جەنگی ساردو بە بەڵگەی هەمەچەشنەوە ناتوانرێت پێشبینی ڕێگریکردن بکرێت .

چڕبونەوە لە سەرتاکە دوژمنێکی دیار ئیتر مایەی پەسندکردن نییە، چونکە لە جەنگی ساردا ڕێگریکردن لەبنەڕەتدا کاروکاردانەوەی بەرامبەرکێی دوو زلهێز بوو، کە زیانگەیاندنی هاوبەش و توانای ناسراویان هەبوو. ئەم حاڵەتە ئێستا لە ئارادا نییە و لە ئاینده شدا بونی نابێت. لە جیاتی ئەوە، پەرشوبڵاوی فراوانی کارەکتەرەکان‌و توانستە تێکدەرەکان فۆرم بە ماهیەتی ئاستەنگ دەبەخشن. ئێستا دەبێت دروست ڕێگری لەکێ بکرێت ، بەتەواوی دەبێت کاریگەری لەسەر کام زنجیرەی پلەیی‌و سیستمی بڕیاردان دابنرێت، بەرژەوەندی‌و خەرجییە ڕێژەییەکانی چییەو لەپێناوی ڕێگریلێکردندا دەبێت چ ڕەفتارێك بنوێنرێت ،ئەمانە پرسی زۆر دژوارن[117]. نائەقەلانیەت و سەرکێشی‌و ئەگەری خراپ بەکارهێنانیش لەئارادا دەبن. بەگشتی دەبێت دوبارە چەمکەکانی جەنگی سارد بخرێنەوە ژێر لێکۆڵینەوەو لەگەڵ دۆخی ئێستادا بگونجینرێن، یان بەئاوڕدانەوە لە بارودۆخی نوێ هەندێ لەوانە بخرێنەلاوە.

ئەم بابەتەش لەڕادەبەدەر گرنگە، کەڕەوتی ڕێگریکردن لەوانەیە پێچەوانە بێتەوەو لەلایەن کارەکتەرە زەوەندو شێوە جیاوازەکانەوە ڕوو لە ئەمەریکا بکات. بۆ ئەمەریکا ڕێگریکردن لەکەسانی دی لەڕێگای هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی



www.pertwk.com

چەکی ئەتۆمی یان هێزی سەربازی گەورەو خەڵکی دی خستنە سەر ئەو باوەڕەی کە هەڕەشەکان ڕاستن‌و پەسەندکردنی لەلایەن خەڵکی ئەمریکاوە ڕویەکی کێشەکەیە. خۆڕاپسکاندن لەڕێگریکردن بەهۆی هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکان دژ بە ئەمەریکا یان هێزە ئەمریکیەکان لەدەرەوەولە هاوپەیمانەکانی، ڕویەکی دی کێشەکەیە. لە کاتێکدا کە ئەمەریکا لە بیست‌و پێنج ساڵی ئایندەدا لەڕوی توانستی سوپاییەوە لەهەموو ڕکەبەرەکانی باڵادەستتر دەبێت، بەڵام ڕێگا هەیە کە بە گرتنەبەریان (تەکنۆلۆژیای برونز)ی دوژمنێکی سەرسەخت بتوانێت (تەکنۆلۆژیای ئاڵتونی) ئێمە بشکێنێت. ئەگەر وڵاتانی زیاتر چەکی کۆکوژو توانستی گواستنەوەیان بۆ شوێن مەبەستەکان بەدەستبهێنن، ئەوکاتە بە پێچەوانەوی باڵادەستی گشتی سوپاییەوە دەتوانرێت میانەڕەوی و ڕادەی دڵنیایی سیاسەتە ئەمنیە ناوچەییەکانی ئەمریکا بە تەواوی سنوردار بکرێت، ئەمەش هەمان ئەو ڕێگریکردنە پێچەوانەیەیە.

هەروەها دەتوانین پێشبینی بکەین کە سەرەڕای پێشەنگی لە شۆڕشی زانیاریدا لەڕوی ستراتیژو تاکتیکەوە ڕوبەڕوی کتوپڕی ببینەوە. لە زۆر ڕووەوە مێژو جگەلە بڕێك کتوپڕی شتێکی دی نییە. بەهەمان شێوە کەئاماژەی بۆکرا، تەکنۆلۆژیا لە هەر ئاستێکدا بێت ناتوانێت زانیاری تەواو سەبارەت بە توانستەکان یان ئامانجی دوژمنی ئەگەریمان پێببەخشێت. ئەفرێنەری زانست و ئیدراك جگە لەمادە خاوەکەی پەیوەندی بە دۆخی شیکارو ڕاڤەکاری مێشکی مرۆڤەوە هەیەو هۆشی مرۆڤیش وەك فاکتەری بنەڕەتی چالاکی زانیاری دەمێنێتەوە. ئێمە دەبێت سەبارەت بەتوانستی پێشبینی ڕوداوەکان و کاردانەوەکانی دوژمن سەبارەت بەداهێنراوەکانمان لەخۆبایی نەبین. بواری ئاڵوگۆڕەکان بێسنورە و دوژمنە بەهێزەکانمان هۆشمەندن ودەتوانن خۆیان لەگەڵ دۆخە جیاوازەکاندا بگونجێنن. ئەوانە لەوانەیە هەوڵ بدەن ئەو زانیارییانەی ئێمە لە دەزگا هەواڵگرییەکانمانەوە وەریدەگرین بیگۆڕن. ئەگەر مێژو پێودانگی

www.pertwk.com

هەلسەنگاندنە دەبێت بوترێت کە هیچ پێشبینیەکی تایبەت دەقاودەق بەهەمان جۆری کە پێشبینیکراوە ڕونادات.

هۆکارێکی دی، لایەنی ڕۆشنبیری هەیە. نیگەرانی ستراتیژی لەگەڵ وێناکردنی ناو ئاوێنەدا هاوشانە" واتە دوژمنەکانمان بەخاوەنی هەمان ئەو بەهاو باوەڕانە بزانین کە خۆمان خاوەنیانین، لەکاتێکدا بەوجۆرە نەبن. هەندێ لەسەران و کۆمەڵگەکان بەهۆی ئامانج وبەهایەکەوە دەجولێنرێن کە ئەگەر دژ بە بەهاو ئامانجەکانمان نەبێت بەلایەنی کەمەوە لێیان جودایە وپەنا بردنیان بۆ توندوتیژی زۆر خراپ (زۆر جار دژ بە مەدەنیەکان ) هەروەك ڕابردو بێگومان نیگەرانمان دەکات و دوچاری شۆك دەبین. لەوانەیە ئەومەترسیدارییە یان پەیمانێکی کە هەندێ لە نەیاران بۆ پەنابردنەبەر ئەمجۆرە توندوتیژییە هەستی پێدەکەن، ئێمە دەرکی پێنەکەین. لێرەوە ململانێکان زۆربەی بەهۆی لێپرسینەوەی نادروست، کە بەهۆی نەزانی یان خراپ حاڵیبون لەتیۆری کەسانی دییەوەیە ڕودەدات. بەئاگابون لەکەلتورە دەرەکیەکان بەشێکی دانەبڕاوی زانیارییە ستراتیژییەکانەو وەك نەخشەکێش لە بەرامبەر نیگەرانییە کارەساتاویەکانی ئاییندەدا کاردەکات. دوژمنانێکی کە بەهاو کەلتوری ستراتیژی ئێمەیان هەیەو ڕێکخراوە سیاسیەکانیان وەك بونیادەکانی ئێمە بن و سەبارەت بە بەرژەوەندی و ڕەوشی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە هەمان هەستی ئەقڵانیەتی ئێمەیان هەبێت، ئەوانە لە دوژمنە گریمانەییەکانی ئایندەمان نابن. ئەگەر دوژمنەکانمان بەوجۆرەبن، بەوتەی یەکێك لە ستراتیژیستەکانمان ئەو دەمە (بەشێوەیەکی بنەڕەتیانە لەفاکتەرەکانی پەرەسەندنی بەرەنگاری و توندوتیژییەکان بەدوردەبین)[118].

لەگەڵ ئەمەی کارەکتەرو چەکەجەنگییە نوێیەکان تایبەتمەندی کێشمەکێشەکانی سەدەی ئایندە دەگۆڕن، بەڵام بنەمای جەنگ هەروەك شێوەی خۆی دەمێنێتەوە. وڵاتان و گروپە نێوخۆیەکان و ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکان بۆ



بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابوری و سەربازییەکانیان هەرپشت بەهێزی سوپایی و هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی دەبەستن. لەکاتی ململانێکاندا نابەرامبەری تواناو ئامانج بەکاردەهێنرێت، چونکە سۆزە مرۆییەکان بەشداری جەنگەکان دەکەن. بەرەنگارییەکان تەنها بە ئامانجە تەواو لۆژیکەکانەوە سنوردارنابێت و ناتوانین حساب لەسەر ئاستی گونجانی ڕێژەیی ئامانجەکان و هۆکارەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە بکەین. سەرەڕای پێشکەوتویی تەکنۆلۆژیای زانیاری بە ئاستێکی باڵای بێنمونە هێشتا ترس، دڵنیانەبون، مەترسی و لێڵی دیاردەکانی ململانێکان دەبن[119]. بەو هۆیەوە، دوژمنێکی کەلەئێمە کەمتر هۆشیارو بەئیرادەن بۆ فریودان و بێئەنجامکردنی توانستە تەکنیکیەکانی ئەمریکا شێوازی نوێ دەدۆزنەوە" وەکو سودوەرگرتن لە کێبڵی زانیاری ژێرزەوی تادەزگا جاسوسیەکانی ئەمریکا نەتوانن لە بۆشای ئاسماندا گوێی لێڕابگرن. سەرئەنجام دەبێت بوترێت کەوەك ڕابردو خەسڵەت و ئاڕاستەی جەنگە ئاساییەکان دەکەونە ژێر ئەم پرسیارەوە، کە جەنگ لەلایەن چ کەسێکەوە و دژبەکێ و لە پێناوی چیداو چۆن ڕودەدات؟ غافڵگیربونیش وەك مەترسی ئەژماردەکرێت" نەك لەبەرئەوەی تەکنۆلۆژیاکەمان تێکدەشکێنێت، بەڵکو چونکە داوەریکردن و پێشبینیەکانمان ناتوانن وردەکاری تەواوی ئەگەرە ستراتیژیەکان بخەملێنن[120].

لەحاڵەتێکدا کەسەرمایەگوزاری تاڕادەیەك لەسەر ئەم ئاستەی ئێستای بمێنێتەوە، جموجوڵ و توانستی ڕەوانەکردنی هێز لە هیچ وڵاتێکدا بەو ئاستە ناگات کە ئەمڕۆ ئەمریکا هەیەتی و دەستی بە هەموو خاڵەکانی جیهان ڕادەگات. ئەم باڵادەستی سوپاییەی ئەمریکا بەرهەمی کارامەیی هێزی سوپایی ئاست بەرزو مەشق دیدەو تیۆرە گونجاوەکانی سوپایی و هەروەها ئامادەکارییە نوێیەکانە. لەگەڵ ئەوەشی کە تەکنۆلۆژیا وزە بەخشێکی بنەڕەتیە، بەڵام تەنها یەك لایەن لەبەشەکانی توانستە سوپاییەکان پێکدەهێنێت[121]. هێزی سوپایی لەکۆی توانستە جیاوازەکانی هێزی چەکداری یان میزانیەی بودجەی بەرگری

www.pertwk.com

زیاتره. بۆیه پشتگیری بەردەوامی خەڵکی لەسوپاو پاراستنی ئیدارەی سیاسی لەبەدواداچونی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان وەك بەشی بنەڕەتی سەرکەوتن دەمێننەوە .

ویلایەتە یەکگرتوەکان پێشڕەوی دێرینەی لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتودا دەپارێزێت، بەڵام ئاشکرا نەبونی سیستمەکانی زانیاریو ئۆتۆمبیلو مرۆڤ خێراتردەبن(122) . وەك هەمیشە، هەبونی هۆکارو کەلوپەلەکان شتێکەو ڕۆکردنیان بۆ ناو کەلتوری سیستمی مرۆڤ شتێکی دیيە. سەرکەوتویی بازرگانی ئەمریکاش لەفراوانکردنی سیستمەکانی زانیاریو فەرماندەییو یەکپارچەکردنی سیستمەکانو بەڕێوەبەرێتی زانیاریدا ئەم وڵاتە لە پێشەنگدا دەهێڵێتەوە .

لەگەڵ ئەمەشدا هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش دەبنە خاوەنی ئەودەستەکەوتانە لەتەکنەلۆژیای پێشکەوتو وسەرنجڕاکێش لە توانستی ئینتەرنێتی ناو سیستمە سوپاییەکان " بەڵام لە ئەمریکا دواکەوتوتر دەبن. ئەم دواکەوتوییە ماوەی نێوان ئەمریکاو ئەو وڵاتانە بەئاڕاستەی سازشو مامەڵەکردن بردوەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانستی هاوپەیمانەکان لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا. جگە لەو بۆشاییەی دەرئەنجامی تەکنۆلۆژیایە، ئەوبەرەنگارییە گەورەیەی کەلەبەئەستۆگرتنی بەشداری وپەسندکردنی مەترسییەکانەوە سەرهەڵدەدات، کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوپەیمانان دادەنێت .

وەك هەمیشە، یەکسانی لە بڕی بەشداریو ڕادەی مەترسییەکان دامەزراندنی ئیتلافەکان قورستر دەکات، بەڵام هۆکارەکانی دروستبونی جەنگ گۆڕانی سەرەکی بەسەردا نایەت. مرۆڤەکان، هەمیشە بەوبەڵگانەوە جەنگیون کە لەلای ئەوانی دی مایەی دەرککردن نەبوە ، لە ئایندەشدا هەروا دەبێت . دەرکەوتەی فۆرمی نوێ لەجەنگە ئایدۆلۆژییەکان دورنییەو مەزهەب لەناوناچێت . ئەم ئەنگێزانە هەستی تیژیان بەرهەمهێناوەو پیشانیدەدەن کە شەڕەکانی داهاتو دەقاودەق وەك پێناسەو پێشبینیە جەنگیەکانی ئەمریکا نابێت . جەنگ، وەك گەمەیەکی



ئینتەرنێتی نییە، ئەگەرچی لەوانەیە هێزەکانی ئەمریکا لەهەندێ ڕوەوە بێنمونە بن، بەڵام ناتوانین واتێبگەین کە دوژمنەکانیشمان هەمان بۆچونیان دەبێت .

ئاشکرایە لە ئایندەدا ستراتیژی سوپایی ئەمریکا، کە پشتبەستن بە هێزە جێگیرەکانی پێشتر و ئامادە باشییەکەی بەشی سەرەکیەتی، ڕوبەڕوی بەرەنگاری نوێ دەبێتەوە . جێگیربونی هەمیشەیی هێزە کانی ئەمریکا لە دەرەوە گرفتاویتر بوەو تێچونی سیاسیانەی ئەم بنکانە لەسەر خاکی هاوپەیمانەکانی لەوانەیە زیاتر بێت. ئەم هێزانە لەبەرامبەر هێرشی موشەکی بالیستیکی و کرۆزەکان و هەروەها تیرۆریستی و چەکە کۆکوژەکان زیاتر دوچاری زیان دەبن . دۆخی لەوجۆرە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی پشتیوانیکردنی بەرەی ناوخۆلەو بنکانە . بەگشتی دەتوانرێت بوترێت کە فشار هاوردنە سەر بنکە سوپاییە هەمیشەییەکانی ئەمریکا کاریگەری قوڵی بۆسەر ستراتیژ و تواناکانی پیادەکردنی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا هەیە و دەبێت .

بەمپێیە، بواری ستراتیژی ئایندە لاوازی دەستیگەردەلول بوەو ئارامیو سەقامگیری لەوانەیە بەخەرجییەکی کەم بەدەستنەیەت یان تەنانەت بەهیچ خەرجیەك دەسەبەر نەکرێت. چەقین و چاوەڕوانیکردنی نیشتنەوەی گەردەلولیش پراکتیکانە نییە . سیستمی نێودەوڵەتی هێندە ئاڵۆز بوە کە تەنانەت هزرێکی ڕوت سەبارەت بە پرسێکی سوپایی بەکارێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی و تەکنیکی و ئابوری دێتەئەژمار. بۆ ئەم بوارە تەنها پێناسەیەکی فراوان لە ئاسایشی نەتەوەیی گونجاوە .

بەکورتی دەبێت بڵێین: پێمان ناوەتە خولێکەوە کە دەبێت زۆربەی ئەو تیۆرە بنەڕەتیانەی کەلەسەر بەستەڵەکەکانی جەنگی سارد ڕێنماییان دەکردین دوبارە بخرێنەوە ژێر باسولێکۆڵینەوەوە . پاش دەساڵ لە داڕمانی دیواری بەرلین ئەم دوبارە پیاداچونەوەیە دەستی پێکردوە ، بەڵام ئەوەندە بەس نییە . گۆشە

www.pertwk.com

بەرایبیەکانی ڕوداوە سوپاییەکان لەحاڵەتی ئاوەژوربونەوەدایە و ئەم کارە هزری جدی و چڕبونەوە دەخوازێت. خەسڵەتی کاردانەوەی هزری و پراکتیکانە، کە پایەکانی ئەمریکای لەخولی جەنگی سارددا پێکدەهێناو بونیادی هێزەکانی لەسەر ڕاگیاربو، بۆئەو سەردەمەی کە دێتە پێشەوە شیاو نییە . ئاسایش‌و ئاشتی ڕێژەیی لەسەدەی ئایندەدا بەپەرچەکرداری ئەمریکاو وڵاتانی دییەوە بەرامبەر بە ڕەوتەکانی لە حاڵەتی گۆڕاندان پەیوەست دەبێت.

## فەسڵی دووەم

# بزاوتنی جیهانی

و: مەجیدساڵح

ئەوەی لەلاپەرەکانی پێشدا باسی لێوەکرا گەر هیچی نەسەلماندبێت, بەلای کەمەوە ئەو ڕاستیەی ئاشکرا کردوە کە جیهان هێندە ئاڵۆزو بەربلاوە زانیاری و بڕستی ئەندێشەی ئێمە توانای پێشبینیکردنی ئایندەی نییە.

فۆڕمی گشتی ڕەوتی جیهان ئەوە دەردەخات کە ولاتان و سەرزەوییەکان بەبەردەوامی لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێ هۆکاری جۆراو جۆردان، بێ هیچ دودلێەك لەساڵی( 2025) لەچاو ئەمرۆدا زۆرتر پێویستیان بە دەرەوە دەبێت.

بەوحاڵەشەوە ڕەوتی جیهان رەهانییە و لەهەمو شوێنێکی دونیادا وەك یەك نییە. هەر بۆیە بۆ دەرخستنی سیمایەکی راستەقینەی ئەوجیهانە کە لەپێشماندایە پیویستمان بە شیکردنەوە و لێکولینەوەی سەر زەویە جیاجیاکانی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە جیهان پۆلین دەکەین بۆ پێنج سەر زەوی جوداو جیاواز و دەست دەکەین بە لێکوڵینەوە لەسەر بەشەکانی.

### ئەوروپای مەزن:

لەسەدەی ڕابردودا ئەوروپا کاریگەریەکی زۆر قوڵی لەسەر ئاسایشی نەتەویی ولایەتە یەگگرتوەکان هەبوە . بۆ ئەوەی ئەوروپا نەکەوێتە ژێر دەسەلاتی ئەو هێزەی کە دژبە بەرژەوەندیە نەتەوییەکانی ئەمریکایە , ئەمریکا بەشداری لە دوو جەنگی جیهانیدا کردو بەرگەی چل ساڵ شەڕی ساردی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت



www.pertwk.com

گرت . بۆ ئەو مەبەستە ئەمریکا سەرچاوەیەکی دارایی و سەربازی یەکجار گەورەی خەرج کردو تەنانەت بونی خۆی وەك دەوڵەتێك خستە مەترسیەوە(124).

ئەوروپای مەزن – کەبریتییە لە ولاتانی ئەورپای رۆژهەلات و رۆژئاواو ناوەراست و ڕوسیە– دیسانەوە لەبەر زۆر هۆ تابیست وپێنج ساڵی ئایندە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا پڕ بایەخ دەبێت. تاساڵی( 2025) ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپا بە نزیکەی( 761) ملیون کەس بەراورد دەکرێت (125) . ئەم ناوچەیە لەڕوی ئابورییەوە لەشێوەی یەکێتیەك لەناویەکدا ئاوێتە دەبێت، کە لەم ڕوەوە نەختێك لە ئابوری ولایەتەیەگرتوەکان گەورەترە(126) . هەروەها ئەم سەرزەویە وەك سەنتەرێکی دارایی و ئابوری نێودەوڵەتی و تەوەرێکی داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژی و هەروەها ناوچەیەکی بەهێزی پەرەپێدانی توانستی سەربازی پێشکەوتو و بکەرێکی گرنگی سیاسەتی جیهانی دەمێنێتەوە .

سەرباری ئەوەش, ئەوروپا لەڕوی فەرهەنگیشەوە بۆ ئەمەریکا گرنگە . ڕەگی مێژویی و فەرهەنگی زۆربەی ئەمریکیەکان بۆ ئەورپا دەگەڕێتەوە و ئەم هۆکارە لەسەدەی بیست و یەکیشدا کاریگەری دەبێت . لەوەش گرنگتر بناغەی فەلسەفەی و پێکهاتەی سیاسی ئەمریکا کەلە بنچینەدا ئەوروپاییەو، سەر زەوی ئەوروپا وەك گەورەترین و بەهێزترین کۆمەڵە دەوڵەتێك کە لەڕوی دیموکراسیەوە لەگەڵ ئەمریکادا هاوبەشن وەك و خۆی دەمێنێتەوە . هەروەها ئەم هەرێمەی دونیا بە جۆرێك بەکۆمەڵێ پەیوەندی ئابوری و کەلتوری سیاسییەوە بە ئەمریکاوە گرێ دراوە کە پچرانی بۆ نییە (127).

لەبەر کۆمەڵێ هۆکار، لەناویاندا ئەوانەی دیاریمان کردن, گۆڕانکارییەکانی ئەوروپای مەزن لەسەدەی بیست و یەکەم و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا وەکو جاران بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان پڕبەها دەبێت، بەلاّم بەڵگەیەکی تر هەیە کە گرنگی ئەورپای مەزن دەردەخات: ئەم کشوەرە دەتوانێ

www.pertwk.com

ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی گێرمەوکێشە" گرفتێك کە لەوانەیە لە یەکێك لەم سێ شێوەیەدا دەرکەوێ:

– کامڵبونی دامەزراوەکانی ئەورپای رۆژئاوا لەماوەی بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا , لەوانەیە بێتە هۆی سەرهەڵدانی پێشبڕکێی ئابوری و سیاسی جیاواز وململانێی راستەقینە لەگەڵ ئەمریکادا . سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە یەکێتی ئەورپا بتوانێت بۆ شێوە ولاٚتێکی فیدراڵ و خاوەن تاکە سیاسەتێك بۆ ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە بگۆڕێت، یان لەکاتی سەر نەگرتنی ئەو هەولاٚنە دوبارە بۆلای سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بگەڕێتەوە ئەو گومانە هەر دەمێنێتەوە "(128)

– ئەگەر لە ئایندەدا , ڕوسیای پاش کۆمونیزم توشی گرفت بێت یان لەبەر یەك هەڵبوەشێتەوە، یاخود جارێکی تر رژێمێکی چەوسێنەر وفراوانخوازی شێوە ئێمپریالیستی لەو ولاٚتەدا بێتە سەرکار, ئەگەری ئەوە دەبێت یەکسەر ئەوروپا بۆ ناو زەلکاوی پڕ لەکێشەی ئاسایشیی کێش بکات"

– سێیەم سەرچاوەی گێرمەوکێشەش لەوانەیە لە ولاٚتانی نێوان ئەوروپای رۆژئاوا و ڕوسیاوە سەرچاوە بگرێت، کە ئایندەی ریفۆرمە سیاسی و ئابوریەکانیان لەرزۆکە.

لە دەییەکانی ئایندەدا سێ هێزی گەورەی سیاسی و ئابوری کۆمەلاٚیەتی, ولاٚتانی ئەورپای مەزن دەخنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە .

1–**نمونە گۆڕاوەکانی کۆمەڵناسی**: ئەم نمونانە پێویستیان بە کۆمەڵێ سیاسەتی نوێی کۆمەلاٚیەتی هەیە کە دەرئەنجامەکەیان گۆڕانکارییە . جگە لە تورکیا, ئەمرۆ هیچ کام لەولاٚتانی ئەورپایی خاوەنی ئاستێکی گەشەسەندنی جێگرەوەی دانیشتوانی نین و، تاساڵی( 2025) بەدور دەزانرێ ئەم ڕەوتە گۆڕانی تێبکەوێ . پیربونی کۆمەڵ بەردەوام فشار دەخاتە سەر بڕیارەکانی لەئارادان, چونکە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە دراوبەو سیستەمە دەدەن لەچاو ژمارەی ئەو



خانەنشینانەی کەدراو وەردەگرن کەم دەبێتەوە(129) . ترس لە کۆچبەرە نائارامەکانی (لەڕوی سیاسیەوە) ئەوروپای رۆژهەلاٚت لەوانەیە ببێتە هۆی سنوردارکردنی یاسای کۆچبەری و ببێتە هۆی داخرانی یەکێك لەو رێگایانەی ئێستا بۆقەرەبو کردنەوەی ڕەوتی کۆمەڵناسی . تەنانەت ناکرێ ئەوە بەحەتمی بزانرێ کە کۆچکردنی بێسنور لە ئەورپای رۆژهەلاٚتەوە بۆ( 25 )ساڵ بەردەوام بێت ، کە ئەمەش تاڕادەیەك بەهۆی ئەوتێڕوانینە مێژویی و کولتورییە جیاوازەیە بۆ کۆچکردن .

لەخۆرهەلاٚتی یەکێتی ئەوروپادا, ڕەوتێکی کۆمەڵناسی هاوشێوە دەر ئەنجامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. کۆمەڵگای روسیاش توشی پیربون هاتوەو (لەساڵی 2005 دا نزیکەی 0/025 دانیشتوانی ئەو ولاٚتە تەمەنیان لە 60 ساڵ زیاتر دەبێت) هەروەها بەهۆی دابەزینی ئاستی زاوزێ و قەیرانی تەندروستی و ژینگەیی خراپەوە ژمارە دانیشتوان کە لەساڵی 1995 دا 145 ملیون کەس بولە ساڵی 2025 دا دەبەزێ بۆ 139 ملێون کەس (130). پیربونی کۆمەڵگای ڕوسیا فشاری زیاتر دەخاتە سەر خەرجیە کۆمەلاٚیەتیەکان و لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بێکاری و کارانەبونی سیستەمی باج وەرگرتن، لەم ڕوەشەوە تەرخانکردنی بودجەی پێویست دژوار دەکات . لەوەش خراپتر باری ئابوری ناهەمواری ڕوسیا ڕێگرە لەبەردەم گرتنەبەری سیاسەتێکی کۆمەلاٚیەتی گونجاو– شتێکی کەلەپێش دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبونەوە بێت–. بێدەسەلاٚتی مۆسکۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە, نائارامی کۆمەلاٚیەتیەکانی فراوانتر کردوەو دەبێتە هۆی زیاتر دابەزینی ڕەوایی حکومەتی ناوەندی .

www.pertwk.com

**ناوەندی تەمەنی دانیشتوان لە ئەوروپای مەزن**




لەولاْتانی ئەوروپای رۆژهەلاْت و ناوەراستدا , بەرەنگارییە سەرەکیەکان دولایەنی دەبێت :

– سەرەتا ئایا ولاْتەکان دەتوانن تۆڕەکانی دەسەبەرکردنی کۆمەلاْیەتی کە پاش ڕوخانی دیواری بەرلین لەناو چون چاکبکەنەوە؟

– دوەم ئایا ئەم کۆمەڵگایانە دەتوانن لەپاڵ گوشارە ئابوریەکاندا, کولتوری سیاسی نوێ، کەپشت بە دیموکراسیەت دەبەستێ, بپارێزن ؟

2– **ئاستەکانی گەشەی ئابوری** : ئەمە فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئایندەی ناوچەکە . مەرجی سەرکەوتنی سیاسەتی ئاسایشی هاوبەش و دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاو هەروەها سەرکەوتویی یۆرۆ بەندە بەوەوەی ئاستی گەشەسەندن لەوئاستە زیاتر بێت کە رێکخراوی هاوکاری و ئابوری و پەرەپێدان پێشبینی کردوە . واتا ئاستی گەشەسەندن لەماوەی( 25 ) ساڵدا بەشێوەیەکی ناوەند لەسەدا دونیو بەرز



بێتەوە . ئەگەر ئاستی گەشەسەندن لەوە کەمتر بێت , ئەوا توانای یەکێتی ئەوروپا بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوری و دارایی و یەك دراویەکەی بەرتەسك دەبێتەوەو ئەمەش کار لە چارە نوسی یۆرۆ دەکات.

بەلای خەڵکی رۆژئاوای ئەوروپاوە زۆر گرنگە ئەو راستیە بزانن کە ئایا دەتوانن رێگەیەك بۆ گونجاندنی بۆچونەکانی باشکردنی ئاستی کۆمەلاْیەتی لەگەڵ ئەو تیۆرە وشك و گەورە ئابوریەی کەبەم دوایانە خراوەتە ڕوو, بدۆزنەوە؟ لەوانەیە ئایندەی یۆرۆش لەمەترسی دا بێت . دابەزینی بەهای یۆرۆ لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی( 1999) دا زیاتر لەبەر ئەوە بو کە چاوەڕێی ئەوە دەکرا ئاستی سود لە ئەمریکا بەرزبێتەوە . هەندێك پەیوەندی نێوان ڕادەی دامەزراوەکانی خۆشگوزەرانی ئەوروپا و نرخی ئالوگۆڕی دراوەکانی بەهۆکارێکی بنەڕەتی دەزانن . لەو ولاْتانەی کەبەرنامەی خۆشگوزەرانی بەر بلاْویان هەیە ئارەزو بۆ گەشەسەندنی ئابوری کەمترە ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بانکە سەنتەرییەکان بۆ خستنەگەڕی ئابوری ڕێژەی سودەکان دابەزێنن . لەئەنجامدا فراوانی بازرگانی دروست دەبێت . بەلاْم لەم حاڵەتەدا بەهای دراوی نەتەوەیی دادەبەزێ . ئێستا لە یەکیەتی ئەوروپادا گرنگیەکی زۆر دەدرێ بە پرسەکانی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی خۆشگوزەرانی ئابوری ئەوروپا لە ئایندەدا.

ئاستی گەشەکردنی ئابوری لە کشوەری ئەوروپا کاریگەری گرنگی تری هەیە . پەیوەندی نێوان باشکردنی ئایندەی ئابوری و چەسپاندنی حکومەتی دیموکراسی تا ڕادەیەك دولایەنەیە . باشبونی ئابوری ناتوانێ سەقامگیری سیاسی بپارێزێ, بەلاْم یارمەتیدەدات. هەربۆیە, لە ڕوسیا و ڕۆمانیاو لیتوانیاو بوڵگاریا باشبونی ئابوری پشگیری خەڵك بۆ ریفۆرم خوازەکان ئاسان دەکات وخراپ بونیشی مەسەلەکە دژوار دەکات. ئاستی هاوکاری ئەوروپای رۆژهەلاْت و ناوەند(لەناویاندا ڕوسیا) لەگەڵ جیهانیشدا لەئایندەی ناوچەکەدا کاریگەری گرنگی هەیە. ئەگەر چالاکی ئابوری جیهان ڕەوتێکی دروستی هەبێ ئەوابۆ

www.pertwk.com

گرتنەبەری باشترین شێوازی نێودەوڵەتی ئەنگێزەیەکی بەهێزتر لەئارادا دەبێت و سیاسەتێکی پۆزەتیڤانە لە ناوچەکەدا سەرهەڵدەدا. بەڵام ئەگەر باری ئابوری نێودەوڵەتی تەندروست نەبێت, ئەو جۆرە خواستە لاواز دەبێت و کاریگەری پۆزەتیفی لاوازی بەدوادا دێت .

3– **ڕێبەرایەتی سیاسی** : ئەم هۆکارەش ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئایندەی ئەو سەر زەویەدا دەگێڕێ . ئەو ڕێبەرە دلێرانەی زۆربەیان پاش جەنگی سارد پەروەردە کراون دەتوانن بە پێی ئەو ئەزمونەی کە لە دروستکردنی یەك دراوی یەکێتی ئەوروپاو گواستنەوەی ئازادانەی کالاو خەڵك لە سنورەکان بەدەستیان هێناوە سیاسەتێکی ئاسایشی و دەرەکی هاوبەش بۆ ناوچەکە دابڕێژن . لە ئەگەری نەبونی ڕێبەرانی لەوجۆرە لەوانەیە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا نەیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان بخەنە ژێر ڕکێفی دەستەیەکی چەند نەتەوەیی .

لەڕوسیاش, هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە نەتوانێ دیموکراسی بە تەواوی بەرقەرار بکات, بەڵام بونی ڕێبەرێکی بەهێز, کەپابەند بێت بە تیۆرەکانی دیمکراسیەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە گەڕانەوەی کارەسات بارییەکانی جاران زۆر پێویستە . ئەو ڕێبەرە کارێکی وا دەکات تاکو کۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر ئەو وڵاتانەی کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە بمێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی هاوکاری و سەرمایەگوزاری وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری وپەرە پێدان و دامەزراوە داراییە نێو دەوڵەتیەکان . بەبێ ڕێبەرێك کە بڕوای بە دیمکراسیەت هەبێت, ئەگەری ئەوە هەیە ڕوسیا لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە, یان بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕێبەرێکی پاوانخوازەوە .

مەترسی هاتنە سەرکاری ڕێبەرێکی لاواز لە ناوچەکانی تری ئەوروپا, ئەوان دەخاتەبەردەم بەرزەخی نێوان ڕۆژئاوای دیموکراسی و روسیای خاوەن مەسەلە . کۆماری چیك و بولگاریا و چەند وڵاتێکی تری ئەو جێگەیەی کە بە وڵاتانی



ناوەند ناسراون ڕیشەیەکی ڕۆژئاوایی قوڵیان هەیە (ئەویش بەهۆی پەیوەندی ئایینی ومێژویی و جوگرافی‌یەوە)، بەڵام وڵاتانی تر بەتەواوی یان تا ڕادەیەکی زۆر ئەو ڕیشەیەیان نییە . ئێستا کەلەسەرەتای ساڵانی پاش شەڕی سارددا‌ین هەموو ئەو کۆمەڵگایانە کەم تا زۆر بەرەو لای خۆرئاوا پەلکێش دەکرێن . بەڵام چۆنیەتی ڕێبەرایەتی سیاسی لە (25 ) ساڵی ئایندەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت بۆ دیاری کردنی ئەوەی کە کام یەك لەو کۆمەڵگانە ڕێگەو ئیرادەی گۆڕانکاری خۆیان (کەئارەزوی ڕاستەقینەیانە) دەدۆزنەوە و دەرئەنجامی ئەم ئاڕاستەیەش لە ئایندەدا کۆمەڵێ سنوری کولتوری و سیاسی نوێ بەرهەم دەهێنێت .

ئەوەی پاش ئەمە دێت, شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی دورودرێژی ئەو ئاینده جیاوازەیە کە پەیوەستە بە ئەوروپای مەزنەوە . ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دیاریکردنی ئەو ناوچەیەی کە گەشەسەندن و سەقامگیری ڕێژەیی هەیە دەستی پێکردوەو تیایدا ئەو ڕەوتەی کەدەگاتە ئەو ئاینده باشە هەڵدەسەنگێنرێن . پاشان هەندێ ئەگەری تر کە بەلای ئەمریکاوە کەمتر بە پۆزەتیف دیاری دەکرێت, هەڵدەسەنگێنرێت .

بەپێی یەکێك لەو تیۆرانەی کەلە بارەی ئایندەی ناوچەکەوە هەیە, هەروەها یەکێتی ئەوروپا دەبێتە پێشەنگی زۆر لەو بۆچونە پۆزەتیفانەی کە دەبنە هۆی گۆڕانکاریە جیهانیەکان . هەروەها یەکێتی ئەوروپا بە سەرمەشقی بڕێك لەو وڵاتانەی کەپشتیان بە لیبرال– دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و کەمبونەوەی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر بازاڕدا بەستوە دەمێنێتەوە . سەرئەنجام , ئەم یەکێتیە ڕۆڵێکی گرنگتر لە ڕێبەرایەتی نێودەوڵەتی دا لە ئەستۆ دەگرێ.

ئەگەر گونجانی سیاسی و پەرەسەندنی ئابوری یەکێتی ئەوروپا بە پێی بەرنامە داڕێژراوەکە بەڕێوە بچێت, ئەوا دەتوانێ بەچەسپاندنی دیمکراسی و بازاری ئازاد بەلای کەمەوە هاوکاری هەندێك لە وڵاتانی دراوسێی ڕۆژهەڵات و باشوری خۆی بکات . خاڵێکی‌تر کە بەهەمان ڕادە گرنگی هەیە ئەوەیە کە لەم

www.pertwk.com

حاڵەتەدا مەترسی سەرهەڵدانی دوبارەی شەڕ لەنێوان ولاّتانی ئەوروپادا نامێنێ . زۆرکەس لەوباوەڕەدایە لەم هەلومەرجەدا هاوکارێکی بە هێز و هاوبیر بۆ ئەمریکا دروست دەبێت کە بەرپرسێتی ڕێبەرایەتی جیهان لە ئەستۆ دەگرن .

لە ساڵی (2025) دا یەکێتی ئەوروپا یەکێتیەکی ئابوری و دراوی و بازرگانی سەرکەوتودەبێت، دەبێتە خاوەن سیستمێکی دادوەری و پێکهاتەیەکی مافپەروەری هاوبەش . ئەم یەکێتیە, لەژێر ڕێبەرایەتی سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئەوروپاو (نوێنەری باڵای سیاسەتی ئاسایش ودەرەکی هاوبەش) سیاسەتێکی ئەمنی و دەرەکی هاوبەش دەگرێتە بەر. هەروەها لە ڕێگەی سەنتەرێکی یەکگرتو و فەرماندەییەکی یەکگرتوی هێزەکانی بەرگری ئەوروپاوە ئاسایشی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت و، بە وەرگرتنی ئەندامی نوێ لە رۆژهەلاّت وناوەندی ئەوروپاوە, ژمارەی ئەندامەکانی دەگاتە بیست ئەندام, لەم قۆناغەدا ئەگەری بونە ئەندامی تورکیا 50٪ دەبێت .

لەبەر نزیکی ولاّتانی باڵتیك و ئۆکراین لە روسیاو لەبەربونی پەیوەندی مێژوییان لەگەڵ ئەو ولاّتە, بونە ئەندامیان لە یەکێتی ئەوروپا گومان و دودڵی لەسەرە . بێ گومان ولاّتانی باڵتیك پێوانەی ئابوری پێویستیان بۆ بونە ئەندام دەبێت, بەلاّم بە دور دەزانرێ ئۆکراین بتوانێ ئەو پێوانانە ئامادە بکات. لەم هەلومەرجەدا, نارەزایەتی روسیا لەمپەرێکی گرنگە, بە تایبەت ئەگەر یەکێتی ئەوروپا ئەرك و ستراتیژی سەربازی جدی بگرێتە بەر. ئەگەر یەکێتی ئەوروپا ولاّتانی باڵتیك و ئۆکراین بکاتە ئەندامی خۆی, پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیادا دوچاری قەیرانێکی گەورە دەبێت . ئەگەریش ئەو ولاّتانە نەکاتە ئەندام ئەوا کۆمەڵە پەیوەندییەکی نائارام ڕوخسارێکی هەمیشەیی دەبێت .

بەدەرلەوەی یەکێتی ئەوروپالە ئایندەدا چ پانتاییەکی دەبێت, بەلاّم ئەوروپایەکی یەکگرتوی کامڵ بە پێودانگی جیهانی دەبێتە خاوەن توانایەکی تەکنیکی و ئابوری و سیاسی . ئاستی گەشەسەندنی سالاّنەی ولاّتانی ئەوروپا بە



شێوەیەکی ناوەند لەسەدادوو ونیو بوەو ئەگەری زیادبونی سود لەگەڵ ئەو گەشەسەندنەی کە باسمان کرد هاوتەریب بێت, یەکدراویی یەکێتی ئەوروپا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و لەگەشەسەندنی بەرهەمهێنانی نەتەوەییدا ململانێ لەگەڵ ئەمریکادا دەکات(132). ئەگەر ئەم پێشبینیە بێتەدی یۆرۆ وەکو بەهایەکی پاشەکەوتی جیهانی و دراوێکی نێونەتەوەیی دەخرێتە ڕوو. ئەگەر بێتو یۆرۆ لە بەرامبەر دۆلاردا بەخێرایی بەهاکەی زیاد ببێت ئەوا توانای پێشبڕکێی یەکێتی ئەوروپا لە بازاڕە دراوی وبازرگانیە نێودەوڵەتیەکاندا فراوان دەبێت . ئەم سەرکەوتنە ئابوریە دەبێتە پێگەیەکی بەهێز تاکو دەستبداتە چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا, ئەو کێشانەی کە بەهۆی پیربونی کۆمەڵگاوە سەریان هەڵداوە .

یەکێتی ئەوروپا بەرپرس دەبێت لە ئەندامەکانی و دەتوانێ بەشێوەیەکی کارسازانە وەلاّمی هەر هەڕەشەیەك کە ئاسایشی ئەوروپا بخاتە مەترسیەوە, بداتەوە . یەکێتیەکە ئەو توانایەی دەبێ کە لەناو ئەوروپادا و بەچەند لەشکرێك و کردەوەیەك ئاشتی بەر قەرار بکات و پاسەوانیی ناوچەکە بکات و هاوکاری مرۆڤدۆستانە پێشکەش بکات. زۆربەی ولاّتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا سوپا پچوك و تایبەتەکانیان و پێکهاتەی هێزی سەربازیان دوچاری گۆڕانکاری دێت .

لەم حاڵەتەدا, بە هۆی تازەیی سیاسەتە ئەمنیە هاوبەشەکانی یەکێتی ئەوروپاو توانا فراوانە سەربازییەکانی, ئەگەری ئەوە هەیە سیاسەتە ناوچەییەکانی یەکێتی ئەوروپا, گرنگی بدات بە بەرگریکردن لە فراوانبونی نائارامی و پرسەکانی ولاّتانی دەوروبەر, ئەویش بەهۆی بونی ئەو هێزانەی کە بۆ پاراستنی ئاشتی و پاسەوانی تەرخان کراون .

لە جیهانێکی لەوجۆرەدا, ئایندەی ناتۆ ئاشکرا نییە. ناکرێ ئەوە وێنابکرێت کە ناتۆ بەو شێوەیەی ئێستا و هاوکات بە هێزێکی بەرگرییانەی سەربەخۆو یەکپارچەی ئەوروپایی بمێنێتەوە . بەپێی ماددەی پێنجی پەیمانی باکوری

www.pertwk.com

ئەتلانتیك ناتۆ بەرەسمی ئاسایشی ئەوروپا مسۆگەر دەکات . بەلاّم لە حالّەتی پێکهێنانی هێزێکی سەربەخۆی ئەوروپی , پێکهاتەکانی فەرماندەیی سەربازی ناتۆ وردە وردە لە ناو دەچن . ئەگەری ئەوەش هەیە ئامادەبونی هێزەکانی ئەمریکاش زۆر بە خێرایی کەمبێتەوە , بەلاّم لەوانەیە ئەم ولاّتە لە کاتی پێویستدا بۆ پاراستنی ئاشتی بەشدار بێت . ڕێبەرایەتی ئەمریکا لە بواری سیاسەتی ئەوروپادا، کە ئێستا لە ڕێگەی ناتۆوە لە چنگیدایە, کالّ دەبێتەوە . بەلاّم تەنانەت ئەگەر یەکێتی ئەوروپا پێکهاتەیەکی سەربازی سەربەخۆو یەکپارچەش دروست بکات, درزێکی تەکنۆلۆژی بەرچاو لە نێوان ئەمریکاو هاوپەیمانە ئۆروپییەکانیدا دەمێنێتەوە. ویلایەتە یەکگرتوەکان بە تەنیایی زۆرتر لە تیکڕایی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا خەرجی سەربازی دەبێت. دروستکردنی پیشەسازی بەرگیری ئەوروپا , کارێکی وا دەکات ئەوروپا لە پیشەسازی بەرگریدا چیتر پێویستی بە دەرەوە نەبێت و خۆی پێداویستییەکانی خۆی پڕبکاتەوە. بەلاّم تەنیا لە حالّەتێکدا ئەوە ڕاست دەردەچێ کە ئەوروپا ئامادەیی ئەوەی تێدابێت بودجەیەکی زیاتر بۆ پیشەسازی بەرگری خەرج بکات، تەنیا لە سنوری ئەوروپادا تفاق و کەرەستەی سەربازی بکڕێ .

لەو قۆناغەی کە لە سالّی (2025 ) کۆتایی دێت, بەدور دەزانرێ ڕوسیا توانیبێتی بەتەواوی دیموکراسی بەرقەرار بکات . ئەم قۆناغە بۆ دامەزراوەی ئابوری و کۆمەلاّیەتی دورلەگەندەلّی ،پەرەسەندنی ئابوری جۆشکراو بەسەرمایە گوزاری و سیاسەتی دەرەکی گونجاو لەگەلّ جیهانی دیموکراسی بەسنییە. بەلاّم ڕوسیا دەتوانێ لە ڕێچکەیەکەوە گەشە بکات کەنە بگاتە دیموکراسیێتێکی گەورەو نەبێتە هەڕشەیەکیش بۆ سەر ئەورپا. ئەم ڕەوتەش لەڕاستیدا بە(پاراستنی پۆزەتیفانەی دۆخی باو) یان ( پاراستنی نێگەتیفانەی دۆخی باو) ناودەبرێت .

لەکاتێکدا کە ڕوسیا هێشتا گیرۆدەی کۆمەلّێ گرفتی مەزنە, لەحالّەتی پاراستنی پۆزەتیفی دۆخی باودا, دەتوانێ بگاتە ڕێبەرایەتیەکی پتەوی سیاسی



و دەرونی. هەروەها دەبێتە خاوەنی حزبێکی سیاسی دەسەلاّتدار کە دەتوانێ ریفۆرمی بنەڕەتی جێبەجێ بکات. سەرکۆمارێکی چالاك و خۆشەویست , کە لەلایەن حزبەکەی خۆیەوە لەناو دۆما پشتگیری لێوە بکرێ, دەتوانی حکومەتی یاسا جێبەجێ بکات و زەویەکان بداتە کەرتی تایبەت و یاسای باج بەشێوەیەك دارێژێ داهاتێکی سەرەکی بۆ حکومەت پەیدا بکات .لەحالّەتێکی گۆڕانکارییەکی لەوبابەتە , ئەو ناوچانەی کە خۆر لەدوای خۆر بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێن, ناچار دەبن بەرەو لای حکومەتی ناوەندی بگەڕێنەوە. قەومانی ڕوداوێکی لەو جۆرە لەماوەی بیست و پێنج سالّی ئایندە دا محالّ نییە و لەوانەیە زۆر زوتریش روبدات " بەلاّم لەم حالّەتەشدا روسیا ناتوانێ گەشەی ئابوری لە سەد دوو زیاتر بکات. بەلاّم نائارامیە فراوانەکانی ئیستا چارەسەردەکرێن و نەوەی نوێی پاش کۆمونیزم دەتوانێ لە ئۆقیانوسێك دا کە لەملاولەولایدا چەند دورگەیەکی ئومێدی پێشکەوتن هەیە ببێتە میراترگری دەسەلاّتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی.

ئەوەی کەوتمان لەحالّەتێکدا ئەگەر بارودۆخی سیاسیش لەبار بێت گەشەسەندنی ئابوری ڕوسیا لەسەدا دوو زیاتر نابێت، هۆی ئەوەش ئەوەیە کە ڕوسیا گیرۆدەی کێشەی نوێکردنەوەو فرەچەشنکردنی پیشەسازی و کالاّکانیەتی و حەفتا سالّە بازارەکانی شێوێنراون و ڕوبەڕوی کەمی سەرمایە گوزاری بونەتەوە، هەروەها لە باشترین حالّەتدا لەوانەیە بێکاری و گەندەلّی بەرفراون و نەدانی باج سەر هەلّبدات. لەم بارودۆخەدا ئەگەری هاتنە پێشەوەی (پاراستنی نێگەتیفی باردۆخی باو) لەگەلّ هاتنەپێشی (پاراستنی پۆزەتیفی دۆخی باو) یەکسان دەبێت . لە حالّەتی پاراستنی نێگەتیفانەی دۆخی باو پشکی ڕوسیا لە بەرهەمهێنانی کەرەسەی خاوی نەتەوەیی جیهان کەم دەبێتەوەو گەشەسەندنی ئابوری ڕادەوەستێ و لەئیستاوە تاکو (2025 ) ماوە ماوە ڕوبەڕوی باردۆخی ئابوری خراپ دەبێتەوە. ئەم مەسەلەیە توانای ڕوسیای بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی

www.pertwk.com

دەرەوە دابەزاندوەو بۆتەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بەردەوام پشت بە قەرزی نێودەوڵەتی بەتایبەت لە سندوقی نێودەوڵەتی دراو ببەستێت .

لەم ئایندە وێناکراوەدا بۆ ڕوسیا زیاتر تەنگژە ژینەگەیی و تەندروستیەکان پەرە دەسێنن . فراوانبونی پردی بەرگریکاری دژ بەهەموو جۆرە دەرمانێك و ئایدز هێزی کار لاواز دەکات، ورەی نەتەویی دادەتەپێنێ و بەشێکی بەرفروانتری سەرمایەی نەتەوەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی (نەك بۆ نەهێشتنی) ئەو مەسەلەیە خەرج دەکرێت. مەترسییە تەندروستیەکانی پەیوەندیدار بە بارودۆخی ژینگەیی پەرە دەسێنن. هەزاران وێستگەی پێشوی چەکی بایۆلۆژی وکیمیایی و ناوکی هەن و هیچ بودجەیەکی پیویست لەبەردەستا نین تاکو بگۆڕێن بۆ جێگەیەکی گونجاوتر. مادە کیمایی و ژەهراویەکانی ناوئاو وخاك کە بە هۆی چالاکیە پیشەسازیەکانەوە سەرهەڵدەدەن هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی بۆ سەر ڕوسەکان و زۆربەی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی و باکوریەکان دروست دەکات.

ئەو ڕەوتە ئابوری و تەندروستی و دەوروبەرە ژینگەییانەی باسکران دەتوانن پەرە بە وململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسیانە بدەن کەهەن . لەهەندێ ناوچەدا ئەو ململانێیانە دەتوانن ببنە هۆی پاشەکشەکردن بە ئەزمونە ڕەسمییەکان وبەتایبەتی ناکارامەبونی دیموکراسیەت .

بە لەبەرچاو گرتنی گرنگی ڕوسیا بۆ ئەوروپا ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا هەوڵی خۆیان بۆ یارمەتیدان و چەسپاندنی دیموکراسی و دروستکردنی کۆمەڵی مەدەنی و باشکردنی ئابوری ئەو وڵاتە بخەنە گەڕ. بەڵام تەنانەت بەربلاوترین یارمەتی دەرەکیش ناتوانێت زیاتر لە پاراستنی دۆخی باو (جا پۆزەتیف بێت یان نێگەتیف) هیچ دەرەنجامێکی تری هەبێت، ڕوسیا ناچارە ئازاری ئەو ڕەنجانە بکێشێ کە بە هۆی دوا کەوتنی ڕیفۆرمەوە توشی دەبێت.

لەژێر هەر هەلومەرجێکدا چاودێریکردنی سنورە نەتەوەییەکان بۆ ڕوسیا پرسێکی گرنگ دەبێت. لە باشترین حاڵەتدا دەسەڵاتی ناوەند بەسەرکارو باری



سیاسەتی بەرگری و نەتەوەیی و سیاسەتی دراوی و گونجاندنی پەیوەندی و گواستنەوەوگەیاندنە ناوچەییەکاندا سنوردار دەبێت. توندوتیژی سیاسی ناوخۆی ڕوسیاو شتی لەوبابەتە کۆمەڵێ باندی گەورەی تاوانکاری کێش کردوەو، ئەگەری ئەوە هەیە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی ئابوری وسیاسی لەگەڵ دەستەبژێرە ناوچەییەکان دروستبکەن. ئەم ئاڵوگۆڕانە و تێکەڵبونیان لەگەڵ نەبونی سەرچاوەی نەتەوەیی پێویست بۆ پاراستنیچۆنایەتی و دابینکردنی هێزی سەربازی و ناوکی, بونەتە مایەی نیگەرانی بۆ ئەوروپاو ئەمریکاش. چەکە ناوکی و بایۆلۆژییە فراوانەکان کێشەیەکی گەورەو گرنگن, بەڵام نەبونی چاودێری پێویست بەسەر دامەزراوە ناوکیەکانی هاوشێوەی چرنۆبیل، کە هێشتا کاردەکات, بە هەمان ڕادەش گرنگە.

هەندێ ناوچەی ڕوسیا , دەبنە سەنتەری دەسەڵاتی سیاسی و زۆربەی چالاکیە بەربلاو و بنەڕەتیەکانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ. ئەگەر مۆسکۆ نەتوانێت بە گوێرەی پێویست کۆنترۆڵی فیدراسیۆنەکانی ڕوسیا بکات, دەستەبژێرە ناوچەییەکان ڕۆڵێکی باش لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی فەرماندەو فەرماندەییە سەربازیەکاندا دەبینن. ڕێبەرە ناوچەییەکان سیاسەتی دەرەکی تایبەت بە خۆیان دەگرنەبەر و لەگەڵ هێزە دەوڵەمەندەکانی دراوسێ و هاوپەیمانەکانی تریاندا پەیوەندی نزیك دەبەستن. لەوانەیە سەرزەویەکانی خۆرهەڵات بەرەو لای کۆریاو ژاپۆن پەلکێش بکرێن ، لەوانەشە هەرێمەکانی ئاسیای ناوەندیش وەك (تاتارستان) مەیلیان بەرەو لای وڵاتە دراوسێ موسوڵمانەکانی وەك تورکیا و ئێران و پاکستان و ئۆزبکستاندا بچێت . ئەو ناوچانەش کە زۆر لە ئەوروپاوە دورنین دەیانەوێت پەیوەندی نزیك لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ببەستن, بە تایبەت لەگەڵ ئەڵمانیاو وڵاتانی باڵتیك و ئۆکراین و وڵاتانی سلاڤیش (بولگاریاو تەنانەت ڕوسیای سپی) کە لەوانەیە ڕەفتاری ئەو وڵاتانە لە ڕوسیا باشتر بێت . مەسەلەی گونجان و پایداری نەتەوەیی ڕوسیا کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر پرسی

www.pertwk.com

ئاسایشی ولاّتانی پەیوەندیدارەوە هەیە. ڕوسیا دەبێتە ((پیاوە نەخۆشەکەی)) ئەوروپا و ئاسیای سەرەتای سەدەی بیست ویەك . هەرچەندە بیماریی ئەو نەخۆشە بەسە بۆنیگەران کردنی هەموان, بەلاّم هێندە سەخت نیە تاکو ببێتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ ئەوروپا. ئەو نەخۆشیە تەنها دەتوانێت ببێتە هۆی نابودبونی نەخۆشەکە.

لە تێڕوانینی لەوجۆرە بۆ ئایندەی ئەوروپای مەزن، زۆربەی ئەو ولاّتانەی کە دەکەونە نێوان یەکێتی ئەوروپاو ڕوسیا, لە ڕوی ئابوری و سیاسیەوە بارودۆخێکی باشتریان لەچاو ئەمڕۆدا دەبێت. ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری و پەرەپێدان مەزەندە دەکات ئاستی ناوەندی گەشەسەندنی ئابوری لەم قۆناغەدا (9,9٪) بێت (133) . ئەم گەشەسەندنە گریمانەییە بە سەرمایەگوزاری بەردەوامی ولاّتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاو بکەرانی دی ئابوری جیهانی ئاسانتر دەبێت . ئەم ولاّتانە لە ساڵی (1996) پاش نزیکەی پێنج ساڵ دورکەوتنەوە لە کۆمۆنیزم لەکۆی (423) ملیارد دۆلار بەرهەمی خاوی نەتەوەیی، لە( 2٪ ) ی کۆی بەرهەمهێنانی جیهانیان هەبوە (134) . لە بیست وپێنج ساڵی ئایندەدا ئەگەری ئەوە هەیە پەرە بە بەرهەمهێنانی نەتەوەیی و دیاردەکانی تری ئابوری خۆی بدات.

لە ڕوی سیاسیەوە تا (25) ساڵی ئایندە ولاّتانی ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەلاّت دەبنە خاوەنی ڕەوتی دیموکراسی و بازرگانی بەربلاّوی نێونەتەوەیی فراوان, تەنانەت ئەگەر زۆربەشیان لە ئاستی جیهاندا نەتوانن ململانێ بکەن . چەندین ولاّتی ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەلاّت (بەلاّم زۆربەیان نە) تا ساڵی (2025) دەبنە خاوەن سیستەمێکی دیمکراسیانەی دواکەوتو. هەڵبژاردنی تەندروست وڕێکوپێك، بونیاتنانی حکومەتی یاسا, چاودێری دیموکراتیانەو مەدەنیانەی دامەزراوە سەربازییەکان, ڕێزگرتن لە ئازادیە مەدەنیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی زەویوزار و سکالاّنامەکان بە ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە دەبنە بنەمای



ئەو ولاّتانە. تەنانەت ئەگەر هەندێك لەو ولاّتانە ئەندامی تەواوی یەکێتی ئەوروپاو ناتۆش نەبن, بەلاّم زۆربەیان لە ڕوی سیاسیەوە دەبەسترێنەوە بەو دوو ڕێکخراوەوە .

تەنانەت لە درەوشاوەترین سیمای ئایندەدا, هەلومەرجی ولاّتانی ناوچەی باڵکان بە تێکشکاوی دەمێنێتەوە. تەنیا سلۆڤینیاو یۆنان شانسی ئەوەیان دەبێ کە لە چەقبەستنی ئابوری و نائارامی سیاسی بەدور بن, چونکە ئەو دوو ولاّتە خاوەن دیموکراسیەکی تاڕادەیەك جێگیرن، بۆ پێشکەوتن لە چەرخی بە جیهانیبونی ئابوریدا خەڵکێکی زۆر خوێندەواریان هەیە(135). بولگاریاو ڕۆمانیاو سربستان و کرواتیا هەرچەندە ڕوبەڕوی بەرنگاریی گەورە بونەتەوە, بەلاّم ئەگەری ئەوە هەیە سەرکەوتو بن. ولاّتانی دی باڵکان هەروا گیرۆدەی گۆڕانی ئابوری و حکومەتی خراپ دەبن و گەندەڵی و دزی و سەرکوتکردنی میدیاکان و نەبونی دەستەبژێرێك کە دەستبداتە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لە سیفەتەکانی ئەو ولاّتانە دەبێت.

چارەسەر کردنی پێکدادانەکانی بۆسنا یان کۆزۆڤۆ، کە بەخۆتێهەڵقورتاندنی ئەمریکاو ناتۆ کۆتایی هات گریمانەیەکی هەتاهەتایی نابێت . لە ئەنجامی ئەو ململانێ نەتەوەیی و هەڕەشانەی کە لە ناوچەکەدا هەن بە بەردەوامی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە ئارادا هەیە. هەروەها بەهۆی دەستدانە جولاّندنی سیاسیانە لەلایەن بۆسنیاو کۆسۆڤۆوە ئەگەری سەرهەڵدانی گرفت لە مەکەدۆنیاو مۆنتینگرۆو ئەلبانیا زیاتر دەبێت . بۆیەلەم ڕووەوە بە دور دەزانرێ هیچ کام لەو ولاّتانەی کە باسمان کردن لە ماوەی (25) ساڵی ئایندەدا بچنە ناو دامەزراوە ئابوری و سیاسیەکانی یەکێتی ئەوروپاوە.

ئایندەیەکی دژوارتر بۆ ئەوروپای مەزن لەبەر چاو گیراوە. لەوانەیە سێ گۆڕانکاری سیاسی ئەو ئایندە دژوارە دروست بکەن :

www.pertwk.com

<u>یەکەم</u> : یەکێتی ئەوروپا لەبەریەك هەڵوەشێتەوەو سیاسەتە ئابوورییە نەتەوەیی و ئەمنیەتیەکانی جاران بگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی ئەندام.

<u>دوەم</u> : ڕوسیا بە یەکجاری لەبەریەك هەڵوەشێتەوە و سەرکردەیەکی تاکڕەو و تۆڵەسێن بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەڵات پەیدا بکات.

<u>سێیەم</u> : وڵاتانی نێوان یەکێتی ئەوروپاو ڕوسیا ببنە ڕەمزی ئابوریەکی شکست خواردو، ناڕەزایی دژ بە حکومەتەکان و جەنگی سنورەکان و ناوخۆیی سەر هەڵبدات. ئەمەش بەسە تاکولە (25) ساڵی ئایندەدا ببنە قەیرانێکی درێژ خایەن لە ستراتیژو بواری مرۆیدا.

دروست بونی یەکێك لەو سێ ئاڵوگۆڕە, ڕێگە بۆدوانەکەی دی خۆش دەکات. لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی ئەوروپا ئەنجامێکی کەمتر لە سەدا دووی گەشەسەندنی ئابوری ساڵانەی لێدەکەوێتەوە. ئەم دابەزینی ئاستی گەشەسەندنە دەبێتە هۆی دروستبونی گومان لە نێوان ڕێبەرە سیاسیەکان و هاوڵاتیان و نەمانی متمانە. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئەوروپا لەوانەیە ببێتە هۆی هاتنەسەرکاری هەندێ ڕێبەری سیاسی وا کە بڕوای بە نەمانی دەسەڵاتی نەتەوەیی بەسەر کاروباری سیاسی و ئابوری وڵاتدا نەبێت. هەروەها بێمەیلی خەڵك بۆ تەحەمولکردنی ئەو دژواریانەی کە لەڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە ئابورەیەکاندا هەیە دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕێبەرەکان.

ئەگەرێکی تر ئەو نیگەرانیەیە کە گرێدانی دەسەڵاتی دەوڵەت لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورپا لەوانەیە لەبنچینەدا نا دیموکراسیانە بێت ، ئیستا مەرج نییە بڕیارەکانی پەڕلەمانی ئەورپا لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەندامەوە جێبەجێ بکرێت، بەلاّم سکرتارێتێکی یەکێتی ئەورپا لە بروکسل لە هەندێ حاڵەتدا دەسەڵاتی بڕیاردانی لەو جۆرەی هەیە. بە دامەزراندنی بانکی مەرکەزی ئەورپا و یەك دراوی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکان و یاسادانەرانی وڵاتەکان لەبوارە گرنگەکانی وەك ئاستی سودو خستنەڕوی دراودا سنوردار دەبێت، دەرئەنجام لە گرنگی ڕای هاوڵاتیان بۆ



هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی وڵاتەکان کەمبۆتەوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر دامەزراوە سیاسیەکانی یەکێتی ئەورپا نەتوانن لەگەڵ دامەزراوە ئابوری و ئاسایشەکانیدا هەماهەنگ بن لەوانەیە ڕای گشتی و دەستەبژێرەکان، بە تایبەتی لەبارەی باردۆخی دژواری ئابوریەوە، بەرەو لای دژایەتیکردنی یەکپارچەیی ئەورپا هەنگاو بنێ .

لەوەش خراپتر ئەوەیە لەوانەیە دامەزراوە تازەکانی یەکێتی ئەوروپا بکەونە ژێر جۆرێك لەگوشاری دەرەکیەوە. کێشمەکێشەکانی باکوری ئەفریقا لەوانەیە پەنابەرێکی زۆر بەرەو باشورو هەندێ لە هەرێمەکانی باکوری ئەوروپا ڕەوانە بکات و پاش تێکدانی هاوسەنگی سیاسی سیاسەتە هاوبەشەکان سەبارەت بە پەنابەرێتی و کۆمەلاّیەتی تێکشکێنێ. هەڕەشەیەکی گرنگی ڕوسیا یان وڵاتانی باڵکانیش دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی ناتۆ ڕێبەرایەتی ئەمریکا بەباشتر بزانێ و ئەوەش ببێتە هۆی کەمبونەوەی مەیل بەرەولای دامەزراو و ڕێگە چارەکانی ئەوروپا.

بەچاوپۆشیکردن لە هەندێ ڕوداوی کاریگەری دی، نەبونی متمانەی ئەوروپیەکان بە بەهێزبونی ئەوروپایەکی فیدراڵی لەوانەشە زۆر گرنگ بێت, چونکە لە دەرەوەی ئەوروپا بە لەناوچونی خواستی خاوەندارێتی داراییەکانی ئەوروپا یۆرۆ بەهای خۆی لە دەست دەدات. دابەزینی ئاستی گەشەسەندن و لاوازی یۆرۆ خەرجیە ناوخۆییەکان کەم دەکاتەوەو لە هەمانکاتدا بەرزبونەوەی ئاستی سود دەبێتە هۆی دابەزینی سەرمایەگوزاری. لە ئەنجامی ئەم دابەزینەی ئاستی متمانەو لێکەوتە ئابوریەکانی و، لە کاتێکدا ئەگەر هیچ بەرنامەیەك بۆ چارەسەرکردنی نەبێت ئەوا پێکهاتەی یەکێتی ئەوروپا دوچاری داڕمان دەبێت. لەم حاڵەتەشدا ئەگەری ئەوە هەیە ئەڵمانیا هەم لە ناوەوەو هەم لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپادا، لە بوارە سیاسی و ئابوری و لەوانەشە سەربازیەکاندا ڕوو لە بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات. فەرەنساش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئیتر

www.pertwk.com

ناتوانێ بۆ سنورداركردنی گەڕانەوەی ئەڵمانیا بۆ دۆخێكی كە ببێتە هێزێكی گەورەو سەربەخۆ كەڵك لەدامەزراوە نێو دەوڵەتێكان وەرگرێ, لەوانەیە بەرەو راسترەوی هەنگاو هەڵبنێ. ئەگەری ڕاستگەرایی لە وڵاتەكانی ئیسپانیاو پورتوگال و ئیتالیاو نەمساش دەكرێت . لەوانەیە بریتانیاش هەوڵبدات خۆی لە ئەوروپا جیابكاتەوەو پەیوەندی خۆی لەگەڵ باكوری ئەمریكاو وڵاتانی ئینگلیز زمانی هاوبەرژەوەندییەكاندا بەهێز بكات.

ئەگەر هەریەك لەو ڕوداوانەی كە باسمان كرد بە تەنیا یان پێكەوە ڕوبدەن, پێشبینی ئەوە دەكرێت كە ململانێی نێوان وڵاتانی ئەوروپایی ببێتە مەسەلەیەكی ئاسایی، لە ئەنجامدا نەتەوەپەرستی توندڕەوانە (شۆفێنیزم) و سیاسەتی پاراستنی ئابوری جیهانی و ناوچەیی سەرهەڵئەدات، زۆر ناخایەنێت دوبارە هێزی بەرگری نەتەوەخوازی, با لە ئاستی سەردەمی شەڕی جیهانیدوەمیشدا نەبێت, بەڵام زۆر زۆرتر لە سەردەمانی پاش جەنگ سەر هەڵدەدات.

هەرچەندە ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی گرنگی پەیداكردنی ناتۆ و دۆلاری ئەمریكاو فراوانبونی ڕۆڵی ئەمریكا لە ئەوروپادا, بەڵام بەرئەنجامی نێگەتیڤانەشی لێدەكەوێتەوە. هەرەسهێنانی یۆرۆ لەوانەیە زیانێكی گەورە لە سیستمی دارایی نێودەوڵەتی بدات، شكستهێنانی یەكێتی ئەورپا دەبێتە هۆی شكست بۆ ئەو رێكخراوە جیهانیانەی كە دەیانەوێ بازاری ئازاد پەیڕەو بكەن و بچنە ناو بونیادە هاوبەشەكانەوە، هەروەها ئەمریكاش ناچار دەبێ باری دارایی ناتۆ لەئەستۆی خۆی بگرێ. ململانێی نێوان ئەوروپا، كە دەیەوێت بەرپرسیارێتی دارایی لە سەركەمبێتەوەو، ئەمەریكا كە داوای لێدەكرێت ڕۆڵێكی زیاتر لەبەرگریكردن لە ئەوروپا بگێڕێ فشار دەخاتە سەر پەیوەندی دوو لایەنەی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی. بە درێژایی قۆناغی گواستنەوە پاراستنی هاوسەنگی یەكێتی ئەورپا بەهۆی پەرەسەندنی هەستی نەتەویی و هەڵگیرسانی دوژمنایەتی زۆر دژوار دەبێت.



دوەم نیگەرانی كە لەكۆتایی ئەگەرەكاندایە, هەڵوەشانەوەی ڕوسیا و هاتنەسەر كاری ڕژێمێكی پاوانخوازە لەو وڵاتەدا، كە ئەو دوانەش بە شێوازی جیاواز كارەساتاوین .

هەڵوەشانەوەی ڕوسیا جێكەوتەی راستەقینەی بەدوادا دێت . بێكاری لە ڕوسیا پەرەدەسێنێ و گەندەڵی و هەوڵی ناكامانە بۆ كۆكردنەوەی باج دەبێتە هۆی ئەوەی تەنانەت بۆ خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتیەكانیش بودجەی پێویست نەبێت . گەشەسەندنی ئابوری لە قۆناغەكانی دواتریشدا لەگەڵ ڕێژە نێگەتیڤەكاندا دەبێت . كێشە كۆمەڵایەتی و ئابورییەكانی ڕوسیا بە ڕادەیەك گەورە دەبێت لەدەسەڵات دەچێتە دەرەوەو دەبێتە هۆی نەمانی دەوڵەتی ناوەندی ڕوسیا. لەئەنجامی ئەم ڕوداوە پێكدادانی ناوچەیی و نەتەوەیی و ناهاوسەنگی ئابوری سەر هەڵدەدات و دەبێتە هۆی كۆچ كردنی خەڵكی سڤیل و ناجێگیری دەسەڵات. لەوانەیە هێزە سەربازی و چەكە ناوكی و تاكتیكیەكان بكەونە دەست سەركردە سەربازی و شەڕ خوازەكان . دواین شەڕی ناوخۆیی ڕوسیا لەساڵی (1917 تا 1921 ) زۆر ترسناك بوو، شەڕی ناوخۆیی ئایندەی ڕوسیا لەوانەیە بۆ ڕوسەكان و خەڵكی دیش مەترسی دارتر بێت.

بەدارمانی ڕوسیا بۆشاییەكی بەربڵاو لە ئاسیاو ئەورپادا دروست دەبێت، ئەوەش وڵاتانی دەوربەری ڕوسیا، وەك ئێران و توركیا و یابان هاندەدات كەڵك لەلاوازی ئەو وڵاتە وەربگرن و بەرژەوەندییەكانی خۆیان پەرەپێبدەن. لەوانەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ڕوسیا یەكێتی ئەوروپا و ناتۆ، وڵاتانی باڵتیك و ئۆكراین لە ڕیكخراوەكانی خۆیاندا وەربگرن، ئەگەری ئەوەش هەیە بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنی ئاژاوەكانی ناو ڕوسیا بۆ وڵاتانی تری ئەوروپا جارێكیتر ئەوروپا دابەشبكەنەوە. لەوانەشە ئەمریكا لەگەڵ ئەو گروپ و تاقمانەی كە خۆیان بەحكومەت دەزانن بكەوێتە وتوێژكردنەوە، هاوكاتیش سەرەنج بداتە جێگۆڕكێ ئابورییەكان.

www.pertwk.com

سەرئەنجام پێویستە بوترێت ئەو مەترسیانەی کە لە ئەنجامی پەرتوبڵاوی چاودێریکردنی چەکە ناوکی و مادە بایۆلۆژی و هێشوییەکان دروست دەبێت بە قەیرانێکی ئاسایشی پلەیەك دێتە ئەژمار.

لە لایەکی دییەوە ، سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا، هەرچەندە ئەگەرەکانی ئەمە کەمترە، هەندێ مەترسی تری بەدودا دێت. لە تایبەتمەندیەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە دەکرێ باس لەهاتنە سەرکاری سەرکردەیەك بکەین کە کەڵك لە بواری مەزنایەتی ڕوسیا لەڕابردو و هەستی نەتەویی وەربگرێ. پێکهاتە سیاسیەکان و چالاککردنی باری ئابوری و دابینکردنی پێداویستیە بنەڕەتیە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دەبنە بەرنامەی سەرەکی ئەو حکومەتە، کە بۆجێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەش دەبێ بەها دیموکراسیەکان بکرێنە قوربانی .

بۆ سەرکەوتنی چاودێرییەکی بەتوانا لە ڕوسیا، کە ئاسایشی ناوخۆیی بپارێزێ، دەبێ خواستەکانی خۆشگوزەرانی و دابینکردنی کار جێبەجێ بکرێ. ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا لەوانەیە بتوانێت گەندەڵی و تاوانی ڕێکخراو تەفروتونا بکات، بەلاّم ئەم ئەگەرە ڕەها نییە، چونکە لەوانەیە ئەو ڕژێمە لە ئاستی جیهانیدا هێندە نەفرەت لێکراو بێت کە نەتوانێ لەگەڵ ئابوری نێونەتەوەیدا پەیوەندی دروست بکات، لەئەنجامدا ستراتیژی ئابوری ئەو ولاّتە کۆڵەوار دەبێت. ئەگەر حکومەت نەتوانێ ئاسایشی ناوخۆ دابین بکات وبێکاری چارەسەر بکات زۆر سەختە وێنای ئەوە بکەین ئەو (چارەسەرە) بتوانێ سەقامگیری بەدوادا بێت . ئەو جۆرە چارەسەرانە لەوانەیە ناوچەی ناسلۆڤاکانی فیدراسیۆنی ڕوسیادا, بەتایبەتی لە قەفقازیا، ببێتە هۆی دروستبونی هەندێ بزوتنەوەی جوداخواز .

ئەم پێشبینیە کاتێك سەردەگرێ کە ئەگەری ئەوەمان دانابێ ڕوسیا پاش دیموکراسی لەو کەسانەی کە یارمەتی ڕژێمەکەی (یەڵسن)یان داوە بڕەنجێ. لەم سیناریۆیەدا ئەو بۆچونەی کە لای وایە یارمەتیدانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەیە کە ڕوسیای پێ لاواز بکرێت و هێرشەکە بۆئەو ناوچانەی کە بەدرێژایی مێژو سەربەو



ولاّتە بون حەقیقەتێکی بێ غەلوغەشە. (ڕوسیایەکی لەو جۆرە نەتەنیا بەهێزێکی ناوەکی دێتە ئەژمار بەڵکو لەوانەیە بۆ زیندوکردنەوەی پیشەسازیە نەتەوییەکان چەخت لەسەر خەرجیە نیشتیمانیەکان بکاتەوە .) جگەلەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ بەکردەوە لە پیشەسازی سەربازی یەکێتی سۆڤێتی جاران بەجێماوە تەنیا بەشی ئابوری ڕوسیایە، کە سەرەڕای هەناسەسواری بەلاّم هێشتا گیانی تێداماوە. ئاساییە پیشەسازی سەربازی ڕوسیا ببێتە سەنتەری سەرمایەگوزاری و پاراستنی سیاسی بۆ ڕژێمە پاواننخوازو نەتەوەپەرەستە نوێیەکەی ڕوسیا.

ڕژێمێکی لەو چەشنە ناتوانێ بەهێزی سەربازی باوی ئاساییەوە ببێتە هەڕەشە بۆ ئەوروپا، بەلاّم لەوانەیە بۆ ولاّتە دراوسێ نزیکەکانی ڕوسیا ببێتە هەڕەشەیەکی ئاشکرا. ڕوسیا دەتوانێ ببێتە پرۆنیست یان بەرەو لای فاشیزم هەنگاوبنێ. ئەو دوانە جیاوازیان بۆ جیهان کەم نییە، چونکە زۆر سەختە ڕژێمێکی لاواز زیانێکی زۆر بەدەرەوەی سنوری ڕوسیا بگەیەنێ. بەلاّم ئەگەر جۆرە سۆشیالیزمێکی نەتەوەیی ڕوسی وەك فۆرمێکی پانسلاڤی زیندو ببێتەوە, دەتوانێت بۆ سەرتاسەری ئەورپا و ئاسیا و دەوربەری مایەی زیان بێت.

بەهەرحاڵ لەکاتی هاتنەسەرکاری حکومەتێکی پاوانخۆاز لە ڕوسیا بەجۆرێك سایەی سیاسی خۆی بەسەر ناوچەکەدا پەخشدەکاتەوە کە لەم خۆرگارەدا هەرگیز نابینرێ، تەنانەت لەکاتی هەڵوەشانەوەی روسیاشدا بەوجۆرەنابێت. ڕوسیایەکی بەدەسەلاّت کە هەوڵدەدات سیمایەکی وا پیشان بدات تاکو بەرژەوەندیە جیوگرافی و ستراتیژیەکانی لەبەرچاو بگیرێت، دەتوانێ بۆ ئەورپا ببێتە مایەی کێشەمەکێش. ئەگەر ئایندە لەو جۆرە بێت هەمو سەرمایەگوزاریەکانی ئەمریکا لە ڕوسیادا لەدەست دەچێت. شکستهێنانی دیمکراسیەت لە ڕوسیادا، لەوانەیە تەنانەت بنەما سەنتەریەکانی ئەمریکا کە لەدونیادا بەناوبانگن بخاتە ژێرگومانەوە , ئەم مەسەلەیەش بۆ ئایندەی ئێمە کۆمەڵێ لێکەوتەی لێڵی بەدواوە دەبێت.

www.pertwk.com

سەرئەنجام, سێیەم کارەسات کە لەوانەیە لە سەدەی بیست و یەکەدا ڕوبدات، پەیوەست دەبێت بە ئەوخاکە جۆراوجۆرانەی نێوان یەکێتی ئەوروپا و ڕوسیا. لەسەرەتای دەیەمی (1990) بەملاوە ناوچەکانی باڵکان قەیرانی سیاسی و مرۆیی بەردەوامی تێدا ڕویداوەو بەپێچەوانەی بڕیارەکانی یەکێتی ئەورپا، کە دەیەوێ لەوناوچەیە سەرمایەیەکی زۆر هەڵڕێژێت، لەوانەیە باردۆخەکە زۆر خراپتر ببێت . ئەلبانیا و مونتینیگرۆ و بوسنیاو سربیا زۆرتر ئامادەیی توندوتیژی و ئاژاوەیان تێدایە . ڕوسیای سپی و مۆڵداڤی و بە تایبەت ئۆکرانیا لەوڵاتە تازە لەسەرپێ وەستاوەکانن، کە ڕوبەڕوی گێرمەو کێشەیەکی یەکجار زۆر بونەوتەوە. ڕۆمانیا سەرەڕای ڕوخانی ڕژێمی (چاوچیسکۆ) هەندێ پێشکەوتنی پەرشوبڵاوی بەخۆیەوە دیوە، سلۆفاکیا و بوڵگاریاش هەوڵیان داوە لەچاوساڵی (1989) دا هەندێ پێشکەوتن بە خۆیانەوە ببینن. کێشە سنورییەکان هێشتا وەکو خۆیانن و چۆنایەتی سەرکردەی ئاینده لەو وڵاتانەدا هێشتا لێڵە .

ئەگەر ئابوری جیهان دوچاری قەیران بێت ، هەمو ئەو وڵاتانە توشی کارەسات دێن. ئەگەر ناتۆ پاش ئەزمونەکانی بۆسنی و کۆزۆڤۆ مەیلی بەلای دەست تێوەردانی ئەو وڵاتانە نەبێت ، ئەگەری هەڵگیرساندنی شەڕو توندوتیژی لە سەر سنورەکان لەئارادایە . هەروەها ئاشکرایە تارمایی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا کە لە ڕۆژهەڵاتدا بە دوای پشتیواندا دەگەڕێن ( واتە دوبارە بونەوەی نمونەی ساڵەکانی نێوان هەردو شەڕ ) کارئاسانی بۆ مەسەلەکان ناکات. ڕوسیای لەکەناری هەڵوەشانەوەدا لە ڕێگەی ناردنی پەنابەرو تاوانبار و مادەی بێهۆشکەر و چەك بۆ ڕۆژئاوا هێندەی تر بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

لەنێو هەموو ئەو ئەگەرە جیاجیایانەی کە باسیان لێوەکراوە لەوانەیە شیاوترین گۆڕانکاری کەمترین ئەگەری ڕودانی هەبێت . یەکێتی ئەوروپا نەلەبەریەکهەڵدەوەشێتەوە و نەدەتوانێ سیاسەتێکی دەرەکی و ئاسایشی



یەکگرتو بۆ خۆی دیاری بکات. ئومێد و نەریت دەبنە هۆی لەبەریەکهەڵنەوەشانەوەی یەکێتی ئەوروپا. بێ مەیلی بریتانیاو جیاوازی بەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتە و نەبونی ئارەزو بۆ کڕینی کەرەسەی چەك، دەبنە لەمپەڕ لە بەردەم پێشبینی دوەمدا . هەربۆیە ناتۆیەکی دوبارە هاوسەنگراو لە وانەیە ببێتە هۆی دامەزراوێك بۆ پەیوەندی نێوان هەردو کەناری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و، وەك باسکێکی سەرەکی بۆ دەسەڵاتی ئەمریکا لە ئەوروپا دەمێنێتەوە. لەوانەیە وێنای سیاسی و ئابوری یەکێتی باشتر ببێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایندەی ئەمریکا جیاوازە لە ئایندەی ئەوروپا ، بەڕێوەبردنی سیاسیانەی پەیوەندی هەردولای ئۆقیانوسی ئەتڵەسی ئەرکێکە کە بەرەنگاربونەوەی زیاتری لەخۆگرتوە (136). لە هەمو ئەگەرەکاندا هەلومەرجی ڕوسیا ئاڵۆزە. لە ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەڵاتدا ، ئەو شتەی ئەمڕۆ وێنەیەکی زۆر تێکەڵاوە، لەوانەیە دوچاری گۆڕانکاری ببێت ، بەڵام دیسان بە شێوەیەکی گشتی بە لێڵی دەمێننەوە.

ئاشکرایە کەلەچارەکە سەدەی ئایندەدا، سیاسەتەکانی ئەمریکا لە بارەی ئەوروپای گەورەوە زۆر گرنگە. پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولای ئۆقیانوسی ئەتڵەسی، تەنانەت ئەگەر ئەوروپا بەپرسیارییەکی زۆر تریش لەبارەی ئاسایشی خۆی بگرێتە ئەستۆ، پێویستی بەتێکڕایی شارەزایی و لێبوردەیی دولایەنە هەیە. بەزیندوی هێشتنەوەی ئەو پەیوەندیە پێویستی بە هەوڵوتەقەڵایەکی زۆرتریش هەیە، چونکە بۆ ئاینده ئەوروپای گەورە بۆ ئەمریکا گرنگ دەبێت . ڕێبەرایەتی سیاسیانەی ئەمریکا لە ڕێگەی ناتۆوە ئامڕازێك بوە بۆ ڕێکخستنی ئاسایشی گشتی هەمو کشوەری ئەوروپاو لادانی ترس و ئیرەییە مێژوییەکانی ئەندامە ئەوروپیەکانی ئەو ڕێکخراوە . ئەو هێزانەی ئەمریکاش کە لە ئەوروپادا نیشتەجێن وەك داردەستێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە بەکارهێنراون. بەمپێیە لە ( 25 ) ساڵی ئایندەدا دیاریکردنی ڕێژەو جۆری بونی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەوروپا مەسەلەیەکی سەرەکییە، هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ

www.pertwk.com

هاوپەیمانەکانی. ناوەڕۆکی گشتی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا ئەوە دەردەخەن کە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە یەکێتی ئەوروپاوە دەبێت لەگەڵ شێوازی هاوکاریانەی گونجاودا ڕێکبخرێن .

لە ئایندەشدا هاوکاری نێوان ئەمریکا و ئەوروپا هەستیار دەبێت و بەبەردەوامبونی ویستی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی دارایی وجۆری ترەوە پەیوەست دەبێت. بەبێ ئەم هاوکاریانە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەو سەرهەڵدانی ئایندەیەکی نادیمکراسی زیاتر دەبێت. لەلایەکی دییەوە ، توشبونی ئاشکراو فراوانی ئەمریکا لە ئیدارەدانی گرفتەکانی ڕوسیا لەوانەیە ببێتە هۆی جولاندنی مەیلی گەڕانەوە بۆ ڕابردو" بۆیە دەبێت هاوسەنگیەکی ورد دروست بکرێت .

هەروەها سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ ئایندەی ولآتانی خۆرهەلآت و ناوەراستی ئەوروپا گرنگیەکی زۆری هەیە. ئەگەر ئەمریکا هەر بەمشێوەیە لە ڕوی ئابوریەوە چالاك بێت دەتوانێ هاوکاری ئەو ولآتانە بکات کە سالآنێکی زۆرە چاوەڕوانی پەیوەندیکردنن بە یەکێتی ئەوروپاوە . ئەگەر ئەمریکا لە ڕوی کولتوری و سیاسیەوە چالاك بێت، دەتوانێ پشتیوانی ئەو کولتورە دیموکراسیە بکات کە ئیستا لەو ولآتانەدا خەریکی گەشەسەندنە. نمونەی ئەمریکا و ولآتانی یەکێتی ئەوروپا لە گەشەسەندنی ئەو ولآتانەدا وەك سیستەمێکی دیمکراسیانە گرنگە. لەهەموی گرنگتر خودی سیاسەتی ئەمریکایە کە لەگەڵ ئەو ولآتانەدا پیادەی دەکات, نەك لەبەر ئەوەی ئەو ولآتانە دراوسێی ستراتیژی ڕوسیاو هاوبەشی ناتۆن.

پەراوێزی ئایندەیەکی وێناکراو بۆ ئەوروپای گەورە لە ڕاستیدا زۆر بەربلآوە، بەلآم تەنانەت ئەگەر بتوانرێت بۆ ئایندە باشترین دۆخ پێشبینی بکرێت، لەگەڵ ڕەوتێکی بەختەوەرانەدا بۆشایی زۆریان لەنێواندایە. ڕوسیا بەڕادەیەکی بەرچاو نابێتە ولآتێکی دیموکراسی و پێشکەوتو. ئەوروپای یەکگرتو توشی پێکدادان و



ڕەخساندنی هەلدێت، ئەوروپای روژهەلآت و ناوەڕاستیش کۆمەڵێ شکست و سەرکەوتن ئەزمون دەکەن. لە دیدێکی دییەوە، ئەگەرە جیاوازەکانی ئایندەی ئەوروپا بۆ خۆی ئاگادارکەرەوەیەکە بۆ ئەوەی کە بارودۆخە کە تا چ ڕادەیەك لەوانەیە ئالۆز ببێت، هەموو گومانەکانیش لە چوارچێوەی ئەو بەشانەی جیهاندایە کە زۆر لە شارستانییەت وبەها ئەمریکیەکانەوە نزیکن و بەهەمان ڕادەش لە ڕوی ئابوریەوە و پێشکەوتون، هەر لەبەر ئەمەشە دەکرێ بوترێ ئەمە وێناکردنێکی ئاگادارئامێزە.

www.pertwk.com

### خۆرهەڵاتی ئاسیا:

خۆرهەڵاتی ئاسیا – لێرەدا بەپێی پێناسەی ئێمە باکوری خۆرهەڵاتی ئاسیا و باشوری خۆرهەڵات و وڵاتە ئاسیاییەکانی باشوری ئۆقیانوسی ئارام و بەشەکانی ئەو ئۆقیانوسە دەگەرێتەوە – جگە لەوەی سێ یەکی دانیشتوانی جیهانی گرتۆتەوە, دوژمنێکی چاوەڕوان کراوی سیاسی و سەربازی ئەمریکا (چین) و دوو هاوپەیمانی ئەمریکا (ژاپۆن و کوریای باشور) وبێچارەسەرترین کێشەی ئەو وڵاتە (کۆریای باکور) لە خۆدەگرێ. گرنگی ئەم ناوچەیە بۆ ئەمریکا هەر لەئیستاوە تاکو ساڵی(2025) بە هۆی پێگە و هێزەکانی، یاخود بەهۆی ئەو کێشانەی کە لەئەنجامی قەیران و بەرەنگارییەوە سەرهەڵئەدەن ڕوو لەزیادبون دەکات . ئاسیا، بەتایبەت باکوری خۆرهەڵاتەکەی ناوچەکەیە کە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ تێیدا زۆر بەهێزە . ئەوێ تەنیا جێگەیەکە لەجیهاندا کە لە نێوان وڵاتە گەورەکانیدا ململانێیەکی زۆر لەسەر زەوی هەیە و هێزە سەربازییەکان دەتوانن هاوسەنگی ناوچەکە تێکوپێك بدەن و کارەساتی ناچاریانە بەدوی خۆیاندا کێش بکەن.

ڕوداوەکانی ئەم دواییە ئەوە دەردەخەن کە خۆرهەڵاتی ئاسیا لە دەیەکانی ئایندەدا لەپێناوی پەرەپێدانی ئابوری و گەشەکردنی ئاشتیخوازانە و دەسکەوتە زانستی و کلتوریەکان توانایەکی بە هێزو فراوانی هەیە . لە دواچارەکی سەدەی بیستەمدا کاری ئابوری سەرسوڕهێنەرانەی خۆرهەڵاتی ئاسیامان بینی" هەر چەندە لەم دوایانەدا خێرایی ئەو پێشکەوتنانە کەمتر بۆوە. هەروەها گوڕانی کۆمەڵایەتی گرنگ ڕویاندا، کەزۆربەشیان دەنگدەرەوەو پۆزەتیڤانە بون . پەروەردە و فێرکردن و چاودێری تەندروستی پێشکەوتنی بەرچاوی هەبوەو بۆ زۆرترین هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە، بی گۆێدانە نەتەوەو ڕەگەز، هەلی یەکسانیان بۆ ڕەخساوە. هەروەها ڕەوتی گۆڕینی هەندێك لە دیکتاتۆرەکان بۆ دیموکراسی



نوێمان بینی، بەلای کەمەوە خۆرهەڵاتی ئاسیا توانیوەیەتی خۆی لە سەرهەڵدانی توندوتیژی لە نێوان وڵاتەکانیدا لابدات (137).

بەکورتی ئێمە لە ناوچەیەکی بەربلاودا سەرکەوتنێکی بەرچاوی مۆدێرنیزەکردنمان بەچاوی خۆمان دیوە، ئەو مۆدێرنیزەکردنەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەبنەمای کولتوری ئەواندا ڕویدا" هەر چەندە لە ژێر کاریگەری کولتوری رۆژئاواشدا بوە. ئەمە گرنگە، چونکە جگە لە هەندێ نمونەی بچوك و پەرشوبلاو (تورکیا, ژاپۆن, فلندە و ئیسرائیل) هیچ ناوچەیەکی کولتوری بە پانوپۆڕی خۆرهەڵاتی ئاسیا ئەزمونی پەرسەندنی پیشەسازی و باشبونی ئاستی ژیانی بە خۆیەوە نەدیوە. مێژوی خۆرهەڵاتی ئاسیا ئەوەی سەلماندوە کە مۆدێرنێزەکردنی ئابوری لە باوەشی کولتورە جیاجیاکاندا قابیلی جێبەجێکردنە.

ئەم لێکەوتانە تەنیا بەشێکی کەمن لەو دەسکەوتە کولتوری و مەعنەوی و خۆشگوزەرانیەی کە تاساڵی (2025) ئاسیای رۆژهەلات دەتوانێ دەستی پێڕابگات. تا ئەو ساڵە ئەم ناوچەیە گەورەترین و بەهێزترین گروپی ئابوریی جیهان پێکدەهێنێ(138). وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا لەوانەیە تاکو بیست ساڵی ئایندە بەڕێژەی (0/06) گەشەکردن بە خۆیانەوە ببینن، ئەمەش لە گەشەی ناوچەکانی دی زیاترە (139). ئەمەش وا دەکات پشکی ئەم ناوچەیە لەبەرهەمهێنانی خاوی جیهاندا نەختێك لەیەك لەسەر سێ زیاتر بکات . ئەوروپا کە لەپلەی دوایدا دێت، نزیکەی یەك لەسەر پێنجی بەرهەمی خاوی ناوخۆیی جیهانی بەردەکەوێ. بازرگانی و سەرمایەگوزاری نێوان وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا، ئەوروپا، خۆرهەڵاتی نزیك و ئەمریکای لاتین مسۆگەر دەبێت. لەوانەیە خۆرهەڵاتی ئاسیا ببێتە گەورەترین سەرچاوەی سەرمایە بۆ بازاڕە نێودەوڵەتیەکان – بەکارهێنانی وزە لەلایەن ئاسیا لە حاڵی پێشکەوتندا تاساڵی (2025) لە ئەمریکای باکوری زیاتر دەبێت و نیوەی زیادبونی بەکارهێنانی وزەی جیهانی بەر ئاسیا دەکەوێت .

www.pertwk.com

بێ هیچ گومانێك ، توانای پەسندكردنی پەرەسەندن و تەكنەلۆژیاو زانست لە لایەن خەڵكی خۆرهەڵاتی ئاسیاوە وەك خاڵێكی بە هێزی ئابوری ئەو ناوچەیە دەمێنێتەوە. ئەگەر شۆڕشی زانیاریەكان بەردەوام بێت لەسەر پێشكەوتن و ئەگەر سیستەمی بازاڕی ئازاد درێژەی هەبێت ، ئاشكرایە هەر تەكنەلۆژیایەك كە بەسودبێت لەو ناوچەیە دا پەیدا دەبێت.

بە ئەگەرێكی زۆرەوە ژاپۆن داهێنەرو دروستكەری تەكنەلۆژیای وەك سیستەمی مایكرۆ ئەلكترۆمیكانیكی و هۆشی دەستكرد و ڕۆبۆتی كۆمپیوتەری دەبێت. پیشەسازی فەزاییانەی ژاپۆن دەتوانێت توانای هەڵدانی موشەك بۆ ئاسمان بخاتە بەردەستی زۆر لە وڵاتان و كەرتی تایبەتی . كۆریا و تایوان لە ئاستی جیهاندا دەست دەكەن بە بەرهەمهێنانی تەكنەلۆژیای پەیوەندیگرتن و زانیاری، لە هەندێ حاڵەتدا ململانێ لەگەڵ بازاڕەكانی ژاپۆن و ئەمریكا دەكەن . ئوستralیا و نیوزلاندا و سنگاپور و فیلیپین و تایلەند و ڤێتنام و ئەندەنۆسیا و مالیزیا بەخستنەڕوی سەرمایەی مرۆیی و كەرەسەی خاو و خزمەتگوزاری دارایی و هێزی كاری ئامادە و بازاڕی لوكاڵی گرنگ و گەشەسەندو دەتوانن ڕۆڵێكی گەورە لە پەرەپێدانی تەكنەلۆژیای ناوچەكەدا بگێڕن . ناوچە گوندنشین و شار و شارۆچكەكانی ناوچەكە زۆر لە ئێستا زیاتر ئەتوانن لە ڕێگەی كەناڵەكانی پەیوەندیكردنەوە لەگەڵ یەكدیدا پەیوەندی ببەستن. ئەو پەیوەندیەش ڕەنگدانەوەیەكی باش و گرنگی بۆ سەر ئابوری دەبێت. بە گەشەسەندنی ئابوری ئەو وڵاتانە دەتوانن خەرجی دامەزراندنی ژێرخانێك بۆ دروستكردنی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕی پەیوەندیكردن لە ناوچەكەو جیهاندا دەسەبەر بكەن . لە ئەنجامی ئەو گۆڕانكاریانەدا ، چاوەڕێ دەكرێ ئاستی ژیان زۆر بە خێرایی بەرز بێتەوە، سەرەتا لە شارەكاندا و پاشان لە گوندەكاندا. خەڵك خوازیاری خزمەتگوزاری و تەندروستی و پەروەردەیی و ژینگەیی باشتر دەبن . هەروەها بەكارهێنانی میدیاكان حەزی دەستكەوتنی هەواڵی سیاسی و خواستی



بەشداریكردن لای خەڵك دەورژێنێ. چینی ناوەڕاستی نوێ، داوای ئەو شتانە دەكەن كە لەگەڵ خواستی ئەو چینەدا دەگونجێ، كە بریتیە لە هەندێ چالاكی سیاسیانەو تۆكمەیی ئابوری.

فراوانبونی پەیوەندی زانیارییە ناوخۆییەكانی ناوچەكە كۆچی كرێكاران لە وڵاتانی كەم پێشكەوتو وكەم شارستانێتیەوە بەرەو ئەو وڵاتانەی كە بەخێرایی لە حاڵی پێشكەوتنندان پەرە پێدەدات (140). ئەو كۆچانە ئاستی خوێندنی كۆچبەرانی بەرز كردۆتەوە، كارێكی وای كردوە كە گەڕانەوە وڵاتەكانیان ستانداردی كاركردن و خوێندن لە وڵاتەكەیان گەشەپێبدەن .

چین كە توانیوێتی لە پشێویە سیاسیە گەورەكان و داڕمانی ئابوری خۆی دەرباز بكات، ململانێ لەگەڵ كۆمپانیەكانی ئەمریكادا بۆهەڵدانی مانگی دەست كرد دەكات و خاوەنی چەندین كۆمپانیایە كە تەكنەلۆژیای بەرزی جیهانیان هەیەولەسەرانسەری جیهاندا لەسەرئاستێكی فراوان بەشداری دەكەن. هەرەوەها ئەگەری ئەوەش هەیە چین بە تۆڕی پەیوەندیە جیهانیەكانەوە ببەسترێتەوەو بگاتە ئاستێك كە كەڵك لە پەیوەندی و تەكنەلۆژیاكان بۆ مەبەستی بازرگانی سەربازی وەربگرێ . چین لە ژێردەسەڵاتی هەر جۆرە ڕژێمێكدا بێت دەتوانێت كەڵك لە تەكنەلۆژیا بۆ مەبەستی بازرگانی و پزیشكی سەربازی وەربگرێت.

خۆرهەڵاتی ئاسیا لەپاڵ ئابورییەكی بەهێز و تەكنیكیدا لە ماوەی (25) ساڵی ئایندەدا دەتوانێت ببێتە ناوچەیەكی نیمچە ئارام و زۆربەی وڵاتەكانیشی دیموكراتی پەیڕەو بكەن و لەگەڵ دامەزراوە سیاسییە ئابوریە جیهانیەكاندا پەیوەندی دروست بكەن. ڕێكخراوی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا( Asean) تریبونی ناوچەیی ئاسیا (ARF)و ڕێكخراوی هاوكاری ئابوری ئاسیا ئۆقیانوسی ئارام (APEC) زیاتر كامڵ دەبن و چالاكیەكانیشییان بەربڵاوتر دەكەن. لەوانەیە ئەو دامەزراوە فرە ڕەگەزیانەی كە گرنگی بە مەسەلە نێونەتەوییەكان دەدەن سەر هەڵبدەن. هەروەها لەوانەیە ئاسیای خۆرئاوا دەست بكات بەكۆنترۆڵكردنی چەك و

www.pertwk.com

دابینکردنی ئاسیش بۆ ناوچەکە، بە جۆرێك بتوانرێت لەگەڵ ئەوروپا دا بەراورد بکرێت.

بەڵام پرس وململانێ لە ناوچەکە نابڕێ . نیەت پیسی کە لە ڕابردودا هەبون ماونەتەوەو لە شەو و ڕۆژێکدا لە ناوناچن . بەوجۆرەش نییە کەهەموو وڵاتانی ناوچەکە حکومەتی دیموکراسییان هەبێت . چەك و تەقەمەنی زۆر وێرانکار دەکەونە ژێر دەستی سەرکردەی ئەو وڵاتانەی کە ژێرخانی زانستی پیشەسازی تەواویان نی‌یە. ململانێی ئابوری لەنێوان ئەو وڵاتانەی کەتوانایان لەیەك ئاستدا بوە دەگاتە ئاستێکی زۆر ئاڵۆز. ڕێبەرە سیاسیەکانی کەلەبەر خێرایی گۆڕانکاییەکان زۆر شتیان لە دەستدەچێت ناتوانن بگەنە ئاستی ڕوناکبیری باشیش. تەنانەت گەر هەندێکیان ڕوناکبیریش بن قەیرانە کۆمەڵایەتیە مۆدێرنەکان دەتوانن ببنە هۆی ڕوخاندنیان. بەڵام دورنمایەکی شایستەش هەیە. وڵاتەکان پاش لە دەستدانی زۆر شت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ڕێگەچارەی جیا لەشەڕو سیاسەتی سواڵی ئابوری لەدراوسێ دەدۆزنەوە“ وەك ئەو شتەی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردودا لە ئەوروپادا ڕویدا. لەوانەیە ئەو کامڵبونە ئابوریەی کە لە ئاسیای خۆرهەڵاتدا دروست دەبێت لەلایەن ئەمریکاو هێزە باڵادەستەکانی تری جیهانییەوە، کە بەرژەوەندیان لە ئاشتی و ئارامی ناوچەکەدایە پشتیوانی لێ بکرێت“ وەك چۆن سەرکەوتنی ئەوروپا لە قۆناغی پاش شەڕ تا ڕادەیەك بەهۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە بوو لە ماوەی شەڕی ساردا.

سەرئەنجام لەم وێناکردنەی ئایندەی خۆرهەڵاتی ئاسیادا بەرزبونەوەی ئاستی ژیان و بەرزبونەوەی ئاستی خوێندنی پشت بەستو بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتو و کرانەوەی حکومەتەکان هەر هەموو ئەوانەی دەبنە هۆی هەڵگیرساندنی گوڕانکاری پۆزەتیڤانە لە ئاستەکانی کۆمەڵایەتی نەوەی لاو لەناوچەکەدا. ئەمەش بەو مانایە نییە کە نوێگەرانی ئابوری تەنیا بۆ نمونەیەکی ڕۆژئاوایی ئاماژە دەکات، بەڵکو زۆربەی ڕەهەندو دەسکەوتە سونەتەکانی ئاسیای خۆرهەڵات، وەك جەختکردنە



سەر کۆمەڵگە و هۆزایەتی لەبەرامبەرتاك، هەروەها جەخت لەسەر پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی لەکارو ڕەگەزو تەمەندا دەرکەوێت, جەختکردنە سەر دامەزراوەکانی پەروەردەو بەڕێوەبردنی باوکسالاریانەی کۆمەڵ لەلایەن حکومەتەوە، ئەگەری گۆڕانیان هەیە. بەمجۆرە کولتورەکانی ئاسیای خۆرهەڵات بەرەچاوکردنی پێودانگی کولتورەکانی خۆی, ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی تاکدا زیاتر دەگونجێن (لەچاو ڕابردودا) پەسەند دەکەن.

ئەگەر ئاسیای خۆرهەڵاتی بەوجۆرەی کەباسکرا، یان لەڕەوتێکی هاوشێوەدا گۆڕانی بەسەردا هات نزیکەی هەموو ناوچەکەو، بگرە لەوەش پتر لەسودەکانی بەهرەمەند دەبن و، نیگەرانیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان سەبارەت بە خۆرهەڵاتی ئاسیا کەمدەبێتەوە. بەڵام هیچ گرنتیەکیش لەبەردەستدانییە کە گۆڕانکاییەکانی ناوچەکە بەوشێوەیە گەشبینانە بێت. زۆر لە ئاڕاستەکان لەوانەیە لەسەر ڕێچکەیەکی دروست نەبن، ئەگەریش هەیە ئەوبابەتانەدا بەوجۆرە نەبن.

هەڵسەنگاندنی گەشبینانەی ئایندەی خۆرهەڵاتی ئاسیا بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو گریمانەیە وەستاوە، کەشەپۆلی بەرزی گەشەکردنی ئابوری کەلەچالاکیەکانی تازەگەری گرنگی تەکنۆلۆژیاو ئابوری جیهانێکی یەکپارچەترەوە وزە وەردەگرێت ، ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵایەتی وسیاسیانە لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بەڵام لە مێژودا نمونەی زۆر لە بەرژەوەندی سیاسیانەی تەسك (ئەگەر نەڵێین نائەقڵانی ڕوت) وئایدیۆلۆژیای وشك و سەرکردەی کورت بین لەئارادان ، کەهەموو سیناریۆکانی پێشتر ئاماژەمان بۆکردن تێکدەدات. جگەلەوەش ئەگەر نمونەکانی ئابوری جیهانی و کۆمەڵی شارەزاو ئارەزومەندی زانست و تەکنیك تەنها ئەوشتانەبن کەلەواقیعدا گرنگن، باشە گرفتە ئابورییەکانی یابان لەهەشت ساڵی ڕابردودا چۆن دەکرێت لێکبدرێتەوە؟ دەبێت بوترێت دامەزراوە توند وخاوەن بڕیارە لاوازەکانی ڕاپەڕاندن بەئاشکرا ڕۆڵی دیاریان هەیە.

www.pertwk.com

**له بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا دەکرێت چ ڕەوتێکی ناخواستە لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا بێتە پێشەوە؟ سێ بیرۆکە لەئارادایە :**

1- **پارچەپارچە بونی ئابوری.**

2- **نائارامی سەرەکی لە چین.**

3- **ڕێچکەی دابەزینی سەقامگیری سیاسیانە لەنێوان چین و یابان و کۆریا.**

**چەقبەستنێکی جیهانی، یان چەقبەستنێکی لەڕادە گەورە لەئاسیادا دەکرێت ڕوبدات و ببێتە هۆی بڵاوبونەوەی بێکاری فراوان و نائارامی کۆمەڵایەتی وبەهێزکردنی نەتەوەخوازی وسیاسەتەکانی پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و سەرکوتکردنی سیاسیانەی زۆرتر لەچەندین وڵاتی خۆرهەڵاتی ئاسیا. بۆ دەرککردن بە سەرهەڵدانی ڕەوتێکی لەوجۆرە هێندە بەسە ئاوڕ لە هەلومەرجی ئەندەنوسیا بدەینەوە. کاتێك لە کۆتاییەکانی (1997) دا دارمانی ئابوری ئەندەنوسیا دەستی پێکرد، هەمو شتێك بۆ ڕوخاندنی دەوڵەت و هێرشی تاوانکارانە بۆ سەر چینی نەژادەکان و سەرهەڵدان یان ژیاندنەوەی چەندین بزاوتی جوداخوازی فەراهەم بوو. بۆ تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵ لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی تایبەت ، کە پەیامی پارچەپارچەبونی ئابوری خۆرهەڵاتی ئاسیای هەڵگرتبێت، پێویست ناکات لە دیدی تیۆرییەوە دەستپێبکەین، بەڵکو دەتوانین سەرنج لەو هەلومەرجە بدەین  کە ئەمڕۆ لەئارادایە. چونکە سەرەڕای بونی ئاماژەی باشتر بون لەو دواییانەدا، بەشێکی زۆری ناوچەکە لەپاش قەیرانی (1997)وە لە لەهەلومەرجێکی سەختدایە. دەرامەتەکان نزمبونەتەوەو چینی بێکاران بەخێرای فراوان بوە. لەهەمان کاتدا ئاڵوگۆڕی خێرای کۆمەڵایەتی و جێگۆڕکێی دەرئەنجامی دەستپێکردنی بەجیهانی بون و شارنشینی و چاوەرشوانکردنی پەروەردەو ئابوری باشتر، لەو کۆمەڵانەدا کەکەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەرانەوە، بەردەوام لەئارادایە. بەسۆزگرتن بۆ هیوا**



**لەدەستچوەکانی ساڵانی ڕابردو، لەوانەیە هەرلەئێستاوە تاساڵی (2025) خولێکی دی لە بەرزبونەوەو نزمبونەوە ببێتە هۆی توندوتیژی زۆر و کاروانی دژایەتیکردن وخۆدابڕان لەگەڵ دوژمنانی ناوچەیی (دوژمنانی واقیعیانە یان خەیاڵی) دەستپێبکات. ئەم کارەش لەلای خۆیەوە دەبێتە هۆی لەناوبردنی سەرچاوە مرۆییەکان. ئەگەر خەڵکی لەجیاتی گرنگیدان بە زانست و بازرگانی وکەلتوری خۆیان مژۆڵی پرسی ترسهێنەرو مشتومڕکاری بکەن، دەرامەتە بازرگانیەکان نزم دەبنەوەو هەلەکانی سەرمایەداری لەنێودەچن، ئەم بارودۆخە دەبێتەهۆی ئەوەی کەمنداڵانی خۆرهەڵاتی ئاسیا بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانە لە زانست و ڕۆشنبیریدا ئامادەییەکی کەمتریان لەدەستدا بێت.**

**تەنگانە بەرفراوانە ئابوریەکان لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا دەکرێت بۆ دژایەتیکردنێکی قوڵی ئەمریکا بگۆڕێت. ئەم (دژایەتیکردنە ئەمریکیە) دەتوانێت پشت بەوبانگەشانە ببەستێت کە ئەمریکا لەبەرامبەر تەنگەژەکانی ئاسیای خۆرهەڵاتدا بێمروەتە، یان ئەمریکا ئیمپڕیالیزمی کەلتورییەو بەتایبەتی لەڕێگای سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و سیاسەتە بانکیەکانەوە ئەم خوەی خۆی پیادە دەکات. لەحاڵێکدا کە خۆرهەڵاتی ئاسیا دەخوازێت خۆی لە قەیرانەکانی ڕەها بکات، ڕای گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەلای خۆیەوە بەبینینی زیادبونی داشکانی بازرگانی و کەمبونەوەی هەلی کارکردن لە ئەمریکا، لەوانەیە دژ بە ئازادکردنی بازرگانی بەشێوەیەکی ڕەهایانە بوەستێتەوە. سیاسەتی پارێزگاریکردن لەبەرهەمە ناوخۆییەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا خێرایی زیاتر بە چەقبەستنی ئابوری جیهان دەدات و ئەم بابەتە خولێکی  بەتاڵ دێنێتە ئاراوە (141). هەروەها سیاسەتی پارێزگاریکردن لەبەرهەمە خۆماڵییەکان دەتوانێت هانی هەستی گۆشەگیری بدات و ببێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا کەمتر گرنگی بەخۆرهەڵاتی ئاسیا بدات.**

www.pertwk.com

ئێستا بابزانین تاچ ڕادەیەك ئەوەی وتمان ئەگەری هەیە؟ دەتوانین لە خوێندنەوەیەکی سادەی قەیرانی ئابوری ئاسیاوە دەستپێبکەین ، کەلەساڵی (1997)وە هەریهەڵداوە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. هەندێك وابۆیدەچن کەموڕییە بونیادیەکانی ئابوری ئاسیای خۆرهەڵات بۆتە هۆی پاشەکشەکردن و ئەم ڕەوتە کاتێك گەیشتە ئاستێکی دیاریکراو ئابورییە شەپۆل ئاساکان ناوچەکەی بەرەو قەیران برد. هەندێکی دیش بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەمەکی فراوانخوازی و بەڕێوەبەرایەتی لاوازی نێوان دەڵاڵان ودابینکەرانی دارایی خۆرئاوایی سەرزەنیشت دەکەن. گروپێکی دی لەوبڕوایەدان کەسیاسەتە ئابورییە نێودەوڵەتیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بەڕادەیەکی باش گرنگیان بە سنورداریی دامەزراوە ئابورییەکانی ئاسیای خۆرهەڵات نەداوەو سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هێندەی دی هەلومەرجەکەی خراپتر کردوە. پرسیارێکی دی ئەمەیە، کە بۆچی هەندێك لەم وڵاتانە بەڕادەی وڵاتەکانی دی دوچاری قەیران نەبون، بەچ هۆیەکەوە بوە کەهەندێکیان زوتر لەوانی دی دوچاری ئەو گرفتە بون؟ وەلامەکە پەیوەستە بەوەوەی کە کام یەك لە ئاڕاستە باسکراوەکان پەسند بکەیت. پێشنیارەکان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی دارایی نێودەوڵەتی و ڕیفۆرمی بونیادی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش بەناچاری لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت. هەموو ئەوانە پیشانی دەدەن کە سەبارەت بە(بۆچی بەوجۆرە بوو؟) و (چۆن دەتوانین ڕێگری لەدوبارەبونەوەی بکەین؟) هیچ هاودیدییەك لەئارادانییە. بەلام لەوێوە کەهەندێك لە وڵاتەکان توانیویانە تەنانەت بەبێ لەناوبردنی زیاتری کەمکردنەوەی دامەزراوەکانیان بەجۆرێك لەجۆرەکان بەسەر قەیرانەکەدا زاڵ بن و، لەئەنجامدا پێویستبونی ڕیفۆرم بسڕنەوە، دەتوانرێت بوترێت کە قەیرانی لەوبابەتە دەکرێت دوبارە سەرهەڵبداتەوە.

بەلام هیچ یەکێك لەو قەیرانە گریمانەیانەی کە دەتوانن ئاسیای خۆرهەڵات بدات بەیەکدا وبیکاتە نمونە بەئەندازەی ئایندەی چین مایەی لێکۆڵینەوەو بابەتی



پێشبینیکردنەکان نییە. چین تەنانەت لەچاوهاوسێکانیشی (یابان ، کۆریا) هێندە گەورەیە، کە کاریگەرییەکەی لەسەر ئاسیای خۆرهەڵات شتێکی بێگومانە. ئەگەر دەرامەتی تاکانەی چین بە حەوت هەزار دۆلار بگات و سیستمی دەسەلاتخوازانەی ئەم وڵاتە کەمێك ئارامتر ببێتەوە ( زۆر لەچاودێران پێشبینی لەوجۆرە دەکەن) و سیستمی سیاسی بەرەو فرەیی ( تەنانەت گەر دیمکراسی ڕاستەقینەش نەبێت) هەنگاو بنێت ، گەشبینییەکان سەبارەت بە خۆرهەلاتی ئاسیا بەهێز دەبێت (142). ئەگەر چین پاش مەرگی سیستمی کۆمۆنیزم (کەلەئێستادا لەقەیرانێکی ئاستیخوازانەدایە) دوچاری ڕیفۆرمخوازی سیاسیانە ببێت و دەرئەنجام سیستمێکی پەڕلەمانی بەلایەنی کەمەوە وەك تایوانی هەبێت ، دوبارە گەشبینیەکان زیاتر دەبن.

لەهەریەك لەم ئەگەرە باسکراوانەدا چین بەهۆی کۆمپانیا دەوڵەتی و ڕیفۆرمکراوە سەرکەوتوەکانیەوە (هەرچەندە گرانکەوتوە) لەساڵی (2025)دا بەرزترین بەرهەمی خۆماڵی ناوخۆیی دەوڵەتی دەبێت (143). بەشی بەرهەمی خۆماڵی چین دەتوانێت لە کۆتایی دەیەکانی (1990)وە لە نزیکەی لەسدا هەشت بۆ لەسەدا چوارده بەرزببێتەوە. هەروەها چین دەبێتە بنکەیەکی گەورەی قەرزبەخشی دارایی نێو دەوڵەتی و، بەهۆی پەیوەندیەکان و سەرچاوە داراییەکانی هەرچوارلای جیهانەوە وەك زلهێزێکی جیهانی گەورە خۆی دەخاتە ڕوو، کەلەدەرەوەی ئاسیاش خاوەنی سیاسەتی چالاکانە دەبێت .

چین لەگەڵ ئەمریکادا یان لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی دی جیهاندا دژایەتیەکی ئاشتی هەڵنەگری نابێت. تەنانەت ئەگەر ئەم وڵاتە جارێکی دیش بکەوێتەوە سەر هەستە کۆنینەو نەتەوەخوازییەکی بەرفراوانیش ،بەهۆی پەیوەندییە هەستیارەکانی لەگەڵ دامەزراوە سیاسی وئابورییە نێودەوڵەتیەکانەوە هەر سنوردار دەبێت. چین پێویستی بە زیاتر لە دوبەرابەری بەکارهێنانی وزەی ئەو وڵاتە لە کۆتایی دەیەکانی (1990)دا دەبێت (کەلەهەموو سێ تەن خەڵوزی جیهان

یەك تەن سەرفدەكات) . تەنانەت بە بەرفراوانكردنی سەرچاوە ناوخۆییەكانی هایدرۆلیك و خەڵوزی بەردی ونەوت وەك سەرچاوەی بنەڕەتیانەی وزە، هێشتا پێویستی بە هاوردنی نەوت دەبێت ، كەڕۆژانە لەساڵی دوهەزاردا لە یەك ملیۆن وچوارسەد هەزار بەرمیلەوە بۆ ساڵی (2020) بۆ پێنج ملیۆن و دوسەد هەزار بەرمیل زیاد دەكات (144). لەحاڵەتی ڕودانی قەیراندا لەوانەیە ڕێگا لەنەوتكێشەكان بۆ بەندەرەكانی چین بگیرێت. بەمپێیە، چین لەگەڵ هاوردە سەرەكیەكانی نەوت لەئاسیای خۆرهەلاتدا (وەك ژاپۆن) هاوخواست دەبن كە نەوت لەسەرچاوە سەركیەكانی دابینكردنەوە بەردەوام بێت و ڕێگا دەریاییە ستراتیژەكان بەكراوەی بمێننەوە. لەوانەیە پەكین پەیوەندییە ئاسایشی و ئابوری و سیاسیەكانی لەگەڵ بەرهەمهێنەرە سەرەكیەكان، بەتایبەتی لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕوسیاو خۆرهەڵاتی نزیكدا، بەهێز بكات . سەرئەنجام، لەوانەیە چین لەم ناوچانەدا جۆرە سیاسەتێك بگرێتە پێش كە لەسیاسەتی وڵاتانی ئەوروپا دەچێت" واتە ( ڕازیكردنی سەرانی گرنگی ناوچەكە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەوتێكی بازرگانی باشتر) دەكاتە پێشەنگی سیاسەتەكانی خۆی.

بەڵام لەدیدی مێژوییەوە، باڵاچونی دەسەڵاتی ئابوری دەبێتە هۆی پەیدابونی گرفتی سیاسی و هەندێكجار نەتەوەكان غروری نەتەوەیی و شوێنگەی وڵات لە دەستكەوتی مادی لەپێشتر دادەنێن. دەبێت ویلایەتە یەككگرتوەكان تەنانەت بەرامبەر (چین) ێكی تاڕادەیەك لیبرالیش وشیار بێت. تەنانەت گەر چین لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا زۆرترین قورسایی بخاتە سەر پەرەگرتن بەئابوری (نەك مۆدێرنەكردنی سیستم) هێشتا تا ساڵی (2025) یش ئەم وڵاتە وەك زلهێزێكی جیهانی دەمێنێتەوە. چین خاوەنی ستراتیژی تەرسانەی بۆمبی ئەتۆمی ، توانستی بەرزی موشەكی، هێزی زەمینی و دەریاییەكی گەورەیە، كەدەتوانێت لەدەرەوەی ناوچەكەش چالاكی بنوێنێت. دەرئەنجام ئەم توانستانە بەجۆرێكی سروشتی لەڕوی ئەمنیەتی ناوچەییەوە چین دەكاتە جێگا سەرنجی هەموو



www.pertwk.com

وڵاتانی ناوچەكەو بەتایبەت ویلایەتە یەككگرتوەكان. سەرەڕای ئەوە، ئاسودەیی ڕێژەیی ئابوری بوار بۆ دەوڵەتەكانی دی ناوچەكە، وەك ئەندەنوسیا، فیلپین و ڤێتنام دەڕەخسێنێت تا بودجەی زیاتر بۆ ئامڕازە جەنگیەكان خەرج بكەن و توانا جەنگییەكانی خۆیان پەرەپێبدەن، تا بتوانن لەبەردەم دەسەڵاتی چیندا قەڵغانێك بن.

لەهەلومەرجێكی لەو بابەتەدا ،(چین) ێكی لیبراڵی (نەك تەواو دیمكراسی ) پەیوەندی دەبێت لەگەڵ ئەمریكادا، كەجیاوازی نابێت لەگەڵ جۆری ئەوپەیوەندیانەی لە دەیەی ڕابردودا بەرقەراری كردبوو. لەتازیارەكانی ئەو پەیوەندییە دو قۆڵیانە پەیماننامەی هاوكاری دولایەنە (لەوانە دۆزینەوەی متمانە لەبواری ئاسایشدا) ، كۆنترۆڵكردنی خۆپڕچەككردن، بازرگانی، سەرمایەگوزاری، ئاڵوگۆڕی زانست و ڕۆشنبیری دەبێت. لەهەمان كاتدا، ئەم پەیوەندییانە هاوشانی ململانێ و خولی گومانكردنی هەڵەی دولایەنە دەبێت لەكاروبارەكانی وەك بازرگانی ئاڕاستەكراو، مافی خاوەندارێتی مەعنەویانە، سیاسەتەكانی فرۆشتنی چەك، جاسوسیكردنی پیشەسازی ،ئاسایش ومافی مرۆڤ . دەسەلاتی هەرێمایەتی چین لەوێوە كەپەیوەستە بە دورگەكانی ئسپراتلی وبەگشتی بە دەریای چینی باشور یان (تایوان)ەوە، هەروەها ململانێی جیۆستراتیژانەی ئەم وڵاتە لەگەڵ هندستانیش بەشێكن لەوێناكردنێكی فراوانی ئاینده" لەپاڵ ئەوەشدا پەیوەندیەكانی چین لەگەڵ ڕوسیادا دەچێتە هەمان قاڵبەوە. چەندە ڕوسیا لەوسستییە سیاسیە و گەندەڵبونە ئابورییەی سەرو دەربكات و لەو وڵاتەدا جۆرێك سیستمی دەسەڵاتخوازو نەتەوەگەرا سەرهەڵبدات، لەوانەیە چین پەنابۆ دروستكردنی یەكێتیەكی ستراتیژانە لەگەڵ ئەمریكادا بەرێت. لۆژیكی ئەو یەكێتییە ستراتیژییە تاڕادەیەك هەمان ئەو لۆژیكەیە كە لەنێوان ساڵەكانی (1972) تا (1989) لەنێوان چین و ئەمریكادا هەبوو. بەتایبەتی لەبەرئەوەی چین بۆ چارەسەركردنی گرفتە ناوخۆییەكانی زۆر پێویستی بە سەرچاوەو

www.pertwk.com

دامەزراوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان وئەوروپاو ژاپۆنە. بەگشتی دەکرێت بوترێت کە (چین) بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ڕابەرایەتیەکی ئارام لەکاروبای ئاسایشی ئاسیای خۆرهەڵات و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەگێڕێت. بەواتایەکی دی، چین دەتوانێت ببێتە دەسەڵاتێکی گەورە بە سیستمێکی گونجاوتر یان لیبراڵترەوە.

بۆ ئایندەی چین بەلای کەمەوە دو ئەگەری دی هەیە، کە بەلای ئەمریکاوە کەمتر بە پۆزەتیڤانە دادەنرێن.

ئەگەرێکیان ئەوەیە کە چین دەوڵەمەند بێت، بەڵام هەر بە پاوانخوازی بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی بەرزبونەوەی دەرامەت ببێتە هۆی سەرهەڵدلنی فرەحزبی، پێویستە گۆڕانێکی تایبەت ڕوبدات، کە ئەویش دروستبونی چینی ناوەڕاستە. لەبەر زۆر هۆ لەوانەیە لە چیندا ئەم مەسەلەیە ڕونەدات ( 145 ). لە بەرامبەردا لەوانەیە ئەم وڵاتە لە ئاوەژوبونەوەیەکدا لە ئابورییەکی کۆمۆنیزمی فەرماندارەوە بۆ سیستەمێکی دامەزراوەیی ئازادتر بگۆڕێت، کە لەگەڵ تۆڕێکی دەستەبژێرانی ئابوری و سەربازی و سیاسدا پێکەوە ئاوێتە بن. ئەم جۆرە سیستەمانە کە پشت بە تەماعی دەستەبژێرەکان و حەز بۆدەسەڵات و ئاڕاستەکردنی خەڵك بە گوێرەی ئارەزوەکانیان دەبەستێت، لە لایەن ڕابەرەکانی تری دەسەڵاتە ئابورییە گەورەکانەوە گوێی پێ نادرێت و ناتوانێ پایەدار بێت. ئەم جۆرە ڕژێمانە بە ئاسانی دەست دەدەنە سیاسەتی فراوانخوازی ناوچەیی ، وەك چۆن لە ڕابردودا سۆشیالیزم و بە تایبەت وڵاتە فاشی و نیوفاشیستەکان گرفتاری ئەم حاڵەتە بون.

کەواتە چینی نەتەوەیی دەتوانێ بڕیاری دوژمنایەتی کردنی ئەمریکا بدات و لەوانەشە ئەم ململانێیە ببێتە دوو لایەنە. تەنانەت ئەمڕۆ زەمینە بۆ ئەو دوژمنایەتیە خۆشەو بە ئاسانی و بەم زوانەش لە ناو ناچێت. یەکێك لەوانە مەسەلەی تایوانە کە ئەمریکا بە هەموو توانایەوە پشتیوانی لێدەکات. لە ساڵی ( 1999 ) کاتێك چین سیاسەتی (یەك چین ) ی بەرز کردەوە قەیرانەکە ئاڵۆزتر بوو.



مەسەلەیەکی تر ، هەوڵی (چین ) ە بۆ داگیرکردنی دورگەکانی ئیسپراتیلی یان ( دیائویڤ ) کە ئەبێتە هۆی ڕوبوڕوبونەوە لەگەڵ هێزەکانی فیلیپین و ڤیتنام و ژاپۆن. سێیەم مەسەلە بەرنامەی چەکسازی ( چین ) ە کەبە بەرنامەیەکی هێرش بەرانە لە قەڵەم دەدرێت. چوارەم مەسەلە ، ئاڵۆزیەکانی ناوخۆی ( چین )ە، کەچین، ئەمریکا بە هۆکاری سەرەکی ئەو مەسەلانە تاوانبار دەکات. مەسەلەی پێنجەم سەرکوتکردنی خوێناوی ریفۆرمخواز و کەمینە نەتەوەکانە. مەسەلەیەکی تر ئەو لێزمە وشانەیە کە لە زاری ئەمریکیەکانەوە دەبارێ و لە جیاتی دابین کردنی ئارامی ، کیشەکان ئاڵۆزتر ئەکات.

لە هەلومەرجێکی وا نائارامدا ئەمریکا لەوانەیە هەوڵبدات بە بەهێزکردنی بەرنامەکانی دەربارەی ئاسایشی دولایەنە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو دامەزراندنی پایەگای نوێ لەگەڵ چینی دوژمندا هاوسەنگی دروست بکات. لەوانەیە ئەمریکا زۆر بەخێرایی سەرمایە گوزاری و بازرگانی کەرتی تایبەت و گەیاندنی تەکنەلۆژیا و تەنانەت سەفەر بۆ ( چین ) سنوردار بکات و ژمارەی ئەو چینیانەی کە لە زانکۆکانی ئەمریکادا دەخوێنن کەم بکاتەوە. لە حاڵەتێکدا گەر چین وەڵامی توندی ئەمریکا نەداتەوە نازانرێ هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ئاسیا و دەرەوەی ئاسیا چۆن دەبێت. لەبەر ئەو هۆیانەو هەروەها لەبەر ئەوەی لە دوژمنایەتی نێوان ئەمریکا و چین دا ڕۆڵی هۆکاری کۆمۆنیستی سنوردار دەبێت، ناکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو هەلومەرجەی باسکرا بە ( شەڕێکی ساردی نوێ ) یان شێوازێکی پایەداری ( سنوردار کردن ) لە قەڵم بدرێت.

ئەگەری دوەم لەوانەیە چین لە ڕوی سیاسیەوە هەڵبوەشێتەوەو لەئەنجامدا بەرەنگاربونەوە سەرهەڵبدات. دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە کارێکی زۆر سەختە، بەڵام دەکرێ ئەم هۆکارانەی خوارەوە بخرێتە رو:

پارتی کۆمۆنیست ڕەوایی سیاسی خۆی لە دەست بدات“ دەستەبژێرە سیاسی وئابوریەکان توشی گەندەڵی بن ، گوشاری جودایی خوازەکانی ( تبت و

www.pertwk.com

سین کیانگ ) ، ناکام بونی ریفۆرم لە دامەزراوەکانی حکومەت کە دەبێتە هۆی کەمی بودجە و زۆر بونی ڕێژەی بێکاری ، فراوان بونی خواستی ئابوری خەڵکانی تەمەن مامناوەند، بەرز بونەوەی هەستی ئاینی و هونەرەکانی شەڕ، کە دژی مۆدرنیزمن" هەروەها کۆمەڵێ فەرمانڕەوای سیاسی لاواز .

ئەم جۆرە هەڵوەشانەوەیە لەوانەیە ببێتە هۆی گەڕانەوەی شەڕخوازی و هەڵوەشانەوەی ئابوری و کارەساتی مرۆیی و بڵاوبونەوەی چەکە کۆکوژەکانی چین و سەرهەڵدانی تیرۆرزم و بازاڕی ڕەش( کەلەلایەن تاوانبارانێکەوە بەڕێوە بېرێت ،کەهاوبەندبن بەگروپی تاوانکارانی دەرەوەی چین). وەك چۆن لاوازی ڕوسیا بوو بە تاعونێ بۆ سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، زۆر لاواز بونی ( چین ) یش هەر وا دەبێ.

کەس نازانێ چین لە پاش بیست و پێنج ساڵی دی چ سیمایەکی دەبێت. تەنیا شتێك بە تەواوی ڕون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو بارودۆخەی ئێستا ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەو بڕوایەی کە پێی وایە ( چین ) لە ( 25 ) ساڵی ئایندەدا گەشەی ساڵانەی ( 6 تا 10 ٪ ) دەبێت، لەهەمان کاتدا لە لایەن پارتی کۆمەنیستی توندڕە وە بەڕێوە دەبرێت نامومکین دێتە بەرچاو. ڕوداوێك دەقەومێت" بەڵام ئەو ڕوداوە چی‌یە ؟ وەڵامەکەی ئاشکرا نی‌یە، دەبێت گریمانە و گومانی بۆ بکرێت.

جگە لەمەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی ئابوری ناوچەکە یان جیهان و گۆڕانی چین بۆمەسەلەیەکی گرنگ، سێیەم نیگەرانیش هەیە، کە بابەتێکی کۆنەو بریتییە لە خراپ بەڕێوەبردنی هاوسەنگی هێزەکانی ناوچەکە.لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا سێ وڵات تەوەری ڕاستەقینەی ژیۆپۆلەتیکی ناوچەکە پێك دەهێنن، کە بریتین لە چین و ژاپۆن وکۆریا. لەوانەیە لە ڕواڵەتدا جێگەی سەرسوڕمان بێت گەر هەندێ وڵاتی گرنگی وەك ئەندۆنسیا (213 ملیۆن کەس) , و تایلەند(60 ملیۆن کەس) لە بەر چاو نەگیرێت و تەنیا ئەو سێ وڵاتە ناوببرێن, بەڵام ئەوە حەقیقەتە.



دیارە ئەم قسانە بەو مانایە نییە کە وڵاتانی تر گرنگییان کەمترە. ئەندونوسیا وەك چوارەم دەوڵەتی دونیا لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە لە هەموو وڵاتانی جیهان موسوڵمانی زیاتری تێدایە. ئەم وڵاتە لە ئاسیا، ئۆپیك و ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری ئاسیا و ئۆقیانوسی ئارامدا ڕۆڵی سەرەکی هەیەو پشتیوانی لە پرۆسەی پاراستنی ئاشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کردوەو لە هەرێمەکانی چەك داماڵینی جیهاندا بەشدارە و وڵاتێکی دەوڵەمەندی نەوتە. جگە لەوەش بەشێك لە هێڵی پەیوەندی دەریایی زۆر هەستیار بەم وڵاتەدا تێپەڕ دەبێت(146).

هەربۆیە ئەنجامی چاکردنەوەی سیاسی و ئابوری ئەندۆنسیا ڕۆڵێکی گرنگ لە دابینکردنی ئارامی لە ئایندەی ئاسیای خۆرهەلاتدا دەگێڕێ. گەر ئەندۆنسیا خاوەن حکومەتێکی دیمکراسیانە بێت و کێشە جوداخوازییەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات دەتوانێ سود لە هۆکاری دانیشتوان و ئابوری خۆی ببینێ و ببێتە هێزێکی ئاشتی پارێزی ناوچەکە. بە پێچەوانەوە گەر هێزە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە دژی ڕەوتی دیمکراسەت بوەستن یان گەر بزوتنەوە جوداخوازەکان پەرەبسێنن و گونجاوی وڵات لاواز بکەن, ئەوا لافاوی پەنابەرانی ئەو کۆمەڵە دورگەیە بەرەو وڵاتانی دراوسێ سەرەوژێر دەبێت، ئەو وڵاتە دەبێتە لانکەی تاوانبارانی نێودەوڵەتی. گەر ئەم وڵاتە توشی هەڵوەشاندنەوە یان شەڕی ناوخۆ ببێت ئەوا دەبێتە مێردەزمەیەکی سیاسی و مرۆیی بۆ ناوچەکە.

ئاسیای باشوری خۆرهەڵاتیش بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەناوچەیەکی گرنگ دێتە ئەژمار. ئەم هەرێمە لە ئایندەدا ڕۆڵێکی ئابوری گرنگ دەگێڕێ، گەردوچاری قەیران ببێت دەبێتە هۆی ململانیەکی توند لە نێوان چین, هیندوستان, ژاپۆن و کۆریا. ئاراستەی هەڵبژاردەکانی ئەو وڵاتە بۆ دیموکراسی

www.pertwk.com

زۆر ئاڵۆزەو لەوانەیە ببێتە گۆڕپانێکی گرنگ بۆ خستنە ڕوی ئایدۆلۆژیاکان لە( 25 ) ساڵی ئایندەدا.

سەرەڕای ئەوە, سێگۆشەی جوگرافی (چین, کۆریا, ژاپۆن) بەلای ئەمریکاوە زۆر گرنگە. ئەو هەرێمە سێگۆشەیەکی ئاڵۆزو بەڵام لە هەمان کاتدا ناسراوە. لە دونیایەکدا کە یەکپارچەیی ئابوری جیهان و چالاکی تەکنیکی شوێنێکی دیاری هەیە، ئابوری لە سەروی کولتوری سیاسیەوە دادەنرێت, ڕەگەزەکانی ژیۆپۆلەتیکیش کاڵ دەبنەوە. بەڵام ئاستی بێ متمانەیی و ترسی ئاشکرای ئەم سێ وڵاتە لە یەکتر شتێکی حاشا هەڵنەگرەو ناکرێ لەبەر چاو نەگیرێ. هەڵبژاردە سیاسی و ڕوناکبیرەکانی چین بەو سەرکەوتویەی ژاپۆن دڵخۆش نین و دەیانەوێ هەستی نەتەوەیی چین بگەیەننە ئاستی هەستی نەتەوەیی ژاپۆنییەکان. دەکرێ بڵێین کۆریاییەکانیش لە ژاپۆنیەکان ڕەنجاون, بەڵام لە نزیککەوتنەوە لە چین دەترسن و مەیلە ئاشتیخوازانەو بازرگانیەکانی پاش دوەم جەنگی جیهانی نەیتوانیوە بەتەواوی بەسەر میراتە مێژوییەکاندا زاڵ بێت. دەبێ نفوزی ڕوسیا و ئەمریکاش بۆ ئەم ڕاستیە زیاد بکرێت, چونکە لە ڕوی جوگرافیا و مێژوەوە بەردەوام کاریگەراییان بۆ سەر ئەم سێگۆشەیە هەبوە.

ئەو پریسکەیەی کە دەکرێ ئاگری شەڕ لەم سێگۆشەیە هەڵگیرسێنێ, لەوانەیە بە هۆی هاتنە سەرکاری نەتەوەییە چینیەکان ، کۆریای یەکگرتوی خاوەن چەکی ئەتۆمی و ژاپۆن لە ڕوی سەربازییەوە دەست پێبکات.

هەروەها لەوانەیە فراوانبونی هێزی سەربازی ستراتیژی چین کە پێگەی گرەنتیە ئاشکراکانی ئەمریکا بۆ ژاپۆن و کۆریاو فلیپین و باقی وڵاتان لاواز دەکات, ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو ئاگرە. لێکۆڵینەوە مێژوییەکان ئەوەیان فێرکردوین کە کات و چۆنیەتی ئەو گۆڕانکاریانە زۆر گرنگن و پێشبینی کردنیان کارێکی دژوارە.



وا دیارە کۆریا لە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەدایە. ئێمە وردەکاریەکانی ئەو گۆڕانەی کەلە کۆریادا ڕودە دات نازانین. ئەگەر ڕژێمی ستالینی کۆریای باکور لەناکاودا لەژێر گوشاری کۆنەپەرستی خۆیدا هەرەسبهێنێ و تەنانەت گەر ڕابەرێکی نوێ کە لە سییۆلەوە نزیك بێت بێتەسەرکار, هێشتا یەکگرتنەوەی هەردو کۆریا دژوارە، ئەگەر شەڕیش لە نێوان هەردولادا هەڵگیرسێ ئەوا ئەو یەکگرتنە زۆر دژوارتر دەبێت.  کاردانەوەی ژاپۆن لە شەڕێکی وادا لایەنگرانە دەبێت (دەچێتە پاڵ یەکێکیانەوە) و دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندی ئاسایشی ژاپۆن و ئەمریکا.

وێناکردنی گۆڕانکاری گرنگ لە سێگۆشەی جیوگرافیایی ئاسیای  خۆرهەڵات لەحاڵێکدا گەر پاش یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا, کۆریا بە یەکگرتوی دەست لە بەرنامەی چەکسازی ئەتۆمی کۆریای باکور هەڵنەگرێ , زۆر دور نییە. ئەم گۆڕانە تەنانەت لە جیابونەوەی ئەمریکاو ژاپۆن بە هۆی ڕوداوەکانی پەیوەندیدار بە یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا کاریگەرترو گرنگترە. ژاپۆن دەکەوێتە ژێر گۆشارەوە تاکو ببێتە هێزێکی ئەتۆمی.لەم حاڵەتەدا  ئەم سێگۆشەیە پێکدێت لە سێ وڵاتی دژ بەیەکی خاوەن چەکی ئەتۆمی.

لە بارەی ژاپۆنەوەئەو ئەگەرە هەیە کە پشتیوانی سیناریۆی دورە پەرێزی بکات. هەر چەندە زۆر سەختە ئەو ئەگەرە بێتە دی، بەڵام لەوانەیە ئەوەی کە ڕوبدات نزیك بێت لەم گێڕانەوەی خوارەوە : لەباشترین حاڵەتا, پشکی ژاپۆن لە بەرهەم هێنانی کەرەسەی خاوی ناوخۆی جیهاندا کەلە ساڵی (1990) دا ( 8٪ ) بوە، تا ساڵی( 2025)  بگاتە (4ر5 ٪ ) (147). بۆ کولتورێکی سیاسی کە لە ساڵی (1945) بەملاوە سیمایەکی سەرکەوتوی لە بواری ئابوریدا پیشانداوە, ئەمە هەواڵێکی باش نییە, بەڵام ناتوانرێت ئەو ڕێگایە دەسەبەر بکرێت. ئەگەر ڕێبەرەکانی ژاپۆن نەتوانن ڕیفۆرمی ئابوری و دارایی کاریگەر ئەنجام بدەن ئەوا ئابوری ئەو وڵاتە لەوانەیە دوچاری قەیرانی گەورە ببێت. لەوانەشە سیستەمی

www.pertwk.com

سیاسیش توشی شەلەل ببێت. بەڵام لە دوای چەندین ساڵ گەشەسەندنی ئابوری نیگەتیڤ و قەیرانی قورسی پارەی خانە نشینی بۆ پیرانی ژاپۆن لەوانەیە ئارامی سیاسی تۆکیۆ سەرئەنجام هەرەس بهێنێ. لەوانەشە حزبێکی نوێ کە جەخت لەسەر کولتوری سەربازی ژاپۆن بکاتەوەو لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانی بکرێت دەسەڵات وەربگرێت و هەموو توانای خۆی بۆ گەڕانەوەی غروری نەتەوەیی ژاپۆنیەکان و دژایەتی کردنی چین بخاتە گەڕ. ئەم هاوپەیمانەتیەی سەرکردە پارێزگارەکان دەبێتە هۆی پێشێلکردنی پەیماننامەی دوقۆڵی نێوان ژاپۆن و ئەمریکا. لە هەمان کاتدا, لەوانەیە رێبەرانی ئەمریکا گوێ بەگۆڕانکاریەکانی نەدەن و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی نا ئومێدی زیاتری ژاپۆنیەکان و دا بەزاندنی ئاستی بەشداریکردنیان بۆ ڕادەیەکی پاش دوەم جەنگی جیهانی.

هەر بۆیە, لەوانەیە گۆڕان کاری لە پەیوەندی ئەو سێگۆشەیەی کە باسمان لێوەکرد لە بابەتێکی ترەوە ( جیا لە یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا) دەستپێبکات. ئەگەری ئەوەش هەیە یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا تا (20) ساڵ یان زیاتر دوابکەوێ. کۆریای باشور دەزانێ ئەو یەکگرتنەوەیە (25) ملیۆن هەژارو ژێرخانێکی ئابوری داتەپیوی بۆ زیاد دەکات, ئەمە ئەگەر چاو لە ئاستی سوپا (1144000 ) سەربازەکەی کۆریای باکور و ئامادەکردنی خەڵك و راهێنان بۆ شەڕ داخەین. بە پێچەوانەی ئەڵمانیا کە نەتەوەخوازی یەکگرتنەوەکەی پێش خست, لە ڕوی مێژوییەوە نەتەوەپەرستی هەردوو کۆریا ڕازییە لەسەردابەشکردنی ئەو نیمچە دۆرگەیە. بۆیە لەوانەیە کۆریای باشور ڕازی نەبێت. ئەمریکاو ولاّتانی تر لەگەڵ کۆریای باکوری پیرونەخۆشدا وەك گۆشەنشینێکی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوت بکەن. گەر ئەم مەسەلەیە وا بێت, ئەوا یەکگرتنەوەی هەردو کۆریا درێژخایەن و پڕ لەگێرمەو کێشە دەبێت.

لە لایەکی ترەوە, هەر گۆڕان کارییەك لەو سێگۆشەیەدا ڕوبدات دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی گەورە و ئەمریکا کە لەدوای جەنگەوە لەوێیە ناچارە ڕوبەڕوی ببێتەوە،



چونکە ئەمریکا تەنیا ولاّتێکی دەرەوەی ناوچەکەیە کە دەیەوێ هاوسەنگی لە نێوان ولاّتانی ناوچەکە دروست بکات و هەوڵدەدات لە ڕێگەی دڵنیاکردنەوەی ئەو سێ ولاّتەوە ئاسایشی ناوچەکە بپارێزێ. بونی ئەمریکا لە ناوچەی ئاسیای خۆرهەلاّت زۆر پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە. مەترسی لەچین دەبێتە هۆی بەردەوامبونی ئامادە یی ئەمریکا لە خۆرهەلاّتی ئاسیاو بەهێز کردنی توانای سەربازیی. بەلاّم لەوانەیە لە ژێر گوشاری گۆڕانکاری ناوچەیی و ناوخۆیی لە ولاّتانی ئاسیای خۆرهەلاّتدا ئەمریکا ناچار بێت ئەو ئامادەبونە کەمبکاتەوە، یان بێتە هۆی دەرچونی لە ناوچەکە. لەوانەشە لە یەك کاتدا دو هێزی ڕازی و ناڕازی لەسەر بونی ئەمریکا لە نلوچەکەدا هەبێت.

سەرچاوەیەکی سەرەکی گۆشار خستنەسەر کەمکردنەوەی ئامادبونی سەربازی ئەمریکا ئەو ڕاستیە کە بارەگا دەرەکیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەگەری ئەوە زیاتر دەبێت کە لە لایەن ولاّتانی خاوەن موشەکی بالیستیەوە هێرشیان بکرێتە سەر. وەك وتمان گۆڕانێکی گەورە لە سیاسەتەکانی ژاپۆن دەتوانێ ببێتە هۆی کەمکردنەوەی پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا یان دەرچونیان. ئاشتی لە نیمچە دورگەی کۆریا دەبێتە هۆی نەمانی بیانوی مانەوەی پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە کۆریا. یەکگرتنەوەی هەردو کۆریا لەوانەیە ببێتە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی لای کۆرياییەکان. لەوانەشە ڕای گشتی ئەمریکاو کۆنگرێسیش بگەنە ئەو قەناعەتەی کە بونی پێگەی سەربازی ئەمریکا لە ئاسیای خۆرهەلاّت پێویست نییەو لە ڕوی خەرجیشەوە ژیرانە نییە.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین ئەم بابەتەی کە ئایا پێشبینییە پۆزەتیڤەکانی پەیوەندیدار بە ئاسیای خۆرهەلاّت سەردەگرێ یان ئایندەیەکی ڕەشتر لە پێشە؟ ئەوە مەسەلەیەکە ئەوەندەی پەیوەندی بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە هەیە ئەوەندەش پەیوەندی بە هەڵسوکەوت و دور بینی ئاسیای خۆرهەلاّتەوە هەیە. بارودۆخی ئاسیای خۆرهەلاّت دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئابوری جیهانەوە.

www.pertwk.com

هەرچەندە سیاسەتەکانی ئەمریکا کار لەئابوری جیهان دەکات, بەلاّم کاریگەری لەسەر ئابوری ئەم ناوچەیە سنورداره. هۆکارێکی تر پەیوەندی بە سنوردارکردن یان سنوردارنەکردنی توندوتیژیە ناوخۆیی ونێودەوڵەتیەکانەوەیە لە ناوچەکەدا. لەم بارەوە شارەزایی ئەمریکا لە دابینکردنی هاوسەنگی لە نێوان ولاّتانی ناوچەکە دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ بگێڕێ.

ئاساییە کەمکردنەوەی پابەندبون و دەرگیرییەکانی ئەمریکا لە خۆرهەلاّتی ئاسیا (بە تایبەت گەر خێراو توند بێت) دەتوانێ یارمەتی ولاّتانی ناوچەکە بدات تاکو هاوسەنگی لەنێوان هێزە نوێیەکاندا فراوان بکات.لە ڕوی ستراتیژەوە سەرەنجام ئەمریکا ناچارە یەکێك لەم دو ڕێگەیە هەڵبژێرێ : یان ئەوەیە مەترسی کورت خایەن و خەرجی سیاسی زۆر قەبوڵ بکات، بۆ ئەوەی لە ناوچەکە بمێنێتەوە یان بە قبوڵکردنی مەترسی درێژ خایەن و گەورەتر بۆ هەموان خۆی لە ڕوبەڕو بونەوە لە ناوچەکە دور خاتەوە.

## ***خۆرهەلاّتی نزیکی گەورە:***

و: دلاوەر عەبدوڵلاّ

خۆرهەلاّتی نزیکی گەورە کەلێرەدا بەپێی پێناسەی ئێمە پێکدێت لەجیهانی عەرەب، ئیسرائیل، تورکیا، ئاسیای ناوەند، قەفقاسیاو نیوەدورگە, شوێنی گەورەترین سەرچاوەی سوتەمەنی خەڵوزو هێزە پاوانخوازەکانە، کە هەوڵی بالاّدەستی دەدەن لەوناوچەیەدا. خۆرهەلاّتی نزیکی گەورە ناوچەیەکە ئەمریکا هاوپەیمانی گەورەو بەرژەوەندی گرنگی تێداهەیە، تیایداچەکی کۆکوژیش لە زیاد بوندایە. ئەوە شتێکی رێکەوت نییە دوایین شەڕی گەورەی ئەمریکا (شەڕی ساڵی 1991 ) لەم ناوچەیەدا ڕویدا. هەروەها ئەم ناوچەیە تەنیا جێگەیەکە کە لەپاش شەڕی ساردەوە هێزەکانی ئەمریکای کەم تا زۆر تێدا بوە. هەر لەبەر ئەوە ئەم ناوچەیە لە دیدی خۆرئاواوە زۆر گرنگە، بەلاّم لە هەمانکاتدا پڕ لە کێشەیە.



بێگومان, تەنانەت بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکە, ئەو دیدەی سەرەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، چونکە سەرەڕای دورنمای بێ پێشینەی ئاشتی عەرەب – ئیسرائیل, هێشتا ئەم ناوچەیە زۆر کێشەو تەنگوچەڵەمەی هەیە. زۆر ڕژێمی داپڵەسێنەر لەناوچەکەدا هەن, جگە لە ئیسرائیل و هیندوستان و تورکیا لە هیچ شوێنێکی ئەم هەرێمەدا دیموکراسی نییە.

هەروەها ئەم ناوچەیە سەرچاوەی ئیسلامی چەکدارو سیاسی و توندڕەوە، ئەگەر بۆ کۆمەڵگا میوانداره‌کان و ولاّتانی دراوسێ بە هەڕەشەیان نەزانین, بەلای کەمەوە بە بزوێنەری تێکدانی ئاسایش و ئارامییان دەبێ بزانین. هەرێمێکی زۆری ئەم ناوچەیە (دۆڵی بقاع لە لوبنان و باشوری ئەفغانستان) دابینکەری بەربلاّوی مادەی بێهۆشکەرن بۆ زۆر جێگەی جیهان. هەروەها ئەم ناوچەیە شوێنی ململانێی شیعەو سوننی – موسوڵمان و هیندۆس– جولەکەو مەسیحیە قیبتیەکان – بەهایی و بودایی لە سریلانکایە. توندوتیژی نەتەوەیی لەناو ولاّتەکانی ناوچەکەو ئەو ولاّتانەی کە کوردو تورك و عەرەب و فارس و ئەرمەنی و ئازەری و سینگالی و تامیلی.. تێدایە بەرچاودەکەوێ. زۆردژوارە لە مێژوی ئەم ناوچەیەدا قۆناغێکی (25) ساڵی بدۆزرێتەوە تیایدا بەلای کەمەوە ئاڵۆزی یان شەڕێکی ناوخۆیی، یاخود جەنگێکی دەرەوەی سنوریی ڕوی نەدابێت.

لەگەڵ وردبونەوە لەداهاتو, لەوانەیە ئەم میراتەی ڕابردو نائومێدانە بێت, بەلاّم شتی دیش بۆ نائومێدی لەئارادایە. بەچاوپۆشین لەڕابردوی پڕ لەڕوداوی ئەم ناوچەیە, بیستو پێنج ساڵی ئایندە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ناسەقامگیرو کارەساتبار ڕوبەڕو دەبێتەوە, کەبەلایەنی کەمەوە لەیەکێك لەم سێ وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

1– هەرکاتێکی ئیمپراتۆریەتێکی زەبەلاح دەڕوخێت, لەناوچەکانی دەوروبەری خۆیدا شەپۆلێکی ناجێگیریی دروست دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی

www.pertwk.com

چەندین ساڵ درێژە دەکێشێت. دارمانی خێرایی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت بۆ خۆرهەڵاتی مەزنی نزیك, نمونەی تەواوی ئەم زنجیرەیەیە. چونکە بۆ یەکەمجارە بەدرێژایی سێ سەدەی دوایی, سێ وڵاتی سەنتەریی ناوچەکە, واتە ئەفغانستان و ئێران و تورکیا, ئیتر هاوسێی روسیا نین. پەیوەندی یە دێرینە بازرگانیەکان و فەرهەنگیەکانی نێوان ناوچەکانی نێوان باشوری ڕوباری جەیحون و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست, نزیکەی پاش یەك سەدەی ئاسایی, دامەزراون. ڕێگای ئاوریشم کەمکەمە زیندو دەبێتەوەو نمونەی ئاڵوگۆڕەکان زۆرتر لەوەی یادەوەری سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمی میلادی بن, سەدەکانی پازدەو شازدەیەم بەیاد دەهێننەوە.

نەك تەنها خەڵکی موسوڵمانی قەفقازو ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ باقی شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی یەکیان گرتوەتەوە, بەڵکو بەهۆی دارمانی لەسەرخۆ، بەڵام زۆر ئەستەمی یۆگسلافیا موسوڵمانەکانی باڵکانیش تاڕادەیەك چونەتە ڕیزیانەوە.

کەمێك دورتر بەرەو خۆرهەڵات, هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت, هیندستانی زلهێزێکی پارێزەر کە دەبوە وڵاتێکی هاوشانی چین, بێبەش کرد. بەڵام لەهەمان کاتدا برەویدا بە ئارەزوکانی هندستان بۆ ئەزمونکردنی ئاشکرای چەکە ئەتۆمیەکان. ئەمە واقعێکی ژیوپۆلەتیکەو بەئەندازەی ئەم واقیعەش لێڵە, کە داڕوخانی سۆڤیەت ئەو توانستەی بەچین بەخشی تا ئاڕاستەی سوپایی خۆی بەرەو ناوچەیەکی دورتر لە سنوری ڕوسیا (بەرەو دەریای چینی باشور) دوبارە هاوسەنگ بکاتەوە.

تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکانی هندستان بوە بەهانەیەك بۆ پاکستان تا دەستبداتە چالاکیە ئەتۆمیەکان و ئەوەش لەلای خۆیەوە لە ئێران برەوی بەئارەزوی بەدەستهێنانی هاوسەنگیەکی ستراتیژی دا (کە پراکتیکانە بێ بەهابونی مومکین



نییە). هەڵبەتە ئەم ئارەزوکردنە فاکتەری دیشی هەیەو ئەوەش ئەو هەڕەشەیەیە کە ئێران لە هەوڵەکانی عیراق بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژدا, خۆدەبینێتەوە.

تائێستا, دەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنیزم تەنها لە نیمچە دورگەی باڵکان و قەفقازو تاجیکستان و ئەفغانستان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ یان درێژبونەوەی, بەڵام بەپێودانگە مێژوییەکان هێشتا زوە ئەنجامگیری ئەوە بکرێت کە تەپوتۆزی ئاکامی ئەو داڕوخانە نیشتۆتەوە. ژمارەی جەنگە بچوك و گەورەکانی, کە تەنانەت گەشبینترین شرۆڤەکاران لۆژیکانە چاوەڕوانن لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا لەم ناوچەیەدا بقەومێن, زۆرە. هەندێك لەم جەنگانە دەتوانرێت بە ئاکامی داڕوخانی سۆڤیەت دابنرێت.

2– سەرچاوەیەکی دی ئاڵوگۆڕ کەپێشتر ئاماژەی بۆکرا, فاکتەری دانیشتوانە. لەنیوەی یەکەمی ئەم چەند ساڵەی کەماوە تا ساڵی (2025), زۆرترینی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی نزیك, زۆربونی خێرای دانیشتوان و نزمبونەوەی بەرچاوی تەمەن ناوەندی دانیشتوان بەخۆوە دەبینێت. لەزۆربەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکە شەپۆلی لاوێتی ڕێگای خۆی دەکاتەوە. فاکتەری ئەمە تا ڕادەیەك پێشکەوتنی پزیشکی و تەندروستییە, بەڵام فراوانبونی دانیشتوانیش لەدەیەکانی (1970و 1980)دا کاریگەری هەبوە. ئەم زیادبونی ژمارەی دانیشتوانە زۆر لە کۆمەڵگەکان دوژار دەکات. فرە دانیشتوانی بەهۆی پێداویستی ئاوی خواردنەوە، خانو، خوێندن و پەروەردە، کارگوزاری تەندروستی و شتی ترەوە دەوروبەری کۆمەلایەتی و سروشت دەخاتە ژێر فشارەوە[150]. بێکاری و جیاوازی دەستکەوت و داهات توندوتیژی نەتەوەیی و پاشکۆکانی ئەم گرفتانە دەبنە فاکتەری گرنگی کۆچی ناوخۆیی, بەشێوەیەکی سەرەکی لەناوچە گوندییەکانەوە بۆ شارو شارۆچکەکان و تەنانەت کۆچی سنوربڕینیش بەرەو ئەوروپا [151].لەناوەڕاستی ئەوخولانەوە کە تاساڵی (2025) درێژەی دەبێت, فراوانبونی شارنشینی و خوێندەواربونی ژنان و کچان, لەوانەیە ببێتە هۆی

www.pertwk.com

کەمبونەوەی پلەبەپلەی ڕێژەی لەدایکبون و فشاری سەر خزمەتگوزارییەکان تا ڕادەیەك پاشەکشە بکات.

3- سەرچاوەی سێیەمی ئالوگۆڕیش تا ڕادەیەك پێشتر لە میانەی لێکۆڵینەوەکەدا ڕونکرایەوە, ئەویش ئەو نائارامییەیە کەچاوەڕوانین لە درێژەی کاروانی یەکپارچەیی ئابوری جیهان (عەولەمە) وە سەرچاوە بگرێت. تاکە ڕەوتی سەرکەوتوانەی بەجیهانیبونی ئابوری لەفەرهەنگە ناخۆرئاواییەکانی ئەم ناوچەیەدا کاردانەوەی زۆری دەبێت و تradیسیۆن تەنها یەکێکە لەم کاردانەوانە. پێوەرە جیهانیە نوێیەکان کە ڕیشەی خۆرئاواییان هەیە سەبارەت بە مافی مرۆڤ و مافی کەمینە و بەتایبەتی مافی ژنان دەبنە فاکتەری دی بۆ فرەکاردانەوە. ئەگەر یەکبونی ئابوری جیهان, خولی پرشنگدار و خامۆش بون بهێنێتە ئاراوە، ئەگەر بە سەنترالبون سەرکەوتن و شکستەکان لەولاتانی ناوچەکەدا بگونجێت, یان گەر بەپارچە پارچەکردنی ولات و کۆمەلگەکان لەڕوی سوپاییەوە ئەم دەستەلاتە فەراهەم بکات، کەلەپەیوەندییە ئەمنیەکاندا پەرێشانحالی کتوپڕ بەدیبهێنن, ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە بهاوێتە ناوخولێکی پڕ ئاشوبەوە.

لەوانەیە لەوەی وتمان وادەرکەوێت کەخۆرهەلاتی گەورەی نزیك نابێتە سەرزەمینێك کە ئەمریکی و ژاپۆنی و ئەوروپیەکان بۆ فرۆشتنی بیمەکاری یان بەسەربردنی پشوەکان بچنە ناوی, بەلام بەپێی پێویست بەوجۆرە نییە. دروست وەك ئەوروپای گەورەو ئاسیای خۆرهەلاتی کە ئەگەری گەشبینانەو ڕەشبینانە دەربارەیان لەئارادایە، سەبارەت بە خۆرهەلاتی گەورەی نزیکیش بەهەمان شێوەیە و مرۆڤ لەوانەیە بەیەکێك لەم دوو ڕەوانگەیەوە سەیری ئاینده بکات .

لەنێوان ئەم هەموو ئەگەرە پڕدەردیسەریەدا, چ زەمینەیەك بۆ گەشبینی دەتوانێت لەئارادا بێت؟ وەلامەکان فراوانن. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان کە تاڕادەیەکی باشیش سەرنجڕاکێشە لەدەسەلاتی کۆمەلایەتیدا مەزهەب لەبەرامبەر ڕاکێشانی بزاوتەکانی بەجیهانیبوندا, شاراوەیە.



هەندێك لەولاتە گەورەو گرنگەکانی ناوچەکە لەوانەیە جادو و تەلیسمی دەولەت گەرایی پوچەلکەنەوەو زیاتر خۆیان لەگەلّ سیستمی ئابوری جیهانیدا گرێ بدەن. بەلایەنی کەمەوە نزیکەی لەهەموو ولاتە خاوەن نەوتە دەولەمەندەکان و لەزۆربەی ولاتانی دیدا بەڕێوەبەرانی بالای توێژە بازرگانەکان و دەولەتیەکان بەتەواوی مۆدێرنانە بیردەکەنەوە.

ئیسرائیل و چەندین ولاتانی عەرەبی (بەئەگەرێکی زۆرەوە قەتەرو ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی و لەوانەیە عێراق و عەرەبستانی سعودی)ش ببنە خاوەنی ئابورییەکی نویّ. هندستان و ئێران و میسرو تورکیاو چەندین ولاتانی دی ناوچەکەش بەلایەنی کەمەوە دەبنە خاوەنی بەشی زۆر نوێی ئابوری. دەرەنجام, بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی ناوچەکە وەك ڕێژەی سەدی بەرهەمی ناتەواوی خۆمالی لەچاو کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم زۆر زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت. چەندین ولاتی ئەفریقای باکور وەکو مەراکیش و تونس و جەزایری دور لەئاژاوەو لیبیای پاش قەزافی, لەوانەیە لە ئاسیای خۆرهەلاتەوە سەرمایەی زۆر بەرەو خۆیان کێش بکەن، (سەرمایەگوزاری لەسەر چاوەی وزە و نفوزکردنە ناو ئەوروپا لە ڕێگای پەیماننامەی بازرگانی یەکێتی ئەوروپا لەگەلّ ولاتانی باکوری ئەفریقا). هەندێك لەو ولاتانە, بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری پەترۆلن لەوانەیە بەرابەرایەتی وەچەیەك لە دەستەبژێرانی لەخۆرئاوا دەرچون, بۆ بەرهەمهێنەری سەرکەوتو وسەنتەری گرنگی دارایی نێو نەتەوەیی بگۆڕێن. (بەپەیڕەوی کردن لە نمونەی دەیەی "1990"ی ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی). فراوانی و کرانەوەی ئابوری دەتوانێت هەندێك لەم ولاتانەی ناوچەکە بکاتە بازاڕی گرنگی سەرمایەو بەرزکردنەوەی بەرهەمی تێکەلاوی ناوخۆیی لەگەلّ ڕێژەی سالانەی زیاتر لە سەدا چوار, تەنانەت بۆ زۆربەی ولاتانی ناوچەکە ئامانجێکی دورە دەست نییە. دامەزراندنی بانکێکی چالاك بەناوی (بانکی فراوانکردنی خۆرهەلاتی ناوەڕاست) کە یاریدەی سەقامگیری لە ولاتە بێنەوتەکاندا بکات چاوەڕوان کراوە.

www.pertwk.com

بێگومان، یەکێك لەدەرئەنجامەکانی گەشەی خێرا جیاوازی زۆرتری ئابوری نێوان وڵاتەکانی ناوچەکەیە: جیاوازی لەنێوان وڵاتانێکی کە بەئابوری جیهانیەوە گرێدراون و وڵاتانێکی لێی دورن. لەبەرئەوەی لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا جیاوازییە ئابورییەکانی ناوخۆی ناوچەکە بەهۆی بونی ڕێکەوتنەی سوتەمەنیەوە بوە، لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستو یەکدا ئەو جیاوازییە زیاتر بەهۆکاری ئاستە جیاوازەکانی فراوانی سەرچاوە مرۆییەکان و ئازادی ئابوری و حاڵەتی سیاسییەوە بێت. بەڵام گرنگترین بابەت ئەوەیە کە هەموو وڵاتانی ناوچەکە لەو باوەڕەدا دەبن کە ئاڵوگۆڕو سەرکەوتنی ڕاستەقینە لەتوانادایە. ئەگەر عەرەبستانی سعودی و ئێرانو تورکیا و ئیسرائیل و میسر و هندستان (تەنها ناوی کارەکتەرە سەرەکیەکانمان برد) لەگەڵ پەیوەست بونیان بەئابوری جیهانیەوە بازدانێکی ئابوری بەدەستبهێنن خۆرهەڵاتی نزیك دەبێتە ناوچەیەکی دی.

هەرچۆنێك بێت، جێگای گومان نییە کەبونی سەرچاوەی مادەی خام لەدابینکردنی دارایی بۆ ئەم پەرەسەندنە جێگەیەکی تایبەتی دەبێت. نزیکەی پێنج سەد ملیار دۆلار سەرمایەی عەرەبەکان لەدەرەوەی جیهانی عەرەب و لەبانکەکانو سەرمایەگوزاریەکاندا جێگادەگرێت.

ئەگەر ئەقڵگەرایی ئابوری بتوانێت زۆرترینی ئەم دراوە بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە، سندوقی سەرمایەگوزاریەکان سەرچاوەیەکی گەورە دەبێت. تورکیا لەوانەیە لە وڵاتانی تورکی زمانەوە (تورکمنستان کە سەرچاوەی گەورەی گازی سروشتی هەیە، ئازربایجان کە لەسەر دەریایەك پەترۆڵ و گاز ڕۆنیشتوەو تەنانەت ئۆزبەکستان کە گەورەترینو لەوانەیە لەئایندەدا لە ڕوی ئابورییەوە دەرکەوتەترین وڵاتی تورکی ئاسیای ناوەڕاست بێت) سەرمایە بەرەو خۆی کێش بکات. هندستان هێندە فراوانە کە دەتوانێت زۆترین سەرمایەی پێویستی خۆی بەرهەم بهێنێت، بەڵام پێداویستیە گەورەکانی ژێرخانەکەی لەوانەیە زۆرترین بەشی ئەم سەرمایەیە بۆخۆی کێش بکات. ئیسرائیل بەهۆی دەوڵەمەندی



تایبەتیەوە لەسەرمایەی گونجاوی مرۆڤانە بۆ سەردەمی جاسوسی لەسەرانسەری جیهانەوە سەرمایە کێش دەکات.

ئەمە هەموو مەبەستەکە نییە. ژاپۆنو ئەوروپاو هیندستانو چینو زۆرترینی وڵاتانی ئاسیای خۆرهەڵات، کە لەحاڵەتی گەشەکردندان، بەتوندی بەپەترۆڵو گازی سروشتی ئەم سەرزەمینەوە گرێدەدرێن. پەیوەستی چین بە نەوتو گازی کەنداوی فارسو حەوزی دەریای ڕەشەوە بەخێرایی گەشە دەکات. سەرمایەگوزارییەکانی ئاسیا خۆرهەڵاتیەکان لەخۆرهەڵاتی نزیکدا بەخێرایی فراوان دەبێت. بەجۆرێکی لێبڕاوانە دەبێت بوترێت بۆ دابینکردنی دارایی گەشەی واقیعی دراوی زۆر لەئارادا دەبێت.

لەوەش گرنگتر سامانی نوێ ئاکامی گرنگو پۆزەتیڤی سیاسیانەی بەدوادا دێت. پراکتیکانە هەموو دەستەبژێرە نەتەوەییەکانو زیاتر کەسانی چینی ناوەند لەڕوانگەی هەلومەرجەوە هاوبەشی جیهانی فراوان بوودەبن. کاریگەری ئەم هەلومەرجە نوێیە، بەتایبەتی شێوەی فەرهەنگیو هەمەجۆرییەکەی، دابەشبونی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتانەدا زیاترو چاودێریکردنەکەشی دژوارتر دەکات. خاوەنداریێتی نوێ، لەوانەیە گەندەڵی نویو کاردانەوەی نوی لەبەرامبەر ئەو گەندەڵییەدا دابنێت. هەروەها بەهەمان کێشانەی کەفراوانبونی خوێندەوارییو شارنشینی بەدرێژایی ڕۆژگار لەگەڵ بونی خوێندەواری تێرو تەسەلی زۆرترو بونی هەلومەرجی گونجاو بۆ خەڵکێکی زۆرتر هاوشانە، کۆنترۆڵکردنی فەرماندانەش دوبارە سەختتر دەبێت. هۆکار ئەمەیە کەدەرئەنجامی ئەم هاوشانی چاودێری سروشتی دەوڵەتی بەسەر بازرگانیو دیدی کۆن سەبارەت بەپەروەردەو خوێندن، پایەدارانی پەروەردە دەخاتە بگرەوبەردەو بەدوای ئەوەشدا نافەرمانی دێتە کایەوە. لاوازیو سەرەونگون بونی ئەشراف سالارییەکانی خۆرهەڵاتی نزیك ئەگەر بەشێوەیەکی لەپڕ ڕوو نەدەدات، بۆ ناوچەکە لێکەوتەی زۆر چاك لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

www.pertwk.com

## بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا

### باری بەرهەمهێنانی نەوت






بەڵام لەگەڵ پێشهاتەکانی ئەم لاوازبونە لەوانەیە مەترسی هەڵخەڵەتاندنی جەماوەری‌و هەروەها فرە ڕەهەندی سیاسی فراوانتربێت. ئەگەر لەبیست‌و پێنجساڵی ئایندەدا, سەرکەوتن بۆ فرە ڕەهەندی سیاسی بێت ئەوا سیاسەتی ناوچەکە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوە ناوە. ئەگەر فشارە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵناسیەکان ئەوەندە بەهێزبن کە هانی دەوڵەتەکان بدەن بۆ کرانەوە (بەو مەرجەی ئەم فشارانە هێندە بەهێز نەبن کەپێش ڕوداوە نوێیەکان بکەون و لێکەوتەکانیان وردو خاش بکەن) مەترسییە فراوانەکانی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی لەوانەیە هۆکاری گرنگ بن بۆ گۆڕانکاری. چاککاری ئازادی سیاسی کە بەهۆی ڕیفۆرمی ئابورییەوە بەرەو پێشەوە دەبرێت, لەوانەیە لەهەندی وڵاتانی عەرەبیدا (مەراکیش‌و ئوردون‌و تونس کە لەسەرەتاییەکانن) بەباشی ڕیشە داکوتێت‌و ئەم کارەش ببێتەهۆی فشاری زیاتر بۆ سەر دەوڵەتە تاك ڕەهەندەکانی هاوسێیان.

دەوڵەتەکان لەوانەیە سود لەدەستەڵاتی کۆمەڵایەتی ئیسلام بۆ پایەدارکردنی کۆمەڵگەی سیاسی وەرگرن لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بۆ چاودێریکردن‌و دەستکاری یان ریشەکێش کردنی بدەن. واتە کارێکی کەلە ڕابردودا زۆر لە وڵاتان پەنایان بۆ بردوە. کاتێك وڵاتێك توانی بەبێ هاتنە ئارای ئاژاوەی سیاسی فراوانەوە پانتاییەك بکاتەوە, وڵاتانی دیش لەوانەیە سود لەو وێنەیە وەرگرن. بەدنەدانی وریایانەی ئابوری‌و سیاسی دەسەڵاتە دەرەکیەکانی ناوچەکە, هەر جۆرە کرانەوەیەکی بارودۆخ لەوڵاتێکی تایبەتدا وڵاتەکانی دی لەڕوی ئابوری‌و دەرونییەوە ئامادەتر دەکات‌و درێژە ناکێشێت کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی ناوچەکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا ڕێگا دەگرنەبەر. ئەو کۆمەڵگە ئیسلامیانەی کەگونجاون‌و ئەودەوڵەتانەی ناوچەکە کەبەگشتی بەرامبەر بەحوکمە مەزهەبیەکان هەستیارن ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

هەڵبەتە لێرەدا نابێت زیاد لەسنوری خۆی گرنگی فەرهەنگی مەزهەبی دوپات بکەینەوە، چونکە ئیسلام لەسەرانسەری وڵاتانی ناوچەکە بەهێزی کۆمەڵایەتی

www.pertwk.com

گرنگ دادەنرێت, بەڵام وەك ئەرتەدوکسی نوێخواز زیاتر ڕەواڵەتێکی بونیادگەرایی نییە، هەرچەندەش جیاوازی ئەم دوانە زۆرە. ئیسلامی ئەرتۆدکسی نوێ, لەڕوی ماهیەتەوە نەسیاسیو نە سوپاییە, بەڵام لەهەندی لەکۆمەڵگاکانی وەك پاکستانو میسرو تورکیا (کە هەرسێکیان لەهاوپەیمانانی ئەمریکان) بەهێزێکی فراوانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە بەتوندی کاریگەرییان لەسەر ڕیزبەندیو بزاوتە سیاسیەکان هەیەو هەندێجار وێنەی بەرجەستەی ئەون. لەهەمان کاتدا, سەلەفیەتی نائاسایی بەسیاسی بوو، کەدەوڵەتان دەخاتە بەر کێشمەکێش، لەحاڵەتی لەدەستدانی خودی خۆیدایەو لەچارەکە سەدەی ئایندەدا ئەگەر هەیە لەهیچ وڵاتێکی ئیسلامی دیدا, جگە لەئێرانو ئەفغانستانو سودان, دەوڵەتی ئاینی بونی نەبێت.

بەپێچەوانەی ئەوەوە هەندێ لەدەرەوەی ناوچەکە لەوباوڕەدان کەلەجیهانی ئیسلامیدا هیچ شێوازێك کەشایانی پەسندکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی وگونجاندن بێت لەگەڵ ئاڵوگۆڕە فراوانەکانی کەلەدەرەوەی ئیسلام ڕوو دەدات، لەئارادا نیە. لەم فەرهەنگانەدا, ڕەوتی ترادسیۆنی، کەلەخۆرئاوا بنەماکانی سەردەمی رۆشنگەریو ڕیفۆرم و کودەتای پیشەسازی بێنێتەوەیاد, هەرگیز ڕوینەداوە, بۆیە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی پڕاوپڕ بەرهەمی نەبوە[153]. بەڵام ئیسلام بەشێوەی توانستێکی گەورە خستنەڕوی ئامرازی گونجاندنی هەیە. بەسەرنجدان لەوەی کە ئێستا تاڕادەیەك لەچینە ناوەندەکانی هەموو کۆمەڵگاکانی ناوچەکەی کۆڵیوەتەوەو دەیخاتە ژێر توێژینەوەوە (ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاڕاستەی گونجاندنی ئاینو نوێکردنەوەیان تێدا زۆرە) ئەو ئومێدە لەئارادایە کە کۆنەکان بتوانن ئەم سەردەمی گونجاندنە بگرنە ئەستۆ[154]. ئەگەر کاریگەری خوێندنو پەروەردەی گشتیو پەیوەندییە هەمەلایەنەکانیش بخەینە سەری, ئەوکاتە رۆشن دەبێت کە ئاڵوگۆڕی بەهێزی زۆر پۆزەتیڤانەو فراوان لەلەسەر ڕێگای ڕودانن.



لایەنێکی زۆر گرنگی گۆڕانکاری لەفەرهەنگەکانی ئیسلامدا لەدەیەی رابردودا پەیوەستە بە ڕۆڵی ژنانەوە لەئیسلامدا. ئەم بابەتە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا بۆ سەنگی محەكو لێکۆڵینەوەی فقهەیی گوڕاوەو لەلایەکی دییەوە لەدەرەوەی جیهانی ئیسلامدا بەباشی دەرکی پێنەکراوە. کاتێك ژنێکی میسری یان تورك یان پاکستانی بەئارەزوی خۆی لەچك هەڵدەبژێرێت, بەتەواوی بەو مانایە نییە کە ئەو یان هاوسەرەکەی (ئیسلامییەکی سەلەفییە). تا ڕادەیەکی زۆر ئەمە نمونەیەکە لەکارکردن بەئەرتدۆکسی نوێ. ئەو بەجۆرێکی ئاساییو بەو هۆیەوە کە دایکی یان دایە گەروەی وایکردوە, لەچك ناکات, بەپێچەوانەوە, چونکە ئەوان لەچکیان نەکردوە وا دەکات . بەواتایەکی دی, ئەمڕۆ ئەم ڕەفتارە تا ڕادەیك هاوشانی پێشکەوتنی ستونیو شارنشینیو خوێندەواری بالآیە. بەمپێیە, تەقوای کەسێتی زیاتر زۆرجار دەرئەنجامی بزاوتە لەمەزهەبی تەقلیدییەوە بۆ مەزهەبی بیناکراو لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دەقەکان. ئەم بزاوتنە, تەنها دەرئەنجامی بەرزبونەوەی ڕێژەی خوێندەواران نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی فراوانبونی شارنشینیشە، چونکە شارنشینی بزاوتە لەمەزهەبی ژێر دەستەڵاتی سۆفیگەری گشتییەوە (کە لە ناوچە گوند نیشنەکاندا هەیە) بەرەو سونەتەکانی ئیسلامی بەخوێندنەوەیەکی شاریانە[155].

ئەرتدۆکسی نوێ لەدیدی کۆمەڵایەتیەوە کۆنەپەرستانە نەبوەو ئامانجیشی لەبنەڕەتدا سیاسی نییە. ئەم ئەرتدۆکسە هەواداری هاوبەشی زیاتر (نەك کەمتر)ی ژنانە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا, بەتایبەتی ئەوە لەبەرامبەر ژنانی خوێندەواردا لەسەرانسەری وڵاتە ئیسلامییەکاندا ڕوولە فراوانییە.

ئەگەر چاکسازی ئیسلامی هاوشانی ئاڵوگۆڕی هونەریو ئابوریو کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە بچێت وئەو ڕەوتە بەسەر زۆربەی ڕەهەندە سیاسییەکانی فەرهەنگی ئیسلامدا زاڵ ببێت, بەلایەنی کەمەوە ئەو ئەگەرە بەرجەستە دەکات کە تا ساڵی (2025) لەنێوان وڵاتانی موسوڵمان نشینی ناوچەکەدا جەنگی گرنگ ڕونەدات.

www.pertwk.com

ئەم کارە هەستێکی گەشبینانەو ئاسایشی هێناوەتە ئاراوەو درونما رۆشن دەکاتەوە. بەڵگەیەك بۆ پشتگیری ئەم ئەگەرە ئاڵوگۆڕی فراوانە لەناو وەچەی سەرانسەری ناوچەکەدا کەلەڕوداندایە. بۆ نمونە لەخولی بیستو پێنج ساڵی ئایندەدا لەبارەی ڕابەرایەتی سیاسی عێراقو ئێرانەوە (هەروەها لەڕابەرایەتی سیاسی میسرو عەرەبستانی سعودیو سوریاشدا) ئاڵوگۆڕی وەچەیی سەرهەڵدەدات. دەزانین کە لەو دواییانەدا لەئوردونو مەراکیش ئەم ڕێگایە گیراوەتەبەر. ئەگەر ئەم ئاڵوگۆڕانە هاوشانی ڕۆیفۆرمو نوێگەرایی سیاسی بن هەردو وڵاتی ئێرانو عێراق زیاتر جەخت لەسەر ئابوری ناوخۆیو فرە ڕەهەندی سیاسیو کەمتر جەخت لەسەر کێبڕکێی ناوچەییو سەرمایە گوزاری خۆ پڕ چەك کردن دەکەنەوە.

هەروەها لەوانەیە (تەنانەت بە ئەگەرێکی زۆریشەوە) کە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا حکومەتی ئیسلامی ئێران بڕوخێت. لەدەمی ئێستادا حکومەتی ئێران کۆماری ئیسلامییە, بەڵام ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دورودرێژ هەم بەکۆماریو هەم بە ئیسلامی بمێنێتەوە. پێویستە ئێران یان دەست لەکۆماریخوازی هەڵگرێت و لەڕاستیدا بەرەو حکومەتێکی وەك ئەوانەی سەدەکانی ناوەڕاست بڕوات، یان دەست لەئیسلامی بون بەربدات. شەڕ بۆ ئەو ئایندەیە ئەوەتا دەستی پێکردوە, بەڵام ئاکام بۆ کەس ڕۆشن نییە. ئەگەر ڕژێمی ئێستای ئێران بڕوخێت شەپۆلەکانی لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامدا هەستی پێدەکرێت و بەدوای ئەوەشدا بزاوتەکانی ئیسلامی سەلەفی دوچاری شۆك دێت. ئەم کارە ڕێگا لە بەردەم دامەزراندنی پەیوەندی پەسندی نێوان ئەمریکاو ئێران هەموار دەکات, کە کاریگەرییە ناوچەییو دەوڵەتییەکانی زۆر فراوان دەبێت. لەڕێچکەی خۆیەوە گەر ڕژێمی مەزهەبی ئێرانو ڕژێمی بەعسی عێراق, پێش بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی یان بایۆلۆژی لەناوچون یان میانەڕەو کران, فشاری سەر وڵاتانی دیش بۆ بەرمبەرکێ لەگەڵیاندا لەناو دەچێت. ئەگەر ناکۆکیە سیاسیەکانی ناوچەکە



لەڕێگای دیپلۆماسیەوە چارەسەربکرێت هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانە لەئارادا نابێت. پێگەی چەکی کۆکوژی لەق دەبێت و لەوانەیە خەرجی سیاسیانەی ناوخۆیی بۆ بەدەستهێنانی ئەم چەکانە لە سودی گریمانەییان زۆرتر بکەوێت.

دواین قۆناغی بەرەنگاری عەرەب و ئیسرائیل سەرئەنجام دەتوانێت بەدامەزراندنی وڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی فەلەستینی بگاتە کۆتایی. ئەگەرچی ئەم ئاشتیە, ئاشتیەکی پایەدارو دڵخۆشکەرە نابێت و چاوەڕوان ناکرێت هەموو فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان بەئاسانی پشتگیری ئەو جۆرە ئاشتیە بکەن، بەڵام ئەم ململانێیە بە تەواو لەگەڵ تێبینیە ناوچەییە گرنگەکانی، کە لەمیانەی دانوستانی ئوردون و ئیسرائیل بەسەرپەرشتی ئەمریکا دێتە ئاراوە, جیاواز دەبێت.

ئەگەر هەیە لەنێوان ئیسرائیل و سوریا حاڵەتی (نەجەنگ, نەئاشتی) درێژەی هەبێت. سیاسەتی سوریا لەدەستی عەلەویەکاندا و لوبنانیش پراکتیکانە لەژێر دەستەڵاتی سوریادا دەمێنێتەوە. ئاشتی ڕاستەقینە تەنها سەردەمێك ئەگەری هەیە کە لە سوریا ئاڵوگۆڕێك لەڕژێمدا ڕوبدات، بەڵام تا ئەمڕۆ دەستەڵاتدارە عەلەویەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی سەرنجڕاکێشو کاریگەر ڕوبەڕو نەبونەتەوە. لەلایەکی دییەوە, ئەگەر ڕێکەوتنی ئاشتی ئیسرائیل لەگەڵ سوریاو لوبنان هاوشانی ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی بێت (کە بە ئاشتییەکی ڕوکەشانە سەبارەت بە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام لە ئورشەلیم مومکین دەبێت) لەوانەیە بۆ سنوردارکردنی بەرنامەی ئەتۆمیەکەی ڕازی بێت و تەنانەت پشکنینی نێودەوڵەتیانەی دامەزراوە ئەتۆمیەکانیش پەسند بکات.

چ ئیسرائیل ئاشتی لەگەڵ سوریا بکات یان نەیکات, پەیوەندی نزیکتری ئابوری و ئەمنی لە نێوانیان دروست دەبێت. لەوانەیە کۆمەڵەیەکی گەورەتر، کە ئوردون و ئازەربایجان و قازاخستانیش لە خۆبگرێت, بێتە ئاراوە.

لەم بوارەدا تەنانەت ئاشتی نێوان هندو پاکستانیش دەستەبەر دەکرێت. چونکە بەلایەنی کەمەوە مەترسی وێرانکاری ئەتۆمی هەردولا ناچار دەکات سەرەنجام دوژمنایەتیان بەلاوە بنێن و تاڕادەیەك ئەو دوژمنایەتیە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە درێژە پێنەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەردو وڵات پرۆگرامی موشەكو چەکە ئەتۆمیەکانیان سنوورداربکەن. ئەگەری ڕێکەوتنی هەردولا بۆلەناوبردنی چەکی ئەتۆمیان لەئارادا نییە, مەگەر چینو وڵاتانی دی ئەتۆمی ئەوکارە بکەن, کە ئەم بابەتە ئەگەری کەمتری هەیە. بەڵام ئەم دو وڵاتە ناوبراوە لەوانەیە بگەنە ڕێکەوتنێك سەبارەت بە کەمکردنەوەی پلە بەپلەو ڕێکوپێکی چەکە ئەتۆمیەکانیانو لەکاتی ڕودانی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

دەربارەی هندستان, ئەگەری ڕودانی ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانەی ناوخۆیی لەئارادایە. زۆر لە لێکۆڵیاران لەسەر ئەو باوەڕەن کە هندستان دەتوانێت لە زۆربەی ئەو ساڵانەی دوایی تا (2025) ڕادەی باڵابردنی ئابوری خۆی لە نێوان لەسەدا شەش بۆ نۆ بپارێزێت. ئەگەر ئەم پێشبینیە بەڕاست بگەڕێت توانستی ئابوری ئەو ڕۆژەی هندستان بەرامبەر بە توانستی ئابوری ئەمڕۆی چینو هەموو وڵاتانی ئەندامی ئاسیا دەوەستێتەوە. دانیشتوانی هندستان لە ساڵی (2025) لە ژمارەی دانیشتوانی چین زۆرتر دەبێت, لەم وڵاتەدا لەگەڵ بونی هەژارییەکی مەترسیدار ژمارەی خوێندکارانی چینی ناوەند لەهەموو وڵاتانی جیهان زیاتر دەبێت[156]. لەگەڵ بونی گرفتی ڕیشەداریش هندستان بە وڵاتێکی دیموکراسی و لەڕوی تەکنۆلۆژیاوە کۆمەڵگەیەکی داهێنەرو بونێکی فەرهەنگی پشت بەخۆبەستو دەمێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا, هندستان لەناوچەکەدا ڕۆڵی گونجاوتر و جۆراوجۆرتر دەگێڕێت, ڕۆڵێکی کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا گونجاوبێت. هەروەها لەوانەیە ئیسرائیل و هندستان ببنە هاوپەیمانی شایستەی یەکدی.



لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە تێڕوانینە گەشبینەکانمان دەربارەی ناوچەکە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی ئەگەرە ڕەشبینیەکان نادیدە بگرین. بەهەمان شێوە کە پێشتر وترا ئەم ئەگەرانەش زۆرن. خۆرهەڵاتی گەورەی نزیك, خاکێکە کە وەك زۆربەی ناوچەکانی دی ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانەی واقیعی تیایدا دەتوانێت ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبێتو ئاشتی سەقامگیر بکاتە دیاری, بەڵام ئاوەژوبونەوە ونێگەتیڤەکان هەرچەندەش کەمێك گرفتی گەورەی لەناوچەکەدا لەگەڵ دەبێت ئەوەی ئایندە لەکام کاروانەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات, پەیوەستە بە هەندێك ڕوداوی بەدەستهێنراوی مایەی پێشبینی. بۆ نمونە لەناوچەکەدا جەنگێکی گەورە ڕودەدات یان ڕونادات، گۆڕینی ڕژێم لەوڵاتە گەورەکانی ناوچەکەدا ئاشتیانە دەبێت یان نابێت.

خۆبەدورگرتن لەجەنگی گەورە یان ڕوخانی توندوتیژانەی هەندێ لەحکومەتەکان لە وڵاتە گەورەکانی ناوچەکە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا ئاسان نییە و دەبێت بوترێت کە کەندەڵانی گەورە لەسەر ڕێگایە. لەوانەیە زیاتر لەجەنگێکی ناوچەیی( کە هەلومەرجی گشتی ئاسایشی ناوچەکە دەدات بەیەکدا) ڕوبدات. بەمپێیە دژوارە چەند دەستەڵاتێك یان چەند وڵاتێکی هاوسێی یەکدی بتوانن شڵەژانی سیاسی ئارام بکەنەوەو پێشبڕکێی خۆپڕچەك کردن راست بکەنەوە. ئەم کێشمە کێشانە بەجۆرێکی مەرجدار خراونەتە ژێر توێژینەوە, چونکە لەیەك کاتدا بۆ هەموویان ئەگەری ڕودان هەیە, بەڵام بەشێوەیەکی لێبڕاوانەو دڵنیاییەوە ناتوانرێت بوترێت کام یەکەیان ڕودەدات.

ئێرانو ئەفغانستان, لەوانەیە بەهۆی سیاسەتی تاڵیبانەوە سەبارەت بە (هەزارەکان), کە شیعەکانی ئەفغانستانن, قاچاخچێتی مادە سڕکەرەکان, ڕاڤەکردنی ئیسلام, ململانێی ڕوتی ژیوستراتیژیو هیتر توشی جەنگ بن. جەنگێکی لەوجۆرەش لەوانەیە لەنێوان تاجیکستانو ئۆزبەکستاندا ڕوبدات, کەهەردوکیان لەبیری کێشکردنی تاجیكو ئۆزبەکیەکیانی

www.pertwk.com

ئەفغانستاندان(حوکمڕانی تاڵیبان بەگشتی لەوێ پشتۆنەکانی نەگرتۆتەوە). هەروەها, لەوانەیە ئەم قەیرانە بەرەو پاکستان فراوان بێت‌و خاکی ئەمڕۆی ئەم وڵاتە لەبەریەکهەڵوەشێت. لەناوچونی پاکستان, کەخاوەنی هێزی ئەتۆمییە, بەخێرایی بۆ پرسێکی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەگۆڕێت. ئەم ڕوداوە لەوانەیە ڕێگا لەبەردەم ململانێی هیندو ئێران لەسەر پەنجاب‌و هندو بلوجستان خۆش بکات. هەردوو وڵات تاکاتی سەرهەڵدانی ئەم ململانێیانە, لەوانەیە بۆ هێزی ئەتۆمی گۆڕابن. لەهەموو ئەم ڕوانەوە نمونەی واقیعی پێکهاتویەکی ململانێی ناوخۆیی هاوشانی توندوتیژی سنور بەزێن دەبینرێت. هندستان‌و پاکستان پێدەچێت بەتەقاندنەوەی بارودۆخی کشمیر (شتێك وەك ئەوەی لە 1999 ڕویدا) لەسەر بنەمای هەڵەیەك, دەرگیری جەنگێکی گەورەبن. ئەگەری ڕودانی شەڕێکی سنوری دیش لەنێوان چین‌و هندستان لەئارادایە. هندستان بڕوای وایە کەهەندێك لەکشمیر لەلایەن چینەوە داگیرکراوە.

ئێران‌و عێراق بەگشتی وەك دوو دوژمن دەمێننەوەو, لەوانەیە بەهۆی ئەو دوژمنایەتیە ڕیشەدارە مێژوی‌و نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌و هەروەها جیاوازی سنورییەوە جەنگێکی دی لەنێوانیاندا ڕوبدات. عێراق‌و تورکیاش لەوانەیە لەسەر پێکهاتەی پرسی کوردەکان‌و ئاوی (دجلەو فورات)و خاوەنداریێتی موسڵ‌و سەرچاوە دەوڵەمەندە نەوتیەکان‌و دەربارەکان, خۆیان لەنێو جەنگێکی دژ بەیەکدا ببیننەوە. تورکیاو سوریاش لەوانەیە لەسەر پرسەکانی وەك ئەوەی عێراق, لەجۆری ئاو،کوردەکان و ئایندەی ئەنتاکیا دوچاری شەڕبن. جەنگی نێوان تورکیاو یۆنانیش لەسەر ئایندەی قوبرس ببێت. ئەگەریش هەیە ئەو جەنگە وا لەعێراق یان لەسوریا بکات بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە دەست بدەنە شەڕێکی چەکدارانە دژ بە تورکیا.

لەئاسیای ناوەندا ململانێ لەنێوان قازاخستان‌و ڕوسیا لەسەر قازاخستانی باکور, کە زۆربەی دانیشتوانەکەی روسن, لەئارادایە. وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست



لەوانەیە لەسەر دەشتی بەبەرهەمی قرغانە, کەدانیشتوانەکەی ئاوێتەیەك لەنەتەوە جیاجیاکانە, دوچاری شەڕ لەگەڵ یەکدی بین. نەتەوەپەرستی ئۆزبەك لەوانەیە لەڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ نەتەوەپەرستی ڕوو لەفراوانبونی تاجیك – کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن – ئاژاوەچییانە بێت. پەیوەندییەکانی نێوان ئەزبەکستان‌و قیرقیزستان لەوانەیە لەژێر کاریگەری جیاوازییەکانی پەیوەست بەئاوەوە, ڕوو لەساردی بکات‌و لەوانەیە قیرقیزییەکان بەو هۆو بەڵگەی دییەوە پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ چین دروست بکەن. لەوانەیە تورکیاو ئێران چالاکانە پشتگیری لەهەریەکە لەدولایەنی شەڕکەری ئۆزبەك‌و تاجیکەکان بکەن, یان لەسەر دەستڕۆیشتویی بەسەر ناوچەکانی ئاسیای ناوەندا پێکەوە دوچاری شەڕبن. لەقەفقاز, جەنگی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان لەسەر ناگۆرنۆ کاراباغ لەوانەیە جارێکی دی ڕوبداتەوە، چونکە چارەسەری یەکجارەکی بەدور دەزانرێت. جوڵاندنەکانی ڕوسیا لەگورجستان‌و تاجیکستان کۆتایی نایەت. جیاوازییەکانی ئێران‌و ئازەربایجانیش کە دەرئەنجامی بەرەنگایی ئازەرییەکانە نابێت نادیدە بگیرێت.

ڕەوتی سیاسی هەنوکەیی نێوان عەرەب‌و ئیسرائیلیش لەوانەیە لەناو بچێت. میسر لەوانەیە لەدوای گۆڕانی رژێم لەقاهیرە, خۆی لەڕێچکەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل رەها بکات. دور نییە دوای مردنی (یاسر عرفات) لەسنوری پێکهاتە خودموختارەکانی فەلەستیندا جەنگی ناوخۆیی ڕوبدات‌و دوابەدوای ئەوەش ستراتیژە ناوچەییەکانی ئیسرائیل‌و ئوردون بگۆڕێن. بەپێچەوانەوە, لەوانەیە وڵاتێکی فەلەستینی, کە داواکاری پاشماوەی خاکە فەلەستینیەکان بێت, ئوردونی هاشمی بخاتە ژێر کاریگەرییەوەو لەگەڵ سوریای پاش عەلەویەکان‌و عێراقی پاش سەدام, بەرەیەکی خۆرهەڵاتی نوێ دژ بەئیسرائیل پێکبهێنێت. هەروەها بەدور نازانرێت کە ئیسرائیل بەهۆی بابەتە مێژویی‌و مەزهەبیەکانی لەئارادایە, بکەوێتە هێرشی موشەکی عێراق یان ئێران.

www.pertwk.com

تەنانەت جەنگە بچوکەکانیش پەیوەست بەوەی لەکوێو لەنێوان کام لەولاٚتان ڕبدەن, دەتوانن پێشهاتی ڕاستەقینە لەگەڵ خۆیان بهێنن. جەنگی عەرەبستانی سعودیو یەمەن لەسەر ناوچەی ناکۆکی بەبنبەست گەشتونمونەی ئەم جۆرە جەنگانەیە. هەروەها لەوانەیە جەنگ لە نێوان ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبیو بەحرەین, ئیمارات لەگەڵ ئێران لەسەر دورگەکانی (ئەبو موساو تونبی بچوكو تونبی گەورە) لەنمونەکانی دیبە. هەڵبەتە ئەگەری ئەوە نییە کە هەموو ئەم جەنگانە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا ڕوبدەن, بەلاٚم دوریشە هیچ کام لەوانە ڕونەدەن.

سەبارەت بەئاڵوگۆڕی ڕژێمو جۆربونی خەڵکی پێویستە چاوبەو سەرچاوە نائارامیە کۆمەلاٚیەتیو سیاسیانەدا بخشێنرێتەوە کە ئاماژەیان بۆکرا و ئەگەرە پەیوەندیدارەکان ڕاڤە بکرێن. پێشبینی دەکرێت لەجیهانی عەرەبی، ئێران، ئاسیای ناوەڕاست، قەفقازو خوارووی ئاسیادا وەچەی نوێ لەسەرکردەکان دەستبەکاربن, بەلاٚم تایبەتمەندییە سیاسیو لایەنگیرییە جیهانیەکانیان زۆرتر دوچاری ئاڵوگۆڕ نەبێت. ڕژێمە چەوسێنەرەکانی ئێستا لەوانەیە بێئەوەی ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بەسەر بونیادی سیاسیاندا بێت, بەهەمان شێوەی زۆردارنە بمێننەوە. ئەگەر هەیە لەو ڕوەوە ئەوانە لەبەرامبەر ئەو شەپۆلی ئاڵوگۆڕانەی هەلێکردوە کەمو زۆر توندوتیژی بەکاربهێنن. بەمپێیە ڕوداوی نائارامی کۆمەلاٚیەتی, توندوتیژی مەزهەبیو پێکدادانە نەتەوەییەکان لەتایبەتمەندییەکانی هەلومەردجی ناوخۆیی چەندین ولاٚتانی ناوچەکە دەبێت.

لەوانەیە نائارامی کۆمەلاٚیەتی هۆکەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بێت, بەلاٚم متبونی ئابوریش ڕۆڵی دەبێت. دەستەبژێرانی ولاٚتە گەورەکان بەرامبەر بەجیهانیبون بەهۆی چەندین شێوەی نوێ لەگەندەڵیو ئاوەژوکردنەوەو تێزی دروێنەی تایبەتمەندکردن کاردانەوە پیشان دەدەن. ئەم کارە, ئێستا لەلایەن هەندی لایەنەوە ڕویداوەو دیاریکردنی هۆکارەکانی ئەوەندە گران نییە. زۆربەی



دەستەبژێرانی ناوچەکە وەکو ڕابردو بەهۆی ئەوفەرمانی کۆمەلاٚیەتیانەوە, کەڕیشەی لەناو چنراوەی ئابوری سیاسی ئەم ولاٚتانەدا هەیە, دەجولێنەوە. واتە لەجیاتی ئەوەی گونجاوبن گیرو بەرخۆرن. لەو ولاٚتانەدا زۆربەی دەوڵەتەکان بەپێی نمونەی پاداشت کارناکەن. لەکاتێکدا لەزۆربەی ولاٚتان هاونیشتمانیەکان باج دەدەنە دەوڵەتو دەوڵەت خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکات. لەزۆربەی ولاٚتە عەرەبیەکاندا هاتوچۆی دارایی بەپێچەوانەی ئەوەوەیە, واتە دەوڵەت لەسەرچاوە دەرەکیەکانەوە (داهاتی نەوتو باجی بەندەرو خزمەتگوزاری بانكو....) داهاتی بەدەستهێناوەو پاشان وەك پشتیوانیەك لەنێوان خەڵکیدا تەخشانو پەخشانی دەکات. ئەم بزاوتە وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی دەستەبژێرەکان کاردەکات, بەلاٚم پەیوەندی نێوان هاولاٚتیانو دەوڵەت, کە لەسەر بنەمای پەیمانی بەرامبەر بەیەك دروست بوە بێکاریگەر دەکات.

ئەم ڕەوشە فاکتەرێکی گرنگە, کە پراکتیکیانە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم هەوڵی دەستەبژێرەکان بۆ پەیداکردنی ئابورییەکی چەسپاو لەسەر پیشەسازی وهیچ ڕێگایەکیشیان بۆ ڕێگریکردن لەم ڕەوشە نییە. شێوەکانی جودا لەزنجیرەی پلەبەپلەی دەستەلاٚتی کۆمەلاٚیەتی ڕێکخستنە کۆنەکان ئاوەژو دەکەنەوەو زۆربەی دەستەبژێرەکان تەنانەت لەگەڵ پەسندی بەهای متبونی تەواوی ئابوری ڕوبەڕو دەبنەوە.

تەنانەت ئەو ئەگەرەش لەئارادایە کە بەلایەنی کەمەوە هەندێ لەدەوڵەتە توندوتیژەکان ڕوبەڕوی ئەوە ببنەوە، کە لەگەڵ فشارە کۆمەلاٚیەتیو دنەدانە دەرەکیەکان, تا ڕادەیەك گۆشەگیری خۆیان بپارێزن. هەروەها لەوانەیە لەجیاتی ئەوەی بیانەوێت بەهۆی ئەم پەیوەندیگرتنەوە پێشبکەون بەتەواوی ڕوو لە کێشمەکێشی ئازادانەتر لەگەڵ جیهانی دەرەکی وەرگێڕن. ئەوانە لەگەڵ ئەوەشی دەزانن بەئاستەنگ دانان لەبەردەم سەرمایەگوزاری دەرەکی شەپۆلێکی گەورەی خۆشبەختی لەناوچەکەدا دادەمرکێننەوە, لەوانەیە ببنە ڕێگر لەبەردەم ئەم

www.pertwk.com

سەرمایەگوزارییانە. ئەگەر ئەم ئاڕاستەیە لە وڵاتانی وەك یەمەن، ئەفغانستان‌و عمان دا هەبێت پێشهاتەکانی سنوردار دەبێت, بەڵام گەر بۆ وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعودی، ئێران‌و تەنانەت پاکستانێکی ئیسلامی درێژبێتەوە بارودۆخەکە بەجۆرێکی دی دەبێت[160].

ئەم ئەگەرە لەئارادایە کە ئیسلام نەتوانێت شێوازی ئارامکردنەوەو بەرەوپێشەوەبردنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بخاتە ڕوو. لەوانەیە بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بۆ هەڵاتن لەو هەلومەرجە ڕوو لەدوو دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی بکەن کە بەباشی ئاشنان پێی‌و دڵنیان لێی, واتە مەزهەب‌و پەیوەندی خێزانی. بەڵام دەبێت بوترێت کە ئەم دوو دەسەڵاتە ناتوانن پرسەکانی دانیشتواناسی‌و کۆمەڵایەتی‌و تایبەتی کە لەبەرامبەریاندا وەستاون چارەسەر بکەن. لەوانەیە بزاوتی گۆشەگیریی لولپێچانەی بەرەوخوار و دەوڵەتێکی ناکارامە لەنمونە سەرکەوتوەکانی گەشەکردن لەجیهاندا دورتر بخاتەوە.

ئەگەری چی دورە، بەڵام ئەگەریشی هەیە, کە سەرچاوەی نەوتی‌و گازی سروشتی ناوچەکە ئیتر لەبازاڕە جیهانیەکاندا جێگایەکی تایبەتیان نەبێت (بەهۆی وەستانی دەرهێنانیان لەژێر کاریگەری پێکدادان‌و ململانێکان, یان بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی وزەی دی ببێتە جێگرەوەیان). ئەگەر ئەم کارە روبدات ئەم وڵاتانە زیاتر هەژار دەبن. سەقامگیری ئابوری‌و حکومەتیەکانیان جارێکی دی لەلای ئەمریکاو وڵاتانی دی پێشکەوتو ئەوەندە گرنگییان نابێت. هەرچۆنێك بێت, دەبۆی هەندێك لەبەرهەمهێنەرە بچوکەکانی کەنداوی فارس لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا دەگەنە کۆتایی. ئەگەر تا ئەو دەمە نەیانتوانیبێت بگەنە هەمەجۆرەی ئابوریيان چارەنوسێکی رەش چاوەڕێیان دەکات.

لەلایەکی دییەوە, بەڵگەنەویستە کەلەکاتی نەبونی وزەی جێگرەوە, بەهۆی سنورداری سەرچاوەی سوتەمەنیە ڕەقەکانەوە بەرزبونەوەیەکی دی لەبەهای



پەترۆڵ لەئێستاوە تا ساڵی (2025) بێتە ئاراوە. لەودەمەدا وڵاتە دەوڵەمەندە نەوتیەکان, وەك دەیەکانی (1970), داهاتە فراوانەکانیان بۆ ململانێی سوپایی‌و سیاسی ناوچەیی خەرج دەکەن. ئەگەری فراوانبونی گەندەڵی هەیەو بێزاری دەستەبژێرەکانیش زیاتر دەبێت. تا ڕادەیەك بەڵگە نەویستە قەیرانێکی دی پەترۆڵ هەموو ئابوری جیهان یان بەشێکی گەورەی دوبارە بەرەو قەیران دەکاتەوەو وڵاتە بێنەوتیەکانی ناوچەکە دوچاری نەهامەتی تیژ دەکات.

لەم نێوەندەدا ڕوداوی زۆر ناهەمواریش ئەگەری ڕودانی لەمەیدانێکی فراوانتری ئاسایشدا هەیە. خۆرهەڵاتی گەورەی نزیك بەتەواوی پڕ چەك دەمێنێتەوە. ئەم ناوچەیە دەتوانێت وڵاتانی دی نوێی ئەتۆمی بەخۆوە ببینێت. ئێران‌و عێراق واقیعێکی ئەم بوارەن. وڵاتانی دی وەك میسر, سوریا, لیبیا, جەزایر, عەرەبستانی سعودی‌و مەراکیشیش لەگەڵ ئەوەی بڕیارنامەی قەدەغەکردنی فراوانبونی چەکی ئەتۆمیان ئیمزا کردوە, ئەو مافەشیان بۆ خۆیان هێشتۆتەوە. ئەگەری چەکداربونی گروپە تیرۆریستەکان‌و دەوڵەتەکانی ناوچەکەش بەچەکی کیمیاوی‌و بایۆلۆژیی لەئارادایە و زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە لەحاڵەتی دروستکردنی موشەکی دورهاوێژدان. لەبیست‌و پێنج ساڵی ئایندەدا ئەمجۆرە چەکانە دەتوانن لەکێشمەکێشمە ناوچەییەکان، هەروەها بۆ هێرشکردنە سەر ئەمریکا لەدەرەوەی سنورەکەی‌و لەوانەشە لەناو خاکەکەیەوە بەکار بهێنرێت. ئاڵوگۆڕی سیاسی حکومەتەکانیش, بەتایبەتی لەوڵاتە گەورەکانی وەك میسر, عەرەبستانی سعودی, تورکیا, پاکستان, عێراق‌و ئێران دەتوانن هاوسەنگیە سەربازییەکان بەتەواوی بگۆڕن. ئەم شتە مایەی نیگەرانییە, چونکە جگەلە هندستان‌و تورکیا لەوڵاتەکانی دیدا جێنشینی ئایندەی باش دەستەنێژە نەکراوە. ژمارەیەك لەم ڕژێمانە لەوانەیە بەهۆی کودەتاوە بڕوخێن. هەروەها ئەگەر هەیە، بۆ نمونە پاش دو وەچەی دی خونچەی ئیسلامی ئەرتەدۆکسی نوێ مەیدان بۆ دوبارە سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوە سەلەفیەکان ئامادە بێت (بەهۆی

www.pertwk.com

متبونی ئابوری‌و ناکامی پارته سیاسیه نامەزهەبیەکان لەدەستەبەرکردنی سەرکردایەتیەکی پەسند). بەمپێیە گۆڕینی ڕژێمێك ئەگەری پەیدابونی چەندین ڕژێمی مەزهەبی نائاسایی پارێزەکاری لەناوچەکەدا لەگەڵ دایە. ئەم ڕژێمە مەزهەبییە سەرەڕۆیانە دەبنە خاوەنی پاراستنی ئەخلاقی‌و لەوانەیە زمانی ڕژێمە مەزهەبییە کۆنەکان. میسر, تورکیا, عەرەبستانی سعودی‌و پاکستان یان هەندی لەوڵاتانی دی ناوچەکە لەوانەیە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیانەی سیاسیدا بۆ ئەو ڕژێمانەی کەچالاکانە دژ بەئەمریکان بگۆڕدرێن. لەمەش زیاترو لەوانەیە لەهەمان کاتدا سەقامگیری ناوخۆیی پاکستان لەئەنجامی بنبەستی سیاسی، بارودۆخی سەختی ئابوری، ڕزگاریخوازیی پشتۆنەکان، بلوج‌و تەنانەت کۆچبەرەکان تێك بچێت.

هاتنەسەرکاری رژێمێکی دژ بەئەمریکا لەعەرەبستانی سعودی، کە هەناردە پەترۆڵیەکان ببڕێت، ئەگەرێکی بەرچاونییە, بەڵام ئەگەر وابێت‌و ئەم رژێمە درێژەی هەبێت دەبێتە لێدانێکی قورس لەئابوری ئازاد, کە لەدوای دوەم جەنگی جیهانییەوە ڕویدابێت .

لەوانەیە ناسیۆنالیزمی هندی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و چەند تیرەیی هندستان لەناوببات. بەوجۆرە پیاکێشانێکی قورس بەرسەقامگیری ناوخۆی ئەو وڵاتە بکەوێت. تەنانەت گەر دەنگدەرانیش دوبارە ناسیۆنالیستی توندڕەو هەڵنەبژێرنەوە ئەوانە گوێ بەڕای خەڵکی نادەن‌و بەڕوکردنە توندوتیژی, لێدانێکی قورس لەمافی مرۆڤی هندستان دەدەن. هندستان ئەگەری لێکهەڵوەشانی لەئارادایەو ئەم کارە بۆ ماوەیەکی درێژ لەناوچەکەدا قەیرانی سیاسی‌و مرۆیی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بەڵگەنەویستە ناکامبون لەڕێگریکردنی جەنگێکی فراوان لەگەڵ پاکستان یان چین دەتوانێت فاکتەری ئەم لەبەریەکهەڵوەشانە بێت.



بنەمای ئەم بەڵگە گرنگانەی ڕەشبینی, واتە گومانی سەرهەڵدانی جەنگە ناوچەییەکان‌و ئاڵوگۆڕی رژێمەکان‌و ناسەقامگیری پێشهاتەکان، ململانییە لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان.

ئەم بەرەنگاربونەوانە بەتایبەتی لەنێوان تورکیا لەلایەك‌و سوریاو عێراق لەلایەکی دییەوە ئەمڕۆ لەئارادایەو ئەگەری سەرهەڵدانیشی لەنێوان میسرو سودان‌و ئەسیوبیاش لەداهاتودا هەیە. فراوانی زیاتری کشتوکاڵ لە میسر وەك گەورەترین ڕێژەی بەرهەمهێنراو لەسەر ئاستی جیهانی بونی نابێت, بەڵام سەرهەڵدانی وشکە ساڵی‌و زیادەڕۆیی لەئاوی نیل لەلایەن جوتیارانی دەستیان بەسەر ئاوی ئەم ڕوبارەدا دەشکێت لەئارادایە.(161)

جەنگ لەسەر ئاوی دۆڵی ئوردن – یەرموك لەنێوان ئیسرائیل‌و ئوردون‌و پێکهاتە خۆجێتیەکانی فەلەستین, لەوانەیە بۆ ڕشتێك هاوکاری ناوچەیی لەسەر ئاستی نوێکردنەوەی ژێرخان, بیناکردنەوەی ئابوری جیا لەکشتوکاڵی ئاوی, دوبارە سود بینینەوە لە پاشماوە ئاوییەکان, داهاتی ئاوی‌و بەرنامەی شیرینکاری  ئاوی دەریا بگۆڕێت. تەنانەت لەگەڵ تەکنۆلۆژیای ئەمجۆرەو تێچونی هەنوکەیی بەرهەمهێنانی حەوت سەدملیۆن لیتر سێ جای ئاوی خواردنەوە لەڕێگای شیرین کردنی ئاوی دەریاوە لەسەرەتادا چوارملیار دۆلار تێچونی دەبێت (کە سەرمایەگوزاری سەرەتایش لەخۆدەگرێت), بەڵام لەساڵانی دواییدا, تێچونەکەی پلە بەپلە کەمتر دەبێتەوە. ئەم بڕە ئاوە نزیکەی نیوەی قەبارەی ئاوەدەری روباری ئوردنەو بەشێکی زۆر لەکەموکوڕی ئاوی ناوچەکە پڕ دەکاتەوە. چوار ملیار دۆلار بۆسەرزەمینێکی بچوك بڕێکی زۆرە, بەڵام بەڕەچاوکردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ خۆ پرچەککردن خەرج دەکرێت گرنگی ئەوتۆی نییە. بەڵام گەر پێداویستییە مرۆییەکان لەڕاستیدا پێویست بکات دەوڵەت‌و کۆمەڵگاکان دەتوانن تەحەمولی ئەم بڕە تێچونە بکەن.

هەروەها ئەو ئەگەرەش لەئارادایە کە لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا بۆ سود وەرگرتن لەئاوی ژێرزەمینی ڕێگای ئابوری دڵنیاکەرەوە بێتە ئاراوە. هەندێ لەجیولۆجیەکان وای بۆ دەچن کەلە ژێر بیابانی نەقەب و بیابانی سینادا بەڕادەیەك دەبۆی ئاوی خواردنەوە هەیە کە بەڕێژەی تێچونی لەمجۆرە بۆ دوو سەدو پەنجا ساڵی هەموو لایەنێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەسە. سەرئەنجام دەبێت بوترێت بێگومان لەئایندەدا سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ ئێستا دەبێت. لەم بوارەدا گومانکاری زۆر جیاواز لەئارادایە. یەکێك لە ئەگەرەکان ئەمەیە کە چارەسەری ئاشتیانەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لەگەڵ ئەوەی لەبەرایی سیاسەتەکانی ئەمریکا بێت, بەڵام هاوسەنگی سروشتی هێز لە کەنداوی فارس یان ئاسیای باشوری خۆرهەڵات لەبەراییەکانی سیاسەتی ئەم وڵاتە بێتە دەرەوە. هەرچۆنێك بێت نائارامی سیاسیانەی ناوخۆیی دەبێتە خراپترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و تیرەو نەتەوەکان, دەرئەنجام ئەمریکا لەناوچەکەدا ئامادەیی سوپایی بەرچاو و چالاکی سیاسی دەبێت، بەڵام دوو گومانی دیش لەئارادایە، ئەگەرێك ئەمریکا درێژە بەسیاسەتەکانی ئەمڕۆی خۆی دەدات و سەرکەوتوو دەبێت یان شکست دەهێنێت، گومانی دوەم ئەمەیە کە ئەمریکا بڕیار بدات درێژە بەسیاسەتی هەنوکەیی خۆی نەدات.

ئەگەر ئەمریکا درێژە بەسیاسەتە هەنوکەییەکانی خۆی بدات وسەرکەوتن بەدەستبهێنێت, بەو مانایەیە کەسیاسەتی ئەمریکا نەك تەنها فاکتەری دۆزینەوەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەبێت، بەڵکو دەبێتە یاریدەدەری ئێران و عێراق بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاشتی ئامێزانەو کۆمەك بەئاشتی ململانێکانی هندستان و پاکستانیش دەکات. ئەم سەرکەوتنە ئەو توانایە بەئەمریکا دەبەخشێت کە بەشێکی زۆری ئامادەیی سەربازی خۆی لەناوچەکەدا ڕەها بکات و پەرە بە ئامادەیی گەورەو چالاکی سیاسی و فەرهەنگی و بازرگانی خۆی بدات. لەلایەکی دییەوە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا نەتوانێت لەبەردەم



www.pertwk.com

سەرهەڵدانی هەڕەشەی نوێدا بەربەست بێت, ناچار بێت بۆ پشتیوانی کردن لەئیسرائیل یان ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی دەسەڵاتخوازێکی ناوچەیی یان ڕێگرتن لەهەندێ وڵاتانی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ پەرە بە ئامادەیی سوپایی خۆی بدات. بەمپێیە ئەمە شکستێکی سیاسی دەبێت, کە ئەمریکا دەخاتە بەردەم مەترسی ڕودانی جەنگێکی هەمەلایەنەوە.

ئێستا, گەر بەمشێوەیە ئەمریکا درێژە بە سیاسەتی هەنوکەیی نەدات، لەسەپاندنی ڕوبەڕوبونەوە لەناوچەکە دورو دەکەوێتەوە. لەپێناوی ئەم سیاسەتەدا دوو فاکتەری هاوبەند هەیە, کە مبونەوەی دڵبەندی هەمەلایەنە بەوڵاتانی ناوچەکەوە یەکێکە لەو فاکتەرانە، هەروەها ڕای گشتی ئەمریکا بۆ پشتیوانی کردنی ناردنی هێزە سوپاییەکان فاکتەری دوەمە. ئەم گوێپێنەدانە لەوانەیە پاش هێرشی تیرۆریستانە بۆسەر ئەمریکیەکان و توشی زیان بونی ئەمریکا لەبەرامبەر هێرشە موشەکیەکانی وڵاتانی وەك ئێران، عێراق، میسر، پاکستان و هندستان پەیدا ببێت. بەکورتی ئەم گومانە لەئارادایە کە درێژەی پێنەدەین, سەرکەوتو نەبین و شکستیش نەهێنین, بەڵکو خۆمان کەنارەگیر بکەین.

### *ئەفریقای باشوری بیابان :*

تایبەتمەندی چوار دەیەی ڕابردوی ئەفریقای باشوری بیابان سەربەخۆیی زیاتری وڵاتانی ئەم ناوچەیە، سەقامگیری توندو حکومەتی زیاتر سوپایی زۆردارو گەندەڵ لەشێوەی زۆر بێزراودا وێنە دیارەکانێتی[162]. ئەم خاکە بەنۆرەی خۆی شەڕی توندوتیژی دیوە, لەوانە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەفریقیەکان بەدەستی خودی ئەفریقیەکان. هەرچەندە ناکۆکیە خوێناوییەکان لەسەر سنورە دەستکردەکانی لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە نەخشە کێشراوبو کەمتر بوو لەوەی چاوەڕوانی دەکرا, بەڵام هەنوکە ئەم شەڕانە لەڕوی ژمارەو فراوانییەوە زۆرترن.

www.pertwk.com

جەنگە سنوریەکانی باسی لێوەکرا بەپێودانگی ئاژاوە ناوخۆییەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە. تازە وڵاتانی ئەنگۆلا, کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ, رواندا, بروندی, موزامبیك, سیرالیۆن, لیبریا و هەندی لەوڵاتانی دی دوچاری ئاژاوەی ناوخۆیی توندوتیژبون. ئەم کیشوەرە لانەی چالاکی تاوانبارانەی رێکخراویشە. نەخۆشییە ڤایرۆسیەکان و بەدخۆراکی و گرفتە ژیینگەییەکان و ڕادەی پەناهەندەیش بۆ ئاستێکی کارەساتبار بەرز بۆتەوە[163]. لەزۆربەی ئەم وڵاتانە, پەروەردەو خوێندن لەڕوی چۆنایەتیەوە, بەدەگمەن دادەنرێت. لاوازی ژێرخانەکان (وەك ڕێگا, خزمەتگوزاری تەلەفۆن, کارەبا, ئاوی خواردنەوە, چاودێری تەندروستی, هێزی مەشقپێکراو پۆلیسی خاوەن بڕوا) لەشارو شارۆچکەکاندا بۆتە پێداویستی گرنگ. بۆ نمونە, ئەمڕۆ ژمارەی تەلەفۆنەکان لەسەرانسەری ئەفریقای خواروی بیابان لە تەلەفۆنەکانی (مانهاتن) یان سەنتەری لەندەن کەمترە[164].

ئەم بابەتانە بەفەهرستی چیرۆکی ئەفریقای ناسراوە, بەڵام چیرۆکی دیش بونی هەیە, کە پێویستە بوترێت. چەندە بەدیدێکی قوڵترەوە لەم خاکە بڕوانین تێدەگەین کەخولی سەربەخۆیی ئەم سەرزەمینە خولی بزاوتن لەسیستەمی تاکە پارتایەتیەوە بەرەو حکومەتی سوپایی بێ پارت و لەحکومەتی سوپاییەوە بەرەو سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگای کراوەتر بوە. لەساڵانی دوایی زۆربەی وڵاتانی ئەفریقاییدا ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانەی فراوان ڕویداوە. وڵاتانی لەشێوەی بنین, بوسوانا, کیپ وردە, مالاوی, مالی, موریس, نامیبیا, ئۆگاندا, غینیا, کینیا, ناترانیا و سوازیلاند لەحاڵەتی دامەزراندنی بونیادی دیموکراسی لەسەر بازاڕن[165]. سەرانی ریفۆرمخوازی ئەم وڵاتە جەخت لەسەر گرنگی چۆنیەتی باڵای حکومەت دەکەنەوەو خۆیان کردۆتە قوربانی چاکترکردنی ڕاستەقینەی ژیانی هاوڵاتیەکانیان. ئەوانە زیاتر داوای باشترین ڕێنماییە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئاستی کێشانی هێڵی پاڵاوتن و سەقامگیری حکومەتی یاسا دەکەن. دەرئەنجام ئەم ئابوریانە سەرمایەگوزاری دەرەکیە گرنگەکانی راکێشاوە و[166]



بەرێژەی زۆرباش لەحاڵەتی گەشەکردندان (لەچەند ڕوەوە حەوت لەسەدا یان زیاتر لە ساڵێکدا)[167]. لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەستکەوتانەدا ئەمڕۆ هەندێ لەچاودێران باس لەبەرایی رێنسانسی ئەفریقا دەکەن.

دوبارە هەواڵی خۆش هەیە. لەسەرانسەری ئەم کیشوەرەدا رێژەی خوێندەواری هەڵدەکشێت و ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکان لەپێشەوەیە. لەگەڵ ئەوەی شارنشینی فشار دەخاتە سەر توانستی دەوڵەت لەڕوی خستنەڕوی خزمەتگوزارییەوە, بەڵام لەلای خۆیەوە رەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ پەیداکردنی شوناسی نەتەوەیی. کاتێك خەڵکی خاکەکەیان بەجێدەهێڵن پەیوەندییە خێڵەکێکانیشیان دەخەنەلاوە. ئەگەرچی گروپە خێڵەکیەکان دەیانەوێت لەدەوروبەری بەتایبەتی شارەکان ژیان بگوزەرێنن, بەڵام لەهەندێ لەبەشەکانی ئەفریقادا, بەتایبەتی لەلێوارەکانیشدا شارنشینی نمونەی بەرخۆری نوێ لەسەر زەمینەی خۆراك و پۆشاك و کاڵاکانی دی دێنێتە ئاراوە. ئەم ڕێچکەیە دەبێتە هۆی فراوانی دەرخواست, کە لەدەیەی ڕابردودا بۆتە کۆمەك بۆ گەشەکردنی ئابوری چەندین وڵات.

جگەلە سەرکەوتنەکانی چەندین وڵاتی بچوکی و ناوەند, لەدوو زلهێزی ئەفریقای خواروی بیابانیش, واتە نایجیریاو ئەفریقای خواروو ئاڵوگۆڕی ئومێدەوارانە ڕویانداوە[168]. هەرچەندە بەم وەسفکردنە ئەفریقای خوارو وڵاتی دەستڕۆیشتوە لەڕوی ئابورییەوە[169], بەڵام دوچاری تەنگانەی گرنگیش بوە. ڕێژەی باڵای بێکاری، بەرزترین رێژەی تاوانکاری لە جیهان (کە هێشتا لەحاڵەتی بەرزبونەوەدایە) و بەهەژاری مانەوەی خەڵکی لەجۆری ئەم گرفتانەیەتی. بەڵام دەبێت بوترێت کە لەتەمەنی سیستەمەکە لەپاش ئاپارتاییدا زیاتر لە شەش ساڵ تێناپەڕێت و لەم ماوەیەدا (نیلسون ماندێل)ا دەسەڵاتی باڵایە بەسەر سیستەمی ناوبراودا. بەمپێیە هێشتا زوە تا دەربارەی ئایندە داوەری بکرێت. لەم وڵاتەدا مەرام و ڕوداوی پۆزەتیڤانەش لەئارادایەو ئەفریقای خوارو لەحاڵەتی تێپەڕبونە

www.pertwk.com

بەرەو  مافی مرۆڤی چەند نەژادیدا. لە(ژوئن 1999 ) دا دوەمین هەڵبژاردنی ئازادی سەرکۆماری بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بەڕێوەچوو. لەسەرو ئەوەشەوە ئاڵوگۆڕەکانی ئەفریقای خوارو کۆمەکی بەچارەسەرکردنی جەنگی ناوخۆیی (مۆزامبیك) یش کردوە.

لەپاش چەندین ساڵ بۆ یەکەمجار نایجیریا (ولاَتێکی کە دانیشتوانەکەی سێ بەرامبەری ئەفریقای خوارەوە, بەڵام بەرهەمی ئاوێتەی ناوخۆییەکەی سێ یەکی ئەم ولاَتەیە) بەلایەنی کەمەوە لەهەلێکی دڵنیاکەرەوە بۆ دورکەوتنەوە لەسەردەمی گەندەڵی فراوانو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوری سودی وەرگرتوە. لەم دیدەوە, ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤانەو گونجاو لەئارادایە. (ئولوسوگون ئویا سانجو) سەرکۆماری نوێ بڕیاری داوە کە چەرخی ئیفلیجکاری گەندەڵی تێکبشکێنێتو پەیڕەوی هۆکارەکانی ڕەوایی دەوڵەت بکاتو ئابوری ببوژێنێتەوە. لەناو دەستوردا بڕیاری لەکاری بەرزەفرانە داوە، وەك تێزو پاراستنی سیستەمی کارامەی فیدراڵ, هاوسەنگی کۆنترۆڵکردنی سوپا لەلایەن سیڤیلەکانەوە, دامەزراندنی دەستەلاَتی دادوەری سەربەخۆو دابینکردنی نمونەی پێویستو عادلانەی هەڵبژاردن. پێویستی بەکۆمەکی نێودەوڵەتی بوەو ئامارژەکانش نیشانەی ئەوەن کە ئامادەی پەسندکردنی ئەم کۆمەکانەیە. سەرچاوە پەترۆڵیەکانی نایجیریاو هاوکاری کۆمپانیاکانی کەلەدەرهێناندا ڕۆڵیان هەیە کۆمەکی گەورەن(170). ئەگەر نایجیریا بتوانێت لەسەر کاروانی بەرەو پێشەوەچون بەردەوام بێتو پێشوازی باشو کۆمەکی پێویست بکرێت، کەلەسەر ئەو کاروانە بەردەوام بێت, لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا ئەم ولاَتە دەبێتە داینەمۆی ئابوری ئەفریقای خۆرئاواییو بۆ هەموو ناوچەکە پانتاییەکی پڕ ئارامیی پۆزەتیڤانە دێنێتە کایەوە.

بەکورتی ئەگەری ئەوە هەیە هەموو شتەکان پێکەوە هەماهەنگ بن. ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە سیاسیو ئابوریانە (لەبزاوتن بەرەو بونیادی دیموکراسی بیناکراو



لەسەر بازاڕ) دەتوانێت لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا ئاڵوگۆڕ بەسەر بەشێکی زۆر لەئەفریقا بهێنێت و زەمینە بۆ پەیوەندییەکی گونجاو بەئابوری جیهانەوە فەراهەم بکات. ولاَتانێکی بچوكو ناوەندی تا ئێستا خاوەنی پلەیەکی مرۆڤ فرۆشینو لەخەباتیاندا دژ بەگەندەڵی پێشڕەوییان کردوە, ئەگەر هەیە بتوانن سەرمایەی دەرەکی بەرەو ئەفریقا کێش بکەنو لەهەمان کاتدا ببنە نمونەی سەرکەوتوی ئابوریو سیاسی بۆ دەوڵەتانی دی ناوچەکە. ئەگەر ئەفریقای خواروو درێژە بە پێشڕەوی ئابوریو سیاسی دیاریکراو بداتو نایجیریا بتوانێت لێبڕاوانە بەرەو سیستەمێکی کراوەترو ژیاندنەوەی ئابوری دەرخواست بەرەوپێشەوە بچێت, لەوحاڵەتەدا پێشکەوتنی سەرانسەری ناوچەکە لەکێشانەیەکی بەرچاودا درەخشاوە دەبێت. داڕشتنی شایستانەی بونیادی حکومەتەکان بەجۆرێك کەئەفریقیەکان بڕوای پێبکەن کارێکی ئاڵۆزە. ئامادەکردنی تواناکانی لەم ناوچەیەدا هەن بۆ بیناکردنی دیموکراسییەکی گونجاو و فراوانی بازاڕی ئازاد بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەلێهاتوی سەرکردەکانی دەوڵەتو کارمەندانی دەوڵەتیو بازرگانانو خوێنداکارانی زانکۆوە. سەرانی بەتوانا دەتوانن هەم لەناو ولاَتو هەم لەگەڵ دەوڵەتانی دیو دامەزراوەی نێو نەتەوەییدا ئیئتلاف کاریگەر پێك بهێنن. نمونە گونجاوەکانی ناوچەکەو پەیماندان بەهێنانە سەرکاری حکومەتێکی باش کە کۆنترۆڵی کاریگەرانەی سوپایی لەلایەن سیڤیلەوە بکات, دەتوانێت لەسەرانسەری ناوچەکەدا بهێنرێتە ئاراوە.

یەکێك لەڕێچکەکانی هاوبەشیبونی هەمەلایەنە لەبواری زانیاریدا پێکهێنانی رێکخراوی ناوچەییو ناوەکی ناوچەییە. ئەم جۆرە گروپگەلانە، بەتایبەتی بەهاوبەشی ژمارەیەکی کەمی ولاَتانی یەکسان لەبەشێکی ناوچەکە, باشترین بوار بۆ فراوانی سیاسەتەکانی ئابوری ئازاد فەراهەم دەکات لەئێستادا. ئەم جۆرە گروپبەندییانە زۆر لاوازن, بەڵام گەر ئەو گروپبەندییانەی باسیان لێوەکرا

www.pertwk.com

بەهیمەتی سەرانی ئەفریقاو بەدنەدانی وڵاتانی دەرەکی بەهێزکران دەتوانن ببنە کایەچی گرنگ‌و داهێنەر لەئابوری جیهانیدا.

بۆ هەموو ناوچەکە گەشەکردنی واقیعیانەی لەسەدا چوار تا ساڵی (2010)و لەسەدا پێنج یان شەش گەشەی ساڵانە لەساڵی (2010 تا 2025) بە پێشکەوتنی بەرچاو دادەنرێت[171]. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە بازرگانەکان‌و دەستەڵاتدارە دەوڵەتیە ئەفریقیەکان دەبێت بۆ کێشکردنی سەرمایەو هاوبەشیکردن لەگەڵ سەرمایەدارە تایبەتەکان هەوڵی زۆربدەن تابەتەواوی سودمەندبن لەوەی کە ئابوری جیهان دەیخاتەڕوو. چەند ئەوان سەرکەوتوبن لەڕاستیدا دەبنە خاوەنی ئەو چانسەی کە هەڵاتنی هزرە ئامادەکان‌و پڕ بەهای ئەفریقایی, کە لەچەند دەیەی ڕابردودا وڵاتێکی وەك نایجیریای ئیفلیج کردبوو, سنورداربێت یان ڕابوەستێنێت. ئەگەر ئەفریقای باشور و نایجیریا حکومەت، سەقامگیری، فراوانکردنی ژێرخانەکان، ڕیفۆرمی ئابوری پێشڕەوی شایستەو پەیوەست‌ومایەی سەرنجڕاکێشان بەدەست بهێنن, لەو حاڵەتەدا پەرەسەندنی ساڵانە بۆ لەسەدا حەوت تا هەشت لەناوچەکەدا بەدور نابێت. بازاڕی هاوبەشی ناوخۆیی یان تەنانەت ناوچەیش یاردەدەرێکی کاریگەر دەبێت. ئەم بازاڕانە دەتوانن بەهۆی ئابوری کۆمەك کراوەوە دەستکەوتی هەبێت و لەگەڵ ئەوەشی لەبەهای هاوبەش بەدی دێت مایەی بەراوردکردنە.

بەئاوڕدانەوە لەو منداڵانەی کە دەبێت خۆراك بدرێن، چاککردنی بەرچاوی ئاستی ژیان، ژێرخان، پەروەردەو فێرکردن‌و تەندروستی لەم خولەوە تا ساڵی (2025) کارێکە سەختە. سەرەڕای نەخۆشی (ئایدز) ، کەلەزۆربەی ناوچەکەدا بڵاوە، پێشبینی دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی ئەفریقا تاساڵی (2025) دوو بەرامبەر بێتەوەو لەشەش سەدو بیست ملیۆن کەسی ئەمڕۆوە بەملیارێك‌و سەد ملیۆن کەس بگات. لەم حاڵەتەدا دانیشتوانی ئەفریقا بەئەندازەی دانیشتوانی ئەمڕۆی چین دەگات. بەمپێیە وادەردەکەوێت بەرنامەڕێژی هەستیاری ڕێکخستنی



خێزان‌و پەروەردەو فێرکردن لەکامڵکردنی ئەفریقادا لەچارەکە سەدەی داهاتودا ناتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت. هێشتا ڕۆشن نیە کە ئایا ئەم بەرنامانە جێبەجێ دەبن یان نا؟ بەڵام سەرهەڵدانی حکومەتی شایستە لەناوچەکەدا ئەگەری ئەنجامدانی ئەوانە فراوان دەکات.

بۆ ئایندەیەکی پۆزەتیڤانە, ئەونەخۆشییە بەربڵاوەی کە ئێستا ئەفریقا گیرۆدەی بوە دەبێت باشتر کۆنترۆڵ بکرێت. بەداخەوە ئایدزو نەخۆشیە گرنگەکانی دی, تەنانەت لەباشترین دۆخی ناوچەکەشدا بەگرفتی گرنگ دەژمێردرێت[173]. لەسی‌و چوار وڵاتی، کەهەنوکە زۆرترین ژمارەی نەخۆشی توشبوانی بەئایدزیان تێدایە بیست‌و نۆ وڵاتیان دەکەونە ئەفریقای باشوری بیابانەوە. بۆ پێشکەوتنی بەرچاو پێویستە منداڵان‌و گەورەکانیش بەپێوانەیەکی فراوان چارەسەر بکرێن. کۆمەکە کاریگەرەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تەندروستی, جگە لە دەوڵەتی‌و تایبەتیەکانیش لایەنێکی ژیانیان هەیە.

**ئاماری مەرگ وموبتەلایان بە ڤایرۆسی ئایدز**



www.pertwk.com

لەبەرامبەر ئەم ئالوگۆڕە زۆرو پۆزەتیڤانەدا کێشەمەکێش و ناسەقامگیریش ماوەیەکی درێژە لەم خاکەدا بونی هەیەو زیان بەناوچەکە دەگەیەنێت. ئەم ناسەقامگیرییانە بەشەقڵی جۆراوجۆر سەریانهەڵداوە, وەکو قەیرانی دەوڵەتی لەڕواندا, ناکامییەکانی وڵاتانی سیرالیۆن، لایبریاو جەنگە ناوخۆییە دورو درێژەکانی سودان. ئەم ناسەقامگیرییە بەگشتی زیاتر لەچوار ملیۆن کەسی ئاوارە کردوە[174] و ئەگەر هەیە هەمووئەوانە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستویەکدا درێژەیان هەبێت. بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان لەزۆربەی وڵاتەکان و پەرەسەندنی تەنگەژەی سنوربەزاندنی وەك مادەی سڕکەرو شۆردنەوەی دراو هەموو وڵاتانی ئەفریقای خستۆتە بەردەم هەوڵی ئاسایشی ڕاستەقینە. لەواقیعدا گرفتی گشتی گەندەڵی (لەسەر هەموو ئاستی کۆمەڵگە) لەوانەیە جدیترین تەنگەژەی ناوچەکە بێت. دەستپێشخەری چونەسەر پرسە بنەڕەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەتوانێت کۆمەکی زۆری چارەسەرکردنی ڕیشەییانەی جەنگەکانی ناوچەکە بکات. لێرەدا لەوانەیە بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی ئاژاوەکان, داهێنراوی ئومێدەوارانە لەئارادابێت، کەلەخودی ناوچەکەو لەلایەن لایەنە بەشدارەکانەوە خراونەتەڕوو. ئەم دەستپێشخەریانە بۆئەوەی ڕێگایەکی پۆزەتیڤ و ئەگەری سەرکەوتنیان هەبێت پێویستە بەهێزبکرێن. چەندین ڕێکخراوی ئەفریقی نێودەوڵەتی بواری چالاکیە دێرینە سیاسی و ئابورییەکانیان پەرەپێداوە تا پرسە ئەمنیەکانیش لەخۆ بگرن : (سەنتەری چارەسەری کێشەکان ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا), (ڕێکخراوی ئەمنی و بەرگری و سیاسی کۆمەڵگای فراوانی خۆرئاوا لە لیبریا). بەمەبەستی خستنەڕوی ڕێگاچارەکانی ئەفریقا بۆ گرفتەکانی ناوچەکەو نیگەرانییە ئەمنیەکان ئومێدیان پەیداکردوە. هەوڵەکانی ئاینده دەتوانێت لەگەڵ فراوانی دەستکەوتە ئابوری و سیاسیە پۆزەتیڤەکان بۆ هەموو ژێرخانی ناوچەکە هاوکاری ناوخۆیی و ناوچەییش پەرەپێبدات. لەهەمان کاتدا ئەفریقا هیواداری ئەوەیە کە لەڕێگای پەیوەندی دولاینەو هاوکاری چالاکانە لەڕێکخراوە



نێونەتەوەییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆشیدا پەیوەندی هەبێت. ئەمریکا بەرنامەی لەجۆری داهێنانی وەڵام بۆ تەنگەژەکانی ئەفریقا) و (سەنتەری ئەفریقایی توێژینەوەی ئەمنی) پێکهێناوە. ئەم جۆرە پەیوەندییە دەتوانێت بۆ بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادکردنی ئابوری زەمینەی پێویست فەراهەم بکات و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئومێدێکی نوێ بێت.

ئەوکێشە گشتییانەی ئەفریقا کە دەبینرێن بەئاشکرا ترسناکن. لەڕوانیندا بەرەو ساڵی (2025) پێشبینیکردنی هەندێ ئەگەری ڕەشبینانە گرفت نییە. لەوانەیە لەجیاتی یەکبون دابەشبون هاوشان لەگەڵ ڕەنگدانەوە ڕوبدات.

یەکێك یان چەند وڵاتێکی دانیشتوان چڕی ناوچەکە, بەتایبەتی نایجیریا، ئەفریقای باشور، کینیاو تانزانیا ئەگەری ئەوە هەیە نەتوانن پێشکەوتنی ئابوری و سیاسی بەدەستبهێنن. ململانێکانی کە چەندین جار لەناوچەکەدا ڕویانداوە لەوانەیە درێژەیان هەبێت یان تیژتربن. ئایدزو ڤایرۆسی (H.I.U) لەوانەیە کۆنترۆڵ نەکرێن و سەرەڕای هەمەلایەنی نەخۆشیەکان ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان بەرز ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەگەرە لەئارادایە کە نمونەکانی لەنوێ دەردەکەون لەبارەی دەوڵەتی مەدەنی درێژەیان نەبێت و لەهەموشی خراپتر هەندێ لەم وڵاتانە بەرەو سەنتەری گروپە خراپکارە ڕێکخراوەکان و توندڕەوە سیاسی و مەزهەبییەکان, کەخاوەنی چەکی کوشندەن, بگۆڕێن.

لەسەرو ئەوەشەوە دورە پەرەسەندنی ئابوری ئەفریقا بتوانێت لەگەڵ ڕادەی خێرای زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکەدا گونجاو بێت. بۆهاوشانبون لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوان زۆربەی ئەم وڵاتانە دەبێت خاوەنی لەسەدا شەش تا حەوتی ئاستی باڵای ئابورییان هەبێت. بەمپێیە زۆربەی ژمارە بەرچاوەکانی ئاستی بەرزی ئابوری ئەفریقا لەساڵەکانی دواییدا فریودەرانەن. چالاکی ناڕەسەنانەی ئابوری هاوشان لەگەڵ باڵاچونی دانیشتوان فراوان دەبێت.

www.pertwk.com

بەڵام دەربارەی ژمارەکانی، باج کەگرنگی زیاتریان هەیە، پێشکەوتنی ئەفریقا زۆر نزمترە .

ئەم دەرئەنجامە ئاماژەیە بۆ بەفیڕۆچونی زۆری سەرچاوە مرۆیی و سروشتیەکانی ئەفریقا. ئەگەر لەزۆربەی ئەم مەیدانانەدا پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست نەیەت لەوانەیە ئەمریکاو پاشماوەی جیهان لەگەڵ هەڕەشەی تیرۆریستی و گرفتی فراوابونی خراپەکاری ڕێکخراوانەو سەرایەتکردنی نەخۆشیەکان لەم کیشوەرە بەرەو سەرزەمینە دورو نزیکەکان, ڕوبەڕو ببنەوە.

لەوانەیە گەورەترین تەنگەژە کەلەئەفریقای باشوری بیابان یان لەوناوچەیەدا سەرهەڵبدات تێکشکاندنی سنوری وڵاتەکان بێت. فشارە کۆمەڵایەتیەکان و حکومەتە ناشایستەکان و توندوتیژبونی مەترسییە جۆراوجۆرە فرەنەتەوەییەکان لەوانەیە بەسنوری زۆر لەوڵاتانەی کەهەر لەسەردەمی سەربەخۆییەوە لەبنەڕەتدا جێگیربون تێکبشکێنێت. لەم پەیوەندییەدا جەنگ لەکۆماری دیموکراسی کۆنگۆدا لەوانەیە دەسپێکردنی سەردەمانێکی خراپتر بێت. لە هیچ یەك لەو جەنگ و کودەتا ناوچەییانەی کەپێش ڕوخانی (مۆبۆتۆ) لەزاییر هەبون بەشداری سوپایی وڵاتە ئەفریقیەکان لەکاروباری ناوخۆیی یەکدیدا تا ئەم ئەندازەیە جدی و جۆراو جۆر نەبوە. بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زیمبابۆ، ئۆگاندا، ئەنگۆلا، وڵاتانی دی و هەروەها فرە ڕەگەزی و کاریگەری جیوگرافیایی ئەوەندە ڕیشەی ئەم وڵاتە دەخەنە بەرمەترسی کە دەتوانرێت بوترێت کۆنگۆ هەرگیز وەك بونێکی یەکگرتوی سیاسی – وەك ئەوەی لەساڵی 1995 دا هەبوە – دوبارە ناگەڕێتەوە.

ئەو شەڕەی کەلەنێوان ئەسیوبیاو ئەریتریادا لەئارادایە نمونەیەکی یەدەگیانەی دییە. ئەو هەماهەنگیەی ئەریتریای سەربەخۆ لەگەڵ دەوڵەتێکی کەپاش ڕوخانی ڕژێمی نەفەرەتاوی (منگستۆ هایلە ماریام) چوە سەرکار بەدەستهاتوە، ئەگەرچی سنورەکان بەڕەزامەندی هەردولایەن گۆڕانی بەسەردا



هات و تەنانەت هەردوسەرکردە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی بونە هاوپەیمانی یەکدی, بەڵام زۆری نەخایاند هەردو وڵات چونە ناو شەڕێکی وێرانکارەوە.

ڕوداوەکانی کۆماری دیموکراسی کۆنگۆو ئەسیوبیا قەدەغەیی پیرۆزکراوی ئاڵۆگۆڕی توندوتیژانەی سنورەکانی ئەفریقای بەدرۆخستەوە. ئەم کارەش ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی پێکدادانی زیاتر. لەو وڵاتانەی کە ئامادەیی ململانێی نەتەوەیی و گۆڕانکاری فۆرمی قەڵەمڕەویان تێدایە, دەتوانرێت ئاماژە بە کینیا, ئۆگاندا, سنگال, ئەنگۆلا, تانزانیا, ئەفریقای خوارو و سودان بکرێت. سودان زیاتر لەبیست ساڵە دەرگیری جەنگێکی ناوخۆییەو تا ئێستاش بچوکترین ئاماژەی کۆتایی هاتنی دیار نییە. لەلایەکی دییەوە, ئەم گومانە لەئارادایە کە نمونەکانی کۆماری دیموکراسی کۆنگۆو ئەسیوبیا ببنەهۆی سەقامگیرترکردنی فۆرمی ئامادەیی سنوری دەستەبژێرەکانی ئەفریقا, چونکە ئەوانە کارەساتەکانی ئاڵوگۆڕەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە. بەڵام گەر بەمجۆرە نەبێت لاوازبونی ڕێزدانان بۆ سیستەمی قەڵەمڕەوەکانی هەن لەئەفریقای باشوری بیابان دەتوانێت ئاگری جەنگی ناوخۆیی لەزۆربەی وڵاتانی ئەفریقادا بنێتەوە. ئەمجۆرە شەڕانە دەتوانن بەئاسانی لەسنورەکان تێپەڕێنن، چونکە گروپگەلە نەتەوەییە جیاوازەکان لەژێر یەك ئاڵادا کۆدەبنەوەو پاش وەستانی شەڕ فۆرمگیری دوبارەی وڵاتان لەسەر یەکێتیەکی نەتەوەیی گونجاو دەتوانێت هەوڵەکانی دوایی بۆ پێکهێنانەوەی وڵات ئاسانتر بکات, بەڵام پێشهاتە مەودا درێژەکانی ئەمجۆرە جەنگانە کارەستبارە, چونکە دەستەبژێرانێکی کە بتوانن بەئاسانی و لەبنەڕەتدا یەکێتی نەتەوەیی وڵاتێك بخەنەسەر پێ, بەهەمان ئاسانییەوە دەتوانن دژ بە گروپە نەیارەکان ناچار بەشەڕیان بکەن.

تەلەفاتی مرۆیی ئەمجۆرە جەنگانە ترسناك دەبێت و بەوردبونەوە لەتوانستەکانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی لەدەستیاندایە کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت. بێگومان ئەم پرسە لە فەهرستی بەرایی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکادا

www.pertwk.com

(وەك ڕابەرێكی جیهانی) جێگایەكی كراوەی دەبێت و بەئاوڕدانەوە لەفەرهەنگی ڕاگەیاندنی ئەلكترۆنی هەنوكەیی و خەسڵەتەكانی كۆمەڵگەی ئەمریكا دەوڵەتی ئەم وڵاتە ناچار دەبێت كە بەلایەنی كەمەوە تا ڕادەیەك لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستەیەك بكات. تەنانەت گەر بەرژەوەندی نەتەوەیی ڕوت لەگەڵ شرۆڤەی سنورداری خۆیدا لەمەترسیدا نەبێت دوبارە ئەم ناچارییە لەئارادا دەبێت.

ئەگەرێكی واقیعیانەی دی كەلەوانەیە لەتێكشكاندنەوەی سنورەكانی ئەمڕۆ جدیتر بێت ئەوەیە كەشۆڕشی زانیاری لەئەفریقا سنورەكان بەشێوەیەكی فراوان بێ واتا بكات. لەسەر ئەم خاكە توانستی دەوڵەتەكان ناوەندەو لەوانەیە پێبەپێی بازرگانی یاسایی و نایاسایی گەشە نەكات. پەیدابونی پەیوەستی هەمەلایەنە لەئەفریقا لەفراوانبونی توانستەكانی دەوڵەت زیاتر خێرایی بەفراوانی دەستەڵاتەكان و توانستە بازرگانیەكان دەبەخشێت. بەمپێیە, لەوانەیە ئەفریقا نمونەیەكی سەرەتایی جۆرە دەوڵەیتێك بێت كە كۆنترۆڵی بەسەر قوچەكەكانی ئابوریدا ناشكێت و دەرئەنجام, ڕەوایی و بەردەوامیان دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە.

بەلام بەگشتی, لەبنەڕەتدا ئاشكرا نییە ئایندەی ئەفریقای خواروی بیابان درەوشاوەیە یان لێڵ و تاریك؟ لەوانەیە ئاوێتەیەك لەم دوانە بێت, واتە هەندێ لەوڵاتەكان بەئامانجەكانی وەك ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ژیاندنەوەی فەرهەنگی بگەن, بەڵام هەندێكی دی لەبۆتەی حكومەتی ناشایستەو گەندەڵی كۆمەڵایەتیدا ڕۆبچن. بەهەرحاڵ هەمیشە ئایندە بەخەڵكی ئەم خاكەو سەركردەكانیانەوە بەندە. لەجیهانێكدا ئەوناوچانەی گرنگی ستراتیژییان (بەهۆی ململانێی دەوڵەتە گەورەكانەوە) لەدەستداوە, هەندەرانیەكان (بە باشتر یان خراپتر كردنی) ئایندە ئەفریقا كاریگەرییان نابێت. لەگەڵ ئەمەشدا گریمانەی هاوكاریكردن زۆرە. لەبەرئەوەی ئەفریقیەكان پێویستیان بەكۆمەكی دەرەكییە، وڵاتە خۆرئاواییەكان دەتوانن (و پێویستە) ئەم كۆمەكانە بەشێوەی خێرخوازانەو لەڕوی گرنگیدانەوە



بخەنەڕوو، بەڵام ئەفریقایەكی لەپاشاگەردانیدا نقوم بوبێت شایستەی گرنگیەكی لەو بابەتەی نابێت.

### كیشوەری ئەمریكا:

لێرەدا مەبەستمان لەكیشوەری ئەمریكا، ئەمریكای لاتین و كەنەداوی حەوزی كاریبیە, كە بۆ ئەمریكا گرنگیەكی تایبەتی هەیە. ئەم سەرزەمینە دوو هاوشانی بازرگانی ئەمریكا، واتە مەكسیك و كەنەدا لەخۆ دەگرێت و زیاتر لەسەدا چلی هەناردەكانی ئەمریكا ئەڕژێتە ئەم ناوچەیەوە. ئەمریكا لەوڵاتانی ئەم ناوچەیەوە مادەی خاو هاوردە دەكات، بۆ نمونە لەمەكسیك و ڤێنزوێلاو ترینیدا نەوت دەكرێت. سەرەڕای ئەمەش پەیوەندییە فەرهەنگیەكانی ئەمریكا لەگەڵ ئەمریكای لاتین, توندوتۆڵ و بەهێزە. ئەم وڵاتە لەڕوی دانیشتوانی ئیسپانیەوە پێنجەمین وڵاتی جیهانە، ئەمەو زیاتر لەحەڤدە ملیۆن و سێ سەد هەزار كەس بەمزمانە دەئاخافێن[175]. لەهەمان كاتدا نزیكی كەنەداوی حەزەی كاریبی و مەكسیك و ئەمریكای ناوەڕاست لە ئەمریكاوە زۆربەی پرسەكانی هەریەك لەوانە كاریگەرییان لەسەر وڵاتەكانی دی و لەوانەش لەسەر ئەمریكا دەبێت.

لەهەمان كاتدا, ئەمریكای لاتین و حەوزەی كاریبی و كەنەدا جیاوازی زۆریان پێكەوە هەیە. ڕیشەی فەرهەنگی و سیاسی ئەمریكای لاتین بۆ كۆلۆنیالیزمی ئیسپانی و پرتوگالی دەگەڕێتەوە. تیلاكەلاوبونی هۆزە ناوچەییەكان لەگەڵ ئەوروپیەكان ئەو زەمینە كۆمەڵایەتیەی سازان كە ئەمڕۆ لەئەمریكای لاتیندا بونی هەیە. قورسایی ئەم ئاوێتەبونە لەوڵاتە جیاجیاكاندا جودایە, بۆ نمونە لەكۆستەریكا كەمتر لەسەدایەك خەڵكی ناوچەكەن, بەڵام لەگوانتیمالا گروپە بومیەكان (دانیشتوانی سەرەكی ناوچەكە) لەسەدا چل و چواری دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێك دەهێنن. لەمەكسیك, پیرۆ, بۆلیڤیاو ئەكوادۆریش ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی بومی ناوچەكە زۆر بەرزە.

www.pertwk.com

لەبەرامبەردا دورگەکانی حەوزی کاریبی لەبنەمادا ڕیشەی ئینگلیزیو فەرەنسیو هۆڵەندیان هەیەو کۆیلەداری ئەوروپییەکان لەسەدەی حەڤدەیەم تا سەرەتای سەدەی نۆزدە کاریگەری لەسەر ئەم دورگانە داناوە. بەپێچەوانەی ئەمریکای لاتینەوە, لەحەوزەی کاریبیدا سیستەمی پەرلەمانی کارێکی ئاساییەو زمانی سەرەکی خەڵکی ئینگلیزیە. کەنەداش سیستەمێکی پەرلەمانی لەسەر بنەمای یاسای بەریتانی هەیە.

لەبیست ساڵی ڕابردودا ئەمریکای لاتین دوچاری ئاڵوگۆڕی قوڵ بوە. هەرسیو پێنج وڵاتەکەی ئەم زەوییە خاوەنی جۆرە حکومەتێکن کە بەشێوەی دیموکراسیانە هەڵدەبژێرێن (تەنها کوبا ئاوارتەیە)، ئابوری بازاڕی ئازاد وەك کاروانێکی هەڵبژێردراو بۆ گەشەی ئابوری ماوەدرێژ بۆتە جێکەوتی سیاسەتی پارێزگاریکردن لەبەرهەمە خۆماڵیەکان. ئەم بابەتە ئاڵوگۆڕێکی گرنگە لەڕوداوەکان. بۆ یەکپارچەیی ئابوری هەڵبژێردراو، کە گرنگترینیان پێکهێنانی بازاڕی هاوبەشە (لەولەبی باشور) یان (مرکوسور)ە, کە وڵاتەکانی بەڕازیل، ئەرژەنتین، پیرۆ و ئۆرگوای ئەندامی ئەم بازاڕەن. ئەم کارە بۆتەهۆی ڕاکێشانی ڕێژی سەرمایەدارانی جیهانو لەدەیەی (1990) بەشێوەیەکی مامناوەندی ساڵانە چل ملیار دۆلاری بۆ ئەم ناوچەیە کێش کردوە[177].

لەم نێوەندەدا, پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تائاستێکی بەرچاو نزم بۆتەوە، هەروەها چەندین شۆڕش لەئەمریکای ناوەڕاستدا لەڕێگای دانوستانو گفتوگۆوە چارەسەر کراوە. لەزۆر کێشەدا سوپاکان لەبنکەکانی خۆیاندا مانەوە, کە ئەمە ئاماژەی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە لەنمونەی باڵای ئەم وڵاتانەدا. بەکورتی ئەمریکای لاتین لەئاڵوگۆڕیدا لەناوچەیەکی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی زۆردار بەئابورییەکی داخراوەوە بەرەو فراوانبونی ئابوریو کۆمەڵایەتی هەنگاوی مایەی سەرنجی ناوە.



لەگەڵ ئەم ڕوداوە پۆزەتیڤانەدا هێشتا زۆربەی خەڵکی ئەمریکای لاتین بەرهەمی گۆڕانکارییەکانیان نەچەشتوە. لەم وڵاتانەدا جیاوازی داهات لەهەموو پنتەکانی دی جیهان زیاتر بوە، چواریەکی هەموو داهاتی نەتەوەیی لەژێر ڕکێفی لەسەدا پێنجی دانیشتواندایە، لەسەدا دەی دانیشتوان لەسەدا چلی سامان کێشدەکەن[178] لەلایەکی دیەوە لەسەدا سی دانیشتوان، کە هەژارترین بەشی پێکدەهێنن, تەنها لەسەدا حەوتو نیوی داهاتی نەتەوەیان بەردەکەوێتو لەزۆربەی ئەم وڵاتانەدا, چینی ناوەند بچوکە[179]. لەزۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، لەوانە بۆلیڤیا, کۆلۆمبیا, ئەکوادۆر, نیکاراگوا, مەکسیك, پیرۆ, گوانمالا, هندوراسو بەڕازیل پێکدادانو ڕوبەڕوبونەوەی نێوان دانیشتوانی بومیو ئەوبەشەی کە ڕیشەی ئەوروپایان هەیە بۆتە کارێکی هەمیشەییو ئاسایی .

هەروەها توندوتیژیو خراپەکاری بەرفراوانی دەبینرێت. لەم ناوچەیەدا ئاستی گەندەڵی دەوڵەتیو دەزگاکانیش بەرزە، بەسەرنجدان لەئاستی ئابوری ناهاوسەنگی زۆربەی ئەم وڵاتانە, ئەگەری شکستهێنانی ئابورییەکەیان (واتە کەمتوانایی لەدابینکردنی خزمەتگوزاری بنەڕەتیو بەئەنجامگەیاندنی پەیمانە نێو نەتەوەییەکان) لەئارادایە, کە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا ناتوانرێت نادیدە بگیرێت.

لەهەموی گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی لەئەمریکا – جگە لەچیلی، کۆستەریکاو ئۆرگوای– نابوتە. لەزۆربەی دیموکراسیە ڕەسمیەکانی ئەم ناوچەیەدا حکومەتی یاسا، ڕێزنان لەئازادییە مەدەنیە بنەڕەتیەکان، بونی پارتایەتی خاوەن بنکەی جەماوەریو ناسیاسی، بونی بونیادە سوپاییەکان، مافی ئازادی ڕاگەیاندنو ئازادی کۆمەڵبون هێشتا لەهەڕەتی لاویدایە. ئاماژەیەکی ئەم لاوازییە ئەو فشارانەن کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد لەخەملاندنی دیدی سیاسی لەزۆربەی ئەم وڵاتانەدا هەیە. لەزۆربەی زۆری ئەم وڵاتانەی ئەمریکای لاتین

www.pertwk.com

هاولاَتیان سەبارەت بەهیواکانیان, بەتەواوی ئاسودەنین, کەئەم بابەتە سەرئەنجام بونیادەکانی مەدەنی لاواز دەکات.

لەگەڵ ئەم بارەشدا کیشوەری ئەمریکا لەدوو دەیەی ئایندەدا بۆ ئەمریکا گرنگی ڕوو لەزیادی دەبێتو پەیڕەویکردنی ئەو سەرمایەگوزاریو بازرگانییە لەسەر ئەم خاکە ڕوو لەفراوانی دەبێت. پێشبینی دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکای لاتینو حەوزی کاریبی تا ساڵی (2025) بەشەش سەدو نەوەد ملیۆن کەس بگات, کە تا ڕادەیەك دوو بەرامبەری ژمارەی ئەوروپایە. لەو توێژینەوانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئابوریو گەشەکردنەوە کراوە ڕێژەی کەشەسەندنی ئابوری بەڕازیل لەبیست ساڵی ئایندەدا بەپێنجو شەش دەیەك لەسەدا پێشبینی کراوە[181].

لەحاڵەتێکدا ئەم پێشبینیانە ڕاست دەربچن بەرهەمی خۆماڵی بەڕازیل نزیکەی یان بەرامبەری ژاپۆنی ئەمڕۆ دێتەوەو دەبێتە زلهێزێکی ئابوری گەورەی جیهان. لەگەڵ ئەوەش, پەیوەندییە فەرهەنگیەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەمریکای لاتیندا لەدەیەکانی ئایندەدا بەهێز دەبێت. لەساڵی (2025) دانیشتوانی ئیسپانیایی ئەمریکا گەورەترین گروپی کەمایەتی ئەم وڵاتە دەبن.

بۆئەوەی بزانین ئایندەی ئەمریکای لاتین چۆن دەبێتو ئەم ئایندەیە چ ڕەنگدانەوەیەکی بەسەر ئەمریکاوە دەبێت, پێویستە سەرنج لەچوار پرسیار بدەین, کە بریتین لە:-

1- دۆخی نوێنەرایەتی بنەڕەتی لەچوارچێوەی ئابوری جیهانیدا چۆن دەبێت؟

2- ئایا پرنسیبەکانی دیموکراسی لیبراڵو بازاڕی ئازاد سەرکەوتو دەبێت؟

3- مەکسیكو بەڕازیل لەڕوی سیاسییەوە چ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا دێت؟

4- ئەمریکا لەم زەمینانەدا چ ڕۆڵێك دەگێڕێت؟

دەچینە سەر یەکەبەیەکەی ئەم چوار پرسیارەو لەئەگەرە گەشبینو ڕەشبینەکان دەکۆڵینەوە.



ڕەوتەکانی دوایی ئەوە پیشان دەدەن کەئەمریکای لاتین بەزەمینەکانی ئابوری پۆزەتیڤانەوە پێدەنێتە سەدەی بیستو یەك. ڕیفۆرمەکانی کە دەرئەنجامی قەیرانی فراوانی قەرزەکان لەدەیەی (1980 )ئەنجامدرا بۆتە هۆی ڕێکخستنی دارایی و دراوی زیاتر، هەڵاوسانی کەمتر، کەرتی تایبەتی جێگیرو کەمبونەوەی ئاستەنگی بەردەم بازرگانی نێو نەتەوەیی و ناوچەیی. ئەگەر ئەم ناوچەیە بتوانێت گەشەی ساڵانەی لەسەدا شەش بپارێزێت (بەوجۆرەی کە هەندێ لەچاودێران پێشبینیان کردوە) وڵاتانی ناوچەکە توانستی زیاتریان بەسەر هەژاری ڕەگداکوتاو، سیستەمی فێرکاری، تەندروستی لاوازو دیاردەخراپە کۆمەڵایەتییەکانی دیدا دەشکێت.

هەروەها ئەمریکای لاتین خاوەنی (هەلی زێڕین)ی کۆمەڵناسانەیە. ڕێژەی لەدایکبون لەحاڵەتی نزمبونەوەیەو ڕێژەی زیادبونی دانیشتوان کەم دەبێتەوە. پێشبینی دەکرێت ناوەندی ڕێژەیی ساڵانەی دانیشتوان, لەمەکسیك (173٪)و بۆ (1.70٪) لە بەڕازیل, لە (1.33٪) بۆ (70٪) و لەهندوڕاس لە (2.71٪) بۆ (1.41٪) کەم بێتەوە [185]. دەرئەنجام ژمارەی هێزی کار لەبەرامبەر ژمارەی منداڵاندا فراوان دەبێت. زۆری لاوانو هێزی کاری فراوانو کۆمەڵگاکە لەهەنوکەوە تا پیربون ماوەی زۆری هەیە و بارێکی دارایی کەمتر دەخاتە سەر بەرژەوەندییە دەوڵەتیەکانو ئەم هەلە دەڕەخسێنێت کەسەرمایەی پێیوست بۆ دابینکردنی دارایی تێزە فێرکاریو کۆمەڵایەتیەکانی دی دەسەبەر بکات.

پێشبینی فراوانی بازرگانی ئازاد باش وەسف کراوە, بەتایبەتی ئەوەی لەم ناوچەیەدا گرنگی بەبازرگانی نێونەتەوەیی دەدرێت[183]. بازرگانی زیاتر لە چل لەسەدای بەرهەمی ناوخۆیی مەکسیكو لەسەدا پەنجای بەرهەمی ناوخۆیی چیلی پێکدەهێنن[184]. بازاڕی هاوبەشی ئەمریکای ناوەڕاستو بازاڕی هاوبەشی ناوچەی کاریبی بەهێزکردنی هاوهەڵوێستیان لەگەڵ ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەمریکای باکور پیشانداوە. هەروەها ئەمریکاو ئەمریکای لاتینو وڵاتانی

www.pertwk.com

حەوزەی کاریبیو کەنەدا سەبارەت بە چەمکی ناوچەیەکی ئازادی بازرگانی هاوهەڵوێستن[185].

بازرگانی ئازادی نیوەگۆش بەڕێکەوتنی دولایەنە لەحاڵەتی بەرەوپێشەوەچوندایە. چیلی تا ڕادەیەك لەگەڵ هەموو وڵاتانی کیشوەری ئەمریکا, لەوانە کەنەدا, بەیاننامەی بازرگانی ئازادی ئیمزا کردوە. مەکسیك جگەلە نەفتا (ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەمریکای باکور) لەگەڵ وڵاتانی وەك کۆستەریکاو چیلیو ڤەنزویلاو بەڕازیلو پەیماننامەی بازرگانی ئازادی هەیە.

لێرەوە کۆمەڵەبونی سەرکەوتوانەی بازرگانی پێشهاتی سیاسی سەرکەوتوانە لەگەڵ خۆی دەهێنێت, ئەو وڵاتە ئەمریکیانەی بەهۆی بازرگانی ئازادەوە پێکەوە بەستراون دەتوانن بەجۆرێکی کاریگەرانە لەوەستان لەبەرامبەر پرسەکانی وەك مادەی سڕکەرو تاوانکاری و سروشت هاوکاری بکەن پێکەوە. لەگەڵ ئەوەش, پەیوەندییە ئابورییە ناوچەییەکان دەتوانێت لەئەگەرەکانی سەرهەڵدانی کێشەکان کەم بکاتەوە. هەرچەندە مێژوو سەرچاوەی جۆراوجۆری بەپێچەوانەی ئەم ئەنجامگیرییەوە لەهەگبەدایە.

سەرەڕای یەکپارچەیی بازرگانی وڵاتانی ئەمریکا بەیەکێتی دراوی زیاتر دەگەن. پێشنیازەکانی پەیوەست بەدۆلار بون ئێستا لەبەشە تایبەتو دەوڵەتیەکانی وڵاتانی ئەرژەنتینو مەکسیكو سلڤادۆر لەئارادایە. ئەمڕۆ زۆرترین پاشەکەوتەکانی خەڵکی ئەمریکای لاتین بەدۆلارەو لەئەرژەنتین, بۆلیڤیا, پیرۆ و ئۆرگوای لەسەدا حەفتای داراییو فەرەزە بانگیەکان پایەیەکی دۆلاریان هەیە[186]. لەحاڵێکدا کە بە دۆلاربون ئەگەر هەیە لەناوخۆ و دەرەوە هاوەڵی لێکۆڵینەوەو مشتومڕی زۆر گەرم بێت, ڕەوشی جیهانی ئاماژە دەدات کە بلۆکێکی دراوی ناوچەیی بەئەگەرێکی زۆرەوە لەوانەیە تا ساڵی (2025) بێتە ئاراوە. ئەگەر بلۆکێکی دراوی لەئەمریکای لاتین سەرهەڵبدات دەبێتە سەرچاوەیەکی



بەهێز بۆ سەقامگیری ئابوری، کە دەتوانێت کۆمەك بە یەکێتی زیاتری ناوچەکە بکات.

ئەوئاستەنگانەشی لەبەرامبەر ئایندەی پۆزەتیڤانەی ناوچەکەدا هەن نابێت پشتگوێ بخرێن. گرنگترینو یەکەمین ئاستەنگ ئەو واقیعەیە کە بەجیهانیبون جیاوازییە چینایەتیەکانی فراوان کردوەو دەبێتەهۆی جەمسەرگیری ئابوری. لەئەنجامدا جیاوازییە چینایەتیەکانی ناو زۆربەی وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین زیاتر بوەو دەوڵەمەندانو ئەوانەی کەجێگای باشترینیان هەیە لەکۆمەڵگادا دەتوانن دەستیان بگاتە پێداویستی هونەریو زانیاریەکانی لەسەر زانست پنیادنراون و بەهۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە لەشوێنگەی باشدا بن. لەهەمان کاتدا زۆربەی خەڵکی لەپەراوێزدا دەمێننەوەو هەژارتر دەبنو لەو هەلانەی کەسەرەتاکانی سەدەی بیستو یەك دەیخاتەڕوو بێبەش دەبن. ئەم ڕەوشە فاکتەری نائارامی کۆمەڵایەتیو سیاسیو سەرئەنجام ناسەقامگیری ئابوری دەبێت.

ڕیاڵەتیەکی مەترسیدار ئەوەیە کە جیاوازی قوڵی داهات زۆر لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین لەڕوی فەرهەنگییەوە دابەشدەکات. زۆربەی گوندنشینانی هەژاری ئەمریکای لاتین ئەندامی ئەو گروپە بومیانەن کەلەدەرەوەی ئەندێشەی سیاسی دەمێننەوە. ئەم هەندەش بەشی گەورەی دانیشتوانی وڵاتانی بۆلیڤیا, پێڕۆ, مەکسیك, گوانتیمالاو ئەکوادۆر پێکدێنن. ئەوەی تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگایانەیە لەئایندەدا لە سەقامگیری یان ململانێو کێشمەکێش پەیوەستە بەئاستی پەیوەندی گروپە ناوبراوەکانەوە لەگەڵ ڕوداوە بنەڕەتیە سیاسیو ئابورییەکانی وڵاتەکانیان .

لەئاستێکی دیدا, زۆر لەوڵاتانی ئەم ناوچەیە بەتوندی بەهەناردەی کاڵاوە بەستراون و لەهەندێ ڕوەوە ئەم کاڵای هەناردانە تەنها یەك شتە. دەرئەنجام ئاڵوگۆڕی بازاڕی ئەو کاڵایە ئابوری وڵات دەخاتە بەرلێدانی دەوروبەری ئابوری

www.pertwk.com

جیهانییەوە. لەگەڵ ئەوەش, زۆر لەم وڵاتانە سەرچاوەیەکی کەبتوانن بەهۆیەوە لەئابوری تاکە بەرهەمی ڕزگاریان بکات لەبەردەستیاندا نییەو ئەگەری ئەوەش هەیە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا لەو جۆرە سەرچاوەیە بێبەشبن.

دوەمین ئاستەنگی بەردەم ئایندەی پۆزەتیڤ ئەمەیە کە ناوچەکە بەدەست کەمی سەرمایەوە دەناڵێنێتو ئەگەر هەیە بۆ بیستو پێنج ساڵی ئایندەش بەتوندی بەسەرچاوە دەرەکیەکانی سەرمایەوە ببەسترێتەوەو لەوێشەوە دامەزراوەکانی هەڵسەنگێنەری دراوی بەهادار ژمارەی باش نادەنە ئەم ناوچەیەو ئەم شەتەکدانە توندتر دەبێت. لە پێنج ساڵی رابردودا ئەو دۆخە گونجاوترەی بازرگانی کە لەئەرژەنتین, ئۆرۆگوای, پولیڤیا, پێرۆ, ئەکوادۆر, پاناما, سلڤادۆر, کۆستاریکاو چیلی هاتۆتە ئاراوە, پلەی ئابورییانی بەرز کردۆتەوە، ئەگەری بەدەستهێنانی پلەی بەرزتریش لەئارادایە(187). سیاسەتی دراوی ڕاست, ڕێژەی پاشەکەوتی ناوخۆیی تا ڕادەیەك هەڵکشاندوە, بەڵام چاوەڕوان ناکرێت ئەم ڕەوشە پۆزەتیڤە مایەی سەرنجدان بێت. لەسەرو ئەمەشەوە, هەر جۆرە گەشەکردنێکی داهات پێش ئەوەی بکرێتە پاشەکەوت بۆ سەرمایەگوزاری بۆ هێورکردنەوەی بارێك خەرج دەکرێت کە ئەم وڵاتانە ماوەیەکی درێژ دوچاری هاتون.

ئاستەنگی سێیەم ئەوەیە کەزۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین خاوەنی بونیادی داراییناکاران و هەنگاونان بەسەر دانی باج بەفراوانی دەبینرێت. بەمپێیە ئایندەی ئابوری ناوچەکە پەیوەندی بە سەرکەوتویی لەفراوانکردنی دامەزراوەی دارایی و کاراکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی باج دەبێت.

سەرئەنجام بۆ گەشانەوەی بازرگانی نەتەوەیی و نێوناوچەیی ئەمریکای لاتین, ناوچەکە پێویستی بەژێرخانی کاریگەرتری ڕێگاوبانە. لەئەمریکای لاتین ڕێگاوبانی باش کەمەو زۆربەی ڕێگاکان ئەوەندە نەگونجاون کە لەوەرزە درێژەکانی باراندا تەنانەت ئۆتۆمبیلە گەورەکانیش ناتوانن پیایاندا تێپەڕن. تەنها



ژمارەیەکی کەمی ڕێگای ئاسن سەنتەرە بازرگانیەکانی وڵاتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. لەم ڕوەوە زۆربەی بەرهەمهێنەرەکانی ئەمریکای لاتین بۆگەیاندنی کاڵاکانیان بەبازاڕ توشی گرفت هاتون. نەخشە نوێیەکانی ڕێگاوبان چاککردنیش کاتیان دەوێتو تێچونی زۆر دەبەن.

تەنانەت نەخشەی بەڕەواڵەت سەرکەوتوی وەك ڕێگای ئاوی (هیدروڤیا), کە وڵاتەکانی ئەرژەنتینو ئۆرۆگواو بەڕازیل بەکاری دەهێنن, ڕوبەڕوی ئاستەنگ بۆتەوەو هەلێك بوە بۆ گەندەڵی. ئەم پرۆژەیەش وەك بەشەکانی دی ئابوری ئەمریکای لاتین بۆ سەرمایەگوزارەکانی ژێرخان بەتەواوی پێویستی بەدراوی دەرەکی هەیە.

لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە بزاوتی ئەمریکای لاتین بەرەو دیمکراسیەت بزاوتێکی سەرکەوتوبوە یان ڕوبەڕوی ناکامی بۆتەوە. لەوانەیە ئەم کارە بەگرنگترین فاکتەری ئەمنیو سەقامگیری ئایندەی ناوچەکە دابنرێت. پەیوەندی حکومەتی مەدەنیو پەرەسەندنی ئابوری ئاڵۆزە. سەبارەت بەئەمریکای لاتین شکوفەی ناوچەکە بەلایەنی زۆرەوە بەدۆخی وڵاتانی ناوچەکە لەکردنەوەی دەرگاکان بەڕوی ئابوری جیهانیەوە پەیوەستە. بەهەمان هۆوەیە کە کۆمەڵگای جیهان ئامادەیە بەرامبەر بە بەرپرسیارێتی گرتنە ئەستۆو شەفافیەتو پایەداری رەفتار (کە هەمویان تایبەتمەندی کۆمەڵگای دیموکراسین نەك دەوڵەتە دەستەلاتخوازەکان) پاداشت بدەن.

ئاماژەیەکی گرنگی ئەوەی کە دیمکراسیەت لەئەمریکای لاتین بەرەو پێشەوە دەچێت ڕەوتی ئاڵوگۆڕی دامەزراوە سەربازییەکانە. زۆرینەی سەرکردە سەربازییەکانی ئەمریکای لاتی, بەرگی ناسوپاییان پۆشیوەو بۆ دامەزراندنی حکومەتی خۆیان ڕویان لەسیاسەتەکانی هەڵبژاردن کردوە. سوپاییەکان لە دەیەی ڕابردودا خۆیان لەدەستخستنە کاروبارەوە بەدور گرتوەو کارەکانیان بەناسوپاییەکان سپاردوە. ئەوانە ڕیفۆرمی بەرگریکردن پاش تاوتوێکردنی بڕی

www.pertwk.com

بودجەیان پەسندکردوەو نەخشەی نوێ لەوانە بەشداریکردن لەپرۆسەی پاراستنی ئاشتیان لەئەستۆ گرتوە. بۆ نمونە سنورەکانی ئەکوادۆر و پیرۆ لەلایەن هێزێکی چەند نەتەوەیی ئاشتیپارێز کەلە سەربازانی ئەرژەنتینی و بەڕازیلی و چیلی پێکهاتون کۆنترۆڵ دەکرێت. بەکورتی, زۆرینەی سەرانی سەربازی ئەمریکای لاتین پەییان بەگرنگی دمکراسیەت بۆ وڵاتەکەیان بردوە، دەزانن کە وڵاتەکەیان بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی بەڕێزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێت پارێزگاری لەدیموکراسی بکات.

ڕەوتی دیموکراسیەت لەهێورکردنەوەی ململانێکانی ناوچەکەش کاریگەر بوە. ئەم ڕەوتە ئەو توانایەی بەچەکدارە کۆنەکان لە سلڤادۆر و نیکارەگوا و گواتمالا بەخشیوە کە بۆ ڕەنگدانەوەی دیدو نیگەرانیەکانیان سود لەسیاسەت وەرگرن. ئەو دەوڵەتانەی کە بەهۆی ڕەوتی دیموکراسییەوە هەڵبژێردراون دانوستان لەگەڵ نەیارەکانیان لەجیاتی سەرکوت کردنیان پێباشتر بوە، لەئەنجامدا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ، کە لەڕژێمە داخراو سەرکوتکارەکاندا ئەنجام دەدرا، کەم بۆتەوە. بەچاوپۆشین لەجەنگی ئەکوادۆر و پیرۆ لەکاتی خێرابونی ڕەوتی بەدیموکراسی بون لەدەیەی( 1980) وە ناوچەکە لەئاشتیدابوە.

لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا, ئەگەری بانگهێشت کردنی سوپایانی ئەمریکای لاتین بۆ ڕزگاریکردنی وڵات لەبەرامبەر هێرشی هاوسێکان لەئارادا نابێت و بەپێچەوانەوە ئەگەری سەرهەڵدانی بەرەنگاری گرنگ لەنێوان وڵاتەکاندا لاوازە. هەڵبەتە هێشتا ئەگەر هەیە پرسە سنورییەکان بەرپەرچدانەوە بێنێتە ئاراوەو تەنانەت پێکدادانی بچوکیش ڕوبدات (بەهەمان شێوەی کەلەو دواییانەدا لەنێوان ئەکوادۆرو پیرۆ ڕویدا), بەڵام ئەگەری دەرکەوتنی ئەم پێکدادانە کەم و کەمتر دەبێت. بۆ نمونە پاش یەك سەدە نەیاری ئەرژەنتین‌و چیلی لەبەهاری ( 1999) دا توانیان بەڕێکەوتن بگەن‌و سنورەکانیان دیاری بکەن. ئەم گرفتە سنوریانە بەشێوەیەکی سەرەکی پێشئەوەی وەك کۆن پەیوەست بێت بەزەوییەوە,



بە جیاوازی لەسەر ئاو پیسبون‌و پرسەکانی ژینگەو دەوروبەرەوە پەیوەست دەبێت. لەئەنجامدا پێویستە بوترێت هەڕەشە گرنگە ئەمنیەکانی وڵاتانی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن هاوسێکانەوە نەبوە. بەڵکو بەهۆی نائارامیەکانی ناوخۆیی و قاچاخچێتی مادەی سڕکەرو خراپەکارییە ڕێکخراوەکان‌و بەڵاکانی ژینگەی دەوروبەری وەك گەردەلول‌و بومە لەرزەوە دەبن. هەڵبەتە ناهەمەتیە سروشتیەکان لەژێر کاریگەری لاوازییە مرۆییەکان‌و لەناوبردنی دارستانەکان‌و دامەزراندن‌و دروستکردنی زیاد لە سنور لەشوێن لافاوەکان زیاد دەکەن. بەڵام جگە لەکارەساتە سروشتیەکان, ڕێگای ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی باسکران بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سوپاییەوە نابێت, بەڵکو بەهۆی پێشکەوتن لەبواری ئابوری‌و بونیادە بەهێزەکانی دیموکراسییەوە دەبێت.

لەوانەیە بودجەی تێچون بەپێی ڕێژەی سەدی لەبەرهەمهێنانی خۆماڵیش نزم بێتەوە[188]. لەهەندێ ڕوەوە, ئەم کەمبونەوەیەی بودجە نوێکردنەوەی پێویستی هێزە سوپاییەکان نەشیاو دەکات. هەروەها زۆر دورە کە پرۆگرامەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ لەمیتۆدی کاردا دابنرێت. لەدەیەی (1980)و سەرەتای دەیەی (1990) بەڕازیل‌و ئەرژەنتین بەرنامە ئەتۆمیەکانی خۆیان هەڵوەشانەوەو هیچ وڵاتێکی دی (جگە لەکوبا) تەنانەت جێگای ئەو گومانەش نین کەمەیلی بەرهەمهێنانی چەکی جۆری کۆکوژیان هەبێت.

بەڵام بەداخەوە لەگەڵ فراوانبونی دیموکراسیەت هەموو ئامارژەکانیش پۆزەتیڤانە نی. ئەگەر ڕوبەڕوبونەوەی ئەمریکای لاتین لەئابوری جیهانیدا ببێتەهۆی زیادبونی نابەرامبەری, دیموکراسی لەبەردەم فرۆشی کەموکوڕدا دەبێتە قوربانی. بۆیە دەستەبژێرە خاوەن تایبەتمەندیەکان هەوڵ دەدەن خۆیان لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕەکاندا ڕابگرن یان ئەم ئەگەرە لەئارادایە کە دیموکراسی لەبەردەم پۆپۆلیزم (گەلپەرستی) توندوتیژدا کە ڕیفۆرمی بازاڕی نەزۆك کردوە ئەوەندە ڕێز بۆ پێودانگەکانی دیموکراسیەت دانەنێت و بیکاتە قوربانی. لەوانەیە

www.pertwk.com

ڤەنزویلا ئەم ڕەوشە ئەزمون بکات. سەرکۆماری ئێستا کە لەدیسامبەری (1998)دا بەزۆرینە هەڵبژێردرا, بەڵێنیدا پەیڕەوی سیستەمی کرانەوەی سیاسی لەوڵاتدا بکات تا ئەو کەسانەی کەلەبازنەی داخراوی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵات هەر لەساڵی (1960)وە تا ئێستا (هەرچەندە کەخۆی بەڕەسمی بەدیموکراسی دەزانێت)دورن, بخرێنە بەردەم هەڵبژاردن. بەلآم پێوانە دیموکراسیەکانی خودی ئەو ڕون نییەو لەپەیوەندییەکانی بەسیاسەتی ئابورییەوە بەپارێزگاریکردنی لەبەرهەمە خۆماڵیەکان ناسراوە. هێشتا ئاشکرا نییە کەبۆ بەئەنجامگەیاندنی دیموکراسی بۆ هەموو ڤەنزویلاییەکان هەوڵ بۆچەسپاندنی دەستەڵات دەدات یان دەیەوێت حکومەتی ڕەها لەدەستی خۆیدا نوێکاتەوە. ئەگەری ناڕەحەترین پرسی ئاڵۆز کەلەبەرامبەر پەرەسەندنی دیمکراسیەت لە ئەمریکای لاتین یان تەنانەت لەبەردەم کۆمەڵگادا لەئارادایە بلآوی تاوانو گەندەڵیو قاچاخچێتی مادەی سڕکەرە. لەوڵاتەکانی لەوێنەی کۆلۆمبیاو مەکسیك, گروپە ڕێکخراوەکانی خراپەکاران دزەیان کردۆتە ناو دامەزراوەکانی حکومەت. لەئەمریکای لاتین، گەندەڵی بەشێوەیەکی سەرەکی لەجۆری کڕیارگەرایی (Clientism)دەردەکەوێت، کە وێنەیەکی مێژویی پەیوەندی پشتیوانیکردن – کڕیارە. بەمپێیە کە هەندێ لەدەستەبژێرەکان, پۆستەکانی دەوڵەت بە مامەڵە واتە بە بەڵێندانی پارێزگاریکردنو دەستکراوەیی بەدەستدەهێنن. دەرئەنجام, هەندێ لەبەرپرسە دەوڵەتیەکان لەبەرامبەر مەیسەرکردنی کاردا بەرتیل دەسەنن, یان پلەیان بەرز دەبێتەوە. ئەم ڕەوشە تایبەتکردنی نادروستی سەرچاوەو لەناوبردنی شەرعیەتی بونیادەکانی دەوڵەت لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بازرگانانی مادە سڕکەرەکانی ئەمریکای لاتین قاچاخچێتی مادەی سڕکەریان بۆ پیشەیەکی نائاسایی سودهێنەر گۆڕیوە، کەسالآنە سەدەها ملیۆن دۆلار دەستکەوتیان بۆ پاشەکەوت دەکات. لەگەڵ ئەوەی کە سیاسەتمەدارانی ئەمریکای لاتین دان بە ناهەمواری دۆخەکەدا دەنێن, بەلآم



لەدیدی خەڵکی ئەمریکای لاتینەوە دەوڵەتەکانیان لەخەیاتدا دژ بەوانە خولادەرو ناکاریگەرن.لەئەنجامدا ئەم ڕەوتە لەئایندەدا دەتوانێت لەنائارامیە کۆمەلآیەتی و چڕبونەوەی زیاتری دەستەلآتی دەوڵەتی و تەنانەت گەیشتنە حوکمی سەرکۆمارەکانیشدا بالآ دەست بێت.

دەبێت ئەوە بوترێت کە بەگشتی ئەمریکا لەئەمریکای لاتیندا بەرژەوەندی هەیە, بەلآم وڵاتی بەڕازیل بەهۆی گەورەییەوەو مەکسیك بەهۆی نزیکیەوە, خاوەنی گرنگی تایبەتن.

تا ڕادەیەك لەسەدا چلی هەموو بەرهەمی خۆماڵی ئەمریکای لاتین پەیوەستە بە بەڕازیلەوە. قەیرانێکی ئابوری قوڵو درێژخایەن لەبەڕازیل دەتوانێت کاریگەری جدی لەسەر ئابوری هەموو ناوچەکە دابنێت. تەنانەت لەئایندەیەکی پۆزەتیڤانەدا چەند ئاستەنگێك دەتوانن لەبەدیهاتنی سەرکەوتنی ئابوریدا، کە هەندێك بۆ بەڕازیل پێشبینی یان کردوە, ڕێگری بکات. ئەم ئاستەنگانە بریتین لە:

1– بەرژەوەندی قوڵێ ڕیشەدار ،کەلەسەر ئاستە جیاوازەکانی دەوڵەتانی ویلایەتو فیدراڵ گرفت بۆبڕیارە ئابورییەکان دروست دەکات.

2– ئەگەری ناسەقامگیری دارایی.

3– هاوبەندبون بەسەرمایەی دەرەکیەوە.

4– خراپترین جۆری دابەشکردنی داهات لەنێوان هەموو وڵاتانی جیهان.

لەگەڵ ئەەوی بەڕازیل لەسەر ئاستی ڕاستکردنەوەی ئەم کەموکوڕییانە بزاوتوە و لەوانەیە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا سەرکەوتن بەدەسبهێنێت, بەلآم ئەم ئەگەرەش لەئارادایە، کە بڕوای سەرمایەداران بەنزمترین ئاست گەیشتوە و بەئاوڕدانەوەی سەرمایەدارانی ناوخۆییو دەرەکی بەرەو ژینگە کەم مەترسیدارەکان ئابوری بەڕازیل بڕوخێت. گومان دەربارەی سیستەمی بانکی بەڕازیل هێشتا لەئارادایە، ئەگەر تایبەتمەندبونی کۆمپانیاکانی سەر بەدەوڵەتن

بوەستن یان نەتوانن بەسود وەرگرتنی پیشەسازیو توانستی ڕکەبەرایەتی لەسەر ئاستی جیهان فراوان بکات، ئابوری بەڕازیل دوچاری شڵەژان دەبێت. سیاسەتی لاوازی بەهاش لەوانەیە ببێنەهۆی ڕێژەی بەرزتری بەها. سەرئەنجام ئەمەی کە لەسەدایەکی بەرازیلیەکان دەوڵەمەندترن، خاوەنی نزیکەی نیوەی خاکی وڵاتن. ریفۆرمی زەوی، مایەی ژیانە، بەڵام هیچ بەرچاو روناکیەك دەربارەی پیادەکردنی بونی نییە[189].

لەمەش زیاتر پایەداری بەڕازیل بە مەعریفەی بازاڕو هەروەها سەرمایەی دەرەکی بەبارتەقای کەمهێنانی زۆری بودجەوە بەستراوە[190]. ئەگەر سەرمایەداران بڕوایان بەئابوری بەرازیل نەمێنێت قەیرانێکی جدی ئابوری ڕودەدات. چونە دەرەوەی تیژی سەرمایە دەتوانێت بەڕازیل ناچار بەهێنانەخوارەوەی بەهای دراوی نەتەوەیی خۆیو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سودەکەی بکات. بەمجۆرە باوەڕەکان نامێننو سەرمایەگوزاری سنوردار دەبێتو ناچار ئابوری دوچاری چەقبەستن دەبێت. ڕێژەی بەرزی سود دەچێتە سەر ڕادەی قەرزە ناپراکتیکیەکانو دەتوانن بەشی بانکی بەرەوهەڵوەشاندنەوە بەرن. سەخترین لێدان بەرچینی نەداری ناوەندی کۆمەڵگە دەکەوێتو توانستەکانی چینی ناوەند بۆ پاشەکەوتی نەتەوەیی (کە بۆ هێورکردنەوەی وابەستەگی بەڕازیل بەسەرمایەی دەرەکیەوە پێویستە) لەناو دەچێت. داڕوخانی ئابوری بەڕازیل، ئەگەرێکی جدی بەردەم بیستو پێنج ساڵی ئایندەیە.

بەردەوامیەکی نێگەتیڤانەی گەشەی بەرهەمهێنانی بەرهەمیخۆماڵی لەگەورەترین ئابوری ئەمریکای لاتیندا ڕەنگدانەوەی فراوانی ناوچەیش لەگەڵ خۆی دەهێنێت. نەبونی بڕوای سەرمایەگوزاری لەبەڕازیل ئەگەر هەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی سەرمایەگوزاری لە تەواوی وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، چونکە سەرمایەگوزارانی ناوخۆو دەرەکی بەدوای شوێنی ئارامتردا دەگەڕێن. ئەم کارە دەتوانێت ببێتەهۆی داکشانێکی ناوچەیی، کە لەلای خۆیەوە کاریگەری لەسەر



کۆمپانیا بازرگانییە ئەمریکاییەکانی ئەمریکای لاتین دەبێتو لەهەناردەکانی ئەم وڵاتە بۆ ناوچەکە کەمدەکاتەوە.

بەگشتی چاکتربونی ئابوری بەڕازیل نیشانەی پرسیارێکی زۆر گرنگە لەبەردەم ئایندەی ئەمریکای لاتینەو کاریگەریشی بۆسەر ئابوری ویلایەتە یەکگرتوەکانیش دەبێت. ئەگەر ئەم ولاتە بتوانێت لە بەرامبەر هەلومەرجە خۆییەکانیدا پێشکەوێت، دەتوانێت بەڕەوشی گشتی ناوچەکە بەرەو ئایندەیەکی گەشاوەتر کۆمەك بکات، بەڵام گەر ئابوری بەڕازیل تێکبشکێت هەموو ناوچەکە بەهۆی پێشهاتەکانیەوە دوچاری زیان دەبێت.

مەکسیك لەدوو دەیەی ڕابردودا هەنگاوی ئابوریو سیاسی زۆر گرنگی هاویشتوە. ئەم وڵاتە سیاسەتی بەپیشەسازیبونی خۆی بەئامانجی لەجیاتی دانانی دەستکەوتەکان لەجێگای سیاسەتی بازاڕی ئازاد گۆڕیوە، کەلە (1994) دا لەگەڵ پەیوەندیکردنی بەناوچەی بازرگانی ئازادی ئەمریکای باکور (نەفتا) گەیشتە ئەوپەڕی. سەرەڕای ئەوە، سیستمی سیاسی ئەم وڵاتە پلەبەپلە ئازادترو کراوەو چاودێریانەتر بوە. ئەم دو ئاڵوگۆڕە ئابوری مەکسیکی بەهێزتر کردوەو ئەم بەهێزبونە خۆی لەزیان نەبینین لەقەیرانە داراییەکانی دوایی ئاسیاو ڕوسیادا دەرخستوە.

بەڵام مەکسیك لەچەند بەرەیەکەوە دوچاری زیان بوە: ئابوری ئەم وڵاتە خاوەنی توندو تۆڵی پێویست نییە. بەهۆی دانەوەی قەرزە حساب نەکراوەکان، کە بوەهۆی دروستبونیقەیرانی قەرزی کاش لەساڵی( 1995)، پەیدابونی یەکەیەکی بانکی ڕێکوپێكو ڕێکخراو ساڵەها درێژە دەکێشێت. وەکو بەڕازیل، دۆخی دارایی مەکسیکیش بەتوندی بەسەرمایەی دەرەکیەوە بەستراوە، لەئەنجامدا لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا هەندێ خاڵی لاوازی ناوخۆییو لێدانی راچڵەکێنەری دەرەکی دەتوانێت گرفتی ئابوری توندوتیژ لەگەڵ خۆی بۆ ئەم وڵاتە بهێنێت.

www.pertwk.com

ئەم ئەگەرەش لەئارادایە کە مەکسیك بەهۆی چڕبونەوەی زیاد لەسنور یان چڕبونەوەی دەستەڵات, ڕوبەڕوی ناسەقامگیری ببێتەوە. لەحەفتاساڵی ڕابردودا دەسەڵات لەدەستی سەرکۆماردا کۆببۆوە, کە لەژێر کۆنترۆڵی (پارتی شۆڕشگێڕی دامەزرێنەر)دا بوو. لە دەیەی (1970)دا مەکسیك بەرەو دیمکراسیەتی فرە پارتایەتی هەنگاوی ناوە و پارتە نەیارەکان لەگەڵ بەدەستهێنانی ژمارەیەك لەشارەوانیەکان, ئەنجومەنی خوارەوەشیان بەدەستهێناوە. بەڵام پارتی شۆڕشگێڕی دامەزرێنەر لە (1929) وە هەتا ئێستا سەرکۆماری لەدەستنەداوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت پارتێکی دی لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت, بەڵام پارتی دەسەڵاتدار هێشتا بەهێزەو لەحاڵەتی شکستی سیاسیدا دەتوانێت بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات دەسبداتە شۆڕشێکی ناوخۆیی، لەوانەیە ئەم حاڵەتە جارێکیش ڕوبدات. مەکسیکییەکان لەو بڕوایەدان لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی (1998)دا (کارلۆس سالیناس) دەستەڵاتی لەنەیارەکەی (کو ئاتموك کاردناس) زەوتکردوە. ئەگەر پارتی شۆڕشگێڕ لەهەڵبژاردنی سەرانسەری ئاندەدا سەرکەوتوبێت، نەیارە فراوانەکان و ڕێکخراوەکانی کەلەو ساڵانەی دوایدا پەیدابون دەتوانن ناڕەزایی فراوان و کاریگەر ئەنجام بدەن. ئەم کارە دەتوانێت زیانی جدی لەپەیوەندی سیاسی ئەمریکاو مەکسیك بدات. ئەگەر بزاوتی ناڕەزایی و سەرکوتکردن لەکۆنترۆڵ دەرچێت, لەوانەیە ژمارەیەکی زیاتری مەکسیکیەکان لەسنورەکانی باکورەوە تێپەڕن و بچنە ناو ئەمریکای باکور. لەلایەکی دییەوە, بەهەمان کێشانە ئەگەر هەیە ڕەوتی دیمکراسیەت لەکاروانی خۆیدا بەسپاردنی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن بە لقەکانی دی فیدراڵ و ویلایەتەکان درێژەی هەبێت. بەسەرنجدان لەو ئاوێتەنەبونەی لەمەکسیکدا هەیە, لەوانەیە ئەم سپاردنی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندنە ببێتە هۆی پارچە پارچەبونی وڵات. فەرمانداری ویلایەتەکان لەوانەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی و ئاسایشی ناوخۆیی بەرپرسیارێتی زیاتریان



بکەوێتە ئەستۆ. بەئەگەرێکی کەمەوە, لەوانەیە مەکسیك بۆ مەکسیکی باکورو باشور دابەش ببێت. ئەمڕۆ ویلایەتەکانی سنوری باکور کە خاوەنی دەرامەتی زۆرن, کۆمەکی ویلایەتە هەژارەکانی باشور دەکەن. ئەگەر ویلایەتەکانی باکور چاودێری زیاتری دۆلاری داراییەکانیان بکەن، دەشێت زۆر بەلایانەوە گرنگ نەبێت کە باری ئابوری براکانیان لەخوارو بگرنەئەستۆ.

لەم پەیوەندییەدا بابەتێکی دی کە بەهێزەو فاکتەرێکی ناسەقامگیری بوەو ماهیەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەوەیە کە مەکسیك لەنێوان وڵاتانی ئەمریکای لاتین خاوەنی یەکێك لەبەرزترین ڕێژەی نابەرامبەری داهاتە, تا ئێستا چەندین شۆڕش لەویلایەتەکانی خوارو بەتایبەتی لای گوندنشینەکانی وەك چیاپاس, ئاواخاکاو گرو لەسەر نزمی ئاستی ژیان, نەبونی هەلی کارکردن، ئاوڕنەدانەوەی دەوڵەت لەئاسایشی گوندنشینەکان و خەڵکی ناوچەکە ڕویان داوە. کۆچی زۆرتری خەڵك بەرەو شارەکان و سەرەڕۆییان بەهۆی بێسەمەری چاوەڕوانیە زۆرەکانیان فاکتەرێکی گریمانەیی نائارامی گوندییەکانە. پێکهاتەی دانیشتوانی گوندوشارەکان, کە دەوڵەتی فیدراڵ وەك بەدیهێنەرێکی پێویستیە ئابورییەکان و دابینکردنی ئاسایشی تاکە کەسی بەلاواز ببینێت, دەتوانێت فاکتەرێکی نائارامی بێت[191].

ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەوردی چاودێری ناسەقامگیری تیژی هاوسێ باشوریەکەیەتی. مەکسیك دوەمین هاوبەشی بازرگانی ئەمریکایەو هەلومەرجی ئابوری لەو وڵاتەدا فشار دەخاتەسەر هەناردەکانی ئەمریکاو دەبێتەهۆی ئەوەی کۆمپانیا لەژمارە نەهاتوەکانی لەمەکسیکن توشی زیان بن. هەروەها نائارامی ئابوری یان سیاسی لەم وڵاتەدا دەبێتەهۆی کۆچکردنی زیاتر بەرەو ئەمریکا, کە لەفۆرمی جیاوازدا خەباتی دژ بەئەمریکا برەوپێدەدا. لەمەش زیاتر، نەبونی چاودێری سیاسی و توندوتۆڵی ئابوری بۆتەهۆی برەودان بە

www.pertwk.com

بازرگـانی مـادەی سـڕکەرو چـالاکی تاوانکارانـە و ناوچـە سـنورییەکانی نێـوان ئەمریکاو مەکسیك بەتاوانکاریو توندوتیژی ئاڵودە دەبێت.




گومـانی تێدانییـە نائـارامی سیاسـیو ئـابوریو کۆمەڵایـەتی لەمەکسـیك جـدیترین هەڕەشـەی ئاسایشـی نەتەوەییـە لەئـەمریکا لـەناو ئـەمریکای لاتینـدا. بـەتێبینی کردنی بـەرفراوانی مەکسیك ڕێگریکـردن لەئۆقیانوسـێکی پـڕ لـەئاژاوە گرفتێکی گەورەیە, تەنانەت سایەی بەشداریکردنی سوپایی ئەمریکا دوابـەدوای بەشـداریکردنی ڕێکخـراوی وڵاتـە ئەمریکیـەکان ئاشـکرا دەبێـت" گەرچـی ئـەم هەلومەرجە بەئەگەرێکی زۆرەوە لەبیستو پێنج ساڵی داهاتودا ڕونادات.

ڕۆڵی ئەمریکاش لەچۆنیەتی ئاڵوگۆڕەکانو فراوانی ئایندەی ئەم ناوچەیەدا گرنگە. ئـەمریکای لاتـی, سەرچاوەیەکی گرنگـی نیگـەرانی سـوپاییو سـتراتیژی نابێت, بەڵام ئاینـدەی ئـابوریو سیاسـی ناوچەکە گرنگـی زۆری هەیە. ئـەمریکا



دەبێتە چاودێر تا بازرگانی ئازادو بونیادەکانی دیموکراسیەت بمێننەوە. هەروەها ئـەمریکا حـەز دەکـات لـەنێوان بەشـی بـاکورو باشـوری نێوەگـۆدا, دوو جەمسـەری گەورە نەیەتە ئاراوە.

لـەم نێوەنـدەدا بازرگـانی ئـازاد دەکەوێتـە بـەردەم سـێ هەڕەشـەی سـەرەکیەوە, ئەگـەر یەکپارچـەیی ئـابوری جیهـانی تێکبشـکێتو شـڵەژانی ئـابوری درێـژ بێتـە ئـاراوە لەوانەیـە سـەرانی ئـەمریکای لاتـین لـەپێناوی گەشـەکردنی ئابوریـدا ڕوو لەناوخۆ بکەن، بۆ پارێزگاریکردن لەوڵاتـەکانیان لەبەرامبـەر هەڕەشە دەرەکیەکان ڕوو لەسیاسەتی پارێزگاریکردن لەبەرهەمهێنانی ناوخۆیی بکـەن. هـەروەها ئەگـەر هەیە لەئەنجامی ڕەنجی خەڵکی بەهۆی ئەو فۆرمانەوەی کە دەرەکیەکان بۆ ئابوری نەخۆشـی ناوچـەکە دەیکێشـن ناوچـەکە پارێزگـاریکردن لەبەرهـەمهێنان بکاتـە سیاسـەتی خـۆی. زۆر لەسیاسـەتەکانی سـندوقی نێودەوڵـەتی و دراوی بـانکی جیهـانی ئـەو هەنگاوانـە لـەخۆدەگرێت کەلـەڕوی سیاسییەوە خۆشەویسـت نـین, وەکو لادانی کۆمەککردنەکانو ڕیفۆرمی سیستەمی کۆکردنەوەی دارایی.

هــەروەها, پێدەچـێت سـەرانی ئـەمریکای لاتـین بەشـێوەیەکی بـەرفراوان هاوبەندی لەبەرامبەر سیاسەتی بازرگانی ئەمریکا لەدەستبدەن و لەگەڵ ئەوروپا پەیوەندی بازرگانی زیاتر دابمەزرێنن. لەئێستادا زیاتر لەسەدا بیستو حەوتی هەناردەکانی (مرکوسور) ڕەوانەی ئەوروپا دەکرێت. ئەوەی لەماوەی ساڵەکانی( 1993 و 1996 ) لەئەوروپاوە بۆ (موکوسور) هەناردە دەکرا لەسەدا سەدوچوار زیادی کردوە, کە لەسەدا سیو دوی لەئاوردەکانی ئەمریکا زیاتر دەبێت.

ڕێچـکەیەکی سیاسـی پـڕ پێکـدادانیش لەبەردەمدایـە. لەوانەیـە لەئـەنجامی دەرکەوتەکانی ئابورییەکی لاوازەوە لەخولێکی ماوەدرێژدا ئەم هەزرە بخەملێت کە سیاسـەتەکانی بـازاڕی ئـازاد لـەجیاتی بـەرفراوانکردن بۆتـە بەربەسـت لەبـەردەم هاتنەدی ئامانجەکانی یەکسان لەدەستکەوتو کەمکردنەوەی هەژاری. ئەگەر هەیە ئەم بیرکردنەوەیە ببێتەهۆی پیادەکردنی سیاسەتەکانی ئابوری پشتبەخۆبەستن و

www.pertwk.com

ئەو پالێوراوانەی کەمتر هەواداری بەجیهانیبونی ئابورین وزیاتر مەیلیان لەپاراستنی بەرهەمی خۆماڵییە ببنە پەسندکراوی دەنگدەران(193).

ناڕەزاییەکان لە سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ (نیو لیبرالی) مومکینە بەرەو سیستەمی سیاسیو فراوانتر لەویش ببرێت. پارتی سیاسی توندڕەو لەوانەیە زیاتر پشتگیریان بکرێتو مەیدانی سیاسی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دوو گروپ لە دەستەبژێرەکانو ببنە جەمسەر. لەوانەیە ئەم پارتە ڕادیکاڵانە خاوەنی بازوی سوپاییش بن (وەك سوپای ئازادیخوازی ئێرلەنداو پارتی سەربەخۆخوازی باسك، کە بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی کاری تیرۆریستانەش ئەنجام دەدەن). تورەیی گشتی لەدەوڵەتیش ئەگەر هەیە لەدەرەوەی پێکهاتەی سیاسی بەرەو بزاوتی پارتیزانانەی چەکدارانە بڕوات. پشتیوانی دارایی فراوان لەگروپە نوێیەکانو چەکدارەکانو زیادبونی پشتیوانی خەڵکی لێیان دەتوانێت ببێتەهۆی تیژکردنی هێرشەکانیان دژ بەدەوڵەتو ناسوپاییەکان.

ئەمجۆرە نائارامییە دەتوانێت هەل لەبەردەم سەرانی سیاسی نەتەوە پەرستەکان دەسەبەر بکاتو ئەم دەسەڵاتخوازانە کەلەوانەیە خۆشەویستیش بن، لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ پەسەندکردنی سیاسەتە کۆنە خودیەکانیان لەئەمریکای لاتی ڕشتەیەك دەرئەنجامی بەڵگەدار زامن بکەن. تەنانەت هەرلەمڕۆژانەدا گەلپەرستی لەڤینزوێلا سیمای دەرکەوتوە. لەم وڵاتەدا (هۆگۆ چاوز) بۆ فەرمانڕەوایی کردن بەهۆی ڕیفراندۆمەوە سود لەبەڵێنە کۆمەڵایەتیو دامەزراوەیەکی یاسادانانی بەرفراوان دەبینێت.

دانانی سەرکۆمارێکی نەتەوەخواز لەئەمریکای لاتین لەو هەلومەرجەدا دەتوانێت پاشماوەی لاوەکی ئابورییش لەگەڵ خۆی بهێنێت. سەرانی نەتەوەگەرا مومکینە بەهۆی فاکتەری سیاسی ناوخۆیی یان بەتەواوی بۆ ئەوەی ئاراستەی ئابوری بگۆڕن، ڕوبکەنە سیاسەتی پشتگیری لەبەرهەمهێنانی ناوخۆیی تا بەرامبەر دەستەڵاتی ئەمریکاو جیهان بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەم کارە دەتوانێت



ڕادەیەکی بەرچاو لەقەبارەی بازرگانی ئەمریکای لاتین بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو ژاپۆن کەم بکاتەوە.

پەیوەندییەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ئەمریکای لاتین، گەر سیاسەتێکی پارێزگارانە بگرتەبەر تێکدەشکێت. سەرانی ئەمریکای لاتین پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتە پێشکەوتوەکانی دی کەم دەکەنەوە، تا هزری گشتی ناوخۆیی بەدەسبهێنن. هاوکاری نەکردنی ئابوریش دەتوانێت ببێتە بەربەست لەبەرامبەر هاوکاریکردن لەسەر ئاستەکانی کۆچکردنو مادەی سڕکەرو پیسبونو بابەتە فرە نەتەوەییەکانی دی.

ناوچەیەکی کە ئەگەرێکی زۆری سەرهەڵدانی ئەم ئاڵوگۆڕە نێگەتیڤانەیەی لێدەکرێت ناوچەی (ئاندن)ە. ئەمڕۆ لەڕووی ئابورییەوە خاکی (ئاندن) مەحرومترین سەرزەوی ئەمریکای باشورە. ئەگەر هەژاری ونایەکسانی کۆمەڵایەتی لەسەرئەوئاستە درێژەی هەبێت تا ساڵی (2025) ئەگەر هەیە ئەم خاکە گرفتاری توندوتیژیو گەندەڵیو نائارامی ببێت. لەچل ساڵی ڕابردودا ئەم ناوچەیە خاوەنی بزاوتی پارتیزانی بەرجەستەبوە" لەنمونەی ئەوانە بزاوتێك کە لەبۆلیڤیا لەلایەن (چەگوارا)وە سەرکردایەتی دەکراو دواهەمین چالاکیەکانی (سندرو لومینوز, توپاك ئامارو) لەپیرۆ لەم بوارەدا دەبینرێن.

بەلەبەرچاوگرتنی بەربەستە زەمینیەکانو سنورەکانی کەباش پاسەوانی ناکرێن لەبەرامبەر هاتوچۆی چەکدارەکان لەسەر سنورەکان، سنورداریی سەرەکی بونی نییە. لەبەرئەوە ئەم ئەگەرە دێتە ئاراوە، کە گەمەچیانی دەرەوەی دەوڵەتەکان جیاوازییە مێژوییەکان تیژ بکەنەوەو ململانێی ناوچەیی بهێننە ئاراوە. ئەم واقیعەی کە چەکدارەکانی کۆلۆمبیا , پیرۆزی سنورەکانی پاناماو ڤێنزوێلایان شکاندوە لەهەمان گرفتەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرەڕای ئەوە, ئەم ئەگەرە هەیە کە حکومەتێکی خۆشەیوست کە بەڕەوشێکی دیموکراسیانەوە

www.pertwk.com

جڵەوی وڵاتی لەدەستدابێت بەهۆی کاردانەوە کۆمەڵایەتیەکان و لەناوچونی بڕوا بە دیموکراسی بۆ رژێمێکی دەستەڵاتخواز بگۆڕێت.

پەیوەندییە نەوەستاوەکان لەسەر هاوکاری نێوان ئەمریکاو ئەمریکای لاتین، مومکینە سەرەڕای کاریگەری ئابوری لاواز، ببێتەهۆی ناڕەزایەتی لەسیاسەتەکانی ئابوری و سیاسی ئەمریکاش لەناوچەکەدا. سەرانی پێرۆ، بۆلیڤیا، ئەکوادۆر، کۆلۆمبیا، یان سەرانی وڵاتانی حەوزی کاریبی لەوانەی زیاترو زیاتر لەسیاسەتەکانی ئەمریکا دەربارەی مادە سڕکەرەکان ناڕازین ئەم ناڕەزاییبونە هاوشان لەگەڵ نەتەوەپەرستی ئەگەرهەیە جموجۆڵی فراوانی دژ بەئەمریکا لەگەڵ خۆی بهێنێت.

وڵاتەکانی وەك (چیلی)ش لەوانەیە بەهۆی پەنگخواردنەوەی ناڕەزاییبون لەسیاسەتە ئابورییەکانی ئەمریکا پێگەیەکی دژ بە ئەمریکا بگرن. یەکێتییەکی ئابوری بەهێزی ئەمریکای لاتین لەوانەیە ئەندامە سەرەکیەکانی بخاتە شوێنگەیەکەوە کەداوای دەستکەوتی زیاتر لەئەمریکا بکەن و هەڕەشەی ئەوە بکەن کە لەحاڵەتی فۆرم داتاشینی (واشنتن)دا ڕوو لە یەکێتی ئەوروپا بکەن.

لەکۆتاییدا، دەبێت سەبارەت بەکاناداو حەوزی کاریبی چەندین خاڵ باس بکرێت. وڵاتانی حەوزی کاریبی لەڕوی فەرهەنگیەوە جیاوازی زۆریان لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتین هەیە. جگە لەکوباو کۆماری دومینیکن، زمانی زۆربەی دانیشتوان ئیسپانی نییە، ئابورییەکەیان وەك خاکەکەیان بچوکەو جگەلە ترینیداد کە نەوتی هەیە، سەرچاوەی کانی سروشتی ئەوتۆیان نییە. دیمۆکراسیەت بەشێوەیەکی فراوانبونی هەیە، بەڵام سەرکەوتونییەو فشارە کۆمەڵایەتی و دانیشتوانیەکان فراوانن و ڕوو لەزیادبونن. هەروەها تایبەتمەندییەکی تایبەت بە تاکەکەسی حەوزی کاریبی ئەمەیە کە هێشتا ژمارەیەکی ئەو دورگانە کۆلۆنیالی فەرەنسەو بەریتانیاو هۆڵەندان[194].



بەشێوەیەکی گشتی، ئەم ناوچەیە کە لەئەمریکاوە نزیکە هیچ گرفتێکی دێرینەی ئاسایشی تایبەتی بۆ ئەمریکا نییە. کێشەیەك کۆچی نایاساییە، یەکێکە دی ڕۆڵی ئەم دورگانەیە لە بازرگانی مادەی سڕکەرو شۆردنەوەی دراو. ئەگەر بەرفراوانبونی تاوان لەوڵاتانی تاڕادەیەك گەورەی وەك ڕوسیا یان نایجیریا مایەی نیگەرانی بێت، سەبارەت بەوڵاتانی حەوزی کاریبی کە توانستەکانی دەوڵەت لەبەرامبەر گروپەخراپەکاراندا شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵگەی زیاتری نیگەرانی دەبێت. تەنانەت پرسی بنەڕەتی هێشتنەوەی وەك خۆی زۆر لە (وڵات – دورگە بچوکەکان)ی ناوچەکە لەئارادایەو ئەم بابەتە لەژمارەیەکی زۆری ئەو پەیمانی کەشتیرانیانەی لەگەڵ ئەمریکادا بەستراوە خۆی دەخاتەڕوو. ئەم پەیماننامانە مۆڵەت بەدەستەڵاتە لۆکاڵیەکان دەبەخشێت لەچالاکیەکانیاندا دژ بە قاچاخچیانی مادەسڕکەرەکان و دزەکان سواری کەشتیەکانی هێزی دەریایی یا پاسەوانی کەنارەکانی ئەمریکابن، بەگشتی ئەم کەشتیانە لەلایەن ئەوانەوە بەکاربێت[195]. هەروەها، گروپەکانی (گانگستر)ی ئەم دورگانە کە لە ئەمریکادا نیشتەجێن. لەکاروباری قاچاخچێتی کالاو شۆردنەوەی دراو لەلایەن دۆستانی خۆیانەوە بەکاردەهێنرێن.

هاییتی، گرفتێکی تایبەتە. لەکاتێکدا کە پاش دەسەڵات بەدەستەوە گرتنی (دوالیە) پێشکەوتنی بەرچاو بەدەستهێنراوە، هەلومەرجی ئەم وڵاتە لە هەرساتێکی دی ناجێگیرترە. توندوتیژی سیاسی و فشارەکانی کۆچکردن کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوانەیە لەهەرساتێکدا ڕوبدات و ئەگەری ڕودانی لەچارەکەسەدەی ئایندەدا زۆر زۆرە.

کوباش لە فۆرمێکی دیدا گرفتێکی تایبەتە. هایتی و کوبا لەم ساتەوەختەدا وەکو یەکن، کەبەهۆی بونی کۆمەڵگەی گەورەی کۆچبەران لە ئەمریکا گرفتەکانیان لە سیاسەتە ناوخۆییەکان (نەك دەرەکی) ئەمریکادا ڕەنگیداتەوە. ئەوەی لە

www.pertwk.com

بیست‌و پێنج ساڵی ئاییندەدا لە کوبادا ڕودەدات کاریگەری ئەوتۆی بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاوە نابێت. لەخاکی کوبادا هیچ بنکەیەکی دەرەکی نابێت. پڕۆگرامی چەکسازی گرنگ لەم وڵاتەدا بونی نییەو دەرخستنی دژایەتیکردنی ئەمریکا لەلایەن ڕابەرە کۆمۆنیستەکانەوە دوای (ڤیدڵ کاسترۆ) درێژەی نابێت.

بەڵام لەگەڵ ئەم بارەشدا ئەم وڵاتە بابەتێکی تایبەتە, نەك بۆفشارەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی بەرەگەز کوبایی, بەڵکو بەم هۆیەوە کە کوبا میراتگری سۆزی جەنگیساردە.

سیناریۆی زۆر دەربارەی ئایندەی ئەم وڵاتە لەئارادایە. (ڕائول کاسترۆی) برای (فیدڵ کاسترۆ) فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی کوبا , جێنشینی ئاشکرای فیدڵ کاسترۆیە. ئەگەر هەیە وەك هاوڵاتیەکی پەسەندکراو بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەی وڵات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حکومەت بکات, چونکە سوپاو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو هەرەمەکانی دەستەڵاتی ئابوری دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. کۆمۆنیزمی وێرانکاری کوبا لەوانەیە بۆجۆرێك لە (کۆمۆنیزمی بنیاد نراو)ی دور لە ئامادەیی ئایدیۆلۆژی یان وزەدار بگۆڕێت. سیستمی ئەم وڵاتە تاکە حزبی دەسەڵاتخوازە, کەوەك چین‌و ڤێتنام پێویستی بەفراوانکردنی پەیوەندییە ئابوری‌و سیاسیەکانی لەگەڵ جیهان دەبێت .

بەڵام ئەگەر هەیە (ڕاوڵ ) نەبێتە جێنشینی (ڤیدڵ کاسترۆ). لەم حاڵەتەدا, کوبا پاش (کاسترۆ) دوچاری جەنگێکی سەختی دەستەڵات لەنێوان کۆنینەخوازان‌و ڕیفۆرمیستەکان دەبێت. ئەگەرچی درێژیی‌و تیژی ئەم جەنگە دیارنییە, بەڵام بەهەرحاڵ نائارامی کورتخایەن یان لەوانەیە درێژخایەن لەگەڵ خۆی بهێنێت.



گروپە خراپکارە ڕێکخراوەکان دەتوانن سود لەم نائارامیە وەرگرن، وەك بنکەیەکی قاچاخچێتی مادەی بێهۆشکەرو کۆچبەری بۆ ئەمریکا بەکاربهێنن. ئەگەر ڕیفۆرمیستەکان دەسەڵات بگرنەدەست ئومێد بەسیاسەتی دیموکراسی زیاتر دەبێت, تەنانەت بەخەبات لەڕێگای ڕاستەقینەوە بۆ بەدەستهێنانی سۆشیالیزم. بەڵام ئەم شەڕی دەسەڵاتە دەتوانێت ببێتەهۆی لەیەکترازاندنی ئابوری‌و توندوتیژی کۆمەڵایەتی‌و هەوڵی گروپی دەهەزار کەسی بۆ کۆچکردن. تەنگەی فلۆریدا دەتوانێت جارێکی دی مەیدانێکی تێکەڵاو لەچارەسەرو قارەمانێتی بێت‌و ئەمریکا ناچار دەبێت جارێکی دی هەنگاو بهاوێت.

پێشبینییەکی دی بۆ کوبای پاش (کاسترۆ) ئەوەیە، کە دانیشتوانی هەڵاتوانی کوبایی لە ئەمریکا کۆنترۆڵی ئەم دورگەیە بکەن. دانیشتوانی کوبایی ئەمریکانشین کە چاویان لە حوکمڕانیکردنی کوبای پاش (کاسترۆ) بڕیوە, بەگشتی لە دەستەبژێرانی سەردەمی پێش کۆمۆنیزمن. لەکاتێکدا زوربەی کوباییەکان لە ترسی کۆمۆنیزم دەلەرزن, کەچی باس لە دیکتاتۆرەکانی باتیستاو لایەنگرانیان ناکەن. خەڵکی کوبا , هەڵاتوەکان بە نیشتمان پەروەری واقیعی نازانن و بەخەڵکی ترسنۆك لەشەڕو ناشایستەی دەستەڵاتی سیاسی وەسف دەکەن. وادەردەکەوێت کە گروپی هەڵاتوەکانی کوبایی لە ئەمریکا پاش (کاسترۆ) تەنها بتوانن قەناعەت بەو گروپە جیاوازانەی کوبا بهێنن کە لەپارچەبونیاندا بتوانن سودیان لێوەرگرن و لەدەوری خۆیان بئاڵێنن.

سەبارەت بەباقی ناوچەکە، واتە دورگەکان ئەم ئەگەرە لەئارادایە کە ئاکامی دەوڵەت‌و شەکەتی کۆلۆنیالیزمی لەلەندەن و ئەمستردام و تەنانەت پاریس ببێتە هۆی ئەوەی  ئەوان لەگەڵ ئەمریکادا ڕۆڵی کاریگەرانەتری ئەمنی لەناوچەکەدا

www.pertwk.com

بگێڕن. تەنانەت دەسبەسەراگرتنی ناوچەکە بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی بەپێی ڕێکەوتنێکی دولایەنە دورنییە. لەساڵی (1918)وە کە دورگەی هۆڵەندی (ڤێرجین)بە ئەمریکا فرۆشرا, ڕەوتی بونی سیاسی ناوچەکە لەڕوانگەی ئەمریکاوە نەگۆڕاوە, بەڵام لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا ئاڵوگۆڕ ڕودەدات, ئەگەرچی ئەگەریشی زۆر نییە.

تەنانەت سەبارەت بەکەنەداش لەوانەیە بارودۆخ بەوجۆرەبێت. بیرکردنەوە لەوە ڕاچڵەکێنەرە, بەڵام فدراسیۆنی کەنەدا لەوانەیە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا لەناوبچێت. بابەت تەنها جیاوازی (کیك) نییە، کەدەبێتە هۆی ئەو لەبەریەکهەڵوەشانە, بەڵکو ئەوە جیاوازییە کە لەوانەیە ڕۆڵی (کاتالیزور) ببینێت[196]. لەگەڵ سیاسەتە کۆنینە جیاوازەکان ویلایەتە خۆرئاواییەکانی کەنەدا لە ڕوی ئابوری‌و فەرهەنگیەوە زیاتر لەگەڵ ئامۆزاکانیان لەخۆرئاوای ئەمریکا هاوبەندن تا ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی کەنەدا. (ونکڤور) لە زۆر ڕوەوە بەرەو سیاتڵ و هەروەها تۆکیۆو هۆنگ کۆنگ دەکشێت تا بەرەو ئۆتاوا.

هەڵوەشاندنەوەی کەنەدا, کە تەنانەت خودی کەنەدییەکانیش بەئەگەرێکی دەزانن, شەپۆلی ڕاچڵەکێنەری بەهێز بەرەو ئەمریکا دەنێرێت. لەجیهاندا هیچ کۆمەڵگەیەك زیاتر لە کۆمەڵگەی ئێمە لەکەنەدا ناچێت و هەڵوەشاندنەوەی لەوانەیە لە یەکێتی ئەمریکادا درزو لێکترازاندن بخوڵقێنێت. هەتا ئێستاش دانیشتوانی خۆرئاوای دور وڵات باس لە (پایتەختەکانی ئیمپراتۆری) لە واشنتن و ئۆتاوادا دەکەن. هەرچەندە دورە, بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەرێکە کە (بریتیش کولوجیا, ئالبرتاو ساسکا چوان) لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا ببنە بەشێکی ئەمریکا[197]. لەوانەیە بەهەمان ئەندازەی ئەگەر (گەرنەڵێن زیاتر) ویلایەتە



هەژارەکانی دەریایی کەنەدا (نفوا, شکاتیا, نیوبرانسوین ودورگەی پرنس ئەدوارد) بەهۆی پێکهاتەی نائومێدی‌و بەدوکەوتنی بەرژەوەندی خودی هەمان کاروان بگرنەبەر. بەپێچەوانەی دورگەکانی حەوزەی کاریبیەوە, کە سەرچاوەی سروشتی بەرچاویان نییە, کەنەدا زەخیرەی خەڵوزی بەردینی فراوان, شوێنگەی ڕاوی ماسی, دارودرەخت ،لەوانەیەش هەمویان گرنگتر لەسەدا بیستی سەرچاوەی ئاوی شیرینی جیهانی هەیە. بەسەرنجدان لەگرنگی ئەوانە بۆ ئەمریکا, کەنەدا بەهای بیرلێکردنەوەیەکی جدیانەی هەیە.

هەڵبەتە زۆر دورە کە دەوڵەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکان خوازیاری ئەم ئەنجامە بێت. لە (1812)وە ماوەیەکی دورودرێژ تێپەڕیوەو ئەگەر ئەمریکا باشترین هاوڕێ‌و هاوبەشی مەعنەوی‌و بەرژەوەندی بنەڕەتی هەبێت ئەو وڵاتە کەنەدایە. کەنەدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە, یەکگرتو بەشکۆ دەمێنێتەوە, چونکە چالاکی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەمریکادا ئەنجام دەدات. لەوانەیە لە زۆربەی بوارەکاندا ئاوێنەیەکی زۆرسودمەند بێت بۆ ئێمە. ئەگەری ئەوەی ئەمریکاو کەنەدا سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی خۆیان لە بابەتەکانی وەك ژینگەو مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان هەماهەنگ بکەن, زۆر زۆرە.

## فەسڵی سێیەم

# بارودۆخی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ئایندەدا

و:تارا شێخ عوسمان

ڕەنگە لەچارەکە سەدەی داهاتودا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەروا بەهێزترین وڵاتی جیهان بێت و بەهۆی چەند زنجیرەیەکی سیاسی، فەرهەنگی، تەکنۆلۆژیو ئابوریەوە لەگەڵ وڵاتانی دی دنیادا پەیوەست دەبێت. چونکە هەلومەرجی ناوخۆیی ئەمریکا بە شێوەیەکی ناچاریی کاریگەری لەسەر ئەو مەسەلە جیهانییانەی دەوروبەری خۆی دەبێت، بۆیە ڕوداوەکانی دەرەوەی سنورەکەشی کاریگەریان لەسەر کاروباری ناوخۆی ئەمریکا دەبێت. بێگومان, ئەمریکا لەم جیهانەدا وابەستەیە بەو مەسەلەیەوەو لەوچوارچێوەیەدایەو لەوێشدا دەبێت. لەم نێوەندەشدا نابێت هەورازو نشیوەکان لەبیربکرێنو چاویان لێ بپۆشرێت، ئەوەش ڕاستیەکە نکوڵی لێناکرێت. بەڵام کام ئەمریکا؟ ئێمە چۆن دەبین؟! خواست و ویستەکانمان لەچوارچێوەی میللەتێکدا بۆخۆمان و بۆ کەسانی دیکە چی دەبێت ؟! ئایا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆمان ئامرازی پێویستو گونجاندنی کۆمەڵایەتیو ڕابەری وامان هەیە کە لەئاستی پێویست دا بێت یان نا؟!



www.pertwk.com

شیکردنەوەو ڕونکردنەوەی ئاستی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ناوخۆ لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا شتێکی پێویستە. هەرچەندە هەندێ لەدانراو نوسینە ناوخۆییەکان، کە دیاریکەری مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیین (وەك توانای ئابوری) بە شتێکی ئاشکرا دێتە پێشچاو, بەڵام لەم نێوەنەدا فاکتەری دیش هەن کەخۆیان دەسەپێنن و لێرەوە بەشێوەیەکی تایبەت دەخرێنە ڕوو. ئیدی هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو کاریگەریانە دژوارە. بۆ نمونە, نەبونی گونجاندنی نەتەوەیی کاریگەری بۆ سەر ئابوری دەبێت. گۆڕانی بەهاکان و ئاڕاستەکان لەوانەیە کاربکاتە سەر هەلوێست و لەخۆبردوییان لەبەرامبەر ئامانجە نەتەوەییەکان. دیارە هەروەك ڕابردوو بیروڕای کشتگیرانە ڕۆڵێکی کارای دەبێت, هەرچەندە بەرکەماڵبونو مۆرکی کەلتوری ڕاگەیەندنەکان گرنگی زۆری هەیە لەسەر خەملاندنی ڕای گشتی، کە ناتوانرێ ئەمەیان لەبەرچاو نەگیرێ.

بەمپێیە, پێشبینیکردنی خواستە گشتییەکان شتێکی دژوارە. لەکاتێکدا بەهاکان و ئاڕاستەکان بەسستیو هێواشی دەگۆڕێن. لەوانەشە ئەندێشە گشتییەکان لە کاردانەوەیان لەبەرامبەر ڕوداوە پێشبینی نەکراوەکاندا لەگەڵ تەکانی بەرفراواندا هاوشانبن. چەندە مێژو و ئەزمونیش ڕێنمایکەرمان بێت دەبێت بگوترێت, کە تەکان ڕودەدات ،چونکە لەئایندەدا کۆمەڵگەی ئەمریکا ڕوبەڕوی ئەو مەسەلانە دەبنەوە کە تۆزێ ڕاچڵەکێنەرو سەرسوڕهێنەرن، کەبێگومانیش لەوانەی ڕابردو زۆرترن.

پنتی هەستیار دەربارەی پێشبینیەکانی ئایندەی بارودۆخی ناوخۆی ئەمریکا لێکۆڵینەوەی هەلوێستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی، کۆمەڵایەتی، داهێنان، ئابوریو سیاسییە کە ئەمڕۆ دەبینرێت. دوای ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر دەخەینە ڕوو، کە گریمانە ناپەیوەستەکانیش لەخۆدەگرێت, دواتریش گەڕانێکی

www.pertwk.com

سنوردار دەربارەی فاکتەرە سەرەکی‌یەکانی ڕەنگدانەوەی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان دێتە ئاراوە.

## هەلوێستە کۆمەڵایەتیەکان

هەندێ لەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر پێشبینی دەکرێن وەك لە هەلوێستە کۆمەڵایەتی‌یەکان. خاڵی یەکەمی دەسپێکردن بۆ لێکۆڵینەوەی واقعیەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە خوێندنەوەی کۆمەڵناسانەیە, چونکە ئەو کەسانەی کۆمەڵگاکان پێکدەهێنن زۆربەی جار سیاسین، ژمارەو تایبەتمەندیەکانیان لەهەر پێشبینیەکی پەیوەندار بە کۆمەڵگاکانەوە بە فاکتەرە بنەڕەتی‌یەکان دادەنرێن.

یەکەمین خاڵ دەربارەی کۆمەڵگەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەندە بەزۆربونی ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەوە. گرنگتر لەوە تا بیستو پێنج ساڵی ئایندە ڕەوتی ئەومەسەلەیە هەروا بەردەوام دەبێتو لەوانەشە وەك خاڵێکی ئاسایی بێتە بەرچاو, بەڵام لەڕاستیدا وانی‌یە, چونکە زۆربەی کۆمەڵگە گەشەکردوەکان لەم خولەدا لەڕوی دانیشتوانەوە جێگیردەبنو تەنانەت لەوانەیە کەم ببنەوە.

بەپێی ئامارەکان ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نزیکەی (273) ملیۆن کەسنو پێشبینی دەکرێت لە ساڵی (2025) دا ئەو ژمارەیە ببێتە (335) ملیۆن کەس[198].

زیادبونی نێوەندی تەمەنی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خاڵێکە شیاوی گرنگی پێدانە, چونکە لەماوەی نێوان ساڵانی (1990– 1998) نێوەندی درێژی تەمەن لەو وڵاتەدا گەیشتە (100٪)[199]. ئەگەر تاساڵی (2025) ئەم نێوەندە نەگۆڕێ و هەروەك ئەمڕۆ بێت, ئەوا نێوەندی درێژی تەمەن (10٪)ی



تر زیاد دەکات, چونکە چاودێری باشی پزیشکی و پێشکەوتنەکان لەوانەیە ئەو نێوەندە تێکڕایی‌یە بەرزتر بکەنەوە[200]. لەو حاڵەتەدا دەبێت سەرنج لەوە بدرێت کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا, دوا وڵاتی پێشکەوتوە کە دژواری پیربونی کۆمەڵگەی دەبێت. واتە تا ساڵی (2025) نزیکەی( 18٪)ی هاوڵاتیانی ئەمریکا تەمەنیان لە (65) ساڵ زیاتر دەبێت[201] لەئەنجامیشدا, ڕێژەی ئەوانەی کاردەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە پیرنو مافی خانەنشینیان هەیە دەگاتە یەك بەرامبەر ( 3ر2), لەساڵی( 1995) دا ئەو ڕێژەیە یەك بەرامبەر (9ر3) بوە[202].

### پیربونی کۆمەڵگەی ئەمریکی




بەڵام هەندێ ڕەوتی دی قەرەبوی بەشێك لە دیاردەکانی بەساڵاچونی تەمەنی دانیشتوانی ئەمریکا دەکاتەوە، کۆچکردن یەکێکە لەوانە. بەڵام ئەو پرسە تاچەند

www.pertwk.com

کاریگەری لەسەر پیربونی دانیشتوانی ئەمریکا دەبێت، ئەمە شتێکە پەیوەندی بە سیاسەتانەوە هەیە کەئێستا نادیارە.

فاکتەرێکی دی ئەگەری گۆڕانی تەمەنی خانە نشینییە، چونکە لەو بارەدا ئەمرکییەکی زۆرتر تا تەمەنێکی بالآتر بە تەندروستی و چالاکی دەمێننەوە. ئەم شێوازە بە بەهایە وادەکات داهاتی خانەنشینی خێزانە مامناوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ پێشنیارەکاندا تەواوکاری یەکدی بن ،کە ئەمەش فاکتەرێکە دییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا بەردەوام هەندێك کەموکوڕی دەمێنێتەوە.

لەم نێوەندەدا، بودجەی چاودێریکردنی بەتەمەنان بەهۆی خستنە ڕوی شێوازی چارەسەرکردنی نوێوە زیاد دەکات، کەئەوەش بۆخۆی دەرئەنجامی دۆزینەوەو داهێنانە زانستی و تەکنۆلۆییەکانە (204). لە سالّی (2010) دا یەکەمین نەوە لەوانەی کەلەسەردەمی گەشەکردنی بێسنوری دانیشتواندا لەدایکبون ئەو مەرجانەیان تێدا دەبێت بۆئەوەی یارمەتی پزیشکیان پێشکەش بکرێت‌و تاسالّی (2030) یش (1/4)ی دانیشتوانی ئەمریکا پێویستیان بەوجۆرە خزمەتگوزارییە تەندورستییانە دەبێت[205].

لەگەڵ پیربونی دانیشتوانیشدا بودجەی چاودێری تەندروستی زۆرتری دەبێت ولەگەڵ بودجەکانی تری وەك خەرجییەکانی بەرگری‌و سیاسەتی مایەی بەراوردکردن دەبن.

ڕوخساری ڕەگەزی و نەتەوەیی ئەمریکاش دەگۆڕدرێت. گروپی کەمینەی ڕەگەزی‌و نەتەوەیی‌یەکان بەشێکی گەورەی دانیشتوانی ئەمریکا پێکدەهێنن. ئێستا (72٪)ی دانیشتوانی سپی پێستی ئەمریکا ئیسپانی نین، بەلاّم تاسالّی (2025) ئەو ڕێژەیە دەبێتە (62٪)دانیشتوانی هەموو ولاّت[206]. لەوسالّەدا, واتە لەسالّی (2025)دا بەڕەچەڵەك ئیسپانیەکانی ئەمریکا دەبنە گەورەترین گروپی کەمینە, ئەگەر ئێستا (11٪)ی دانیشتوانی ئەمریکا پێکبهێنن، لە سالّی (2025)دا ئەو ڕێژەیە دەبێتە (18٪). دانیشتوانی بەڕەچەڵەك (ئاسیایی)و



دانیشتوانی دورگەکانی ئۆقیانوسی (ئارام)یش, کە ئەمڕۆ (4٪)ی هەموو دانیشتوانی ئەمریکا پێکدەهێنن، لەسالّی (2025)دا ڕێژەکەیان دەبێتە (16٪), بەلاّم واپێشبینی دەکرێت ڕەش پێستەکانی ئەمریکا کە ئێستا (12٪)ی دانیشتوانی ئەمریکا پێکدەهێنن گەشەیەکی ئەوتۆ نەکەن‌و لەسالّی (2025) دا تەها ببنە (13٪). لە هەمان کاتدا ژن و ژنخوازی نێوان گروپە نائەمریکییەکان پێکهاتەی ڕەچەڵەکی ئەو ولاّتە دەشێوێنیٚ. ئەو ئامارانەی دانیشتواناسان دەریانخستوە, کە ژن و ژنخوازی لە نێوان سپی پێستە ئیسپانی‌و نائیسپانییەکان و لەنێوان ئاسیاییەکان‌و سپی پێستە نائیسپانییەکاندا دەکرێت, بەلاّم ژن‌و ژنخوازی گروپی لەنێوان رەش پێست‌و گروپەکانی دیدا بەکەمی گەشەدەکات و پەرە دەسێنیٚ.

**زیادبونی هەمەچەشنەیی ڕەگەز لە ئەمریکا**




سەرئەنجامی ئەو شتانەی کە خراوەنەتە ڕوو نیشانی دەدات تاسالّی (2025) ئاوێتەبونی ڕەگەزیی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا زیاتر دەبێت. بەلاّم ئەوەی شتە

www.pertwk.com

دەرخراوەکان نیشانیان نەداوە ئەوەیە کە ئایا ئەو گۆڕانکارییەی باسمانکردن لەگەڵ هەماهەنگی کۆمەڵایەتیدا زیاتر نزیک دەبنەوە لەیەک یاخود نەخێر؟!. ڕاستییە دیارەکانی پەیوەست بەپەیوەندی نێوان ئەو کۆمەڵەو گروپە نەتەوەیی و نەژادییانە هەمیشە لەگەڵ لێکگەیشتنی ئەو گروپانەدا وەك یەك نییە. بۆ نمونە, لەکاتێکدا هەموو دەرخەرە ئابوری و کۆمەلایەتییەکان و ئاڕاستەکان ئەوە پیشان دەدەن کە پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە دیوە, ئاماری دەزگاکانی پۆلیس ئەوە پیشان دەدات کە ژمارەیەکی زۆری ڕەش پێستەکان لەو باوەڕەدان کە لەچاو ڕابردودا بارودۆخیان بەرەو خراپتر چوە[207]. دەرك پێکردنەکان کاردەکەنە سەر گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەوکەسانەی کەخۆیان لە کۆمەڵگەدا بەنامۆ بزانن، دواجار لەوانەیە کەمتر لەخۆبردویی بنوێنن.

پەروەردەو فێرکردنیش, فاکتەرێکی گرنگی ژیانی ئەمریکاییەکان دەبێت, چونکە کاردەکاتە سەر چۆنیەتی ڕابەری کردنی هەموو بوارەکان و دەسەڵاتی هونەری کۆمەڵی ئەمریکا. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا, لەڕوی ئاست و پاشکۆو بڵندیی خوێندنی ڕشتەی پسپۆری و خوێندنی تەواوکردنی پسپۆری لەنێو هەموو وڵاتە پیشەسازییەکاندا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە. بەسەدان خوێندکاری زانکۆی بێگانە لە زانکۆکانی ئەمریکادا دەخوێنن و زانکۆکانی ئەو وڵاتە لە ڕوی پێشوازی جیهانیەوە لە پلەی یەکەمدان. لەڕاستیدا ژمارەیەکی بەرچاوی خوێندکارانی زانکۆو خوێندکارانی بەشی دکتۆرای زانستی (تاقیکاری) و خوێندکارانی بەشی ئەندازیاری لەدایکبوی دەرەوەی ئەمریکان، کە ئەمانەش (30٪)ی خوێندکارانی زانکۆو ڕشتەکانی ماتماتیك, زانستی کۆمپیوتەر, فیزیك, کیمیا, ئەندازیاری کیمیایی, ئەندازیاریی کارەبایی و ئەندازیاری میکانیك پێك دەهێنن[208] زۆربەی ئەو خوێندکارانەی زانکۆش دوای تەواوبونی ماوەی خوێندنیان لە ئەمریکادا دەمێننەوە. واش چاوەڕوان دەکرێ لە (25) ساڵی ئایندەدا ئەم ڕەوتە هەروا درێژەی هەبێت.



لەهەمان کاتدا, پەروەردەو فێرکردن لەچەند لایەنێکی گرنگەوە لە ئاستێکی نزمتردایە لەچاو زانکۆ و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا لاوازترە. بۆ نمونە, لە هەردوو وانەی بیرکاری و زانستدا خوێندنگە ئامادەیی‌یەکانی ئەمریکا زۆر لەو ئاستە لەخوارترن. پرۆگرامە نێوەندە نێودەوڵەتیەکان و خوێندکارانی نائامادەیی وڵاتانی وەك سوید, هۆڵەندا, ئایسلەند, فەرەنسا, کەنەدا, ئیسرائیل, ئەڵمانیا, روسیاو کۆماری (چیك) لە خوێندکارانی ئەمریکا لە پێشترن[209]. ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە کە ئەو وڵاتە کارەکانی لەو دوو ڕشتەیەدا زۆر لاوازە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لەوانەیە توانای تەکنیکی و ئابوری ئایندەی ئەمریکا توشی مەترسی بکات. لەهەموشی زیاتر کەجێی نیگەرانیە ئەوەیە ڕێژەیەکی زۆری خوێنکارانی زانکۆکانی ئەمریکا کە لەڕشتەکانی زانستە بنچینەیی‌یەکان و بیرکاری و ئەندازیاریدا بڕوانامە وەردەگرن ڕوو لە کەمبونەوە دەکات[210].

لەلایەکی ترەوە نەخوێندەواری گەورە تەمەنەکان هەروا وەك کێشەیەکی گەورە ماوەتەوەو بەردەوامەو ناتوانرێ پێشبینی دەرئەنجامەکانی ئایندەی ئەودیاردەیە بکرێ. هەرچەندە ژمارەی ئەو کەسانە هێندە پەرەناگرێت، بەڵام لانی کەم (5ر1)ی گەورە تەمەنەکانی ئەمریکا تەنها ئەتوانن بنوسن و بخوێننەوەو (4٪)ی ئەمریکی‌یەکانیش لەبنەڕەتەوە نەخوێندەوارن. جا ئەگەر لەوبارەیەوە هیچ پێشکەوتنێك نەیەتەدی ئەوا ڕەنگدانەوەی شۆڕشی زانیاری بەئەندازەی ئەو دیاردەیە سنوردار دەبێت[211].

لەگەڵ ئەوەشدا, کۆمەڵگەی ئەمریکا لەحاڵەتی ئەزمونکردنی هەلوێستە پۆزەتیڤە کۆمەڵایەتیەکاندایە، لەوێنەی ئەو هەڵوێستانەش دۆزینەوەی هەلی کارکردن و نزمبونەوەی بەرچاوی ئاستی تاوانکارییە، ئەو دوانەش لەڕاستیدا هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا بەشدارن تیایدا. هەرچەندە لەم نێوەندەدا چەند مەسەلەیەکی تریش دێنە ئاراوە، لەوانەش ڕێژەی ئەو منداڵانەی بێ دایك و باوك پەروەردە دەکرێن، واتە هەردوو سەرپەرشتیارەکەیان نییە, کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر زیادی کردوە. لەساڵی (1970) دا (8و14٪)ی منداڵان لەگەڵ دایك و باوکی خۆیاندا نەدەژیان. ئەمڕۆش ئەو ڕێژەیە بۆتە (42٪). ئەم ڕێژەیەش

www.pertwk.com

لەماوەی کەمتر لە (30)ساڵ لانی کەم سێ ئەوەندە زیادی کردوە[212]. ئەمەش بەتایبەت لەناو گروپە کەمینەکاندا زۆرترە. لەوگروپانەدا نزیکەی (80٪)ی نەوجەوانان زۆربەی زۆری قۆناغی منداڵیان لەگەڵ یەکێك لە باوانەکان دەگوزەرێنن[213].

لەبەر ئەوە, ئەو ڕەوتە جێگەی نیگەرانی‌یە. لێکۆڵینەوە زۆرەکان ئەوەنیشان دەدەن کە منداڵانی بێ دایك یان بێ باوك بەبەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایكو باوکیاندا دەژین بێنەواترن‌و خوێندەواری ئەوتۆیان نیە. لەبەر ئەوەش ئامارە نوسراوەکان نیشانی دەدەن زۆربەی تاوانکارییەکان لەوتەمەندا دەردەکەون. لەباروردۆخێکدا کە (45٪) ی منداڵان لەگەڵ یەکێك لەباوانیان دەژین هەژارو کەم دەرامەتن، ئەم ژمارەیەش بۆ ئەو منداڵانەی کە لە ئامێزی دایكو باوکیان و لەگەڵ ئەواندا دەژین تەنها(10٪) یە[214], ئەو منداڵانەی تر لەوانەیە توشی بەدخۆراکی ببن‌و سودی تەواو لە چاودێری پزیشکی نابینن. منداڵانی تاکە سەرپەرشتیار لەڕوی خوێندنیشەوە گرفتیان هەیە. ئەگەری وازهێنان لە خوێندن زیاتر لە قۆناغی ئامادەییدا ڕودەدات‌و ئەوانە زیاتر توشی خەمۆکی و ئاڵۆزی دەرونی‌و نیگەرانی دەبن. ئەو منداڵانە ڕۆحێکی شەڕەنگێزو توندوتیژیان هەیەو ئەگەری زیندانی کردنیشیان زۆرە[215].

زۆربونی خێرای منداڵانی تاکەسەرپەرشتیار لەسی ساڵی ڕابردودا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم منداڵانەی لەقۆناغی ئەمڕۆ و تا ساڵی (2025) گەورەدەبن ،لەو ماوەیەدا ڕوبەری تاوانکاریە کۆمەڵایەتی‌یەکان زیاد دەکات‌و دوابەدوای ئەوەش ئەم جۆرە ناهەمواریە کۆمەلایەتییانە کارێکی خراپ دەکاتە سەر ئاسایشی گشتی‌و گونجاندنی کۆمەڵایەتی‌و ڕەنگدانەوەی ئەوەش وزەو سەرنج‌و سەرچاوە سروشتی‌یەکانی لایەنە جیاجیاکانی حکومەت, لەوانەش ئاسایشی نەتەوەیی، بەفیڕۆ دەدات.



### هەڵوێستەکانی تەکنەلۆژیا

بەرجەستەیی‌و پێشەنگی ئەمریکا لە زانستەکان‌و تەکنیك و هونەردا لە سەدەی ئایندەشدا هەروا بەردەوام دەبێت. لەهەمان کاتیشدا هەڵوێستە جیهانیەکانی تەکنۆلۆژیا بەتوندی کار لەکۆمەڵگەی ئەو وڵاتە دەکات. لەبەرئەوەی (60٪)ی ئەوانەی (ئینتەرنێت) بەکاردەهێنن لەجیهاندا لە ئەمریکای باکور دەژین, لەبەرئەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی دیار لە تۆری جیهانی‌دا دەگێڕێ[216]. هیچ وڵاتێك وەك ئەمریکا (تۆڕبەندی) نەکراوەو بۆ بەڕێوەچونی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی وابەستەی سیستمەکانی زانیاری نیە. کاتێکیش هێڵی ڕیشاڵە تیشکیە بەهێزەکان لەسەرانسەری کیشوەری ئەمریکادا و بەدرێژایی کەنارەکانی بڵاودەبنەوە, بازرگانان‌و ماڵی زیاتر بەیەکەوە دەبەسترێنەوەو بەبودجەیەکی کەمتر زانیاری زۆرتریان لەبەردەستدا دەبێت[217].

ئینتەرنێت بەتەنها کارناکاتە سەر پەروەردەو فێرکردن‌و لێکۆڵینەوەو بازرگانی لەئەمریکادا, بەڵکو کارو کاردانەوەی کۆمەڵایەتی لەناوخۆی ئەو وڵاتەو لەنێوان ویلایەتەکانیداو لەسەرانسەری جیهاندا دەگۆڕێت.

کۆمەڵگەی ئەمریکی لەوانەیە هەروا بەپێشڕەوی شۆڕشی زانیاری بمێنێتەوە. زۆرترین داهێنانی بنەڕەتی زانستی‌و لێکۆڵینەوەو تازەگەرییەکان لەم کۆمەڵگەیەدا ئەنجام دەدرێت‌و ئابوری ئەو وڵاتە ئەو تازەکاری‌و داهێنانانە دەگرێتەخۆی. لەگەڵ ئەوەشدا وردەوردە وڵاتانی تر دێنە ناو سەردەمی زانیارییەکانەوەو لەوکاتەداشدا ڕابەرایەتی ئەمریکا لەو بوارەدا لەوانەیە کەمبێتەوە. ئێستاش هەندێ لەوڵاتان ئامادەیی‌و ئارەزوی خۆیان بۆ دنیای (تۆڕیی) نیشان داوە، لەوانە فنلەندا, استرالیا. اسرائیل, ژاپن‌و تایوان. دەبێت ئەوەش بزانین بەرفراوانبونی کەلتوری زانیاری لەسەرانسەری جیهاندا هیچ زیانێك بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ناگەیەنێت. لەوانەشە, ڕۆڵی

www.pertwk.com

رابەرایەتی ئەمریكا یارمەتی زۆری بەرفراوانبونی دەسەلاّتی ئەو زانیارییانە بدات.

تازەگەری ژینگەیی، جارێكی تر پێناسەی (پیری) دەكاتەوە، بەلاّم ڕوبەری كاری ئەمەیان لەزیادبونی تەمەن و شۆڕشی پزیشكی بالاّترە. هەروەك لەپێشدا باسمان كرد ئەم بەشەی زانست بەخێرایی توانای ئەوە پەیدادەكات كەسروشتی خودی مرۆڤەكان لەچەند لایەنێكەوە بگۆڕێت و تا ئەندازەیەكی زۆریش لەچەندین جۆری گژوگیاو گیانلەبەرانیشدا گۆڕانكاری بكات[218]. ئەم بەشە ئەمریكای كردوە بەسەرە نێزەی پیشەسازی كشتوكاڵ و پزیشكی و كیمیایی. لانی كەمیش لەچارەكە سەدەی داهاتودا ئەمریكا دەبێتە پێشڕەوی ئەم ڕشتەیە، بەلاّم ئەم زانستە تەكنیكییە پرسیارگەلێكی ئەخلاقی زۆری هێناوەتە ئاراوە. ناڕەزایی و پەسندكردنی زۆریشی لێكەوتۆتەوە. هەندێك لەو پرسیارانە ئەوەیە ئەو كەسانەی دەستیان بەو تەكنیكە نوێ و گرانبەهایانە دەگات كێن؟

بابەتێكی دی كەبۆتە هۆی ناكۆكی مەسەلەی نائاشكرا یی سنوری نێوان پێویستییە پزیشكی و هەنگاوە (ڕەواڵەتیەكانە)، یان دوبارە دروستكردنەوەكانە، كە ڕۆژانە لەزیادبوندایە. بۆ پسپۆڕانی ئەخلاقی پزیشكی و لێپرسراوانی كۆمپانیاكانی دڵنیایی و پزیشكان و لێپرسراوانی ئیدارەی دەوڵەتی (پێكەوە یان بەجیا) زۆر دژوارە بڕیار بدەن چۆن سەرچاوە پزیشكییەكان لەنێوان كۆمەڵە كەسانێكدا دابەش بكەن، كە زۆر ئارەزوی ئەوە دەكەن دەستیان بەو ئامرازانەی كە تازە داهێنراون بگات، كە دەبنە هۆی درێژكردنی تەمەن[219]. ڕەهەندە نێودەوڵەتیەكانی ئەو مەسەلەیەش لەوانەیە مایەی دەردەسەری بێت. ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاو چەند ولاتێكی دەوڵەمەندی جیهان چۆن دەتوانن كۆنترۆڵی لێكەوتە سیاسییەكانی قوڵتربونەوەی جیاوازی نێوان درێژی تەمەن لەئەمریكاو وڵاتانی تر بكەن؟ هەروەها ئەو وڵاتانەی كە دەتوانن سود لە (MEM) واتە (ئامرازی مایكرۆ ئەلكترۆمیكانیك) و نانۆ تەكنەلۆژی وەرگرن لەوانەیە لەڕوی



سەربازی و ئابورییەو ببنە بالاّدەست بەسەر ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەو توانایانە نین. ئەندازیاران و زانایانی ئەمریكایی و هاوتا ژاپۆنیەكانیان بۆ بەركەماڵبونی تەكنەلۆژی (میناتۆری) لەپێشبڕكێدا دەبن، تەنانەت توانا نانۆ تەكنەلۆژییەكان لەوانەیە ئاستی گەشەكردنی ئابوری ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لەوە زیاتر بەرز بكاتەوە، كە زۆربەی پسپۆڕان پێشبینی یان كردوەو ئەمەش بۆخۆی بەشۆڕشێكی تازە دادەنرێت.

ئەم كۆمەڵە هەلوێستەكردنانە لەزانست و تەكنۆلۆژیادا لەوانەیە ئەمریكا بەشێوەیەكی بنەڕەتی – هەرلەشێوازی بەرهەمهێنانی خۆراك و هەواڵگریەوە تا چۆنیەتی فراوانبونی كەلتوری نەتەوەیی – بگۆڕێت. لەم حاڵەتەدا تەنانەت گونجاندنی میللەتەكان، واتە پەیوەندی سۆزداری كەلەلایەكەوە ئێمە بەڕابردوەوە دەبەستێت و لەلایەكی ترەوە بەیەكترەوە گرێمان دەدات، ناتوانێت ئەو پەیوەندیەش لەگۆڕان بەدور بگرێت. هەروەك پێشتر وترا ئەگەر تەكنۆلۆژیا فەزای گشتی سنوردارتر بكات و دیموكراسیەت لاواز بكات و چینە كۆمەڵایەتیەكان لەیەكتر دوربخاتەوە، گونجاندنی میللی زەبری پێدەگات و زیانی لێدەكەوێت. لەلایەكی ترەوە، ئەگەرئەو هەلوێستانە بەشێوەیەك ئاڕاستە بكرێن، كە بەشداری سیاسی خەڵك لەهەموو ئاستەكاندا زیاتر بێت، ئابوری بەهێز دەبێت و نایەكسانی داهاتەكان كەمدەبێتەوە، لەم حاڵەتەشدا گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەهێز دەبێت.

ئەوەی دەتوانین بەدڵنیاییەوە پێشبینی بكەین ئەوەیە كەپێشڕەوی ئەمریكا لە تەكنۆلۆژیای سەربازی و هەندیّ شتی تری پەیوەندیدار بەو لایەنەوە لەچارەكە سەدەی داهاتوشدا هەروا دەمێنێتەوە. ئەم مەسەلەیەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بودجەی لێكۆڵینەوەی بەرفراوانبونی سەربازی ئەو وڵاتەوە هەیە. ئەم بودجەیە لەساڵی (1996)دا بڕی سی ودوو ملیار دۆلاری بۆ تەرخانكرابو، كە (70٪)ی سەرجەم سەرمایەگوزاری جیهانی بۆ توێژینەوەو بەرفراوان كردنی بواری سەربازی پێكدەهێنا. ئێستاش هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی ئەو ڕەوەندە

www.pertwk.com

دوچاری گۆڕانکاری بنەڕەتی بێتەوە، جگە لەوەش لەبەرئەوەی بودجەی توێژینەوەو بەرفراوانبون بەشێوەیەکی گشتی لە دەوڵەتەوە بۆ پیشەسازی ئاڕاستەکراوە و سەرمایەدانانی کەرتی تایبەت بۆ توێژینەوەو بەرفراوانبون ژمارەیەکە شایستەی سەرنجە, بۆیە پێشەنگیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەچارەکە سەدەی داهاتوشدا هەروا پارێزراو دەبێت. ئایا دەوڵەتی ئەمریکا دەتوانێت بەشێوەیەکی هۆشیارانە سود لەو پێشەنگییەی وەرگرێت بۆ سەقامگیرکردنی توانا سەربازییەکانی یان نەخێر؟! ئەمە پرسیارێکە لەساڵەکانی داهاتودا وەڵامەکەیمان دەستگیر دەبێت. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگە تازەکان دارایی تازەکاری کەرتی تایبەتی گەنجانی ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕاستو بەئاڕاستەیەك بەکار بهێنرێت کە بەرژەوەندی گشتی وڵاتانی تێدابێت.

## *هەڵوێستە ئابورییەکان*

گرنگترین ڕەنگدانەوەی نوێترین تەکنۆلۆژیا لەسەر کۆمەڵگای ئەمریکا دەبێت لەئابوریدا بۆی بگەڕێین. لەماوەی (25) ساڵی ئایندەدا, شالاوی داهێنانو ئەفراندنە تازەکان دەبنەهۆی گەشەکردنی ئابوری (ئەگەر نەڵێین سەرانسەری ئەو خولە دەگرێتەوە). بەرهەمی (خۆماڵی) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەساڵی (1998) لەسنوری هەشت تریلیۆنو نیو دۆلار تێپەڕی کرد[222]. ژمارەیەك لەپسپۆڕان پێشبینی ئەوە دەکەن کە لە (25) ساڵی ئایندەدا گەشەکردنی ئابوری ئەمریکا سالأنە (3٪) زیاد بکات, بەم گەشە کردنەش قەبارەی ئابوری ئەمریکا تا ساڵی (2025) دەبێتە دوو ئەوەندە.

ئەگەر ئەم پێشبینیە ڕاست دەرچێت ئەوە بەو مانایەیە کە بەرهەمی (خۆماڵی) ناوخۆی ئەمریکا تا ساڵی (2025) بەلای کەمەوە دەگاتە شانزدە تریلیۆن دۆلارو لەوانەشە پێش ساڵی (2025) هەموو قەرزە نەتەوەیەکانیش بدرێنەوە[223].



بەشێکی تری پسپۆڕان لەو باوەڕەدان بەهۆی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا لەئایندەدا ڕێژەی گەشەکردنی ئابوری دوبەرابەر ببێت. توێژینەوەکانی ئەم دواییە نیشانی دەدەن کە کاریگەری شۆڕشی زانیاری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەکارهێنان یان سود وەرگرتن ئەو پێشبینییەی لەڕاستی نزیکتر خستۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە, کەمبونەوەی کتوپڕو تیژی کارامەیی ئابوری لە ویلایەتە یەکگرتوەکان مەحاڵ نییە. ناکامیەکی گەورەی تەکنۆلۆژیا، دەرکەوتنی نەخۆشییەکی پەتایی چاوەڕوان نەکراو, جەنگێکی گەورە یان سیاسەتێکی ئابوری نادروست بەڵام درێژخایەن, لەوانەیە ئاستی گەشەکردن لەساڵێکدا بگەیەنێتە (2٪). جگە لەوەش ئاستی گەشەکردنی ئەم وڵاتە تا ڕادەیەك وابەستەیە بە کاریگەری ئابوری وڵاتانی تری ئەم جیهانەوە. لەوێشەوە کە ئێمە کۆنترۆڵی سنورداری کاریگەری جیهانمان کردوە, بۆیە ناتوانین بە ڕەهایی ئەوە پێشبینی بکەین.

بابەتی شایانی سەرنج ئەوەیە کە ئابوری ئەمریکا بەشێوەیەکی باش بەنێودەوڵەتی دەبێت. سەرمایەگوزاری ئەم وڵاتە فاکتەرێکی گرنگە لە ئابوری جیهانیدا. پشکی ئابوری نێودەوڵەتی ئەو وڵاتە بەهۆی ئەو وابەستەییەی ڕۆژانە ڕوو لەزیادبونە بەبازرگانی دەرەکیو سەرمایەگوزاری موڵکدارییە دەرەکییەکانی دارایی ئابوری ئەمریکا زیاد دەکات. لەنێوان ساڵانی (1994 ) بۆ (1998) سەرمایەگوزاری ڕاستەوخۆی دەرەکی لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە (45) ملیار دۆلارەوە بۆ (189) ملیار دۆلار زیادی کرد[225]. بازرگانی دەرەکی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەبەرهەمهێنانی (خۆماڵی) کە لەساڵی (1970) دا (11٪) بو لەساڵی (1998)دا گەیشتە (24٪)[226]. تا ئەوکاتەی کە ئابوری جیهان لە (25) ساڵی داهاتودا بەتێکڕای (2٪ بۆ 4٪) زیاد بکات, بەرەوژوربونەوەی پشکی بازرگانی دەرەکی لەبەرهەمهێنانی (خۆماڵی)یدا هەروا بەردەوام دەبێت.

www.pertwk.com

سەرەڕای گەشەی بەهێزی ئابوری ئەمریکا مەسەلەی دابەشکردنی داهات لەم وڵاتەدا گرنگی دەبێت. لەم میانەشدا, ئەو هەلوێستانەی کەهەن لەدابەشکردنی دەرامەتدا گرنگی زۆری هەیە, چونکە تا ئەمڕۆ مەسەلەی دادپەروەری ئەو دابەشکارییە جێگومانە, چ جای ئەوەی کە کار بکاتەسەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی وڵات. ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەبەرامبەر جیاوازی زۆری داهاتدا هەست بە نادیاری دەکەن. لەدەوڵەمەندەکان ناڕازین و لەهەمان کاتیشدا ئیرەییان پێدەبەن. لەکۆندا, هەرکاتێك کە واتێدەگەیشتن کە سامانی هەرکەسێك لەڕێگەیەکی یەکسانی و لەسەر بنەمای یەکسانی هەلی کارکردن پەیداکراوە, خەڵکی زیاتر ڕێزیان لەو کەسە دەوڵەمەندە دەگرت، هەروەها گوزەرانی ئەو کەسانەی کە لەئاستێکی نزمتری ئابوری دابون بەرەو باشتر دەچوو, دەوڵەمەندەکان ئاسانتر ئارامیان دەگرت. هیچ بەڵگەیەك نیە ئەو تێڕوانینە بنەڕەتییە لەئایندەدا بگۆڕدرێت. بەڵام جیاوازی زۆری داهات گوشار دەخاتە سەر بودجەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان, لەو سەرچاوانە کەم دەکاتەوە کە بۆ بەرنامە ناوخۆیی و سەربازییەکان تەرخانکراون. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا لەو بوارەدا دەبێت چۆن نەخشەی ئایندە بکێشرێت؟!

لەماوەی ساڵەکانی (1968) بۆ (1994) جیاوازی دەرامەتی نێوان دەوڵەمەندترین و هەژارترین ئەمریکایی بوە (20.4٪) و زیاتریش[227], لەساڵی (1947)دا خێزانە خانەدانەکانی ئەمریکا خاوەنی (15.5٪)ی داهاتی نەتەوەیی بون و تاساڵی (1994) ئەو ڕێژەیە گەیشتە (20٪). لەهەمان کاتداو بەپێی ئامارەکان داهاتی هەڵئاوساوی ڕێکخراوی خێزانی کرێکارانی ئەمریکا لەنێوان ساڵانی (1947) بۆ (1995) کەمی کردوە. لەکاتێکدا دەرامەتی (5٪)ی چینە دەوڵەمەندەکان (30٪) زیادی کردوە[228] . مەسەلەیەکی گرنگتر ئەوەیە کە ڕێژەی کرێی ڕاستینەی شایانی سەرنجی خەڵکی ئەمریکا لە (15) ساڵی ڕابردو جێگیر بوە, بەڵام ئامارەکانی ئەم دواییە دەری دەخەن کە ئەو دوو ڕەوەندە ڕوبەڕوی



کۆسپ بونەتەوەو لەوانەشە پێچەوانە بوبنەوە[229]. بەڵام ئارەزوە تازەکان لەوە نوێ ترن کە مرۆڤ بتوانێت بەدڵنیاییەوە دەربارەی ئایندەی ئەو وتەزایە بڵێت. هەڵبەتە چەند هۆکارێك هەن کە بەردەوامیەکەی دوچاری دوودڵی بکەن، بەتایبەت هەڵوێستە ئابورییە جیهانییەکان، کە لەوانەیە نابەرابەری و نایەکسانی دەرامەت لەئەمریکادا زیاتر بکەن.

یەکەمیان ئەوەیە, کە دورکەوتنەوەی هێزی کار لەچالاکییە جەستەییەکانی پەیوەست بەپیشەسازی میللی و ڕوکردنە جەنجاڵییەکانی سەردەمی زانیاری لەکەرتی خزمەتگوزاری لەوانەیە زۆرێك لە ئەمریکییەکان توشی دواکەوتن بکات[230] هەموو خەڵکی لەدەستکەوتنی کارزانییە گرنگەکانی ئابوری، کەپشتیان بەزانیاری بەستوە توانستی چون یەکیان نیەو پەروەردەو فێرکردنیش بەشێوەیەکی یەکسان دەست هەموان ناکەوێت.

دوەم، بەنێودەوڵەتی بونی سەرچاوەکانی کارو هەلی سەرمایەدانان لەوانەیە کارە نوێکان و گەشەکردنی کرێ بەرەو دەرەوەی وڵات ئاڕاستە بکات و زیادبونی مەودای نێوان چینەکان و جیاوازی دەرامەتیش لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا زیاتر بکات.

بەچاوپۆشین لەو وتەیە, وادیارە کە دەرکەوتنی هەلوێستەی سەرمایەگوزاری ناوخۆیی، کە هەمیشە لەژێر کاریگەری هەڵی نوێی داهێناندایە, کاریگەری لەسەر نایەکسانی دەرامەت دوو هێند بکات. لەلایەکەوە پیشە نوێکان گەشەدەکەن و لەگەڵ ئەوانەشدا کارکردن زیاد دەکات، ئەمەش یاریدەی بەردەوامبونی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی دەدات و زیادی دەکات[231]. ئەم ڕەوتەش بە تێپەڕبونی کات دەبێتەهۆی زیاتر یەکسانبونی دەرامەتی دوو نیوەی سەرەوەی (2/3)ی هێزی کاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەڵام لەلایەکی ترەوە نابێت ئەوە بەسەر ژمارەیەکی فراوانتری کاری تازەی ئاستەکانی خواروتردا گشتگیر بکرێت، چونکە ئامانجی داهێنان و تازەکاری تەکنیکی مەسەلەی کەمتر بەشداری کردنی

www.pertwk.com

مرۆڤـە لـەكاروباری بازرگانیـدا, لەبەرئـەوەش ئـابوری ئـەمریكا, نادیـار نابێـت‌و لەوانەشە زیاتر فراوان بێت. هەڵبەتـە زۆر زوە بـۆ ئـەوەی کـە پێشبینی بکرێـت کـە ئـەو هەلوێـستانە دەبنـەهۆی زیـادبونی نائـارامی‌و شـەقکردنی کۆمەڵایـەتی لـەناو کۆمـەڵگای ئـەمریکادا، بـەڵام بێگومـان ئەگـەری ئـەوە هەیـە لەساڵەکانی داهـاتودا دەبێتە جێگەی سەرنجی ڕابەران‌و سەرکردەکان.

بەهاکان، ئاراستەکان‌و ویستی نەتەوەیی

گونجاندنی کۆمەڵگایەك دەبێتەهۆی ویست‌و وشیاری مەدەنی ئەو کۆمەڵگایەو بەردبناغەی توانای میللی ئەو کۆمەڵگایە. لەنێو هـەموو وڵاتـانی جیهانـدا ئـەمریکا ئەو تایبەتمەندیە تایبەتەی تاکی هەیە کە ناسنامە نەتەوەییەکەی  پێش ئـەوەی لەسەر  نەتەوەی هاوبەش بێت لەسەر ئامانجی هاوبەش بنیادنراوە. لەگەڵ ئـەوەی لەوانەیە بونیادی هێزی میللی ئەمریکا زۆر لاوازتـر لـەو کۆمەڵگایانـە بنوێنێـت کـە گونجاندنی میللی زیاتریان هەیە, بەڵام تاقیکردنەوەکان دەریان خستوە کە ئـەوە وانیە. لەڕوی مێژوییەوە, ئەمریکییەکان دەریانخستوە کە ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی بەهێزیان هەیەو لەکاتی پێویستدا, بۆ روبەڕو بونەوەی ناهەمواریيەکان ڕادەپـەڕن. پرسـیاری بنـەڕەتی پەیوەندیـدار بەئایندەوە ئەوەیـە کـە جارێکیتر ئەگـەر هـەرواو بەشێوازی جیـاوازو لەگـەڵ ئـەزمونی مێـژویی ئێمـەداو ژورتـر لـەتوانای پێشـبینی بـەرەو ناهـەمواری بانگهێشـت بکـرێین, ئایـا گونجانـدنی نەتـەوەییمان هـەروا دەمێنێتـەوە یان لاواز دەبێت؟! لـەوەڵامی ئـەم پرسیارەدا, زۆربـەی کـەس بیروڕای پێچـەوانەیان دەربـڕی. هەنـدێك لەچـاودێران زۆر نیگـەرانی ئـەوەن کـە گوایـە کۆمـەڵگای ئـەمریکا بـەجۆرێکی مەترسـیدار دابەشـبوە بەسـەر چـەند بەشـێکی نەتـەوەیی‌و ڕەگـەزی‌و گروپیـدا. لەبەرامبـەر ئـەو تێڕوانینـەدا جـەختی زۆر لەسـەر لایەنـەکانی  فـرە کـەلتوری ئـەمریکا بۆتـەهۆی ئـەوەی کـە بەتێپـەڕبونی کـات ژمارەیـەکی زۆری ئەمریکییـەکان خۆیـان بەئەندامی گروپێکـی کۆمەڵایـەتی بـزانن.



گۆڕانکاری بـەرەو بایـەخدان بەجیاوازییـەکان هاوسـەنگی ناسنامەی میللـی‌و (ژێـر گروپی) یشی گۆڕیوە.

خـاڵێکی هـاوڕێ لەگـەڵ پێچـەوانەکاریدا ئەوەیـە کـە لـە چـل سـاڵی ڕابـردودا لەکاتێکدا کە سەرنجدان ڕەنگی پێست‌و گرنگیدان بەو لایەنە لەلای ئەمریکییـەکان کـەم بۆتـەوە, بـەڵام ئـارەزوی نەتـەوەیی لای ئـەوان بـەهێز بـوە. ئاشـکراکردنی بێسـنوری جیاوازییـەکان دەتوانێـت مـەیلی زۆربـونی بێزیـان بگۆڕێـت بـەئارەزوی دەستە دروست کردن‌و هەستی ئامـانجی میللـی هاوبـەش بێهێـزو لاواز بکـات[232]. هەنـدێك لـەو بـاوەڕەدان کـە کاریگـەری ئـەو ڕەوشـە لەسـەر سیاسـەتی دەرەوە لەئێسـتاوە دەرکـەوتوە. بـەپێی قسـەکانی (جـەیمز شلزینگ) سیاسـەتی ئێسـتای ئەمریکا زیاتر لەپەرتەوازەیی ئامانجی کەسەکانی پێکهێنـەری ئـەو وڵاتـە دروست بوە وەك لەوەی ڕەنگدەرەوەی دیدو تێڕوانینی هەڵسەنگێنراوی رەخنـە لێگیراوی بەرژەوەندییە میللییەکان بێت. ئەمەش ڕۆشنبیری نویٚ‌و بەدواداگەڕانی ئامـانجی هاوبـەش لاوازو لەمانایـەکی تریـدا مەشروعیەت ون دەکـات, ئەوانـە هـانی پارچـە پارچەبونی کۆمەڵگای دەدەن‌و ئاسانی دەکەن[233].

نیگـەرانیش دەربـارەی گـۆڕینی دیـدگاکان‌و وەرگرتنـی ئـەوەی گـەنجتر دەردەخـات, بـەهێزی وشـیاری دەسـتەیی (گروهـی) ئـارەزوی لـەناو نـەبردوە, کـە سـیفەتێکی تایبـەتی ئەمریکییەکانـە, بـەڵام نـەوەکانی ئێسـتا (ئەوانـەی لـەنێوان ساڵانی (1965 بۆ 1978) لەدایکبون بەجۆرێکی جیاوازی ئارەزوی تاکی خۆیـان دەردەخـەن. بە وتـەی هەندێك لەچاودێران, ئەو ئارەزوی تاکە کەسیە, کە گوایـە هـەوڵی ئـەوە دەدات لاوان لەهـەموو ئـەو شـتانە بپارێزێـت کـەخۆیان بـەجۆرێك لـە ساختەو چاپلوسی بێئەندازەی دادەنێن لەکەلتوری هاوچەرخی ئەمریکادا, ئەمـە بۆخـۆی جێگـەی دوو دڵییـە[234]. ئـەم تاکگەراییـە نوقسـانە لەبەرامبـەر تاکـەرایی پوچـەڵدا بـۆ هاوبەشـییەکی دروسـت لەکۆمەڵگەیـەکی مەدەنیـدا گونجـاو نییـە. لەسـاڵی (1998) دا, دوا ڕاپـۆرتی کۆمیسـیۆنی میللـی تازەکردنـەوەی ژیـانی

www.pertwk.com

مەدەنی کە ئەرکی سەرۆکایەتی کردنی ئەو کۆمیسیونە بەهاوبەشی لەئەستۆی هەردو (ولیام ج. پۆنت‌و سام نان)دایە, ئاماژەی بەوەدا ئەو حەزەی خەڵکی لەبیست‌و پێنج ساڵی ڕابردودا هەیانبوە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە مەدەنییەکاندا بەرەو کەمبونەوە چوە, بەتایبەت لای لاوەکان. ئەو ڕاپۆرتە هەمولایەکی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە (ئێمە لەبەرامبەر مەترسی گۆڕان بۆ میللەتێکی چاودێرکاردابن)[235].

(ڕۆبەرت پاتنام)ی زانای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی (هاربۆرد)یش بە بەڵگەوە باسی لەوە کردوە کە هاوبەشی کردنی خەڵك لەکەم بونەوەدایە. ئەو زانایە ئەوەی وەبیر هێنایەوە تەوە کە لەسی ساڵی ڕابردودا بەشداریکردنی خەڵکی لەهەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکاندا (25٪) کەمی کردوە. لەساڵی (1992)دا (75٪)ی خەڵکی ئەمریکا وتیان بڕوایان بە دەوڵەتی فیدراڵی نەماوە، یان زۆر بەکەمی بڕوایان پێی ماوە. ئەم ژمارەیەش (45٪)ی هەمان ژمارەی ناوەراستی دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوە[236]. ئەو ڕاستییەی کە هاوبەشی سیاسی لەئاستی ناوخۆیی‌و ویلایەتەکانیدا لەوانەیە زیادی کردبێت, هەرچەند لەچەند لایەکی گرنگەوە هەواڵێکی پێویستە, بەلاّم نیشاندەری گونجاندن لەسەر ئاستی میللی نیە[237].

جگە لەوەش, هەندێك لەوە دەترسن کە لەوانەیە ئارەزوی ئەو ئەمریکیانەی کەلەچینەکانی ناوەڕاستن‌و خۆیان لەگەڵ حکومەت‌و وڵاتدا یەکسان دەبینن لەناوبچێت. ئەوان بۆ دڵنیایی بیروڕاکانی خۆیان ئاماژە بەهەندێ نیشانەی گرنگ دەکەن لەوانەش, پشت بەستنیان بە نێونەتەوەیی، نادیاریی ژیانی ئابوری ئەمریکاو وەفاداری سیاسییە کەپەیڕەوی لەسەرچاوەی چەك دان دەکات. هەندێکی تر, ئاماژە دەدەن بە سنوردانبونی نەریتە ئاشکراکانی پەیوەنددار بەناسنامەی نەتەوەیی, وەك, دەرخستنی وەفاداری قوتابیان‌و خوێندکاری خوێندنگەکان, دەنگدان, ئامادەبون لەجەژنی چواری تەموزدا, بەڕێوەبردنی باوی



ڕۆژی خۆبەختکەرانی جەنگ, حەزکردن لە ئامادەبون لەدەستەی دوعاکردن بۆ وڵات لەپەرستگاکاندا, هەندێکی تر لەو باوەڕەدان‌و چەندین جار ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە پەروەردەو فێرکردن لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەروەك ڕابردو لای لەفێرکردنی ڕێنماییەکانی مەدەنی نەکردۆتەوە. سەرئەنجامیش هەندێکیتر لەو بڕوایەدان کە ئێستا بەپێچەوانەی سەردەمەکانی جەنگی ساردەوە بەهای ئەمریکاییەکان لەبەرامبەر ناهەمواری ئاشکرای ئایدۆلۆژیادانین، فێرکردن‌و بەهێزکردنی ئەو بەهایانە پێویست نین. دوای ئەوەی نەوەیەکی قارەمان لەجەنگی جیهانی دوەمدا لەگۆڕەپاندا دەرکەوتن ئەوانە بۆ هەندێ لەئەمریکییەکان بونە نمونە کە لەجەنگدا بەوپەڕی شایستەییەوە لەجل‌و بەرگی سەربازییەوە خزمەتیان کرد. (ستیڤن ئەمبرون) نوسیویەتی: ((گەورەترین ترسی من لەبارەی لاوانی ئەمڕۆوە ئەوەیە کە ئەوان بێ هیچ هەستێك دەربارەی ڕابردوی هاوبەش‌و ئەزمونی هاوبەش, دەچنە ناو جیهانی بەسالاّچویی‌و پیری یەوە))[238].

دواجار, زۆربەی ئەوانەی نیگەرانی گونجاندنی ئایندەی کۆمەڵگای ئەمریکان لەخودی نەریتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا مەسەلەیەکی گرنگ بۆ ڕەوانەوەی نیگەرانی نابینن. ویلایەتە یەکگرتوەکان, ئەزمونێکی بەرجەستەی لەڕوی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەو چالاکانەی لەدەرەوەی نیوەگۆی خۆیدا نیە, مەگەر لەکاتی پێویستی میللی‌و یان خۆبەخشی ئایدۆلۆژیادا توانیبێتمان بەو ڕێنماییانەی، کە خۆیان لە بنەڕەتدا وەلاّمی هەڕەشە دەرەکییەکان بون, کۆمەڵگای خۆمان بپارێزین. لەنەبونی هەڕەشەی دەرەکیدا, ئێمە دەرەوەی یان سەردەمی سودبەخشمان لەبەردەمدایە، کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بەئەرکی ئەمریکاوە هەبوە لەجیهاندا.

هەندێك لەچاودێران لەوباوەڕەدان کە بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد, ئێمە دوبارە چوینەتەوە ئەو سەردەمە سودبەخشانە. لەکاتێکدا کە ئەو ئارەزو و تەوژمانەی ئێستا لەجیهاندا هەن ئەوە نیشان دەدەن کە هەڕەشەکردن

www.pertwk.com

لەئەمریکاییەکانی وڵاتەکەیان ڕوو لەزیادبونە. لەئەنجامیشدا هەندێکیتر لەو باوەڕەدان کە مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە لەجیاتی ئەوەی ئێمە لەیەکتر نزیك کاتەوە, دابەشمان دەکەن‌و وتووێژی سودمەند نەك ئیرادەی میللی بەهێز ناکات بەڵکو لاوازیشی دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی دابەشبونی چەند کەلتوری, بەنێودەوڵەتیبونی ئابوری‌و گۆڕانکاری ئاڕاستەی نەوەکانی ئێستاو ئایندە کەمبونەتەوە. نیشانەکانی ناسنامەی میللی‌و بایەخنەدانی باوی ئێمە بەمەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە لەکاتی نەبونی قەیراندا بەبڕوای هەندێك نیشاندەری لاوازکردنی ناسنامەی ئەمریکایی‌و ئیرادەی نەتەوەییە. ئەگەر وابێت ئێمە وڵاتێکی بەهێزو دەوڵەمەندنی، بەلاّم حەزێکی ئەوتۆو بەرچاومان نیە بۆ فیداکاری‌و گیان بەختکردن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

بەلاّم دەربارەی سنوری ڕاستەقینەی مەسەلەکەو ئایندەی ئەو مەسەلەیە, دەستەی (یەکلاییکەرەوە) هەروا سەرگەرمی وتووێژن. سەرەڕای سنورداربونی ژمارەی دەنگدەران کەمبونەوەی بەرچاوی ژمارەی خۆبەخشەکان‌و ئارەزوی تێکەڵبون بەچالاکییە کۆمەڵایەتیەکان نابینرێت[239]. گۆڕانکاری ڕیشەیش لەبەها مەدەنییە بنەڕەتییەکاندا ڕوی نەداوە, ئەمریکاییەکان هەروەك ڕابردو میللەتێکی (دواکەوتە)ن‌و بەشێوەیەکی شایستەو گونجاو لەگەڵ ژمارەی دانیشتواندا کار لەڕێکخراوە نێوەندییەکاندا دەکەن، کە مەبەستی ئەو ڕێکخراوانە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان یەکە یەکەی هاوڵاتیان‌و کۆمەڵەیە. ئەمریکیەکان لەهەمو میللەتێك زیاتر لە لەچالاکییە خۆبەخشەکان‌و خێرخوازییەکان‌و لەڕێکخراوەکانی ناو وڵاتەکەیاندا لەجموجۆڵدان[240]. پێشبینی دەکرێت لەئایندەدا ناسنامەی (تاك)ێك، کە لەچوارچێوەی وڵاتدا گراوەو لەگەڵ بەها بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای ئەمریکادا چونیەك بوە کارابێت. ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەی کە کراون دەریان خستوە کە ئەمریکاییەکان هێشتا وڵاتەکەی خۆیان بە وڵاتێکی جیا دادەنێن و



شانازی بەو کەسانەوە دەکەن کە لەڕیزەکانی سوپادا خزمەتیان کردوەو بڕوایان وایە کە ئەمریکا, هێزی چاکەی جیهانە. وادیارە کە گرنگیدانی ئەمڕۆی ئەمریکییەکان بە حکومەتی یاساو حوکمڕانی دیموکراسی‌و پاراستنی ئازادی, لەهیچ کاتێکی تر کەمتر نەبوە. هێشتا سەروەری‌و بەهای تاك ڕێزی لیّ دەگیرێت‌و پەیماندان بە دادپەروەری کۆمەلاّیەتی هەروا بەبەهێزی ماوەتەوە. ڕۆحیەتی پێشەنگی‌و بونەپێشەنگ هێشتا توانای ماوەو ئەو باوەڕەش لەجێی خۆی ماوە کە دەڵێت, کۆششی زۆر بەری خۆی دەگرێت. ئەمریکییەکان لەچوارچێوەی میللەتێکی کۆچەریدا هەروا گرنگی دەدەن بەو شوێنەی بەڕێکەوت تێیدا لەدایك بون. ئەنجامەکانی دوای ڕاپرسییەکانی کە کراوە ئەوە ڕون دەکەنەوە کەخەڵکی ئەو وڵاتە هێشتا بەخۆیانەوە ئەنازن کە ولاتەکەیان بەخشندەیەو پابەندی ئەخلاقیەتەکانەو خەڵکانی تر ئێرەیی پێدەبەن[241].

دەستەیەکی تر بەلگّەی ئەوە دەهێننەوە کە ئاینی ڕێکخراو بنەمایەکی پتەوی گونجاندنی میللیەو لەسەرانسەری وڵاتدا بەبەهێزی حوکم دەبات بەڕێوە. بەگوتەی باوکانی بونیاددانەر, "ژیانی ئاینیی خەڵکی لەیەکترنزیك دەکاتەوەو بەهای ئەخلاقی لەنێوان تاکەکانی نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تردەگوێزێتەوە, هەنگاوەکانی دەستەکاری هان دەدات‌و ژیانی خێزانی دەپارێزێت). ئامارەکان دەریان خستوە کە ئەمریکییەکان لەهەمو میللەتێکی جیهان زیاتر چالاکانە لەڕێکخراوە ئاینییەکاندا بەشداری دەکەن[242].

لەبارەی نەریتە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشەوە, هەندێك لەو باوەڕەدان کە بۆ گەشبینی چەند نیشانەیەکی پێویست لەبەردەستدایە. بێگومان لەڕابردوداو هەرکە مەترسی دەرەکی نەما, بونی سەربازانی ئەمریکایی‌و بەڵێنەکانی دەرەوەی وڵات کەم بونەوەو تەنانەت کۆتاییان هات, بەلاّم لەوکاتەوە کە ئەو نمونەیە حاکم بوە تا ئێستا ماوەیەکی زۆر ڕابردوە. دوای جەنگی جیهانی دوەم ئەو نمونەیە خرایە لاوەو ئێستاش کە جەنگی سارد کۆتایی هاتوە بەڵێنە

www.pertwk.com

ئابوری وسیاسییەکانی ئەمریکا, وەك دیارە ئەو وڵاتەی بەرەو سەقامگیری جیهانی ئاڕاستە کردوە. سەرەڕای کەم بونەوەی گرنگی هێزی سەربازی لەدوای جەنگی ساردەوە, کەچی لەم چەند ساڵەی دواییدا, ئەمریکا لە زیاتر لە (100) وڵاتی جیهاندا پرۆسەی سەربازی ئەنجامداوە.

وەك دێتە بەرچاو ئەمریکییەکان پارێزگاری لەو ڕەوتە دەکەن. لە ڕاپرسییەکی ئەم دواییەدا دەرکەوت کە ئەمریکیەکان پارێزگاری یان داکۆکی لەسیاسەتی بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکەن لەکاروباری جیهاندا, بەتایبەتیش لەو مەسەلانەی کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە[243]. لەخوێندنەوەیەکی تردا, ڕای گشتی پشتیوانی لەڕۆڵی بەرچاوی ئەمریکا دەکات لەکاروبارە نێودەوڵەتییەکان ئەویش بەشێوەی (بێ جیاوازیکردن پشت بەستو بە پارێزگاری). بەمانایەکی تر, زۆربەی مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە تا ئەو جێیەی زیانی گەورەی گیانی بەدواوە نەبێت ڕوبەڕوی دژایەتی کردن نابێتەوە. وەك ئاشکراشە (10)ساڵی ئەزمون لەو بارەیەوە کاریگەری خۆی هەیە. لەکاتی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بەولاوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (48) جار پرۆسەی سەربازی لەوڵاتانی جیهاناد ئەنجام داوە. لەکاتێکدا لەهەموو سەردەمی جەنگی ساردا تەنها (16) جار کاری سەربازی لەوڵاتانی جیهاندا ئەنجامدا[244]. زۆربەی ئەو پرۆسە سەربازییانەی ئەمریکاش بۆ نمونە, پرۆسە سەربازییەکانی لە سۆماڵ, هایتی, بۆسنیا, کۆسۆڤۆ, لە ناوچەیەکدا بوە کە بەشێوەیەکی سروشتی نزیك بوە لەبەرژەوەندیەیکانی خۆیەوە. هیچ یەك لەو پرۆسە سەربازییانەش بەئەندازەی جەنگی کەنداوی دوەم ئیرادەی میللی و ئەندێشەی هەموانی لەگەڵدا نەبوە. دوای ئەو جەنگە, چەند پرۆسەیەکی سەربازی دیاریکراوی ئەمریکا کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێت لەلایەن خەڵکەوە پشتگیری لێکرا. ئیدی دەڵێی بەهۆی نەبونی پشتیوانی خەڵکەوە کۆتایی بەیەکێك لەو پرۆسە سەربازیانە هێنراوە.



لەم بوارەدا ئێمە نازانین گەر لەئایندەدا و کاتێك پێویست کات ئەوە بێتە پێشەوە کە هەنگاوێکی هاوبەش بنرێت, کۆمەڵی ئەمریکی تا چ ئەندازەیەك پەرتەوازە دەبێت و تا چ رادەیەك ویستی هەمەکی لەدەست دەدات؟! وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بەچۆنیەتی گۆڕانی ئارەزوە هەنوکەییەکان وچۆنیەتی ئەو کێشەو گرفتانەی کە ئەو کاتە ڕوبەڕو ئەمریکیەکان دەبێتەوەو چۆنیەتی ڕابەرێتی کردنی ئەمریکاوە لەوکاتەدا هەیە. لەوانەیە ئێمە ترسمان لەپارچە پارچەبونی کۆمەڵەیەك هەبێت چونکە ئێمە بەرەو ڕوبەڕوبونەوە دەبات. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە بەشێکە لەکەلتوری ئێمەو خۆشبەختانە بیرکردنەوە لەترسی دابەشبونی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا مێژویەکی دورودرێژی هەیە[245]. بەڵام مومکینە تا ئەو ئەندازەیە ڕوداوەکان وانەبن. لەبەرامبەر هەموو کێشەکانی ئێمەدا یەك ڕاستی حاشا هەڵنەگر هەیە, ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەسەرتاسەری جیهاندا دەیانەوێت ببنە ئەمریکی. ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نییە کەئەو کەسانە بەهیوای دەوڵەمەندبونی زیاتر ئەو ئارەزوەیان هەبێت, بەڵکو لەبەر ئازادی و کەرامەتی مرۆییە لەلای ئەمریکاییەکان. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە هێشتا فەرهەنگی ئەمریکاییەکان تا ڕادەیەك گونجاو یەکێتییەکی پتەو وبناغەی هەیە.

ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە ئیرادەی میللی ئەمریکییەکان لەمەسەلە جیهانیەکاندا گرنگە. هەڵبەتە ئەو مەسەلەیە تا ئەندازەیەکیش پەیوەندی بە بارودۆخی دنیاوە هەیە, هاتنە ئارای زەمینەیەکی نێو دەوڵەتی کەتۆزێك لەگەڵ بەهاکان و بیروباوەڕو گریمانەکانی ئەمریکییەکان دەربارەی مەسەلەکانی جیهان هەیانە لەبار نیە. لەبارودۆخێکدا کە هێزی ئەمریکا بتوانێت بەهاکانی جێگەی سەرنجی ئێمە بباتە پێش وئاڕاستەیەکی جیهانی پێببەخشێت, لەوەدا ڕۆڵی کارای جیهانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا حەتمییە. ئەم مشتومڕانە لەوانەیە ببێتە هۆی بەیەکداچون و تێکەڵبونی شادی و چالاکی و کۆیلایەتی و

هاوڕێیەتی لەئەمریکادا. بەڵام لەجیهانێکدا کە بەهاکانی ئێمە بەگاڵتە وەربگرێت و گەشبینی یەکانمان کەم بکاتەوەو هەڕەشە لەژیان و ئازادی کارکردنمان بکات, هیچ کاردانەوەیەك لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئێمەدا نیشان نەدات, هیچ دور نیە ئێمە نەگەڕێنێتەوە بۆ سیاسەتی گۆشەگیری و لەجیاتی ئەوەی ئەمریکا لە (شارێکی سەر گردۆلکەیەکەوە فەرمانڕەوای (وینترۆپ) بێت و تیشك بهاوێژێ و ڕوناکی بڵاوکاتەوە, لەوانەیە ئەمریکییەکان خۆیان بەوە ڕازی بکەن کە وەسفی (هابز) لەژیانی سیاسیداو لەحاڵەتی سروشتی واتە (ناپاك و سوك و بچوك)دا زیاتر لەگەڵ واقیعەتەکانی جیهاندا هەماهەنگەو بگەنە ئەو ئەنجامەی کە هەموو شێوەکانی چالاکی خێرخوازانە لەماڵەوە دەست پێدەکات. ئەمەش جیاوازییەکی گرنگە. چونکە بیروڕای ئەمریکاییەکان دەربارەی خودی جیهان و ڕۆڵی ئەوان لەجیهاندا, بەشێکی گرنگی ئەو چیرۆکە دنیاییە کە لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا دێتە بەردەممان.

## ***هەڵوێستە کاریگەرەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی***

هەلوێستە کۆمەلایەتی و ئابوری و تەکنیکیەکانی باس کران, باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا, پڕ بەمانای وشە وڵاتێکی چاولەڕێ نابێت و ئێمە هەروا دەوڵەمەندو سەلامەت دەمێنینەوە, بەڵام ئەم ڕەوتانە نیشانی دەدەن کە ناهەموارییە کۆمەلایەتیەکانی و بێبایەخی هەموان بەمەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوە دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەشی سەرمایەدانان بۆ بەرگری میللی لەبەرامبەر هەمو بودجەی وڵاتدا کەم بکاتەوە. کێشە کۆمەڵایەتی یەکان و بیٚبایەخی هەموان بەرامبەر مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی, بۆخۆی دەتوانێت ببێتە کێشەی سیٚیەم کە ئەمەش کێشەیەکی بنەڕەتی یەو ئەو کێشە زۆرتر بکات ئەویش لەبارەی چۆنیەتی رێکخستنی سوپاوە.



www.pertwk.com

لە (25) ساڵی ڕابردوداو دوای ئەوەی خزمەتی سەربازی لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ڕەت کرایەوە, هێزی سەربازی ئێمە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە پابەندی خۆبەخشەکان بون, بەپێی سەرئەنجامەکانی ئەم دوایی‌یە. بەهۆی ئەوەی ئەمریکی‌یەکان وەك ڕابردو, مولتەزم نابن, بەتایبەت ئەگەر ئابوری هەروا ڕوو لە بوژانەوە بێت, ئەوباسە لەناودایە کە لەوانەیە مەسەلەی خزمەتی زۆرە ملیٚ و سیستمی سەربازگیری بگەڕێنرێتەوە, چونکە بەبەڵگە دەرکەوتوە کە لە (20) ساڵی ڕابردودا مەسەلەی سەربازگیری ئاڵۆزترو قورستر بوەو بەئامار دەرکەوتوە کە تەنها هەزار کەس بەشێوەی خۆبەخش دێنە ریزەکانی سوپاوە, لەگەڵ ئەوەی پێودانگەکانی پەسەندکردن ئاسانتر بوە, بەڵام هەوڵەکان بۆوەرگرتن و پەسەند کردن کەم بۆتەوە. ئابوری بوژاوەو سەردەمی چالاکی‌یە گونجاوەکان, ژمارەیەکی بەرچاوی سەربازانی مەشق دیدەی لە ریزەکانی سوپا کێشاوەتەوەو ناونوسکردنی بۆ خزمەت کردن لەریزەکانی سەربازاندا کەم کردۆتەوە. ئەم کەموکوڕییە لەچەند ساڵی ڕابردوداو لەپیشەی فرۆکەوانیدا زیاتر دەرکەوتوەو ڕاستی ئەو مەسەلەیە دەردەخات.

لەئایندەدا, کێشمەکێش لەبارەی سەربازگیری و هێزی یەدەگی شتێکی حاشا هەڵنەگر دەبێت. هەڵبەتە ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیەو, دەربارەی بونیادی ئەو هێزانەو هەلومەرجی ئامادەبونیان چ بڕیارێك دەدرێت. بەپێی تازەترین ئاماری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پەنتاگۆن), ئەوەنیشان دەدات کە پیاوانی (16) بۆ (21) ساڵە بەتایبەتی ئەمریکی‌یە ڕەش پێستەکان, کە لە (25) ساڵی ڕابردودا ڕێژەیەکی باشی هێزە خۆبەخشەکانی‌یان پێکدەهێنا لە (10) ساڵی ڕابردوەوە ئارەزویان بۆ خزمەتکردن لە هێزە سەربازییەکاندا کەمتر بۆتەوە, جگە لەوەش, بەڕەچەڵەك ئیسپانییەکان لە لەڕوی ژمارە دانیشتوانەوە ژمارەیان زۆر زیادی کردوەو بەرێژەیەکی کەمتر لە ڕیزەکانی سوپادا دەبینرێن و هیچ ئاماژەیەکیش بە دەستەوە نیە سەبارەت بە زیادبونی ئارەزوی ئەوان بۆ پەیوەندی کردن بە

www.pertwk.com

سوپاوە[246]. هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆری ژنان پەیوەندی دەکەن بەهێزە چەکدارەکانەوەو ئەوکارەش هەروا بەرەو زیاد بون دەچێت. بەڵام زۆر دورە ئەو زیادبونە، قەرەبوی کەمبونەوەی ڕێژەی پیاوانی خۆبەخش بکاتەوە لە ریزەکانی سوپادا، لەبەرئەوەی دەرکەوتوە (45٪)ی ئەو ژنانەی کە پەیوەندی دەکەن بە سوپاوە، پێش تەواوبونی ماوەی خزمەتەکەیان واز لە سەربازیی دەهێنن. بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ پیاوان تەنها (34٪)ە. هەروەها ژنان کەمتر دەتوانن مەشقە جەنگییەکان ببینن[247]. بەلای کەمەوە لەبنەماکانی ڕێنمایی پرۆسەکاندا بۆ هەوڵدان بۆ کارکردن زۆرتر هەندێ یان بەشێك لە پرۆسە سەربازییەکان بدرێتە بەڵێندەرە سەربازییەکان ئەمە کەمیی کارناس و بەڵێندەرانی سەربازیی قەرەبو ناکاتەوەو زۆربەی ژنانیش ناتوانن بەپێی پرۆگرامە داڕێژراوەکان ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. لەبەرئەوە، تائێستا ڕون نیە دامەزراوە سەربازییەکان چۆن دەتوانن بۆ دابینکردنی پێویستییە تەکنیکییە زۆرەکانی سوپایەکی لە حاڵی گەشەکردندا، بەپێی پێویست کەسی بەتواناو پسپۆر بانگ بکەن بۆ خزمەتی سەربازی و ئەوکەسانە بۆ خۆیان رابکێشن.

سێهەڵوێستە نیشاندەرو (بەجۆرێك رەنگدانەوە)ی زیادبونی ماوەی نێوان ئەمریکاو هێزی سەربازی ئەو وڵاتەیە. لەگەڵ کەمبونەوەی خزمەتی ئەمریکییەکان لە هێزەکانی سوپادا تیگەیشتنی کۆمەڵگە لەمەبەستەکانی هێزی سەربازی و پەیوەندی هێزی سەربازی لەگەڵ وڵات و دەوڵەت بەرەو لاوازبون دەچێت، لەکاتێکدا کە هێشتا هێزەکانی سوپا یەکێکە لەدامەزراوە خۆشەویستەکانی ئەمریکا. بەڵام ئەم پێداهەڵدانەش لەلایەن ئەوانەوەیە کە لەچالاکییەکانی سوپادا بەشدار نین. شوێنەواری ئەوکەلێنەش زیاتر لای چینە هەڵبژاردەکان دەبینرێ، چونکە ڕێژەی ڕابەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی تایبەتی و گشتی کە پێشتر لە سوپادا خزمەتیان کردوە، بەخێرایی بەرەو کەمبونەوە دەچێت. باسی ژیان و حاڵی ڕابەرانی وڵات لەسەر ئاستی فیدراڵی نەك ویلایەت، کەسەروکاریان لەگەڵ کاروباری ستراتیژی دا هەیە، بەباشی ئەم ڕەوشە نیشان دەدات. لەساڵی (1970)دا لە ئەنجومەنی نوێنەراندا (320) نوێنەر خزمەتی سەربازیان کردبو،



بەڵام لە ساڵی (1994)دا ئەو ژمارەیە کەم بۆوە بۆ (130) کەس. بۆ یەکەمین جارو لەسەدەی بیستەم دا ئەو ڕێژەیەی سەربازانی دێرین لە هەمو کۆمەڵدا داویەتیە کەمی، ئەگەر بەو شێوەیەش بەردەوام بێت. هێزێکی تایبەتمەندو بچوك بەشێوەیەکی زیادە لەوڵات و رابەرەکانی جیا دەبێتەوە ئەم جۆرە هاوسەنگییە ناسەربازییە دەتوانێت بێتە هۆی جیابونەوەی ئەمریکییەکان لەدەوڵەتەکەیان و دواجاریش لاوازبونی دیاریکردنی ئامانجێکی میللی هاوبەش و بەشداری کردن لەو ئامانجەی لێ بکەوێتەوە.

هەندێ لەو بیروبۆچونە لەبەرئەو ڕۆڵەیە لە حاڵەتی گۆڕینی هێزی سەربازی ئەمریکا، هەم لەڕوی پەیوەندییە سەربازییەکان و هەم لە ڕوی ئامادەییەوە، پەیوەندی نێوان هێزی سەربازی و کۆمەڵگە، لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان لە ئەرکە ناوخۆییەکانی وەك، پێشگیری لە بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان و پیادەکردنی یاساو پاراستنی ئاسایشی سنورەکان، بەڵام لەبارودۆخێکی تایبەتی وەك کاتی پاراستنی وڵات لەبەرامبەر هەڕەشەیەکی ئاشکرادا، ئەم پەیوەندییانە بەهێز دەبن. هەڵبەتە، لەبارەی سپاردنی ئەرکە ناوخۆییەکان بەهێزەکانی چەکدار چەند کۆت و بەندێکی یاسایی دەبینرێ، بەڵام وادیارە هەندێ لەسەرکردەکانی ئەمریکا دەیانەوێت ئەو کۆت و بەندانە پشت گوێ بخەن[248].

لێك گەیشتنی سنورداری کۆمەڵ و هێزە سەربازییەکان، هاوڕێ لەگەڵ کەمبونەوەی ڕێژەی خۆبەخشەکان بۆ خزمەتی سەربازی، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەمریکییە بەرجەستەکان پێشنیاری ئەوە بکەن کە مەسەلەی گرتنی سەربازی زۆرە ملێ و بەرنامەکانی خزمەتی میللی بگەڕێتەوە، یان هێزێکی نیمچە سەربازی پێکبهێنرێ[249]، هەندێکیتر لەو باوەڕەدان کە لەوانەیە سەرەڕای ئەوەی پێشنیارەکەی ئەوان دەبێتە هۆی بەهێزبونی بەشداری کردنی خەڵکی، بەڵام ئەوەیان وەبیر هێنایەوە کە خزمەتی سەربازی و ئەرکی زۆرە ملێ و ناچاری لەوانەیە پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەکی چالاك سنوردارە بکات کە زۆربەی کات

www.pertwk.com

زیان لە مەلەوانانو سەربازان و ئەندامانی هێزی ئاسمانیو هێزە دەریاییەیە چەکدارەکان کە لەحاڵەتی خزمەت کردندان بدات.

پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەکیو سەربازی بەتەنها پێویستی بە سەربازانی کارامەو لێهاتونیە، بەڵکو پێویستی بە پسپۆرانی ئامادە هەیە لە هەمو شتەکانی خزمەت گوزاری گشتیدا، دامەزراوە دەوڵەتییەکانیش کە بۆ دەستکەوتنی ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵ کەرتی تایبەت دا مونافەسە دەکەن، ڕوبەڕوی هەمان ململانێو کێشمە کێش دەبن، ئارەزوی دامەزراندن، لای ئەو کەسانەی دەچنە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانەوە ئەوە نیشان دەدات کە بەشێکی زۆری ئەو خوێندکارانەی بەشی سیاسەتی دەرەوە دەخوێنن حەزدەکەن لەکەرتی تایبەت دا کاربکەن لە جیاتی دامەزراوە حکومییەکان[250].

ئەنجامی ئەو هەمو تێبینییانە چییە؟

ئەو ئەنجامە حاشا هەڵنەگرەیە کە پایەداری و مانەوەی کۆمەڵەی ئەمریکاو سیاسەتەکەی، سامان بەخشی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو تواناکانی ئەوە. ئەم مەسەلەیەش چۆنیەتی کاریگەری ئەمریکا لەسەر ئایندەی جیهان دەردەخات، جگە لەوەش خاڵێکی گرنگی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتوەکان، ڕۆحێکی دیاریکراوی هەیەو ئەویش ئەوەیە کە یەکەمین و گەورەترین کۆمەڵەی گەورە مرۆڤانی مێژوە لەدوای جەنگی ساردەوەئێمە هەرچەند بەکەمتەرخەمییەوە ڕۆڵی جیهانیمان گرتۆتە ئەستۆ کە خۆی لەخۆیدا پێویستی بە لەخۆبوردویی زۆرو ئامادەکردنی ئیرادەو سەرچاوەی بنەڕەتی میللی هەیە، بەڵام ئایا ئەوڕۆڵە لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو ئەمریکایەی کە هەست بە هەڕەشەو مەترسی ناکات و زیاتر سەرنجی خستۆتە سەر مەسەلەکانی ناوخۆ، هاوئاهەنگ بێت؟!

لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە پۆزەتیڤانە بێت بەڵام ئەم (بەڵێ)یە دەبێت پراکتیکانە نیشان بدرێت، نەك تەنها شتێکی گریمانەیی بێت، ئەمەش مشتومڕێکە کە هێشتا بەشێوەیەکی جدی، بەشێکی لەوتووێژە ملییەکانی بۆ تەرخان نەکراوە.



بەچاوپۆشین لەمەترسیو سەرکێشییەکانی سەردەمی (ئەسپۆتنیك) – واتە سەردەمی هێرشی موشەکی ئەتۆمی– سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی سەدەی بیستەمی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، هەمیشە شتێکە کە (لەوێ) لەئەوروپاو ئاسیاو خۆرهەڵاتی نزیك ڕوی داوە. بەڵام ئاسایشی نەتەوەیی شتێکە کە (لێرە) پێشینەی هەیەو لەقەڵەمڕەوی پیادەکردنی یاساو دادگاکاندایە ئەودوانەش بەدەگمەن لەگەڵ یەکدا ئاوێتە دەبن.

جیاوازی نێوان سیاسەتی ئاسایشی میللیو ئاسایشی ناوخۆ، وردە وردە دەبنە گرفت و قورس دەبێتو لەچارەکە سەدەی داهاتودا، لەوانەیە ئەو جیاوازیە نەمێنێت، ئەگەر وابێت و هەڕەشەکان ببنە شتێکی واقیع یان ئاشکراتر ببن، لەوانەیە ئەمریکییەکان کەمتەرخەمی وەلا بنێنو ئەمەش کاردەکاتە. سەرئەوەی کە خەڵکی لەسەرکردەکانی چاوەڕێ دەکەن، سەبارەت بەکاردانەوەیان لەبەرامبەر هەڕەشەکاندا، لەوانەشە کاربکاتە سەر پێشەنگی بودجەی گشتی وڵاتیش.

ئەگەری ئەوەش هەیە کە دەربارەی ڕۆڵی دروستی هێزەکانی سەربازی لە پرۆسەیە ئاسایشی ناوخۆدا لێکۆڵینەوەی زۆر بێتە ئاراوە، ئەویش بۆخۆی پەیوەندی بە سروشتی هەڕەشەکانەوە هەیە.

ئەگەر بارودۆخەکە بەوجۆرەی لێبێت کە باسکرا، ئەگەری مەسەلەیەك ڕون دەبێتەوەو ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی ئەمریکا لەگەڵ هەستکردنیان بەمەترسی لەبەرامبەر بەرژەوەندی سەرەکییەکانی وڵاتەکەیان، بەگیانو دڵ ئامادەی فیداکارین وە بۆ ئەومەبەستەش یەك ریز دەبن، بەڵام ئامادەنین لەبەرامبەر ئەو مشتومڕانەی ناڕاستەوخۆن یان ئەو شتانەی کە بەحوکمی ئەخلاقی ڕەهای دادەنێن بەمجۆرە خۆیان بەخت بکەن. ئەو ئەنجامەش لە مێژوی کاردانەوەی ئەمریکییەکان لەبەرامبەر گرفتە دەرەکییەکاندا بەدەست هاتوەو پێدەچێت لە ئایندەشدا هەروابێت.

www.pertwk.com

## فەسڵی چوارەم

# جیهانە خەیاڵییەکان

و: تارا شێخ عوسمان

هەروەك لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان پێدا مێژوی مرۆڤ شتێکی ڕێکەوتەیە. واتە ئێمە ناتوانین بڵێین لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا جیهان چۆن دەبێت, چونکە زۆربەی ئەو بڕیارانەی کە فۆرم و ڕوخسارێکی دی بەجیهان دەبەخشێت هێشتا جێبەجێ نەکراون . جگە لەوەش چەندین هۆکاری سازندە کەپێکەوە لەکارو کاردانەوەو ڕوبەڕوی هەندێ فاکتەری جوگرافی , ئابوری , سیاسی , کۆمەڵایەتی و سەربازی دەبنەوە زۆر لەوە زیاترە کە بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە لە (جیهان)ێك تێبگەین کە دەبێتە بەرئەنجامی ئەو فاکتەرانە. بەداخەوە زانینی تەواوەتی سەبارەت بە ئایندە شتێکی مەحاڵە.

(نیچە) لەومەسەلەیە نزیك بۆتەوە کەدەڵێت: (هیچ کەسێك ناتوانێت زیاترلەوەی کەخۆی دەیزانێ یان لە کتێبەکاندا خوێندویەتیەوە خەون ببینێ. مرۆڤ گوێی نیە بۆبیستنی ئەوشتەی کەئەزمون بۆی دەستەبەر نەکردوە). بەواتایەکیتر فەرهەنگۆکی چاوەڕوانیەکانمان بە ڕادەی زانیاریەکانمان سنوردارە.

یەکێك لەڕێگاکانی سەرکەوتن بەسەر ئەوگرفتەدا بەرفراوانی خەیاڵکردن و پێشخستنی ئەزمونەکانەکانمانە. دەتوانین بەدروستکردنی نمونە جۆراوجۆرەکان، ئایندە گریمانەییەکان (بۆنمونەنوسینی سیناریۆ جیهانیەکان ) خەیاڵکردن فێربین و پێش ئایندە بکەوین . ئێمە بەرێکەوت ئەم کارە ناکەین , بەڵکو کۆمەڵێك گریمانە ، کە پشت ئەستورە بەزانیارییەکانمان ودەربارەی



چۆنایەتی کاری جیهان بیرمان لێکردۆتەوە, دەخەینە ڕوو. بۆ ئەم سیناریۆیانە دەتوانین سود لەچوارچێوەی ئامرازەکانی دۆزینەوە وەرگرین وپەی بەوە ببەین کە داخۆجیهان لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا بەرەوکاملا دەچەرخێ ؟ ! .

ئەوسیناریۆ جیهانیانەی کە لەخوارەوە دێن, ڕۆڵی دوو لایەنەی ئاڵوگۆڕی تەکنۆلۆژیا و ئابوری هاوبەند لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و سیاسیو سەربازی دەردەخەن . تەکنۆلۆژیا بەبەخشینی ئەو توانستە بە ئێمە بۆدروستکردنی پەیوەندی لە زەمانی واقیعیدا لەهەر شوێنێك و لەگەڵ هەرکەسێکدا, لە چوارچێوەی ئامرازێك بۆ یەکێتی جیهان و کاریگەربونی جیهانی ڕوداوەکان هاتۆتە ئاراوە . بەڵام پەسەندکردنی تەکنۆلۆژیای نوێ تەنگانەی زۆر بۆ هەڵوەشاندنەوەو تەنانەت سەرەوژێرکردنی ڕژێمە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا دروست دەکات . دەرکەوتنی ئابوری جیهانی پێویستی بە هاریکاری نێودەوڵەتی و هاوپەیوەندی بەرامبەر هەیەو لە هەمانکاتیشدا لەوانەیە ئەم کارە ببێتە هۆی کێبەرکێی ئابوری و تەنانەت جیابونەوەش .دەوڵەتەکان ,سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنیان بەندە بەوەی تاچەند دەتوانن سود لە هەلەکانی بە جیهانیبون و سەرقاڵی جێگۆڕکێکانی ئەو سیستمە وەرگرن . لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا هێزە هەمەگییەکانی سکولاریزم لەوانەیە سەرکەوتن بەسەر هێزە نەتەوەپەرستە کورتبین و ئایدیۆلۆژیەکانیتردا بەدەستبهێنن . ئەگەر ئازادی سیاسی بەرفراوان بێت, ئابوری گەشە بکات، ئاسایشی جیهانیش بەهێزدەبێت، ئەگەر جیهان پڕبێت لە ئاژاوەوململانێ ئاسایشی جیهان دەکەوێتە مەترسیەوە. چوار بنەمای جیهانی ڕێگا جۆراوجۆرەکانی چارەسەرکردنی ئەو ناجێگیرییە پێکدەهێنن، کە ئەوانیش ئەمانەن :-

- ئاشتی دیمکراسیانە .
- نەتەوەپەرستیو پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان .
- بەجیهانیبونی سەرکەوتوانە .
- دابەشبون و ڕوبەڕوبونەوە .

دوو سیناریۆی یەکەم یەکتری تەواودەکەن " یەکێکیان مەیلی بۆ لایەنی ( گەشبینانە)ی ژیانە و ئەوی دییان ( ڕەشبین)انەیە. دوو سیناریۆکەی دواییان شۆڕشیانەن، کەبەناونیشانی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤانە لەیەکدی جیادەکرێنەوە و تائەندازەیەکیش سیناریۆی سێیەم درێژکراوەی سیناریۆی یەکەم دەبێت و سیناریۆی چوارەم هاوشانی سیناریۆی دوەمە. ئەم تیۆرەش لە ئارادایە، کە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم لەوانەیە ئاوێتەیەك بێت لەهەرچوار سینارۆکەی باسکران . ئێمەش هەریەکەیان بە جیا باس دەکەین .

### *ئاشتی دیموکراسیانە*

جیهانی ئایندە لە کاتێکدا ئاشتی دیموکراسیانەی تێدا دێتەدی کە خاوەنی ئەم سێ مەرجە سەرەکیەی لای خوارەوەی بێت:

1. پێودانگەکانی دیمکراسیەت بالأدەسبن وئەو پێودانگانە بۆ هاریکاری ئابوری و ئاسایشی گشتی گونجاوبن .
2. دژبەیەکی تیژی عەقیدەیی لەئارادا نەبێت، لە هەمان کاتی واقیعیەتی جیاوزییە کەلتورییەکاندا وڵاتەکان لەیەکترەوە نزیك بن نەك کەلێنی نێوانیان زیاتر بێت.
3. ئاستێکی پێشکەوتوی هاوکاری سیاسیانەی وڵاتەکان بەدەست بێت و بپارێزێت. ئەگەری جەنگ لەنێوان وڵاتەگەورەکاندا نەبێت و شەڕ لە نێوان زۆربەی وڵاتە دیموکراسیەکانیشدا هەروەتر (251).

لەم سیناریۆیەدا بنەمای فەرمانڕەوایی نەتەوەییانە لەگەڵ پرسی نوێدا ئەزمون دەکرێت و تاڕادەیەکیش دەکەوێتە ژێرکاریگەری سەرهەڵدانی ڕێکخستنە نێودەوڵەتیە نوێیەکانەوە، بەڵام پایەدار دەمێنێتەوە. بوژانەوەی ئابوری ئارامی دەسەپێت، واتە پێشکەوتنی وڵاتانی گەشەکردو ساڵانە بە تێکڕایی ( 2٪ بۆ 3٪) و وڵاتانی تازە گەشەکردو ساڵانە بەتێکڕای ( 4٪ بۆ 5٪ ) دەبێت .



هەروەها ململانێ ئابورییەکانیش لە وڵاتەکانی لەحاڵەتی گەشەکردندان سەرهەڵدەدەن" بەڵام بە هۆی شەفافیەت و ڕێکخستنێکی کە بە تێپەڕبونی کات لە لایەن دامەزراوە داراییە جیهانیەکانەوە (کەبەردەوام چاکدەکرێن و زیاتر دەبنە جێگەی ڕێزوستایش) بە شێوەیەکی خێرخوازانە ئەنجام دەدرێ , ڕەوتێکی نەرمتر لەخۆدەگرێت . وڵاتە بنەڕەتیەکان بە پێچەوانەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان و کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکانەوە هەروا ئابوری خۆی لە دەستی خۆیدا دەبێت، بەڵام هاریکارییە فرەلایەنە نێودەوڵەتیەکان لەڕێگای هاریکاریەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ( گات ) و گروپی (9) – کە (چین) یش دەگرێتەوە – پەرە دەستێنێت .

بەپێی ئەم ڕونکردنەوانە شۆڕشی زانیاری بەردەوام دەبێت و بەقوڵبونەوەی زیاتری جیهانێك لە تۆڕی پێکەوە بەستراوی ناو بونیادی گەورەی تۆڕی جیهانی زانیاری گەیاندن دێتەئاراوە . وڵاتانیش بۆ یارمەتی وەرگرتن لە پێناوی پاراستنی باشتری ژێرخانی زانیاریە هەستیارەکانیان پێودانگی نوێتر هەڵدەبژێرن . شۆڕش لەتەکنیکی ژینگەشدا پێشدەکەوێت" لە حالێکدا کە زۆربەی دەوڵەت و هەموو وڵاتانی گەورە کە خاکەکانیان بۆتە شوێنی لێکۆڵینەوەی تەکنیکەکانی ژینگە, هەوڵ دەدەن لانی کەم چاودێری پێویست لە بواری نیگەرانیە ئەخلاقیەکان بەرقەرار بکەن .

لە جیهانێکی لەوجۆرەدا, هەروەها گەلێك پرسی مایەی نیگەرانبون هەیە : ناعەدالەتیە جیهانیەکان دەردەسەری دروست دەکەن" ژێرخانە ئابورییەکان لە بەرامبەر هێرشەکاندا مایەی زەبر بەرکەوتنن" هەندێ تەکنۆلۆژیای مەترسیدار هەروەك ڕابردوو سنوردار نەکراوەو هەندێکیان کەدور لە ڕێکخستنی گەورەی نێودەوڵەتی ماونەتەوە لە ڕابردوو زیاتر دەتوانن زیانی مادیانە بدەن .

بەڵام جیهانێك کە تایبەتمەندیەکەی بریتیبێ لە دۆزینەوەی هەلی زیاتر بۆ هاریکاری وڵاتە گەورەکان ئەوە دنیایەکە تێیدا هەنگاونانی چەند لایەنە شتێکی

ياسايیو بنەڕەتییە نەك ئاوارتە. لەسەر ئاستی جیهانی دەوڵەتەکان کاروباری خۆیان و مافە نێودەوڵەتیەکان پێشدەخەن و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیش دەبێتە ئامڕازێك بۆچارەسەرکردنی پرسە نێودەوڵەتیەکان. دامەزراوە بازرگانیە ناوچەیی‌یەکان بە شێوەیەکی فراوان سیاسەتی ئەمنیەتی و پرسەکانی دییان هاوئاهەنگ دەکەن و بۆ بەرگرتن لە ڕوبەڕوبونەوە و ململانێکان کۆشش و هەوڵی چەند لایەنە ئەنجام دەدرێت . وڵاتە گەورەکان بۆ بەدەنگەوەچونی خواستی کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیەکان بیرلەچارەسەری پێشینە دەکەنەوە، بۆ وەلأمدانەوەی ڕژێمە (توندوتیژ) و تیرۆرستە پڕچەکەکان حکومەتە هاوبیرەکان پێکەوە هاریکاری یەکتردەکەن. ئەم هاودەستیە دەبێتە بناغە .

لەکاتی نەبونی گرفتی ئاسایشی گرنگ کاری هێزە سەربازیەکان لە جیاتی ئەوەی ناچاریانە بێت دڵنیابەخش و سوپەرئاسا دەبن . خەرجیەکانی سوپا لە سەرتاسەری جیهاندا بەشێکی کەمتری بەرهەمی خۆماڵی ناوخۆیی وڵاتان دەبات" بەڵام ئەم کەمبونەوەیە ڕەوتێکی توندی نابێت. حکومەتەکان لە تەکنۆلۆژیا باڵاکانی وەك پشکینین لە فەزادا, هەوڵی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی نێوەنجیانە دەدەن، بەڵام لەبەرامبەردا ڕەوتی بەمۆدێرن کردن هێواش دەبێت وجبەخانە و کارگەکانی چەکسازی کەمدەبنەوە . چەکە کۆکوژو وێرانکارە گەورەکان دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە، لە هەندێ ڕووەوە ڕەوتی بەرفراوانبونیان پێچەوانە دەبێتەوە.

ئەو جیهانەی کە وێناکرا تەواوکەری پۆزەتیڤانەی جیهانی ئەمڕۆیە. لەم جۆرە جیهانەدا ویلایەتە یەکگرتوەکان هەروا درێژە بە پشتیوانیکردنی دیمکراسی و بازاڕی ئازاد دەدات و لەڕوی سەربازیەوە بەهێز دەبێت, بەڵام ڕەوتیهێزەکانی لەگەڵ ئەو جیهانەی زیاتر مەیل و ئارەزوی لەئاشتییە هاوهەنگاو دەنێت. ئەو هەنگاوانەی ئەمریکا بۆ سنوردارکردنی خۆی دەینێت یارمەتی دەدات بۆ پێشگرتن لە دروستبونی مێملی سەرسەخت یان گروپی ناوچەیی، کە لەگەڵ ئەمریکادا بکەونە جەنگ و کێبرکێوە .



www.pertwk.com

***نەتەوە خوازی و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی:***

تایبەتمەندی ئەو جۆرە جیهانە بەرهەڵستیکردنی یەکپارچەیی ئابوری جیهانی و دروستبونی ناچاریانەی بلۆکە ناوچەیەکانی هێز و پەڕەگیری ئارەزوی نەتەوەییە. جیهانێکی لەو جۆرە قەیرانێکی دارایی جیهانی دور و درێژ یان کارەساتێگی ژینگەیی، تەکنۆلۆژیی, گەڕانەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی بەرفراوانی دژ بەجیهانیبون و خۆبەباشترزانینیی خۆرئاوایی (بە تایبەت لە بەرامبەر ئەمریکادا) بەدوادا دێت .

لەم سیناریۆیەدا ئابوری جیهان گەشەدەکات، بەڵام ئاستی ژیانی زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە حاڵەتی گەشەکردندان کەمدەبێتەوە. شکستهێنانی وڵاتەکان لەبەدیهێنانی داخوازیە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەهۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و سنورداری سەرچاوەکان، لەزۆر لەوڵاتەکانی جیهاندا پشێوی و نائارامی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت. بە تایبەت ئەمریکای لاتین و ئاسیاو ئەفریقیا دوچاری نائارامی کۆمەڵایەتی دەبن, چونکە ئەو ناوچانەی جیهان زۆر بەتوندی وابەستەن بە بازاڕی هەناردەکردن و سەرچاوە دەرەکیەکانەوە, ئەوەشی کە ناو دەنرێ ( ڕای گشتی واشنتۆن– Washington Consensus ) و پشتی بە بنەمای بڕوای هێزی پاشەکەوتی بازرگانی جیهانی و دامەزراوە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان بەستوە, کۆتایی دێت. لە جیاتی ئەوە دەوڵەتان هەوڵدەدەن هاوڵاتیانی خۆیان لەبەرامبەر کاریگەرییە ناهەموارەکانی بازرگانییە فرە کۆنترۆڵەکان و تەوژمی سەرمایەو فراوانبونی تەکنۆلۆژیا بپارێزن. زۆربەی وڵاتان, کە لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتوەکان یەکێك بێت لەوانە, وەك یاسای بنەڕەتی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی واز لە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیە بازرگانیەکان دەهێنن. بەشی سەرەکی گەشەکردنی جیهان, واتە هاتوچۆی نیمچە ئازادی بازرگانی و سەرمایە لە سنورەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو – بەهۆی زیادبونی مەترسی سەرمایەگوزاری

www.pertwk.com

و دانانی کۆسپی بازرگانی بۆ پاراستنی بەرهەم و بەروبومە ناوخۆیی‌یەکان – سست و لاواز دەبێت .

یەکێتیە سەروناوچەیی‌یەکان – لەوانەیە پەیمانێکی سیاسی‌و ئابوریانە ( نەفتا ) لەگەڵ ئەوروپادا– یان لەگەڵ بلۆکی ناوچەی ئەمریکای لاتین پێکبهێنن . ئاسیا، لەگەڵ بەرزبونەوەی بەرچاوی ڕادەی پاشەکەوتی ناوخۆیی و ڕوولەزیادبونی دانیشتوانی, هەوڵدەدات سەرچاوەی بنەڕەتی هەرێمایەتی گەشەی خۆی بدۆزێتەوە. خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەحوکمی ئەوەی جیهان وابەستەی پەیداکردنی سەرچاوەکانی سوتەمەنی وەك نەوت و خەڵوزی( بەردین )ە, بۆیە ئەو ناوچەیە دەبێتە سەنتەری سەرەکی سەرنجی وڵاتانی جیهان و دەبێتە سەرچاوەی کێشمەکێشەکان. بەڵام سیاسەتی پاراستن لەگەڵ مەیلی نەتەوەخوازی کورتبینانە زۆرترین شوێنەواری زیانبەخشی خۆی دەخزێنێتە ناو ئەو ناوچانەوە, ئەمەش هەمان ئەو قۆناغەیە کە زۆرترین مەترسی‌و ڕوبەڕوبونەوە و کێشمەکێشی بەدوادادێت . بەزیادبونی سیاسەتی پشتیوانیکردن زۆربەی وڵاتان چاودێری و بڕیاری جۆراوجۆر بەسەر بەرفراوانبونی داهێنانە نوێکاندا دەسەپێنن. ئەو کۆنترۆڵکردن و بڕیارانە دەبنەهۆی سستبونی گەشەکردنی ئابوری و شوێنەواری بەنێودەوڵەتیبونی شۆڕشی زانیاری تا ڕادەیەك سنورداردەکەن. لە دیدی جیهانیەوە ئینتەرنێت دابەش دەبێت و تۆڕی لۆکاڵی وڵاتانی گەشەکردو جێگەی ئەو دەگرێتەوە. وڵاتان و کۆمپانیاکان و کەسانی‌تریش سودێکی ئەوتۆ لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتر نابینن . ئەوانە لە جیاتی بەشداریکردن لە زانیارییەکاندا قۆرغی دەکەن .

لەم جیهانەدا جێگۆڕکێی فراوانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی ئەنجام دەدرێت. نەتەوەخوازی و کێشمەکێشی نەتەوەیی چ لەڕوی ژمارە و چ لەڕوی گرنگیەوە زیاد دەکەن . لە هەندێ وڵاتانی گرنگدا گۆڕانکاری سیاسی گرنگ ڕودەدات، کەدواتر دەبێتە هۆی دامەزراندن و سەرهەڵدانی ڕژێمی نائاسایی



نەتەوەپەرست و بونیادگەرایی مەزهەبی وتەنانەت فاشستیش. هەندێ لەوڵاتە گرنگەکان دابەشدەبن یان دوچاری شکست دێن, کە ئەمەش دەبێتە هۆی قەیرانی ناوچەیی توندوتیژو کارەساتی مرۆیی وبڵاوبونەوەی ئامڕازە جەنگییە مەترسیدارەکان .

لەوسەروبەندەشدا تواناسەربازیەکان و هاوپەیمانیە سەربازیەکان گرنگی‌زیاتر پەیدا دەکەن. بەدڵنیایشەوە چونکە دەوڵەتان سودی زۆر لە بەکارهێنانی هێزە سەربازیەکانیان وەردەگرن، بودجەی ئەو هێزانەی خۆیان زیاد دەکەن. لەگەڵ پێشکەوتن لەبواری تەکنۆلۆژیای سەربازیدا لە نانۆتەکنۆلۆژی، پیشەسازی، وردەکاری و کاری نهێنی دژ بەجاسوسییش پیشکەوتنی بەرچاو بەدەستدێت . هەروها چەکە کۆکوژەکان زیاتر پەرەدەسێنن و هەندێك لە وڵاتە بچوکە ناوچەیی‌یەکان خۆیان بەو جۆرە چەکانە پڕچەك دەکەن. هاوکاتیش بواری بۆشایی ئاسمانیش دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی خۆپڕچەك کردن. ئەو وڵاتانەی خاوەن تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوترن لە فەزادا پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتری دەکەن .

جیهان لەم سیناریۆیەدا تەواو نیگەتیڤی دنیای ئەمڕۆ دەبێت . لەسەرەتادا هیچ وڵاتێك لە ڕوی ئابوری‌و سەربازییەوە هاوشانی ویلایەتە یەکگرتوەکان نابێت، بەڵام لەماوەی پانزەساڵدا ژمارەیەك مێمڵی ئابوری ناوچەیی پەیدا دەبن و مێملێکی گەورە یان ئیئتیلافێکی دوژمنانەی پڕچەك بە هەموو جۆرە کەلوپەل و ئامرازێکی سەربازی بەرچاوەوە ئەمریکا بەرەو ڕوبەڕوبونەوەو جەنگ دەبات. ئەمریکابۆحاڵەتی کتوپڕو پێویست هێزێکی سەربازی گەورە – هێزی کاردانەوە و بڵابونەوەی خێرا لە ئاستێکی بەرفراوان و خاوەن پیشکەوتوترین ئامڕازی جەنگی – دەسەبەردەکات، کەتوانای وەڵامدانەوەی جەنگە کتوپڕەکانی هەبێت، (لەوانەش ڕوبەڕوبونەوەکانی نێوان وڵاتانی جیهان لەئایندەدا) .

www.pertwk.com

## بەجیهانیبونی سەرکەوتوانە

لە جیهانێکدا کە سەرکەوتوانە یەکپارچە بوبێت، ئابوری جیهان لە ڕەوشێکی بێنمونەدا گەشەدەکات. تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لە سەرانسەری جیهاندا بڵاودەبێتەوە و ئابوری هەموو وڵاتان (جگە لە هەندێ وڵات کەبە پەنجەی دەست دەژمێردرێن) تۆڕی بازاڕی جیهانی پێکدەهێنن . بازرگانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان هاوکات لەگەڵ بزاوتی سەرمایەدا بە هەموو جێگایەکی گێتیدا بڵاودەبێەوە و بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی ئابوری نوێ چەندین دامەزراوەو هاوکاری نێودەوڵەتی پێکدێت .

لەسەر ئاستی نەتەوەیی , وڵاتەکان لەتوانایاندا دەبێت نەخشەی سیستەمی حوکمەتی پێویست بکێشن بۆ پشتگیری لە جێگۆڕکێی گرنگی ئابوری و ململانێ کۆمەڵایەتیەکان . ئەوان سیاسەتێك دەگرنەبەر کە گەشەکردنی ئابوری ئاسان بکات. هەروەها وڵاتەکان بڕیاری ئابوری و سیستەمی مافناسی گونجاو هەڵدەبژێرن. سەرەڕای سەرهەڵدانی هەندێك بەرەنگاری کە ڕێگریانە، وڵاتانی سەرانسەری جیهان بەرەو بازرگانی ئازاد هەنگاو دەنێن . ئاسایشی بەکۆمەڵیش لەجیهاندا فراوان دەبێت، پشتیوانی لە ئازادی سیاسی دەکرێ .

لە دیدی ئابورییەوە، پێشبینی دەکرێت گەشەسەندنی ئابوری وڵاتانی گەشەکردو ساڵانە (2٪) یان زیاتر بێت ، بەڵام ئەو وڵاتانەی لەحاڵەتی گەشەکردندان پەرەسەندنی ساڵانەیان ( 5٪ ) تا (6٪) بێت . بەشی ئەو وڵاتانەی لە حاڵەتی گەشەکردندان لەبەرهەمهێنانی خۆماڵی ناوخۆی جیهان لەبەشی وڵاتە گەشەکردوەکان زیاتر دەبێت . باجەکان کەمدەبنەوەو بازرگانی لە سەرانسەری دونیادا زیاتر دەبێت . ڕێژەی وزە بە جێگیری دەمێنێتەوە، تەنانەت بەهۆی تازەگەری تەکنیکەکانەوە کەمدەبێتەوە. لەهیچ شوێنێکی ئەو سەر زەمینانە یان وڵاتانی پیشەسازیدا چەقبەستنی درێژخایەن ڕونادات و هیچ بەرەنگارییەکی گرنگی ئەوتۆش لە نێوان وڵاتەکان یان لە ناوخۆی وڵاتەکاندا ڕونادات، کە ببێتە



هۆی ناجێگری ئابوری جیهانی یان بزاوتی دارایی. هەندێ هەڕەشەی نەتەوەخوازی هەروا دەمێننەوە " لەوانەش هەڕەشەی پەیڕەوانی ڕەگەزپەرستی، تیرۆرستان، قاچاغچیانی مادده سڕکەرەکان و هەندێ لە تاوانکاران . ژێرخانە ئابوریەکانیش قابیلی ئەوەن زیانیان پێبگات، بەڵام بەهۆی سنورداری ژمارەی گروپە نارازیەکان و کارەخۆبەخشەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی مادده ترسناکەکان ئەو زیانانەی بەر ژێرخانی ئابوری دەکەون کەمتر دەبێت و ڕوو لە کەمی دەکات .

یەکپارچەیی ئابوری جیهانی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و تواناکانی دەوڵەت لە کارکردنەسەر ڕوداوەکان جیهان دوچاری گوڕانکاری بنەڕەتی دەکات . لەڕاستیدا زانیاری و توانا ئابوریەکان دەبنە شتێکی جیهانی، بەڵام هێزی سەربازی و سیاسی بە شێوەیەکی تەواو هەروا تایبەت دەبن بە وڵاتەکانەوە . جگە لەوەش ڕێکخراوە فرەڕەگەزو و ناحکومیەکان نفوزی زیاتر پەیدا دەکەن .

خەڵك و حکومەتانی ئەو جۆرە جیهانە لە ئامانجەکانی وەك دابەشکردنی نیمچە لۆژیکی و یەکسانی دەرامەت، هەلی خوێندن ، کارکردنی یەکسان ، چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکیەکان ، سیاسەتی ژیان لە ژینگەیەکی گونجاو و مافەکانی مرۆڤدا بەشدار دەبن . لانی کەم هەموو خەڵکی بەهرەی یەکبون و پێکەوە گرێدراوی تۆڕئاسا وەك سروشتی دوەمی خۆیان پەسەند دەکەن و بونیادە سیاسیو ئابوریەکان بە شێوەیەکی زۆرو بەرچاو بڵاودەبنەوە. ئەم هەلومەرجە هەلی بەشداربونی سیاسیانەی زۆرتر بەیەك بەیەکی هاوڵاتیان دەبەخشێت .

دامەزراوەکانی ئاسایشیی سەرانسەری جیهان و ویلایەتە یەکگرتوەکانیش لەبەرامبەر هۆکاری دوالیزمانەدا دەوەستن . پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیەکان و گەشەکردنی ئابوری زەمینەی لەبارتر بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەکە پێشکەوتوەکان دەرەخسێنێ، بەڵام جیهان بەئاڕاستەیەکدا کامڵ دەبێت کە

هەڕەشەکان زۆر کەمدەبنەوە و ئەگەری جەنگی نێوان دەوڵەتەکان وردە وردە کەمتر دەبێتەوە . ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان یان دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەو, کە لە نوێنەرانی وڵاتانی جیهان پێکدێت, لە بەرگرتن لە بەرەنگارییەکان و چارەسەری کێشەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت . لەلایەکی دییەوە, چونکە سەرچاوەکان بەرەو بەرنامە کۆمەڵایەتی‌یەکان وپاراستنی ژێرخانە هەستیارەکان ئاراستە دەکرێن , لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر بۆ کەمکردنەوەی بودجەی بەرگری دەکرێت . هێزە سەربازییە کلاسیکیەکان سنوردار دەکرێن . بۆشایی ئاسمان دەبێتە قەڵەمڕەوی هاوکاریکردنی ڕژێمە نێودەوڵەتیەکان و بڵاوبونەوەی چەکەکۆکوژەکانیش کۆنترۆڵ دەکرێت .

لەم سیناریۆیەدا ئەمریکاش بۆ بەرەوپێشبردنی هاریکاریەکان لەڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانەوە هاریکاری چالاکانەی دەوڵەتانی جیهان دەکات . لەڕوی سەربازییەوە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەمەبەستی وەڵامدانەوەی هەندێ هەڕەشەی پاشماوە هەنگاوی بەریگریکارانە دەنێت . لەبەر ئەوەی ئەمریکیەکان لە ڕێگەی ڕێکخراو و کارە نێودەوڵتیەکانەوە، کەلەسەر بنەمای هاریکاری کردن زیاتر پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن ،بێزاربون لە فەرهەنگی خۆرئاوا و ئەمریکا پاشەکشە دەکات .

### ***دابەشکردن و ڕوبەڕوبونەوە :***

ئەوجیهانەی کەبەسیفەتی دابەشکردن و ڕوبەڕوبونەوە جودای دەکەینەوە، لەوانەیەبەچەندشێوەیەکی جۆراوجۆر دەرکەوێت. یەکێك لەوڕێگایانە بڵاوبونەوەو فراوانبونی بێکۆنترۆڵی تەکنۆلۆژیایە, بەجۆرێ کە سنوردارییەکانی ماف و مۆراڵی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان نادیدە دەگیرێت . ڕێگەیەکی دی گرنگی پەیداکردنی کێشمەکێشمەکان لەڕەوتی بەجیهانیبوندایە, کەچەقبەستنی ئابوری



www.pertwk.com

جیهان فاکترەو لەئەنجامدا شڵەژانی گێتی لێدەکەوێتەوە . سێیەمین فاکتەر دەکرێت پرسی قەیرانی ژینگەیی جیهانی ئاوێتە بێت . ئەم سێ فاکتەری سەرچاوەی دابەشکاریی و ئاژاوەو شڵەژانە لەوانەیە هەرسێکیان هاوکاتی یەك بن و یەکدی بەهێز بکەن .

لەجیهانێکی لەمجۆرەدا بەهەرهۆیەکەوەبێت گەشەکردنی ئابوری جیهان بەکەمترین ئاست دەگات. سەرمایەگوزارانی کەرتی تایبەت لەسەرانسەری جیهاندادوچاری قەیرانی قوڵی بێمتمانەیی دەبن . سەرمایە گوزارانیش سنوردار دەبێت وبەهۆی کەمبونەوەی خواست لەبازاڕو زۆربونی سیاسەتی پاراستنی کاڵا، بازرگانی زۆر کەمدەبێتەوە و دامەزراوە قەرزبەخشە نێودەوڵەتیەکان پێویستیان بەدراوی نەختینە دەبێت .

پێکەوە ژیانی ژمارەیەکی کەمی هەندێ وڵاتانی پێشکەوتوی تاڕادەیەك بێنیاز (بەشێوەیەکی گشتی خۆرئاوایی) و سەرهەڵدانی گروپی گەورەی وڵاتانی هەژار لە تایبەتمەندیەکانی ئەو جیهانە دەبێت . وڵاتانی سەربەگروپی دواییان هەروا ڕوبەڕوی ژمارەی دانیشتوانی زۆر و کۆنترۆڵنەکراو، ژینگەی وێران و بنەمای ئابوری پارچە پارچە کراو دەبێتەوە. بنەمای باڵای نێودەوڵەتی کەلە ئینتەرنێتدا هەن پشتگوێ دەخرێ و لەجیاتی ئەوەی زانیاریەکان فراوان بێت و هەموو کەسێك بەشداریان تێدابکات هەمویان دەبنەی زانیاری کۆدکراو و تەنها بۆ کەسانی تایبەت تەرخان دەکرێ . زۆر لەوڵاتانی تازە گەشەکردو لە مافی دەستڕاگەیشتن بە داهێنانە تەکنۆلۆژیا نوێیەکان بێبەش دەکرێن “ ئەمەش بەوبیانوەی کە ئەو وڵاتانە توانای داراییان نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیا تازانە, یاخود ناتوانن تەکنۆلۆژیاکان بەڕاستی کۆنترۆڵ بکەن . لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا گۆڕانکاری تەکنۆلۆژیا تایبەتیەکان, بەتایبەت داهێنانەکانی بواری ژینگە, لێکۆڵینەوە ئەخلاقی‌یەکان دەربارەی بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانە بەلاوەدەنرێن.

چینێکی‌نوێ لە تاوانکارانی تەکنۆلۆژیای ژینگەیی و تیرۆرستانی کۆمپیوتەری دێنەمەیدان و لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتە دابەشکراوەکان و ناپابەند بەمۆراڵەوە پەیوەندی دەبەستن. گروپە نەیارەکان و ئەوانەی کە تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ دروستکردنی مەترسیدارترین ئامێرازی جەنگی بەدەستدەهێنن هەندی جار ئەو چەکانە بەکاردەهێنن.

زۆربەی وڵاتەکان لەسەرپرسە نەتەوەیی و کەلتوری و مەزهەبییەکان توشی پەرتەوازەیی‌و ناکۆکی‌و لەبەریەك هەڵوەشانەوە دەبن. جیاوازی بەرژەوەندیەکان دەبێتەهۆی ڕوبەڕوبونەوەی گروپەکانی کۆمەڵگاو وڵاتانی ناوچەکە یان لەوانەیە شەڕی ئەو گروپانە تیژتر بکات . ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان (ئەو ئاوارانەی کە بەهۆی شەڕەکانەوە پەیدادەبن) دەبنەهۆی کارەساتی مرۆیی گەورە، کە کێشەوگرفتی ژینگەیی بە دواوە دەبێت. جەنگی سەربازییانەی وڵاتەکان لەگەڵ یەکدی و لەناوخۆدا زیاد دەکات .

سەربازگیری تایبەتی و ناودەوڵەتی زۆرتر دەبێت و ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی دی دامەزراوەکانی ئاسایشی کاڵ دەبنەوە. دامەزراوە سەربازیەکان لەسەرانسەری جیهاندا ڕوبەڕوی جۆرەها هەڕەشە دەبنەوە. ئەو ڕاستیەی کە هەندێك لە دامەزراوە سەربازی‌یەکان ڕەگوڕیشەیان هەیە و هەندێکی دییان بەو شێوەیە ڕەسەن نین دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی هێزو هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندنداو جەنگی وێرانکەری بەدوادایێت .

ئەوهێزە سەربازیانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان، کەهەندێکجار بۆ ئەرکی مرۆڤدۆستانەو پرۆسە ناسەربازیەکان بەکاردەهێنرێن, چەندین وڵات بەتەنها یاخود بەیەکەوە لەهاوپەیمانیەکدا هەوڵی لەناوبردنی دەسەڵاتی دەدەن . لەتەواوی ئەم خولەدا ویلایەتە یەکگرتوەکان لەپێناوی نوێکردنەوەی هێزە سەربازییەکانیدا سەرمایەگوزاری زەبەلاح دەکات، بەڵام سنورداری گەشەی



www.pertwk.com

ئابوری ڕادەی بودجەی نیزامی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. لەو هەلومەرجەدا سیاسەتی بەرگری و دەرەکی ئەمریکا دوچاری تەنگانە دەبێت. هەروەها ئەمریکا زۆر خۆی بەتەنها دەبینێتەوە وبۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی خەبات دەکات.

لەم سەروبەندەدا هێرشە مەرگچێنەکانی تیرۆرستان بە چەکی کۆکوژ و وێرانکار بۆسەر شارەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان پشتگیری زۆر بۆسیاسەتەکانی ئەمریکا دەسەبەردەکات. ئەمریکاش لەڕوی تۆڵەسەندنەوەوە دەست دەکات بە سزادان و وشککردنی ڕیشەو سەرچاوەکانی ئەو جۆرە هێرشانە. بەڵام ئەوهەنگاوانە وەك خۆدزینەوەو دەستکێشانەوەی ئەمریکا وایە لە پەیماننامەکانی لەجیهاندا، لەبەرئەوە گۆی زەوی ،کەخۆی قوربانیی دابەشکاری و هێرشەکانە، لەگەڵ بێبەشبون لە نیازپاکی و بەشداری چالاکانەی ئەمریکا بۆ ڕابەرایەتی کردنی جیهان بەرەو سەردەمێکی تازەی دەستبەتاڵی و توندوتیژی و ترس و دڵەڕاوکێ شۆڕدەبێتەوە .

### ***ئایندەیەکی پارچە پارچە :***

هەریەك لەوسیناریۆیانەی کە پێشتر باسمانکردن کۆمەلێك گریمانە بون و بۆخستنەگەڕی توناکانی هزر دروست کراون . ئەو سیناریۆیانە هەموو گریمانەکانی ئایندەمان لەخۆناگرێت. دروست وەك ئەوەی جیهانی ئەمڕۆ بەیەکگرتویی پیشاندەدات, دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کەئارەزوەکانی ئایندە پێکەوە ئاوێتەبن ولە جیاتی یەکگرتویی و هاوئاهەنگی دەرەنجامێکی پارچەپارچە بێننە ئاراوە .

ئاشتی دیموکراتیانە دنیایەکە دەتوانین لەبارەی ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ دیمکراسی تێیاندا ڕەگوڕیشەی بەهێزی هەیەو سیاسەتی ئابوریان پشتی

www.pertwk.com

بەبنەمای بازاڕ بەستوە بەڕاست دابنێین . لەوانەشە بەشێکی دیاریکراوی ئەو وڵاتانە بەدنیای ( بەجیهانبونی سەرکەوتوانە ) بگەن . ئەو گروپە وڵاتە هەروا لەوانەیە لەگەڵ یەکتردا جیاواز بن و وەك بەشێك لەهەڕەشەیەکی جدیش دەرکەون, بەڵام بەهۆی چەند ئامادەکارییەکی ئاشتی ئامێزەوە چارەسەر کردنیان مومکین دەبێت . بەهەرحاڵ ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی گەورە لە نێوان ئەو گروپەدا زۆر کەمە .

بۆ وڵاتە دیموکراتیەکان و ئەوانەی خاوەنی ئابوری وەستاو لەسەر بازاڕی ئازادن چاوەڕوانی ئایندەیەکی ڕەشبینانە دەکرێت . بۆ ئەوانیدی ئەم ئایندەیە چاوەڕانی ڕودانی شتی زۆرتری لێدەکرێت . کۆمەڵ و حکومەتەکان خۆیان لە دوڕیانی هەلی نوێ و داب ونەریتە کۆنەکاندا دەبیننەوە . بە تایبەت ئەوەی کەلەبیست وپێنجساڵی ئایندەدا بەسەر وڵاتانی وەك ڕوسیا ، چین ,هیندستان ، ئەندۆنوسیا, فلیپین , ڤێتنام , کۆریای باکور , مالیزیا , تایلەند , میسر , ئێران , تورکیا ،پاکستان , مەکسیك , بەرازیل، ئەفریقیای باشور و نایجیریادا دێت زۆر گرنگ دەبێت . ئەو وڵاتانە خۆیان لەناوچەیەکدا دەبیننەوە کە تایبەتمەندیەکەی نەتەوەخوازی وپاراستنی بەرهەمی ناوخۆییە، یان تەنانەت خاسیەتی سیناریۆی دنیای دابەش و دەرگیریان هەیە، ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی گەورە لە نێوان وڵاتانی ئەم سنورەدا زۆر زۆرە .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەر چوار سیناریۆکە ،ئەڵبەتە بە شێوەیەکی تەواونا، پیادەدەکرێن و جیهان لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا جگە لە مەسەلە ئابوری‌یەکان لە ڕوی کاریگەریەکانی دەسەڵاتدارێتی جیهانی‌یەوە ناوچەبەندی دەکرێت .

لەوانەیە ئەوەی لە هەموو شت زیاتر گرنگی هەبێت ئاوەژوبونەوە بنەڕەتیەکانی گێتی بێت . جیهانی ئەمڕۆ کەموزۆر بەسەر دوو ناوچەی ئاشتی



دیموکراتی و دەردەسەریە درێژخایەنەکاندا دابەش بوە . ئایا زۆربەی وڵاتانی ناوچەی ئاشتی دیموکراتی دەگۆڕێن بۆلایەکەی دی ، یان ئایا زۆربەی ئەندامانی ناوچەکە ڕێگەی خۆیان بەرەو ئاشتی دیموکراتی دەگرنەبەر ؟! ئایا پەیوەندی نێوان بەشەکانی ئەم جیهانە دابەشکراوە چۆن دەبێت ؟! وەك ناوچەیەکی ئارام و بەختەوەر دەبێت , دور دەبێت لە ئازارو دڵشکان و ئاوارەیی‌و نەخۆشی ناوچە سەخت و پڕئاژاوەکان ؟! . ناتوانرێت بە تەواوی وەڵامی هیچ یەك لەو پرسیارانە بدرێتەوە، چونکە تا ئەندازەیەك ئایندە پەیوەندی بە سیاسەت و ئەو ڕێنماییانەوە هەیە کە وڵاتانی جیهان پەیڕەوی دەکەن. ئەو ڕۆڵەشی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەیگێڕێت گرنگە، بەڵام دەبێت ئێمە بەوەندە کۆتایی پێبهێنین، چونکە ئەوە بابەتی بەشی دوەمی گوزارشتی ئەم لیژنەیەیە .

www.pertwk.com

## بەشی پێنجەم

# بابەت و پەیامە بنەڕەتییەکان

و: دلاوەر عەبدوڵڵا

شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەکانی پێشومان بۆپێشهاتە گشتیەکانی ئەوجیهانەی کەپەیدادەبێت ودەربارەی ڕۆڵی ئەمریکا لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا , بەمجۆرەی خوارەوە ڕێنمایی دەکات :

***ئـەمریکا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە هێرشـی دوژمنـان بۆسـەر خـاکی باوبـا پیرانی دوچـاری زیـان دەبێـت ، باڵادەسـتی سـەربازی ناتـوانێـت ئـەو ئەمانەتـە گرانبەهایـە لەهێرشـی دوژمنـان بپـارێزێ و توانـای بەسـەر پاسەوانی و پاراستنی ناوخۆ و دەرەوەدا ناشکێ .***

ویلایەتە یەکگرتوەکان بە شێوەیەکی ڕەها یان ڕێژەیی لە هەر وڵاتێکی دی یان لـە گروپێـك لـە وڵاتـان بـەهێزتر دەبێـت . هەرچـەندە زۆر دورە تـا بیسـت و پێـنج ساڵی ئایندە هیچ مێملێکی جیهانی بۆ ئەمریکا پەیدا ببێت, بەڵام ئەو هێزانەی کە بەتەنها یان لە چوارچێوەی ئیئتلافدا لە دروستبون و دەرکەوتندان بە شێوەیەکی زۆر و بەرچـاو مـافی هەڵبـژاردنی ناوچـەیی ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکاو



نفوزی ستراتیژی ئەو وڵاتە سنوردار دەکـەن . لـە ئەنجامیشـدا ئێمـە بۆ سـەپاندنی ویستەکانی خۆمان پشت بە تواناکانی خۆمان دەبەستین، لـە بەرامبـەر زۆرێك لـە هەڕەشەکردن لە دانیشتوان و هێزە ئەمریکاییەکان ، چ لە نـاوخۆ یان لـە دەرەوەی وڵات بێت , دوچاری زیان دەبین. لـە دەرەوەی ئـەمریکا کەموکوڕیـەکانی ئـەم وڵاتـە هـەم مایـەی پێشـوازی لێکردنـە وهـەم دەبێتـە مایـەی نیگـەرانی، چـونکە لەوانەیـە هێزی فەرهەنگی و ئابوری و سیاسی ئێمە بەرفراوانتریش ببێت .

وڵاتانی دوژمن و تیرۆرستان و گروپە ناڕازییەکانی دی دەستیان دەگاتە چەکە کۆکوژەکان و دەستدەکەن بە ئاژەوەو پشێوی گشتگیرانە، تەنانەت هەندێکیان ئەو ئـامرازە جەنگیانـەش بـەکاردەهێنن . لەبەرئـەوە ئەگـەری دوچـاری جـەنگبونی ئەمریکا لە خاکی بێگانەداو کوژرانی ژمارەیەکی بێشمار زۆر زۆرە .

***پێشـکەوتنی خێـرا لـە بـواری زانیـاری وتـەکنۆلۆژیای ژینگەییـدا ( بیۆتـەکنۆلۆژی ) ئاسایشـی ویلایەتـە یەکگرتوەکانی ئـەمریکا لەچەند گۆشەیەکی نوێوە دوچاری زیان دەکات.***

ئەوحکومـەت و گروپانـەی کـە چـاوی پـڕ تـەماعیان بڕیوەتـە ئـەمریکاو بەرژەوەندییـەکانی تـەکنۆلۆژیای پێشـکەوتوو بەدەسـتدەهێنن . ئەوانـە نیـازی ئـەوەیان دەبێـت لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی ئـەو تەکنۆلۆژیایانـەوە لەهێرشـە چاوەڕوانکراوەکانیاندا پێشکەوتوی سـەربازی ویلایەتـە یـەکگرتوەکان پوچـەڵ بکەنـەوە . جگـە لـەوەش کۆمـەڵی ئێمـە لەگـەڵ زیـادبونی وابەسـتەبونی بـە تـەکنۆلۆژیای پشتبەسـتو بەزانسـت بۆبەرهـەمهێنانی شمـەك و خسـتنەڕوی خزمەتگوزاری لەبەرامبەر ئەوجۆرە هێرشانەدا جۆرێك زیانی نوێی بەردەکەوێت .

### تەكنۆلۆژیای نوێ فاكتەری جیابونەوەی هاوڵاتیانی وڵاتانی جیهان و لەهەمانكاتیشدا نزیكبونەوەیان دەبێت .

لە سەدەی داهاتودا خەڵكی سەرانسەری جیهان، بە وڵاتە پێشكەوتوەكان و ئەوانەی لە حاڵەتی گەشەكردن و ئەوانەشی وڵاتی دواكەوتون, دەتوانن لە یەك كاتدا پەیوەندی لەگەڵ یەكتری بەرقەرار بكەن و زیاتریش سود لە تەكنۆلۆژیا نوێیەكان وەربگرن . چینێكی فرە ڕەگەزی پێكهاتوو لە كەسانی ئاشناو لێزان لە ئاڵوگۆڕی كۆمپیوتەری و زانیاری سەرهەڵدەدەن و شاهێدی جموجۆڵی كۆچی زۆرتری دەستەبژێری پەروەردەكراوی وڵاتانی كەمتر پەرەسەندو دەبین بۆ وڵاتانی زیاتر پێشكەوتوو. بەشێوەیەكی زۆربەربڵاو لەبەردەم تەوژمی خێرای زانیاریدا دەبین ولەوسەروبەندەدا كاتێكی ئەوتۆمان بۆ تەكنۆلۆژیاو ڕاڤەكردنی نابێت . ڕێگەكانی چارەسەركردنی نەخۆشی‌یەكان و درێژكردنەوەو بەرزكردنەوەی ژیان و باوەڕهێنانی ڕێكوپێكی ژیان فێردەبین و لەبەرامبەر پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیاكانی ژیاندا لەگەڵ كۆسپ و تەگەرەی مۆراڵیدا یەخگیر دەبین , چونكە پەسەندكردنی زانستی تەكنۆلۆژیا مۆدێرنەكان چەندین كێشەو كەلێنی مۆراڵی و فەرهەنگی و ئابوری بەدوی خۆیدا دێنێت. تا ئەو شوێنەی كە لەتوانادا بێت ( وتەنانەت ئەگەری زۆریشی لێدەكرێت) لەوانەیە گەڕانەوە بۆ دژایەتیكردنی تەكنۆلۆژیاش ڕوبدات .

### ئاسایشی نەتەوەیی هەموو وڵاتانی پێشكەوتوو بە جۆرێكی فراوان دەكەوێتە ژێركاریگەری زیانەكانی ژێرخانی ئابوری جیهانی ئایندەوە .

پێشبینی و بەڕێوەبردنی ئایندەی ئابوری گرانتر دەبێت. دەركەوتن یان بەهێزبونی كاراكتەرانی گرنگی ئابوری جیهان دەبێتە هۆی دوبارە



www.pertwk.com

ڕێكخستنەوەی دەسەڵاتی ئابوری . گەشەكردنی سەرجەم ئابوری جیهان بە شێوەیەكی نایەكسان بەردەوام دەبێت . هاوكاتیش یەكبون و پارچەپارچە بونی ئابوری لەیەكاتدا دێتەدی . چەقبەستنی ڕاستەقینە، چاوەڕوان نەكراوی ئابوری، پەرتەوازەیی زۆری سامان، تەوژمی بزاوتی سەرمایەگوزاری، بەریگریكاری زۆری ژێرخانی ئەلكترۆنیكی جیهانی، نائارامی كۆمەڵایەتی، كاركردن و پێداگرتن لەسەر پاراستنی زیاتری بەرهەمە ناوخۆییەكانیش لەئارادا دەبن . زۆربەی زۆری وڵاتان دەوڵمەندتر و هاوكاتیش باشتر بەرگەی زیان دەگرن . زۆربەی كۆمەڵگاكان سەرمایەی مرۆیی و هاوئاهەنگی كۆمەڵایەتی پێویستیان بۆ سودمەندبونی زۆر لە تەكنیكە نوێیەكان نابێت . ناكامییەكانیان گەورەو هەندێكجاریش مەترسیدار دەبێت . بۆ زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتوو ئەو هەڕەشانەی ئاراستەی ئاسایشی نەتەوەییان دەكرێت زیاتر دەبێت و لەحاڵەتێكی تەواو سەربازیش دەردەچن .

### وزە , بەردەوامی بە گرنگی ستراتیژیانەی خۆی دەدات .

هەرچەندە نمونەكانی دابەشكردن و بەكارهێنانی وزە دەگوڕدرێت , بەڵام لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا چاوەڕوانی ئەوە ناكرێت و ئەگەری ئەوە لە كایەدانیە كە بە پێودانگی جیهانی گەواهی گۆڕانكاری بنەڕەتیانە بین لە تەكنۆلۆژیای وزەدا . لەگەڵ پێشكەوتنی ئابوری گرنگی گەشەكردو، بە تایبەت لە ئاسیادا , خواست لەسەر سوتەمەنی پەتڕۆل زۆردەبێت . هەروا لە دو دەیەی داهاتودا وابەستەیی ئەمریكا بە سەرچاوەكانی وزەی دەرەكییەوە هەروا بەردەوام

www.pertwk.com

دەبێت . جگەلەوەش بە چاوپۆشین لەو ڕوداوانەی کە کاردەکەنە سەرنرخی پەترۆڵ بازاری جیهانی نەوت هەروا پەیوەست دەبێت بە نەوتی کەنداوی فارسەوەو مەسەلەی شوێنگەی پاشەکەوتی گرنگی پەترۆڵ لە ڕوی جوگرافییەوە گرنگی خۆیان دەبێت .

### سەرانسەری سنورەکان شەفافتر دەبن و هەندێك دەچنەوەیەك هەندێکی دییان دەکشێن .

تەکنۆلۆژیا نوێیەکان هەروا فراوان دەبن وسەرانسەری سنورەکان, سەرەڕای سنورە فیزیکیو کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرنەوە. هاوڵاتیان لەگەڵ ڕەگەزە بیانیە جیاوازەکان و بزوتنەوەکانی تری جیهان پەیوەندی دروست دەکەن و پابەند دەبن پێیانەوە . پەیوەندییە کلاسیکیەکانی وڵاتان و هاوڵاتیان، تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش، ناتوانرێ بسەپێنرێت و جەخت لەسەر پابەندبون پێیانەوە بکرێت. زۆربەی وڵاتان بۆ دور خستنەوەی مەترسییەکان لە قەڵەمڕەوەکانی خۆیان ڕوبەڕوی گرفت دەبنەوە , بەڵام حکومەتی ئەو وڵاتانە هەروا پابەندی پاراستنی یەك پارچەیی و سەروەری وڵاتەکانیان دەبن . پەیوەندییە جیهانییەکان وادەکات کە بیروباوەڕە گەورەکان بە خێرایی بەسەرانسەری جیهاندا بڵابێتەوە .لەوانەیە ئەو بیروباوەڕانە ماهیەتێکی مەزهەبیان هەبێت، هەندێکیتر بیروباوەڕی مرۆڤانەی باڵا و مەرۆڤ دۆستی و بیروباوەڕی پاراستنی مافی مرۆڤ بن . کرۆکی ئەو ئایدیاڵانە هەرچۆنێك بێت زەمینە بۆ هەنگاونانی گروپێك خۆش



دەکات کەدورتر لەسنورەکانەوە کاریگەری کۆمەڵایەتیان هەبێت و بونیادی ئاسایی سیاسی کۆنترۆڵ بکات.

### فەرمانڕەوایی وڵاتان ڕوولە تەنگانە دەکات ، بەڵام هەروا بە پایەداری دەمێنێتەوە .

لە بیست و پێنج ساڵی داهاتودا سیستمی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی لێکدانەبڕاو لە نێوان دوو بەرداشی هاوسەنگ کردنی ڕاستەقینەی وەفاداری بۆ وڵاتان و ئەندێشەی دروستکردنی دامەزراوەی کاریگەری فرەرەگەزیدا دەبێت. ئەمە لە باسەکانی پەیوەست بە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، ڕێکخستنی بازاڕی دارایی، سیاسەگوزاریی نێودەوڵەتی, دامەزاوەکانی دابینکردنی ئاشتیو چەند بابەتێکی تری جیهانی هاوبەشدا دەردەکەوێت . بەم حاڵەش هێشتا هێزە جیهانیەکان، بەتایبەت هێزە ئابوریەکان، هەروا چەمکی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی لە تەنگانەدا دەبیننەوە. ئەمریکاش لەگەڵ ئەو چەمکەی کەلەمێشکی ئێمەدایە و بەهۆی باڵادەستی وردە وردەی مافەکانی نێودەوڵەتیەکانی کامڵتر دەبن، هەروەها لەلایەکی تریشەوە بونی گروپە ئۆپۆزسیۆن و تیرۆرستیو تاوانکارەکان، فەرمانڕەوایی خۆی لە تەنگانەدا دەبینێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕوایی نەتەوەیی ئەگەر بە شێوەیەکی گۆڕاویش بێت هەروا بەجێگیری دەمێنێتەوە .

### ***دابەشبون یان ناکامی هەندێك لە وڵاتەکان کاریگەری ناجێگیریی دەبێت لەسەر وڵاتە هاوسێکانی .***

چالاکی جیهانی و ناوچەیی هەمیشە وڵاتان بەیەکترەوە دەبەستێت، بەڵام دیسان ڕوداوە گەورەکان ئارامی یان نائارامی جیهان دەستنیشان دەکات . وڵاتان لەڕوی توانای سودمەندبون لە هەلەکانی تەکنۆلۆژیای ئابوری، دۆزینەوەی ژێرخانی پێویست بۆ گەشەکردنی ئابوری ودامەزراندنی بونیادی سیاسی، کە وەڵام دەرەوەی هیواو ئارەزوەکانی هاوڵاتیەکانیان بێت جیاوازن، لە ڕوی پەیداکردنی ڕابەری پێویست بۆ ڕێنمایی کردنیان لەسەردەمی نەبونی مەترسیدا جیاوازن. هەندێ وڵاتانی گرنگ لەوانەیە توانای بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو تەنگژانەیان نەبێت، لەبەرئەوە یان بەشبەش دەبن یان لەناودەچن . پەیامی ئەو پشێویانە لەنەتەوە پەرستی، توندوتیژی نەتەوەیی ومەزهەبی، کارەساتی مرۆیی، کێشە ناوچەیی‌یەکان و فراوانبونی ئامێرە جەنگییە ترسناکەکاندا دەردەکەوێت .

### ***بەدروستکردن و نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێی بەئەنقەست لەناودانیشتوانی سڤیلدا قەیرانی دەرەکی گەورە دێتە ئاراوە .***

لە بیست و پێنج ساڵی داهاتودا جەنگ لە نێوان وڵاتاندا ڕودەدات , بەڵام زۆرترین توندوتیژی لەو جەنگانەوە دروست دەبێت کەلە ڕوی ئەوسنورانەی ئێستاوە بەشەڕی ناوخۆیی دادەنرێن. لەگەڵ فراوانبونی ئارەزوی ئەوەی ئەو وڵاتانە خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن و بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتان ناتوانن خۆیان لەگەڵ واقیعیەتی ئابوری وکۆمەڵایەتی نوێدا رابهێنن , کەمینەکان توانای



www.pertwk.com

بەرگەگرتنی حکومەتی نەویستراو و ڕەگەزپەرست لەدەسدەدەن. لە ئەنجامیشدا چەندین وڵاتی تازە و ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئاڵای خۆیان بەرزدەکەنەوە و زۆربەیان هاوشان دەبن لەگەڵ کردەوەی توندوتیژی، دەوڵەتە گەورەکانیش هەوڵدەدەن کە وەڵامی نێودەوڵەتی کاریگەرو لێپرسراوانەی ئەو جۆرە پشێویانە بدەنەوە .

### ***بۆشایی ئاسمان دەبێتە ناوچەیەکی سەربازی و هەستیار و جێگەی کێبەرکێ کردن .***

سود وەرگرتن لە بۆشایی ئاسمان بۆ مەبەستی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە زیاتر دەبێت, بەڵام وڵاتانی تریش فێردەبن بۆشایی ئاسمان بۆ مەبەستی بازرگانی و سەربازی بەکاربهێنن . هەندێ وڵاتی دیش سەرنج دەدەنە سەرهەڵدانی سەتەلایت لە بۆشایی ئاسمان بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و سیخوڕیی. لەوانەیە هەمیشە کەسانێك ئامادەبن لە بۆشایی ئاسماندا سەرقاڵی چالاکی جۆراوجۆر بن .

### ***بنەماکانی جەنگ ناگۆڕێن***

سەرەڕای گەشەکردنی ئامێرە هەرە زیرەکەکان و ئامێرەکانی ڕیمۆت کۆنترۆڵ بۆ هێرشکردن، کەچی بنەماکانی جەنگ هەر ئەوانە دەبن کە ئێستاش هەیە “ ئەوانیش زیان و کوشتار و مردنە . دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەو جەنگانە وەك وازی فیلمە ڤیدیۆییەکان نابێت. ئەوەی کەدەگۆڕێت جۆری وازیکەرەکان و ئامێرەکانی جەنگە. لە حاڵێکدا هەندێ وڵات هەوڵدەدەن کە ئاستی توندوتیژی و زیانەکان کەمبکەنەوە، هەندێ دەوڵەتی دیش سەرقاڵی ئەوەیە کەڕادەی زیانەکان

بگەیەنێتە ئەوپەڕی، بە تایبەت لە دژی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی بەرگەگرتنیان بۆ زیانەکان و زایەبونی مرۆیی زۆر سنورداره .

دەزگای هەواڵگری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕوبەڕوی دوژمنی سەرسەختر دەبێتەوه و تەنانەت سودمەندبون لە سەرچاوە هەرە بەرزەکانی زانیاریش ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها پێشگیری لە هەندێك کردەی غافڵگیرانه بکات .

بیستەرە هەستیارەکان و پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکان هەروا بۆ کۆمەڵە تواناکانی دەزگاکانی هەواڵگری وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان زیاد دەبێت, بەڵام بەهۆی فراوانبونی تەکنیکی ترەوە زۆربەی وڵاتان و گروپە نەیارەکان بۆ پوچەڵکردنەوەی کردەوەی دەزگاکانی هەواڵگری ئەمریکا هەوڵدەدەن و شێوازی فریودانی جیاجیا دادەهێنن، سەرەڕای پێشکەوتویی تەکنیکی ئەمریکا سود لەوشێوازانە وەردەگیرێ . بەهەرحاڵ , لەبەر ئەوەی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی هەواڵگریانەی حوکمی مرۆڤەکان ناتوانێت هەموو مەترسیەکانی دنیای هەمیشە گۆڕاو بدۆزێتەوه، ئەمریکا بەردەوام ڕوبەڕوی بزوتنەوە و جموجۆڵە ستراتیژیەکان دەبێتەوه .

***لەسەردەمی پەیوەندی و پەیماننامە ناجێگیرەکاندا، سەرەڕای ڕێژەی سنورداری هێزە تەیارەکان بۆ جموجۆڵی سەربازی , بەردەوام داوا لە ئەمریکا دەکرێت بەشداری سەربازیانە بکات .***

گۆڕانکاری سیاسی لەدەرەوە، تێبینییە ئابوریەکان، بەرگەگری زۆرتری بنکەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەهەمو گۆشەو کەنارەکانی جیهاندا دەبنە فاکتەرتا بۆ کەمکردنەوەی بنەڕەتیانەی هێزی سەربازی لەئاسیاو ئەوروپادا



ئەمریکا لەتنگانە بهاویژن . بۆ ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانە ئەمنیەکان – کەتایبەتمەندی سەدەی بیست ویەکە – پێشئەوەی سیستمی پەیمانەکان وەك ئەوەی جەنگی دوەمی جیهان بێت، چەند گروپێکی خۆبەخشی جیاجیا دروست دەبێت .لە حاڵێکدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زیاتر لە ڕابردوو حەز لە پێکهێنانی ئیئتیلافی سەربازی دەکات, بەڵام ناتوانێت هاوبەش و هاوکاری بەتوانا بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆسە سەربازیە هاوبەشەکان بدۆزێتەوه .

***بواری ئاسایش، کە بابەتی لێکۆڵینەوەی بیست و پێنج ساڵی ئایندەیە , توانای سەربازی و ناسەربازی جیاواز دەخوازێت .***

دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ هەموو هاوپەیمانەکانیدا، سود لەهەموو توانا سیاسی وئابوری و سەربازیەکانی خۆی وەرگرێت وهەوڵ بۆ ڕێکخستن و هێنانە ئارای بارودۆخێکی ئارامی نێودەوڵەتی بدات. ئەو ناهەمواریانەی کە لەچارەکە سەدەی ئایندەدا ڕوبەڕوی ئەمریکا دەبێتەوە پێویستی بە توانایەکی سەربازی زیرەکانە، وردبینیەکی بێهاوتا، بزاوتن، ستراتیژی هەواڵگریانەی باشترو توانای دەسەلاتداریەتی زۆرتر هەیە، کە ئەمانەش هەموی بەشێکن لە خاسیەتەکانی ئەو وڵاتە. سەرەڕای ئەو ململانی تیژەی نێوان بەدەستهێنانی توانستی پێشکەوتوو لەگەڵ پارێزگاریکردن لە توانی هەنوکەیی، زۆر پێویستە کە ئەمریکا شوێنگەی باڵادەستی تەکنۆلۆژیای خۆی درێژە پێبدات. پێکهاتەو شوێنگەی هەموو پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتەش دەبێت جارێکی دی پێناسەو ڕێکبخرێتەوه . ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیەکان لە توانای مەدەنیە ناسەربازیەکان و بڕیاردانی وردو دژوار شتێکی پێویستە .

www.pertwk.com

# بەشی دووەم

## تــا وتــویـَکـردنی ستراتــیـذی ئــاســایــشی نــةتــة وةیـــي

وەرگێڕ
دلاوەر عەبدوڵڵا

www.pertwk.com

## دەسپێک:

لەو دەمانەدا، کە وڵاتەکەمان لەچاو ئەمڕۆدا ڕوبەڕوی مەترسی گەورە ببۆوە، (ئەبراهام لنکۆڵن) وتبوی: (نابێت مەغرورو شەیدای خۆمان بین, دەبێت لەهزرماندا نوێکاری بکەین, تێزی نوێ گەڵاڵە بکەین.) لەوانەیە ئەمڕۆش، واتە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، هەست بەم پێویستیە بکرێت. بۆ کۆمەڵ و خەڵکی ئەمریکا هیچ بیرۆکەیەك گرنگترو بەسودترو چاکتر لەئاسایش نابێت, بەڵام دەبێت ئەوە بوترێت کە بیرۆکەی (پێویستی بونی ئاسایش) لەگەڵ دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕدا ئەوەندە هاوجوت نییە.

(ئاسایش) بریتییە لە خۆپارێزی و چاودێری, کە بەڕەتدەرەوەی داهێنان و ئەفراندن دادەنرێت. ئەو وڵاتە گەورانە تائەو تافەی دوچاری شکستی گەورە نەبون کەمتر دەچنەسەر ڕیفۆرم و نوێکردنەوە. دیارە ئەم سیاسەتە ئەو ڕێچکەیە نییە کەویلایەتە یەکگرتوەکان هەڵیبژێرێت. ئەمریکیەکان زۆر لەوەش کەمتر کەخۆیان وێنای دەکەن لەئاسایشدان. پێشئەوەی ئەمریکا لەناو ڕوداو کارەساتی جۆراو جۆرو دور لەپێشبینیدا ببینینەوە, دەبێت بزانین کەسەردەمی نوێکردنەوە هاتوە.

لەنیوەی دوەمی ڕابردودا ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا تاڕادەیەکی بەرچاو بەرامبەر سۆڤیەت و کۆمۆنیزم چڕببۆوە. بەداڕمانی دیواری بەرلین لەساڵی (1989) زایینی و داڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت دوو ساڵ دوای ئەو ڕوداوە, سیاسەتە جیهانیەکان گۆڕانکاری قوڵیان بەخۆوە بینی. لەم ڕوەوە ڕابەرەکانمان لەگەڕاندا بون بۆ پەیداکردنی هەنجەتێکی یەکسان بۆ داڕشتنی دامەزراوەیەکی ستراتیژی و هاوتا بۆ ئێستاو ئاینده. ئەم گەڕانە هەڵبەت سادەو سانا نەبوە.



ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەدەی بیستەمی زاینیدا بۆ داڕشتنی بیرۆکەی نوێ دەربارەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ بیست و پێنج ساڵی داهاتو بەرئەرك خراوە.

لەم نوسراوەدا ئێمە بنەماو چوارچێوە گشتیەکان گەڵاڵە دەکەین, کەدەبێت لەناو ستراتیژی ئەمریکادا جێگا بگرن. پاشان بەدیدێکی نوێوە لەبەرژەوەندییە نەتەوەیەکانی ئەمریکاو سەرەتاو ئامانجەکانی دەنواڕین.

لەکۆتاییدا بەپێی بابەتە باسکراوەکان, چوارچێوەیەکی نوی بۆ ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پێشنیاز دەکەین. لەم ستراتیژە نوێیەی ئاسایشی نەتەوەییەدا کۆبەندییەکی نوێی بەدەستهێنراو ڕێگا بۆ بزاوتن بەرەو ئاینده, کە ئاستەنگی زۆری لەبەردەمدایە, ئامادە دەکات.

### *"هزری ستراتیژانە"*

لەبەشی یەکەمدا, کەپێش ئەم بەشە هاتبوو, تیایدا ئاماژەکرابوو بۆ دابەشکردنی ستراتیژی بۆ دوو هەڵوێستی دژ بەیەك:

1- لەبەرامبەر هێزی دەسەڵاتداری سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بەئاڕاستەی لەتکردن و دابەشکردنی کۆمەڵگە کاردەکات، گروپێك لە هێزی ئابوری وتەکنیك و هزری هەیە بۆ هاوبەندبونی کۆمەڵگە کۆشش دەکەن. کەس نازانێت کە ئاوێتەبونی ئەم ئاڕاستەو هەلوێستانە چ دیاردەیەکی بەدوادا دێت.

2-جیهانێکی لەبەردەماندایە بەجۆرێکی بەرچاو لەهەموو گۆشەو کەنارو ڕویەکەوە لەگەڵ ئەوەی ئێستا هەیە جودا دەبێت. دەوڵەتەکان لەئاستی نزمدا لەلایەن هێزی جوداخوازو توندوتیژی نەتەوەیی, لەئاستی باڵادا لەلایەن هێزە ئابوری و تەکنیکی و کەلتورییەکانەوە, کەلەهێزو دەسەڵات و چاودێری حکومەتەکان فراوانترن, دەکەونە ژێر فشارەوە. ئێمە گەواهی گواستنەوەی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین لەسەردەمی کشتوکاڵیەوە بۆ خولێکی پیشەسازی لەماوەیەکی زۆر کورتیشدا.

تایبەتمەندی لەوجۆرانە پێداویستی و گرنگی داڕشتنی ستراتیژێکی ئاقڵانە دەخاتەڕوو، بەتایبەتی بۆ وڵاتێك بەڕەهەندو تایبەتمەندی ئەمریکاوە.

بەبڕوای ئەم ئەنجومەنە, ماهیەت و خولگەی بنەڕەتی ستراتیژی ئەمریکا دەبێت دۆزینەوەی هاوسەنگی نێوان ئەم دو ئامانجە سەرەکیە بێت :

<u>یەکەم</u> : سودمەندبون لەبەرژەوەندییەکانی جیهانێکی هەماهەنگ و گونجاو, کەتیایدا ئازادی و ئاسایش و خۆشبەختی بۆ ئەمریکاو وڵاتانی دی دەسەبەرکراوە .

<u>دوەم</u> : ئێستا دەبێت ستراتیژی ئەمریکا لەئاست خامۆشکردنەوەی ئەوهێزە تێکدەرانەی سەقامگیری جیهاندا بێت, تا بتوانێت بەرژەوەندییەکانی داهاتو پایەدار بکات. ئازادی بەهای بنەڕەتیە بۆ ئەمریکا, بەڵام بەبێ ئاسایش و سەقامگیری, کە لەوەوە سەرهەڵدەدەن, ئازادی سەقامگیر نابێت.

دەبێت ستراتیژی ئەمریکا مەبەستی بەدیهێنانی ئاسایش و ئازادی و هەماهەنگی لەگەڵ بەهاکانی دیدا بێت. لەم حاڵەتەدا ناونیشانی هەڵبژێردراوی ئێمە بریتی دەبێت لە: گونجان و هەماهەنگی بەئامانجی پاراستنی ئاسایش و بەرەوپێشبردنی ئازادی.

هەڵسەنگاندن و بەدەستهێنراوەکانمان لەبەشی یەکەم (کە چۆنیەتی فۆرمگیری جیهانی نوێی شرۆڤە کرد) و هەروەها بەرژەوەندی و بەها بونیادییەکانی خەڵکی ئەمریکا, ئێمەی بەرەو ئامادەکاری دەستور و بنەمایەك بۆ داڕشتن و ڕێکخستنی ستراتیژی نەتەوەیی ڕێنوێنی کرد.



www.pertwk.com

***(( دەبێت سیاسەت و ستراتیژ لەڕاژەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا بن ))***

بەرژەوەندی نەتەوەیی وەك پرسە سیاسی و ئابوری و ئاسایشی و مرۆڤیەکان شوێنگەی جیاوازی هەیە. بەرژەوەندی نەتەوەیی بەپایەدارترین بنکە بۆ توندوتۆڵی سیاسەتەکانی سەقامگیری دادەنرێت. دەسەبەرکردنی پارێزگاریری کردنی کۆمەڵایەتی و خەڵکی باشترین دەستکەوتی سیاسەتەکانی ئەمریکابوە, بەتایبەتی کاتێك کە ئەوپرەنسیپانەی ئەمریکیەکان ڕەچاوی دەکەن لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەجۆرێکی ڕون و هەستپێکراو هەماهەنگ بن. ستراتیژ کاتێك لەسەر پایەی بەرژەوەندی نەتەوەیی بێت و دروست گەڵاڵە کرابێت خەڵکی ڕێزی تایبەت لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەگرن.

***( بەردەوامی باڵادەستی ئەمریکا بەشێکە لەئامانجی مەودا درێژ و ئەم کارەش بەبێ ئاگایی و کۆششی فراوان مەیسەر نابێت ).***

ئەگەر ئەمریکا لەبیست و پێنج ساڵی داهاتودا سەرمایەگوزاریەکی ئاقڵانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی نەکات, لەهێزو دەسەڵاتی کەم دەبێتەوەو بەرژەوەندیەکانی زیاتر لەوەی ئەمڕۆ لەبەرامبەر هەڕەشەدایە, ڕوبەڕوی مەترسی دەبێتەوە.

پێش ئێستا نەتەوەی زۆر بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمریکا سەریانهەڵداوە. لەم بارەیەوە بەستنەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا, کە بە هێزی کۆمەڵایەتی و سەربازی و ئابوری و تەکنیکی دادەنرێت, بەبێ پەیماننامەی ئاگایانەی نەتەوەیی پایەدار نامێنێتەوە. دەسەبەرکردنی بەردەوامی ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی ئەمریکیەکانیش زۆر گرنگە. بەبێ ئەوانە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگێڕانی ڕۆڵیدا بۆ ڕابەرایەتیکردنی جیهان لاواز دەبێت.

www.pertwk.com

***( لەسەدەی نوێدا ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی ڕوبەڕوی شوێنگەی بێنمونە دەبێتەوە, مەترسی گەورەشی لەبەردەمدا دەبێت ) .***

دەبێت ستراتیژی ئەمریکا بەچ شێوەیەك ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ بەرەنگارییە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان دیاری بکات. هەوڵدان بۆ هەبونی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ دەسەڵاتە گەورەکان, پاراستنی کارایی ئابوری نوێی جیهانی و بڵاوبونەوەی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی و دابەشکردنی بەرپرسیارێتی لەگەڵ ئەوی‌دی بۆ چارەسەرکردنی گرفت و پرسەکانی ئەمڕۆی جیهان کۆمەڵە بابەتێك دەبن, کە داهێنەری و ئەفراندنەکانی کاری دەسەڵاتدارو سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی دەخاتە بۆتەی ئەزمونکارییەوە. بەهەمان شێوەی لەکۆتایی دەیەکانی (1940) دا پێویست بوو ئەمریکا سیستمێکی جیهانی بنیات بنێت, کەتیایدا نەتەوەکانی دیش بتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن, ئەمڕۆش دەبێت ڕێگا چارەیەکی گونجاو و ڕەوان لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەییدا بدۆزرێتەوە.

***( لێرەوە کە ئەمریکا ناتوانێت بەرپرسیارێتی قورس و گرانی هەموو نەتەوەو کۆمەڵگەکان بەتەنها لەکۆڵ بگرێت, بەناچاری دەبێت ڕێچکەکانی هاوکاریکردن لەگەڵ نەتەوە شایستەو هاوبیرەکاندا پەیدا بکات ).***

ئەمریکا وەك هێزێکی باڵاتری جیهانیی بەرپرسە لەوەی کۆمەك بە (سەقامگیری سیستمی هاوکاری نێو دەوڵەتی) بکات. لەم ڕێگایەوەیە ئەمریکا دەتوانێت بەسەر ناکۆکی و ناهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و دەسەڵاتدارێتی هاوپەیمانەکانیشدا زاڵ بێت و پێش ئەوەی بیانخاتە ژێر پرسیارەوە لەژێر چەتری پاراستنی خۆیدا ڕاگیریان بکات.



***( دەبێت ئەم میللەتە سەرەتاکانی خۆی دیاری بکات و بەردەوام چاوی لەسەریان بێت ).***

بۆ درێژەدان بەپاراستنی خەڵکی و ڕێکخستنی سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان نابێت ئەمریکا بەپەسندکردنی بەڵێنی بێسنور توانستەکانی خۆی داچۆڕێنێت و بەرپرسیارێتی لە وزە نەهاتوو لەئەستۆ بگرێت. بەتایبەتی لەبارەی بەشداریکردنی سەربازییانە لەدەرەوەی سنور، هەروەها دەبێت دەربارەی بەرژەوەندی و بەرپرسیارێتی لێوردبونەوەی هەبێت.

چەقین و بەرگریکردنی سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی لەبەرامبەر (کاریگەرییەکانی CNN) لەگرنگترین خواستەکانە لەپێناوی فۆرمگیربون و ئاراستەکاریی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەسەدەی نوێدا.

***( ئەمریکا نابێت فەرامۆشی بکات کە پەیڕەوی لە بنەمای دیاریکراوی وەك- ئازادی لەبۆتەی یاسادا- دەکات ).***

ئەمڕۆ ئازادی گرنگترین پرسی مرۆڤایەتیە. کەسانێکی دەیانەوێت بە ئازادی ڕاژە بکەن دەبێت ڕێگاچارەی واقیعانە هەڵبژێرن, کە هەڵبەتە سنورداریش دەبێت. نادیدەگرتنی توانستی ئازادی بەواقیعگەرایی دانانرێت. لەهەمان کاتدا دەبێت بوترێت ئەگەر ئەمریکا پاراستن و بەردەوامی ڕابەرایەتی جیهانی لامەبەستە دەبێت بەردەوام پابەندی بنەماو ڕەفتارو بۆنەکانی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانی دی بێت.

بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەدەی نوێدا

یەکەمین پرنسیپ بەگرنگترین و مایەی ژیانیی دادەنرێت:

www.pertwk.com

1- بەرژەوەندی پەیوەست بەمانەوە : بەبێ ئەم دەسەڵاتە ئەمریکا بونی دەرەکی نابێت.

2- بەرژەوەندی ژیانی : بەرژەوەندییەکە کەپلەیەك لەخوار بەرژەوەندی مانەوەوەیە.

3- بەرژەوەندی گرنگ : ئەو بەرژەوەندیانەیە کەبەشێوەیەکی بەرچاو مەیدانی جیهانی, کە پێویستە ئەمریکا تیایدا چالاکی ئەنجام بدات, دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

دیارە بەرژەوەندی نەتەوەیی دیش لەم ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییەدا هەیە, بەڵام لەوانەیە لەبەرامبەر ئەو سێ خاڵەی باسیان کرا گرنگی کەمتریان هەبێت.

بەرژەوەندیەکانی پەیوەست بە مانەوەی ئەمریکا پاراستنی ئاسایشی ئەم وڵاتە لەخۆدەگرێت، لەبەرامبەر هێرشی راستەوخۆ، بەتایبەتی لەسەر ئاستی چەکی کۆکوژ لەلایەن وڵاتانی دی یان تیرۆریستانەوە. پارێزگاریکردن لەنەزمی وەستاو لەسەر یاسای بنەڕەتی ئەمریکاو خاڵە بەهێزەکانی (پەروەردەو فێرکردن, پیشەسازی، زانست و تەکنۆلۆژیا)، کەبونەتە خلی بەهێزی ئەمریکا لەسەرئاستی جیهان، هەروەها مایەی گرنگی پێدانن.

بەرژەوەندییە ژیارییەکانی ئەمریکا بەردەوامی و ئاسایشی سیستمە سەرەکیە نێو دەوڵەتیەکانی وەك وزە، ئابوری، پەیوەندیەکان، هێنان گواستنەوە و تەندروستی( بەرهەمهیچنانی خۆراك، ئاو) لەخۆدەگرێت، کەژیان و ئارامی ئەمریکیەکانی پێوەبەندە.

لەنمونەی دی بەرژەوەندییە ژیاری و نەتەوەییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەوەیە کەهیچ هیچ دەسەڵاتێکی هێرشبەرو نەیار لەسەر سنورەکانی جێگیر نەبێت ، یان نەتوانن کۆنترۆڵی زەمین وئاسمان و دەریا و هێڵی پەیوەندیەکانی بکەن، دەستیان بە مەوداو بواری زانیاری ڕانەگات.



هەروەها ئەمەش لەبەرژەوەندییە ژیانی و نەتەوەییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە کە هیچ جۆرە دەسەڵاتگەری و دەسەڵاتخوازییەکی نەیاری ئەمریکا لە هیچ خاڵێکی گرنگی جیهاندا نەبینرێت. نەیاری ڕاستەقینە سەرهەڵنەدات, وڵاتە جیاوازەکان لەجیهاندا لەشێوەی ئیئتلاف و فۆرمی دژدا سەر هەڵنەدەن. ئاساییشی دۆستان و هاوپەیمانانی ئەمریکاش بەیەکێك لەبەرژەوەندییە ژیانیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دادەنرێت. ڕێگەگرتن لە وڵاتە نەیارەکان، یان نەیار بەهێزەکان لە دەستڕاگەیشتن بەچەکی وێرانکارو کۆمەڵ کوژ و ئەتۆمی بەپارچەیەك لەبەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا دادەنرێت.

بەرژەوەندی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا توێژینەوەو بیناکردنی دیموکراسی و حکومەتی قانون لە وڵاتانی دەرەوە دەخوازێت. ئەم دیموکراسیەتە دەبێت لەسەر بنچینەی ئابوری بازاڕی ئازاد, ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بێت. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە فراوانبونی نەزمی نێودەوڵەتی وەستاو لەسەر پایەی یاسای کۆدەنگی نێوان زلهێزەکان بۆ ئیدارەدانی گرفتە هەنوکەییەکان لەجیهاندا, بەرژەوەندی گەورەی هەیەو نابێت تەنیا بەپرسی تایبەت بەدەوروبەری ژینگەی فیزیکییەوە داسەکێنێت.

لەبەرژەوەندییە زۆر گرنگەکانی دی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەمەیە، کە وڵاتانی دی بەگەشەی ئابوری بگەن. بەمجۆرەو لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی ژیانی وڵات و هەژارەکان قەیران و کێشە ئابوری و سیاسیەکانیش چارەسەر دەبن. لەبەرژەوەندی گرنگی دی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەوەیە کە تیرۆریزم و تاوانکاری جیهانی (وەك قاچاخچێتی مادەی بێهۆشکار) بەبێ زیان گەیاندن بە فراوانی ئاڵوێردی ئابوری و فەرهەنگی لەناو ببرێت.

ئەم پرسەش بەشێکە لەبەرژەوەندی گرنگی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە هیچ کام لە دیاردەکانی کوشتن و چەپاوڵی و بەردەوامی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ژیانی سیاسی جیهاندا سەرهەڵنەدات.

کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی کۆچکردن بە درێژایی سنورەکانی ئەمریکا بەشێکی دی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی ئەمریکایە. سەرئەنجام هاتوچۆی ئازادو ئارامی

www.pertwk.com

هاوڵاتیانی ئەمریکا بۆ دەرەوەی وڵات بەبەشێکی بەرژەوەندی نەتەوەیی دادەنرێت.

### ئامانجە بنەڕەتیەکان

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەدوی زامنکردنی ئازادی لە چوارچێوەی یاساو بەدیهێنانی ئاسایش‌و ڕەفاهیەت و خۆشبەختی هاوڵاتیەکانیەوەیە. هەڵبەتە ئەمریکیەکان هەست بەوەدەکەن کە ئەم ئامانجانە لە تافێکدا زامن دەکرێن دەوڵەتەکانی دی جیهانیش بتوانن ئەم ئامانجانە دەسەبەربکەن. دەبێت ستراتیژی ئەمریکا ڕێگای نوێ (بەهەماهەنگی وڵاتانی دی) بۆ سەقامگیری‌و پێشخستنی ئاستی ڕەفاهیەت و دیموکراسی و نەزمی جیهانی بناسێنێت. جیهانێکی کە ئەمڕۆ خۆشبەختانە ڕوبەڕوی هەرەشەی دیکتاتۆریانە نابێتەوە. لەهەمان کاتدا ستراتیژی ئەمریکا دەبێت بەهاوکاری‌و هەماهەنگی ئەوانیدی کۆشش بۆسەقامگیرکردنی چەند بەشێك لەجیهان بکات، کە هێشتا لەبۆتەی ناکۆکی سیاسیدان. بەهەرحاڵ بۆ دەسەبەرکردنی ئەم ئامانجە ستراتیژیانە لەسەردەمی نوێدا سەرەتاو سیاسەتەکانی ئەمریکا دەبێت گرێبەندی ئەم بابەتانە بن:

بەرگریکردن لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو دڵنیابون لەوەی لە مەترسییەکانی سەدەی نوێدا پارێزراو دەبێت.

بەتێبینی کردنی ئەو مەترسییە نوێیانەی بەرئەنجامی چەکی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژو تیرۆریزمن, دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێداچونەوە بەسیاسەتەکانی ڕێگریکردنی بەهێزانە بەرامبەر هەموو جۆرە هێرشێك بۆسەر قەڵەمڕەوەکەی یان سەرچاوە ژیانیەکانی ئەنجام بدات. پەیمانی ڕێگریکردن لەبەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ گرنگترین سەرەتاکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە بیست و پێنج ساڵی داهاتودا دەبێت. هەروەها پێشگرتن لە



هەرجۆرە هێرشێکی نەناسراو بۆ سەر هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا لە ڕێگای سیاسی یان بەشێوازی دی بەبەشێك لە سەرەتا گرنگەکان دادەنرێت.

ئەگەر پێشگرتن و ڕێگری کاریگەری نەبوو, دەبێت ئەمریکا شێوازە بەهێزەکانی بەرگریکردنی لەبەرامبەر مەترسی گیانی‌و هەڕەشەکاندا لەبەردەستدا بێت. سوپای ئەمریکا دەبێت هێزە ڕێکخراوەکانی ئاسایش, ئابوری, دارایی‌و شێوازە سیاسیەکانی بۆ دەسەبەرکردنی ئەم ئامانجانە بە شێوەیەکی گونجاو و هەماهەنگ کاربکەن.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت بەچاککردنی هاوکارییە جیهانیەکان دژ بە فراوانبونی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ لێبڕاوانەو بەڕاستی تێبکۆشێت. ئەم کارە بەدڵنیاییەوە قەدەغەکردنی توندوتۆڵی جیهانی دژ بەدروستکردن‌و گواستنەوەو بازرگانیکردنی چەکی بایۆلۆژی‌و هۆکاری بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەلایەن وڵات‌و گروپەکانەوە دەخوازێت. لەهەمان کاتدا گەر بەرنامەکانی هاوکاریکردنی دژ بەپاشەکەوتی ئەتۆمی و بایۆلۆژی و چەکی کیمیایی هاوشانی سودو لەڕوی سیاسیشەوە کێشکردنێکی پێویستی هەبێت, ڕێگا چارەی سیاسیانەی گونجاو بەمەبەستی کەمبونەوەی مەترسیەکانی ئەتۆمی پەیدا دەبن.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت لە پێناو قوڵکردنەوەی کۆدەنگی نێودەوڵەتی بۆ خەبات دژ بە تیرۆریزم یان خۆپاراستن لە تیرۆریزم کۆشش بکات. هەروەها پێویستە بەفراوانکردنی هاوکاری نێوان هێزە نیزامی‌و ڕێکخراوەکانی ئاسایش دەسیسەکانی گروپە تیرۆریستیەکان پوچەڵ بکاتەوەو بەهێرش بردنە سەر پایەگاو سەرچاوە داراییەکانیان حەشارگەکانیان لەناوببات.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت سیستمی کۆبەرگرییانەی موشەکی نیوەستراتیژانەی خۆی دروست بکات. سەرەڕای ئەوە, دامەزراندنی سیستمی بەرگری موشەکی بۆ بەرگریکردن لەبەرامبەر هێرشی موشەکی بالستیکیش بە پێویست دادەنرێت. دیارە دەبێت لە ڕوی تەکنیکی و سەرچاوەی داراییەوە

تواناکانی ئامادەکراوبن و لەڕوی سیاسیشەوە زەمینەی بۆ خۆشکرابێت. لەگەڵ بڵاوبونەوەی تەکنۆلۆژیای موشەکی کرۆزو موشەکە پێشکەوتوەکانی دی, ویلایەتە یەکگرتوەکان دەبێت گریمانەی بەرگریانەی پێویستی بۆ ئەم هەڕەشانەدا هەبێت. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت ئامادەیی پێویست بۆ بەرگریکردن لەهێرشە کتوپڕو نهێنیەکان بەچەکی تێکدەر فەراهەم بکات.

ئەمریکا دەبێت خاوەنی هێزی تایبەتمەندی بەتوانابێت بۆ جەنگین بەرامبەر هەڕەشەو تۆقاندن و خاوەندارانی چەکی کۆکوژو تیرۆریستان. بۆ ڕێگرتن لە مەترسیەکانی چەکە کۆکوژەکان کە هەڕەشە لەخەڵکی ئەمریکا دەکات پێویست بەڕەهاکردنی هزر دەکات.

پاراستنی ئەمریکاو دەستڕاگەیشتنی نێودەوڵەتیانە بەبۆشایی ئاسمان و بواری زانیاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەبێت گرنگترین سەرەتاکانی داڕشتنی ئاسایشی ئەمریکا بێت. بواری تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەشادەماری سەرەکی سیستمە زانیاری و ئابورییەکانی جیهان دادەنرێت, توانای گواستنەوەی ئازادی بیروڕا و زانیاری لەو ڕێگەیەوە, مەرجی پێویست بۆ بڵاوکردنەوەی ئازادی و ڕەفاهیەتی جیهانی دەبێت. دەستڕاگەیشتنی ئارام بەبۆشایی ئاسمان و بواری زانیاری هەتا ئێستاش بەمەرجی پێویست و دەستپێکی هەنگاوە کاریگەرییە سەربازییەکانی ئەمریکا دادەنرێت. دەبێت ئەمریکا لەڕێگەی تەکنۆلۆژیاو ڕێگا سیاسیەکانەوە ڕێگری لەوێرانکاری ئامێرەکانی بۆشایی ئاسمان و ئەو هەوڵانەشی بۆ تێکدانی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت دەدرێت بکات, تا بەرژەوەندی نەتەوەیی و گرنگی ئەمریکا بەرمەترسی نەکەوێت.

بەپێچەوانەی بونی ئاستەنگی سیاسییەوە, دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەوڵی زیاتر بۆ سنورداركردنی ئەو تەکنەلۆژیایانە بدات، کە بەکارهێنانی دوالیزمانەیان هەیەو مەترسیدارن. هەروەها دەبێت تەقەلای خۆی بۆ ڕێگریکردن لەهەناردەی ئەو کاڵایانەی تەکنۆلۆژیای باڵان فراوان بکات و



سەرچاوەی بەکارهێنانەکانیان دیاری بکات و پارێزگاری لەهەوڵی هاوپەیمانەکانی لەو بوارەدا بدات.

بەمەبەستی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ پێشهاتە پزیشکی و سایکۆلۆژییەکان, کە لەوانەیە بەهۆی هێرش کردنە سەر ئەمریکاو زیان مرۆییەکانەوە ڕوبدەن, دەبێت پەرە بە ڕێکخراوی تەندروستی گشتی ئەمریکا بدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەرنامەکانی پەیوەست بەزامنکردنی بەردەوامی دەوڵەت و یاسای بنەڕەتیش بەهێز بکرێن.

دەبێت پارێزگاری لەگونجان و هاوبەندی کۆمەڵایەتی ئەمریکا, ڕەونەقی ئابوری, داهێنان، ئەفراندنی تەکنۆلۆژی و باڵادەستی دەسەڵاتی سەربازی بکرێت.

دەبێت ئەمریکا بۆدەسەبەرکردنی چالاکی و بزواندن لەدامەزراوەوسیاسەت و بەرنامە ڕێژیی نەتەوەییدا، لەپێناوی بەرەو پێشبردنی ئاستی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی, بەتایبەتی لەبواری بیرکاری و زانستدا, پرنسیپی تایبەت لەبەرچاو بگرێت. سەرەڕای ئەوە, لەسەرەدەمێکدا کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەبەشی تایبەت پێش بەشی دەوڵەتی کەوتوە, دەوڵەتی ئەمریکی دەبێت بۆ زیادکردنی سودمەندبونی گشتی لەزانست و داهێنراوە تازە گەرییە تەکنۆلۆژییەکان, جۆرێك لەهاوبەشی یاریدەدەرانە لەنێوان بەشی تایبەت و بەشی دەوڵەتدا فەراهەم بکات.

هەروەها دەبێت ئەمریکا هەوڵبدات بۆ کەمکردنەوەی وابەستەبون بەسەرچاوە ی وزە دەرەکیەکانەوە, کە ئەەم وڵاتەو هاوپەیمانەکانی دەخاتە ژێرباری فشاری ئابوری و هەڕەشەی سیاسییەوەو بەوەش دوچاری زیان دەبن. پەرەدانی بەردەوام بەسەرچاوەی وزەی جێگرەوەو بەهێزکردنی کارامەیی لەبواری گواستنەوەو پاشەکەوتی وزە بەهەمان ڕادەی کەپێداویستیە ئابوری و ژیانیەکانی دەوروبەر زامن دەکات بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر گونجاوە.

www.pertwk.com

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت وابەستەیی وپەیوەندی خەڵکی وڵات لەگەڵ هێزە چەکدارەکان بەهێز بکات. دەوڵەتی ئەمریکا دەبێت چاککاری لە سیستمی هێزی چەکدار (سوپایی و ناسوپایی) و بەشی دەوڵەتیدا بکات، تا هاولاتیان هاندەری زیاتریان بۆ کارکردن وکارامەبون لەوبەشانەدا هەبێت، هێزەکان پارێزراو بن و پەرە بەکارامەیی بدرێت. پەرەدان بە پەیوەندی نێوان دەسەلاتی ڕاپەڕاندن و دەسەلاتی یاسادانان دەتوانێت لەپرسەکانی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەدا کاریگەری زۆری هەبێت.

یاریدەدانی زلهێزەکانی وەك چین و ڕوسیاو هندستان بۆ پەیوەستبونیان بەو سیستمە نوێیە نێودەوڵەتیەوەی کە لەحاڵەتی فۆرمگیریدایە.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت پەیوەندی گونجاو و پۆزەتیڤانەی سیاسی و ئابورییانەی خۆی لەگەڵ چین پەرە پێبدات، بەڵام دەبێت تێبینی ئەو خاڵە بکرێت کە کێبەرکێی نێوان ئەمریکاو چین بەزیادبونی دەسەلاتی چین لە مەیدانی جیهاندا بەرفراوان دەبێت.

وابەستەیی و پەیڕەویکردنی هەرچی زیاتری چینە لە ئابوری جیهانی و سیستمی مافی نێودەوڵەتی و شێوازو ڕێکخراوە کەلتورییە جیهانیەکان, بەهەنگاوی پۆزەتیڤانە وەردەگیرێت. لەم ڕووەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت پارێزگاری لەدەستکەوتی لەو بابەتە بکات.

لەهەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت توانستی خۆیو هاوپەیمانانی لەبواری ڕەتدانەوە لەناوچەکانی ئاسیا– ئۆقیانوسدا بپارێزێت. ئەمریکا دەبێت بە پشت بەستن بە سێ بەیاننامەی هاوبەش لەنێوان ئەم وڵاتەو چین و هەروەها یاسای پەیوەندیی ئەمریکاو تایوان, درێژە بەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی تایوان بدات.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت پارێزگاری لەڕیفۆرمی ئابوریو ئاڵوگۆڕ بەرەو دیموکراتیزەکردنی ڕوسیا لەسەر بنەمای لۆجیکی بکات, سەرنج



لەوەبدات کە ئەم ئامانجانە دەبێت لەلایەن خودی ڕوسەکانەوە بهێنرێنەدی. ئەمریکا (وەك بابەتی چین) پەیوەستە بە کۆمەککردنی ڕوسیاوە بۆ بەستنەوەی بەڕێکخراوە ئابورییە جیهانیەکانەوە.

ئاشکرایە کە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕوسیادا دەبێت لەگەڵ گرنگی ئەو وڵاتە وەك زلهێزێك گونجاوبێت. لەقازانجی ئەمریکادا نییە کەپەیڕەوی سیاسەتێکی لاوازکردن و بوغزاندنی مۆسکۆ بکات. دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بنوێنێت, بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە بەردەم سیاسەتە ناپێویستیەکانی ڕوسیاوە, کە لەوانەش دەتوانرێت ئاماژە بۆ سیاسەتەکانی ڕوسیا لەبواری پەرەدان بەچەکی کۆکوژدا بکرێت. هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەبێت پشتیوانی لەسەربەخۆیی تەواوی خاکی کۆمارەکانی پێشوی یەکێتی سۆڤیەت بکەن.

کۆنترۆڵکردنی خۆپڕچەك کردن لەڕشتەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەبێت. بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەڕوی ئاراستەکردن و کاملبونەوە پێویستی بەدامەزراندنی سیستمی کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەتۆمیە ستراتیژییەکان دەبێت, کە لەپەیمانی (ستارت2 –STARTII) بەربلاو تربێت. ئەم لێوردنەوەو بەدەستهێنانە دەبێت شرۆڤەکاری و لێکۆڵینەوە بێت دەربارەی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین لەجیهاندا. لەهەمان کاتدا نابێت تواناکانی چین و ڕوسیا لەبواری چەکی ئەتۆمیدا بەهەند وەرنەگیرێت. لەسەرەتا پێداویستەکانی ئەمریکا بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەی چەکە کیمیایی و بایۆلۆژیو ئەتۆمیەکان، بەڵێندانێتی بەپاراستنی ئەو وڵاتانەی خاوەنی چەکی ئەتۆمی نین لەبەرامبەر ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەو چەکەن.

هیندستان خاوەنی گەورەترین دیموکراسیە لەجیهانداو بەخێرایش دەبێتە زۆرترین دانیشتوانی نێو وڵاتانی جیهان. لەم بارەیەوە دەبێت وەك زلهێزێکی سەرەکی سەیری هندستان بکرێت. پاکستانیش لەلای خۆیەوە بەوڵاتێکی

www.pertwk.com

خەلگەیی و گرنگ دادەنرێت, بونی پەیوەندی باش لەگەڵیدا بەبەشێك لەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دادەنرێت. دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هندستان و پاکستان ناچار بەلابەلاکردنەوەی ناکۆکیەکانیان بکات، بێئەوەەی پەنا بۆ توندوتیژی بەرن و بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیانە میانجیگەری بکات. پێشبینی ناکرێت سیاسەتەکانی ئەمریکا بتوانێت حکومەتەکانی هندستانو پاکستان ناچار بەدەستهەڵگرتن لەبەرنامە ئەتۆمیەکانیان بکات, بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ وڵاتە بەهێزەکان دەتوانێت هەنگاو بۆ ڕێگرتن لە تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان لەئایندەداو, بەرهەمهێنانی مادەی دروستکردنی ئەتۆمی بەبێ وردبینی تەواو بکات، هەروەها ئەمریکا دەبێت هەردوو  وڵات ناچار بەهەنگاونانی بنەڕەتیانە بۆ پارێزگاریو ئاسایشی دامەزراوە ئەتۆمیەکانیان بکات.

لەو هەوڵانەش کە پراکتیك کراوە بۆ بزواندنی هەرسێ وڵاتی گەورەی ڕوسیاو چین و هیندستان بۆ پەیوەندبون بە سیستمی نوێی جیهانیەوە کە لەسەر هاوکاری بەندە, سنوردارکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ئاڵۆزو ناسراو بەسەرانسەری جیهاندا بۆ ئەمریکا گەلێك سودی هەیە. لەم دیدەوە ئەمریکا دەبێت ڕێگای فرەلایەن بۆ سنوردارکردنی بەرهەمهێنانی چەکە ناسراوەکان بگرێتە پێش. پیادەکردنی ئەم ڕێچکانە سەرەتا لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوکارە نزیکەکانی ئەمریکا دەبێتو پاشان لەگەڵ چینو ڕوسیاو هندستان و وڵاتانی دی بەرهەمهێنەری سەرەکی چەك ڕێکەوتن ئەنجام دەدرێت.

بەرەوپێشبردنی دینامیکیەتی ئابوری نوێی جیهان بەهاوکاری وڵاتانی دیو کارامەکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و مافە نێودەوڵەتیەکان.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت بەهەماهەنگی و هاوشانی ئەندامانی دی گروپی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان لەپێناوی گەشەکردنی بەرژەوەندییەکانی بەجیهانیبونی ئابوری, فاکتەرە شێوێنەرو ناهاوجۆرەکانی



لەناو شەپۆلی نوێی بەجیهانیبوندان ملکەچ بکەنو هاوکات جیاوازی و نیگەرانیە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانو زەرەرمەندی سیستمەکان لەبەرامبەر قەیرانە داراییەکاندا بۆ نزمترین ئاست کەم بکەنەوە. لەپێناوی دەستڕاگەیشتن بەم ئامانجانە, دەبێت بونیادی نوێی ئابوری گەڵاڵە بکرێتو شەرعیەتێکی سیاسیانەی نوێ بۆ سیستمەکان دروست بکرێت.

بەردەوامبون لەسەرلادانی سنوردارییەکانی بەردەم بازرگانی و ئازادکردنی بازرگانی وەك ڕێگایەکی سەرەکی بۆ پێشکەوتنی ئابوری جیهان سەیر دەکرێت" بەتایبەتی لەو ناوچە و وڵاتانە و هەندێ بەشی ئابوری لەوڵاتە پێشکەوتوەکان (وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) کە بازرگانیەکانیان لەبۆتەی سیاسەتە سنوردارو دیاریکراوەکانی پارێزگارییدا ماونەتەوە. جگە لەو سیستمەی کە لەلایەن ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیەوە خراوەتە ڕوو, پەیوەندییە بازرگانیە دولایەنە و چەند لایەنە ناوچەیەکانیش دەبێت گەشەی پێبدرێت. هەروەها پێویستە پرسەکانی پەیوەستن بە ژینگەو مافی کرێکاران – تا ئەو شوێنەی ئاستەنگی ڕێگای ئازادی نییەو ئاسانکاری بازرگانی دەکات– جەختیان لەسەر بکرێت و پشتگوێ نەخرێن.

بایکۆتە ئابورییەکانیش نابێت زیاد لەڕادە ڕێگری بازرگانێتی بکەن. گروپەکانی داڕێژەری ستراتیژ بەدیدێکی گوماناوییەوە دەڕواننە بایکۆتە بەرفراوانە ئابورییەکان، بەتایبەتی گەر یەك لایەنەبن, بەڵام بایکۆتە داراییەکان کە ئامانجێکی سنورداری هەیە، گەر چەند لایەنە بێت ئەگەری سەرکەوتنی زیاتریان هەیە. تا ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە نزیکەکانی ڕێکخراوێکی نوێی دارایی دروست دەکەن, دەبێت گریمانەی هەلومەرجی بایکۆتە داراییەکان لە سیستمی دارایی ئێستادا دروست بکرێت.

www.pertwk.com

دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکان بە هاوکاری ئەوانیدی درێژە بەهەوڵەکانی بدات بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لەکەنداوی فارس و ناوچە سەرەکیەکانی دی بەرهەمهێنەری وزە بۆ چەکێکی سیاسی دژ بە ئەمریکاو هاوپەیمانانی نەگۆڕێت.

لێرەدا ئەم ئەنجومەنە بڕوایان وایە کە دیپلۆماسیەتی خەڵکی بەشێکی گرنگی دیپلۆماسیەتی ئەمریکا پێکدەهێنێت, بۆیە دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەوڵ بدات بۆ بڵاوبونەوەی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە جیهانداو بەئاگاهاتنەوەی ئەو بەشەی جیهان کە لەسودی بەجیهانیبون و دیموکراسی بێبەشن. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت بەجۆرێکی کارامە سود لەتەکنۆلۆژیای نوێ وەربگرێت, تا لەسەردەمی نوێی زانیاریدا ببێتە هۆی پێشکەوتن و چاککاری دیبلۆماسیەتی خەڵکی.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ خەباتکردن دژ بەگەندەڵی و تاوانکاری جیهانی دەبێت پشتگیری هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بکاتو بەپێشکەش کردنی کۆمەکی مرۆڤدۆستانە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یاریدەی چارەسەرکردنی قەیرانەکان بدات. بۆ دەستڕاگەیشتن بەم مەبەستە نەك تەنها لەسەر شێوازی نوێ پێویستی بەهاوکاریکردنی دەوڵەتەکانی دی هەیە, بەڵکو هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵە نوێیە ڕوو لەگەشەکانی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان, بەتایبەتی لەوناوچانەدا کە ئەمریکا نوێنەرایەتی ڕەسمی هەیە, زۆر سودمەند دەبێت.

ویلایەتە یەکگرتوەکان بەهەمان شێوەی کە لەڕابردودا کاری کردوە, دەبێت پشتیوانی لەبەرەو پێشچونی مافە نێودەوڵەتیەکان بکات، بەشداری لەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیانە بکات، کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەسەبەردەکات.

دەبێت هەمیشە ئەمریکا ئەومافەی خۆی لەبەرچاو بێت کە لەپەیماننامەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکاندا بتوانێت بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا بپارێزێت، تەنانەت گەر ئەم کارەش پێویستی بەکشانەوە کرد لەو بەڵێننامانە



ئەنجامی بدات. گونجاوی سیاسەتەکانی ئەمریکاو وەڵامدەرەوەی بەپێی یاسا بنەڕەتیەکان دەبێت بەردەوام پارێزگاری لێبکرێت.

ئەمریکا لەڕیفۆرمو فراوانبونی کارامەیی ڕێکخراوی نەتەوەکاندا پشکی سەرەکی هەیەو دەبێت بەشێوەیەکی گونجاو تاکۆتایی درێژە بەهەوڵەکانی بدات. ئەگەر ڕێکخراوی نەتەوەکان بەپێی پێویست پشتیوانی و پارێزگاری لێبکرێت دەتوانێت لەبەرەوپێشبردنی جێگیری نێودەوڵەتی و ئامانجی مرۆڤدۆستانەدا فاکتەرێکی کاریگەر بێت.

ڕێکخستن و سازدانی پەیمانەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی دیو هەموو کاروبارە ناوچەییەکان بەپێی هەلومەرجی نوێ, کە تیایدا هاوکارەکانی ئەمریکا خوازیاری سەربەخۆیی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی نوێن.

بنچینەی سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەمریکا دەبێت پاراستن و بەهێزکردنی هاوپەیمانو دۆستانی ئەمریکا بێت. بەفراوانبونی پەیوەندی نێوان دۆستانو هاوپەیمانان  ئەمریکا بواری ئاشتی و سەقامگیری فراوانتر دەکات.

لەئەوروپاشدا دەبێت ئامادەی پاراستن و بەهێزکردنی سیاسەتە سەربەخۆکانی یەکێتی ئەوروپا بێت, بەجۆرێ کە یەکێتی وڵاتانی دەوروبەری زەریای ئەتڵەسی بەهێزبکات. ئەو هێزانەی کە پێشتر لەئەوروپادا جێگیر کراون توانستو پەیمانەکانی ئەمریکا بەرجەستە دەکات بەرامبەر بەئەوروپاو, بەتوخمێکی پایەداری ئاسایشی ئەو ناوچەیە دادەنرێت. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت لەڕوی بەرەو پێشبردنی چەمکی (ناوچەی بەرفراوانی ئازادی بازرگانی ئەتڵەنتیك)ی (وڵاتانی هەردوو بەری زەریای ئارام) هەنگاو بنێت, لەهەمان کاتدا هانی ڕاکێشانی دیموکراسیەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات و ناوەند بۆ ناو دامەزراوە ئابورییەکانی ئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکایی بدات.

ئەمریکا دەبێت (بەڵێننامەی بازرگانی ئازاد لەئەمریکای باکور) بەسەر هەموو دیموکراسیەتی نیوەگۆی خۆرئاوادا پەخش بکات. ئەمریکا دەبێت

www.pertwk.com

پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا قوڵ بکاتەوەو (ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا) بەهێز بکات. کۆمەك کردن بۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی دسموکراسیەت لەوناوچانەی کە خۆیان داوای دەکەن دەبێت لەبەرایبەر سەرەتاییەکانی ئەمریکا بێت. هەوڵو تەقەلاکان لەنیوەگۆی خۆرئاوادا زیاد لەهەرناوچەیەکی دی گرنگی هەیە.

لەناوچەی ئاسیا– زەریای ئارامدا دەبێت یەکێتی نێوان ئەمریکاو یابانیش خولگەی بنەڕەتی سیاسەت و هێڵی هەنگاوەکانی ئەمریکا بێت. ئەمریکا لەبەشداریکردنی ستراتیژیانەدا, کە خوازیاری پەیوەندی یەکسانە لەگەڵ یابان, بەڵێننامەی بازرگانی ئازاد لەگەڵ ئەم وڵاتەدا بەئەنجام بگەیەنێت. لەم ناوچەیەدا کەناکۆکی کۆنیش هەیەو, هەتا ئێستاش سازش‌و هاوکاری وڵاتانێکی (وەك ئەوروپا) سەری نەگرتوە, یەکێتی و پەیوەندی ئاسایشی ئەمریکا لەگەڵ کۆریای باشور, ئوستراليا, نیوزلەندە, تایلەند, سەنگافورەو فلیبین و ئەوانی دی زۆر گرنگ و مایەی ژیان دەبێت. پەیوەندیگەلی لەوبابەتە دروستکەری گروپێکی ئاسایشی ناوچەیی دەبێت, کە بەپشتیوانی و دەسەڵاتی ئەمریکا بەتوندوتۆڵی و پایەدار دەمێنێتەوە. دەبێت ئەمریکا پشتیوانی لە ڕێکخستنێکی چەند لایەنە بۆ پاراستنی ئاسایش‌و ڕەفاهیەتی ئەوناوچانەی وەك یەکێتی نەتەوەکانی ئاسیای خواروی ڕۆژهەڵات بکات، کە لەبندەست گروپەکانی ئەم ڕێکخراوەو ڕێکخراوی هاوکارییە ئابورییەکانی ئاسیاو زەریایی (ئۆپیك) دان.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەر لەئێستاوە دەبێت زەمینە خۆشبکات بۆ یەکگرتنەوەی هەردو کۆریاو بەشێك لە هێزەکەی وەك فاکتەری زامنکردنی جێگیری ناوچەیی و دڵنیابون لەوەی کە ئەو کۆریا یەکگرتوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ناوات لەوێدا بهێڵێتەوە .

ئەمریکا بەرژەوەندی بەردەوامی ژیانی و گرنگی لەبەرکەماڵی ئاسایش لەکەنداوی فارسیدا هەیە, دەبێت ڕۆڵ‌و بەشی خۆی لەوبارەیەوە پەسەند بکات.



لەم بوارەدا دەبێت هەنگاوی یەکەم سەقامگیری بێت لەعێراق یان ئێران لەبواری ئەو چەکە کۆکوژانەی توانای هاویشتنیان هەیە لەناوچەکەدا.

ئەمریکا دەبێت درێژە بەهاوکارییەکانی بۆ دۆستەکانی وەك ئیسرائیل, تورکیا, ئوردن بدات و هەوڵ بۆ بەرفراوانکردنی ئەو جۆرە هاوکارییانە بدات، لەهەوڵی هێنانەڕیزی میسرو عەرەبستان سعودی و ئەوانی دیدا بێت. خەباتکردن بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکانی نێوان عەرەب‌و ئیسرائیل لەڕیگای دیبلۆماسییەوە لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا کاریگەری دەبێت.

لەگەڵ هاوکاریکردنی وڵاتانی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری (OECD), ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا (OAU), ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەبێت ئەمریکا بەمەبەستی بەهێزکردنی ئابوری‌و گونجانی ڕێکخراوەکان و بونیادەکانی وڵاتانی خواروی بیابان کۆمەك پێشکەش بکات. لەسەر ئاستی ئابوریش دەبێت سوربێت لەسەر هاندانی سەرمایە گوازریکردنی تایبەت, یاریدەدان بۆ فراوانکردنی سەرچاوەی وزە لەدەریای ئەفریقای خۆرئاوا, پێشکەشکردنی دراو بۆ دانەوەی قەرز و کۆمەکی مرۆڤدۆستانە (وەك سەرچاوە دژ بەنەخۆشی ئایدز).

ئەمریکا دەبێت پیشەی هێزی سەربازی ئەفریقا لەچوارچێوەی بەها دیموکراسیەکاندا بەهێز بکات‌و دەوڵەتانی ئەفریقا هانبدات تا هێزە سەربازییەکانیان بۆ دامەزراندنی ژێرخانە ئابورییەکان بەکاربهێنن.

ئەوسیستمە دیموکراسیە سەرەکیانەی لەحاڵەتی فۆرمگیریدان، وەك وڵاتانی ئەفریقای باشورو نێجیریا، دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی لە هاوبەشیکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا بگێڕن.

"یارمەتیدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ ڕامکردنی هێزە تێکدەرە بەرهەمهێنەکانی سەردەمی گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕن."

هێزە نوێیە تێکدەرەکانی بەجیهانیبون زۆر لەحکومەتەکانیان لەتەنگەژەی تایبەت‌و نائاسایی هاویشتوە. لەزۆر وڵاتدا ئەو شتەی تاکو ئێستا لەدەستی

www.pertwk.com

دەوڵەتدا بوە, وەك بەکارهێنانی زەبروزەنگ و دارشتنی یاساو چاپکردنی دراو, ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر بەبەشی تایبەت سپێرراوە. (ئازادی بەرفراوان) کەماوەیەکی زۆر بەپۆزەتیڤانە هەڵدەسەنگێنرا ئەمرۆ ناجێگیری لەگەڵ خۆی هێناوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جیهان لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەداو لەبواری نێودەوڵەتیدا, هەڵوەشاندنەوەی هەلومەرجی سیاسی و قەڵەمڕەوی جیوگرافی ئێستای وڵاتان دەبێت.

بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕەوتی بەرفراوانبونی وڵاتە لاوازو شکست خواردوەکان, جوداخوازی نەتەوەیی, توندو تیژی و قەیرانەکان دەبێت ئەمریکا هەرلەسەرەتاوە سەرەتاکانی خۆی دیاری بکات.

لەجیهانێکدا کە دەسەڵاتەکانی دیش سامانو سەرچاوەی مرۆیی زەوەندیان لەژێر چنگدایە, دەستڕاگەیشتن بەم پرسانە ناکرێت تەنها بەبەشێك لە ئەرکی گرنگ و بنەڕەتیانەی ئەمریکا دابنرێت.

وڵاتانێك هەن کە سەقامگیری ناوخۆیان بەهۆی جۆراوجۆرەوە سودی زۆریان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە. مەکسیك, کۆڵۆمبیا, ڕوسیا, عەرەبستانی سعودی لەیەکەکانی ئەم گروپەن.

بێهیچ پێشینەیەك لەڕودانی شڵەژانی ناوخۆیی لەم وڵاتانە دەبێت لەبەرنامەڕێژی ئەمریکادا ئەندامانی ئەو گروپە لەسەرەتادا دابنرێن.

سەبارەت بەو بابەتانەی کە گرنگی کەمتریان هەیە, ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت کۆمەکی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بکات بۆ بەدیهێنانی شێوازی نوێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتی وڵاتە لاوازەکان.

لەهەموو ڕویەکەوە, لەهەنگاوی سەرەتادا دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەڕێگری دیپلۆماسیانە دەست پێبکات, کە بەواتای کارکردنە بەئامرازی سیاسیو ئابوری و هەماهەنگیانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕوبەڕوبونەوەکان پێش گەیشتنیان بە سنوری توندوتیژی بەرفراوان. دیارە دەبێت بوترێت کە سیاسەتی



پێشگیریکردن هەمیشە کارامە نابێت, ئەمریکا دەبێت بەهەماهەنگکردن لەگەڵ وڵاتانی دیدا بۆ هەنگاوی سەربازییانە لەکاتی هاتنەکایەی ئەم ڕوداوانەی خوارەوە ئامادە بێت:

1- کاتێك دۆستان یان هاوپەیمانانی ئەمریکا لەمەترسیدان.

2- کاتێك بەهۆی چەکی کۆکوژەوە زیان بەکەسانی مەدەنی بکەوێت.

3- کاتێك کەسەرچاوە هەستیارو گرنگەکانی ئابوری جیهان لەبەرمەترسیدا بن.

4- کاتێك ڕژێمێك مەبەستی زیان گەیاندنی جدیانەی بەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەبێت.

5- کاتێك کە پاکتاوی ڕەگەزی ڕوبدات.

### پێداویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ستراتیژی گەڵاڵەکراوی ئەم گروپە دیسپلینی گرنگی سیاسیو ئابوریو سەربازی دەبێت بۆ سەر ئەو بەشانەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پێکدەهێنێت. لەدیدی سیاسیەوە, دەزگای دیپلۆماسیەتی ئەمریکا دەبێت ئەوە بزانێت کە پەیوەندییە زۆرو ڕولەزیادەکانی جیهان دەبێتە هۆی پێکدادان لەگەڵ دابەشکردنە کۆنەکانی جیهان. لەکاتێکدا کە پەیوەندیە گرنگەکان لەشێوەی دولایەنیدا دەبن, زۆر لەو دیاردە نێو دەوڵەتیانەی لەشێوەی ناوچەییدا بوە، ڕەهەندێکی زیاتری جیهانی بەخۆوە دەگرێت. زیادبونی ژمارەی هەڵسوڕێنەرانی نادەوڵەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی پێکدادانی دابەشکارییە دێرینەکان, کە دیپلۆماسیەتی ئەمریکا هاوشانی ئەوانە ڕێکخراوە.

بەهەمان شێوە کەئەم ئەنجومەنە لەگوزارشتی بەشی یەکەمی خۆیدا جەختی کردەوە, ئەمرۆ ڕەهەندی ئابوری پارێزەری وڵاتانیش گرنگیەکی زۆری هەیە. لەنێوان ئەو دیموکراسانەی کە بە "سەنتەری ئاشتیانەی دیموکراسی" ناسراون,

www.pertwk.com

گرنگی پرسی ئابوری دەتوانێت وەك نەیارێکی پرسی سەربازی گەلاڵە بکرێت. هەڵبەتە کەپرسی ئابوری لای ولاَتانێکی لەحاڵەتێکی گەشەکردندان گرنگی زۆری هەیە, بۆیە دەتوانێت سەرکەوتویی یان شکستی ئەم ولاَتانە لەپیادەکردنی ڕیفۆرمی بنەڕەتی سیاسی و کۆمەلایەتی دەستنیشان بکات. هەروەها ستراتیژی ئەمریکا دەبێت جەخت لەسەر گرنگی تەکنۆلۆژیا, وەك پایەو ژێرخانی تەندروستی ئابوری و توانا سەربازییەکان لەهەموو جیهاندا بکاتەوە.

ئەو خالاَنەی کە باسکران بەو واتایەیە کەڕەوتی گونجاوی سیاسەت داڕشتن لەئەمریکادا ڕوبەڕوی بەرەنگارییەك دەبێتەوە کە لەوێنەی نەبوە.

دامودەزگا ئاسایيەکانی هاوبەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکان (وەزارەتی دەرەوە, وەزارەتی بەرگری, دەزگای CIA, ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) پێویستیان بەهاوکاری نوێ بەشێوازی تازە هەیە. دامەزراوەی ئابوری، وەك وەزارەتی دارایی, وەزارەتی بازرگانیو نوێنەرانی بازرگانی ئەمریکا پێویستیان بەهاوکاری زۆر نزیکی کۆمەڵی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت. سەرەڕای ئەوە, کاربەدەستان بەتایبەتی وەزارەتی داد و ڕێگاوبان دەبێت لەڕەوتی سیاسەت داڕشتنی ئاسایشی نەتەوەیدا هاوبەشی بکەن. باشبونی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەی دامەزراوەکانی ئێستا بۆ گەیشتنە ئامانج بەس نییە.

سەرەڕای ئەمە, دەوڵەتی ئەمریکا دەبێت هاوکاری کاریگەری لەگەڵ دەوڵەتە لۆکاڵیەکان هەبێت, هەروەها وەك یەك گروپی گشتی دەبێت پەیوەندییە هاوکارییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان پەرە پێبدات. دیارە بەودوامەرجەی کە بەرپرسیارێتی خۆی لەدیاریکردنی سیاسەتە نەتەوەییەکانی نەکاتە قوربانی ئەو هاوبەشیکردنە.

بەئاوڕدانەوە لەهەلومەرجی نوێی جیهان و ستراتیژی گونجاو لەگەڵیدا دەبێت ڕەهەندی سەربازی ئەمریکا ئەم پێنج توانستانەی لای خوارەوەی لە پشکدا بێت:



– توانای ئەتۆمی بۆ بەرپەرچدانەوەو پارێزگاریکردن لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکیدا.

– توانست و دەسەلاَت بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی ولاَت.

– توانای سەربازی و چەکداری بۆ سەرکەوتن لەجەنگەکاندا.

– توانستو وزەی پێناسەکردن و بەشداریکردنی خێرا.

– توانای هێزی پۆلیس و هێزەکانی کۆمەکی مرۆڤدۆستانە.

بنەڕەتیترین پرس بۆ ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا توانای ئەم ولاَتەیە بۆ گەیاندنی هێز بۆ هەموو خالەکانی جیهان. گەیاندنی هێز دەکرێت لەڕێگای هێزەکانی ناو ئەمریکا, هێزەکانی نیشتەجێ لەدەرەوەی ئەمریکا یان هێزە دەریاییەکانەوە بێت. بەسەرنجدان لەوەی کە ئەو تەکنۆلۆژیا بەرگرییە نوێیانە دەوڵەتانی دیش هەیانە, لەسەدەی بیست و یەکدا پیادەکردنی کاریگەرانەی دەسەلاَت لەلایەن هێزە ئەمریکیەکانەوە لەمڕۆ دژوارتر دەبێت. لەمڕوەوە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا دەبێت توانستی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنیان لەهەلومەرجی جیاوازدا هەبێت. بۆ نمونە لەوبابەتانەی کە دوژمن ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی هەیە.

هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا دەبێت خاوەنی تایبەتمەندی لەجۆری خۆحەشاردان, خێرایی, بلاَوبونەوە, وردەکاری, مەرگباری, چالاکی و مایەی دلّنیاییان هەبێت, تا بتوانن بە پشتیوانی بەهێزی زانیاری لەگەڵ هەڕەشەی ناسراو و نەناسراودا ڕوبەڕو ببنەوە, کە ئێمە بۆ چارەکە سەدەی داهاتو پێشبینی دەکەین.

ئەم ئەنجومەنە لەوبڕوایەدایە "توانای تێوەگلانی ئەمریکا لەدوجەنگی تاکتیکیدا" کە ئەمڕۆ لەئارادایە, ناتوانێت بەشێوەیەکی تەواو نیشاندەری توانای ولاَت بێت لەڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ ڕوداوە ئالۆزەکانی ئایندەدا.

www.pertwk.com

ڕوداوەکانی کە پێوستیان بەئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی ناساندن یان ئۆپراسیۆنی درێژەدان بە سەقامگیری هەیە, پێویستیان بەجۆرە هێزێکە کەلەو هێزانەی بەشداری شەڕیان کردوە جیاوازبن. لەوبڕوایەداین ئەم ڕوداوانە لەئایندەدا جارجارە ڕوو دەدەن. لەیەرئەوە ئەمریکا ناچار دەبێت هەندێك لە هێزەکانی بۆ ڕوبەڕ,وبونەوەی ئەو ڕ,وداوانە بگۆڕێت. بەوجۆرەش هەموو هێزەکان توانای ڕوبەروبونەوەیان لەگەڵ پێشهاتە جۆراوجۆرەکان دەبێت, هەر لە کۆمەکی مرۆڤدۆستانە لەکارەسات و بەڵاکانەوە بگرە تا ئۆپراسیۆنی ناساندن و جەنگی بەرفراوان. لەکۆتاییدا ڕایدەگەیەنین کە داڕشتنەوەی دامەزراوەی نوێی هێزەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ئەگەرانە دەبێت کەلەسەر بنەمای دەستکەوتە زانیارییەکانی جیهانی واقیعەوە دەبێت و نابێت پشت بەسیناریۆ مەجازی و خەیاڵیەکان ببەسترێت.

بەکورتی ئەم ئاڵوگۆڕانە پێویستی بەهێزێکە بەخێرایی توانای جێگیری و شوێنگرتنی هەبێت, توانستی ناسین و خێرایی هەبێت, بتوانێت لەئۆپراسیۆنی درێژخایەندا ئارامی بپارێزێت, هەروەها توانستی تێوەگلانی جەنگی سەرەکی و تاکتیکی هەبێت. بەبەدەستهێنانی ئەم مەرجانە هێزی لەوبابەتە دەتوانێت لەسەرهەڵدانی جەنگ و قەیرانەکان ڕێگری بکات, یان لەجەنگدا سەرکەوتنی خێراو تەواو بەدەست بهێنێت.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت چاککاری لەلایەنی نانیزامی وڵاتیشدا بکات و بەهێزی بکات. توخمە پێکهێنەرەکانی لایەنی نانیزامی ئاسایشی وڵات دەبێت بەشێوەیەکی تەواو دارایی زامن کراو و ڕێکخراو بێت, تا توانست و بەرپرسیارێتی و وەڵامدانەوەیان زیاد بێت. گاردی نەتەوەیی کەبۆتە جێگرەوەی هێزە (میلیشیاکان) و لە تەواوکاری دوەم یاسای بنەڕەتیدا ئەرکی بەرگریکردن لەوڵاتیان لەئەستۆدایە, دەبێت پەروەردەی تەواو بکرێن و ئامادە بکرێن تا



هاوشانی ئەرکەکانی دییان ڕۆڵی بەرگریکردن لە نیشتمانیش لەسەدەی بیست و یەکدا بگێڕن.

زۆر پێویستە کە ئەمریکا بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئاسایش ئەو پێنج توانایەی باسکرا بەدەست بهێنێت. بەئاوڕدانەوە لەپێداویستیە پراکتیکیەکانی ئێستای هێزەکان و بۆ چارەسەرکردنی ئەو شتەی لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا پێشبینی دەکرێت, دەبێت بوترێت پێداویستیە نوێیەکانی هێزەکان لەگەڵ ئەو سەرچاوە داراییانەی ئێستادا یەکانگیر نابن.

### هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی

لێرەدا ستراتیژی گەلاڵەکراو پێویستی بەوەیە ئەمریکا بەجۆرێك ڕابەرایەتی جیهان بکات کە لەنێوان بڵاوبونەوەی ئازادی و بەردەوامی جێگیریدا هاوسەنگی و یەکسانییەك هەبێت. لەپێناوی ئەم ئامانجەدا دەبێت ئەمریکا هەوڵەکانی لەگەڵ ئەوانی دیدا هاوئاهەنگ بکات و تا ئەوشوێنەی کە ئیمکان دەبێت بەرژەوەندی ئەوانی دیش لەبەرچاو بگرێت.

ئەمڕۆ کە ئەمریکا بۆتە زلهێزێکی جیهانی بەرپرسیارییەکی دولایەنەی هەیە, لە لایەك پاراستنی بەرژەوەندی ئەمریکیەکانەو لەلایەکی دی ئاستی بەرژەوەندییە جیهانیەکانە, کە ئەویش سەقامگیری ئاشتی و جێگیرییە. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکەمین وڵاتە کە بەرپرسیارێتی ڕابەریکردنی جیهانی لەئەستۆدایە, بەڵام ڕێگەی کاریگەری سنوردار بۆ پیادەکردنی ڕابەرایەتی هەیە.

هەماهەنگی کارەکان زۆر گرنگە, چونکە ڕابەرایەتی بونی دەسەڵات و هێزی باڵاتر نییە بەسەر ئەوانی دیدا, نابێت پرس و کاروباری ئەوانی دی وەك ئەمریکیەکان سەیر بکرێت. دروست وەك ئەم پەندەیە کە (زەنگین بون بەبێ باشتر بون هیچ و بێهودەیە), دەسەڵاتداری بێ ئەقڵیش هیچ بەهایەکی نییە. بەگوتەی

(شکسپیر): "چەند گرنگە هەبونی دەسەڵاتێکی زەبەلاح ئاسا, چەندە ستەمگەرانەو بێ بەزەییانەیە بەکارهێنانی وەك زەبەلاحێك!".

ئەوستراتیژەی لێرەدا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا گەڵاڵە کراوە لەگەڵ ڕەوشەکانی ستراتیژی نیو سەدەی ڕابردودا جیاوازە. لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر پرسی ئابوری‌و بەشەکانی دی نانیزامی ئاسایشی نەتەوەیی کراوەتەوە. بەهەمان ئەندازەی لەم ستراتیژەدا جەخت و پێداگرتن لەسەر هەڕەشەکان کراوەتەوە, بەوڕادەیەش بوار بۆ هەلەکان ڕەخسێنراوە و دامەزراوە نێوخۆییەکانی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی ئەمریکا بەیادهێنراوەتەوە. لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدرێت تا ستراتیژو ئامانجەکانی ئەمریکا ڕون بن‌و وەك هەڵسەنگێنراوێکی سنورداریش کە هەن لەبەرچاو بگیرێن.

لەلای ئێمە ڕون نییە کە دەوڵەتی ئەمریکا لەم سەردەمەدا ئامادەیی پیادەکردنی ئەم ستراتیژە یان هەرستراتیژێکی دی هەیە, کە لەگەڵ ڕەوشەکانی پێشودا جیاوازە؟. جیهان بەخێرایی دەگۆڕێت. چەندە ئەمریکا خۆی هاوشانی ئەو گۆڕانکارییانە نەکات, بەناچاری خۆی لەبەرامبەر کاردانەوەی یەك بەدوای یەك و سەرسوڕهێنەردا دەبینێتەوە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا توانای وەڵامدانەوەی ئەم گۆڕانکارییە دینامیکیانەی لەدەسبدات, ڕۆژێك دادێت بەقوڵی دوچاری مەخابن دەبین.

لەبەشی سێیەم بەمەبەستی هەماهەنگ بون لەدامەزراوەو ڕەوتەکانی ئێستا لە سەدەی بیست‌و یەك ئەم ڕاسپارادانەی خوارەوەمان پێشنیاز کرد:

1– دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت بەباشترین شێوە پێشبینی کردنی بۆ بەرەنگارییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستمان بەبەرزترین سیستمی زانیارییە, هەر لەکۆکردنەوەی زانیاری بگرە تا شرۆڤەکردن‌و لێکدانەوەو بڵاوکردنەوەی زانیاری‌و دواجار نوێکردنەوەی سیاسەتەکان .



2– ئەمریکا پێویستی بەتوانای لێپرسینەوە لەپێشهاتە مەودا درێژەکانی دەستدرێژی ناوسنورەکان هەیە. هێندە بەس نییە کە هەڵبژێراو و تایبەت بین، بەڵکو بەجۆرێکی ئاقڵانە هەڵبژێرراوبین, کە ئەمەش پێویستی بەهەماهەنگ کردنی زیاتری بەشەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیە لەگەڵ گرفتەکانی لەئارادان.

3– پێویستە ئەمریکا بەشێوەیەکی کاریگەر هەموو فاکتەرە ناسروشتیەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەفاکتەری سروشتی هەماهەنگ و یەکپارچە بگۆڕێت.

4– پێویستە دەوڵەتی ئەمریکا شێوازی نوێ دابهێنێت بۆ پەرەدان بە پەیوەندییەکانی نێوان هێزی سەربازی, پۆلیس, دەزگای دادو شێوە جۆراوجۆرە نوێیەکانی ئامرازە جەنگیەکان.

5– دەوڵەتی ئەمریکا پێویستی بەڕێگا چارەی کاریگەرە بۆ لێپرسینەوەو هەڵسەنگاندنی بەهاداری ڕەخنە گرانەی کارکردنی خۆی وهەڵهێنجانی پەند لەئەزمونەکانی و ڕێکخستنی سەرچاوە گونجاوەکانە پێکەوە.

6– دەوڵەتی ئەمریکا پێویستی بە گونجان و یەکێتی سیاسەتە نێوخۆییەکانە لەگەڵ پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتەکانی ئاساشی نەتەوەیی لەدەرەوەی سنورەکانی ئەمریکا .

بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بەو پێشنیازانە دەبێت بۆ چاکترکردن‌و بەهێزکردنی کارامەیی دەوڵەتی ئەمریکاو بەمەبەستی کارکردنی کاریگەرانەتر لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕە سیاسیە خێراکان‌و تەکتیکی دەوروبەر.

ئەگەر هۆکاری سەفەرکردن بۆ ئەو سەفەرەی لەبەردەماندایە پێشنیاز نەکرا بێت, دیاریکردنی مەبەست و ئاراستەکە بێهودە دەبێت. لەوبارەیەوە ئەم ئەنجومەنە مەبەستەکانی خۆی (بونیادو ئاڕاستەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پێکدەهێنن) دەستنیشان دەکات.

www.pertwk.com

# بەشی سێیەم

# " طؤرانكارى ناضاريي"

وەرگێڕ
دلاوەر عەبدوڵڵا

www.pertwk.com

## دەستپێک

ئەنجومەنی (ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەدەی بیستو یەکدا) دوسالْ و چەندێك پێشتر بەرمەبنای ئەو باوەڕە پێکهات کە لەهەلومەرجی نوێکردنەوەی بواری سیاسەتەکانو ئاڕاستەکانی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەیی ویلاتە یەکگرتوەکان بکۆڵێتەوە. کاری لێکۆڵینەوەی ئەم ئەنجومەنە لەسیٚ شیوەدا بەرجەستە بوو: بەشی یەکەم پێشبینیکردنی ئاڵوگۆڕەکانی بیستو پێنج ساڵی ئایندەیە. بەشی دوەم بەرمەبنای واقیعی بابەتی، کە لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆکراوە بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ جیهانێکی لەوجۆرە، پێشنیازو داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییە بۆ ئەمریکا. بەشی سێیەم ڕونکردنەوەی ئامانج و مەبەستەکانی چاککاری دامەزراوەو ڕەهەندەکان لەخۆدەگرێت، بەئومێدی بەهێزترکردنی دەوڵەتی ئەمریکا لەمیانەی پیادەکردنی ستراتیژی باسکراودا.

بەشی سێیەم, کە کورتەکەی لەم چەند لاپەڕەیەدا دەخوێنیتەوە, ئەو لێکەوتانەی بەشی یەکەمو دوەمی کۆکردۆتەوە, کە تاڕادەیەك بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی هزری بۆ دەرککردن بە گوزارشتەکانی بەشی سێیەم پێویست بوە.

لەم بەشەدا, ئەنجومەن هەوڵی داوە بەکامڵکردنی ڕەوتی لۆژیکانەی دووبەشی پێشەوە لەشرۆڤەو لێکدانەوەوە بچێتە سەرداڕشتنی ستراتیژیو لەوێوە بۆ داڕشتنەوەی نوێکاری بونیادو ڕەهەندەکانی سیستمی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان. لەهەمان کاتدا, هەریەك لەبەدەستهێنراوەکانی بەشی یەکەم یان پێشنیازە باسکراوەکانی بەشی دوەم بەپێی پێویست نەبنە یەك جۆر ڕاسپاردە لەبەشی سێیەم. لەدیدی ئەنجومەنەوە دامەزراوەی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستی بەڕیفۆرمو نوێکاری تەواو ناکات. وەڵامدانەوەی



ژمارەیەك لەبەرنگارییەکانو بەکارهێنانی چاکی هەندێك هەل بەئامادەکردنی سیاسەتی تەواو نوێتر, نەك بەتازەکردنەوەی دامەزراوە یان بونیادەکان مەیسەر دەبێت. ئەنجومەن بەپێی بەڵێننامەکەی کەلەئەستۆیدا بوە هیمەتێکی زۆری بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکەی داوە، ئێستا ئیتر لەئەستۆی کەسانی دییە هەوڵوتەقەلاکانی ئەم ئەنجومەنە بۆسودی دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بەرکاربخەن.

بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندن

چارلز. جی. بوید

جەنەراڵی خانەنشینی هێزی ئاسمانی

## فەسڵی یەکەم

# "ڕاسپاردەکان"

ئەنجومەن بۆلێکۆڵینەوەی بواری نوێی ستراتیژ لەچارەکە سەدەی داهاتودا بەجۆرێك کە وەڵامدەرەوەی ئەو جۆرە بوارە بێت, گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی کەدەبێت ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە دامەزراوەو ڕەهەندەکانی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بکات. لەکاتێکدا گەر پێکهاتەی سەرەکیمان نوێکاری تێدا نەکرێت, ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕوبەڕوی مەترسی لەدەستچونی دەسەڵات و ڕۆڵی گرنگی ڕابەرایەتی لەجیهاندا دەبێتەوە.

لەوباوەڕەداین کە ئاڵوگۆڕی دامەزراوەیی دەبێت لە پێنج بواردا ئەنجام بدرێت:

- زامنکردنی ئاسایشی وڵات
- پێداچونەوەی توانای دامەزراوەی زانستی و پەروەردەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان.
- پێداچونەوە بەدامەزراوە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.
- نوێکاری و تازەگەری سیستمە کارگوزارییە سوپایی و ناسوپاییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا
- دوبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆڵی کۆنگرێس لەکاروباری ئاسایشی نەتەوەییدا.



### "فەراهەمکردنی ئاسایشی وڵات"

بەلەبەرچاوگرتنی بەرهەمهێنان و بڵاوبونەوەی ئامڕازە جەنگییە نەناسراوەکان وپایەداری تیرۆری نێودەوڵەتی لەبیست و پێنج ساڵی داهاتودا ئەگەری ڕودانی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر هێزە ناسوپاییەکانی ئەمریکا لەناو خاکی ئەم وڵاتەدا هەیە. وڵاتەکەمان لەبەرامبەر هەڕەشەی لەوبابەتە کەموکوڕی لەبونیادی هەماهەنگی یان یەکپارچەیی لەدەوڵەتدا هەیە. لەم ڕوەوە داوای دامەزراندنی بونیادێکی سەربەخۆی (ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات- NHSA) دەکەین. ئەم ئاژانسە پشکی بەرنامەڕێژی و هەماهەنگ دروستکردن و یەکپارچەبونی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی لەسەر ئاستی ئاسایشی وڵات لەدەستدا دەبێت. ئاژانسی فیدالی بەڕێوەبەرێتی هەلومەرجی کتوپڕی( FEMA )نمونەی باڵای ئەم پێکهاتەیە دەبێت و هەرسێ دامەزراوەی کە ئێستا لەسەر هێڵی پێشەوەی پاراستنی ئاسایشی سنورن- گاردی کەنارەکان, گومرگ و گەشتی سنور- دەکەونە ژێر چاودێری ئەو ئاژانسەوە. ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات جگە لەپارێزگاریکردنی سەروماڵی هاوڵاتیانی ئەمریکا, پاراستنی ژێرخانە هەستیارو گرنگەکانیش, لەوێنەی تەکنیکی زانیاری، لەئەستۆدەگرێت. سەرۆکی ئەم ئاژانسە, خاوەنی پلەی وەزارەتی و ئەندامی ڕاوێژکارانی یاسایی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت، هەروەها پێشنیازی دامەزراندنی ئاستێکی نوێ (یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ ئاسایشی وڵات) دەکەین، بۆ چاودێریکردنی چالاکیەکانی وەزارەتی بەرگری لەوبوارەدا, هەروەها دەسەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ وەزارەت بەمەبەستی بەرەنگاربونەوە لەگەڵ ئەگەری ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر وڵات و ئەنجامە کارەساتبارەکانی. سەرەڕای ئەوەش, بەهۆی ئەو هەڕەشانەوە کە ڕوبەڕوی وڵات دەبنەوە, دەبێت سەرەتای نوێ بۆ هێزە چەکدارەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دیاری بکرێتەوە. ئێمە بەپێی یاسای بنەڕەتی جەخت لەسەرئەوە دەکەین، کە پاراستنی ئاسایشی وڵات

www.pertwk.com

لەلیستی کارو ئەرکەکانی گاردی نەتەوەییدا بێت. سەرئەنجام, ئەوە بۆ کۆنگرێس پێشنیاز دەکەین کە بەجۆرێك ڕێکخراوەکەی نویٚ بکاتەوە کەلەپالٚ ئەو گۆڕانکاریانەدا کۆمەك بەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بکاتو بەمەبەستی فەراهەمکردنی پاراستنو چاودێریی یاسایی لەم بابەتە گرنگەدا کۆمیتەیەکی تایبەتی هەڵبژێردراو پێکبهێنێت.

## نوێکردنەوەی دامەزراوەی پەروەردەو زانستی ویلایەتە یەکگرتوەکان

لەکاتێکدا کە وڵاتانی دی هەوڵەکانیان لەبواری لێکۆڵینەوەو پەروەردەدا دوو هێند کردوە, سیستمە پلەدارەکانی لێکۆڵینەوەی ئێمە دوچاری قەیرانێکی جدی بون. لەدیدی ئەم ئەنجومەنەوە, نەشیاوی و خراپیەکانی سیستمەکانی لێکۆڵینەوەو پەروەدە ،لەماوەی چارەکە سەدەی داهاتودا ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا ڕوبەڕوی هەڕەشەیەکی گەورەتر لەهەر جەنگێکی لەناکاوی وێنانەکراودەکاتەوە.

لەم ڕوەوە ڕادەسپێرین بودجەی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی فیدراڵ تاساڵی (2010) دوبەرابەر بکرێتو بوارێکی چاودێری گەورەتر بۆ تایبەتمەندکردنی ئەو متمانەو سەرچاوە داراییانە دروست بکرێت. سەرەڕای ئەوەش پێشنیاز دەکرێت ڕۆڵی ڕاوێژکاری زانستی سەرکۆمار بەرزبکرێتەوە, تا دەستی بەسەر ئەم کاروبارانەو ئەو ئەركو فەرمانە مەترسیدارانەی ئەم بوارە ڕابگات- وەك زیندو کردنەوەی سیستمی تاقیگەی نەتەوەیی و دامەزراندنی شێوەی باشتر بۆ سەرپەرشتیکردنی زەخیرەی زانستی و تەکنیکی وڵات- هەروەها پێشنیازی دانانی یاسایەکی ئاسایشی نەتەوەیی نویٚ لەبواری پەروەردەی زانستو تەکنیکدا دەکەین, بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ بەرنامەگەلێك لە پێناوی وەبەرهێنانی خوێندکاری زانیاریو ئەندازەیی و هەروەها مامۆستایانی زانست و بیرکاری.



## پێداچونەوەو ڕیفۆرمسازی دامەزراوەکان

ئەو ئاڵوگۆڕە سەرەکی وبەرچاوەی پاش کۆتایی جەنگی سارد لەجیهاندا دەرکەوتوە, نەبۆتە هۆی گۆڕانکاری بەرچاو لەدامەزراوەکانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا. تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو نەگونجاویە ڕاستەقینانەی هەیە بە پێداچونەوەو تازەگەریی بەرچاو لە دامەزراوەکەدا دەبێت.

ئەنجومەن لەیەکەم هەلدا پێشنیاز دەکات، کە داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان جاریکی دی بخرێتە قاڵبی ستراتیژەوە. ئەمە بەو واتایەیە کە سەرکۆمار دەبێت خودی خۆی ڕێنوێنی ئاڕاستەیەکی بەرنامەڕێژی ستراتیژێکی تەواو لەئەستۆ بگرێتو دەبێت ئەو پرۆسەیە بەڕەوتی تایبەتکردن و دابەشکردنی سەرچاوەکانەوە لەسەرانسەری وڵاتدا پەیوەست بێت. سەرکۆمار دەبێت لەکاتی پێشکەشکردنی لیستی بودجەی بۆئەو ئیدارەو دامەزراوانەی هاوبەندی ئاسایشی نەتەوەین, بودجەیەکی گشتی ئاسایشی نەتەویش- کەگرنگترین ئامانجی ستراتیژی وڵاتی لەخۆگرتبێت- بخاتە ڕوو. ئاسایشی وڵات و ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزمو زانستو تەکنیك دەبێت لەبودجەی دواییاندا سەرنجی لێدرابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا, ڕادەسپێرین کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرکۆمارو کارمەندانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بگەڕێنەوە سەر ڕۆڵی ئاساییان لەبواری هەماهەنگ کردنی چالاکیەکانی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەییو لەبەرامبەر سەوداسەری بون بەسیاسەتمەدار یان کارگێڕی ڕاپەڕاندن بەرگری بنوێنن. ڕاوێژکاری (ئەنجومەنی) ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت دەرکەوتنێکی گەورەی لەهزری گشتیدا نەبێت. دەبێت چالاکیەکانی لەجۆری ئامادەکردنی لیستی یاسایی, ڕاگەیاندن و چاپکردن و ئامادەکردنی دەقی وتاربێژی (سەرکۆمار) لە بواری ئەرکەکانی کارمەندانی کۆشکی سپی بێت, نەك وەك ئەوەی

www.pertwk.com

ئەمڕۆ ڕودەدات بەشێوەیەکی جیاواز بەهۆی کارمەندانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیشەوە ئەنجام دەدرێت.

بۆ پیشاندانی ڕادەی گرنگیی ئابوری لەسیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، پێشنیاردەکەین وەزیری دارایی وەك ئەندامێکی یاسایی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وەربگیرێت. بەرپرسیارێتی سیاسەتی ئابوری نێودەوڵەتی دەبێت بۆ ئەم ئەنجومەنە بگەڕێتەوە. سەرکۆمار دەبێت لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی ئابوری, بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکانی لەسەر ئاستی سیاسەتی ئابوری ناوخۆ بەسەر ئەنجومەنی سیاسەتی ناوخۆدا دابەشبکات.

نوێکردنەوەی بنەڕەتیانەی دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵ و کاریگەری دیاریکراو وگرنگی لەسەرکەوتنی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یکگرتوەکان لەئایندەدا دەبێت. دەبێت ڕیفۆمسازی لەم وەزارەتەدا بەرپرسیاربون و وەڵامدانەوە, یەکپارچەیی چالاکیە ناوچەییەکانو ئەو چالاکیانەی کەبۆ ئامانج و بابەتی تایبەتی پیادە دەکرێن, سەنترالی بەرنامەرێژی، جێبەجێکردنی کۆمەکە دەرەکیەکان و بابەتەکانی دەبنە جێسەرنجی بەرنامەڕێژی ستراتیژو وابەستەبونی بەدابینکردنی سەرچاوەکانی لەخۆ بگرێت. ڕاسپاردەی ئێمە ئەوەیە ئەم ئامانجانە لەڕێگەی پێنج یاریدە دەرێتی لە ئەفریقا, ئاسیا, ئەوروپا, ئەمریکاو خۆرهەڵاتی نزیك ، ئاسیای باشور)ەوە بێت و پێناسەی نوێی ئەرکەکانی یاریدەدەرانی کاروباری جیهانی بەدیبێنن. تازەکردنەوەی ئەو دامەزراوەی لەلایەن ئێمەوە پێشنیازکراوە وەزارەتی دەرەوە دەخاتە سەر ئاستی گێڕانی ڕۆڵی ستراتیژانە لەداڕشتن‌و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانداو کۆمەڵەی دەوڵەت لەفەرهەنگی ڕێکخراوەیی ئەم وەزارەتە سودمەند دەبن.

گرنگترین تازیارەکانی ئەم نوێکردنەوەیە لەوانەیە ئەمەبێت، کە وەزیری دەرەوە بەسپاردنی ئەرکی هەماهەنگ کردنی پرسە ناوچەیی‌و بابەتیەکان



بەیاریدەدەرەکانی ئەوبوارەی بۆ بڕەخسێت تا زۆرتری کاتەکانی لەگرنگترین سیاسەت‌و گفتوگۆکاندا بەسەر بەرێت. بەئەنجامدانی ڕیفۆرمسازی مەبەستدار لە دامەزراوەی ناوبراودا، ئیدی ناکۆکی دیدە ناوچەیی‌و بابەتیەکان وەزارەتی ناوبراو دەسەپاچە ناکات. لەهەمان کاتدا پێشبینیە بابەتیەکان– هەر لە مافەکانی مرۆڤەوە بگرە تا کۆنترۆڵکردنی خۆپڕچەك کردن وژینگە– پشتگوێ ناخرێن. یاریدەدەرانی ناوبراو بێپەردە لەبەرامبەر وەزیری دەرەوە, سەر کۆمارو کۆنگرێسدا بەرپرسیار دەبن. بەمجۆرە لەبەخشینی سەرەتای گونجاو بەم بابەتانەو ئەوەی کە هەر تاکێك یەکێك لەوئەرکانە ڕادەپەڕێنێت دڵنیایی دەسەبەردەکرێت.

جگە لەم بابەتانە, ڕادەسپێرین چالاکیەکانی ئاژانسی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ڕێکخراوی نوێی وەزارەتی دەرەوە ئاوێتە بکرێت. کۆمەکدان بۆ گەشەکردن خۆی لەخۆیدا ئامانجێك نییە, لەکاتێکدا کە سەربەخۆ لەبەرنامەو چالاکیە سیاسیەکانی دی ویلایەتە یەکگرتوەکان پیادە بکرێت, سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بەچاوپۆشی لەوەی ئامانجەکانی وڵات لەدەرەوە گەشەکردنی ئابوری یان دیموکراسیەت وە یاخود مافی مرۆڤە, تەنها هەوڵێکی هاوبەشی کۆمەك گەیاندن و سیاسیانە ئەو ئامانجانە بەرەو پێشەوە دەبات.

دەبێت وەزیری دەرەوە لەوەزارەتەکەی خۆیدا سەرنج لەبەرنامەڕێژی ستراتیژیانە بداتەوەو باش جەختی لەسەر بکاتەوە، بەدامەزراندنی مەکتەبی کۆمەك گەیاندن و بودجەی ستراتیژی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو بەرنامەڕێژیانە لەگەڵ تایبەتمەندکردنی سەرچاوە دابمەزرێنێت. سەرچاوەی دارایی و پێداویستیەکانی وەزارەتی دەرەوە دەبێت لەجیاتی تایبەتکردنی چەند لایەنەی کۆنگرێس لەیەك شوێن بودجەیەکی یەکپارچەیی (ئۆپراسیۆنی دەرەکی) بۆ دابین بکرێت – کەسەرەڕای هەمو بەرنامەو چالاکیەکانی کۆمەکی دەرەکی

www.pertwk.com

موچەی تەواوی کاربەدەستان و پرۆسەکانیش لەخۆ بگرێت–. جگە لەوانەش، هەمو باڵویزەکانی ئەمریکا– لەوانەش نوێنەری هەمیشەیمان لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان– دەبێت ڕاستەوخۆ هەواڵ بەوەزیری دەرەوە بگەیەنن. هەوڵدان بۆ چاککاری ئاستی ئامادەبونی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەدەرەوەش پێویستە.

دەربارەی وەزارەتی بەرگری، لەکاتی ڕیفۆرمسازیدا ئەوپرسانەی بەسەرچاوەکانەوە پەیوەستن زۆربەی توندی لەگەڵ گرفت و تەنگەژەدا ڕوبەڕودەبنەوە. بەشداری ڕاستەوخۆ و پایەداری سەرکۆمار، ئیلتزامی وەزیری بەرگری، سەرانی کۆنگرێس و ئەم تاکانە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ڕیفۆرم لەبواری کاروباری بەرگریدا کلیلی سەرکەوتنە. ئێمە سەرەتاو پێش هەرشتێك خواستاری هەنگاوی وەزیری بەرگرین بۆ کەمکردنەوەی بەڕێژەی دەبۆ پازەدە لەسەدای کارمەندانی مەکتەبی وەزیر، فەرماندەیی هاوبەش، هێزی سەربازی و فەرماندە ناوچەییەکانیش. ئەم کەمکردنەوەیە سەرەڕای کەمکردنەوەی زیادەڕۆیی دارایی، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی خێرایی پێویست لەبڕیاردان و ناسەنتراڵی ناپێویست بۆ سەرکەوتن لە سەدەی بیست و یەکدا. هەنگاوی دی وەزیری بەرگری (کە ئەمیش لەوانەی سەرەوە گرنگی کەمتر نییە) دیاریکردنی خولێکی دەساڵەیە بۆ پێڕاگەیشتن بەکەمکردنەوە بەڕێژەی بیست بۆ بیست و پێنج لەسەدای تێچوەکانی ژێرخان لەڕێگەی هەنگاونان لەبواری تێکەڵکردن و نوێکردنەوەی دامەزراوەکان و تایبەتمەندکردنی هەرچی زۆرتری ئاژانسەکان و دامەزراوە پشتیوانیەکانی وەزارەتی بەرگری و چالاکیەکانیانە، هەروەها تایبەتمەندکردنی سەرچاوەی پێداویستیەکانی ئەم ئاژانسانە. تەنها بەکەمکردنەوەی تێچونی ژێرخانی وەزارەتی بەرگری – ئەو تێچونانەی کەلەئێستادا نیوەی بودجەی وەزارەتی بۆخۆی تایبەت کردوە –دەتوانێت بۆ هێزەچەکدارەکان نوێکردنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ سەرچاوەی دارایی پێویست دەسەبەر بکات.



گرنگترین هەنگاو بۆ وەزیری بەرگری ئامادەکردن و داڕشتنی سیاسەتێکی بەرگری و ڕێنیشاندەرە لەسەر ئاستی بەرنامە ڕێژی، کە پێناسەی ئامانجی تایبەت و سەرەتا ڕێژییەکان دیاری بکات. دەبێت وەزیری بەرگری لەگەڵ کۆنگرێسدا کاتی ڕاپۆرتی چوار ساڵانەی بەرگری– کە ئێستا لەگەڵ یەکەم ساڵی دەسەڵات وەرگرتنی سەرکۆماری نوێ ئامادە دەکرێت– بۆ ساڵی دوەمی سەرکۆماری بگۆڕێت. خشتە بەندی نوێ دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەوڵەتی ئایندە، تابەپێی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتی ناوبراو کاریگەری هەبێت، هەروەها پێشنیار دەکەین وەزیری بەرگری پرۆسەیەکی نوێ دابهێنێت، بەپێی ئەوە هێزە چەکدارو دامەزراوەکانی وەزارەت ناچاربن بۆ تایبەتمەندکردنی هەندێ لەسەرچاوەکانیان لەچوارچێوەی بودجەی گشتی بەرگریدا بکەونە ململانێوە.

لەوبڕوایەداین پرۆسەی ناوبراو ئامرازێك دەخاتە بەردەستی وەزیر بۆ دیاریکردنی سەرەتا لەخوارەوە، دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ لە تایبەتمەندکردنی سەرچاوەی دارایی و تایبەتکردنی ئەم سەرچاوانە بەبابەتی نوێتر لەبازنەی بودجەی دواتردا.

ڕیفۆرمسازی لەبواری کڕینی چەك بۆ وەزارەتی بەرگری، هەتا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای پێشکەوتو و تازەگەر لەژێر کاریگەری قورس و سەنگینی بڕیاری ژمێریاری، ئاڵۆزی بڕیار، سودوەرگرتن، سەرمایەگوزاری و بەدواداچونی وەزارەتی بەرگریدان، یان ناتوانن هاوکاری ئەم وەزارەتە بکەن، یان بەرامبەر بەم هاوکارییە بێ مەیلن. ئەو بڕیارانەش دەبنە هۆی ئەوەی وەزارەتی بەرگری نەتوانێت بەخێرایی پێویست و هەماهەنگ لەگەڵ تازەگەرییەکانی بواری تەکنیکدا لەجوڵەدا بێت.

بەبڕوای ئێمە وڵات لەجیاتی بنکەیەك و شاپیشەسازییەکی بەرگری تایبەتمەند، پێویستی بەبونیادێکی پیشەسازی نەتەوەیی بۆ کاروباری بەرگری دەبێت، کە بەشداری فراوانی لەکۆمپانیا بازرگانی و هەروەها کۆمپانیا

www.pertwk.com

ئاساییەکانی دیو کاربەدەستانی پیشەسازی بەرگری لەخۆ بگرێت. لەلایەکەوە دەبێت دەسبداتە ڕاکێشانی (ئابوری نویٚ)  تا لە سەر بنەمایەکی تندروستی بازرگانیو پیشەیی هاوکاری دەوڵەت بکات, لەلایەکی دیشەوە دەبێت بۆ پێشکەشکەرانی سروشتی بەرگریکارە گەورەکان– کە هەندێك پێداویستی گرنگو نایاب لەبەشی بازرگانی دابین دەکەن– بزوێنەرانێك بەدی بهێنن تا بەجۆرێکی کارامە دەست بدەنە داهێنان و چالاکی. لەوڕووەوە ئەم هەنگاوە بنچینەییانەی خوارەوە پێشنیاز دەکەین:

– دامەزراندنی سیستمێکی کڕیاری بەدوو ڕێچکەی جیاواز: یەکێکیان بۆ کڕینی سەرەکیو گەورە, ئەویدیان بۆ کڕینی خێرای ژمارەیەکی بچوکتری سیستمی بەهێزو نائاسایی, بەتایبەتی لەبواری فەرماندەیی و کۆنترۆڵدا.

– گەڕانەوە بۆ نمونە بالأکانی تێزو تاقیکاری چەکدارکردنو هەروەوها سیستمەکانی پشتیوانی هەڵبژێردراو بەمەبەستی بەهێزکردنی تازەگەری. ڕەوتی ئەزمونکاری دەبێت بۆ فراوانکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست بەرکار بخرێن، نەك تەنها بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەرگریو درێژەدان بەبەرنامەیەك بۆ وردبینی بودجە.

– پیادەکردنی شێوەی دابینکردنی بودجەی دووسالأنەی بەرگری بۆ توخمی تازەگەری بودجەی بەرگریو سودمەندی فراوان لە سیستمی کڕینی چەند ساڵە.

– نوێکردنەوە لەڕێگریی ژمێریاری و چاودێری (لەڕێگەی تۆمارکردنی مادە پێویستیەکان لەیاسادا, بابی دەیەم, بڕیاری کرینەکانی فیدراڵ) بە ئامانجی کەمکردنەوەی ژمێریاریان و لێکۆڵیارانی سیستمی کڕین و گونجاندنیان لەگەڵ ئەو بودجەیەی کەچاودێری دەکەن.

ئەنجومەن هەروەها دەربارەی پرۆسەی ئامادەکراوی هێزەکانیش پێشنیاری هەیە. ئێمە گەیشتوینەتە ئەم دەرئەنجامەی تیوری بەرپابونی دوو جەنگی سەرەکی لەیەك کاتدا ئەگەرێکی لاوازە, نەزانیارییە پراکتیکیە بەدەستهاتوەکان



پشتگیری دەکەنو نەدیدی ئەنجومەنیش بۆئەگەری ئایندە وایە. لەجیاتی تیۆری ناوبراو دەبێت سەرنج لەوە بدرێت کە گۆڕانکاری تواناکان و هێزەکان بۆ هەلومەرجێك خێراتر بکرێت کە لەگەڵ دەوروبەری ئاسایشی ئەمڕۆدا هەماهەنگییەکی باشتری هەبێت. وەزیری بەرگری دەبێت بەجۆرێك ئەم وەزارەتە ڕینوێنی بکات پرۆسەی سیستم و ڕێکخستنی هێز بەرمەبنای هەڕەشە بەلاوە بنرێت, پرۆسەی دیاریکردنو بەدەستهێنانی پێداویستیەکان لەجێگای– ڕەوتەکانی دوای چالاکی ئۆپراسیۆنەکان، خەملأندنی ڕاستەقینەی  زانیارییەکان دەربارەی توانای دوژمنە بەهێزەکان و ئەو ئامانجانەی کە لەستراتیژی دەوڵەتی نوێدا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دیاری و پێناسە کراون– دابنرێن .

سەرەڕای ئەو ڕادەسپێرین وەزیری بەرگری بەپیاداچونەوەی پلەبەندییە پراکتیکیەکان (بەرنامەکانی هێزی گەورە) کەلە(وتاری بەرنامەی بەرگری)دا بەکاردەهێنرێن, ئەوانە بەجۆرێك ئەنجام بدرێن کە پێکهاتەیەکی جیاواز لە توانستە سەربازییەکان بخاتە ڕوو.

لەکۆتاییدا, ڕەوتی گۆڕانکارییەکی باسی لێوەکرا ئەو جیاوازییەی ئێستای نێوان هێزە ئاسیاییەکانو هێزە بزۆزەکان (بۆ ئەرکی دەرەکی) لەسەرخۆ لەناو دەبات, چونکە هەردوو لەڕوی توانای جوڵانەوە بەهێز دەبن. بەمپێیە لەماویەکی کورتدا, ئەو هێزەی ئێمەبە (هێزی بزۆز) ناوی دەبەین پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەیەکی ڕاستەقینە دەبێت، لەسەر ئەو بنچینەیە پێشنیاز دەکەین وەزارەتی بەرگری فراوانکردنو بالأبردنی هەرچی زیاتری ئەو هێزەیە لەبەرایی سەرەتاکانی خۆیدا دابنێت.

پڕبەهاترین ڕەهەند لەڕەهەندەکانی سیاسەتی بەرگری دابینکردنی دەستڕاگەیشتنی بازرگانیو سەربازی ویلایەتە یەکگرتوەکانە بە بۆشایی ئاسمان. ئابوریو هێزی سەربازی ئەمریکا بەشێوەیەکی ژیانی بەو بۆشایی ئاسمانەوە هاوبەند دەبن. لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراندنی (گروپێکی کاری ڕێکخراوی

www.pertwk.com

ناوەندی دەربارەی بۆشایی ئاسمان) پێشنیاز دەکەین. سەرەڕای بەشە هاوبەندەکان لە کۆمەڵگەی زانیاری, وەزارەتی بەرگری و کاروباری دەرەکی, ئیدارەی نەتەوەیی ئاسمانی و بۆشایی (ناسا), ئیدارەی نەتەوەیی کاروباری زەریاو دەریاکان, وەزارەتی بازرگانی و دامەزراوەکانی دی دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن ئامادە بونیان پێویست دەبێت و لەناو ئەو گروپەدا ئەندام دەبن. بەئاوڕدانەوە لە پێداویستی پارێزگراریکردن لەژێرخانەکانی پەیوەندیگرتن و بۆشایی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و نەبونی تێزێك و دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی نەتەوەیی بۆ بۆشایی ئاسمان, پێشنیازمان ئەمەیە کە بەرپرسیارێتی بدرێتە گروپی ناوبراو. تێزی ئاسایشی نەتەوەیی بۆشایی ئاسمان لەوەزارەتی بەرگرییەوە بۆ پێرسناڵی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بگوێزرێتەوە, تا ئەوان جڵەوی کاروبار لەوبوارەدا بەدەستەوە بگرن.

ئەنجومەن گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە دامەزراوەی بنەڕەتی کۆمەڵگەی زانیاری پێویستی بەگۆڕان نابێت. لەجیاتی ئەوە جەخت لەسەر ئەو ڕێوشوێنانە دەکەینەوە کە زەمینەی پیادەکردنی تەواوی پێشنیازەکانمان لەهەموو بابەتەکانی باسیان لێوەکرا پێویستیان پێیەتی. لەهەمان ڕووەوە پێشنیاری یەکەمان ئەمەیە: سەرکۆمار سەرۆکی ڕێکخراوەی سەنتەری زانیاری ڕاسپێرێت کە بەپەیڕەویکردن لەڕێنوێنیەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سەرەتا زانیارییەکانی نەتەوەیی دیاری بکات. دوەم : کۆمەڵگەی زانیاری دەبێت بەبەکارهێنانی سەرچاوەی مرۆیی زانیاری لەسەر ئاستی تیرۆریزم، وەك یەکێك لەگرنگترین سەرەتاکانی خۆی دابنێت و لەپارێزگاریکردنی دەستوریانەی کارکردنی ئۆپراسیۆنەوە دڵنیایی لەم سیاسەتە بەدەستبهێنێت.

سێیەم : کۆکردنەوەو شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی پرسەکان لەبواری ئابوری و زانست و تەکنیك, کەلەڕوی ئاسایشەوە مایەی نیگەرانین, دەبێت مایەی سەرنجدان و گرنگی پێدانی کۆمەڵگەی زانیاری بێت. کۆمەڵگەی ناوبراو بڕێکی



زۆرتر لەو زانیارییانەی لەسەرچاوەی ئازادەوە بەدەستیدەهێنێت هاوپێچی لێکدانەوەکانی خۆی بکات. کۆنگرێسیش بەمەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ ئەم هەنگاوانە بودجەی کۆکردنەوەو شرۆڤەو لێکدانەوەی زانیاری لە (بەرنامەی نەتەوەیی بۆ زانیاری دەرەکی) بەڕادەیەکی بەرچاو زیاد بکات.

### *پێداویستیە مرۆییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی*

لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتوەکان پێدەنێنە سەدەی بیست و یەك دامەزراوە سەربازیو ناسەربازییەکانی لەسەر ئاستی بەکارهێنان و پارێزگاریکردنی نوێترین ئامادەکارییەکانی ئەمریکا ڕوبەڕوی بەرەنگاری زۆر دەبنەوە. ئەم گرفتە هۆی جۆراوجۆری هەیە" لەوانە بواری فراوانی کار لەبەشە تایبەتەکاندا بەهەقدەستێکی باش و بیروکراسیەتێکی کەمتر بەئازار, سیستمی وشکی دەوڵەتی، نەبونی هەڕەشەی بەرفراوان کەلەلای خۆیەوە بزوێنەری ڕاژەی دەوڵەت لاواز دەکات, تێڕوانینی نێگەتیفانەو بەدبینی سەبارەت بەبەهای خزمەتکردن لە سەنتەرەکانی دەوڵەت, سەیرکردنی دەوڵەت وەك بیرۆکراسیەکی خاوخلیچك کە لەسەردەمی خێرایی و وردبینیدا دواکەوتوە. ئەگەر بوار بۆ سەرەو لێژبونەوەی سەرچاوە مرۆییەکانی دەوڵەت بڕەخسێنین هیچ کام لەو ڕیفۆرمانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە خراوەتە ڕوو یان هەر ئەنجومەنێکی دی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەو دەرەنجامانەی چاوەڕێی دەکرێت نادات بەدەستەوە.

لەهەڵی یەکەمدا, ورەیەکی نەتەوەیی بۆ بەهێزکردن و بەخشینی گیانێکی نوێ بەخزمەتکردن بەنەتەوە پێشنیاز دەکەین. هەنگاوی سەرەکی و گەورە بۆ کارێکی لەوجۆرە, زیندوکردنەوەی تێڕوانینی پۆزەتیڤانەیە بەرامبەر بە خزمەتکردنی گشتی. جگە لە وتەزای ورەبەرزکردنەوە پێویست بەهەنگاوی دی دەبێت. یەکەمین ڕاسپاردەی ئەنجومەن کاراکردنی پرۆسەیەکە تیایدا تا ئەوپەڕی خێرایی سود لەڕاکێشانی پلەدارە بەرزەکانی دەوڵەت وەردەگیرێت.

www.pertwk.com

سەبارەت بە گرفتی کادری سیاسی ئەمریکا لەدەرەوە، ئیدارەکانی دەوڵەت و هێزە چەکدارەکان هەنگاوێك بۆ هەرسێ بابەتەکە شتێکە کە سورین لەسەری : گەشەدان بە بواری گشتی (یاسای پەروەردەی ئاسایشی نەتەوەیی) دەنگ لەسەر دراوی (1991)، بەجۆریك لەسەر ئاستی خوێندن لەڕشتەکانی زانستی کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی و زمانە دەرەکیەکان لەبەرامبەر کارکردنیان لە ئیدارەکانی دەوڵەت و هێزە چەکدارەکاندا گەشەپێدانی فراوان لەناسوپاییەکان لەخۆ بگرێت. گەریاسای ناوبراو بەوجۆرە ڕیفۆرمسازی تێدا کرابێت دەبێتە ئامێرو ئامرازێکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بەتواناو لێهاتو بۆ ناو ئیدارە دەوڵەتیەکان و هێزە چەکدارەکان.

ژمارەی بەشداربوان لە ئەزمونی بەشداریکردنی کاروباری دەرەوە، بەپێودانگی ئاماری ساڵانی نێوان دەیەی هەشتاکان، بەڕێژەی لەسەدا بیست و پێنج کەم بۆتەوە. ئەوانەشی دەچنە ئەم وەزارەتەوە ناڕەزایەتی لەبەڕێوەبەرایەتی لاوازو نەبونی ئەزمونی پرۆفیشناڵی تەواو دەردەبڕن. لەسەر ئەم بنچینەیە پێشنیاز دەکەین (ڕاژەی دەرەکی) لەڕێگەی ڕیفۆرمسازی لەئەزمون و لێکۆڵینەوە، بەرزکردنەوەی بەرچاوی ئاستی پەروەردەی پیشەیی ئێستا، گۆڕین و جێگۆڕکێ پێکردنی وتەزای ڕابەری و بەڕێوەبەری بۆ یەکێك لە بەهابنەڕەتیەکان وەزارەتی دەرەوە بگۆڕێت. بۆچارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە ئیدارەکانی دەوڵەت (لەسەر ئاستی هێزی مرۆیی) دوچاری دەبن – زیادبونی تەمەنی هێزی کار، بەرەنگارییە بونیادیەکان بۆ ڕاکێشانی هێزی نوێ و بۆشاییەکی گەورە لەبەکارهێنان و پاراستنی شارەزایانی تەکنیکی زانیاری– ئەنجومەن زنجیرەیەك ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو. لەوانە لادانی ئاستەنگی بەرکارخستن، پەلەکردن و ئاسانکاری پرۆسەی بەکارهێنان، ئامادەکردن و داڕشتنی بەرنامە لەسەر ئاستی فێرکاری پرۆفیشناڵی و هێشتنەوەی کارمەندانی بەئەزمون، کە بەهای زامنکردنی متمانەی تەواویان لای کۆنگرێس هەبێت. هێشتنەوەی کارمەندانی ئامادەکراو



بەتەکنەلۆژیای زانیاری پێویستی بەفەراهەمکردنی بزوێنەری بالاترو بیمەی هەندێك خزمەتگوزاری پشتیوانی تەکنیکی زانیاریە لەدەرەوەی ڕێکخراوەکە.

بەمەبەستی فراوانکردنی ئەزمونی بەرێوەبەرانی بڵند پایەی دەوڵەتی و پەروەردەکردنی ئەو ڕابەرانەی کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەدوی چارەسەری کۆگەل و یەکپارچەدا دەگەڕێن، دامەزراندنی (گروپی ئیداری ئاساشی نەتەوەیی) پێشنیاز دەکەین.

سەبارەت بە پێرسناڵی سەربازی، ڕیفۆرمی سیستمی بەرکارخراوەکان، پلەبەرزکردنەوە، تازیارو خانەنشینی پێویستن. جگە لەم شێوەیە هێزی چەکدار باشترین پێرسناڵی خۆی لەدەسدەدات و ئەو کارمەندانەی دەمێننەوە لەئەنجامدانی فەرمان و ئەرکەکانیاندا لەبوارەکانی بەڕێوەبردن و تەکنۆلۆژیا لاواز دەبن، کە یەکێك لە باشترین هێزەکانی جیهان لەسەدەی بیست و یەکدا پێویستی پێی دەبێت .

## "ڕۆڵی کۆنگرێس"

کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەساڵی (1949) بەدواوە ڕیفۆرمی لە دامەزراوەکەیدا نەکردوە. بۆ نمونە، بۆ خستنە دەنگدانی هەربەرنامەیەکی سەرەکی بەرگری لەهەموو ساڵێکدا بەلایەنی کەمەوە هەژدە بابەتی ڕاگیری لەکۆمیتە سەرەکی و لقەکاندا ئەنجام دەدرێت.

بۆ لەبەلاکردنەوەی ئەم ناهەمواریانە ئەنجومەن وەك سەرەتا پێشنیار دەکات دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرێس بەهاوکاری نوێنەرانی پەیوەست بەهەردوو پارتی دیموکراسی و کۆماریخوازەکان لە ئەنجومەنەکانی (سنا) و نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل دەربارەی پەیوەندی دەسەلاتی یاسادانان لەگەڵ سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و دەرەکی ئەنجام بدات.

سەرانی کۆنگرێس و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەبێت پێبەپێی دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بەرنامەڕێژی بکەن بۆ هاندانی ئەندامانی هەردوو دەسەڵاتەکە بۆبەدەسهێنانی زانست و ئەزمون لەسەر ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم بەرنامانە دەبێت پەروەردەی بەردەوام، هەلی باشتر بۆ سەفەرکردنی گرنگ بۆ دەرەوە، ئاڵوگۆڕی زیاتر دیدو بۆچونەکانی نێوان دو ئەنجومەنی یاسادانان و هاوبەشی زیاتر لەڕاهێنانی سەربازی لەخۆبگرێت.

بۆدەسەبەرکردنی دڵنیایی لەوەی کە دامەزراوەی کۆمیتەی کۆنگرێس لەگەڵ ئاڵۆزی بەرەنگارییە ئاسایشیەکانی سەدەی بیست و یەکەم و هەروەها سەرەتاکانی ئاسایشی ویلایەتە یەککگرتوەکان دەگونجێت، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی کامڵ پێویستە. بەتایبەتی ئێمە پێشنیاز دەکەین لقی کۆمیتەکانی تایبەتمەندی بودجە لەناو کۆمیتەکانی خاوەن دەسەڵاتی بەدەنگگەیاندنی بودجە تەرخانکراوەکان تێکەڵ بکرێن، تاکاری تەرخانکردنی بودجەی لەلایەن ئەم کۆمیتە نوێیەوە بەیەك لیست و یەکدەنگ لەسەردان بێت.

گێڕانی ڕۆڵی کاریگەرانەی کۆنگرێس لەئاسایشی نەتەوەیدا پێویست بەڕاوێژو هاوئاهەنگی بەردەوامی دوو دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندنیش دەکات. دەبێت کۆنگرێس لەلای خۆیەوە کاری ڕاوێژکردن بەگرنگتر وەربگرێت، گروپێکی ڕاوێژکاری هەمیشەیی بەئەندامێتی دەستەی سەرۆکایەتی و سەرانی کۆنگرێس و ئەندامانی پلەبەرزی کۆمیتە بنەڕەتیەکانی کۆنگرێسی بەشدار لە ئاسایشی نەتەوەدا پێکبهێنن . گروپی لەوجۆرە بونیادێکی گفتوگۆکردنی پایەدارو پارێزگاریکردنی زیاتری دەوڵەت لەکاتی قەیرانەکاندا پێکدەهێنێت.

لەکۆتایدا جەخت لەسەر ئەم داواکارییە دەکەین، کە سەرکۆمارو ڕابەری کۆنگرێس میکانیزمێك بۆ چاودێریکردنی پیادەکردنی ئەم ڕاسپاردانەی ناو ئەم ڕاپۆرتە بدۆزنەوە.



www.pertwk.com

### " *پێویستبونی گۆڕانکاری*"

(ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەککگرتوەکان لەسەدەی بیست و یەك) بۆ ئەومەبەستە پێکهات کە گشتیترین لێکۆڵینەوەی ورد- لەکاتی بەدەنگگەیاندنی یاسای بنەڕەتی ئەم دەزگایە لە ساڵی (1947)وە تا ئێستا- دەربارەی دامەزراوەو پرۆسەکانی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەککگرتوەکان ئەنجام بدات. دەستورەکانی ئەنجومەن ئەوئەرکەی خستۆتە سەرشانی ئەندامەکانی کە (پێشنیاز بۆ یەکانگیرکردن و گونجاندنی دامەزراوەی ئاسایشی نەتەوەیی) لەگەڵ هەلومەرجی نوێی جیهان ئامادە بکات، لەکاتی پێویستدا لەوبابەتانەی کە دامەزراوەی نییە، هەنگاو بۆ پێکەوەنانی دامەزراوەی نوێ بنێت.

ئەرکی دەسەبەرکردنی بودجەو کاتی پێویست بۆ تەواوکردن و کامڵکردنی ڕیفۆرمە ناوبراوەکان، ئامادەکردن و خستنە ڕوی (ڕێنماییەکی بونیادانە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك) یش خراوەتە ئەستۆی ئەم ئەنجومەنە.

ڕێنمایی لەوبابەتە لەبەشی سێیەمدا ئامادەکراو خرایە ڕوو، بەڵام لەبەشی سێیەمدا لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەن لەسەر دوو بەشی پێش ئەوە بوو: بەشی یەکەم، واتە لێکۆڵینەوە لەئاڵوگۆڕە گریمانەییەکانی جیهان لەچارەکە سەدەی داهاتودا، بەشی دوەم، واتە پێشنیازە ستراتیژییەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەکی کاریگەرانەی جیهانی نوێ لەگۆشە نیگای دیدو بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەمریکاوە.

ئەنجومەن لەلێکدانەوەکانی خۆیدا لەبەشی یەکەم ئەم چواردە دەرئەنجامەی بەدەستهێناوە:

1- ویلایەتە یەککگرتوەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان دەکەوێتە بەردەم هێرشی زیانبار وبالادەستی لەبواری سەربازیدا ناتوانێت پارێزگاری تەواو دابین بکات.

www.pertwk.com

2- پێشکەوتنە خێراکانی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری و ژینگەیی خراپەکاری نوێ بۆ ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ خۆی دێنێت.

3- تەکنۆلۆژیا نوێیەکان لەلایەکەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی ماوە لەجیهانداو لەلایەکی دیشەوە دەبێتە هۆی گشتگەرایی.

4- لەحاڵەتی گۆڕانکاریدا زیانەکانی ژێرخانی ئابوری بەشێویەکی بەرفراوان ئاسایشی نەتەوەیی هەموو وڵاتە پێشکەوتوەکان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

5- یەدەگیەکانی وزە بەردەوام گرنگی ستراتیژیانەی بەرچاوی دەبێت.

6- کارتێکردنە سەر سنورەکان زۆرتر دەبن, هەندێك لەو سنورانە نەرم دەنوێنن و هەندێکی دی تێکدەشکێن.

7- فەرمانڕەوایەتی وڵاتەکان دەکەونە ژێر فشارەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکەی بنەڕەتی و دامەزراوەی ڕێکخراوی سیاسیانەی نێودەوڵەتی لەئارادا دەبێت.

8- دابەشبون و دارمان و ناکامبونی هەندێك لەوڵاتەکان کاریگەری ناسەقامگیری بەسەر هەموو ناوچەکانی جیهاندا پەخش دەکات.

9- قەیرانە دەرەکیەکان پڕ لەتاوانکاری و هەنگاوی تۆقێنەرانەی گەورە دژ بە سیڤل دەبێت.

10- بۆشایی ئاسمان (فەزا) بۆ بوارێکی گرنگ و ناکۆکی سوپایی دەگۆڕێت.

11- جەوهەری جەنگ گۆڕانی بەسەردا نایەت.

12- دەزگای هەواڵگری ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ نەیارو دوژمنانی سەرسەختی زیاتر ڕوبەڕو دەبێتەوە, تەنانەت دەسڕاگەیشتنیشی بەزانیاری بەرز ناتوانێت هەمو غافڵگیرییەکان پوچەڵ بکاتەوە.



13- لەخولی یەکێتیە نادڵنیاکان و بەلەبەرچاوگرتنی کەمبونەوەی هێزی خۆبەخش, ویلایەتە یەکگرتوەکان چەندین جار ئەرکی بەشداریکردنی سوپایی لەناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دەکەوێتە ئەستۆ.

14- شەقڵی ئاسایش لەحاڵەتی فۆرمگیربوندا لە بیست و پێنج ساڵی ئایندەدا, پێویستی بەتوانستی جۆراوجۆری جیاوازە لەگەڵ ڕابردو لەبوارەکانی سەربازی و بوارەنەتەوەییەکانی دی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

ئەو ئاڵوگۆڕو بەدەستهێنراوە نائاساییانەی بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا، کەتەنها لەماوەی ساڵ و نیوێك پاش بڵاوبونەوەی بەشی یەکەمی لێکدانەوەکە ڕویاندا, ئەگەری دەستپێکردنی خولێکی ئاڵوگۆڕ بەهێزدەکەن، کە بەهۆی سەرسوڕمان و سەرسیمەبونمانەوە ئاستی زۆر بوە . فاکتەری سەرەکی بزوێنەری ئاڵوگۆڕی بواری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەبیست و پێنج ساڵی ئایندەدا, خێرابونی ڕەوتی دۆزینەوەی زانستی و بەکارهێنانەکانی تەکنۆلۆژیاکەی و پانتاییە ناجۆرەکانی سایکۆلۆژیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی بۆ مەیسەرکردنی بەکارهێنانە ناوبراوەکان دەبێت.

پێشکەوتوی هەندێك کۆمەڵگە (هەندێك تاك لەناو هەندێك کۆمەڵگەدا) لەسەر ئاستی گۆڕانکاری زانستی و تەکنۆلۆژیاو مانەوەی هەندێك کۆمەڵگەی دی لەپەراوێزی ئەم گۆڕانکاریانە, بەواتای سەراپاگیربونی دیاردەی دوو بلۆکی بونە- زەنگینی و دەسەڵاتداری و ئەوانەی لەم دوانە بێبەشن- هەم لەناو دەرونی کۆمەڵگەو هەم لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا-. هەروەها زۆر لەنەریتە ڕیشە داکوتاوەکانی کۆمەڵایەتی دەکەونە لەرزە, چونکە تازە گەرییە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان (هەرچەندە نەخواستراویش بن) کاریگەری قوڵ لەسەر دامەزراوە ئابوری، بەهای کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی دادەنێت.

www.pertwk.com

لەسەرئاستی ژیانی سیاسی, تەکنیکی زانیاری بەرفراوانکردنی ئاگاییەکان بۆتە هۆی زیادبونی دەرخواستە مەعنەوی‌و مادیەکان‌و فشاری خستۆتە سەردەوڵەت بۆ دەسەبەرکردنیان.

ئاڵوگۆڕی جیوگرافی, بەتایبەتی زیادبونی دانیشتوان فاکتەرێکی دی گرنگی ئاڕاستەکاری ئاڵوگۆڕی سیاسی جیهانە. فراوانبونی تێپەڕاندنی سنورەکان‌و چاوەڕوانی گشتگەرایی‌و هاوبەندی ئابوری بوەتە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕی گرنگی سیاسیانە تەنها بەبەکارهێنانی ئامرازی دیپلۆماسیانە لەپەیوەندی دولایەنەدا مایەی کۆنترۆڵکردن نەبێت. گەشەکردنی پایەداری ئابوری لەهەندێ ناوچەی تایبەتی جیهان دەتوانێت فاکتەرێکی دی دیاریکردنی ڕێچکەو ئاڕاستەی ئاڵوگۆڕەکان بێت. لەکاتێکدا چین‌و هەندستان بگەنە گەشەکردنی پایەداری ئابوری (بەگریمانەکردنی ئەوەی ئابوری وڵاتەکانی ژاپۆن, تایوان, کۆریا, ئەندەنوسیا, مالیزیا, فلیپین, تایلەندو ڤێتنامیش گەشە بکەن) سەنتەرە خۆرئاواییەکان تاڕادەیەك  وەك پێنج سەدەی ڕابردو کوانوی دەسەڵاتی جیهانی نابن.

لەبەشی دوەمی لێکدانەوەکەدا, ئەنجومەن بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی بابەتی گەیشتۆتە ئەوەی کە ستراتیژێك بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەلومەرجی ناوبراو بەڕەوا بزانێت. لەبەشێکی وتارەکانی ئەم بەشەدا لەژێر ناونیشانی (هاوکاری بۆ پاراستنی ئاسایش و برەودان بەئازادی) ئەنجومەن جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە، کەئەمریکا ناتوانێت بەگۆشەگیربون بەرژەوەندییەکانی زامن بکات‌و بەرەو پێشەوەی ببات. وڵاتانی جیهان دەبێت هاوکاری یەکدی بکەن, ویلایەتە یەکگرتوەکان– بەهۆی دەسەڵات‌و سامانەکەیەوە– دەبێت تا ئایندەیەکی دور ڕۆڵی تایبەتی نێودەوڵەتی بگێڕێت.

تەنها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەتوانێت کێشی هاوسەنگی جیهانی بێت. ئاساییە تەنها ئەم وڵاتەیە لەشوێنگەیەکدایە کە بتوانێت وەڵامی کۆگەلی بۆ بەرەنگارییە هاوبەشەکان ڕێکبخات. بەبڕوای ئێمە ستراتیژی ئەمریکا دەبێت جۆرێك هاوسەنگی نێوان دوو ئامانجی سەرەکی بدۆزێتەوە. یەکەمین ئامانج



سودمەندبون لەتازیارو باشیەکانی جیهانێکی یەکپارچەتر لەپێناوی بڵاوبونەوەی ئازادی, ئاسایش، پەرەسەندن‌و خۆشگوزەرانی بۆ ئەمریکیەکان‌و ئەوانی دیی. بەڵام بۆ ئامانجی دوەم, دەبێت ستراتیژی ئەمریکا هەوڵبدات هێزە ناسەقامگیرەکانی جیهان لاواز بکات‌و توانایان پوچەڵ بکاتەوە, تا تازیارو باشیەکانی باسکران بەردەوام بن‌و بڵاو ببنەوە.

بۆ زەمینەسازکردنی پیادەکردنی ستراتیژی باسکراو وبەدەستهێنانی ئامانجەکان, ئەنجومەن شەش ئامانجی باڵای بۆ سیاسەتی دەرەکی‌و ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان دیاری کردوە:

یەکەمین ئامانجی دیار, بەرگریکردن لەویلایەتە یەکگرتوەکان‌و دڵنیابون لە پارێزراوی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی سەردەمێکی نوێ دەبێت. بەرهەمهێنان‌و بڵاوبونەوەی ئامڕازە جەنگیە نەناسراوەکان, هاوشانی بەردەوامبونی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی, کۆتایی بەپارێزراوی ڕێژەیی خاکی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەبەرامبەر هێرشە کارەستبارەکان دەهێنێت. لەسەدەی بیست‌و یەکدا بۆ ڕێگاگرتن لەهێرشی لەوجۆرە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستی بەسێ هەنگاوی ڕێگریکردن, پاراستن و وەڵامدانەوە هەیە.

دوەمین ئامانجی سەرەکی, کەلەلای خۆیەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی یەکەم‌و ئامانجە گرنگەکانی دی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە پێویستە, (پاسەوانیکردنی گونجان‌و هاوبەندی کۆمەڵایەتی, پێشبڕکێی ئابوریانە, داهێنان لەتەکنۆلۆژیاو توانای سەربازی ئەمریکا)یە.

سێیەمین ئامانجی گەورە, باشتر بەکارهێنانی هەلە بەدەستهاتوەکان لەڕوی جێگیری ڕێژەیی نێودەوڵەتی‌و دەسەڵاتی خود, (بۆ یارمەتیدانی پێنج دەسەڵاتی گەورەو سەرەکی – بەتایبەتی چین‌و روسیاو هندستان – بۆ پێڕاگەیشتنیان بەڕەوڕەوەی بنەڕەتی سیستمی نێودەوڵەتی، کە ئێستا لەحاڵەتی سەرهەڵداندایە.)

بەسەرنجدان لەوەی کە هەلەکانی بەجیهانیبون لەپێشکەوتنی ئابوری‌و سیاسیدا ڕیشەیان هەیە, ئامانجی سەرەکی چوارەمی ویلایەتە یەکگرتوەکان (لەدیدی ئەنجومەنەوە) (هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوانی دی بۆ بەرزکردنەوەی

www.pertwk.com

بەچالاکی ئابوری جیهان, زیاتر کارامەکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان‌و مافە نێودەوڵەتیەکان) دەبێت.

پێنجەمین ئامانجی سەرەکی, (گونجاندنی زیاتری پەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان‌و میکانیزمە ناوچەییەکانی دی لەگەڵ سەردەمی نوێیە, کەتیایدا هاوکارەکانی ئەمریکا خوازیاری سەربەخۆیی‌و بەرپرسیارێتی زیاتردەبن.)

شەشەمین‌و دواهەمین ئامانجی سەرەکی (هەوڵدان‌و هەنگاونان بۆ کۆمەککردن بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە بۆ ڕامکردنی هێزە دورگرەکان, کەسەدەی گۆڕانکاری فاکتەری بەدیهاتنیان بوە.)

بەدیهێنانی هەموو ئەو ئامانجانە, پێویستی بەگۆڕانکارییەکی بنچینەییە لەئاڕاستە وەرگرتندا: ڕوو وەرگێڕانی کرۆکی سەرنجدانەکان بەڕوی (ڕێگریکردن) لەجیاتی وەڵامدانەوەی ڕوتی مەترسی‌و قەیرانەکان.

بەرەنگاربونەوە بنەڕەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، دەستکەوت و قۆستنەوەی هەلە لەژمارە نەهاتوەکانی سەدەی نوێ‌و خۆدورە پەرێزگرتن لەمەترسییە زۆرە کانە. گرفتەکە ئەمەیە کەدامەزراوەو ئاڕاستەکانی ئێستای سیاسەتدانانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان توانستی بەڕێوەبردنی لەوجۆرەیان نییە. بۆ نمونە, دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەشێوەیەکی پێویست ڕێکنەخراوە تا بتوانێت ئاسایشی وڵات دابین‌و زامن بکات, بەرنامەڕێژی ستراتیژی لەئاڕاستەکانی ئێستای دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەتاڵە, ئاڕاستەو ڕەوتەکانی بەرنامەڕێژی بودجەی دەوڵەت هێندە وشك‌و ناپەیوەندن کە بەدەگمەن سەرچاوەیەك دەبینرێتەوە بۆ تایبەتکردن بەسیاسەتەکانی پێشگیرانەو وەڵامدەرەوەی قەیرانەکان. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا جەوهەری بلیمەتی ئەمریکا لەمەدایە کەئێمە لەزۆر کۆمەڵگەی دی باشتر لەبەدەستهێنانی پێداویستیە سەردەمیەکان دەزانین. ئەوەی لەم بوارەدا پێویستە پیادەکردنێکی واقیعیانەی ڕابەرایەتی لەلایەن دەوڵەت‌و کۆنگرێسی نوێوە دەبێت. لە درێژەی ئەم وتارەدا کۆ ڕاسپاردەکانمان کەبۆ ئاڕاستەکردنی ڕابەرایەتی خراونەتەڕوو, دەبینیت:



1– ئێمە دەبێت خۆمان هەرچی زوترو باشترە بۆ بەرگریکردن لەوڵات ئامادە بکەین. بەشی یەکەممان بۆئەم بابەتە تەرخان کرد, چونکە مەترسیدارترین‌و دیارترین هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەساڵانی ئایندەدا فۆرمگیردەبێت.

2– توانستەکانمان لەبەرهەمهێنان‌و بەڕێوەبردنی زانست‌و تەکنیك, هەروەها لەپەروەردەدا دەبێت نوێکردنەوەو دروستکردنەوەی تێدا بکرێت (بەشی دوەم).

3– دەبێت لەکارامەیی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن‌و گونجاندنیان دڵنیایی بەدەستیهێنین. بەشی سێیەم, پێشنیازەکان بۆ گۆڕانکاری لەهەموو دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت.

4– خزمەتگوزارییە گشتییەکان (ئیدارەی دەوڵەت) دەبێت ببنە خاوەنی ئامادەترین سەرمایە مرۆییەکان. بەشی چوارەم, پێداویستییە مرۆییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و پرسی کارمەندانی دەوڵەت بەدورودرێژی دەخاتە ژێر لێکدانەوەوە.

5– کۆنگرێس خۆی بەشێکی گرفتە فرەجەمسەرەکانمانە. لەم ڕووەوە خودی کۆنگرێس دەبێت بەشێك لەڕێگای چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە بێت. بەشی پێنجەم, دەچێتەسەر ڕەهەندی گرنگ لەڕیفۆرمسازی دەوڵەت.

هەر بەشێك بەپێشەکیەك دەستپێدەکات کەگرنگی بابەتەکە ڕوندەکاتەوە. پاش ئەوە گرفتە سەرەکیەکانی پێویستیان بەڕەچاوکردنە دەناسێنرێن و بەدوایدا ڕاسپاردەکانی ئەنجومەن دەخرێتە ڕوو.

ئێمە بەدرێژایی ئەم نوسراوە ئەو هەنگاوە گشتیانەی کە دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی کۆمار, راپەڕاندن, کۆنگرێس دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ئەنجومەن بینێن پێشنیازمان کردوە. هەروەها لەهەر شوێنێکدا پێویست بوبێت ڕێنماییە گشتیەکان سەبارەت بە ڕەهەندەکانی بودجە پێشنیازی خۆمان خستۆتەڕوو. لەهەمان کاتدا, بەمەبەستی ئاڵۆزنەبونی دەقی ڕاپۆرتەکە, تێزەکانی جێبەجێکردنی پێشنیازەکانمان دەربارەی بوارو بابەتە تایبەتەکان

www.pertwk.com

کەبەجۆرێکی سەربەخۆ لەپاشکۆیەکدا بڵاوکراوەتەوە, ناونیشانمان بۆ داناون.
لەدوا وتەی ئەم راپۆرتەدا داوا لەسەرکۆمار کراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان میکانیزمێك بدۆزێتەوە.

www.pertwk.com

# فەسڵی دووەم

## (ئارامكردنی وڵات)

بەپێچەوانەی ئەو هاوبیریە فراوانەی دەربارەی جدیبونی هەڕەشەی هێرشكردنە سەر وڵات بەچەكی لەجۆری وێرانكەرو توانستی شڵەژاندنی بەرفراوان لەئارادایە، (هێشتا) دەوڵەتی ویلایەتە یەكگرتوەكان وتەزای ئاسایشی وڵات وەك یەكێك لەبەرپرسیارییە سەرەتاییەكانی خۆی لەبواری ئاسایشی نەتەوەییدا داناوە. بەمپێیە, سەركۆمار دەبێت دەستبداتە ئامادەكردن و داڕشتنی ستراتیژێكی گشتیو سەراپاگیرو دامەزراوەی نویٚ بۆپێشگرتن لە هێرشكردنە سەو وڵاتو پاراستنی– وەڵامدانەوەی ئەو هێرشانەش لەحاڵەتی سەرنەكەوتنی ئەو پشتگیریو پاراستنە– پێشنیار بكات.

هەمو جۆرە نوێكردنەوەیەكی ڕێكخراو دەبێت قەبارەو ئاستی گەورەی سیناریۆی پێشبینیەكان، توانستو دامەزراوەكانی ئێستا لەسەرئاستی ئاسایشی وڵات هەنو لەنێوان زیاتر لە بیستو ئەوەندە وەزارەتو ئاژانسو هەموو پەنجا ویلایەتەكەدا پەرتو بڵاون لەبەرچاو بگرێت. پێویستە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەهاوبەشی تەواوی كۆنگرێس لەڕێگەی تازەكردنەوەی ڕێكخراو و پاڵاوتنیو باشتركردنی تواناناوبراوەكانەوە لەچوارچێوەی پەیكەرێكی گونجاودا



دابڕێژێتەوە, جگە لەم شێوەیە باشترین ستراتیژ ڕوبەڕوی نەبونی ئامڕازو شێوازی پێویست بۆ جێبەجێكردن دەبێتەوە.

دەوڵەت هەروەها دەبێت ئامادەیی تەواو بۆ سودمەندبونی كاریگەرانە– بەرەچاوكردنی خاڵەكانی پارێزگاری– لەسەرچاوە فراوانەكانی وەزارەتی بەرگری لە خۆیدا دروست بكات. كارێكی لەوجۆرە پێویستی بەدیاریكردنی سەرەتای نویٚ هەیە بۆ هێزە چەكدارەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكان (لەدیدی ئێمەوە گاردی نەتەوەیش). هەنگاوەكانو تەدبیری پێویست دەبێت لەسیٚبواری ستراتیژی نوێكردنەوەو چاوخشاندنەوەی ڕێكخراوەیی و هاوكاری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنو یاسادان ئەنجام بدرێت. ئەم سیٚ بوارە پلەبەپلە دەخرێتە ژێر لێكۆڵینەوەوە.

### "فۆرمی ستراتیژ"

ئاسایشی وڵات لەستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییو ویلایەتە یەكگرتوەكاندا خاوەنی گرنگیەكی بنچینەییە– نەك پەڕاوێزی–. تائەم كاتە سەرانی نەتەوەیی لەسەر یەك ستراتیژی ڕون بۆ ئاسایشی وڵات نەگەیشتونەتە ئەنجام, ئەمەش ئەو هەلومەرجەیە كە ئەم ئەنجومەنە بەمەترسیدارو تەحەمول نەكراو لەقەڵەمی دەدات.

لەسەرئەم بنەمایە, ئەم بابەتانەی خوارەوە ڕادەسپێرین:

**"دەبێت سەركۆمار سنتراتیژێكی گشتیو سەرانسەری لەپێناوی بەرزڕاگرتنو پەرەدان بەتواناكانی ئەمریكا لە پێشگیریو پاراستن لەبەرامبەر هەر جۆرە شێوەیەكی هێرشكردنە سەر وڵاتو وەڵامدانەوەی هێرشی لەوجۆرە لەكاتی مەیسەر نەبونی پێشگیریو پاراستن ئامادە بكات و دابڕێژێت."**

لەدیدی ئێمەوە دەبێت سەركۆمار:

– لەستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیدا گرنگی دروست بە ئاسایشی وڵات بدات. ئەم وتەزایە ببێتە جێگەی گرنگی پێدانی بنەڕەتیانەی

www.pertwk.com

پلەدارەکانی ئایندەی وەزارەتەکان‌و دەسەلاتەکانی ڕاپەڕاندن( بەتایبەتی کۆمەڵگەکانی زانیاری‌و سوپایی).

– بەئارامی بۆهەڕەشەگریمانکراوەکانی داهاتو میللەتی ئەمریکا ئامادە بکات. میللەت لە هەنگاو وبەرنامەکانی دەوڵەتی فیدراڵ‌و حکومەتی ویلایەتەکان بۆ پێشگیرکردن لە هێرشەکان‌و پاراستنی خەڵکی و ئەوئەنجامانەی کەدەبنە لێکەوتە گەر ئەوپێشگیری کردنانە سەرکەوتوو نەبون, ئاگادار بکات.

– لەگەڵ دروستکردنی دامەزراوەو ئاڕاستەی دەوڵەتی نوێ کارمەندانی زیادەو تێکەڵی ئەرکەکان لە هەر شوێنێکدا کە شیاوبێت بسڕێتەوە.

– هانی کۆنگرێس بدات و بیجوڵێنێت بۆ فەراهەمکردنی میکانیزمی نوێ، تا هاوکاری نزیکتری دەسەلاتی ڕاپەڕاندن‌و یاسادانان لەم بابەتە ژیانیەدا ئاسان بکات.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە باشترین ڕێگا بۆدابینکردن و زانمکردنی ئاسایشی ولات لەڕێگەی داڕشتنی ستراتیژێکی وەستاو لەسەر (بەرگری چەندلایەنە) دەبێت, کە لەهەنگاوی یەکەمدا پێشگیری‌و, هەنگاوی دوای ئەوە پاراستن و سەرئەنجام وەلام دانەوە بکاتە جێ سەرنجی خۆی.

**پێشگیری**: لەوتەزای پێشگیری ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا سێ ئامڕازی بنەڕەتی لە پشکدایە:

یەکەمین ئامڕاز: دیپلۆماسییە– هەوڵدانی دیپلۆماسیانە بۆ پێکەوەنانی پەیوەندی دۆستانەو مایەی متمانە لەگەڵ دەوڵەت‌و نەتەوە بێگانەکان هەلەکان لەبەردەم ئەمریکادا بۆ ئاگاداربونەوەی زوتر سەبارەت بە هێرشە ناکاوەکان و وەرگرتنی هوشیاری پێویست دەربارەی هەڕەشەکانی خەریکی ڕودانن, بەڕادەیەکی بەرچاو دەڕەخسێنێت. هاوکاری هەواڵگریانە لەگەڵ دەوڵەتە بێگانەکان بەمەبەستی ناساندنی تاك‌و گروپەکانی لەوانەیە نیازی هێرشکردنە



سەر ویلایەتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانەکانیان هەبێت گرنگی زۆری هەیە. دامەزراوەی ڕێکخراوە دەرەکیە کۆمەککارەکان دەتوانن تیرۆریستەکان لەسەر خاکی خۆیان دەستگیر بکەن‌و دادگاییان بکەن. لەهەمان کاتدا دەبێت هەوڵوتەقەلادان بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆ پڕچەك کردن‌و ڕێگری لەبەرهەمهێنان و فراوانبونی ئامڕازە نائاساییەکانی جەنگ لەهەنگاوە سەرەتاییەکان دابنرێت. لێرەوە کە ئەم ڕێوشوێنانە بەتەنیا ناتوانن ڕێگری بەرهەمهێنان و بڵاوبونەوەی کەرەسە جەنگیە ناوبراوەکان بن, زنجیرەیەك ڕێوشوێنی دی– لەوانە ڕێوشوێنی ئاگادارکردنەوە و بەرگری گریمانەیی– دەبنەکاری پێویست– . ئاگاداری فراوان دەربارەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تاوانبارانیش گرنگە, چونکە زۆربەی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان سەرچاوەو توانستەکانی دی خۆیان لەڕێگەی چالاکی تاوانبارانەوە بەدەستهێناوەو سودیان لێدەبینن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستانە.

ڕوبەڕوبونەوەی تاوانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەك تەنها پێویست بە هاوکاری باشتری ولاتانی دی دەکات, بەڵکو پێویست بەهاوکاری نێوان دامەزراوە حکومیەکانی فیدراڵیش دەکات.

ئامادەیی دیپلۆماسی, هەواڵگری و سوپاییانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەدەرەوەی ولات دوەمین ئامرازی ئاسایشی ولات پێکدەهێنێت. ئاژانس‌و نوێنەرایەتیە دیپلۆماسی, هەواڵگری, سەربازی‌و ئاژانسی ڕێکخراوەکانی لەدەرەوە چالاکی دەنوێنن، لەسەر خاك‌و شوێنە جیاوازەکان چاو و گوێی سەرەکی ئەمریکان. لەهەمانکاتدا هەنگاوە گەورەکانی دەوڵەت – تایبەت بۆ بەهێزکردنی پرۆسەکانی ئاسایش لەبوارەکانی تۆڕی بارکردن‌و گواستنەوەو کەلوپەلی نێودەوڵەتی, کە تاك‌و کالاکان بۆ ئەمریکا دەگوازنەوە گرنگی تایبەتیان هەیە.

سیستمەكانی هوشیاری ئاسایش‌و چاودێری سنور, سێیەمین ئامرازگەلێكن دەتوانن لەچونەناوەوەی ئەو گروپانەی كەلەدەرەوە نەناسێنراون و نیازی هێرشكردنە سەر ویلایەتە یەكگرتوەكانیان هەیە ڕێگری بكەن. دامەزراوەكانی هاوشێوەی گومرگ‌وگاردی كەنارەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكان ڕۆڵی گرنگ‌و هەستیاریان لە ئەستۆیە. بەهێزبونی توانستی ئاژانسەكانی كۆنترۆڵكردنی سنور (وەك گومرگ و گاردی كەنارەكان) لەسەر ئاستی ناساندن‌و ڕێگری هەڕەشە توندەكان– بەبێ دروستكردنی ئاستەنگ لەسەر ڕێی بازرگانی‌و هاتوچۆ– پێویستی بە داڕشتنی ( ستراتیژێكی ئاقلانە) بەم سێ توخمەی خوارەوە هەیە:

توخمی یەكەم : دۆزینەوەی ڕەوتێكی جێبەجێكردنی نوێیە لەسەر ئاستی ئاسایشی باركردن و گواستنەوە, كە بەجۆرێك گەڵاڵەكراون ئەو مەترسیانە بۆ نزمترین ئاست كەم دەكاتەوە، كەهاوردەكان, هەناردەرەكان, بەڵێندەرانی باركردن‌و گواستنەوەی كاڵاو كۆمپانیاكانی گواستنەوە نازانن چۆن بونەتە ڕێچكەی چالاكی تاوانكاری‌و تیرۆریستانە. توخمی دوەم: بەهێزكردنی تواناكانی كۆنترۆڵە سنوریەكان لەبواری كۆكۆدنەوەی زانیاری، بەڕێوەبردنی پێشهاتەكان وهاوكاری زانیاریانە، بەمەبەستی بەرزكردنەوەی توانایان لەبواری دەستنیشانكردن و بابەتەكانی لێكۆڵینەوە لەگەڵ خەڵكی و كاڵا مەترسیدارەكان. سێیەمین توخم لە ستراتیژی ئاقلانەی ناوبراو بریتیە لە بەهێزكردنی توانای ئاژانسە زەمینیەكانی كۆنترۆڵكردن، لەبواری دەستگیركردنی تیرۆریستان ، یان ڕاگرتنی بارێكی مەترسیدار پێش گەیشتنی بەسنورەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكان. ئەم بابەتانە دەكرێت دەربارەی گرفتە زۆرەكانی ئینتەرنێتیش دوبارە بكرێتەوە. پارێزگاریكردن لەژێرخانە گرنگ‌و هەستیارەكانی وڵات بەندە بە گەشەدان بەئاستی ئاگایی گشتی وچاككاری ئامڕازەكانی دۆزینەوەو دیاریكردنی مادەكانی تێپەڕو زیادەڕۆییە. ئەمەش لەلای خۆیەوە پێویستی بەهاوكاری زانیارییانەی باشتری نێوان هەموو بەرپرسانی فیدراڵ، ویلایەتەكان، لۆكاڵیەكان،



www.pertwk.com

كارمەندان و خاوەندارانی كەرتی تایبەت هەیە. دەوڵەتی فیدراڵ بەتایبەت ئەم ئەركانەی لە ئەستۆدایە:

– بونە نمونە بۆ كەرتی تایبەتی بەچاكتركردنی ڕەفتاری ئاسایشانەی خۆی.

– مامەڵەكردن لەگەڵ گرفتە ئاسایشیە ناسراوەكانی دەوڵەت‌و دۆزینەوەی چارەسەر بەر مەبنای سیستمێكی بەرفراوان.

– ناساندن‌و دۆزینەوەی هاوبەندی نێوان تۆڕەكان, بەجۆرێك كە بتوانێت ڕێگری لەكاریگەرییە یەك بەدوای یەكە زیانبارەكانی نێوان سیستەمەكانی ئینتەرنێتدا بكات.

– هەڵسەنگاندنی زیانەكان لەسنوری دەوڵەتی فیدراڵ‌و هەروەها كەرتی تایبەتدا.

– گەڵاڵەكردن‌و پیادەكردنی شێوەسازییەكان‌و ئەو ڕاهێنانەی كە ئاسایشی سیستمەكانی ڕاگەیاندن لەسەرانسەری وڵاتدا دەخەنە ژێر تاقیكردنەوەوە.

هەروەها پێشگیركردن لەهێرش بۆسەر وڵات پێویستی بە درێژەدان بە توانایی ویلایەتە یەكگرتوەكانە بۆ وەشاندنی گورزی دورمەودا. ویلایەتە یەكگرتوەكان دەبێت بەپیشاندانی سوربونی خۆی لەپێشگرتن بەهۆی بەكارهێنانی هێزی سەربازی لەكاتی پێویستدا, سیاسەتی بەیدەستكردنی خۆی بەهێز بكات.

**پاراستن** : دەبێت چالاكیە جۆراوجۆرو هەمەڕەنگەكانی وەزارەتی بەرگری لەسەر ئاستی پاراستنی وڵات لەناو دەرونی سیستمێكی گشتی پاراستندا ئاوێتە بكرێن, كەبەفرەیی سەرچاوە بەهێز بێت. سیستمێكی بەرگری موشەكی بالستیكی– تا ئەو جێگایەی كە لەڕوی تەكنیكەوە لەتوانادابێت‌و لەڕوی داراییەوە هەڵسەنگێنراوبێت‌و لەڕوی ئەقلانیەت‌و سیاسییەوە پایەدار بێت– یەكێك لەسەرچاوە زۆر سودمەندەكان بوەو دەبێت گەڵاڵە بكرێت‌و دروست بكرێت. هەروەها پێبەپێی فراوانبونی (جیهانی)یانەی بەكارهێنانی موشەكە

www.pertwk.com

کرۆزەکان‌و تەکنۆلۆژیای پڕ چەککردنی پێشکەوتوی بۆشایی ئاسمان, دەبێت بەدواداچون بۆ دروستکردنی سیستمی بەرگری دژ بەو جۆرە چەکانە بکرێت.

پاراستنی ژێرخانە گرنگ‌و هەستیارەکانی وڵات‌و دەسەبەرکردنی ئاسایشی ئێنتەرنێت دەبێت ئەم تەدبیرانەی خوارەوەش لەخۆ بگرێت:

– هەڵسەنگاندنی پێشکەوتوەکانە لەبواری هەواڵ‌و ئاگادارکردنەوەو هێرشکردن.

– سیستمێکی ئاگادارکردنەوە کەوەرگری هەواڵە خۆبەخش‌و خێراکانی کەرتی تایبەتی بێت لە بابەت هێرشە کتوپڕەکان" بەجۆرێك کە زۆربەی دامەزراوەو کەرتە تایبەت و دەوڵەتیەکان لەتوانایاندابێت لەبەرامبەر ئەو هێرشە گیریمانەکراوانەدا ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر.

– لەبەرچاوگرتنی سیستمە پێشکەوتوەکان بۆ وەستاندنی هێرشەکان‌و بەرقەرارکردنی سێرڤەیسی جێگرەوە (یان پشتیوانی)و دەستپێکردنەوەی خزمەتگوزاری.

**کاردانەوە** : دەبێت یەکەمین سەرەتا لای فەرمانگەی بەرگری مەدەنی بۆ هێرشی کارەساتبار بۆسەر خاکی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرزکردنەوەو بەهێزکردنی تواناکانی کاردانەوەو وەڵامدانەوەی ویلایەتی‌و لۆکاڵی بێت. کاربەدەستانی کاردانەوەی سەرەتایی لە کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا دەبێت هەموو کەرەسەیەکی پێویستیان لەبەردەستدا بێت. ڕێنوێنی‌و ڕەوتەکانی جێبەجێکردن دەبێت پێناسە کراو بن‌و رابگەیەنرێن, لەڕێگای هاوشێوەسازی‌و ڕاهێنانەوە جێبەجێ بکرێن. توانستێکی پەیوەندیکردن، کەمایەی بەکارهێنان بێت, بۆ بەرگریکردنی فراوان بەرامبەر هەر جۆرێکی کارەسات کاری زۆر پێویستن. بەردەوامبونی خزمەتگوزارییە دەوڵەتیە گرنگەکانیش دەبێت دەسەبەر کرابن.

ئێمە بێپەردە نیگەرانیەکانمان دەربارەی ئەوەی کە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان –بەم دامەزراوەی ئێستایەوە– بتوانێت بەشێوەیەکی کارامە



لەبەرامبەر مەترسی‌و زەرەرمەندییە گرییمانەییەکانی چارەکە سەدەیەکی داهاتو کاردانەوە پیشان بدات, دەخەینەڕوو. ئەم ڕەشبینییە ناچارمان دەکات تا بچینە سەر ئەرکی دوەممان کە: نوێکردنەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی.

### *نوێکردنەوەی دامەزراوەی ڕێکخراوەیی*

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو وەزارەت‌و ئاژانسەکانی فیدراڵ – هەریەکە لەڕویەك یان چەند ڕویەکەوە– بەشداری ئاسایشی نەتەوەیی دەبن, بەڵام هیچ کامیان بەو جۆرە ڕێکنەخراون کە ئاستی ئەو هەڕەشەیەی ئێستا بەرامبەر بەوڵات وەستاوە بەتایبەتی بخەنە ژێر سەرنج‌و گرنگییەوە.

ئەنجومەن جەخت لەسەر نوێکردنەوەی دامەزراوەی ڕێکخراوەیی دەکاتەوە, کە:

– تیایدا کەسێك (کەلەبەرامبەر سەرکۆماردا بەرپرس بێت) بۆ هەماهەنگی‌و چاودێری چالاکیە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت، کە پەیوەستن بە ئاسایشی وڵاتەوە, دیاری بکرێت.

– بەمەبەستی بەرەوپێشبردن، زیادکردنی کارامەیی‌و گونجانی چالاکی تایبەت لەبواری ئاسایشی وڵات، کاری سەقامگیری‌و هەڵسەنگاندنی بۆ بەئەنجام بگەیەنێت.

– میکانیزمی بەرنامەڕێژی بدۆزێتەوە بۆ پێناسەکردنی کاردانەوە تایبەتەکان بەرامبەر هەڕەشە جۆراو جۆرەکان.

– دەستەبەرکردنی سەرچاوەو توانستە جۆراو جۆرەکان زامن بکات.

لەمبارەیەوە ئەنجومەن ڕاسپاردەی ئەمەیە:

(**سەرکۆمار پێشنیازی دامەزراندنی (ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات – National Homelend Security Agency) دەکات، کەخاوەنی بەپرسیارێتی، پشکی بەرنامەڕێژی, هەماهەنگی‌و گونجاندنی چالاکیە جۆراو**

www.pertwk.com

**جۆرەکانی دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانە لەبواری ئاسایشی وڵاتدا, کۆنگرێسیش دەبێت ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت. ( دەبێت ئاژانسی بەڕێوەبردنی ئێمێرجنسی فیدراڵیش – Federal Emergency Managing Agency) لەم بوارەدا ڕەگەزێکی دروستکەر بێت.)**

ئاژانسی ناوبراو بەرایی بە بەرنامەڕێژی گشتی دەدات، لەهەمان کاتدا بۆجێبەجێکردنی بەرنامەی داڕێژراوی خودی خۆی لەبنەڕەتدا پشت بەڕێکخراو و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دی دەبەستێت. لەپاڵ پشکەکانی ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵاتدا, ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕۆڵی ستراتیژیانە لەبەرنامەڕێژیو هەماهەنگی هەموو چالاکیەکانی پەیوەست بە ئاسایشی وڵاتەوە دەگێڕێت.

بەسەرنجدان لەوەی کۆی سێ وەزارەتی جیاواز ئەرکی بەرنامەڕێژی بۆ دابینکردنی ئاسایشی سنور لەئەستۆدایە, راسپاردەمان ئەمەیە کە:

**(سەرکۆمار لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆییو جیاوازی بونی گومرگ, گاردی سنوریو گاردی کەنارەکان پێشنیاز بۆ کۆنگرێس بکات بەگواستنەوەیان بۆ سەر ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات.)**

هەروەها دەبێت هەنگاو بۆبەهێزکردنی ئەم سێ دامەزراوە جیاوازە بنرێت– کە ئێستا لەژێر باری گرانی ئەرکی ناجۆرو سەرچاوە دا لەبواری کارەکاندا توانای جێبەجێکردنیان لەدەستداوە–. ئەنجومەن پێشنیاز دەکات کە کۆنگرێس دامەزراوەی (دارایی) گومرگ, گاردی سنوریو گاردی کەنارەکان بەجۆرێك نوێ بکاتەوە کە ئەو دامەزراوانە بتوانن بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی سەرەکیان لەبواری ئاسایشی وڵاتدا بگێڕن.

ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایش ئەرکەکانی بەرنامەڕێژی, هەماهەنگیو چاودێریکردنی چالاکیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەهۆی سێ فەرمانگەوە رادەپەڕێنێت. فەرمانگەی پێشگرتن، چاودێریو هەماهەنگی چالاکیەکانی



ئاسایشی سنوری لەئەستۆ دەبێت. فەرمانگەی پاراستنی ژێرخانە گرنگو هەستیارەکان، ڕوبەڕوی هەڕەشە بەربڵاوەکانی ئینتەرنێت دەبێتەوە. فەرمانگەی ئامادەییو کاردانەوەی کتوپڕ, بەرنامەڕێژیو فەرمانی ئۆپراسیۆنی تایبەتی لەئەستۆ دەبێت – لەوانە کارکردن لەو شوێنانەی کارەساتی سروشتی یان دەستکردنی مرۆیی تێدا ڕوو دەدات–. نوسینگەیەك بەناوی (نوسینگەی زانستو تەکنیك) دیدی ڕاوێژکارانەی خۆی لەزەمینەی سەرەتاکانو هەنگاوە پێویستەکاندا بۆ هەر سێ فەرمانگە لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوەو فراوانکردن دەخاتە بەردەست سەرۆکی ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات.

هەروەها ئەم ئاژانسە یەك (سەنتەری نەتەوەیی ئۆپراسیۆنی قەیران)ی شاراوەی دەبێت, کە لەکاتی قەیراندا دەبێتە ناوکێکی سەنتراڵی کۆنترۆڵکردنی ڕوداوی کتوپڕی وڵات، هەروەها سەنتەری بنەڕەتی هەماهەنگی پارێزگاریکردنی فیدراڵیەکان لەئیداراتەکانی ویلایەتو لۆکاڵیەکان دەبێت. (فۆرمی یەك).

ئاژانس پێویستی بەپەیوەندییەکی نزیکی کارکردن لەگەڵ وەزارەتی بەرگری دەبێت, هەروەها پێویستیشی بەوە دەبێت کە میکانیزمێکی بەهێز بۆ هاوکاری هەواڵگری لەگەڵ دامەزراوە هەواڵگرییەکانی ناوخۆو نێودەوڵەتی پێکەوە بنێت. پێشنیاز دەکەین ئاژانسی لەناو سەنتەری دژە تیرۆریزمی (FBI , CIA) پەیوەندی هەبێت. لەماوەی دەیەی ڕابردودا هاوبەندبونی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە ژێرخانە هەستیارو گرنگو ئاڵۆزو چڕەکانەوە پەرەی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. لەسیستمی ئاو ئاوەڕۆ بگرە تا دەگاتە بەشی بانکداریو دارایی هەمویان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئارامو کارامەو مایەی متمانە پشت بە ئەنتەرنێت دەبەستن. تۆڕەکانی ئینتەرنێتی ڕاگەیاندن کە سیستمەکان پێکەوە دەبەستن خۆیان دەکەونە بەرکارتێکردنو شێوانی بڕیار. زۆرترین پەیوەندیە سەربازییە ناڕیچکخراوەکانیش پشت بەجۆرە سیستمێك دەبەستن کە خاوەنداریێتیو بەڕێوەبردنیان تا ڕادەیەك موڵکی کەرتی تایبەتە. (فەرمانگەی

www.pertwk.com

پاراستنی ژێرخانی هەستیارو گرنگ دو ئەرکی ژیانیی لەئەستۆ دەبێت : یەکەمین ئەرك چاودێریکردنی توانستە فیزیکیو تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی پێکهێنەری ژێرخانی هەستیارو گرنگی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەبێت. ئەرکی دوەم: لەبەرامبەر (نوسینگەی تەکنیکی, ئارامو ئاسایشکردنی زانیاری هەستیار) دەبێت، کەبۆ هەماهەنگکردن جۆرێك هەنگاو دەنێت تا چارەسەرکردنی ئەو زیانانەی ئەم چالاکیانەی خوارەوە دروستی دەکەن, کە ئێستا بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو ئەنجام دەدرێن, دەسەبەریکات:

– سەنتەرەکانی هاوکاریو شرۆڤەکردنی زانیاری، کە کۆمیتە پێکهێنراوەکانی بە ئەندامێتی کەرتی تایبەت بوە, لەژێر چاودێری دەوڵەتدا لەبواری هاوکاری زانیاری وئامادەکردنی تێزو ڕەوتەکانی جێبەجێکردنی هاوبەشیش بۆدابینکردنی ئاسایشی زانیاری لەبوارەکانی تایبەت بەخۆیاندا چالاکی دەنوێنن.

– سەنتەری ئارام ڕاگرتنی دامەزراوە هەستیارەکان, کە تا ئێستا لەژێر پەردەی وەزارەتی بازرگانیدا بوەو بەهاوکاری بەشی تایبەت بەرنامە ڕێژی بۆ کۆمەكو ئاگادارکردنەوە دەکەن.

– سەنتەری نەتەوەیی پاراستنی ژێرخانەکان, کە ئێستا لەژێرچەتری (FBI) دا کاری کۆکردنەوەی زانیاریو ئاگادارکردنەوە لەبواری هێرشی ئینتەرنێتدا دەکەن.

– دامەزراوەی پارێزگاریکردن لەژێرخانەکانی زانیاری, کە ئەمیش لەژێر پەردەی وەزارەتی بازرگانیدا بوەو ئامانج لەدامەزراندنی هەماهەنگیو پارێزگاریکردنی پرۆژەکانی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان لەبواری ئاسایشی ئینتەرنێتدا دەبێت.

فەرمانگەی پارێزگاریکردن لەژێرخانە گرنگو هەستیارەکان بەسودوەرگرتن لەهاوبەشیکردنی کەرتی تایبەت بەرپرسیارێتی فراوانکردنی هاوکاری زانیاری



لەبواری ئاسایشی فیزیکیو ئینتەرنێت, چارەسەرکردنی زیانباریەکان، پێشنیاز بۆ سیاسەتەکانی فەرمانگەی کتوپڕی، دیاریکردنی ئەرکەکانی دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەتی لەپێشگیریکردنی هێرشەکان, بەرگریکردن لێیانو قەرەبوکردنەوەی شۆکەکانی دەرئەنجامی ئەم هێرشنانەی لەئەستۆ دەبێت. (نوسینگەی تەکنیك, ئارام ڕاگرتنو ئاسایشی زانیاری هەستیار) ئەم فەرمانگەیە سەنتەری بنەڕەتی دامەزراندنی هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی فیدراڵ و یاریدەدانی ئەم ئەنجومەنە بۆ ئامادەکردنو داڕشتنی سیاسەت، ستانداردەکانی ئینتەرنێت، میکانیزمەکانی کارکردن، پیادەکردنی سیاسەتەکانو ستاندارده ناوبراوەکان دەبێت. ئەرکەکانی ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات لەبواری بەرنامەڕێژیو فەرمانەکانی ئۆپراسیۆن, بەتایبەتی لەڕێگای (فەرمانگەی ئامادەکاریو کاردانەوەی کتوپڕ)ی ئەم ئاژانسەوە ئەنجام دەدرێت. هەندێك لەو ئەرکانە بریتین لە:

– دیاریکردنی ستانداردەکانی پەروەردەو ئامادەکردن, دەسەبەرکردنی سەرچاوە, هاندانو دنەدان بۆ هاوکاری زانیاریو هەواڵ لەنێوان پلەدارانی فەرمانگەی کتوپڕی ویلایەتەکان, کۆمەکبەخشانی لۆکاڵی, وەزارەتی بەرگریو نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵ (FBI).

– ئاوێتەکردنی چالاکیە جۆراو جۆرەکانی وەزارەتی بەرگری, گاردی نەتەوەییو دامەزروەکانی دی فیدراڵو گونجاندنیان لە (تێزی کاردانەوەی فیدراڵی) دا.

– بەگەڕخستنی کارامەیی کەرتی تایبەتو کۆمەڵگەی پزیشکی لەسەر ئاستی قەرەبوکردنەوەی لەدەستچوەکان, فەرمانگەی روداوەکانو بەرنامەڕێژی بۆ درێژەدان بەخزمەتگوزاریەکان .

www.pertwk.com

کاری بنەڕەتی ئەم فەرمانگەیە- لەگەڵ هەبونی هاوکاری پلەدارانی ویلایەتەکان, کۆمەڵگەی فەرمانگەی کتوپڕی ڕێکخراوەکان – بە لۆجیککردن‌و پالاوتنی سیستمی کاردانەوە لەبەرامبەر ڕوداوەکانی ولاتدا دەبێت. ئەو جیاوازییانەی ئێستا لەنێوان فەرمانگەی قەیرانەکان‌و فەرمانگەی ڕوداوەکاندا هەیە نە ئەقلانیەو نە مایەی بەردەوامی. دوالیزمی کارسازی‌و بەرنامەکان بۆتەهۆی سەرلێشێواندن‌و دواخستنی فەرمانەکان. ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی ولات دەبێت بەهەماهەنگیەکی تەواوەوە لەگەڵ وەزارەتی داد و (FBI) سیستمێکی کاردانەوە لەبەرامبەر ڕوداوە نەتەوەییەکاندا دروست بکات و ئیدارەی بدات.

لەکاردانەوەدا بەرامبەر بەقەیرانێك, بەوجۆرەی کە ئێمە بەرجەستەی دەکەین, بەرپرسانی ویلایەتەکان ڕێنوێنی سەرەتایی کاروبارەکان بەدەستدەگرن. بەشێوەکی ئاسایی ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی ولات بۆ هەماهەنگکردنی کۆمەکەکانی فیدراڵ سود لەبەڕێوەبەرانی ناوچەکانی خۆیان دەبینن, لەهەمان کاتدا سەنتەری نەتەوەیی ئۆپراسیۆنی قەیران, لەئۆپراسیۆن‌و پێداویستیە هەنوکەیی‌و بەردەوامەکان دەخەنە ژێرچاودێری خۆیەوە. لەحاڵەتێکدا کە توانا لۆکاڵیەکان بۆ قەیرانەکە کافی نەیێت, دەسەلاتدارانی ویلایەت داوای کۆمەکی زیاتر لەئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی ولات دەخوازن. لەقەیرانە گەورەکاندا سەرکۆمار- بەڕاسپاردەی سەرۆك (مەدەنی)ی ئاژانس- کەسێکی بەرجەستە لەپلەی (هەماهەنگکاری فیدراڵ) دادەنێت, تا ڕێبەری‌و ڕێنوێنی هەموو چالاکیەکانی فیدراڵ لەمەیدانی ڕوداوەکەدا لەئەستۆ بگرێت. لەحاڵەتی پێویستبونی لێپرسراوێکی ویلایەت ئەم پشکەی لەبەردەستدا دەبێت کە داوا بکات ئەو هێزانەی پێشتر لەکارکردندابون بەهۆی کادێری هێزی سوپایی یەکەکانی گاردی نەتەوەییەوە بەهێز بکرێن. لەحاڵەتی فەرماندانی سەرکۆمار بۆ خۆبەخشی هێزی گاردی نەتەوەیی‌و چونە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی فیدراڵ, یان لە حاڵەتێکدا کە بڕیار



بدات هێزە (یەدەگیەکان) بەرکار بخات, فەرماندەیی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان بەرپرسیارێتی گشتی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان لەئەستۆ دەگرێت, لەڕێگای فەرماندە دانراوەکانی هێزی کۆماندۆ (تایبەت) فەرماندەرکردن‌و چاودێری خۆی مەیسەر دەکات. لەهەمان کاتدا وەزیری بەرگری کەسێك لەپلەی (هەماهەنگکاری بەرگری)دادەنێت, تا چاودێری نانیزامیانە بکات و دابینکردنی دەمودەستی توانستی نا نیزامیانە بەدەستبهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشی کە ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی ولات دامەزراوەی بەربلاوی ئاسایشی ولات دیاری دەکات, بەلام هەرچی ڕێکخراوە دەوڵەتیەکانی دییشە درێژە بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکە تایبەتیەکانی خۆیان دەدەن لەسەر ئاستی ئاسایشی ولات. لەخوارەوە بەکورتی هەندێك ئەرکی ڕێکخراوە بنەڕەتیەکان باسدەکەین.

"**کۆمەڵگەی ئاسایش**": زانیاری بەسودو پێویست کلیلی پێشگرتن لەهێرشکردنە سەر ولاتە, دەبێت ئاسایشی ولات گرنگترین بەشی ئەرکەکانی کۆمەڵگەی ئاسایش بێت. زانیارییە مرۆییەکان, بەتایبەت دەربارەی گروپە تیرۆریستەکانی لەلایەن دەوڵەتانەوە بەنهێنی پشتگیری دەکرێن, دەبێت باشتر ببێتە تەواوکاری زانیارییە تەکنیکیەکان. کۆمەڵگەی ئاسایش بەمەبەستی دەسەبەرکردنی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی خۆی:

**(سەرکۆمار دەبێت لەوە دڵنیابێت کە ئاسایشی ولات‌و هەڕەشە سەرچاوە جۆراو جۆرەکان یەکێك بێت لە شڕۆڤەکارییەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی هەواڵگری, کە ئەم ئەرکە (شڕۆڤەکردنی ئاسایشی ولات‌و هەڕەشەکان) بە یەکێك لەپلەدارانی هەواڵگری نەتەوەیی بدرێت، ئنجا (ئەنجومەن) دەست بداتە داڕشتن‌و خستنەڕوی (زانیارییە نەتەوەییە بەدەستهێنراوەکان دەربارەی ئەو هەڕەشانە).**

"**وەزارەتی دەرەوە**": باڵوێزخانەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان یەکەمین هێڵی بەرگری نەتەوەیی ئەمریکان. باڵوێزانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ دەسەبەرکردنی

www.pertwk.com

هاوکاری زانیاریو هەواڵ پێویستیان بە پشکی تەواو دەبێت تا ئاگادارکردنەوەی پێشەکیانەی ئەو هەڕەشانەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەمریکا دەکرێن (لەدەرەوە) بەباشترین ئاستی خۆیان بگەیەنن. هەروەها باڵوێزان دەبێت لەوە دڵنیابن کە لەکۆکردنەوەی زانیاریدا (بەتایبەتی لەسەرچاوەی ئازادەوە) سود لەهەمو سەرچاوە دەوڵەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەدەرەوە وەرگرن, لەوانە دیپلۆماتەکان, کارمەندانی کۆنسوڵو پلەدارە سەربازییەکانو نوێنەرانی دی وەزارەتی ڕێکخراوەکان. سەرەڕای ئەوە, وەزارەتی دەرەوە دەبێت هەوڵەکانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی هەواڵو زانیاری لەو ئەمریکیانەی وەك کەسایەتی لەدەرەوە دەژین یان سەرفەر دەکەن بەرفراوان بکات. وەزارەتی دەرەوە دەبێت بەهاوکاری (فەرمانگەی پاراستنی ژێرخانە هەستیارەکان) لەسەر ئاستی پارێزگاریکردن لەو ژێرخانانە هاوکاریکردنەکانی لەگەڵ دەوڵەتانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش فراوان بکات.

"**وەزارەتی بەرگری**": ئەم وەزارەتە کە ئامادەبونی بۆ جەنگە گەورە تەکنیکیەکان کردۆتە سەرەتاکانی خۆی, دەبێت ئاوڕێکی زیاتر لە ئەرکەکەی لەسەر ئاستی ئاسایش وڵات بداتەوە. میکانیزمەکانی کاردانەوەی وەزارەتی بەرگری لەڕوی رێکخراوەییەوە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان پەرت بون. سیستمی لەوجۆرە, لەبوارەکانی پشكو سەرۆکایەتی, بەرپرسیارێتیو وەڵامدانەوەی سیاسیشدا دوچاری لێڵی دەبێت. بەپێی ئەو بنچینەیە ئەنجومەن پێشنیاز دەکات:

**(سەرکۆمار دامەزراندنی پۆستی یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ ئاسایشی وڵات, کە بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ لە بوارەکانی پشكو ئەرکەکانی وەزیری بەرگریدا لەبەرامبەر وەزیردا بەرپرسیار دەبێت, بۆ کۆنگرێس پێشنیاز بکات).**

یاریدەدەری نوێی وەزیری بەرگری بۆکاری ئاسایشی وڵات, چاودێری گونجاوی چالاکیەکانی ئەم وەزارەتە لەسەر ئاستی ئاسایشی وڵات بەپێی



سیاسەتە دیاریکراوەکان دەکاتو دەربارەی توانستی میکانیزمەکان بۆ هەماهەنگکردنی پشتیوانی سەربازی لەهەلومەرجە کتوپڕە سەرەکیەکاندا دڵنیایی بەدەست دەهێنێت. ئەو بەگەیاندنی توخمی ئاسایشی وڵات بە بەرنامەڕێژی وەزارەتی بەرگری, هەنگاوی پێویست بۆ دەسەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ زامنکردنی دیدی بالا دەهاوێژێت.

هەروەها ڕادەسپێرین کە وەزارەتی بەرگری بەشی پشتیوانی ناسەربازیی هێزی تایبەتی هاوبەش بەهێز بکات, بواری چالاکیەکانی فراوان بکات, تا ئەم بەشە بتوانێت بۆ دابینکردنی پشتیوانی سەربازی هەماهەنگی بنوێنێت. لەڕەهەندی پێشپێگرتندا, هێزە سەربازەکان دەبێت بتوانن لەئاستەنگە مەترسیدارە بێچەندو چون و ئاشکراکانداو لەو هەلومەرجانەی کە دەسەلاتدارە لۆکاڵیەکان ناتوانن هەنگاوی تێدا بنێن یان بێمەیلن بەرامبەری دەست بدەنە کاری پێشگیرانە لەدەرەوە. بۆ ئەم مەبەستە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستی بەوەیە کەبۆ بەکارهێنانی توانستی بەئەنجامگەیاندنی هێرشی خێرا و ماوەدرێژ و ورد ئامادەیی تێدا بێت. هەتا ئەگەر هیچ وەختێك لەسەر بنەمای ئەنجام بڕیاری هێرشی پێشگرتن نەدرێت یان پێویستی بەوە نەبێت، دەبێت ئەم توانایانە ئامادەبن, چونکە ئاگاداربون لەبونیان دەتوانێت کۆمەك بەسیاسەتی ڕەتدانەوە بکات.

((**گاردی نەتەوەیی**)) : ئەم گاردە، کە دەتوانرێت ڕیشەی لەهێزی نیچمە نیزامی ویلایەتی ڕێگەپێدراو و مۆڵەتدراوی یاسای بنەڕەتی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ببینرێت, دەبێت ڕۆڵێکی سەنتراڵیو بنەڕەتیانە لە لێکۆڵینەوەی (کاردانەوە) لەستراتیژێکی چەندلایەنە بۆ ئاسایشی وڵات بگێڕێت. لەسەر ئەم بنچینەیە, بەمجۆرە پێشنیاز دەکەین:

**(بەفەرمانی سەرکۆمار وەزیری بەرگری بەرقەرارکردنی ئاسایشی وڵات بەئەرکی سەرەکی گاردی نەتەوەیی دادەنێت. بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە،**

www.pertwk.com

**دەبێت ئەم گاردە ڕێکبخرێت و پەروەردەی ڕاستو دروست بکرێت و تا ڕادەیەکی باش ئامادە بکرێت.)**

لەئێستادا گاردی نەتەوەیی سوپا بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سوپایی لەدەرەوە بەردەوام سازو ئامادە کراوە، لەم ڕوەوە ڕۆڵی هێزێکی یەدەگی ستراتیژی دەبینێت. گاردی نەتەوەیی دەبێت ئەو کۆسەرچاوانەی خۆی کە تایبەتکراون بۆ جەنگە دیارەکانی درەەوە دوبارە دابەشبکاتەوەو سودیان لێوەرگرێت بۆ فەراهەمکردنی پشتیوانی زیاتری دەسەڵاتدارە نانیزامیەکان لەهەوڵو تەقەلایاندا بۆ بەدەستهێنانی ئامادەیی لەبەرامبەر کارەساتەکانو کاردانەوە بەڕویاندا– بەتایبەتی لەهەلومەرجە کتوپڕەکاندا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژەوە– . لەدیدی ئەنجومەنەوە گاردی نەتەوەیی دەبێت بنەماو ڕێسایەك بۆ خۆبەخشکردن دابڕێژێت, کە خاوەنی پەیوەندی پشتیوانیەکی لۆکاڵی بەهێز بێت. بۆ دەسەبەرکردنی ئەم ئامانجە, گاردی نەتەوەیی دەبێت:

– لەبەرنامەڕێژی ویلایەت, لۆکاڵیو ناوچەییەکاندا سەبارەت بەکاردانەوە بەرامبەر بە ڕوداوەکانی چەکە کۆکوژەکان بەشداری بکات, لەو بابەتانەی بەنامەڕێژی بۆ نەکراوە بەداهێنانەکانی بەهێزی بکات.

– ڕێنوێنی کۆمەکبەخشانی لۆکاڵی بکاتو یارمەتی ڕێکخستنیان بدات.

– ئەنباری مۆدێرنی سەرچاوەو ئامادەکاری سوپایی دروست بکاتو چاودێرییان بکات, بەجۆرێك کە دەستڕاگەیشتنی پێیان لەکەمترین ماوەدا مەیسەر ببێت.

– بۆ پشتیوانیو بەهێزکردنی دەمودەستی نێوان ویلایەتەکان بەرنامەڕێژی بکات.

– توانستی پێشکەشکردنی کۆمەڵکی مرۆڤدۆستانەو کۆمەك بەخشی لەکاتی بەڵاکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەدەرەوە بدۆزێتەوە.



((**کۆمەڵگەی پزیشکی**)) : بەشی گەورەی سیستمی پزیشکی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەر خاوەنداریێتی کەرتی تایبەت بوە, لەئێستادا تاڕادەیەك بەهەموو تواناو برەوی خۆیەوە لەچالاکیدایە. بەسەرنجدان لەوەی کە لەڕوداوێکی پەیوەست بەچەکی کۆکوژەوە بەخێرایی توانگەو شوێنی نەخۆشخانە لۆکاڵیو کارمەندانی فەرمانگەی کتوپڕی بەرکاردەخات, ڕادەسپێرین کە (فەرمانگەی ئامادەکاریو کاردانەوەی کتوپڕ)ی بەتوانای سەرچاوەی پزیشکی لۆکاڵیو فیدراڵیەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەلومەرجێکی کتوپڕی بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژەوە, بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە. فەرمانگەی ناوبراو دەبێت پاشان ئەو بەرنامە پزیشکیە پێویستانەی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەلومەرجێکی کتوپڕی نەتەوەییو سەرەکی لەسنوری توانگەو توانستەکانی بەشی تایبەتی تێدەپەڕێت دیاری بکاتو کۆنگرێس دەبێت سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ ئەو داواکارییانە دابین بکات.

*((هاوکاری نێوان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و یاسادانان))*

بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەییو چارەسەرکردنی گرفتێك نییە کە تەنها یەخەگیری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بێت, بەڵکو دەبێت کۆنگرێسیش لەڕەوتی ئامادەکاری بەرنامەکانی ئاسایشی وڵاتدا بەشداری چالاکانە بنوێنێت. کۆبونەوەی کۆمیتە تایبەتەکانی،کەتیایدا گفتوگۆو لێکۆڵینەوە بابەتەکان و هەروەها گوێگرتن لەڕاپۆرتو ڕونکردنەوەکانی بەرپرسانو شارەزایانی تێدا ئەنجام دەدرێت, دەتوانێت بەداڕشتنو خستنەڕوی باشترین دیدو ڕێگاچارەسەریەکان کۆمەك لەو بوارەدا بکات. دەبێت هەندێك لە ئەندامانی کۆنگرێس لەسیاسەتی ئاسایشی وڵاتو پیادەکردنی ئەو سیاسەتەدا شارەزابن, تا بتوانن (بەسودمەندبون لەو تایبەتمەندی شارەزاییە) بۆشاییە سیاسیەکان پڕ بکەنەوە و لەکاتی قەیرانەکاندا بیروڕاو دیدی ڕاوێژکارانەو چاودێرانە بخەنەڕوو.

www.pertwk.com

لەهەموی گرنگتر, دەبێت کۆنگرێس بەبەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی (تایبەتکردنی متمانەو سەرچاوەی دارایی) لە دابینکردنی سەرچاوەی تەواو بۆ ڕێکخراوەکانی دەوڵەتو هەماهەنگیانو کارامەییان دڵنیابێت.

هەڕەشە نوێیەکان- لەهێرشی بایۆلۆژیو تیرۆریستانەوە بگرە تا هێرشی ئینتەرنێت بۆسەر سیستەمە هەستیارەکان- بەرەنگارییەکی جیاواز لەبەرنگارییەکانی جەنگی سارد دەخەنەڕوو. بەپێی ئەوە پێشنیاز دەکەین کۆنگرێس بونیادی مافی ئاسایشی وڵات لەبەرامبەر بواری هەڕەشە نوێیەکاندا بنیات بنێتەوە. دەبێت کۆنگرێس بەشێوەیەکی تایبەت ڕیفۆرمسازی پێویست لەیاسا گشتیە پەیوەندیدارەکاندا ئەنجام بدات – وەك یاسای پیشەسازی بەرگری 1950 و یاسای پەیوەندیەکان 1934- کە کارلێكو چالاکیەکانی پەیوەست بەئاساشی وڵاتەوە ئاسان دەکات.

دەبێت کۆنگرە ڕێگای نویٚ بۆ چونەسەر بابەتو پرسەکانی ئاسایشی وڵاتی هەبێت, کە تخوبو سنوردارییەکانی ئێستای دەسەڵاتو پشکەکان تێکبشکێنێتو میکانیزمی چاودێریانەی نوێتر دابهێنێت. ئەنجومەن بەشێوەیەکی تایبەت بۆماوەیەکی کورت پێشنیاز دەکات:

**"کۆنگرێس هەروەك هەنگاوی کارامەی لەبابەت چاودێریکردنی کاروباری هەواڵگری, ئۆرگانیکی تایبەت بۆ ڕوبەڕو بونەوەی کێشەکانی ئاسایشی وڵات دابمەزرێنێت. پێودانگ و پێوانە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامان بۆ ئۆرگانی ناوبراو دەبێت شارەزاییان لەکاروباری سیاسی دەرەکی, کاروباری بەرگری, هەواڵگری, ڕێکخراوەییو تایبەتکردنی بودجەدا بێت. هەروەها دەبێت ئۆرگانی ناوبراو ئەندامانی هەموو کۆمیتەی پەیوەندی کۆنگرێسو هەندێك ئەندامی دەستەی سەرۆکانی هەردو ئەنجومەن (نوێنەران و سەنا) – بەڕەچاوکردنی پلەو ئاستیان- لەخۆبگرێت.**



ئۆرگانی ناوبراو کە ئەركو دەسەڵاتی تەکنیکیو چاودێری نابێت و ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ کۆمیتەیەکی هەمیشەییەوە, چەمكو دەرکێکی کۆگەلی بۆ وتەزای ئاسایشی وڵات دروست دەکات. ئاڵوگۆڕی زانیاریو خاڵی دیدەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن سەبارەت بە سیاسەتو تێزە کارامەکان ئەنجام دەدات, لەگەڵ کۆمیتە هەمیشەییەکانی کۆنگرێسدا بۆ ئامادەکردنی ڕێنوێنیو کاردانەوەکان هاوکاری دەکات.

لەهەمان کاتدا کۆنگرێس پێویستی بەوەیە کە دوبارە چاو بەسیستەمی کۆمیتەکانیدا بخشێنێتەوە و لەسەرشێوەی سیستەم بەندی نوێبکاتەوە. یەك کۆمیتەی هەڵبژێردراو لەهەریەکە لەو دوو ئەنجومەنە بە بەرپرسیارێتی دەنگدان و تایبەتکردنی متمانەو چاودێری دروست بکات. ئەم دوو کۆمیتەیە پاش پێکهێنان ڕۆڵی ئەو ئۆرگانەی باسی لێوە کرا لە پێشنیازی سەرەوە لەئەستۆ دەگرن.

## فەسڵی سێیەم

# نوێکردنەوەی دامەزراوەی زانستیو پەروەردەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان

***((سەرمایەگوزاری لەنوێگەریدا))***

زۆر لەوڵاتانی جیهان خاوەنی بەهرەو توانای هزری پێویستن بۆ ململانێکردن لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتوەکان لەم بوارەدا. لەگەڵ ئەمەشدا, زۆر لەڕابەرانی دەرەوە هەستیان بەوە کردوە کە سیستمە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەکەیان بەگشتی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم سەرمایەگوزاری بۆ ئەم سامانە هزرییە، چونکە بەبێ بونی سیستمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری کە ئامادەکارییەکانی ڕەها کردبێت و نوێگەری پەروەردە بکات, ڕەهاسازی داهێنەرانەی وزەکانی تاك بۆ سودی گشتی مەیسەر نابێت.

لەپێناوی ئەوەدا ئەم وڵاتە بەردەوام لەپۆستی ڕابەریکردنی جیهاندا بمێنێتەوە, دەبێت بودجەی بەدیهێنانو پەرەدانی گشتی خۆی زیاد بکات. بەوجۆرەی لای هەموان ئاشکرایە سەرمایەگوزارییەکانی کەرتی تایبەت لەبواری لێکۆڵینەوەو گەشەپێدان لەویلایەتە یەککگرتوەکان لەماوەی ساڵانی دوایدا زیادکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. ئەم گۆڕانکارییە پۆزەتیڤانە



www.pertwk.com

دەردەکەوێت, بەڵام گەر ویلایەتە یەکگرتوەکان بەڕادەیەکی زیاتر لە لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی گشتیدا سەرمایەگوزاری نەکات دەکەوێتە ژێر کاریگەری وڵاتانی دییەوە. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین:

**"سەرکۆمار پێشنیاز بکات سەرمایەگوزاری دەوڵەتی ویلایەتە یەککگرتوەکان لە بەدیهێنانو پەرەپێدانی زانستیو تەکنۆلۆژیا تا ساڵی (2010) بۆ دوو بەرامبەری ئاستی ئێستا زیاد بکرێت و کۆنگرێسیش پشتگیری ئەم پێشنیازە بکات".**

پێکهێنانی توانمەندیەکانی دەوڵەت لەسەر ئاستی زانستو تەکنیكو ئاوێتەکردنی لەقاڵبی ڕێکخراوێکدا, یان چڕکردنەوەی هەموو بودجەی بەدیهێنانو گەشەپێدانی دەوڵەت هەنگاوێکی گونجاو ئاقڵانە نابێت. بەڵام دەوڵەت ناچارە هەنگاوەکانی لەسەر ئاستی بەدیهێنانو گەشەپێدانی گشتیدا, کە ئێستا لەلایەن زیاتر لەبیست وەزارەتەوە پیادە دەکرێت, بەهەماهەنگیو گونجانێکی زیاترەوە درێژە پێبدات. ئۆرگانی هەماهەنگکار بۆ ئەم مەبەستە (نوسینگەی سیاسەتی زانستو تەکنیك)ی کۆشکی سپی دەبێت, کە ئەنجومەنی نەتەوەیی زانستو تەکنیکی لەژێردەستدایە. نوسینگەی سیاسەتی زانستو تەکنیکی کۆشکی سپی سێ ئەرکی بنەڕەتی لەسەرشانە: هاوڕێیەتی کردنی نوسینگەی بەڕێوەبەرایەتیو بودجەو کۆمەك پێکردنی لەئامادەکاری بودجەی بەدیهێنانو گەشەکردنی گشتی, ئاسانکاری هەنگاوەکان لەنێوان ڕێکخراوەکانی پەیوەست بەزانستو تەکنیكو بەدیهێنانو گەشەپێدانەوە، بەدەستهێنانی پشتیوانی نوێنەرانی کۆنگرێس لە لیستی دەوڵەت لەبواری زانستو تەکنیکدا.

ئەنجومەنی نەتەوەیی زانستو تەکنیك – کە نزیکەی هەموو ئەندامانی کابینە سەرانی دامەزراوەی دەسەلاتی ڕاپەڕاندن تێیدا ئەندام دەبن– خاوەنی دامەزراوەیەکە بەجۆرێك گەڵاڵەکراوە تا هاوکاری نێوان ڕێکخراو ئاسان بکات. سەرکۆمار دەتوانێت لەهەڵبژاردنو دیاریکردنی سیاسەتی زانستو تەکنیك

www.pertwk.com

لەدیدی ڕاوێژكارانەی (ئەنجومەنی ڕاوێژكارانی سەركۆمار بۆ زانستو تەكنیك – پێكهاتو لەتایبەتمەندانی ناو دەوڵەتی) سود وەرگرێت.

بۆ بەهێزكردنی چاودێریو دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر پرۆسەی بەدیهێنانو گەشەكردندا سێ گۆڕانكاری لەڕێكخراوی ناوبراودا پێویستە:

– دەبێت بودجەی بەدیهێنانو گەشەپێدان لۆژیكانەبێت, لەم پێناوەشدا هەوڵی زۆر زیاتر لەبواری ئەو فەرمانگە فیزیكیو مرۆیی مەعنەوییە (هزری) كە هەیە پێویستە.

– دەبێت ڕێكخراوە بەرپرسەكانی بەلۆجیك كردنو بەڕێوەبەرێتی بەدیهێنانو گەشەپێدان بەجۆرێكی سیستماتیكانەتر لەهەلومەرجی كارمەندانی بواری زانستو تەكنیك لەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا بكۆڵنەوەو بیگۆڕن.

– تایبەتمەندی (دابەشكردن) بودجەی بەدیهێنانو گەشەپێدان دەبێت لەژێر ڕەوتێكی داهێنەرانەترو بەدیهێنەرتردا بكرێت.

بەنۆرە دەچینە سەر هەریەك لەو وتەزایانەی سەرەوە.

خەرجكردنی لۆژیكانەی بڕی تایبەتكراو بۆ بەدیهێنانو گەشەپێدانی گشتی بەستراوە بەناسینی گرفتەكانو هەلەكانی بەدیهێنانەوە. لەدەوڵەتی ویلایەتە یەكگرتوەكاندا تاكە ئۆرگانێكی دیاریكراو هەڵناستێت بە ئەنجامگەیاندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی لەئارادایە, بەڵكو ڕەگەزەكانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەدامەزراوە جیاجیاكاندا پەرشوبڵاوبونەتەوە. بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە بەڕێوەبەرایەتیەكی چالاك لەبواری زانستو تەكنیك ڕادەسپێرین نوسینگەی زانستو تەكنیك بەهاوكاری دامەزراوەی نەتەوەیی زانست – بە سودمەندبون لەدیدە ڕاوێژییەكانی ئەكادیمیای نەتەوەیی زانست – بەرنامەڕێژییەك بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی خاوەنی پایەی زانستی گەورەیە لەوڵاتدا بكەن. سەرەڕای ئەوە, ئەنجومەن خواستاری وەرگرتنی دیدو هەنگاوی سیستماتیكانەتر دەبێت بۆ



بودجەڕێژی بەكارهێنان (بابەتی) لەپێناوی بەدیهێنانو گەشەپێدان, تا بەمجۆرە بتوانرێت لەچۆنیەتی بەخەرجدانی سامانی گشتی لەم بوارەدا ئاگاداریی هەبێت, ئێمە پێشنیاز دەكەین:

((سەركۆمار ئەوپشكە بەڕاوێژكارە زانستیەكەی خۆی ببەخشێت، كە ئامانجی مەدەنیانە بۆ بەدیهێنانو گەشەپێدان دیاری بكات, تا زامنكاری پێداویستیە گۆڕاوە نەتەوەییەكان بن، (هەمان كەس) بەرپرسیارێتی هەماهەنگی (لەكاروباری ڕێكخستنو داڕشتنی بودجە) دا لەچوارچێوەی وەزارەت و ڕێكخراوە پەیوەندیدارەكاندا لەئەستۆدا بێت)).

بە پێچەوانەی ئەوەی ژمارەی كارمەندو كاربەدەستانی زانستو تەكنیك زۆرن, كارمەندانی ئەم بوارە گرنگی تایبەتیان هەیە، چونكەدامەزراوە، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەكگرتوەكان پێوەرو پێودانگی سەرمایەی مرۆیمان نیە لەبواری زانست و تەكینیك ولەبەرامبەر پێداویستیە گۆڕاوەكانی وەرزارەت و ڕێكخراوەكان. لەسەر ئەم بنچینەیە ئەنجومەن لەو باوەڕەدایە كەدەبێت سەركۆمار بە هاوكاری ڕاوێژكاری زانستی خۆی – كە دەكاتە سەرۆكی دەستەی نەتەوەیی زانستی خۆشی– پێداویستیەكانی بیستو پێنج ساڵی ئایندەی دەوڵەت بۆ كارمەندودەستبەكارانی زانستو تەكنیك بەوجۆرەی پێویست دەكات بخاتە ژێر لێكۆڵینەوەو دوبارە ڕێكیبخاتەوە. ئاساییە ئەم دوبارە پێداچونەوەیە دەبێت بەشێوەیەكی پلە پلە ئەنجام بدرێت.

ئێستا دەوڵەتی ویلایەتە یەكگرتوەكان ساڵانە زیاتر لە هەشتا ملیارد دۆلار لە بەدیهێنانو گەشەپێدان بەپشت بەستن بە بودجەی گشتی سەرفدەكات, كەنیوەی ئەم بڕە پەیوەستە بەكاروباری بەرگرییەوە. ئێمە ناڵێین ئەم بودجە گەورەیە بەهەدەر دەچێت, بەڵام لەو باوەڕەداین سود لەزۆربەی وەرناگیرێت. بەبڕوای ئێمە گەر سەرمایەگوزاری لەبەدیهێنانو گەشەپێدانی نابەرگرییانەدا بەشێوەیەكی ململانێتر ئەنجام بدرێت ئەگەری بەدەستهێنانی سودی زیاتری لێدەكرێت.

www.pertwk.com

لەدیدی ئەنجومەنەوە ململانێ فاکتەری گرنگ دەبێت بۆ سودمەندبونی ئافرێنەرانە لەئایدیاو هزری نوێ. لەم ڕووەوە ڕاسپاردەی ئێمە ئەمەیە، کە ڕاوێژکاری سەرکۆمار زیاتر لەو ڕۆڵە دیاریکراوەی لەسەر ئاستی هەماهەنگی لەداڕشتنی بودجە هەیەتی , هەوڵ بدات بۆ چاوخشاندنەوە بەفۆرمەکانی پراکتیكو تایبەتکردنی بودجەی دەوڵەت لەبواری بەدیهێنانو گەشەپێدانی دەستپێکراو و پڕۆسەی ناوبراو بەرەو ململانێتر بەرێت. پێشنیاز دەکەین دەوڵەت (بازاڕێکی گەورەو جوان) دروست بکات و پارێزگاری لێبکاتو بەهێزی بکاتو, بەو هۆیەوە ببێتە ناچاری کەژمارەیەکی زۆتری دامەزراوەی بەدیهێنان بۆ دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوە (دارایی) بکەونە ململانێوە. سەرەڕای ئەوە, پێشنیاز دەکەین ئەنجومەنی نەتەوەیی زانستو تەکنیك – کە بەهێزکراوەو چالاکتر بوە– ڕێنوێنیکردنی هەوڵێکی بەردەوام بۆ چەند بەرابەرکردنی بەرنامە گەورەو ئامانجدارەکەی پەرەپێدان و گەشەپێدانی دەوڵەت لەئەستۆ بگرێت.

سیستمی نەتەوەیی تاقیگەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستی زۆریان بەگۆڕینی فۆرمو سەرمایەگوزاری نوێ دەبێت. هەروەها تاقیگەکان لەڕوانگەی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەسەر ئاستی زانستو تەکنیكو هەروەها لەڕوی چونەسەر پرسی زانستیو تەکنۆلۆژی بۆ سودی گشتی خاوەنی گرنگیەکی بێهاوتان. تاقیگەی بنەڕەتیو گەورەترەکان هەریەکەیان پێویستیان بەوەیە کەبواری کارەکانیان پێناسەو دیاری بکرێت. تاقیگە گچکەکان دەبێت باشتر پێکەوە گرێ بخۆن, بەجۆرێك کە هەستیبونی دیدو ئامانجی هاوبەش لەنێوان کارمەندەکانیدا دروست ببێت. بە سەرنجدان لەوەی باسکرا, ئەنجومەن پێشنیار دەکات:

(سەرکۆمار لەپێشنیارەکەیدا بۆ نوێکردنەوەی ڕێکخراوی تاقیگە نەتەوەییەکان ئەركو ئامانجی هەریەکەیان دیاری بکات, تا تێکەڵبونی کارەکانیان بۆ نزمترین ئاست کەم بکاتەوە."



بەهەمان شێوە کە ئەنجومەن لەقۆناغی یەکەمی ڕاپۆرتەکەیدا جەختی کردەوە, دۆزینەوە نوێیەکانی زانستیو تازەگەرییەکان لەتەکنیکی زانیارییەکان, نانۆ تەکنۆلۆجیو تەکنۆلۆژیای ژیان (بیۆتەکنۆلۆژیا) کاریگەری سەرەکی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی ویلایەتە یەکگرتوەکانو خاڵەکانی دی جیهان دەسەپێنێت. بەسودی خەڵکی و هەروەها بەئاڕاستەی سودی نەتەوەش نابێت کە مۆڵەت بە کەرتی تایبەت بدرێت تا بەشێوەیەکی ئابلۆقەکار دیاریکەری ئەم کاریگەرییانە بێت. ئێمە پێویستیەکی تایبەتمان بە چوار چێوەیەکی هەمیشەیی هەیە کەکەرتی گشتی, کەرتی تایبەتیو پەروەردەو فێرکاری باڵا بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکانی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ لەخۆیدا کۆبکاتەوە. پێویستمان بەدامەزراوەیەکە سەکۆیەکی ئازاد بۆ خستنەڕوی هەموو پەیوەندی بەرژەوەندی بەرپرسانە لەکاریگەری تەکنۆلۆژیای بایۆلۆژیو تازەگەرییەکانی دی فەراهەم بکات. بەمپێیە پێشنیار دەکەین کۆنگرێس (ئەنجومەنی نەتەوەیی ڕاوێژکاری ئەخلاقیاتی ژیان) بگۆڕێت ولەجێگای (ئەجومەنی نەتەوەیی ڕاوێژکاری تایبەت بە بایۆلۆژیا) دابنێت. لەکاتی ئێستادا ئێمە هیچ دەسەڵاتێکی یاسادانان – وەك دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وزەی ئەتۆمی – بۆ ئەو ئەنجومەنەی باسی لێوەکرا پێشبینی ناکەین. لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنو یاسادانان هەردوکیان بگەیەنرێنە ئەو باوەڕەی کە دامەزراوەیەکی لەجۆری ئەجومەنی وزەی ئەتۆمی بەهەمان پشکەوە بۆ تەکنۆلۆژیای ژیان پێویستە. ئەجومەنی بەهێزکراو (ئەنجومەنی نەتەوەیی ڕاوێژکاری دەربارەی زانستی ژیان) دەتوانێت وەك بونیادێك بۆ دامەزراوەی ناوبراو دابنرێت.

www.pertwk.com

*(( پەروەردەو فێرکاری وەك پێداویستیەکی ئاسایشی نەتەوەیی ))*

باری سیستمی پەروەردەی ئەمریکا بۆ ئەفراندنی هێزێکی کاری سەدەی بیستو یەك، کەلەڕوی چۆنیەتیەوە پۆستی یەکەمی جیهان داگیر بکات, یەکێکە لەپرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەپلەی یەکەم گرنگی هەیە. لەبارودۆخی ئێستادا وڵات لەسەر لێواری لەدەستدانی ئەو لەباریو توانستەیە, هەلومەرج بەڕونی دژوارە:

– سیستمی پەروەردەی ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی خواستی پێشبینیکراو دەبێت ژمارەیەکی زیاتری زاناو ئەندازیار – بۆ نمونە چوار بەرامبەری ژمارەی زانایانی زانست لەئێستادا– بەرهەم بهێنێت.

– بۆ ئەم مەبەستە لەماوەی دەیەی ئایندەدا (لەنێوان نزیکەی دوو ملیۆنو دوو سەد هەزار مامۆستای کە پێویستن) پێویست بە زیاتر لەدوو سەدو چل هەزار مامۆستای نوێ دەبێت لەبوارەکانی زانستو بیرکاری بۆ پلەکانی پێش ناوەندی تا دواساڵی خولی ناوەند.

– بەپێی ئەمە, نزیکەی لەسەدا سیو چواری مامۆستایانی بیرکاری، نزیکەی لەسەدا چلی مامۆستایانی زانست لەقوتابخانە دەوڵەتیەکاندا لەبواری پەروەردەی بنەڕەتیانەی خۆیاندا نزمترین ئاستی بەڵگەنامەی زانکۆیان هەیە.

– لەساڵی (1997) دا بەتەنیا ئاسیا زیاتر لەسەدا چلو سیێ, ئەوروپا لەسەدا سیو چوارو ئەمریکای باکور لەسەدا بیستو سێی هەموو دەرچوانی ڕشتەکانی زانستو ئەندازیاریان هەبوە. لەهەمان ساڵدا چین سەدو چلو هەشت هەزارو هەشت سەد, ویلایەتە یەکگرتوەکان تەنها شەستو سیێ هەزار ئەندازیاری بەرهەمهێناوە.



پەروەردە ژێرخانو شاڕێی ئایندەی ئەمریکایە. چۆنیەتی بەرزی پەروەردە لە ڕشتەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا, لەجیهانێکدا کە پێشکەوتنەکانی بواری پەیوەندیو بازرگانی جیهانی ڕۆژ بەڕۆژ بچوکتری دەکەنەوە, گرنگیەکی زۆری هەیە. لەهەمان کاتدا, پەروەردە لەڕشتەکانی زانست, بیرکاریو ئەندازیاریدا گرنگی تایبەتیان بۆ ئایندەی ئەمریکا هەیە, چونکە توانستی ئەمریکا بۆ ڕابەرایەتیکردنی جیهان بەجۆرێکی تایبەت بەقوڵاییو بەرفراوانی کۆمەڵگەی زانستیو تەکنیکی خۆیەوە دەبەسترێتەوە.

وا دەرناکەوێت کەسیستمی پەروەردەی ئەمریکا بۆ بەرەنگاری لەو جۆرە ئامادەبێت. ئەم سیستمە لەگەڵ دوو گرفتی جیاوازو لەهەمان کاتدا پێکەوە گرێدراو روبەڕوە. گرفتی یەکەم ئەمەیە، کە بۆ پڕکردنەوەی شوێنکارە نوێیەکانی ئەمڕۆ پەیدا دەبن – لەوانەش شوێنکاری تەکنیکی کە لەبەرامبەر ئاسایشی نەتەوەییدا ڕۆڵو گرنگی فراوانی هەیە – هاوڵاتی ئەمریکی بەو دەسەڵاتو ئاستە داواکراوەوە بونیان نابێت. بۆئەوەی کە ڕەوتی ئێستا نەوەستێتو بۆ باری ڕابردو نەگەڕێتەوە, بونی ژمارەی زۆری کارمەندانی تەکنیکی تایبەتمەند لەپۆستو شوێنگە هەستیارەکانی ئابوری ئەمریکادا, ئەگەری مەترسی ئاسایشی دێنێتە ئاراوە. گرفتی دوەمیش ئەمەیە، کەتواناکانمان بۆدەسەبەرکردنی پێداویستیەکان روبەڕوی هەڕەشە بونەتەوە. ئێستا بەشێوەیەکی ڕێژەیی دوچاری نەبونی مامۆستایانی بەئاست – بەتایبەتی لەڕشتەکانی زانستو بیرکاری – بەڕادەی پێویست بۆ پۆلەکانی پێش قۆناغی سەرەتایی تا دواساڵی ناوەندی بوینەتەوە, بەسەرنجدان لەڕەوتەکانی ئێستا, لەئایندەشدا ئاساییە ڕوبەڕوی کەمبونی مامۆستای لەو بابەتە دەبینەوە. دەرئەنجام نەك تەنها ڕوبەڕوی نەبونی تایبەتمەندانی خۆماڵی لەڕشتەکانی زانستو تەکنۆلۆژیاو ئەندازیاری دەبینەوە, کەبۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانیو ئاسایشی نەتەوەیی پێویست دەبن, بەڵکو لەگەڵ کەمبونی وەچەی دوایی مامۆستایانی زانستو بیرکاری لەسەر ئاستی

www.pertwk.com

سەرەتایی تا دواساڵی ناوەندیش ڕوبەڕو دەبینەوە. بێبەشبونی بەشی زۆری هاوڵاتیانی ئەمریکا لەتازیارەکانی پەروەردەیەکی گونجاو تەواو ئامـاژەی نابەرامبەرییەکی فراوانی ئابوری نێوان ناوچەکانی پەروەردەیەو لە پرسە نیگەرانکارەکانن. بەمپێیە وەك یەکەم هەنگاوی بنەڕەتی رادەسپێرین کە:

**(( سەرکۆمار – یاسایەکی ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بە پەروەردەی زانستو تەکنیك– لەچوار بەشدا پێشنیار دەکاتو کۆنگرێس دەنگی لەسەر دەدات. ئەم چوار بەشەش بریتین لە: بەخشینی قەرزی سودکەم و بۆرسە بەخوێندکاران بۆ درێژەدان بەخوێندنو بەدەستهێنانی پۆستی زانکۆ لەڕشتەکانی زانستو بیرکاریو (تەکنیك) ئەندازیاری, بەخشینی (قەرز)و بورسە بۆ ئەو دەستەیە لەخوێندکاران یان ئەزمونی لەڕشتە ناوبراوەکاندا تا بچنە ڕاژەی دەوڵەت یان سوپاوە, یەك (بەرنامەی خوێندن لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە) بۆ هاندانو دنەدانی خوێندنی زانستو بیرکاری لەبەشەکانی پێش سەرەتایی تا کۆتایی خولی ناوەندی, دابینکردنی بودجەی زیاتر بۆ گەشەدانی تایبەتمەندی (پراکتیك) بۆ مامۆستایانی زانستو بیرکاری.)**

هەروەها کۆنگرێس دەبێت یەك (تێزی نەتەوەیی بیرکاریو زانست) بەمەبەستی پارێزگاری زیاتر لەگەشەپێدانی بەردەوامی بەدەستهێنانی تایبەتمەندی (پراکتیکانە) بنیات بنێتو سەرچاوەی دارایی پێویستیشی بۆ دابین بکات.

ئەنجومەن هەنگاونانی دەمودەستی – لەدیدی ئاسایشی نەتەوەییەوەو باڵاتر لەبەرنامەی خوێندن – بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری دەرچوان بۆ کاری خوێندنو فراوانکردنی چۆنیەتی سەرکەوتن لەکاردا بۆ هەموان بەپێویستو گرنگ دیاری کردوەو ئەم پێشنیارە دەکات:

**(سەرکۆمار دەستور بەوەزارەتی پەروەردە بدات کە بەهاوکاری پلەدارانی ویلایەت بەرنامەیەکی گشتیو سەرتاسەری بۆ بەرگرتن لەسەرهەڵدانی نیگەرانی**



**کەمبونی مامۆستایانی خاوەن چۆنایەتی خواستراو, ئامادەو دابڕێژێت. دەبێت لەبەرنامەی ناوبراودا جەخت لەسەر ئەم هەنگاوانە بکرێتەوە، زیاترکردنی ماڤ مامۆستایان, زیادکردنو چاککردنی پشتیوانی ژێرخان, چاککردنی پرۆسەی پێدانی بڕوانامەو بەرفراوانکردنی ئەو بەرنامانەی کە ناوچەکانی دوچاری گرفتی تیژهاتون .)**

سەرەڕای ئەو بابەتانەی باسکران, ڕاسپاردەی ئێمە ئەوەیە:

**(سەرکۆمارو کۆنگرێس بەمەبەستی بەهێزکردنی ئەو دەستەیە لەپەیمانگاو دانیشگاکانی وڵات، کە لەڕوی مێژوییەوە بە (ڕەش) (بێبەش) دادەنرێت بەرنامەیەکی ئامانجدار دادەڕێژرێت و ئەمجۆرە پەیمانگاو دانیشگایانەی کە تیایاندا ڕشتەکانی زانستو بیرکاریو ڕشتەکانی ئەندازیاری شوێنگەی تایبەتیان هەیە بخرێتە ژێر چاودێریی تایبەتەوە.)**

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئایندەی ئەمریکا بەتواناکانی سیستمی پەروەردەییەوە بەستراوە, کەتیایدا خوێندکارانو قوتابیان بەرهەم دێتو هەمیشە ئاستی تازەگەریو نڤاری خستۆتە بەردەم بەرەنگاربونەوە, سنورو تخوبەکانی تەکنەلۆژیاو دۆزینەوە بەرەوپێش دەبات. سەرکۆمار ڕۆڵی ڕێنوێنیو ستراتیژی هەستیار دەربارەی نوێگەرییەکانی بواری پەروەردە (کە ئەنجومەن باسی ئەوەی کرد) لەئەستۆدایە. لەم ڕووەوە ڕاگەیاندنی ئەم خواستە لەلایەن دەوڵەتی نوێوە کە پەروەردە هەنگاوی یەکەمی دەبێتو بۆتە هۆی دڵگەرمی ئەنجومەن.

www.pertwk.com

## فەسڵی چوارەم

# ((پێداچونەوەو ڕیفۆرمسازی دامەزراوەکان))

جگە لەبابەتی پڕبایەخ و ڕێکخستنەوەی دەمودەستانەی ئاسایشی وڵات و تێڕوانینەوەی توانستە بنەڕەتیە ناوخۆییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەبوارەکانی زانست و پەروەردەدا, ئەم ئەنجومەنە ڕیفۆرمسازی ڕێکخراوەیی سەرنج ڕاکێشانە بۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن پێشنیاز دەکات. مەبەست لەهێنانە ئارای ڕیفۆرمی لەو جۆرە بوار ڕەخساندنە بۆ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ برەودان بە موتوربەکردنی ڕشتە زۆر وجۆراو جۆرەکانی سیاسەت, کە ژێرخانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەردەمێکی نوێدا پێکدەهێنێت.

سەرکۆمار بەشی گەورەی هەموو نمونەو نەخشەیەکی ڕێکخراویی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن پێکدەهێنێت. ئەو وەك یەکێك لەو دوو ئەندامە هەڵبژێرراوەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەرپرسی فەراهەمکردنی دڵنیاییە لەوەی ستراتیژەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ بەدەستهێنانی هەلەکان و سود لێوەرگرتنیان داڕێژراون, نەك تەنها بۆ پیشاندانی کاردانەوە لەبەرامبەر قەیرانەکان، یان دەبێت لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەدا بێت بۆ بەدەسەبەرکردنی سەرچاوەی زۆر زیاتر – بەتایبەتی سەرچاوەی پێوست بۆ پێشبینی کردنی هەڕەشەکان و پێشگرتن لەسەرهەڵدانی مەترسیەکان– لەکاروباری دەرەکیدا.



بەمەبەستی کارامەکردنی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەدەی بیست و یەکدا نەك تەنها وەزارەت و ڕێکخراوە تایبەتەکان، بەڵکو دەزگای ئاسایشی نەتەوەییش وەك گروپگەلێك دەبێت ڕیفۆرمسازی تێدا ئەنجام بدرێت. هەندێك لەکەموکوڕی و نەگونجاویەکان بریتین لە:

– لە هەموی گرنگتر، هیچ فۆرمێکی ستراتیژانەی گشتگیر ڕێنوێنی سیاستدانان یان تایبەتمەندکردنی سەرچاوە بۆئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان ناکات. بودجە وابەستەکان هەروەك سەردەمی جەنگی سارد ئامادەو تایبەت دەکرێن.

– دەسەڵاتی دیاریکردنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی کەوتۆتە دەست کادێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. کادێری ناوبراو ئێستا هەردوو ڕۆڵی سیاسەتدانان و پراکتیك کردنی لەئەستۆیە, کەدەرئەنجامی ئەو هەلومەرجە زیان گەیاندنە بەتوانستی ڕۆڵگێڕانی، وەك خزمەتگوزارو هەماهەنگکارێکی پراکتیکانەی ڕاستەقینە.

– بۆ دەسەبەرکردنی دڵنیایی لەوەی لەداڕشتنی سیاسەتی ئابوری جیهانیدا تێبینی تێڕوانینە سیاسی و ئاسایشیەکانی نێودەوڵەتی دەکرێت، هەروەها لەسیاسەتدانانی ئاسایشی نەتەوەییدا پلە بەپلەی گرنگیان سەرنج لە ئامانجە ئابورییەکان دەدرێت, ئاستەنگی گەورە لەئارادان.

– وەزارەتی دەرەوە دامەزراوەیەکی لەکار کەوتوە, چونکە کۆنگرێس سەرەڕای خاڵە لاوازو نەشیاوەکانی ئەم وەزارەتە سەرچاوەکانیشی قەدەغە کردوە, بەوەش زۆر زیاتر زەمینەی لاوازکردنی خۆش کردوە. وەزارەتی ناوبراو بەتایبەتی گیرۆدەی دامەزراوەیەکی ڕێکخراوەیی ناکارامەیە, کە تیایدا ئامانجی بابەتی تایبەت و ئامانجی ناوچەیی لەململانێدان و مۆرکی بەڕێوەبەرایەتیەکی بێ کەموکوڕ, هەستیار, وەڵامدەرەوەو بەرپرس لەم دامەزراوەیەدا نابینرێت.

- ئامادەبونی ئەمریکا لەپشتی زەریاکان لەگەڵ واقیعی تازەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاسایشی سەدەی بیست و یەکەم سازگار نەبوە. پشکە بەرفراوانە یاساییەکانی باڵویزانی ویلایەتە یەکگرتوەکان پراکتیکانە بەهۆی چاودێری نەکردنیان بەسەر سەرچاوەو کاربەدەستانەوە لەرزۆك دەبێت.

- وەزارەتی بەرگری لەگەڵ نەشیاوی ڕێکخراویی ڕاستەقینە ڕوبەڕو دەبێتەوە. زیادکردنی کاربەدەستان و چالاکیان بەرەو سەر لێشێواوی و دواکەوتن دەچێت. بێتوانایی لەدابینکردنی زۆر لەچالاکیە پشتیوانیەکانی بەرگری لەسەرچاوە دەرەکیەکانی سنورداریی وەزارەت یان تایبەتمەندکردنی ئەو چالاکیانە بەفیڕۆ دەڕوات. پرۆسەی بەرنامەڕێژی و بودجەدانان پێشەنگی بەرنامەڕێژی ستراتیژێکی کارامە ناکات. پڕۆسەی کڕینی چەکی لەوجۆرە بەهۆی بونی یاساو بڕیار و سنورداری چاودێری زۆرەوە تێکچوە، کەنەتوانای ناساندن و نەبەچنگ هێنانی هەلی گونجاوی بۆ تازەگەرییە سەرەکی و بنەڕەتیەکان هەیە. لەم حاڵەدا پیشەسازیی بەرگرییانە سەختە بتوانێت بەرگەی قەیرانێکی ئابوری بگرێت. سەرئەنجام ئەمەیە کە ئاڕاستەی گەشەپێدانی دامەزراوەی هێز لەئێستادا لەگەڵ پێداویستیەکانی بواری ئاسایشی جیهانی ئەمڕۆدا وێك نایەتەوە.

- کاربەدەستانی سیاسەتداری بواری ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دروست وگونجاو ڕوبەڕوی سیاسەتی درەکی نابنەوە.

- کۆمەڵگەی زانیاری ویلایەتە یەکگرتوەکان بەهێواشی خۆی لەگەڵ هەلومەرج و دۆخی گۆڕاوی خولی پاش جەنگی سارد دەگونجێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە کرێکاران و بەشی ئابوری و سیاسی وڵات بەڕێوەبردن گرنگی زیاتریان بەدەستهێناوە، کۆکردنەوەو شڕۆڤەکاری زانیاری هێشتا بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر کاریگەری پێداویستیە سەربازیەکاندا ئەنجام دەدرێت.



ئێمە لەچەند بوارێکدا ڕاسپاردەکانمان خستەڕوو: بەرنامەڕێژی و ڕێکخستنی بودجەی ستراتیژ، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، سیاسەتی بۆشاییئاسمان و کۆمەڵگەی زانیاری. ئێستاش بەنۆرە دەچینە سەر هەریەك لەم بوارانە.

## ((بەرنامەڕێژی و ڕێکخستنی بودجەی ستراتیژ))

لەسنوری دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بەرنامەڕێژییەکی سەرەکی بونینییە. بەرنامە ڕێژییەکان بابەتی و بەپێی پێداویستی بوە و تایبەت بەئیدارەو دامەزراوەکانی دەسەڵاتی راپەڕاندنە. هەموو ئیدارەو دامەزراوەیەکی (بەشدارلە) ئاسایشی نەتەوەییدا لەئێستادا خۆی بودجەی خۆی ڕێکدەخات. بۆ پێناسەکردنی بودجەیەکی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی هیچ هەنگاوێك نانرێت. هەروەکوچۆن هیچ هەوڵێکیش بۆ ڕونکردنەوەی ئەم خواستە نادرێت، کەتایبەتمەندکردنی سەرچاوە لەبودجەی جیاواز چۆن کۆمەك بەدابینکردنی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات دەکات. یەکەم ڕاسپاردەی ئەنجومەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە ئەمەیە کە:

((خودی سەرکۆمار ڕێنوێنی پڕۆسەیەکی بەرنامەڕێژی (لەگشتەوە بۆ بەش) ی ستراتیژی لەئەستۆ بگرێت، بۆ هەماهەنگکردنی ئەو پڕۆسەیەش دەسەڵات بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەکەی ببەخشێت.))

## ((ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی))

بۆ ئەوەی سەرکۆمار بتوانێت زیاتر سود لەودەسەڵاتەی لەسەر بنچینەی یاسای بنەڕەتی لەبەردەستیدایە وەرگرێت، شێوەی بەڕێوەبردن و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەندامانی کابینەو ڕێکخستنی کارمەندانی کۆشکی سپی



www.pertwk.com

www.pertwk.com

گرنگی بنەڕەتیانەی هەیە. بەڵام دەبێت ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگیرێت، کەپێکهاتەو تایبەتمەندی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی بەڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئەو سیاسەتانەی بڕیارە پیادە بکرێن هەیە.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وەك بەشێك لە (یاسای ئاسایشی نەتەوەیی دانراوی 1947) بۆ ڕێنمایکردنی سەرکۆمار لەدروستکردنی هاوهەنگاوی لەسیاسەتەکانی ناوخۆو دەرەوەو سوپاییدا, هەروەها بۆ یاریدەدانی دروستکردنی هاوهەنگاوی چالاکی ئیدارەو دامەزراوەکانی لەبواری ئاسایشی نەتەوەییدا چالاکی دەنوێنن، دروستکرا.

لەئێستادا ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بەپێی یاسا بریتین لە : یاریدەدەری یەکەمی سەرکۆمار, وەزیری دەرەوە, وەزیری بەرگری, سەرۆکی (CIA) و سەرۆکی فەرمانده‌یی هاوبەش. بەمروری زەمان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوە ئامڕازێکی سەرەکی و یاریدەدەر سەرکۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی. ناونیشانی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی یان ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەگەرچی لەهیچ یاسایەکدا باسی نەهاتوە, بەڵام هەمو ڕۆژێك زیاتر دەسەڵاتی فراوان دەبێت. دیارە بەهەمان شێوە کەئەم ئاڵوگۆڕە لەژێر کاریگەری چۆنایەتی مامەڵەی سەرکۆمارەکان لەگەڵ پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی دەرەوەدابوە, پەیوەندیشی بەتایبەتمەندی کەسایەتیو شێوازە جیاوازەکانیانەوە لەڕابەرایەتیکردندا هەبوە. لەماوەی دەیەی ڕابردودا سەرکۆمارەکان بۆ داڕشتنو پیادەکردنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەربڵاو دەسەڵاتیان لەنێو فەرماندەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا چڕ کردۆتەوە, بەوجۆرەی کە لەزۆر ڕوەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە زیاتر لە ڕێکخراوێکی دەوڵەتی دەچو تا فەرماندەییەکی هاوبەندی سەرۆکایەتی کۆمار. ئەم ئەنجومەنە دەربارەی پرسە لەئەژمار نەهاتوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەردەم دەوڵەت خاوەنی دیدگاو ڕوانگەی تایبەتە.



ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی گشتی, کۆنگرێس, هزری کۆی ئەمریکاو دەوڵەتەکانی دەرەوە دابمەزرێنێت, دەبێت بەشی تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی گروپ, یاسادانان, پەیوەندییەکانو ڕێکخستنی گوتارەکان هەبێت. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سەرەڕای هاوکاریی بۆ سەرکۆمار، بۆ سەنتەری هەمیشەیی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەکی وڵاتو ئاسایشی نەتەوەیش گۆڕاوە.

بۆچی ئەم چڕبونەوەیەی دەسەڵات دروست بوو؟ یەکەم ئەوەیە کەلەگەڵ کۆتایی خولی جەنگی سارددا پرسەکانی وابەستە بەئاسایشی نەتەوەوە بۆتە خاوەنی ڕەهەندی فراوانتر, پرسەکانی داراییو پرسەکانی ژینگەو مافی نێودەوڵەتیش لەخۆدەگرێت, کە هەریەکەیان پیادەکارانو بەرپرسانی خۆیان لەناو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا هەیە. سەرئەنجام, دیاریکردنی یەکێك لەو ڕێکخراوانەی لەئارادان بۆ ڕێنوێنیکردنی سیاسەتە وەرگیراوەکان (بڕیارلێدراوەکان) لەسەر ئاستی کارێکی دیاریکراو، وەك گرفت دەردەکەوێت. سەرەڕای ئەوەش هێڵی سروشتی کێشراوی نێوان سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیش چەمکی خۆی لەدەستداوە. لەئێستادا لەنێو دامەزراوە پەیوەستەکاندا تەنها ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەئاستێکدایە کە دەتوانێت لەلایەن سەرکۆمارەوە بەجۆرێکی کاریگەرانە هەماهەنگی پێویست دروست بکات.

خاڵی دوەم ئەمەیە کەلەئێستادا سیاسەتی دەرەوە بەتەواوی هاوبەندی بابەتە ناوخۆییەکان بوە. دەکرێت بابەتگەلێکی زۆرکەمی  پرسە دەرەکیەکان – ئەگەر نەڵێین هەرهیچ– باسبکرێت کە بەئاسانی لەبابەتە ناوخۆییەکان جیادەکرێنەوە: خۆتێهەڵقورتاندنی سوپایی, پەیوەندی دیپلۆماسی، بێچەندوچون پەیوەندی ئابوریو بازرگانی لەگەڵ جیهان هەمویان بەسیاسەتی ناوخۆی  وڵاتەوە دەبەسترێنەوە. ئاساییە چاودێری کردن بەسەرئەم سیاسەتانەوە لەئەستۆی

www.pertwk.com

کۆشکی سپیدایە, کە بەیاریدەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی, وەك بازوی ئەم لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە ئەنجام دەدرێت.

گرنگترینو دواین خاڵ ئەمەیە کەلەماوەی چەندین دەیەی ڕابردودا وەزارەتی دەرەوە لاوازبووەو سەرچاوە داراییەکانی کەمبۆتەوە. بەرنامەکانی کۆمەکە دەرەکیەکانو بەرپرسیارێتی ناردنی نوێنەرەکان لەئێستادا لەنێوان بەشە جیاوازەکانی دەوڵەتدا دابەشبوە، دەرئەنجام ڕابەرایەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا, کە سەردەمانێك لەئەستۆی وەزارەتی دەرەوەدا بوو، خرایە ئەستۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە .

ڕونکردنەوەکان دەربارەی ڕەگوڕیشەی گرفتەکان بەئاشکرا دەریدەخات، کە هەواڵدان بۆ نوێکردنەوەی دامەزراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بێئەنجام دەبێت, مەگەر دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوەش چاککاری تێدا ئەنجام بدرێت.

گروپی داڕشتنی ستراتیژ فراوانبونی ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەنیگەرانکار هەڵدەسەنگێنێت و ئەم خاڵانە دێنێتەوە یاد:

((**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ ڕێنمایکردنی سەرکۆمار هەنگاوە جۆراو جۆرەکان لەبواری ئاسایشی نەتەوەیشدا هەماهەنگ بکات. ئەم چالاکیانە گەشەپێدان، پرسە ڕێکخراوەییەکان، ڕاپەڕاندنی ناوخۆیی، یاسا، پرسە ئابورییەکان و هەروەها بابەتە وابەستەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیش لەخۆ دەگرێت. دەبێت ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بەرگریش لوە بکەن کەڕۆڵی سیاسەتدانانو ئۆپراسیۆنیشیان هەبێت.**))

ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت سەرەتای کاریان بەئەنجامگەیاندنی ئەرکی ڕەسەنی خۆیان بێت، بەتایبەتی دۆزینەوەی هاوهەنگاوی لەمیانەی سیاسەتدانان, تا هەموو بابەت و پرسەکان بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەو سیاسەتە ڕیاڵەکان هەڵبسەنگێنرێن[49].



دەبێت ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دیدە ڕاوێژکارییەکانی خۆیان بەپەنهانی بخەنە بەردەستی سەرکۆمارو چاودێری بەسەر چۆنایەتی پیادەکردنی بڕیارەکانی سەرکۆمارەوە بکەن. دەبێت ئەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانی فەرماندەیی سەرۆکایەتی کۆمار لەئەستۆ بگرن. بۆ نمونە, ئامادەکاریو پێداویستیەکانی سەفەرەکانی دەرەوە وپەیوەندیگرتن لەگەڵ سەرانی وڵاتانی دی.

لەهەمان کاتدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت لەبەرامبەر چڕبونەوەی دەسەڵات بەرگری بکەنو لەدوبارەبونەوەی کار لەوەزارەتەکاندا ڕێگری بنوێنن، لەهەر جۆرە کۆنترۆڵکردنێکی سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان خۆببوێرێن. ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەسیاسەتداناندا ڕۆڵی سەرەکی لەئەستۆ بگرێت, ئەم پرسە دەبێتەهۆی لادانی ئەم ئەنجومەنە لەئەرکی بنەڕەتیانەی خۆی, کە دروستکردنی هەماهەنگیە.

نابێت ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەستبداتە کاری ڕاپەڕندان. پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەنجومەنەکانی یاسادانان, ڕاگەیاندنی گروپیو ئامادەکاری وتارەکان دەبێت لەئەستۆی کارمەندانی کۆشکی سپی بن. نابێت ئەم ئەرکانە بەشێوەیەکی دوبارەبۆوە – وەك ئەوەی ئەمە بەوجۆرەیە – لەفەرماندەیی ئەنجومەنی نەتەوەییشدا ئەنجام بدرێت.

لەبەرچاوی گشتیدا ئەوە سەرکۆماری ئەمریکایە لەبەرامبەر خەڵکیدا بەرپرسیار دەبێت, نەك کارمەندانو ڕاوێژکارانی. لەئێستادا کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی درێژە بەڕۆڵی خۆی وەك, وتاربێژ, سیاسەتمەدارو پیادەکار دەدات، هەوڵو فشاریش لەکۆنگرێسدا لەحاڵەتی فۆرمگیریدایە تا بەپشتگیری (سەنا)و ئامادەبونی ئاشکرایانە لەبەردەم ئەنجومەنەکانی کۆنگرێسدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییش لەبەرامبەر خەڵکی ئەمریکادا بەرپرسیار بێت. گروپی

www.pertwk.com

داڕێژەری ستراتیژ ئومێدەوارە سەرکۆمار سەرنجی تەواوی لەم پرسە دابێت. کەمبونەوەی کارەکانی ڕاپەڕاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی شتێکی سەخت دەبێت, بەڵام ئەو ڕێچکەگرییە باشترین دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوەو لەو فشارەی ئێستا هەیە کەم دەکاتەوە.

سەرکۆمارانی ئەمریکا لەسی ساڵی ڕابردودا هەنگاونەربون بۆ گونجاندنی سیاسەتەکانی ئابوری نێودەوڵەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئابوری ناوخۆیی وتێبینیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. شێوەی جیاوازیش ئەزمون کراوە. دواجار دەوڵەتی (کلنتۆن) لەساڵی (1993) دا (ئەنجومەنی ئابوری نەتەوەیی) وەك دامەزراوەیەکی هاوتەریبی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کەئەمیش ئەرکی دۆزینەوەی هەماهەنگی هەبوو, دامەزراند.

ئەزمونی ئەنجومەنی ئابوری نەتەوەیی دوچاری شکست هات, چونکە بڕیاردان سەبارەت بە سیاسەتی دارایی جیهانی لەژێردەستی وەزارەتی خەزنەداریدا بوو، ئاساییە بڕیارەکانی ئەم وەزارەتە بەبێ ڕەچاوکردنی چاودێری ئاسایشی نەتەوەیی وەردەگیرا, وەك ئەو دوا بڕیارانە سەبارەت بەقەیرانی ئاسیا. لەهەمان کاتدا, نوێنەری بازرگانی ئەمریکا– نەك ئەنجومەنی ئابوری نەتەوەیی– بەرپرسیارێتی دۆزینەوەی هاوهەنگاوی نێوان دانوستانەکانو سیاسەتە بازرگانیەکانی لەئەستۆ بوو. ئەنجومەنی ئابوری نەتەوەیی خۆی لەڕوی ئیداریو هێزیی مرۆییەوە لاوازتر لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بینییەوە, دواجاریش خواستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی گەورەتر بوو.

ڕەوتی سیاسەتدانان دەبێت بەجۆرێك بێت چالاکیەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەرخەری بەسەنتەربونی ئابوری بێت. لەم ڕووەوە گروپی داڕێژەری ستراتیژی ڕادەسپێرێت:

"سەرکۆمار پێشنیاز بۆ کۆنگرێس بکات وەزارەتی خەزنەداری بەپێی یاسا بکرێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی."



بەسەرنجدان لەماڤی پێشکەوتن،کە ئێمە بۆ کابینەی دەوڵەتی بەڕەوای دەبینین, ئەنجومەن لەو باوەڕەدایە وەزارەتی خەزنەداری دەبێت وەك وەزیری دەستە ڕاست لەکاروباری سیاسەتدانانی ئابوری نێودەوڵەتیدا کاربکات. بەڵام کارەکانی وەزارەتی دارایی دەبێت لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا هەماهەنگ بکرێت. دەبێت لەپێکهاتەکانی پارێزگاریی لەگروپەکانی لقی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا وەزارەتی دارایی سەرۆکایەتی گروپی کاری ناوخۆی ڕێکخراوەیی، کە سیاسەتەکانی داراییو ئابوری نێودەوڵەتی ڕێکدەخات (لەوانە قەیرانە داراییەکان)، لەئەستۆ بگرێت. بەڵام بۆئەوەی بڕیارەکان بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی دی ئاسایشی نەتەوەیی هاوهەنگاو بێت, پەیوەندی بەسەر کۆمارەوە دەبێت. ئێمە دەزانین کە وەزارەتی خەزنەداری بەشێوەیەکی ئاساییانە بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بانگهێشت دەکرێت, بەڵام ئەوەی وەك ئەندامێکی یاسایی ئەنجومەن دابنرێت, دەبێتە نیشانەیەکی گرنگی ڕاستەقینەی یەکپارچەیی نێوان سیاسەتە ئابورییەکانو ئاسایشی نەتەوەیی.

**"سەرکۆمار دەبێت ئەنجومەنی ئابوری نەتەوەیی هەڵوەشێنێتەوەو بەرپرسیارێتی سیاسەتدانان لەبەشی ئابوری ناوخۆدا بخاتە ئەستۆی ئەنجومەنی سیاسەتی ناوخۆو بەرپرسیارێتی داڕشتنی سیاسەت لەبەشی ئابوری نێودەوڵەتی بەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بسپێرێت."**

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت ڕۆڵی هاوهەنگاوی سیاسەتە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ بابەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئاوێتە بکات. بەمەبەستی پێداگرتن لەسەر گرنگی ئەم پرسە پێشنیار دەکرێت پۆستی یاریدەدەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دروست بکرێت, کە بەرپرسیارێتی کاروباری ئابوری نێودەوڵەتی لەئەستۆ بێت. هەروەها لەو بڕوایەداین کە بەمەبەستی گرێدانی بەشە ئابورییەکان بەپێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە

www.pertwk.com

پێویسته شارەزایانی زیاتری بواری ئابوری نێودەوڵەتی بکرێنه ئەندامو بەرکاری ئەو ئەنجومەنە. بۆدەسەبەرکردنی هەماهەنگی نێوان سیاسەتەکانی ئابوری نێودەوڵەتیو ئابوری ناوخۆ ئەندامانی (ئەنجومەنی سیاسەتی ناوخۆیی) و (ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی ئابوری) و (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) دەبێت هاوبەندییەکی کارکردنی نزیکیان پێکەوە هەبێت.

*((وەزارەتی دەرەوە))*

لەچەند دەیەی ڕابردودا بەدابەشکردنی ئەرکە بنەڕەتیەکانی وەزارەتی دەرەوە لەنێوان ڕێکخراوەکانی دیدا ئەم دامەرزاوە لاواز کەوتوە. ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (Agency for International Development)و وەزارەتەکانی خەزنەداریو بەرگری پیادەکردنی بەرنامەی کۆمەکە دەرەکیەکانیان لەئەستۆگرتوە. نوێنەرایەتی بازرگانی ئەمریکا ئەرکی ئەنجامدانی دانوستانی بازرگانی لەگەڵ لایەنە دەرەکیەکانی لەئەستۆیەو وەزارەتی بازرگانیش ڕێنوێنی چالاکیە بازرگانیە دەرەکیەکانی کردوە. هەروەها ساڵەهایە کۆنترۆڵکردنی چەکداریو دیپلۆماسیەت لەلایەن دامەزراوەی جوداوە ئەنجام دەدرێت. وەزارەتەکانی دی وەك ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە ئەزمونیان بەدەستهێناوەو لەسەرانسەری دونیادا چالاکی ئەنجام دەدەن.

هەوڵوتەقەلای وەزارەتی دەرەوە بۆ پەردەپۆشکردنی گشت لایەنەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی– ئابوری, فرەنەتەوەیی, ناوچەیی, ئاسایشی– بۆتەهۆی دروستبونی دامەزراوەیەکی تەواو ئاڵۆز. لەئێستادا بەدەستهێنانی دیدێکی دیاریکراوی وڵات لەبابەتێکدا زۆر گرانە, سەرئەنجام تواناکانی ئەم وەزارەتە بۆ ڕابەرایەتیکردنی سیاسەتی دەرەوە کەمبۆتەوە.

لەدەیەی ڕابردودا ئارەزوکردن بۆ دامەزراندنی نوسینگەی کاری جیاواز، لەبابەتەکانی مافی مرۆڤ, دیموکراسی, پیادەکردنی یاسا, پەناهەندەیی, پرسی



سیاسیو سەربازی, ڕێگرتن لەبڵاوبونەوەی چەکی ناوکی لەڕوی بنەماو سیاسییەوە بەشتێکی سودبەخش وەردەگیرا, بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کەلەکۆگەلی کارامەییو کاریگەری ڕێکخراوەیی ئەم ڕەوتە کەمبۆتەوە.

ئەگەر قوڵتر لەپرسەکە بڕوانین ڕێکخراوی وەزارەتی دەرەوەو چالاکیەکانی لەگەڵ فەرهەنگی کاری دەرەکیدا جیاوازی هەیە. دەزگای سیاسەتی دەرەکی سەروکاری لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا هەیە, بەمپێیە دەبێت خاوەنی ئەزمونگەلێکی پڕبەهابێت, بەڵام زۆرترین پلەدارانی تەنها بەرپرسیارێتی کردەییان لەئەستۆدایە. دامەزراوەی وەزارەت بەجۆرێکە دیار نییە بەرپرسیارێتی سیاسەتە پیادەکراوەکانی، کە هەڵگری تایبەتمەندی گشتی یان دەرەکین، لەئەستۆی کێدایە. لەم وەزارەتەدا بەدەگمەن هەماهەنگی تەواوبونی هەیەو ئەم کارەش بۆتەهۆی کەمبونەوەی متمانەو دەسەڵاتی لەبەرامبەر کۆنگرێسو دەرەوەی وڵاتدا.

دواجار ئەم کەموکوڕییە لەئەژمار نەهاتوانە بەردەوام لەمتمانەی وەزارەتی دەرەوە کەم دەکەنەوە. ئەم لاوازییە ڕۆژ بەڕۆژ زیادبوە. کاتێك دەرکەوت کۆنگرێس لەکاردانەوەی بەرامبەر بەناکارامەیی ئەم وەزارەتەدا پلەپلە بودجەکەی کەمکردەوە, ئەمەش لەوکاتەدابوو کە هەست بەپێویستی زۆر بۆ زیادکردنی نوێنەرایەتی سیاسەتی ئەمریکا لەدەرەوەی وڵاتو زیادبونی کۆمەك کردن بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکرا.

لەلایەکی دیبەوە کەمکردنەوەی بودجە لەخۆیدا بوەهۆی ناکارامەیی وەزارەتی ناوبراو. ئەم ئەنجومەنە لەو بڕوایەدایە دەبێت کۆتایی بەڕەوتی لاوازکردنی وەزارەتی دەرەوە بهێنرێت.

کۆمەکە دەرەکیەکان بەئامڕازێکی بەهاداری سیاسەتە دەرەکیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دادەنرێت, بەڵام دامەزراوەی ئێستای ئەم کۆمەکانە زۆنگاوێکی ئیدارییە. کۆنگرێس بەجۆرێك (یاسای کۆمەکە دەرەکیەکانی) بۆ (ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی) سازکردوە, کە ئەم بەرنامەیە ئامانجی گونجاوی

www.pertwk.com

لەدەستداوە. ئەمڕۆ بەرپرسیارێتی ڕێگرتن لەڕودانی قەیران یان ڕوبەڕوبونەوەی لەنێوان چەند دامەزراوەیەکدا, وەك ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە فیدراڵیەکان‌و یاریدەدەرانی هەندێك لەوەزارەتەکاندا پەرشوبڵاوە, بەجۆرێك کەدەکرێت بوترێت کردارانە کەس بەرپرس نییە.

زیاتر لەچوار ملیار دۆلار لەچوارچێوەی بەرنامەکانی کۆمەکی دولایەنەی وەزارەتی دەرەوەو سندوقی پاراستنی ئابوری‌و بەرنامەکانی پەرەپێدانی ئاژانسی نێودەوڵەتی خەرج کراوە. نەوەزیری دەرەوەو نەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی هیچکامیان لەنێو ئەو چالاکیانەی کەلەسەر ئاستی کۆمەکە دەرەکیەکان ئەنجام دەدرێت توانای دەسەبەرکردنی هاوهەنگاوییان نیەو ناتوانن ڕێگری لەدوبارەبونەوەی کاربکەن. لەهەموی گرنگتر ئەوەیە کەهیچ دامەزراوەیەك بەرپرسی هەماهەنگسازی ئەم بەرنامانەو گۆڕینیان بۆ ستراتیژی پێشپێگرتن یان بەکارهێنان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانەکان نابێت. کۆنگرێسیش دەستی داوەتە لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی بەخەرجدانی ئەم بڕانە. سەرەڕای هەمو ئەوانە, زۆرینەی بڕی خەرجکراو لەلایەن ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتییەوە, لەو پەیماننامانەدا کە لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکاندا دەبەسترێت, دەدرێت‌و ئەم ڕێکخراوانەش ئاساییانە بەفۆرمی جیاواز لەڕوی بەرنامەکانی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیەوە لەکۆنگرێسدا نفوزیان بەکارهێناوەو بونەتەهۆی کەمکردنەوەی گونجاندنی بەرنامەکانی تایبەت بە کۆمەك.

ئەگەر کاردانەوەیەکی گریمانەیی لەبەرامبەر کارەساتێکی مرۆیی لەئەفریقادا لەبەرچاوبگرین – وەك ئەو لافاوەی ساڵی 1999 لەمۆزەمبیق ڕویدا – یان ئەوەی ئەمڕۆ ڕوداوێکی لەو بابەتە ڕوبدات, سێ بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی, بەڕێوەبەرایەتی پەیوەست بەپرسەکانی ئەفریقا, بەرنامە جیهانیەکان‌و کاردانەوەی مرۆڤدۆستانە, بەرپشکی ئەو ڕوداوە دەبن. بەرپرسیارێتی بەلایەنی کەمەوە لەنێوان سێ یاریدەدەری ئەم وەزارەتە (کاروباری



جیهانی, کاروباری سیاسی‌و کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی)و چوار بەڕێوەبرایەتی ئەم وەزارەتە (ئەفریقا, دیموکراسی, مافی مرۆڤ و کرێکار – دانیشتوان, پەناهەندەکان‌و کۆچ, سیاسی ، سوپایی) دابەش دەبێت. نەوەزیری دەرەوە و نەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی هیچکامیان لەشوێنگەیەکدا نین کە سەرچاوەی پێویستیان لەبەردەستدا بێت, یان بتوانن پرۆسەیەکی گەیاندنی کۆمەك بۆ پەناهەندەکان‌و کۆمەکی مرۆڤدۆستانە ڕابەری بکەن. بەهەمان شێوەی لەنمونەکەدا باسکرا, ئیدی دامەزراوە دەوڵەتیەکان, بەتایبەتی وەزارەتی بەرگری, دەبێت بزانن کەچۆنچۆنی چالاکیەکیانیان لەگەڵ هەنگاوەکانی وەزارەتی دەرەوە هەماهەنگ بکەن.

بەبڕوای ئەم ئەنجومەنە, وەزیری دەرەوە دەبێت یەکەمین کەس بێت لەژێر فەرمانی سەرکۆماردا بەرپرسیارێتی سیاسەتدانان‌و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەکی لەئەستۆدا بێت. دەبێت دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕیفۆرمی تێدا ئەنجام بدرێت تا بتوانێت بەرپرس‌و وەڵامدەرەوە بێت, چالاکیە پراکتیکی‌و ناوچەییەکانی بەتەواوی هەماهەنگ بکرێت, بەرنامەی کۆمەکە دەرەکیەکان بەشێوەیەکی سەنتراڵی گەلاڵەو پیادە بکرێت‌و جەخت لەسەر بەرنامەڕێژییەکی گونجاو لەگەڵ سەرچاوەکانی بکرێتەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ڕاسپاردەکانمان سەبارەت بەوەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەکاتێکدا گەر پێکەوە پیادە بکرێن زۆرترین سودی دەبێت. بەڵام سەرکۆمار چ پێشنیازەکانمان پەسند بکات‌و چ نەیکات, چاکسازی وەزارەتی دەرەوە دەبێت بکرێت.

پێشکەوتنی بەرچاو لەکارامەیی‌و شایستەیی ئەم وەزارەتەدا بەڵگەی لۆژیکانە دەبێت بۆ زیادکردنی بودجەی پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتە دەرەکیەکانی وڵات لەچارەکە سەدەی ئایندەدا. بەبڕوای ئێمە بەئاشکرا هەست بەپێویستبون بە بودجەی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە بەرزەکانی وڵات

www.pertwk.com

دەكرێت.ئەوئامانجانەش وەك یاریدەدانی بەرەوپێشبردنی دیموكراسیەت، گەشەپێدانی ئابوری, پیادەكردنی سیاسەتی بەیدەستكردن, دەسەبەركردنی ئاسایش بۆ دەسەلاتدارانی ئەمریكایی لەدەرەوەی ولات, دابینكردنی كەمهێنانی بودجەی كارمەندان و چالاكیەكان و بەركارخستنی تەكنۆلۆجیای زانیاری پێویست بۆ دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەكگرتوەكان, تا بتوانێت بەشێوەیەكی كاریگەر لەسەدەی بیست و یەكدا درێژە بە چالاكیەكانی بدات. ویلایەتە یەكگرتوەكان ناتوانێت بەبێ تایبەتكردنی ئەو سەرچاوە نوێیانە لەهەموو ڕویەكەوە سیاسەتی دەرەكی خۆی ڕێنوێنی بكات. سەرنەكەوتویی لەدابینكردنی ئەو بڕانە دەتوانێت لەماوەی درێژدا بەگران لەسەر ئەمریكا بكەوێت.

لەم ڕووەوە ئەم ئەنجومەنە ئەم ئالوگۆڕانە بۆ وەزارەتی دەرەوە پێشنیاز دەكات:

**(( دەبێت سەركۆمار پێشنیازێك بۆ تازەكردنەوەی دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە بخاتە بەردەم كۆنگرێس, كەدامەزراندنی پێنج یاریدە دەرێتی بێت, بۆ مەبەستی لێكۆڵینەوە لەپرسەكانی پەیوەست بەناوچەكانی ئەفریقا, ئاسیا, ئەوروپا, ئەمریكا و خۆرهەلاتی نزیك/ باشوری ئاسیا, هەروەها ئەركی ئەو یاریدەدەرەیە لێكۆڵینەوە لەسەر پرسە جیهانیەكان ئەنجام بدات. ئەم یاریدەدەرێتیە نوێیانە ئەركەكانیان بەهاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یاریدە دەرێتی بەئەنجام دەگەیەنن.))**

دەبێت ئەم یاریدەدەرێتیە نوێیانە لەوەزارەتی دەرەوەو لەبەردەم سەركۆمارو كۆنگرێسدا لەڕوی هەموو چالاكیە سیاسیە دەرەكیەكانەوە كە لەناوچەكانی ژێردەستیاندا ئەنجام دەدرێت بەرپرسیاربن. دەبێت بەرپرسیارێتی لەعۆدەی یەك تاكە كەسدا بێت.

دەبێت یاریدەدەرێتیە نوێیەكان لەجێگای وەزیر سیاسەتەكانی ولات لەبابەتەكانی بواری بەرپرسیارێتی خۆیدا دابڕێژێت و لەلایەن وەزارەتی دەرەوە لەكۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا بیخاتەڕوو.



دەبێت لەكۆمیتە تایبەتەكانی كۆنگرێسدا ئامادەبن، هەروەها بەرامبەر ڕێكخستنی ستراتیژی سیاسی بەیدەستكردن و كاردانەوە بەرامبەر قەیرانەكان بەرپرس دەبن. دەبێت چاودێربن بەسەر پیادەكردنی هەموو بەرنامەكانی كۆمەككردنەوە (كۆمەك بۆ پەرەپێدان, بەرقەراركردنی دیموكراسیەت و كۆمەك بۆ ئاسایش) و بەوردی دەربارەیان ڕاپۆرت بەكۆنگرێس بدەن. دەبێت هەموو ئەو تێبینیە سیاسی و ئاسایشیانەی پێویستە لەبڕیارەكانی دەوڵەتی ئەمریكادا لەهەمبەر قەیرانە داراییە جیهانی و سیاسەتەكانی دی ئابوری نێودەوڵەتیدا سەرنجیان بدرێت كۆبكەنەوە. دەبێت لەتوانایاندا بێت چالاكیەكانی دەوڵەت لەگەڵ ئامانجی سیاسیدا بگونجێنن و ئەم چالاكیانە لەگەڵ لایەنەكانی دی سیاسەتی ئەمریكادا هاوئاهەنگ بكەن. دەبێت توانای دروستكردنی پەیوەندی كاریگەرانەیان لەگەڵ زۆرترین ژمارەی ڕێكخراوی نادەوڵەتی هەبێت, كەسەرقاڵی چالاكی ئاسایشی نەتەوەین. (بەمەبەستی پیشاندانی چۆنیەتی كاركردنی ئەم یاریدە دەرێتیانە, ئێمە هەندێك لەئەركەكانی یاریدەدەرێتیەكی ناوچەیی و یاریدەدەرێتی كاروباری جیهانی دیاری دەكەین.)

## *یاریدەدەرێتی ناوچەیی - ئاسیا*
## *بەرپرسیارێتیەكان*

| پرسی ئابوری و فرەنەتەوەیی | پرسی سیاسی | پرسی ئاسایشی |
|---|---|---|
| پرسی مافی مرۆڤ لەچین | یابان | فرۆشتنی چەك بە تایوان |
| بەڵێننامەكانی سەرمایەگوزاری | چین | ڕێگرتن لەبلاوبونەوەی ئەتۆمی چین |
| بێبەشكردنی ئابوری | كۆریا | دانوستان لەگەڵ یابان |

www.pertwk.com

دەربارەی پایەگای سەربازی

هەڵسەنگاندنی قەیرانی ئاسیا　ئاسیای دور　کۆمەکی ئاسایشی

قەرزەکانی بانکی چین　ئەندەنوسیا　جەنگی دژ بەمادەی بێهۆشکار لەبۆرما

کۆمەکی ئابوری بۆ ئەندەنوسیا　تایوان　بابەتی کۆریای باکور

پەیوەندی لەگەڵ رێکراوە نادەوڵەتیەکان　ئۆپك

## یاریدەدەرێتی کاروباری جیهانی
## بەرپرسیارێتیەکان

| پرسە ئابوری‌و فرەنەتەوەیی | پرسی سیاسی | پرسی ئاسایشی |
| --- | --- | --- |
| زەریاکان, ژینگە | دامەزراوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگروەکان | کۆنفرانسی چەك داماڵین |
| پەناهەندەکان, کۆمەکی مرۆڤدۆستانە | ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان | رژێمەکانی بلاونەکردنەوەی چەکی ئەتۆمی |
| دانوستانی کلاّیی پاریس بۆ بەخشینی قەرزەکان | رێکخراوی نێودەوڵەتی کار | جێبەجێردنی یاسا |
| رێکخراوەکانی کۆمەکبەخشی نێو دەوڵەتی | | کۆنترۆڵکردنی بازرگانی بەرگری |



| | | |
| --- | --- | --- |
| کۆمەککردن بەبانکە چەند لایەنیەکان | | جەنگ دژی تیرۆیزم |
| ئاڵوگۆڕی ئاوهەوای جیهان- پەیمانی کیوتو | | بەڕێوەبەرایەتی قەیرانەکان |
| بەرنامەکانی کۆمەکبەخشی جیهانی دژبە ئایدز | | ئۆپراسیۆنەکانی پاراستنی ئاشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان |
| بەرنامەکانی- فوڵبرایت- بۆ ئاڵوگۆڕی کەلتوری | | |
| لیژنەی بالاّی پەناهەندەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. | | |

بەو جۆرەی لەنمونەکەدا پیشاندراوە, هەریەك لەم یاریدەدەرێتیانە دەبێت جێگرێکیان هەبێت، تا لەکاتی قەیرانەکاندا کۆمەکی فکریان بکەن, یان لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سیاسی هەستیاردا چالاکی بنوێنن. ئەو سێ ئیدارەیەی کەهەریەکەیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی کار ڕێکخراون (پرسی سیاسی, ئاسایشی, ئابوری‌و فرەنەتەوەیی) دەبێت پارێزگاری لەو یاریدەدەرێتیانە بکەن. یاریدەدەرێتی نوێی پرسە جیهانیەکان دەبێت لەڕوی

www.pertwk.com

شوێنگەوە وەك سێیەمین پۆست لەو وەزارەتە بناسرێت, تاپێشاندەری ڕادەی گرنگی پرسەکانو چالاکیە جیهانیەکان بێت. دیارە ئەم یاریدەدەرێتیە نابێت وەك ڕابردو بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوێکی زیادە بگۆڕێت, بەڵکو دەبێت لەکاتی بزری وەزیر یان جێگرەکەی وەك سەرپەرشتیاری وەزارەت هەڵسوڕێت. دەبێت ئەرکە ئیداریەکانیشی بەئاوڕدانەوە لەوەی بەرپرسیارێتی داڕشتنی بەرنامەکانو پرسەکانی پەیوەست بەبودجە بەیاردەدەرێتیەکانی دی سپێردراوە, دوبارە پێناسە بکرێتەوە.

ئەم تازەکردنەوەیەی دامەزراوەکە دەبێت بەدامەزراندنی هاوهەنگاوی تەواو لەنێوان پێشکەشکردنی کۆمەکە دەرەکیەکان لەگەڵ دامەزراوەی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان هاوشان بێتو بەهێزبکرێت. دواجار پێشنیاز دەکەین:

**((سەرکۆمار دەبێت تێزێك پێشکەش بەکۆنگرێس بکات بۆ تێکەڵکردنی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە.))**

کۆمەککردن بۆپەرەپێدان کارێك نییە ویلایەتە یەکگرتوەکان بتوانێت بەتەنیاو بێ هاوشانی بەرنامەکانی دیو چالاکیەکان سەرکەوتنی تێدابەدەسبهێنێت. ئەم بەرنامەیە بەبەشێك لەهەوڵە فرەلایەنە نەتەوەییەکان دادەنرێت بۆ لەناوبردنی هەژاری, دنەدانو چاودێریکردنی شێوازەکانی دیموکراسی, کەمکردنەوەی چاودێری مەزهەبیو نەژادی. بۆ ئەوەی کۆمەکەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدان هەبێت، دەبێت لەگەڵ چالاکیە سیاسیەکانی دی, وەك خەبات دژ بەگەندەڵی دەوڵەتی یان بەبڕواهێنانی دەوڵەتەکان بۆ پیادەکردنی سیاسەتی ناوخۆیی گونجاوتر, هاوتەریب بکرێت. تەنیا بە هەوڵی کۆمەك گەیاندنو سیاسیانەی هاوهەنگاو دەتوانرێت ئامانجە دەرەکیەکانی ولات زامن بکرێت, جا ئەم ئامانجانە کۆمەککردن بێت بۆ پەرەپێدانی ئابوری, دامەزراندن



سەقامگیری، بەرقەرارکردنی دیموکراسی، چاودێری مافەکانی مرۆڤ یان پارێزگاریکردنی ژینگە بێت.

تێزێکی بونیادانەی ڕێکخراوەیی لەو بابەتە دەبێت لەسەر پلانێکی ستراتیژانەو لەبەرچاوگرتنی بودجەی پێویست ڕێکخرا بێت. لەوبارەیەوە ڕادەسپێرین کە:

**(( وەزیری دەرەوە دەبێت جەختی زیاتر لەسەر بەرنامەڕێژی ستراتیژانە بکات و ئەم بەرنامەڕێژکردنە هاوتەریبی سەرچاوە داراییە تایبەتکراوەکانی ئەو وەزارەتە بێت. ئەم کارە دەبێت بەهۆی دامەزراندنی نوسینگەی داڕشتنی ستراتیژەکان, بەخشینی کۆمەكو دیاریکردنی بودجەوە ئەنجام بدرێت.)**

ئەم نوسینگەیە دەبێت ڕاستەوخۆ کار بۆ وەزیری دەرەوە بکات, وەك نوێنەری ئەو لەدانیشتنەکانی بەرنامەڕێژی ستراتیژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا بەشداری بکات. لەم دامەزراوەدا ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکی وەزارەتی دەرەوەو سەرەتاکانی لەلایەن ئەم نوسینگەیەوە دیاری دەکرێت. هەروەها ئەم نوسینگەیە هەموو بەرنامە کۆمەکبەخشیەکانی وەزارەت دادەڕێژێتو ڕێکدەخات, دەبێتە لێپرسراوی هەماهەنگسازی ڕەوتی بەرنامەڕێژی بودجەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان یاریدەدەرێتیە جیاوازەکان.

هەلومەرجێك وێنابکە کەکۆنگرێس بڕێك دراو بۆ بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاستی جیهان تایبەت بکات. لەم حاڵەتەدا, نوسینگە نوێیەکە داوا لەیاریدەدەرێتی کاروباری جیهانی دەکات تا پێشنیازە پێشەکیەکانی خۆی سەبارەت بەچۆنیەتی دابەشکردنی بڕی دیاریکراو بخاتەڕوو. پاشان یاریدەدەرێتیە ناوچەییەکان هەلیان بۆ دەڕەخسێت تا ڕەخنەی خۆیان پێشکەش بکەن. کاتێك کە وەزیر بەرنامەکەی پەسندکرد, یاریدەدەرێتی پرسە جیهانیەکان بەرپرسیارێتی پیادەکردنی بەرنامە دیاریراوەکان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

لەئەستۆ دەگرێت‌و یاریدەدەرێتیەکانی دیش بەرپرسیارێتی پیادەکردنی بەرنامەکانی خۆیان لەبواری خۆیاندا لەئەستۆ دەگرن.

وەزیری دەرەوە بەدامەزراندنی هەماهەنگی نێوان بەرنامەڕێژی سەرچاوەکان‌و بەرنامەڕێژی ستراتیژی، دەتوانێت بەجۆرێکی کاریگەرانە چالاکیەکانی وەزارەت‌و باڵوێزخانەکانی دەرەوەی وڵات بەڕێوە بەرێت.

ئەم نوسینگەیە بەپراکتیکانە نوسینگەکانی بودجە، بەرنامەڕێژی، سیاسەتدانان‌و ئەو بەرنامەڕێژییانەی کە لەدامەزراوەی ڕێکخراوەکەدا هەن پێکەوە ئاوێتە دەکات‌و گرفتی بنەڕەتی تێزی جیاکردنەوەی بەرنامەڕێژی لەتایبەتکردنی سەرچاوەکان چارەسەر دەکات. بەرپرسیارێتی خستنە بەر ڕاژەی گروپی بچوک لەشارەزایان‌و تایبەتمەندان لەبەرنامەڕێژی ستراتیژدا بۆ ماوەی درێژ لەماوەی نیو سەدەی داهاتودا لەئەستۆی ئەم نوسینگەیە دەبێت.



www.pertwk.com

**هێڵکاری**.. .. .. (1)



www.pertwk.com

**هێڵکاری** .. .. (2)






***((دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە لە ئێستادا))***

بەپێی ڕیفۆرمە ناوبراوەکان کەزۆربەی کاروباری سیاسەتی دەرەکی وڵات دەخاتە ژێر دەستی وەزیری دەرەوە, دەبێت دەربارەی بودجەی وەزارەتیش هەمان لۆژیك پیادە بکرێت. بەپێی ئەوە ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

((دەبێت سەرکۆمار داوا لە کۆنگرێس بکات بڕێك لەشێوەی بودجەیەکی یەکگرتو بۆ پرۆسە دەرەکیەکان –چالاکی و بەرنامەکانی کۆمەکی دەرەکی– هەروەها تێچوی کارمەندان و کارەکانی ڕاپەڕاندن تایبەت بکات.))

بەمجۆرە ئیدی بودجەی تایبەت بە پرسە دەرەکیەکانی نێودەوڵەتی وەزارەتی دەرەوە لەلایەن لیژنەی لقی ئۆپراسیۆنی دەرەکی لەلایەك و لیژنەی لقی بازرگانی, کاروباری دەرەکی داد لەلایەکی دییەوە بەمەبەستی جیا جیا دابەش ناکرێت. دەرئەنجام پێویستە کۆنگرێس ڕێچکەی ئێستای تایبەتکردنی بودجە بۆ لیژنەی لقەکان بەجۆرێك بگۆڕێت کە لیژنەی لقی ئۆپراسیۆنی دەرەکی هەموو بودجەی وەزارەتی دەرەوەی لەژێر دەستدابێت.

سەلماندنی ڕیفۆرمی لەوجۆرە ئەو توانستە بەدەوڵەت دەبەخشێت کە:

– هەمو سەرچاوەکانی وەزارەتی دەرەوە بەجۆرێك دابەشبکات, کەهەموو بۆ دەسڕاگەیشتنی سەرکۆمار بەئامانجە ستراتیژەکان خەرج بکرێت.

– دەسەبەری دڵنیایی بکرێت کە بەرنامە جیاوازەکانی کۆمەك لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵێك پەیمانی سیاسی دەوڵەت و تایبەتکردنی سەرچاوە بن لەلایەن کۆنگرێسەوە, بۆ گروپگەلێکی هەماهەنگ و گونجاو بگۆڕێت.

– دابەشکردنی ئێستای بودجەی بکاتە ئامانج.[3]

ئێمە لەتوانامان‌دا نییە بەو شێوەیەی کەپێویستە جەخت لەسەر گرنگی گۆڕینی دامەزراوەی بێهودەو تا ڕادەیەك ناکارامەی ئێستای وەزارەتی دەرەوە بکەینەوە بۆ ئامرازێکی بەهێزی سیاسەتدانانی دەرەکی لەدەستی سەرکۆمار.

نوێگەری دامەزراوەیەکی کە شوێن مەبەستمانە, وەزارەتی دەرەوە لەشوێنگەیەك دەهاویــژێت کــە بتوانێــت لــە مەیــدانی ڕێنــوێنی سیاســەتدانانو پیــادەکردنی سیاسـەتە دەرەکیەکانـدا ڕۆڵـی بنـەڕەتی بگێڕێـت, کـەلتوری ڕێکخـراوی وەزارەت بــەجۆرێك بگۆڕێــت کــە دواجــار بەســودی دەوڵــەتی ویلایەتــە یــەکگرتوەکان بشـکێتەوە. لەوانەیـە خـاڵێکی گـرنگتر ئەمـە بێـت، کەلەحاڵـەتی سـەلماندنی ئـەو ئاڵوگۆڕانـــە وەزیـــری دەرەوە بـــە بەخشـــینی بەرپرســـیارێتی هاوهـــەنگاوە ناوچـەییەکانو پرسـی کارەکـان بەیاریدەدەرێتیـە تایبەتـەکان, هـەلی زیـاتری بـۆ بڕەخسێت بۆقوڵبونەوە لەسەر سیاسەتەکانو دانوستانەکانی کە گرنگی زیاتریان هەیە.

ڕادەی بەرپرسیارێتی ئەو سیاسەتمەدارە پایەبەرزانەی لـەڕاژەی وەزیردابون و هــەم لــەناو ڕێکخراوەکــەداو هــەم لەهەمبــەر کۆنگرێســدا شــڕۆڤەی پرســەکانی وەزارەتـی دەرەوەیـان کـردوە، دەبێـت ئەرکـە نوێیەکـەیان هاوتـەریبی ئـەو ئەرکانـە بێت دەخرێتە سەرشانیان. نابێت لەوە زیاتر دژە دیدگاکانی کارکردنو ناوچەیی ببنە ڕێگری پێشکەوتنی کارەکانی ئەم وەزارەتـە، بەڵام ئەم بۆچونانەی کارکردن سەبارەت بەپرسەکانی وەك مافەکانی مرۆڤ, کۆنترۆڵکردنی خۆپڕ چەککردن یان پاراستنی ژینگە نابێت بەتەواوی بسڕێنەوە. یاریدەدەرێتیـەکان لەهەمبـەر سـەرەتا بەندییـەکانی ئـەم کارانـە لەبەرامبـەر وەزیـری دەرەوەو سـەرکۆمارو کۆنگرێسـدا بـەرپرس دەبن. بەڕاپەڕانـدنی کـاری زیـاتر لەسـەر پرسـەکانی پەیوەسـت بەبابەتـە ناوچـەییەکانو دامـەزراوەی نـوێ لـەلای کارمەنـدانی وەزارەتـی دەرەوە لەبەرامبـەر گەشەکردنی شارەزاییەکان لەسـەر ئاسـتی پرسـەکانی وەك ژینگـەو کـۆنترۆڵکردنی خۆپڕچەککردنو خەبات دژی مادەی سڕکەر هانـدان دروسـت دەبێـت. کارمەنـدانی کاروباری ئیداریش توانستی نوێ بەچنگ دەهێنن و دەبێت شارەزایی تـەکنیکی خۆیـان لـەبواری پرسـە ناوچـەییەکان لـەوەزارەتی دەرەوەدا بـەکاربهێنن. هـەروەها توانســتی ڕێکخســتنو هەماهەنگســازی زیــاتری بــە لێوەشــاوەییان بەخشــیوەو



www.pertwk.com

کارامـەیی لەتایبەتمەندیانـدا بـەرز کردۆتـەوە. یاریـدەدەرێتی پرسـە جیهانیـەکان هاوکاریکردنی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـەکان بەسـەرەتاکانی کـاری خـۆی دادەنێتو گرنگــی تایبــەتی پێــدەدات. هــەروەها ئــەم نوســینگەیە بــەجۆرێکی تایبــەت بەرنامــەکانی کۆمــەککردن بــە پەناهەنــدەکانو هــەنگاوی مرۆڤدۆســتانە بــەهێز دەکـاتو لـەم ڕێگەیـەوە نـەمانی ڕابـەرێتیو هاوئاهـەنگی پێویسـت لەپرۆسـەکانی ڕابـردودا قـەرەبو دەکاتـەوە. ئـەم پێشـهاتە نوێیانـە بەشـەکانی بەڕێوەبەرایـەتی قــەیرانی وەزارەتــی دەرەوەش پێکــەوە گرێدەداتــەوە, بەشــەکانی وەك گروپــی پشتیوانانی کتوپڕی دەرەکی بۆ خـەبات دژ بە تیرۆریـزم و گروپـی کۆمـەککردنی مرۆڤدۆستانە لەکاتی ڕوداوەکان.

نوێکردنەوەی تەواوی دامەزراوەی وەزارەتـی دەرەوە لەسـەر ئاسـتی بـەرز بـرەو بــە بەڕێوەبەرایەتیەکــەی دەدات. ئــەم نوێکردنەوەیــە دەبێتــەهۆی ئــەوەی دەوروبەرەکەی لەژێر فەرمانی وەزیردایە بەهۆی کەمکردنـەوەی بەرچـاوی ژمـارەی ئەو تاکانـەی ڕاستەوخۆ ڕاپـۆرت بـەوەزیر دەدەن لۆجیکانـەتر بێـت. بەڕێوەبـەرانی هاوئاهەنگکاری نوێنـەرانی تایبـەتیش لەسیسـتم دەسڕێتەوەو دوبـاربونـەوەی کـار لەنێودەچێت. ژمارەی بەڕێوەبەرایەتیـەکان بە جۆرێکی بەرچاو کەمدەبنـەوە. یـەك یاریــدەدەرێتی نــوێ دروســت دەبێــت, بــەڵام پۆســتی هەماهــەنگکاری کۆمەکــە دەرەکیەکان نامێنێت.

ئێمـە ئـەوە دەزانـین کـە نوێکردنـەوە بـۆ دامـەزراوەی وەزارەتـی دەرەوە ئـەم وێناکردنــە وەبــەر دیــدە دەهێنێــت, کــە لــەگرنگی بابەتــەکانی وەك ڕێگــری لەبڵاوبونـەوەی چـەکی ئـەتۆمیو مافـەکانی مـرۆڤ کەمدەکاتـەوە. لەحەقیقەتـدا بزوێنەری بنەڕەتی بۆ دامەزراندنی یاریـدەدەرێتی بابـەتیو ئیـدارە هاوبەنـدەکانی, ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ کەلتوری باوی وەزارەت دەبێت, چونکە لەسەر بنچینەی ئەم هزرە پێشئەوەی فشار لەسـەر ئاسـتی ئەم بابەتـە بخرێتـە سـەر دەوڵـەتی دەرەکـی, درێژە بەپاراستنی پەیوەندی دولایەنەی دۆستانە دەدات.

www.pertwk.com

بەڵام کۆکەرەوەی ئەم بابەتانەش لەو ڕیفۆرمەدا کە پێشنیاز کراوە بۆ نوێکردنەوەی دامەزراوەی ئەم وەزارەتە لەئارادایە. لەحەقیقەتدا بەبەشداریکردنی ئەم بابەتانە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی فۆرمگری سیاسەتەکان ئەم کۆکەرەوانە لەدامەزراندنی نوێدا شوێنگەی باشتر بەدەستدەهێنن, لەکاتێکدا کەلەو دامەزراوەی ئێستادا لەدواین قۆناغەکانی سیاسەتدانان تەنها بە خۆتێهەڵقورتاندنی وەزیری دەرەوە ئاوڕیان لێدەدرێتەوە. یاریدەدەرێتیەکان بەرپرسی چاودێری سەرەتا لەبەرچاو گیراوەکانی سەرکۆمار, وەزارەتی دەرەوەو کۆنگرێس دەبن. ئەگەر سەرەتاکان خەباتی دژ بەتیرۆریزم, پەناهەندەکان, ژینگە یان بابەتی دی تایبەت بن، ئەگەری ئەوەی یاریدەدەرێتیەکان لێی غافڵ بن بەدور دەزانرێت.

بابەتێکی دی کەمایەی خستنەڕووە ئەوەیە، کە ڕێکخراوەی وەزارەتی دەرەوە لەسەر بنچینەی ئەو یاریدەدەرێتیە ناوچەییە لەگەڵ ڕەوتی جیهانسازی ناهەماهەنگ دەبێت.

قۆناغی یەکەمی ڕاپۆرتەکەی لیژنە پێشبینی دەکات، کە هێزەکانی جیهانسازی، بەتایبەتی هێزەکانی ئابوری درێژە بە بەرەنگاربونەوەی خۆیان دژ بەڕۆڵو مۆرك بەخشی وڵاتان دەدەن. گرنگتر لەوە ئەم پرسە پشتگیری ئەوەیە کە ((بنەمای فەرمانڕەوایەتی نەتەوەیی بەردەوام دەمێنێتەوە)) ، بۆماوەیەکی درێژتریش وڵاتەکان کارەکتەری بنەڕەتی چالاکیە دیپلۆماسیەکان دەبن. پێشنیازی نوێکردنەوەی دامەزراوە سەلماندنی ئەم واقیعەیە, کە دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکان لەحاڵەتێکدا کە بەتوانان بۆ هەماهەنگسازی سیاسەتە ناوچەییو جیهانیەکانیان, درێژەش بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی سەرانسەری جیهان بدەن. ((نوسینگەی بەرنامەڕێژی ستراتیژی, کۆمەکبەخشیو بودجە)) بەهەمان شێوەش یاریدەدەرێتی پرسە جیهانیەکانو یاریدەدەرێتی کۆمەکبەخشین بە



مەبەستی زامنکردنی ئەم پرسەی، کە ئاوڕی زیاتر لەدیدە جیهانیەکان دەدرێتەوە, لەبەرچاو گیراون.

پێناسەکردنی ناوچە جیوگرافیە تاریکەکان پێویستو لەهەمان کاتدا دژوارە. ڕوسیا دوبارە بە ئەوروپاوە پەیوەست بۆتەوەو تیایدا ئاوێتە بوە. خواروی ئاسیاش دوبارە بەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە پەیوەست بوە. گرفتاویترین پرسیار ئەمەیە، کە تورکیا لە چ جێگایەکدا دابنێین، هندستانو پاکستان لەیەك ناوچەدا دابنێین یان لەیەکتریان جودایان بکەینەوە؟ وڵاتە تازە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران چۆن ڕیزبەندییان بکەین, ئەمەش کە ئەفریقای باکور بەبەشێك لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت یان بەشێکی ئەفریقا؟. دوبارە ڕێکخستنەوە ئەو توانستەمان پێدەبەخشێت جارێکی دی بەلەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕی گریمانەیی لەدەیەی ئایندەدا لەو بارانەوە بڕیار بدەین, لەحاڵەتی شیاودا بەجۆرێك بڕیار بدەین کەبۆ ساڵانی داهاتووبگونجیت.

بەدڵنیاییەوە جۆرەپرسێك لەئارادا دەبن کەناوچەکان پێکەوە ببەستێتەوەو پێویستیان بەگرێدانو هەماهەنگسازی نێوان دیدە ناوچەییو جیهانیەکان بێت. بۆ نمونە, بەرنامەڕێژی بۆ دانیشتنی گروپی هەشتی هەمو یاریدەدەرێتیەکان دەرگیری ڕوداوەکە دەکات.

یاریدەدەرێتی پرسە جیهانیەکان ئەوروپا, ئەمریکاو ئاسیا هەریەکەیان لەسیاسەتدانان لەسەر ئاستی بەرگری موشەکیدا ڕۆڵێکیان لەسەرشان دەبێت. قەیرانە داراییە جیهانیەکانیش بەدڵنیاییەوە بەزیاتر لە یاریدەدەرێتیکەوە پەیوەست دەبن. لەوانەیە هەندێك گفتوگۆی مافپەروەرانەش ڕوبدەن, کە وەزیر (یان جێگرەکەی)دەبێت باسی بکەن. ئەوەی نوێکردنەوەی ئەم دامەزراوە بەدوی خۆیدا کێشی دەکات ئەوەیە کە هەرچۆنێك بوە ئەو بابەتانەی کەپێویستیان بەبەشداری وەزیر هەیە تا ئەوپەڕی توانا لەوەی ئەمڕۆ لەئارادایە کەمتربکرێتەوە.

www.pertwk.com

نهێنی سەرکەوتویی بەڕێوەبەرایەتی باڵا لە کۆمپانیا تایبەتەکاندا هەمان خاڵە, ئەی بۆچی لەوەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بەمجۆرە نەبێت؟

نیگەرانی دی هەندێك کەس ئەمەیە لەحاڵەتی بەستنەوەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی بە وەزارەتی دەرەوە بەرنامەکانی پەرەپێدان نادیدە دەگیرێن. هەندێکی دی ئەم نیگەرانیەیان هەیە کە وەزارەتی دەرەوە کۆمەکە دەرەکیەکان تایبەت بە بەرنامەیەك دەکات کە ئاماژەی بەرهەمی سیاسی دەمودەستی پێوەبێت. بەڵام بەوجۆرە نابێت, لەدامەزراوەی نوێدا وەزارەتی دەرەوە دەتوانێت ڕاستەوخۆ فەرمان بە (نوسینگەی بەرنامەڕێژی ستراتیژ, کۆمەکبەخشی و بودجە) بدات تا سەرەتای پێویست بۆ بەرنامەکانی کۆمەکی پەرەپێدان لەبەرچاو بگیرێت, هەڵبەتە لەحاڵێکدا کە ئەم پرسە خواستی سەرکۆمارو کۆنگرێس بێت.

توانەوەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی بەم واتایە دەبێت کە هیچ کەسێك, جگە لەوەزیری دەرەوە, بەرپرسی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان نابێت, ئەمە ڕاستە کە هەریەکە لەیاریدەدەرێتیەکان دەبێت بەرنامەی تایبەت بەپەرەپێدان تەنها لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتیاندا چاودێری بکەن, بەڵام دەتوانن ئەم چالاکیانە لەگەڵ بەرنامەکانی دی کۆمەکبەخشین لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی پێکەوە بگونجێنن, تا کارامەییان لەوەی هەیە زیاتر بێت.

لەحەقیقەتدا دامەزراوەی پەرشوبڵاوی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەگەڵ نوێکردنەوەی دامەزراوەی گشتی وەزارەتی دەرەوە تەواو هاوجوت دەبێت. نوسینگەکانی ناوچەیی و جیهانی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی دەبێتە بەشێك لەبەڕێوەبەرایەتی نوێی کاروباری ئابوری و فرەنەتەوەیی. نوسینگەکانی بەرنامەڕێژی و بودجەی ناوچەیی و جیهانی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی وەك بەشێك لەیاریدەدەرێتیەکان دەمێننەوە. کارمەندانی کەرتی بودجەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی دەبنە پاشکۆی نوسینگەی بودجە. کۆمەکبەخش و



بەرنامەڕێژی ستراتیژیی, کارمەندانی بەشی ئامادەکاری و پەیماننامەکان لەگەڵ کارمەندانی نوسینگەکانی دی وەزارەتی دەرەوە، کەبەرپرسیارێتی لەو بابەتەیان هەیە تێکەڵ دەبن. بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبەرێتی بەرنامەکانی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لێکچونێکی زۆری لەگەڵ بەرنامەکانی ئێستادا دەبێت.

زیاتر لەدوسەدو پەنجا باڵوێزخانەو کۆنسوڵگەری و لیژنە نوێنەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکەن لەسەدو شەست وڵاتی جیهاندا. زیاتر لە چواردە هەزار ئەمریکی و نزیکەی سی هەزار بیانی لەم نوسینگانەدا کاردەکەن. زیاتر لەسی دامەزراوەی دەوڵەتی ئەمریکا لەدەرەوەی وڵات چالاکی ئەنجام دەدەن. بەبڕوای ئەم ئەنجومەنە ئامادەیی ئەمریکا لەدەرەوە بەهۆی ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵکی وڵات و کورتهێنانی بودجەی چالاکیە دەرەکیەکان زیانی زۆری دیوە. بەڵام بڕواشمان بەم پرسەش هەیە کە ئامادەیی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەبێت لەگەڵ واقیعی ئاسایش، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری نوێ و گریمانەیی گونجاوبێت. تەنها بەهۆی ئەنجامدانی ئەم ئاڵوگۆڕانەوەیە کە متمانەی دوبارەی کۆنگرێس بەدەستدەهێنرێتەوەو بڕی پێویست بۆ ئەم هەنگاوانە زامن دەکرێت.

هەروەها لەو باوەڕەداین بۆ چالاککردنی وەزارەتی دەرەوە لەجیهانێکدا کەهەموو ڕۆژێك تیایدا پەیوەندییەکان بەرفراوانتر دەبێت, یۆئەم وەزارەتە توانست و پێداویستی تەکنۆلۆژیای زانیاری جیهانی فەراهەم بکرێت. پێشکەوتن لەو بوارەدا هەیە, بەڵام دەبێت تەقەلای زیاتری بۆ بدرێت. ئەم ئەنجومەنە بەپێداگرتنەوە داوا لەکۆنگرێس دەکات تا بڕی تەواوی دراو بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە تایبەت بکات.(4)

باڵوێزو باڵوێزخانەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕۆڵێکی هەستیاریان هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەدەرەوەی وڵات. لەو بارەیەوە پێشنیاز دەکەین کەهەموو باڵوێزەکانی ئەمریکا, لەوانە نوێنەری

www.pertwk.com

هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەڕێکخراوی (UN), لەکاروباری سیاسەتدانان و پیادەکردندا ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی وەزیری دەرەوەدا کاربکەن, بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لەڕۆڵیاندا وەك نوێنەری سەرکۆمار ڕوبدات.

سەرکۆماریش دەبێت بۆ زیادکردنی پشك و دەسەڵاتی هەموو باڵوێزانی ویلایەتە یەکگرتوەکان هەنگاو بنێت. دەبێت باڵوێزان بەرپرسی بەرنامەڕێژی و هەماهەنگسازی چالاکیەکانی گشت دامەزراوەکان بن, لەوانەش کۆمەکبەخشی و ڕێکخراوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان. دەبێت باڵوێزان گەڵاڵەی ئەرکێکی ئاسان و گونجاو ڕێکبخەن و بودجەی گونجاو بۆ دەوڵەت پێشنیاز بکەن. یاریدەدەرێتیە نوێیەکانی وەزارەتی دەرەوە دەبێت لەدانوستانەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بودجە بەرگری لەسەرەتاکانی بودجەی باڵوێزەکانی خۆی بکات. لەم بارەیەوە ئێمە ئەمە پێشنیاز دەکەین:

**((سەرکۆمار لەوە دڵنیا بێت کە باڵوێزان زانست و شارەزایی پێویست و هەروەها توانای ئیداری تەواویان هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کار بەشێوەیەکی کاریگەرترو کارامەتر. بەپێی ئەمە دەبێت لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنێت لەئەندامانی هەردوو پارت، وەك ڕاوێژکار بۆ وەزیری دەرەوە, تا دەربارەی دیاریکردنی باڵوێزان و پرسی کار لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات .))**

هەروەها ئەم ئەنجومەنە لەو باوەڕەدایە وەزیری دەرەوە بەنوێنەرایەتی سەرکۆمار بەسوربونەوە پێداگری لەسەر قۆناغەکانی (گونجاوی دانراوەکان)ی هەموو پۆستی ئەمریکیەکان لەدەرەوەی وڵات بکات. ئەم ڕەوتە دەبێت ئەوە دڵنیا بکاتەوە کەچالاکی باڵوێزخانەکان لەهەمبەر بەرەنگارییەکاندا گونجاوەو بواری باشتری لەبەردەمدایە بۆ لادانی پێداویستیە تایبەتیەکان لەئەرکەکان و دامەزراوەی باڵوێزخانەو کونسڵگەریەکاندا[5]. هەروەها دەبێت لە نوێکردنەوەی دامەزراوەی باڵوێزخانەکاندا بەشی جیاواز دروست بکرێت, کە لقی دامەزراوەی



نوێی وەزارەتی دەرەوە بن. بەشەکانیش وەك سیاسی، ئاسایش، ئابوری و فرەنەتەوەیی.

لەسەدەی بیست و یەکدا ناوچەکان گرنگی زیاتر پەیدا دەکەن. سنوری وڵاتەکان ناتوانن زیادلەمە ڕێ بە هێرشی پەناهەندەکان, توندوتیژی نەژادی, بڵاوبونەوەی نەخۆشی مەرگبار یان بەڵای سروشتی بگرن. سەرئەنجام بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی یان تێزی مرۆڤدۆستانە پێویست بەو وڵاتانە دەبێت، بۆ ئەوەی بەئازادی بەسەر قەڵەمڕەویاندا دەست ڕابگات. لەگەڵ بڵاوبونەوەی پلەبەپلەی چالاکی ڕێکخراوە ئابوری و سیاسییەکان بۆ دەرەوەی ئەوروپا, مومکینە ئەم ڕێکخراوانە لەخەباتکردن دژ بەمەترسییە نێونەتەوەییەکان و وەك تاوانکاری و مادەی سڕکەرو شۆردنەوەی دراو ڕۆڵ بگێڕن. ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ بەلاداخستنی ئەم گرفتانە پێویستی بەشێوازی لێبڕاوانەیە.

ئەمڕۆ باڵوێزانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ نواندنی چالاکی تایبەتی لەوڵاتێکدا دادەنرێن و هیچ ڕێچکەیەکیش نییە تابتوانن چالاکیەکانیان لەسەر شێوەی ناوچەیی هەماهەنگ بکەن. یەکە یەکە لە (فەرماندەیی یەکگرتوی سەربازی) لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا جێگیربون, بەڵام بەرنامەڕێژی و ئۆپراسیۆنەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تایبەتمەندی ناوچەی ئۆپراسیۆنی سەربازی دەوەستێت. هەموو فەرماندەیەکی ناوچەیی ڕاوێژکارێکی سیاسی سەربەوەزارەتی دەرەوەی هەیە, بەڵام سیاسەتی دەرەکی لەسیستمبەندی بەرنامەڕێژی سەربازیدا ئامادەیی نییە. کاتێك قەیرانێك ڕودەدات چالاکی جۆراوجۆری ناسەربازییانە (کۆمەکی مرۆڤدۆستانەو هێزی پۆلیس)و جموجۆڵی سەربازی (ئۆپراسیۆنی گواستنەوە یان پاراستنی ئاشتی) پێکەوە هەماهەنگ نابێت. لەبنەڕەتدا لەنێوان فەرماندەیەکی کەسەرپەرشتی ئۆپراسیۆنی ناوچەیی دەکات و باڵوێز بەرپرسی چالاکیەکانی ناو وڵاتێك کەلێن هەیە.

www.pertwk.com

ئەنجومەن بەرچاوکردنی ئەم خالانەو سەرنجراکێشان بۆ گرنگی بەدەستهێنانی ئامانجەکان لەنوێکردنەوەی دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە, کە لەسەرەوە پێشنیارکرا, بانگهێشتی وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی بەشدارن لەچالاکیە دەرەکیەکان دەکات بۆ نواندنی هاوکاری تەواو لەبەرنامەڕێژییە ناوچەییەکان. وەزارەتەکانی وەك وەزارەتی دەرەوە, بەرگری, دارایی, ئابوری و داد. سەرکۆماریش دەبێت:

- بەمەبەستی فراوانکردنی ستراتیژیی ناوچەیی و بەدیهێنانی بەرنامە بەربلاو و گونجاوەکانی دەوڵەت, بەسەرۆکایەتی یاریدەدەری ناوچەیی وەزیری دەرەوە گروپێکی کار لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا پێك بهێنێت.
- فەرمان بەوەزیری بەرگری بدات تا کار بۆ ئەوە بکات کە باڵوێزی ناوچە لەگەڵ فەرماندەی سەربازی ناوچەکە لەڕێگای راوێژکاری سیاسیەوە بەشداری داڕشتنی بەرنامەی سەربازی بێت.
- فەرمان بەوەزیری دەرەوە بدات تا گوێ لەیاریدەدەرە ناوچەییەکانی خۆی بگرێت, کەبەلایەنی کەمەوە هەموو نیوەی ساڵێك لەگەڵ ئەو باڵوێزانەی لەناوچەکانی خۆیاندان کۆببنەوە. ئەم کۆبونەوانەوە دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەموو ساڵێك لەشوێنی فەرماندەی سەربازی ناوچەیی ئەنجام بدرێت.

بەدیهاتنی هەمەلایەنەی ئەو پێشنیارانەی سەبارەت بە وەزارەتی دەرەوەو پرسەکانی بودجە کران کارێکی دژوارە. بەهەمان شێوە کەئاماژەی بۆ کرا ئەو پێشنیارانەی ئەنجومەن پەیوەست بوو بە ڕەوتی کاری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە, دەکرێت بەخێرایی بەدیبێن. جگە لەدانانی وەزیرێکی شایستە دەبێت بونیادی وەزارەتیش بەهێزبکرێت، تا بوار هەبێت بۆ گێڕانی ڕۆڵی ئاسایی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. بەدیهێنانی نوێکردنەوەی دامەزراوەی پێشنیازکراو پێویستی بە دەنگدانی کۆنگرێس هەیە.



بەلەبەرچاوگرتنی ئامادەبونی دەرەکیانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان, سەرکۆمار بۆی هەیە پێشنیازەکانی ئەنجومەن بخاتە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە. ئێمە هانی دەدەین کە بێدواخستن سود لەو پشکە وەرگرێت.

*(( وەزارەتی بەرگری ))*

وەزارەتی بەرگری ئەرکی بەرگریکردن لەخەڵکی ئەمریکاو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەم میللەتەی لەسەرانسەری جیهاندا دەکەوێتە ئەستۆو ڕۆڵی گرنگی لەپاراستنی ئاشتی جیهاندا لەسەرشانە. وەزارەتی بەرگری پێویستی زۆری بەڕیفۆرمی بنەڕەتی هەیە.

دامەزراوەی ئێستای وەزارەت ژێرخانەکەی, چالاکی بازرگانی، دامەزراوەی مافەپەروەری و یاساییەکەی بەدرێژایی جەنگی سارد شێوەیەکی خێراو پارچەپارچەی هەبوە. زۆر لەلیژنەکان بەدرێژایی ساڵەکان لێکۆڵینەوەیان دەربارەی دامەزراوەی وەزارەت ئەنجام داوە, پێشنیاریان بۆ ڕیفۆرمسازیی خستۆتە ڕوو, کە هەندێکیان جێبەجێ کراوە. بەڵام بەبڕوای ئەم ئەنجومەنە هێشتا کاری زۆر ماوە ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی ئەم بابەتانەی خوارەوە مایەی ئاوڕلێدانەوەن :

- دامەزراوەی سیاسەتدانانی وەزارەتی بەرگری ناکارامەو تەواوئاڵۆزە.
- ئەرك و بەرپرسیارێتیە بنەڕەتیەکانی هێزی مرۆیی بەباشی پێناسە نەکراوەو بەبێ جیاوازی دوبارەبونەوەیان تێدایە.
- ژێرخانەکانی پشتیوانی کارامەیی پێویستی نەبوەو بەشی سەرەکی بودجەی وەزارەت بەهەدەر دەدەن.
- بەپێچەوانەی سەرهەڵدانی جیاوازی گەورە لەباری ستراتیژیدا, ڕەوتی ئێستای بەرنامەڕێژی و دیاریکردنی بودجەی هێزە سەربازییەکان, کە فۆرم

www.pertwk.com

بەشوێنگەی ستراتیژ دەبەخشن, لەگەڵ ڕۆژانی جەنگی ساردا جیاوازی زۆریان نییە.

- ڕەوتی ئێستای بەدەستهێنانی چەك ڕەوتێكی لاوازو ناكارامەیەو لەلایەن بڕیاری ناسیاسیانەوە زیاد لەڕادە سنوردار بوەو بۆ كەندوكۆسپی سەر ڕێگای پیشەسازی بەرگری گۆڕاوە, كە لەگەڵ قەیرانی داراییدا یەخەگیرە.
- ئەو پرۆسەیەی، كە بەرنامەڕێژی دامەزراوەی هێزی تێدا ئەنجام دەدرێت, لەگەڵ ئێستای ئاسایشی جیهاندا هیچ گونجاو نییە.

كلیلی سەركەوتنی هەموو جۆرە بەرنامەیەكی ڕیفۆرمخوازانە لەمەرج و بەدواداچونی بەردەوامو ڕاستەوخۆی سەركۆمار, وەزیری بەرگری و لیژنەی سەرۆكایەتی كۆنگرەو, هەروەها لە بڕوایان بەو ڕیفۆرمانە كۆبۆتەوە. وەزیری نوێی بەرگری دەبێت خودی خۆی بەشداری كاری ڕیفۆرمسازی بكات. بەرەنگارییەكان لەوە گەورەترن كە بەرپرسیارێتی كار بدرێتە دەست كەسانی دی. كاری سەرەكی ئەو بڕواپێهێنانی كۆنگرێسە بۆ جێبەجێكردنی پێشنیازەكانی ئەنجومەنو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی كۆنگرێس بۆ چاككاری وەزارەتی بەرگری لەڕێگای یاساو دەستورەوە.

یەكێك لەپرسە دژوارەكانی ڕیفۆرمسازی لەناو وەزارەتدا بریتییە لە بابەتی دابینكردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ئەم وەزارەتە. ئەركە جیهانیەكانی ئەمریكا زۆر بەرفراوان بوەو بەهای ئامادەبون بۆ ئاینده قورس دەبێت, بەجۆرێك كەسەرچاوەی زیاتری دارایی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكان پێویست دەبێت. ئەو نەگونجاوییەی لەنێوان ستراتیژو سەرچاوەی پێویستدا هەیە دەتوانرێت بەئەنجامدانی ڕیفۆرمی بەرفراوانی بەڕێوەبەرایەتی و پشتێن توندكردنەوە لەناو وەزارەتی بەرگریدا قەرەبو بكرێتەوە. هەرئەوەندە نییە وەزارەتی بەرگری بتوانێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەرپرسیارێتی بنچینەیی خۆی پیادەی سیاسەتی پشتێن توندكردنەوە بكات,



بەڵكو لەماوەیەكی كورتیشدا دەتوانێت هانی كۆنگرێس بدات بۆ كەمكردنەوەی مەودای نێوان ئامانجەكانو تواناكان.

*(( ریفۆرمسازی لە سیاسەتدانانذا ))*

یاریدەدەرێتی سیاسەتدانان لەوەزارەتی بەرگری, لەڕۆڵی خۆیدا ئەم وەزارەتە وەك ئەندامێكی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەردەخاتو هاوكاری دەكات تا ئەو دڵنیاییە دروست بكات، كەچالاكیەكانی بەرگریو سەربازی ئەم وەزارەتە لەگەڵ سیاسەتە گشتیەكانی ئاسایشی نەتەوەیی سەركۆماردا تەواو هاوجوتبن. دامەزراوەی یاریدەدەرێتی سیاسەتدانان بەدرێژاییساڵەكان دەرئەنجامی مەیلەكانی وەزارەتی بەرگریو بەخشینی پشكی جیاواز لەلایەن كۆنگرەو گەشەی بەرچاوی هەبوە. هەتا ئەمڕۆش دامەزراوە چڕبونەوەی خۆی لەسەر ئاستی كۆمەكەكانی ئاسایشیو پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمان پاراستوە, سەرەڕای ئەوە پشكەكانی خۆی لەبواری پەرەپێدانی پەیوەندی بەرگرییانە لەسەرانسەری جیهاندا فراوانكردوەو لەچالاكیە بابەتیەكانی وەك كەمكردنەوەی هەڕەشەی ئەتۆمیو كۆمەكبەخشی مرۆڤدۆستانەو خەبات دژ بەمادەی بێهۆشكاریشدا بەشداری دەكات. لەهەمان كاتدا بەرپرسیارێتی چالاكیەكانی لەبابەت كۆنترۆڵكردنی هەناردەو پشتگیری كۆنترۆڵكردنی خۆچەكداركردنی بە ((ئاژانسی كەمكردنەوەی هەڕەشەی بەرگری)) سپاردوە, كە تازە چالاكیەكانی بەرفراوان كردوە.

لەدواین نوێكاری دامەزراوەكەدا كەمێك جەخت لەسەر بەرنامەڕێژی ستراتیژ كراوەتەوە. هەرچەندە ((نوسینگەی ستراتیژیو كەمكردنەوەی هەڕەشەكان)) تا ڕادەیەك سەرقاڵی داڕشتنی ستراتیژی بەرگریو بەرنامەڕێژی بۆ دەرگیرییە گریمانەییەكان دەبێت, بابەتی تایبەتو پرسی ناوچەیی لەنێوان سێ نوسینگەدا دابەشبون. نوسینگەی كاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی كار لەسەر پرسەكانی

www.pertwk.com

ئەوروپاو ئاسیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا دەكات. یاریدەدەرێكی وەزیر، كەلەلایەن كۆنگرێسەوە دانراوە كار لەسەر ((ئۆپراسیۆنی تایبەتو ململانێی سنوردار)) و هەروەها پرسە ناوخۆییەكانی ئەمریكا, تیرۆریزم, مادەی سڕكەر, پراستنی ئاشتیو چالاكی مرۆڤدۆستانە دەكات. ((نوسینگەی ستراتیژیو كەمكردنەوەی هەڕەشەكان))یش هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر بابەتە تایبەتەكانی وەك چەكی ئەتۆمی, موشەكی بەرگری, ڕێگرتن لەبلاوبونەوەی چەكی كۆكوژ, كەمكردنەوەی هەڕەشەكانو پرسەكانی پەیوەست بەناوچەكانی ڕوسیاو ئۆكرانیاو ئاسیای ناوەند. دەرئەنجامی ئەم پۆلێنكردنە ئەودامەزراوە ئاڵۆزەیە كەدامەزراندنی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی بەرگریو دامەزراوەكانی دی دەوڵەتدا دژواركردوە .

ئەم ئەنجومەنە هەندێك ڕیفۆرمسازی بچوك بەڵام گرنگ لەخوارەوە دەخاتەڕوو:

**(( دەبێت وەزیری بەرگری گەڵاڵەنامەیەك بۆ نوێكردنەوەی دامەزراوەی یاریدەدەرێتی ساسەتدانانی وەزارەت پێشكەش بەكۆنگرێس بكات, كە تیایدا یاریدەدەرێتی ((چالاكی تایبەتو ململانێی سنوردار)) بسڕێتەوەو لەجێگایدا یاریدەدەرێتیەكی تایبەت بەپرسی ستراتیژی و بەرنامەڕێژی دروست بكرێت))**

بەبڕوای ئێمە ئیتر پێویست بە یاریدەدەرێتی ((چالاكی تایبەتو ململانێی سنوردار)) نییە, چونكە ئەم چالاكیانە بەشێوەیەكی فراوان لەگەڵ ستراتیژو بەرنامەكانو هێزەكانی ویلایەتە یەككگرتوەكان ئاوێتە بون. چالاكی تایبەت دەتوانێتو دەبێت وەك ئەركەكانی دی لەڕەوتی بەرنامە بنەڕەتیەكانی وەزارەتی بەرگریدا كاربكات. چالاكیە ناوچەییەكانی دی یاریدەدەرێتی ((چالاكی تایبەتو ململانێی سنوردار)) دەدرێنە بەشەكانی دی یاریدەدەرێتی سیاسەتدانان. بەلام دەبێت نوسینگەیەكی نوێی ستراتیژو بەرنامەڕێژی بەبەرپرسیارێتیو ڕابەرایەتیكردنو هاوهەنگاوسازی قۆناغەكانی بەرنامە داڕشتنی وەزارەتی بەرگری دروست بكرێت. هەروەها ئەم نوسینگەیە لەڕەوتی بەرنامەڕێژی



ستراتیژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو بەرنامەڕێژی سەرانی فەرماندەیی هاوبەشی سوپا بۆ ململانێ گریمانەییەكان پشتیوانی وەزیری بەرگری بەدەستدەهێنێت.

*(( ڕیفۆرمسازی دامەزراوەیی ))*

هەوڵەكانی ڕابردو بۆئەنجامدانی ڕیفۆرم لەوەزارەتی بەرگریدا جەختی لەسەر ئەم سێ بنەما گشتیەی ژێرەوە كردبۆوە : دەبێت بەرپرسانی سوپاییو ناسوپایی وەزارەتی بەرگری پابەندبن بەئەركو بەرپرسیارێتییە بنەڕەتیەكانی خۆیانەوە. دەبێت وەزارەت بەشە ناپێویستیەكان بسڕێتەوەو لەدوبارەبونەوەی كارەكان ڕێگری بكاتو هانی بەرەو كەرتی تایبەت چون بدرێتو چالاكیەكانی بەتەواوی بەكەرتی تایبەت بسپێرێت.

ئەنجومەن پشتیوانی لەم ئامانجە گشتیانە كردوەو, ئەم خاڵانەی خوارەوەش پێشنیاز دەكات:

**(( دەبێت وەزارەتی بەرگری لەگەڵ لێكۆڵینەوەی لەئەركو بەرپرسیارێتیە بنەڕەتیەكانی بەڕێوەبەرایەتیەكانی وەزارەت, فەرماندەیی هاوبەش, خزمەتگوزاری سەربازیو فەرماندەیی ناوچە جیاجیاكانی جیهان, نوێكردنەوەی دامەزراوەو كەمكردنەوەی هێزیی مرۆیی لەسەدا دە بۆ پازدە ئەنجام بدات.))**

دەبێت لێكۆڵینەوەی هەمەلایەنەی دامەزراوەو هێزی مرۆیی دوابەدوای پێناسەی وردی فەرمانەكانی هێزی مرۆیی ئەنجام بدرێت و لێهاتوییە بنەڕەتیەكان لەسەر بنەمای ئەم فەرمانانە دیاری بكرێن. هەموو ئەو چالاكیانەی كەلەپاشكۆی ئەركە بنەڕەتیەكانی وەزارەتدا ئەنجام دەدرێن دەبێت بەتەواوی یان بەشێوەیەكی سنوردار بسڕێنەوە. بەبڕوای ئەنجومەن كەمكردنەوەی بەزۆر وا لە بەڕێوەبەرایەتیەكان دەكات تا كارمەندانی زیادو بەشە ناپێویستەكانی خۆی نەهێڵێت. ئەو چالاكیانەی دەكرێت كەمبكرێنەوە بریتین لە:

www.pertwk.com

– بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەڕێژی نوسینگەی وەزیری بەرگری، کە تایبەتە بەچالاکی تایبەت و کۆمەکی مرۆڤدۆستانەو بەرنامەکانی خەبات دژ بەمادەی سڕکەر.

– ((نوسینگەکانی هێزی مرۆیی و فەرماندە هاوبەشەکانی ناوچەیی))، هەروەها سودمەندبونیان لە ((ئەنجومەنی چاودێریکردنی پێداویستیەکانی فەرماندەیی هاوبەش)) و نوسینگەی ((هەڵسەنگاندنی توانا جەنگیەکانی فەرمانەیی هاوبەش))، کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی ژێرخان و پشتیوانیان لەئەستۆدایە.

– نوسینگەکانی بەرنامەڕێژی خزمەتگوزاری ناوچەیی و هەندێك لەیەکەکانی نوسینگەی چاودێریکردنی ئامادەکارییەکان, هەروەها دوبارە بونەوەی چالاکیەکانی هێزی مرۆیی سوپاو بەڕێوەبەرێتیەکانی نوسینگەی وەزیری بەرگری.

– یەکەکانی شڕۆڤەکاری بەرنامەی گشتی و یەکە لاوەکیەکانی فەرماندەییەکان.

ئەنجومەن بەتوندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بەرپرسیارێتییەکەی (فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکان) دوبارە پێناسە بکرێتەوەو تا ئەوپەڕی سنوردار بکرێت. زۆربەی چالاکیەکانی فەرماندەیی هاوبەش بەیەکەی فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکان بدرێت و ئەرکی نوێ لەجۆری دابینکردنی ئاسایشی وڵات, پەروەردەو تاقیکردنەوەی هاوبەش بخرێتە سەر ئەرکەکانی. تەنانەت هەندێك پێشنیاریان کردوە، کە یەکەی فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکان لەشڕۆڤەی ئەرکەکاندا نوێنەرایەتی فەرماندەیی هاوبەشیش لەئەستۆ بگرن. لەوێدا کە فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکان لەسنوری زەریای ئەتڵەسیدا فەرماندەیی باڵای ناتۆیان لەئەستۆدایە, بەرفراوانبونی ئەرکەکانی گرفت هێنەردەبێت.



بەڵام دوبارە ڕێکخستنەوەی ئەم بەڕێوەبەرێتیانە بەتەنیا بەس نییە, بەڵکو ژێرخانەکانی پشتیوانی وەزارەتی بەرگریش دەبێت بەدوو هۆ کەمبکرێتەوە. یەکەم, ئەوەی ئەم وەزارەتە بتوانێت پشتیوانی باشتر لەهێزەکانی سوپای وڵات بکات, ئەوی دی بەشی گرنگی سەرچاوە داراییەکان مۆدرێنیزە بکات[6].

تاڕادەیەك نیوەی ژێرخانەکانی وەزارەتی بەرگری تایبەت دەبن بەم دوو وتەزایەوە : لوجستیکی سەنتەریانەو پشتیوانی لەدامەزراوەکان. زیاتر لەسەدا حەفتاوپێنجی ژێرخانەکانی وەزارەتی بەرگری لەخزمەتی خزمەتگوزاری سوپاییدا دەبێت, کە ئەو بڕە بۆ ساڵی دارایی ئێستا شتێکی لەسنوری سەدو سی و چوار ملیار دۆلار دەکات. ئەم سیستمە ژمارەیەکی زۆر لەدامەزراوەی بەرگری و چالاکیە ناوچەییەکان لەخۆدەگرێت, کە هۆکاری بونیان لەنێوان بەشە جیاوازو بەرنامەو بودجەوە هەڵقوڵاوە. لەو جێگایەوە کەچالاکی ژێرخانەکان لەگەڵ هێزەکانی بازاڕدا هاوجوت نابن, مایەی سەرسوڕمان نابێت خەرجی چالاکیە بازرگانیەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت مایەی بەراورد نەبێت. زۆرتری دامەزراوە بەرگرییەکان سەرنجێکی ئەوتۆ بە بەدەستهێنانی ئامانجی پراکتیکیانە نادەن کەمایەی ئەندازەگیری و حساب کردن بن. زۆریشیان بەهۆی پارێزگاریکردنی زۆری کۆنگرێسەوە لەکارەکان و دامەزراوە لۆکاڵیەکان, هەروەها لە چاودێری دوالیزمانەیەك کە لەلایەن نوسینگەی وەزیری بەرگری و هەندێك بەشی سەربازییەوە پیادە دەکرا دوچاری زیان دەبون. هەندێك دامەزراوەی بەرگری و چالاکی ناوچەیی خاوەنی ڕۆڵی پشتیوانین لەپرۆسە سەربازییەکاندا, کە گرفتی دروستکردنی هەماهەنگی نێوان بەرهەمی بازرگانی و کارامەیی سەربازی فراوان دەکات.

ئەو هەوڵانەی لەوساڵانەی دواییدا بۆ کەمکردنەوەی ژێرخانەکانی (چالاکیەکانی پشتیوانیکردن)ی وەزارەتی بەرگری درا, تایبەت بوو بەسپاردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکان بەکەرتی تایبەت. ڕێنماییەکانی سپاردنی چالاکیەکان لە

www.pertwk.com

پەخشنامەی (OMB ,A-76)دا هەیە. بەڵام ڕەوتی کار ئاڵۆزو زۆر بیرۆکراسیانە بوەو بۆ بەئەنجام گەیاندنی گەڵاڵە نامە سەرەکیەکان زۆرجار دوتا چوار ساڵ پێویستە. سەرەڕای ئەوە, جێبەجێکردنی کار بەپێی پەخشنامەی (A-76) پێویستی بەچاودێری نێوان بەشی تایبەت و (چالاکی لە حاڵەتی ئەنجامدان)ی دەوڵەت هەیە. ئەم چاودێرییە بەشێوەیەکی سروشتی بەزیانی بەشی تایبەتە, چونکە کەمکردنەوەی دەوڵەت بەها ڕاستەقینەکانی شکست پێهێناوەو دەریچە باڵاکان بەشاراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەم پرسە توانستی جێبەجێکردنی پەخشنامەی (A-76) زۆر سنوردار کردوە.

بەسەرنجدان لەو کەندوکۆسپانەی لەسەر ڕێگای کەمردنەوەو ئاوێتەکردن‌و نوێکردنەوەی دامەزراوەی چالاکیەکانی پشتیوانیکردنی وەزارەتی بەرگریدایە, ئەنجومەن ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکات :

**( دەبێت وەزیری بەرگری بەرنامەیەکی دەساڵە ڕێکبخات تا لەڕێگەی سپاردنی چالاکیەکان‌و دامەزراوەکانی پشتیوانیکردنی وەزارەتی بەرگری بەکەرتی تایبەت, بتوانێت تێچونەکانی پشتیوانیکردنی وەزارەت بۆ لەسەدا بیست بۆ بیست و پێنج کەم بکاتەوە)**

بەزانینی هەستیاری سیاسیانەی ئەم هەنگاوە وبۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی سەربەخۆی پێکهاتو لەئەندامانی هەردو پارتەکەوە بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت. پێشنیاز دەکرێت بۆ جێبەجێکردن ئەم کارە بخرێتە ئەستۆی کۆمیتەیەکی هاوبەش لەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندن‌و یاسادانان.

ئەم کۆمیتەیە دەبێت بۆ ڕێکخستنی تێزێکی لەوجۆرە بۆ کۆنگرێس سەبارەت بەڕەوتی کارکردن ڕونکردنەوە بدات. ئەم تێزە دەبێت پێناسەی هاوبەش لە "چالاکیەکانی پشتیوانیکردن" بخاتە ڕوو. هەروەها دەبێت جۆری جیاوازی چالاکیەکانی پشتیوانیکردنی دامەزراوە خزمەتگوزاری‌و ناسەربازییەکانی وەزارەتی بەرگری بێت‌و بەشێوەیەکی گشتی دیاری بکات چ کارێك لە پشکی



دەوڵەتدا دەمێنێتەوەو چ کارێك بۆ کەرتی تایبەت دەگوێزرێتەوە[7]. لەڕوی بنەماوە وادەردەکەوێت دەستڕاگەیشتن بەکاروباری زانیاری, کڕینی کەلوپەل‌و ئامڕازی جەنگی‌و لێکۆڵینەوەی تاوان دەبێت ئاوێتە بن, بەڵام لە پشکی دەوڵەتدا بمێنێتەوە. هەندێك کاروباری وابەستە بەتەندروستی‌و چارەسەرکردن, پرسەکانی کارمەندان و زۆر لە چالاکیەکانی پشتیوانیکردن دەبێت بەدامەزراوە لۆکاڵیەکان بسپێرێن. چالاکیە لۆجستیکیەکان, ژمێریاری‌و کاروباری دارایی, هەندێك لایەنی پەیوەندییەکانی بەرگری, ئاڵوێردی سەربازی‌و ژمێریاری بەکەرتی تایبەت بسپێردرێت.[8] لەکۆتاییدا دەبێت نەخشەیەکی پراکتیکانە بۆ تێزی تایبەتکردن دابڕێژرێت, چونکە بەخشینی پشکەکان دەتوانێت لەبەرامبەر بەتایبەتکردندا هەنگاوی پۆزەتیڤانە بێت.

لەهەمان کاتدا وەزارەتی بەرگری‌و نوسینگەی بەڕێوەبەرێتی و بودجە دەبێت پەخشنامەی (A-76) بەجۆرێك چاك بکات کەڕەوتی هەڵبژاردنی خێراتر بەئەنجام بگەیەنێت و بەراوردێکی ڕەواترانە بێت. ئەم کارە پێویستی بەهاوکاری کۆنگرێس دەبێت, چونکە بەتایبەتکردنی بەشی گەورەی وەزارەتی بەرگری پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی کۆنگرێسە.

سەرنەکەوتن لەبەرپاکردنی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لەبەشەکانی پشتیوانیکردنی وەزارەتی بەرگری دەتوانێت لەماوەی درێژدا زیانی زۆری بەدواوە بێت. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی خەرجی ڕوت بەسنوردارکردنی سەرچاوەکانی دارایی– بەبێ نوێکردنەوەی دامەزراوەی سەرەکی سیستمی ئێستا– زامنکردنی بڕی پێویست بۆ پێداویستیە بنەڕەتیەکانی وەزارەت, وەك مۆدێرنیزەکردن‌و کاروباری کارمەندان دەخاتە بەرهەڕەشە.

ئەگەر کۆنگرێس بڕی دراوی پێویست بۆ قەرەبوکردنەوەی ناکارامەیی وەزارەت دابین نەکات, دەبێت بەرامبەر ئەم پرسەی کە بۆچی لەبەردەم هەوڵەکانی وەزارەتدا بۆ گەیشتنە کارامەیی زیاتر ڕێگرە, خۆی بەرپرسیاربێت.

www.pertwk.com

### "ڕیفۆرمسازی ڕەوتی کار"

سێبواری بنەڕەتی چالاکیەکانی وەزارەتی بەرگری پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد دەبێت : ڕەوتی بەرنامەڕێژیو دیاریکردنی بودجە, ڕەوتی دابینکردنی ئامادەکاریو ڕەوتی بەرنامەڕێژی دامەزراوەی هێزەکان. ئێمە بەجیا باس لەهەریەکەیان دەکەین .

لەسیساڵی ڕابردودا وەزارەتی بەرگری بودجەی خۆی لەچوارچێوەی "سیستمی داڕشتنی بەرنامەڕێژیو بودجە" دا دیاری کردوە. لەڕوی تیورییەوە, فۆرمی ئەم ڕەوتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بوە, کە بەستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی, وەك ڕێنمایی ستراتیژی سیستمی نەتەوەیی و ڕێنمایی بەرنامەرێژی بەرگری دەستی پێکرد. بەڵام لەواقیعدا ئەمە سیستمی لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت کە لەبەرنامەو بودجەکانی کەهەیە سەرچاوە دەگرێت.

گرفتەکانی سیستمی گەڵاڵەکردنی بەرنامەو بودجە دیاریکردنی وەزارەتی بەرگری بەباشی ناسراوە. قۆناغە جیاجیاکانی ئەم ڕەوتە لەجیاتی ئەوەی پشتیوانی یەکدی بن, تاڕادەیەك سەربەخۆبوە, بەوجۆرە ناهەماهەنگی دروستکردوە, بونەتە هۆی دوبارەبونەوەی بڕیارەکانو گەڵاڵە نامەکانی پێشو.ڕێنوێنیکردنی هێزە چەکدارەکان و بەشەکانی دی وەزارەتی بەرگری بۆ ڕاستکردنەوەی شێوازی بەرنامەکانو بودجە تائێستا لێڵو درەنگ وەختانە بوە.

بڕیار وەرگرتنە بنەڕەتیەکان دەربارەی بەرنامە بەشێوەیەکی ئاسایی تادواین قۆناغی دیاریکردنی بودجە دوادەکەون, ئەمەش دەبێتە هۆی پەلەکردن لەبڕیار وەرگرتن لەزۆربەی بابەتە ناهاوجوتەکانی نێوان بودجەو بەرنامەکانی بەرگری سالانی ئایندەدا. بەرنامە ماوە درێژەکانی نوێسازی سیستم لەزۆر ڕووەوە لەبازنەی بودجەی سالانەدا تێکدەچنو زیاد لەڕادە گرنگی بەبەشی ناگرنگ دەدرێت. سەرئەنجامی لەهەموو ئەم بابەتانەدا "سیستمی گەلاڵەکردن, بەرنامەو بودجە دیاریکردن" وەزارەت ناتوانێت ڕێگای پێویست بۆ ڕێنوێنیکردنی ڕەوتی



ستراتیژی دیاریکردنی بودجە بۆ وەزیر فەراهەم بکات. ئەم ڕەوتە زیاتر مەیلەکانی وەزارەت دەگەشێنێتەوە لەبەرامبەر دوبارەبونەوەی دامەزراوەی ئێستای هێزی کۆمەککراو و بێتوانایی بۆ بەرپاکردنی ئاڵوگۆڕ لەدامەزراوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی پاش جەنگی سارد گونجاو بێت.

نوێکردنەوەی دامەزراوەی ئێستای ڕەوتی دیاریکردنی بەرنامەو بودجە دەبێت بەجۆرێك بێت کە بەتەواوی هاوخوانی ئامانجی ستراتیژی وەزارەت بێتو گرنگیدانی بەبەرنامە ناگرنگو وردەکارییەکانی بودجە کەم بێتەوە. بەشی بەرنامەڕێژی وەزارەت وەك ئەوەی لەپێشدا باسکرا, دەبێت سود لەڕێنوێنیەکانی سەرکۆمارو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە وەرگرێت, وەزیری بەرگریش دەبێت ئەم ڕێنوێنیانە بەجۆرێك سازگار بکات کەلەگەڵ هەلومەرجی ناوخۆیی بەرنامەڕێژیو دیاریکردنی بودجەی وەزارەت گونجاو بێتو بەرکاری بخات.

گرنگترینو هەستیارترین کاری وەزیری بەرگری دیاریکردنی سیاسەتی بەرگریو ڕێنوێنی بەرنامە ڕێژییە, بەجۆرێك کە سەرەتاکانو ئامانجەکانی دیارین.

بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە پێویستی بە خولێکی زەمەنی هەیە, کە لێکۆڵینەوەی تێدا کرابێتو ناسکترین پرس شڕۆڤە بکات. ستراتیژە هەڵبژێردراوەکان دەبێت پێناسەبکرێنو پاشان بڕیار وەربگیرێت. قۆناغی پێداچونەوە لەڕەوتی دیاریکردنی بەرنامەو بودجەدا دەتوانێت ئاستی سەرکەوتویی وەزیری بەرگری لەبەدەستهێنانی سیاسەتەکانو ئامانجەکانیدا هەڵسەنگێنێت. ئەو ڕێنوێنیانەی کە لەلایەن وەزیرەوە دەخرێنە ڕو بنەمای "ستراتیژی سەربازی نەتەوەیی" و تێزی چوارساڵەی بەرگری بنچینەی دیاریکردنی بەرنامەو بودجەی وەزارەتی بەرگری بێت. بەمەبەستی زیادکردنی کارامەیی پێشنیاز دەکرێت:

**(کۆنگرێس و وەزیری بەرگری داڕشتنی تێزی چوارسالانەی بەرگری بۆ ساڵی دوەمی خولی سەرکۆماری بگوێزنەوە) .**

www.pertwk.com

پێبەپێی یاسا, دەبێت تێزی چوارسالأنەی بەرگری لەچالاکی یەکەم سالّی دەولّەتی نوێدا دیاری بکرێت. بڕیاری لەوجۆرە کاتو شوێنی گونجاو ناخاتە پشکی دەولّەتی نوێوە, تابتوانێت تێزی چوار سالأنەی بەرگری گونجاو لەگەلّ بەرنامەکانی خۆی دابڕێژێت. لە ئێستادا ڕەوتی دانانی سەرکۆمار شەش بۆ نۆمانگ درێژە دەکێشێت. دەستڕاگەیشتنی بەدیدێکی گشتیو دیاریکردنی ئامانجی ستراتیژیش پێویستی بەکات هەیە, دواجار سەرکۆمار ناتوانێت تێزی چوارسالّەی بەرگری بخاتە ژێر وردبینیەوە. لەهەمان کاتدا گوزارشت و لێکدانەوەکان لە دەولّەتو فەرماندەیی هاوبەشی پێشوەوە بەمیراتی بۆ دەولّەتی نویٚ ماوەتەوە. تاقیکردنەوە سەلماندویەتی کە جەستەی ئیداری وەزارەتی بەرگری چۆن چۆنی تێزی چوار سالأنەی بەرگری بەکارهێناوە بۆ پاراستنی ئەو هەلومەرجەی لەئارادایەو بەرێوەبەرانی پایەبەرزی دەولّەتی پێشوش بەدەگمەن لەڕەوتی گشتی کارەکاندا ئالّوگۆڕیان ئەنجامداوە. ئاستەنگ دانان لەبەردەم داڕشتنی تێزی چوارسالّی بەرگری تاسالّی دوەم ئەم گرفتانەی زیاد کردوەو کاتی تەواویش بۆ کارکردنە سەردوەمین بودجە، کە دەولّەت دیاری دەکات لە دەسلأتدا دەبێت.

بۆئەوەی وەزارەت بتوانێت ڕێگای داڕشتنی ستراتیژ بەشێوەیەکی دروست هەلّبژێرێت, پێویستی بەدەسەبەرکردنی سەرچاوە دەبێت. لەم بارەیەوە ئێمە دوەمین ئالّوگۆڕ لەتێزی چوارسالّی بەرگریدا پێشنیاز دەکەین .

سەرەڕای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو پەیدابونی هەلومەرجێکی نوێی ئارامی, کە کەشێکی ستراتیژیانەی ناجێگیرتری هەیە, لەماوەی دەسالّی ڕابردودا بودجەی هێزە چەکدارەکانو دامەزراوەکانی بەرگری ئالّوگۆڕێکی هەستپێکراویان نەبوە. تەنها توانستێکی کەم لەدامەزراوەی هێزەکاندا دروست بوە، بەرنامەکانی بەرگری لەبنچینەدا نەگۆڕاوەو ڕەوتی مۆدێرنیزەکردن پشتگوێخراوە بۆ ئایندە. بەپێی ئەمە پێشنیار دەکرێت:



( وەزیری بەرگری تێزێك بخاتە ڕوو بەپێی ئەوتێزە هێزە چەکدارەکان و دامەزراوەکانی بەرگری بۆ ئەوەی بەشێکی بودجەی گشتی وەزارەت بۆئەوان تایبەت بکرێت دەبێت ململانیٚ بکەن.)

ململانێیەکی ڕێکخراو بۆ بودجە, کە لەتێزی چوارسالّەی بەرگریدا چوارچێوەکەی دیاریکراوە، دەبێتە هۆی پەیدابونی شێوازی داهێنەرانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی وەزارەتی بەرگری. یەکێك لەو ڕێگایانە بۆ دروستکردنی ململانێیەکی لەوبابەتە ئەوەیە، کە نوسینگەی وەزیری بەرگری لەسەدا پێنج تا دەی بودجە بهێلّێتەوەو لەدرێژایی تێزی چوارسالّەی بەرگریداو تایبەتی بکات بەوشێوازو داهێنانەی کە ئایندەیەکی ڕونیان هەیە.

وەزیری بەرگری دەبێت ئەو بڕەی پارێزراوە بۆ بەرنامەی ستراتیژی، کەبەسەرەتایەکی بالأ دادەنرێت، خەرج بکات. سەرەڕای ئەوە هێزە چەکدارەکانو دامەزراوەکانی بەرگریش دەبێت لەم ڕەوتەدا بەرنامەکانی خۆیان بەپێی گرنگیان دیاری بکەن. ئەم کارە بوار بەوەزیری بەرگری دەدات ئەو بەرنامانەی لەڕوی سەرەتاوە گرنگیان کەمە بەلاوەبنێتو سەرچاوە هەلّگیراوەکان تایبەت بکات بەو چالاکیانەوە کە کارامەیی زیاتریان هەیە.

بۆ کارامەکردنی ڕەوتی تایبەتکردنی بودجە دەبێت ئەم کارانە ئەنجام بدرێن : دەبێت وەزیری بەرگری پشت بەنوسینگەکەی هێزە چەکدارەکانو فەرماندەیی هاوبەش ببەستێت. نوسینگەی وەزیری بەرگریش دەبێت ئەو لێکۆلّینەوانەی بۆدیاریکردنی ڕێگاچارە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێن هەماهەنگ بکات. ئەنجامدانی ڕیفۆرمە ناوخۆییەکان لەنوسینگەی وەزیری بەرگری دەبێت هاوشانی توانای ئەنجامدانی ئەم کارانە. ئەنجومەن ئالّوگۆڕێکی کۆتایی بۆچاککردنی ڕەوتی دارشتنی تێزی چوارسالّەی بەرگری پێشنیاز دەکات. تێزی چوارسالّەی بەرگری دەبێت بەجۆرێك دامەزراوەکەی نوێبکرێتەوە کە پێداویستیەکانی بەرگری لەسەر دووئاست بەتەواوی پێناسە بکات: ماوە کورت

www.pertwk.com

(یەك تا سێ ساڵ)، ماوەدرێژ (چوار تا پازدە ساڵ). بەرپرسان دەبێت ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ماوە کورت بکەن. دەبێت هێزە چەکدارەکان جەخت لەسەر نوێکردنەوەو چاککردنی کاروباری کارمەندان‌و کاروباری پشتیوانی لەبەرنامەڕێژییە ماوە درێژەکان بکەنەوە. فەرماندەیی هاوبەشیش دەبێت گرنگی بەکاروباری هاوبەش‌و تێزەکانی بەکارهێنانی هێزەکان لەناو هێزی سێ لایەنەی سوپادا بدات. نوسینگەی وەزیری بەرگریش چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەکان بکات‌و لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات، کە تێزی چوار ساڵەی بەرگری لەگەڵ ڕێنوێنیەکانی سەرکۆمارو وەزیری بەرگری لەگەڵ بنەمای سیاسی‌و سەرچاوەی داراییدا هاوجوتە.

ڕەوتی دیاریکردنی بەرنامەو بودجەی وەزارەتی بەرگری لەتێزی چوار ساڵی بەرگرییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێت کاری پێبکرێت، کە لەگەڵ واقیعە سیاسیەکان جوت بێت‌و هاوهەنگاوی زیاتر لەنێوان پێرسناڵی سەربازی‌و ناسەربازیدا دروست بکات. لەمڕووەوە دەبێت بەرنامەی چوار ساڵانە چاك بکرێت، ڕێنوێنیەکانی بەرنامەڕێژی‌و دیاریکردنی سیاسەتەکان دەبێت هەردوو ساڵ جارێك‌و پێش ئەوەی هێزە چەکدارەکان هەنگاو بۆ بەرنامەڕێژی‌و دیاریکردنی بودجەی ناوخۆی خۆی بنێت، ئەنجام بدرێن. پاش ئەوە لەماوەی چوار بۆ حەوت مانگدا دەبێت فەرماندەیی هاوبەش‌و نوسینگەی وەزیری بەرگری ئەو بابەتە هەستیارانەی کەلەلایەن وەزیرەوە دەستنیشانکراوە بۆ پیاچونەوە دیاری بکەن. دەبێت دوا بڕیار بۆ ئایندەیەك دوابخرێت کە کۆنگرێس بڕیارەکەی لەسەر بنەمای فراوانکردنی بودجەی ساڵی ڕابردو دابێت، لەم حاڵەتەدا هەماهەنگی زیاتر لەنێوان بڕیارە وەرگیراوەکان‌و بودجەی داڕێژراو بۆ ساڵی ئایندە لەئارادا دەبێت. تا کۆتایی ساڵ سەرکۆمار دەنگ لەسەر تێزو بودجەکان دەدات. ئەمڕۆ ئینتەرنێت بەخێرایی قۆناغەکانی بەرنامەڕێژی‌و دیاریکردنی بودجەی کورت کردۆتەوەو



بۆدوا تێبینی کۆنگرێس ئامادەیان دەکات. پێویست نییە دیاریکردنی بەرنامەو بودجەی وەزارەت بەتەواوی وەك دەستنوس ئەنجام بدرێت.

ویلایەتە یەکگرتوەکان هێزە سەربازییەکانی لەڕێگای ڕەوتێکی تەواو ئاڵۆزوە، کە بەباشی بەکەرتی تایبەتەوە گرێدراوە ئامادە دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا یاساو بڕیاری بێ ئەژماریش لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ چاودێریکردنی بەربڵاو لەئارادایە. ڕەوتی ئامادەکردنی لەبنەڕەتدا دوالیزمانەیە، کەتیایدا تایبەتمەندیەکانی سیستمی تایبەت‌و سیستمی کڕینی چەکی دەوڵەتی دەبینرێت. مامەڵەکانی وەزارەتی بەرگری گروپی بچوك لەو کۆمپانیایانەی کەپارچەی بەرگری بەرهەمدەهێنن و ژمارەیەکی زۆری ئەو کۆمپانیایانەی کەخاوەنی تەکنیکی باڵان لەخۆ دەگرێت، مامەڵەکردن لەگەڵ وەزارەتی بەرگریدا بۆ ئەوانە زۆرسەختە. خاڵی گرنگ ئەمەیە کە هەموو ئەو کۆمپانیایانە دەبێت لەبازاڕی ئازادا لەبارەی سەرمایەی دارایی‌و کرێکاران‌و بەڕێوەبەرانی بەئەزمون ململانێ لەگەڵ یەکدا بکەن.

خوێندنەوەی ئەونیگەرانیانەی، کەلەو ساڵانەی دواییدا فورمگیربون، ئاماژە بون بۆ ناجێگیری زۆربەی دابینکەرانی پێداویستیە هەستیارەکانی بەرگری وڵات. زۆر لەکۆمپانیاکان بەهۆی بونی ئاستەنگ لەبڕیارەکانی پەیوەست بەژمێریاری، بەستنی پەیمان، سود وەرگرتن، سەرمایەگوزاری‌و یاساکانەوە دوچاری گرفت دەبن‌و وەزارەتی بەرگریش، کەدەبێت هاوشانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی هەنگاو بنێت، لاواز دەبێت. لەئەمڕۆدا ماوەی سودمەندبون لەبەرهەمە نوێیەکانی چەکداربون لەوەزارەتی بەرگری بەشێوەیەکی ناوەنجی نۆساڵە. ئەمەش لەکاتێکدایە کەپێشکەوتنە تەنکیەکیەکانی ئێنتەرنێت هەر دوازدە تا هەژدە مانگ جارێك وەچەیەکی نوێ لەکەلوپەل بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش دو هێڵە کەبەشێوەیەکی بەرفراوان لەیەکدی دوردەکەونەوە.

www.pertwk.com

بەمەبەستی بەدەستهێنانی توانای پێویستو داهێنانی نوێ, بونی ململانێ لەبەشی بەرگریدا بەپێویست دادەنرێت,گەرچی ئێستا ئاستی نزمی چالاکیەکانی مۆدێرنیزەکردن ململانێ ناپراکتیکانە دەکات. سەرەڕای ئەوە, پێودانگی کۆمەڵایەتیو مۆراڵی، کە وەزارەتی بەرگری بەتوندی پابەندێتی، کاریگەری نابەجێی لەسەر ململانێ لەبواری بەرگری دادەنێت . پێودانگی لەو بابەتە سنوردارییەك بەسەر وەزارەتی بەرگریدا دەسەپێنێت کە بەهۆیەوە ئەم وەزارەتە ناتوانێت لەبەرامبەر پاشەکەوتی سەرچاوەی داراییدا بەجۆرێکی کاریگەر هەنگاو بنێت.

سەرەڕای بونی هەندێك پێشکەوتن کەلەو دواییانەدا بەرچاو دەکەوێت, ڕەوتی دەیەی ڕابردو زۆر گرفتاوی بوەو ئەگەر بەهەمان شێوە درێژەی هەبێت لەماوەیەکی درێژدا هەڕەشە لەتوانا سەربازییەکانی ئەمریکا دەکات. ستراتیژی کەنارەگیریو پشت بەستنی تەواو بەهێزی بازاڕ بەئەگەرێکی زۆرەوە ڕوبەڕوی شکست دەبێتەوە. ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی هێزی زەمینی, دەریایی, ئاسمانی, چەکدارانی دەریاییو گاردی کەنارەکان دەبێت دەست بداتە تەندروستکردنی پیشەسازیو بەرگری وڵات. هەڵبەتە ئەمە بەمانای پیادەکردنی بەڕێوەبەرێیتی دەوڵەت بەسەر پیشەسازی بەرگریدا نایەت, بەڵکو بەواتای دۆزینەوەی چوار چێوەیە کەتیایدا تاکە بەتواناکان بتوانن بەسەرکەوتویی چالاکی بنوێنن.

وڵات لەجیاتی پیشەسازی بەرگری سنوردار پێویستی بەپیشەسازییەکی بەرگری نەتەوەیی هەیە، کەلە کۆمپانیا بازرگانیە گەورەکانو هەروەها ژمارەیەکی زیاتری کۆمپانیا بەرگرییە دێرینەکان پێکهاتبێت. دەبێت ئەو کۆمپانیایانەی تەکنیکی نوێیان هەیە بۆ هاوکاریکردنی دەوڵەت هان بدرێن, ئەو کۆمپانیا دێرینانەش کە دابینکەری ئەو کەلوپەلە بەرگرییە گرنگانەن کەلەبازاڕە



بازرگانیەکاندا چنگ ناکەون, دەبێت بۆ مۆدێرنیزەکردنو زیادکردنی کارامەیی هان بدرێن.

بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم گۆڕانکارییانە ڕەوتی دابینکردنی کەلوپەلی بەرگری وڵات پێویستی بە ڕیفۆرمسازی بنەڕەتی دەبێت. ئەنجومەن بۆ ئاڕاستەکردنی ئەم ڕیفۆرمانە ئەم بنەما فراوانانە پێشنیاز دەکات :

- دەبێت وڵات لەنێوان بڕی دراوی تایبەتکراو بەڕەوتی مۆدێرنیزەکردنو دامەزراندنی ئامادەیی هێزەکانی سوپا هاوسەنگی دابمەزرێنێت. دروست بونی وەستان لەدابینکردنی کەلوپەلی نوێ، کەبۆتەهۆی دواکەوتنی نوێکردنەوە, لەئایندەدا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی گرفتی جۆراو جۆر.
- دەبێت دەوڵەت هانی ئەو کۆمپانیا بچوکانە بدات، کەتەکنیکی بەرزیان هەیە، بۆبەشداریکردن لەمامەڵەی بەرگریکردندا, چونکە ئەم کۆمپانیایانە دەتوانن داهێنراوی گەورە بخەنەڕوو، ئاستی کارامەیش بەرز بکەنەوە.
- دەبێت وەزارەتی بەرگری لەستراتیژی نوێکردنەوەی گشتی سیستمەکەیدا پرسەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بنەما, زیادکردنی بەرچاوی نمونە دروستکردن, جەخت کردنەوە لەچاککردنی پلە بەپلەی کەلوپەلەکان, پابەندبون بەبەرهەمهێنانی مەودا درێژو سەقامگیری کەلوپەلەکان لەسەرەتاکانی کاری خۆی دابنێت.
- بۆئەوەی سیستمی دابینکردنی کەلوپەلەکانی وەزارەت کارامە بێت دەبێت بەڕوی ململانێی لەگەڵ ئایدیای نوێی کۆمپانیا جیاوازەکان لەهەر ئەندازەیەکدان هەمیشە کراوە بێت. ئەم سیستمە دەبێت لەجیاتی شێوازو خەڵاتکردن قورسایی بخاتەسەر ڕادەی بەرهەم، واتە سەر بەرهەمەکان و کاتو بەها.

www.pertwk.com

- **ڕەوتی پەرەپێدانی چەکدارکردن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕاپەڕاندنو نزمهێشتنەوەی نرخەکان دەبێت لەسەر ململانیٚو لەبەرچاوگرتنی پاداشتی گونجاو بۆ ئەوانەی کە سەرکەوتن بەدەستدەهێنن راگیرابێت.**
- **دەبێت سیستمی دابینکردنی کەلوپەلی وەزارەت سود لە بازاڕ ببینێت بۆ نزمکردنەوەی بەهاکانو پەرەپێدانی بەرنامەڕێژیو سیستمی جێبەجێکردن. سیستمی ئێستای وەستاو لەسەر بەرنامەڕێژی, بەکارهێنانی خراپی دامەزراوە دەوڵەتییەکان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاروباری ئابوریو نەبونی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن لەکارامەیی وەزارەتی کەمکردۆتەوە.**
- **ئەو بڕە دراوانەی لەڕەوتی دابینکردنی کەلوپەلدا بۆ پێداویستیو خواستەکانی دەوڵەت بەخەرج دەدرێت دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە دەسەبەر بکرێت نەك کەرتی تایبەت. لەهەمان کاتدا, کۆمپانیاکانیش هیچ مافێکی خاوەندارێتیان بەسەر ئەو تێزو تەکنیکانەی کەلەسەرمایەی گشتی بۆیان خەرج دەکرێت نابێت.**

**وەك ڕاسپاردنەوەیەك دوبارە ئەم ئەنجومەنە لەو باوەڕەدایە سیستمی ئێستای دابینکردنی کەلوپەلی وەزارەتی بەرگری لەبەرهەمهێناندا پشتیوانی لەشوێنگەی تەکنۆلۆژیای نویٚ ناکات. پرۆسیسی بەرهەمهێنانو پەرەپێدانی چەکدارکردن پێویستی بەکاتی زۆرتر هەیە. هەندێك لەسیستمە بنەڕەتیەکان، کەبەشەکانی دی پشتیان پێدەبەست، پێش ئەوەی کاملٚ بین لەڕیزچونەتە دەرەوەو ئێستا کەلوپەلەکانیان بونیان نییە. لەهەموو ئەمانە خراپتر لەکاتێکدا کەجیهانی بازرگانی لەسەروبەندی کورتکردنەوەی هەرچی زیاتر کاتدایە, وەزارەتی بەرگری دەستی نەداوەتە ئەم کارەو ماوەی نێوان هەنگاوەکانی دەوڵەتو چالاکیە بازرگانیەکان لەحاڵەتی فراوانبوندایە. ئەم پرسەش بەهۆی پەسندنەکردنی گۆڕانکارییە لە دامەزراوەی یاساکانی فیدراڵدا، بۆیە پێشنیاز دەکەین :**



**(( وەزیری بەرگری ((سیستمێکی دابینکردنی پێداویستی)) دوالیزمانە دابمەزرێنێتو بەرکاری بخات , کەبەشێکی بنەڕەتی بۆ پێداویستی بنچینەیی بێت و بەشی دوەمی بۆ(ڕێگای خێرا) بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لەسیستمی کارتێکردن دەبێت, بەتایبەتی لەسەر ئاستی فەرماندەییو کۆنترۆڵ.))**

**ئەم سیستمی ڕێگاچارەسەرە بەپەلەیە مەترسی زۆری بۆ گەشەپێدانو فراوانبونی توانستو دەسەڵاتێکە, بەتایبەتی لەبواری تەکنیکیدا، کەخێرایی ئاڵوگۆڕ تیایاندا لەوپەڕیدایە. هاوکات بەشێوەیەکی یەدەگیانەتر بۆ بەرنامەیەکی ئاسایتر تایبەت دەکرێت, چونکە تاکە یەك فۆرم بۆ هەمو کاروبارەکان گونجاو نییە.**

**هەروەها ئەنجومەن لەو باوەڕەدایە پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیا نوێیەکان دەبێت جەختیان لەسەر بکرێتو بودجەی گونجاویان بۆتەرخان بکرێت, دەبێت بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەگشتی لەڕێگای پەیماننامە گەلێکەوە جێبەجیٚ بکرێن، کەسەرەڕای خەرجیەکان بڕێکیش وەك دەستمایە تایبەت بکرێت, دەستمایەیەك کە نەك تەنها بەکارکردنی سیستمەوە بەستراوە, بەڵکو ئەنجامی پەیمانیش لەکاتی دیاریکراویشدا لەبەرچاو دەگرێت. ئێمە دەبێت ئەو فشارانەی کۆمپانیاکان سەبارەت بەخەرجی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانو زیانەکان بەدرێژایی قۆناغی بەرهەمهێنان دەکەوێتە سەریان, لابەلا بکەینەوە. دابینکردنی بودجەی تەواو, بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی کۆمپانیاکان بەشێکی گرنگ دەبن لەڕەوتی دابینکردنی پێداویستیەکان. لەهەمان ڕووەوە, بەڵێننامەیەك بەنرخی جێگیر بۆئەو بەرنامانەی کەمەیدانی کارکردنو ئاستی مەترسییان بەباشی دیاریکراوەو مایەی کانترۆڵکردن بن گونجاوە. بەهەمان شێوە کە لەبەشی دوەمدا پێشنیاز کرا, دەبێت دەوڵەت دەستبداتە سەرمایەگوزاری بەرفراوان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەرەکی لەسەنتەری لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ, کۆمپانیاو تاقیگەکاندا.**

www.pertwk.com

نمونەسازی لەپیشەسازی چەکدا، ئەو توانایە بەدروستکەران دەبەخشێت کەهەندێك لەو نمونانەی دوچاری شکست هاتون لەسەر بنەمای نمونەی گونجاوتر بەرهەم بهێنرێنەوە. ئەم کارەش لەلای خۆیەوە دەبێتەهۆی زیادبونی کارامەیی و کەمبونەوە لەکاتی پەرەپێدانی سیستمەکان. خەرجییە پێشەکیەکانی هێزە چەکدارەکان گەلێك گرانن, بەو هۆیەوەیە زۆرینە دژ بەنمونە سازین, بەڵام تێچونی گشتی بەرنامە کەمتر دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوە ئەم پرسە یاریدەی دامەزراندن و درێژەدان بەدابینکردنی بەرگرییەکی کارامەو ڕوەکانی دایدەڕێژن دەدات, تەنانەت لەوکاتانەشدا کەئاستی بەرهەمهێنانی نزمە.

دەبێت نمونەسازی هاوشانی دابینکردنی کەلوپەلی نوێ و چاککاری ئەوسیستمانەی چالاکی کەهەیە ئەنجام بدرێت. ئەم پرسە یاریدەدەر دەبێت تا بەردەوامی بەرهەمهێنان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیادا هاوئاهەنگ بن. تازیاری ئەم ڕەوتە کەمبونەوەی کاتی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕکردنی توانا نوێیەکان بە توانا جەنگیەکان و کەمبونەوەی بەرچاوی مەترسیەکان لەبەرهەمهێناندا دەبێت. وەزارەتی بەرگری ناتوانێت تەنیا بەخێراترکردنی هەماهەنگی پشت بە کەرتی بازرگانی ببەستێت. وڵات پێویستی بەوەیە لەوجێگایانەی سیستمی سەربازی ئاماژەی بازرگانی نییە سەرمایەگوزاری لەبەرنامەکانی لێکۆڵنەوەدا بکات. بەداخەوە پرۆژە گەورەکان و ئاڵۆزی لێکۆڵینەوەکان و پەرەپێدانی وەزارەتی بەرگری بەگشتی دوچاری گرفتی هەڵسەنگاندنی نادروستی تێچونەکان هاتون، چونکە کۆمپانیاکان بەئومێدی پاراستنی سەرمایە لەقۆناغە پڕسودەکانی بەرهەمهێناندا بڕێکی کەمتر بۆ لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان تەرخان دەکەن, لەبەرئەوە ئەنجومەن پێشنیاز دەکات ئەو یاسایانەی کەسود وەرگرتن لەبودجەی سەربەخۆ بۆ پشتیوانیکردنی بەرنامەکان سنوردار دەکات, بەشێوەیەکی بەرفراوان بخرێنە بەرلێکدانەوە و کەمتر جێبەجێ بکرێن.



قەیرانی بەرنامەڕێژی کەزیاتر لەئەنجامی لەدەستدانی سەرمایە یان ناجێگیری لەدیاریکردنی بودجەوە دەبێت, فاکتەری بنەڕەتی ناکارامەبون و بەهەدەرچونی سەرمایەی وەزارەتی بەرگری دەبێت. ناجێگیری لەدیاریکردنی بودجەدا چەند هۆکارێکی هەیە : هۆکاری یەکەم ڕەوتی ئێستای دیاریکردنی سەرچاوە ناوخۆییەکانی وەزارەتی بەرگری دەبێت, کە بەداخەوە لەڕوی کەمکردنەوەی بودجەوە هەموو بەرنامەکانی دەسەبەرکردنی پێداویستیەکانی وەزارەت دەگرێتەوە. پرسی لەو جۆرە ئاساییە دەبێتەهۆی کەمبونەوەی بودجەی بەرنامەکانی پێشتر دەنگی بۆدراوە. گرفتێکی دی خودی (سیستمی دابینکردنی پێداویستیەکانی بەرگری) وەزارەتە, کە بەهۆی زۆری خەرجییەکان و فراوانی بەرنامەوە دوچاری گرفت دەبن. دوا دانە ئەوەیە کۆنگرێس بۆ ئەوەی بتوانێت بودجەیەك بۆ سەرەتاکانی دی تەرخان بکات بەبێ ڕەچاوکردن و زانینی ئەوەی ئەم بابەتە چ گرفتێك بۆ دوبارە دیاریکردنی بودجەی بەرنامەکان و گرێبەستە نوێیەکان وئامادەکاری خشتەی زەمەنی نوێ دەخولقێنێت, لەبودجەی بەرنامە گەورەکان ((نزمکردنەوەی کەم)) ئەنجام دەدات.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا ئەنجومەنی جۆراوجۆری لێکۆڵینەوە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی کەڕێگای چارەی نزمکردنەوەی ئاستی قەیرانی بەرنامەڕێژی دیاریکردنی بودجەیە بۆ دوساڵ و ڕێکخستنی بەرنامەی چەند ساڵەی دابینکردنی پێداویستیەکانە. ئەم کارە هۆکاری زیادبونی فاکتەری ڕێگرییە, کە دواجار دەبنەهۆی تێکچونی بەرنامەکانی ئامادەکردنی وەزارەت. هەروەها تێگەیشتین کە کۆنگرێس ئەم توانستەی هەیە کەسیاسەت و بەرنامەکانی وەزارەت بخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

بەمپێیە ئێمە لەجیاتی پێشنیارکردن بۆ دیاریکردنی بودجە بۆ دوو ساڵی ئایندەی وەزارەتی بەرگری, تەنها تاکە بوارێکی کارکردن دیاری دەکەین, کە

www.pertwk.com

شێوازێکی لەوجۆرە لەدیاریکردنی بودجەدا دەتوانێت زۆرترین سودی پێوەبێت، پێشنیاز دەکرێت کە:

**(( کۆنگرێس بۆ دیاریکردنی بودجەی دوو ساڵی ئایندە تەنها سەرنج لەمۆدێرنیزەکردنی ئەم دامەزراوەیە بدات ، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ئەم پرسە لەڕوی ماهیەتەوە پێویستی بە بەرنامەیەکی ماوە درێژ هەیە، هەروەها دەبێت تێزی دەسەبەرکردنی پێداویستیەکان بۆ چەند ساڵی ئایندەش فراوان بکات.))**

هەنگاوی لەو جۆرە دەبێتە هۆی زیادبونی جێگیری لەبەرنامەکانی پەرەپێدانی چەك‌و کەڵەکەبونی چەندین ملیارد دۆلار لەبودجە. دەبێت وەزیری بەرگری بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لەڕەوتی بڕیاردانەدا پیادەی ڕێکخستن بکات. دەستپێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدانی ئەندازیاری کارێکی گرانە. دەبێت تەقەلای زیاتر بدرێت تالەوە دڵنیا بیت کەپێداویستیەکانی سەربازی دیاریکراوەو جێگیر بوە، تەکنۆلۆژیاو زانست‌و سەرمایەی پێویست لەئارادایە. کاتێك بەرنامەیەك دەنگی لەسەر دەدرێت، گۆڕانیشی بەهەمان ئەندازە گرفتاوی دەبێت. هەروەها ئەنجومەن دان بەوەدا دەنێت کەلەهەندێك ڕووەوە واباشترە هەندەك لە بەرنامەکان پێش کێشکردنی خەرجی بەرنامەکانی تێپەڕی کات‌و بەرهەمهێنانی بڕێکی دیاریکراو لەچەکە بەنرخەکان بەلاوە بنرێن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە کۆنگرێس بەرنامە ماوەکان بسڕێتەوەو درێژە بە بودجە دیاریکراوەکانی وەزارەتی بەرگری‌و ڕیفۆرمسازی لەپێداویستیەکان بدات.

ئەگەر دەوڵەت هەنگاوی پێویست بۆسەقامگیری بەرنامەکان نەنێت، ناتوانێت چاوەڕوان بێت کەرتی تایبەتی پیشەسازی خۆی بکاتە بەڵێندەری پێشکەشکردنی کەلوپەلە جەنگیەکان، یان ئەوەی مەترسی سەرمایەگوزاریکردن بەرامبەر بەسودێکی کەم بۆماوەیەکی درێژ پەسند بکات. دابینکردنی سەقامگیری لەڕێگای تایبەتکردنی بودجەی دوو ساڵە و لێکۆڵینەوەوە دەکرێت، لەهەنگاوێکی گەورەتردا دەتوانرێت بودجەی چەند ساڵە ڕێکبخرێت. بەدەستهێنانی خەرجی،



بەتایبەتی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەپێدانی چەکداریدا کارێکی زۆر سەختە. دەرئەنجام خەرجییەکان بەزۆری زیادەڕۆیی بەرچاویان دەبێت، هێنانی تەکنۆلۆژیان تیۆرە خاوەکان بۆ پەرەپێدانی زانست‌و هونەری ئەندازیاری دەتوانێت ببێتەهۆی نابوتکردنی چەندین سەرچاوە. ئەنجامدانی سڕینەوەو ڕیفۆرمی بەردەوام لەبەرنامەیەکی دیاریکراودا دەتوانێت بەشێوەیەکی بەرچاو تێچونەکان زیاد بکات. تایبەتکردنی بودجەی ناتەواو، ناڕێکوپێکی‌و غەشکردن، نەبونی چاودێری‌و مەیلی ناپێویست بۆ بەدواداچونی ڕواڵەتی ئاسایی‌و ڕۆژانە لەجیاتی گرنگیدان بە بەدەستهێنانی بەرهەمی گەورە، ئەمڕۆ لەتایبەتمەندییەکانی سیستمی دابینکردنی ئامادەکارییە سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگری دادەنرێت. سەرەڕای ئەوە، سیستمی ئێستا ئەو هاندەرە بەئیداراتی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چەکسازی دەبەخشێت تا هەموو بودجەی تایبەتکراوی ساڵانەیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو میزانیەی پێویستیەتی بەخەرج بدات. بەپێی ئەمە، وەزارەتی بەرگری ڕادەسپێرین لەجیاتی تایبەتکردنی سەرچاوەکان بۆ بەرنامەکانی پەرەپپدانی چەکسازی بەشێوەیەکی پۆلێنکردنی یەکسانی ساڵانە ئەوکارە بەشێوەی قۆناغ بەقۆناغ ئەنجام بدات.

ئاوڕدانەوەیەکی لەوبابەتە بۆ تایبەتکردنی سەرچاوە لەناو وەزارەتی بەرگریدا، بەهەمان شێوە کە لەپرسی بازرگانیدا باوە، دەبێت سەرچاوەی دارایی بۆ حەلوفەسڵی ئەو گرفتانەشی پێشبینی نەکراوە لەخۆ بگرێت. دەتوانرێت ئەم کارە لەپێشدا لەڕێگای ئامادەکردنی بودجە یەدەگیەکانەوە ئەنجام بدرێت. بۆئەوەی ئامادەباشی هەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەو ڕوداوە چاوەڕوان نەکراوانەی کەمومکینە لەپڕۆسەی پیادەکردنی بەرنامەدا بێنەپێش. بۆلادانی گومان لەڕاست بەکارهێنانی ئەم بودجانە دەبێت لەجیاتی دانانیان لەژێر چاودێریی ئیدارەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەکان، یەکەی دابینکردنی پێداویستیە سەربازییەکانی ناو سوپا بکرێتە بەرپرسی سەرپەرشتی‌و چاودێری چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو

www.pertwk.com

بودجەیە. پیادەکردنی بەرنامەیەکی تایبەتکردنی بودجە بەشێوەیەکی تەواو لەهەموو قۆناغەکانداو بەتایبەتی لەقۆناغە سەرەتاییەکاندا، دەبێتەهۆی کەمبونەوەی غەش لەبەرنامەکەو بنچینەیەك بۆ بەئەنجامگەیاندنی پێشبینیەکی بێگومانتر سەبارەت بە بودجەو کاتبەندی پرۆژەکە بەدەستەوە دەدات. هەروەها بەڕێوەبردنی بەرنامەکە لەم ڕێگایەوە بەشێوەیەکی باشتر ئەنجام دەدرێت‌و دەستگرتنەوەی بەرچاو لەخەرجییەکاندا دەکرێت.

ئەزمونکردن‌و لێکدانەوە سەبارەت بە تەکنیکە داهێنراوەکان بەبەکارهێنانی شێوازی بەڕێوەجیٚ کارێکی پێویستە، بەڵام پێش دەستپێکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی تەواوی چاکسازی دەبێت پرۆسەیەکی کاریگەری لێکدانەوە بۆ هەڵبژاردنی تەکنیکی هەڵسەنگێنراوی بیٚ غەلوغەش دابڕێژرێت. وەزارەتی بەرگری لەئێستادا بەرنامەیەکی ئاڵۆزی دەسەبەرکردنی پێداویستیەکان پەیڕەو دەکات، بەجۆرێك کە لەو حاڵەتەدا گرفتی تەکنیکی‌و بەرهەمهێنانی نمونەو پەرەپێدانی کاری ئەندازیاری‌و بەزۆری بەرهەمیش دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە. لەسیستەمی ئێستای دابینکردنی پێداویستییەکاندا بەڕادەیەکی تەواو مەترسییەکانی هاوشانی پرۆژەکان لەبەرچاو نەگیراوە. لەهەموی خراپتر لەڕەوتی پەرەپێدانی چاکسازیدا لەدیدی خامەی ڕاپۆرتە ڕوتەکانەوە سەیری ڕەوشی تاقیکارییەکان دەکرێت‌و ئەم پرسەش بەڕێوەبەرانی بەرنامە لەبەکارهێنانی ئەو تاقیکاریانە بۆ ئامانجی بەدەستهێنانی زانست وپیشاندانی پوختەیی تەکنیکی بەکارهێنراو دڵنیاکردنەوەی ئەوانی دی لەپایەداری ڕەوتی بنەڕەتی دامەزراوەی چەکسازی بێهیوا دەکات.

لەم بارەیەوە پێشنیاز دەکەین ڕەوتی سیٚ قۆناغی دابینکردنی پێداویستیە سەربازییەکان، کەلەودواییانەدا پیادەکراوە پەسند بکرێت، ئەو سیٚ قۆناغەش بریتین لە : پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیا، پەرەپێدانی بەرهەم‌و بەرهەمهێنان، تاقیکاری



دەبێت سێیەم بەشی بنەڕەتی پرۆسەی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیاو بەهەمان شێوە بەشی سەرەکی دوو قۆناغی دواییان بێت.

لەسیستمێکی سیٚ قۆناغیدا، بڕیاردان لەسەر چۆنایەتی پەرەپێدان‌و پاشان ناسینی گرفتەکان لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەپێدانی کاروباری ئەندازیاری، بەئامانجی کەمکردنەوەی مەترسییەکان‌و خەرجی بەرهەمهێنان، لەسەر کامڵکردنی تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوەکان چڕدەبنەوە. لەنێوان قۆناغەکاندا بەناچاری تێکەڵ بون دروست دەبێت، بەڵام دەتوانرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی مەترسییەکانی هاوشانی پرۆژەکە هەنگاو بهاوێژرێت. ئەم پرسە واپێویست دەکات کە وەزارەتی بەرگری دەستبداتە هەڵسەنگاندن‌و شێوازێکی تاقیکارانە (پشت ئەستور بەزانست‌و زانیاری)، تا بتوانێت لەو ڕێگایەوە تەکنیکی جێمەبەست کامڵ بکات‌و مەترسیەکان، خەرجییەکان‌و سنوارداری چالاکیەکان دیاری بکات، بۆ تاقیکاریی دەبێت پەیڕەوی لەشێوازە باوەکان بکرێت. لەم شێوازانەدا تاقیکردنەوەی خێراو گران‌و زۆرجار بەئامانجی ناسینی گرفتەکان‌و دۆزینەوەی (زانست‌و ئاگایی)و فەراهەم کردنی ڕێچکەی دروست بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی دواتری پەرەسەندن ئەنجام دەدرێت. تاقیکاریی بەشێوەی بازرگانی ڕێکخراوترە. بەشە بچوکەکان پێش ئاوێتەکردنیان پێکەوە بۆ دروستکردنی بەشێکی گەورەتر تاقیدەکرێنەوە، ئەم بەشە گەورانەش پێش پێکەوە گرێدانیان بۆ پێکهێنانی ژێرخانی سیستمەکان بەشێوەیەکی تەواو دەخرێنە ژێر تاقیکردنەوەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ڕەوتی سیٚ قۆناغی ئاشکراو دیار لەگەڵ بونی گڵۆپی سور بۆ ڕێگاگرتن لەپەڕینەوەی خێرا بۆ قۆناغی دوای ئەوە لەزۆر ڕوی جۆراو جۆرەوە یارمەتیمان دەدات و ئێمە ئەو هەوڵەی دوایی وەزارەتی بەرگری لەم بارەیەوە ستایش دەکەین. لەوەش گرنگتر ئەم ئەنجومەنە پێشنیار دەکات لەلێکۆڵینەوەی بەرنامەدا جەخت لەسەر پێداویستی‌و شایستەیی‌و کاملی بەرنامە بکرێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە

www.pertwk.com

بەکارنەهێنرێت بۆ کردنەوەی بابی مشتومڕی ڕابردو دەربارەی لۆجیکی بەرنامەی سەرەتایی کەجەختی لەسەر کراوەتەوە.

کۆنگرێس بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کلاولەسەرنان, نابودکردنی سەرچاوەکان و خراپ بەکارهێنان, کۆمەڵێکی زۆر یاساو بڕیاری داناوە کەبەپێی ئەوە سیستمێکی چاودێریکردنی پێداویستی و دابینکردنی ئامادەکارییەکان دروست بوە. سەرئەنجام ئەم سیستمی چاودێرییە بەفیڕۆدانی هەمان خەرجییە, کە ڕێگریکردن لێیان ئامانجی سەرەکی بوو.

(خەرجی داڕشتنی بڕیارەکان) لەوەزارەتی بەرگری و پیشەسازی بەرگری لەلایەن چاودێرانی جۆراو جۆرەوە بەڕێژەی لەسەدا سی بەرنامەی دابینکردنی پێداویستیەکان دانراوە, لەکاتێکدا کەخەرجی بەڕێوەبەرایەتی ناڕاستەوخۆ و چاودێری لەبەشی تایبەتی ئەمریکا لەسەدا پێنج تا پازدەی ئەو بودجەیەی بەردەکەوێ, دیارە ئەم ژمارەیەش لەحاڵەتی نزمبونەوەدایە. ئاژانسی ژمێریاری کۆنتراکتە بەرگرییەکان (Ct Audit Agency The Defence Contra) و فەرماندەیی بەڕێوەبردنی کۆنتراکتە بەرگرییەکان (Defense Contract Mangement Coumand) گروپێکی ژمێریارانیان لەسوپادا بەرکارخستوە کە لەڕەوی ژمارەوە بەرامبەر بەلەشکرێکەو ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی جۆراو جۆری ژمێریای سوپا ئەو گروپە تەواو دەکەن.

ئەم گروپانە ناکارامەیی پڕخەرجی دروست دەکەن و زۆرجار دەرئەنجامی ئەم ناکارامەبونانە جگە لە بەرهەمی نەویستراو شتێکی دی نییە.

سەرەڕای ئەوە, ئەو ڕەوتی چاودێرییەی لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە پەیڕەوی دەکرێت بەدامەزراندنی سیستمێکی پڕ لەکەموکوڕی بوەتە هۆی بڕیاردان لەسەر بنەمای ترس و پیشەسازی ناچار بەزیادەڕەوی لەپیادەکردنی شێوازی ژمێریاری و بازرگانی دەکات. ئەو سیستمەی کە لەگەڵ یاسای بازرگانی باودا گونجاوی زیاتری هەیە دەبێت ببێتە جێگرەوەی سیستمێك کەلەسەر بێ



متمانەیی و ناڕێکخراوەیی تاك وەستاوە. دەبێت وەزارەتی بەرگری بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان, چاککردنی ڕەوتەکانی پەرەپێدانی بەرهەم و سودمەندبونی خێرا لە تەکنۆلۆژیای نوێ, تا ئەو جێگایەی کەلەتواندایە کەرتی تایبەتی ئەمریکا بکەنە سەرمەشقی خۆیان. بڕیارە فیدراڵیەکانی پەیوەست بەدابینکردنی ئامادەکارییەکان وەزارەتی بەرگری نابێت ئیتر کۆمپانیاکان دوچاری کاغەزبازی ناپێویست بکات و بڕیارگەلێکی کە لەگەڵ دەوڵەتدا توشی بێهیواییان دەکات بەپێیانەوە ببەستێت. لەکاتێکدا کە بەرپرسیاربون لەبەردەم خەڵکیدا هەرگیز مۆڵەت بە سیستمی دابینکردنی پێداوستیەکانی بەرگری نادات، کە بەشێوەیەکی تەواو پەیڕەوی لەکەرتی تایبەت بکەن, بەڵام دەتوانن و دەبێت زیادەڕەویکردن لەبڕیارەکاندا کەمبکەنەوە، لەو ڕوەوە پێشنیاز دەکەین :

(( کۆنگرێس لەڕێگای پێداچونەوە بە بەشەکانی هاوبەندی یاساکان و بڕیارەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و بڕیارەکانی فیدراڵیەت سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستیەکان, ئامادەکارییەکانی وەزارەتی بەرگری بۆ ژمێریاری و چاودێری نوێکاتەوە .))

دەبێت ئامانج کەمکردنەوەی ژمێریاران و پشکێنەرانی سیستمی دابینکردنی ئامادەکارییەکانی چاکسازی بن, بەجۆرێك کە لەگەڵ سودی کەمی ئەو جۆرە ژمێریاو پشکێنەرانە گونجاو بێت. بەپێودانگی کۆمپانیا گەورەکان لەبەشی بازرگانی تایبەتی ئەمریکا, ئەم کارە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی نزیکەی لەسەدا پەنجا بۆ شەستی پێرسیناڵی وەزارەتی بەرگری.

داڕشتنەوەی بڕیارەکانی فیدراڵ سەبارەت بە دابینکردنی ئامادەکاری بەرگری دەبێت لەسەر دوو بنەما بەند بێت: یەکەم, دەوڵەت دەبێت تێچونە لۆژیکەکانی خەرجی بۆ ڕایکردنی پێداویستیەکانی لەڕەوتی دابینکردنی ئامادەکارییەکانی بەرگریدا پەسند بکات. دەبێت دەوڵەت ئەو خەرجیانە قەرەبو بکاتەوە تا بەڵێندەران بتوانن لەسەر ئاستی پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای نوێدا سەرمایەگوزاری

www.pertwk.com

بکەن. هەروەها دەوڵەت لەدروستکردنی هاندان بۆ کاراکردنی ڕەوتی کەمکردنەوەی خەرجیدا بەشداری بکات. خەرجی لۆژیکانەی ئەو شێوە هەلومەرجانە دەبێت خۆبەخۆ بەقازانجێکی گونجاوەوە بدرێت. دوەم, بڕیارە فیدراڵیەکان دەبێت هانی چاودێری بدەن‌و هاندانی پێویست بۆ بەرهەمهێنان بدۆزنەوە. یاساو بڕیارە دوبارە داڕێژراوەکان دەبێت نەرمونیانی پێویستی بۆ برەودان بەسیاسەتی سودبەخشین تێدا بێت, کە بەپێی ئەوە کۆمپانیا سەرکەوتوەکان پاداشت وەرگرن‌و کۆمپانیا سەرنەکەوتوەکانیش یان سزا بدرێت, یان گرێبەست هەڵوەشێنرێتەوە یان هەردوکیان.

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ڕاسپاردەیە دەبێت وەزارەتی بەرگری لەبواری گۆڕینی کەلتوری زاڵ بەسەر سیستمی کەلوپەل‌و دابینکردنی ئامادەکارییەکان ڕابەرایەتی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو بسەلمێنێت‌و لەگەڵ کۆنگرێس‌و بەشی پیشەسازیدا هاوکاری بنوێنێت. بەڵام ئەمە تاکە گرفت نییە, چ باڵادەستانی دەوڵەت‌و چ پلەدارانی پیشەسازی بەزۆری ناتوانن لەتازیاری میانەڕەوی بڕیارە دەوڵەتیەکان سودمەندبن, چونکە پەیڕەوکردن لەشێوازی کۆن بۆ ئەوان مەترسی کەمترە. هەنگاوێکی پۆزەتیڤانە لەدەیەیەکی ڕابردودا تەنها کاتێك توانیویانە قەرەبوی بکەنەوە کە هەم بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی وەزارەتی بەرگری‌و هەم بەڕێوەبەرایەتی بەشی پیشەسازی دیدی بازرگانی خۆیان گۆڕیوە. بەدروستکردنی ململانێ, جەختکردنە سەر دەرئەنجام لەشوێنگەی تێزەکاندا, زیادکردنی بودجەی ئەنجامدانی تاقیکارییەکان لەسەر ئاستی تەکنۆلۆژیا, گوێزرانەوەی خێرا لەباری پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیاوە بۆ باری بەرهەمهێنان, بەهێزکردنی ڕادەی جێگیری‌و پایەداری بەرنامەکان, کەمکردنەوەی قورسایی چاودێریکردن, گۆڕینی بڕیارەکان‌و کەمکردنەوەی لەجەخت کردنە سەر ئاگادارکردنەوەو سزادان دەتوانن یاریدەی بەیدهاتنی ئامانجی وەزارەتی بەرگری



بدەن بۆ پەرەپێدانی هاوکاریکردن لە پێکهێنانی دامەزراوەیەکی پیشەسازیانەی گونجاو لەبواری بەرگریکردن لەوڵات.

سەرئەنجام, زیاد لە ڕاسپاردەکانی لەبابەت دامەزراوەیی‌و پڕۆسە, ئەم ئەنجومەنە پێشنیازەکانیشی لەبواری دامەزراوەی سوپادا دەخاتەڕوو. بەهەمان شێوە کە ئەنجومەن لەقۆناغی دوەمی وتارەکەیدا پیشانیدا بەپێچەوانەی تیۆری بەشداریکردن لەدوو جەنگی گرنگی ناوچەیی لەیەك کاتدا, کەبنەمای بەرنامەڕێژی سوپایی‌و ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەکان پێکدەهێنێت, توانست‌و لێوەشاوەیی گونجاوی ئەو بارە فەراهەم نەکراوە(10). ئا لەم ڕۆژگارەی مێژودا بەرجەستەکردنی دوو دوژمن، کە لەتوانایاندا بێت ململانێی ئەمریکا بکەن‌و بچنە شەڕەوە لەدژی، کارێکی سەختە, لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی توانای وەڵامدانەوەی هەلپەرستانێ, کەلەوانەیە لەکاتی دەرگیربونی ئەمریکا لەبەرەیەکی دیدا بەمەبەستی لێدان دەرکەوت, لەلای ئێمە پڕ بەهایە. لەڕاستیدا لەخۆڕابینین بۆ بەشداریکردنی دوو جەنگی سوپایی هاوکات‌و تەواوعەیار لەدوو ناوچەی جیاوازی جیهان بەبێ ڕیزبەندی سەرەتاکانی ستراتیژیان‌و دیاریکردنی قۆناغەکانی چونە ناو ململانێکەوە, لەخودی خۆیدا تیۆرێکی نائاساییە. ئێمە بەرنامەڕێژی‌و پاراستنی ئامادەباشی بۆ بەشداریکردنی شەڕێکی سەرەکی‌و لەهەمان کاتدا پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی دایك‌و ڕەتدانەوەی شەڕی بچوك یان بەپێوەر ناوەند, جەنگان دژ بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی, پارێزگاریکردن لەئاشتی, ئەنجامدانی هەنگاوی مرۆڤدۆستانەو هەموو ئەو بەڵێنانەی تر کەپێویستیان بە پاراستنی سوپایی هەیە، بەسود بەخشتر دەزانین .

ئێمە بەمجۆرە ئەنجامگیری دەکەین کە ئەگەری ڕودانی دوو جەنگی سەرەکی هاوکات دورە, زانیارییە واقعیە بەدەستهێنراوەکان‌و دیدی ئەم ئەنجومەنە سەبارەت ڕوداوە گریمانەکانی داهاتو, پشتگیری لە ڕودانی شتێکی لەو بابەتە ناکەن. بۆیە چیدی ئەم تیۆرە بنەمایەکی گونجاوی نییە بۆ بەرنامەڕێژیی

www.pertwk.com

دامەزراوەی سوپای ویلایەتە یەکگرتوەکان‌و دەبێت دیدێکی نوی بکرێتە جێگرەوەی. دیدێك کە لەگەڵ ڕەوتی توانست‌و هێزەکان‌و هەلومەرجی ئاسایشی کەلەئارادایە لەگەڵ ئایندەدا زیاتر جوت بێت. ئەنجومەن لەو بڕوایەدایە کە شەڕی سەربازی دە تا بیست ساڵی داهاتوی ئەمریکا بریتی دەبێت لەبڵاوبونەوەی جەنگە سەربازییەکانی دەیەی ڕابردو. لەئایندەدا ئەمریکا مێملّی هاوشانی خۆی نابێت, بەڵام ئەم وڵاتە لەگەڵ مەترسی گەورەدا ڕوبەڕوە, کە لەلایەن گروپی گەورەی کارەکتەرانی مەیدانی جیهانەوە هەڕەشەی لێدەکرێت. ئەو کارەکتەرانەی کە بەچەکسازی کۆکوژی‌و هۆکاری پێویست بۆ نانەوەی ئاژاوە تەیارن. ئەگەری سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان وڵاتەکاندا لەو ناوچانەی کەبۆ ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتوەکان گرنگیان هەیە ڕولەزیادبون دەبێت.

ئەنجومەن لەو باوەڕەدایە کەدەبێت ئەمریکا توانستی تەواو لەوجۆرەی ئێستا هەیەتی بپارێزێت, تا بتوانێت لەحاڵەتی دەرگیری لەگەڵ دوژمنێك، کەبتوانێت ململانێکە بۆمەیدانی شەڕ بگوێزێتەوە، کۆنترۆڵی هەلومەرجەکە بکات. لەم حاڵەتەدا واشنتۆن دەبێت بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ململانێی توندوتیژ بەپێودانگی بچوك تا ناوەند، کەزۆرجار هاوکات ڕودەدەن و پێویستیان بەوەڵامدانەوەیەکی زۆر خێراو بەهێز هەیە, بەهەمان شێوەش بۆ بەشداریکردن لە ئۆپراسیۆنی ماوەدرێژ بۆ پاراستنی سەقامگیری لەهەلومەرجە ئاڵۆزەکانی دوای ململانێکە, گەشە بەتواناکانی خۆی بدات. بەمپێیە دەبێت هەمو کۆششمان بخەینە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی توانستە زەمینی‌و دەریایی‌و ئاسمانیە گونجاوەکان لەگەڵ هەلومەرجی ئاسایشی ئێستا, هەلومەرجێکی کەسەقامگیری خێراو پڕ جموجوڵ‌و مەرگەساتاوی‌و ئاسانی هێزەکان‌و ئامرازە سەربازییەکان‌و پاراستنیان‌و بەهەمان شێوەش خاوەندارێتی تۆڕێکی پەیوەندیگرتنی زۆر بەهێز دەخوازێت. داواکاریی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی پاراستنی ئاشتی‌و مرۆڤدۆستانە, کە ئاساییە پێویستیان بەنیشتەجێکردنی هێزی تایبەتە, ئەگەر هەیە هەر بەردەوام بێت.



دەبێت ئەمریکا بۆئەنجامدانی ئەم جۆرە ئەرکانە هێزەکانی خۆی ڕێکبخات‌و پەروەردەیان بکات. دواجار دەبێت دوبارە جەخت لەسەر پێداویستی تایبەتی پاراستنی ئاسایشی وڵات بکرێتەوە– لەسەر ئەو بنچینەیە, ئەنجومەن ئەمە رادەسپێرێت :

**( وەزیری بەرگری ڕوی گرنگیدانی خۆی بەڕێکخستنی هێزەکان بۆ بەشداریکردن لەدوو جەنگی سەرەکی ناوچەیی هاوکات وەربگێڕێت بەرەو سازدانی ئامادەکاری پێویست دژ بەدوایین چالاکیەکانی دوژمنانی ئەمریکا، بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەقینە لەسەر خاڵە بەهێزەکانیان و ئاوڕادنەوە لەئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پاش داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی لە دەوڵەتی نوێدا."**

لەڕەوتێکی لەوجۆرەی بەرفراوانبونی توانستەکاندا, دەبێت بەرنامەڕێژی بۆ هێزە نیزامیەکان بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئاسایشی باوی ئایندە لەدیدی ستراتیژەوە و گرنگیدان بەئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە, کەدەوڵەتی نوێ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات, دەستپێبکرێت. لەگەشەپێدانی تواناکاندا دەبێت زانیاری پێویست سەبارەت بەتوانستەکانی دوژمنە بەهێزەکانی ئەمریکاو بەهەمان ڕادەش ئاستی مەیلیان بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی کۆبکرێتەوە, لەو پڕۆسەیەدا پرسەکانی دواییش تێبینی بکرێت. سەرئەنجام دەبێت بەکارهێنانی هونەری مۆدێلسازی پیادە بکرێت, کە ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کەئەم ئەنجومەنە پێشنیازی دەکات. ئەم کارە وامان لێدەکات تا لەبەهای چەندبارە بەکارهێنانی هێزی هاوبەشی ئامادەکراو بەچەکی مۆدێرن تێبگەین, کەدەتوانرێت لەگەڵ دامەزراوەی تۆڕێکی بێ غەش‌و کەموکوڕدا بخرێنە بەرکار. ئەوە کارێکی ڕاست نییە کەئەم ئەنجومەنە ژمارەی وردو جۆری گروپەکان‌و باڵ‌و هێزە شەڕکەرە دەریاییەکانی, کە وڵات بۆ دانانی ستراتیژی خۆی پێویستێتی, پێشکەش بەسوپا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ڕێنماییەکان‌و ئامرازو کاری

www.pertwk.com

گونجاو, بۆ ئەوەی وەزارەتی بەرگری بتوانێت بەئاڕاستەی دروست بجوڵێت, بخەینە بەردەست ئەم وەزارەتە. لەسەر هەمان بنچینە, ئەنجومەن پێشنیاز دەکات کەوەزیری بەرگری لەڕیزبەندی ئێستای بەرنامە بنەڕەتیەکانی هێزەکاندا ( Mijor force programs), کە لەبەرنامەکانی بەرگریکردن لەوڵات سودیان لێوەرگیراوە, بەجۆرێك چاو بخشێنێتەوە پیایاندا کەزیاتر جەخت لەسەر دروستکردنی توانستی جۆراوجۆری نیزامی و ڕاگیرلەسەر پێکهاتەی هێزەکان بکرێتەوە و پێی لەسەر دابگیرێت. بە سەرەنجدان لەپێویستی گۆڕانکاری دەبێت بەرنامە بنەڕەتیەکانی هێزەکان گەشەی پێبدرێت, بەرنامە تازەکان پێبەپێی ئەو پێنج تواناییە نیزامیەی, کە ئەنجومەن لەبەشی دوەمدا باسی کردوە جێبەجێ بکرێت. لەخوارەوە زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو پێنج توانا نیزامیە تۆمار کراوە :

(1) دەبێت هێزە ستراتیژییە ئەتۆمیەکان بۆ گێڕانی ڕۆڵی کلاسیکیانەی خۆیان لە بەیدەستکردنی ئەتۆمیدا درێژە بەتواناکانیان بدەن. لەگەڵ ئەمەشدا, هەلومەرجی ئاسایشی ئایندەو ئەگەرەکانی هەوڵی کەمکردنەوەی چەکە ستراتیژە ئەتۆمیەکان لەوانەیە ببێتەهۆی کەمبونەوەی هاوڕێژەی ژمارەی چەکە ئەتۆمیەکانو سیستمەکانی هاویشتنیان.

(2) دەبێت هێزەکانی پارێزگاری ئاسایشی وڵات خاوەنی توانای تەواو بن بۆ بەیدەستکردنو پاراستنی ئەمریکاو کاردانەوەی گونجاو لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لەوڵات دەکەن. پارێزگاریکردن لەئاسایشی وڵات تەنها کارێکی نیزامی نییە, بەڵکو ئەم ئەرکە گرنگە پێویستی بە سودمەندبون لەو تایبەتمەندیو توانستی زۆرترین ژمارەی بونیادی دەوڵەتی هەیە، کەلەئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتدا ( National Sivrity Agency Homland) (کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیاز کراوە) بەباشترین شێوە پێکەوە گرێدراون. بەمەبەستی بەشداریکردنی وەزارەتی بەرگری لەم ئەرکە زیندوەدا, ئەنجومەن پێشنیاز دەکات کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی بەهێزی یەدەگ



بدرێت. دەبێت پەروەردەو ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەم هێزە فەراهەم بکرێت, بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاردانەوەی گونجاو لەبەرامبەر کارەساتی سروشتی, کارەساتی دەستکردنی مرۆڤ یان کارەسات بەهۆی هێرشی چەکی کۆکوژەوە. هێزە ڕێکخراو چالاکەکانی سوپاش دەبێت پەروەردەی پێویست بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەمجۆرە ئەرکانە ببینن, تا ئەمەش بۆ توانای هێزە یەدەگیەکان زیاد بکرێت.

(3) دەبێت ژمارەی هێزە ئاساییەکان بەپێی ئەو هەڕەشانە دیاری بکرێن کە پێداویستیە واقعیەکانی شێوازی نوێی مۆدیلسازی هێزەکان پێناسەیان کردون. ئەو هێزە ئاساییانە لەو جۆرانەی ئێستا لەوڵاتدا هەن دەتوانن لەداهاتوی نزیکدا ئەو توانایەیان هەبێت. بەڵام بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مەترسی گەورە، بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەو هێزانەی کە مۆدێلو پێداویستیە هەنوکەییەکان بەکارهێنانیان دەسەپێنێت، پێویست بەهێزی زیاتر دەبێت . بەسەرنجدان لەو سنوردارییە گریمانەییانەی کە ئامادەکارییە ستراتیژییەکانی گواستنەوەو گەیاندنی ئاسمانی سوپای ئەمریکا ڕوبەڕوە لەگەڵیدا, دەبێت لەکاتی داڕشتنی بودجەدا گرنگی زیاتر بەدابینکردنی ئامادەکاری لەو ناوچانەدا بدرێت کە لەبەردەم مەترسیو ئۆپراسیۆنی خێرای دابەزاندنی هێزدایە لەڕێگای دەریاوە.

(4) هێزەکانی کاردانەوەی خێرا دەبێت لە (هێزە ئاساییەکانی ئێستا) جیاوازن تربن. هێزە هەناردەکان بەجۆرێك پێکهاتونو ڕێکخراون کەبتوانن هەرچی زیاترە بەخێرایی لەبەرامبەر قەیرانەکاندا کاردانەوە بنوێننو لەبوارێکی دامەزراوەی تۆڕی فراواندا بەکارهێنانی خزمەتگوزاری لوجستیکی کەمتر کاربکەن و بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنێکی بەهێز، کەلە ئایندەدا مایەی پێشبینی بێت، لەڕوی تەکنۆلۆژیاوە بەسەریدا بالاّتربن. هەناردنی خێرای هێزو چونە ناوەوەی بەهێزانەی ئەم هێزانە بۆ مەیدان دەبێت لەهەموو

www.pertwk.com

ڕویەکەوە لەتایبەتمەندی هێزە هەناردەکان بن. لەدیدی ئەم ئەنجومەنەوە بەشێکی کەم لە هێزە نیزامیەکانی ئەمریکا خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەن.

(5) ئۆپراسیۆنەکانی کۆمەکی مرۆڤدۆستانەو پاراستنی ئاشتی هەر سێ هێزەکان دەگرێتەوە, پارێزگاریکردنەکان لەلایەن هەر سێ هێزی دەریایی و ئاسمانی و زەمینیەوە ئەنجام دەدرێت. بێگومان هەموو ڕێکخراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکانیش دەگرێتەوەو دەبێت ئەم پرسە لەڕەوتی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کاری لەو جۆرە پێشبینی بکرێت. توانستی بەکارهێنانی هێز بۆ پاراستنی ئاشتی لەسەرەتادا دەبێت لەیەکەکانی سوپاو چەکدارانی دەریایی دروست بکرێت. ئەو یەکانەی کەپەروەردەکراون و بەچەك و سەرچاوەی پێویست بۆ جموجۆڵی سوپاییانە تەیارکراون چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری لەو بابەتە بەباشی بەئەنجام دەگەیەنن, دەبێت توانستێکی لەو جۆرە بخرێتە سەر ئەو تایبەتمەندیانەی کەپێویستن بۆ دامەزراندنی هێزێکی نیزامی.

ئەنجومەن ئەو واقیعە پەسند دەکات کە پرۆسەی گۆڕانکاری, بەتێپەڕینی کات ئەو پێنج توانایە دروست دەکات, بەڵام دەبێت هەندێك توانست بەخێراییەکی زیاتر تەواو بکرێت. لەکۆتاییدا, پرۆسەی گۆڕانکاری جیاوازی لەنێوان هێزەکانی کاردانەوەی خێراو هێزە ئاساییەکان لەنێودەبات, چونکە هەردوو هێز لەدواجاردا دەبنە خاوەنی بزاوتێکی خێراتر. لەگەڵ ئەمەشدا باشترین جەختکردنەوە لەسەر توانست لەماوەیەکی کورتدا ئەو توانستەیە کەئێمە بەهەناردەی هێز ناوی دەبەین. بۆیە ئەنجامدا ڕادەسپێرین کە :

(( وەزارەتی بەرگری چاککردن و گەشەپێدانی هەرچی زیاتری توانستی هێزەکانی کاردانەوەی خێرا یە لەپێشترین هەنگاوەکان دابنێت)) .

ئەم ئەنجومەنە ئەوشتەی کەدەبێت سوپای ئەمریکا لە ئایندەدا بەدەستی بهێنێت ناساندوە, بەڵام چۆنیەتی بەدەستهێنانیان لەباشترین فۆرمدا دراوە بە شارەزایانی بەرپرس.



لەوانەیە بگەینە ئەم دەرئەنجامەی کەگۆڕینی دامەزراوەی هێزە فۆرمگیر بون بۆ سەرچاوەو توانست پێویستیان بە بنەمایەك بێت, کەلەو بنەما دەرئەنجامکراوەی ئێستای لەڕوبەڕوبونەوەی دوو جەنگی سەرەکی ناوچەیی باڵاتر بێت.

سەرەڕای ئەوە, ئەو هێزە گۆڕاوانەی باسکران دەبنە هێزێك کە ئەم نەتەوەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هەموو کێشەکان, چ گەورەو چ بچوك, لەکاتە جیاوازەکان بەردەوام بەکاریان دەهێنێت. ڕونە کەپرۆسەی گۆڕانکاری پێویستی بەسەرەتا بەندییەکی نوێ بۆ سەرچاوەکانی لەئارادایە دەبێت. دەرئەنجامی کار لەوانەیە دروستکردنی هێزێکی بچوکتر یان گەورەتر بێت, بەڵام دڵنیاین کە ئەو هێزەی دروست دەکرێت بەچۆنایەیتەکی باشترو گونجاوتر بۆ هەلومەرجێك دەبێت, کە دەبێت لەو هەلومەرجەدا بکەوێتە گەڕ.

### *سیاسەتی بۆشایی ئاسمانی (فەزایی)*

بەهەمان شێوە کە لەبەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەندا هاتوە, بۆشایی ئاسمان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر گرنگەو مایەی ژیانە. لەم بارەیەوە ئەنجومەن پشتگیری ستراتیژی ئێستای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەکات, کەتیایدا (دەستڕاگەیشتنی بێسنور بە بۆشایی ئاسمان و بەکارهێنانی) بە بەشێك لەبەرژەوەندیە ژیانیەکان دادەنرێت.

ئەمریکا بۆدرێژەدان بەژیانی ئابوری و بەرگری نەتەوەیی قورسایی خستۆتە سەر بۆشایی ئاسمان. تەکنۆلۆژیای فەزایی, لەوانە سیستمی دیاریکردنی شوێنگەی جیهانی (GPS) لەپێش هەمویانەوە شۆڕشێکیان لەپشەسازی سەرەك وڵاتدا بەدیهێناوە. چالاکیە نیزامی و زانیارییەکانی وڵاتیش وابەستەییەکی گەورەی بە بۆشایی ئاسمانەوە دروستکردوە. داڕشتنی بیرۆکەی نیزامیانەی پشت ئەستور بەتوانستی زانیاری دەسەڵاتی ئەمریکا لەبۆشایی ئاسمان مەیسەر دەکات. هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان وەك (پانتاییەکی زۆر

www.pertwk.com

گونجاو) بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی فەرماندەیکردن, چاودێری, ئینتەرنێت, پەیوەندیگرتن, زانیاری‌و ناساندن بۆشایی ئاسمان بەرکاردەخەن. سوپای ئەمریکا ناتوانێت بەبێ پشت بەستن بەسیستەمەکانی لە بۆشایی ئاسماندا جێگیرن بەشداری لەهیچ چالاکیەکی سەرەکی لەهیچ خاڵێکی جیهاندا بکات.

توخمە بنەڕەتیەکانی پەیوەستن بە بابەتەکانی پوچەڵکردنەوەی ستراتیژیانەی ئەمریکاو هەروەها سیستەمەکانی زانیاری, چاودێریکردن‌و ناساندن, کە بۆ ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی هەلومەرجێکی ستراتیژیانەی غافڵگیری بەهێز مایەی ژیانن, لە بۆشایی ئاسماندا وەك خۆیان دەمێننەوە. بۆشایی ئاسمان بەپارچەیەکی گرنگی سیستمێکی (بەرگری قەڵغانی) دادەنرێت, کە دەگونجێت ئەمریکا بۆ ڕوبەڕو بونەوەی مەترسی موشەکە بالیستیەکان تا بیست‌و پێنج ساڵی ئاینده بەجێگیری بیهێڵێتەوە.

لەبەرهەمان هۆ بیناسازی ئاسمانی ئەمریکا, یان بەواتایەکی دی ژێرخانی پێویست بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئۆپراسیۆن لە بۆشایی ئاسمان, دەبێت بۆ بدەستهێنانی ئامانجی چەند لایەنەی بازرگانی‌و کۆمەڵایەتی‌و سەربازو زانیاری کۆکردنەوە بێت. پارێزگاریکردن لەم سیستمە لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی ئەمڕۆ دەبینرێن دەبێت زامن بکرێت.

باڵادەستی ئێستای ئەمریکا بەداخەوە دورە بەردەوام بێت. زۆر لە وڵاتەکان خاوەنی توانستی بۆشایی ئاسمانین, یان دەستیان بە بۆشایی ئاسمان ڕادەگات. ژمارەیەکی کەم لە وڵاتەکان هەر لەسەرەتاوە بونە خاوەنی تەکنۆلۆژیای مانگی دەستکردو خۆپڕچەك کردنی پێویست بۆ مەترسی خستنە سەر ئامادەکارییەکانی ئەمریکا لە بۆشایی ئاسمان و بەتێپەڕینی کاتیش ژمارەی ئەوانە زیاد دەکات.

دەبێت ئەمریکا بۆ پێناسەکردنی ستراتیژی فەزایی خۆی لەنێوان دوو ئامانجی هاوبەندا هاوسەنگی دروست بکات. لەلایەکەوە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی



بۆشایی ئاسمان بۆ ئەمریکا بەکارێکی ئاقڵانی دادەنرێت. وەزارەتی بەرگری ئاستی ئەم کۆنترۆڵکردنەی بەمجۆرە پێناسە کردوە : بڕی دەسەڵاتی هێزێکە بەسەر هێزێکی دیدا لە بۆشایی ئاسمان، کەبوار دەڕەخسێنێت بۆ هێزی دەسەڵاتدارو هێزی سێ لایەنەی زەمینی‌و دەریایی‌و ئاسمانی تا لەکات‌و شوێنێکی دیاریکراودا بەبێ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هەنگاوی بەرپەرچدانەوەی هێزی نەیار بتوانێت ئۆپراسیۆن ئەنجام بدات[11]. لەلایەکی دییەوە, دەبێت ئەمریکا درێژە بە پارێزگاریکردنی لەهزرە هەمەکیەکانی نێودەوڵەتی بدات, کە بۆشایی ئاسمان بەقەڵەمڕەوێکی جیهانی دادەنێت. قەڵەمڕەوێك کە هەموو وڵاتەکان دەتوانن ئازادانە درێژە بەچالاکیە ئاشتیخوازەکانی خۆیانی تێدا بدەن. کێشەکە لەوەدایە کەهەنگاوە یەك لایەنیەکانی ئەمریکا بۆ دەسەبەرکردنی دەسەڵاتی سوپایی لە بۆشایی ئاسمان لەوانەیە لەلای ئەوانی دیی وەك بێبەشکردنی ئەوان لەدەستڕاگەیشتنیان بە بۆشایی ئاسمان و ئازادی کارکردن لەوبوارەدا وەربگیرێت. تەنانەت ئەگەر ئەمریکا هەرگیز ئەم توانایەی خۆی بەرکارنەخست, ئەم کێشەیە دەتوانێ واشنتۆن لەکاروانی دامەزراندنی پانتاییەکی نێودەوڵەتی ئارام‌و یەکسان لە بۆشایی ئاسماندا دوچاری ئاستەنگ بکات. ئەمریکا بۆشایی ئاسمان بەبوارێکی هاوبەشی جیهانی دەناسێنێت, بەڵام ئەگەر لەهەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر لەزەمینەی ئاسمانیدا نەبین, مەترسی ڕوبەڕوبونەوەی هێرشی غافڵگیرانەو تێکشکانی سەربازی لەهەلومەرجە قەیراناوییەکاندا لەئارادا دەبێت.

بەلایەنی کەمەوە, بڕوای ئەم ئەنجومەنە بەمجۆرەیە کەدەبێت ئەمریکا تەقەلای بەدەستهێنانی توانستی بەهێز بدات لەبوارەکانی چالاکی فەرماندەیی, چاودێری, ئینتەرنێت, پەیوەندییەکان, زانیاری‌و ناساندن, کە لەسەر زەمین‌و بۆشایی ئاسماندا جێگیر بکرێن. لەبەرئەوەی پەرەپێدانی توانا ئاسمانیەکان ماوەیەکی زۆریان دەوێت, ئەمریکا دەبێت لەحاڵەتی پێویستداو لەماوەیەکی کورت یان

www.pertwk.com

مامناوەندیدا هەنگاوی پێویست بنێت بۆ پارێزگاریکردن لەوئامادەکارییانەی لەچوارچێوەی مافە نێودەوڵەتیەکان لەبۆشایی ئاسماندا جێگیرکراون[12].

لەدیدی ئێمەوە, ئێستا کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم خاڵەیە : یەکەم، چالاکیەکانو ئامادەکارییە فەزاییەکان بۆ پێداویستیە فراوانەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا چ سودێکیان هەیە؟ دوەم، دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنو کۆنترۆڵکردنی ئامادەکارییەکانی ناو بۆشایی ئاسمان چۆن ڕێکخراوە؟ . هەڵسەنگاندنەوەی دوبارەی خاڵی یەکەم لەو ڕوەوە پێویستە, کەزانستو تەکنۆلۆژیا بەرەو دروستکردنی دەوروبەرێکی نوێو بەمۆدێرنیزەکراو هەنگاودەنێن. ئەم تازەگەریانە خاوەنی پەیامی بازرگانیو سەربازین, کە ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە کاریگەری ئەم دوە بەرامبەر یەکدی بەتەواوی دەرك پێبکەین. هەڵسەنگاندنی دوبارەی خاڵی دوەم بەو هۆیەوە پێویستە کە ڕاستگۆیانە بڵێین– هەلومەرجی ئێستا مایەی ڕەزامەندی نییە.

لەڕاستیدا کۆمیتەو دەستەی دیش لەو دوایانەدا ئاوڕیان لەپرسەکانی پەیوەست بە بۆشایی ئاسمانیان داوەتەوە, یان لەحاڵەتی لێکۆڵینەوەیدانو ئەم کارەش بەشێوەیەکی گشتگیرانەتر لەوەی ئەم ئەنجومەنە کردویەتی ئەنجام دەدەن.

ئێمە بۆ پشتگیریکردنی هەنگاوەکانی ئەم دامەزراوانە ئەوجۆرە ڕاسپاردانە پێشکەش دەکەین کە بەشێویەکی تایبەتی وابەستەی پرسی دامەزراوەییو پرۆسەیە.

لەئێستادا شتێك بەناوی دامەزراوەی وێنەیی زانیاری نەتەوەیی بۆ ئاییندە (Future Imagery Architecture) لەئارادایە,بەڵام جێگەی داخە ئەم سیستمە ئامڕازی تەواوی لەبەردەستدا نیە بۆ وەرگرتن یان بڵاوکردنەوەی هەمو زانیارییەك، کە بۆ کڕیارەکان لەکۆمەڵگای زانیاریو وەزارەتی بەرگری کۆکراوەتەوە.



بۆچارەسەر کردنی ئەم گرفتانە پێویست بە بودجەیەکی چەند ملیار دۆلاری دەکات, بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێك بۆ دابینکردنی ئەم بودجەیە نەنراوە. بۆیە ئێستا کۆکردنەوەی زانیاری نەتەوەیی وێەییو وەرگرتنو بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییە بەشێوەیەکی تەواو کامڵ نییە. (ڕێکخراوی ناساندنی نەتەوەیی) (National Reconnaissance office)و ئاژانسی نەتەوەیی وێنەییو نەخشەسازی (National Imagery and Mapping Agency) نەیانتوانیوە زانیاریی وێنەیی پێویست بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کۆبکەنەوە.

بەوجۆرەی کەئێستا دەبینرێت, دامەزراوەی بەرگری نەتەوەیی موشەکی (Notionol Imissile Deffense- MMD) تائیستاش لەسەر ڕوبەروبونەوە وەستاوە نەك دامەزراندنی دامەزراوەیەك کەتیایدا هەموو پارچەکانی زانیاری نەتەوەیی و زانیاری بەرگری پێکەوە یەکجۆربن, یان دامەزراوەیەك بێت کە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی پێش ڕوبەروبونەوەو دوای ڕوبەڕوبونەوە و هەروەها چالاکیەکانی پەیوەست بەدوبارەی ڕێکخستنەوەی لەئەستۆ بێت. چالاکیەکانی دی بۆشایی ئاسمان، لەوانە چالاکیەکانی ناساو بەڕیوەبەرێتی نەتەوەیی لێکۆڵینەوە لەکاروباری ئۆقیانوسەکان و کەشی زەویش ئاوڕێکی کەمیان لە داڕشتنی دامەزراوەی فەزایی نەتەوەیی داوەتەوە. چالاکیە بازرگانیە فەزاییەکانیش هەمان هەلومەرجیان هەیە.

لەناو وەزارەتی بەرگریدا دامەزراوەیەکی فەزایی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە (National Secvrity Space Architect), کە ئەرکەکەی گەڵاڵەکردنی ژێرخانی بەرگری بۆشایی ئاسمان و زانیاری وڵاتو چاودێری کردنێتی. دامەزراوەی بۆشایی ئاسمان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێستادا زانیارییەکانی بەیاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری فەرماندەیی و کۆنترۆڵ و پەیوەندی زانیارییەکان پێشکەش دەکاتو چالاکی لەبواری

www.pertwk.com

هەماهەنگی کردن لەگەڵ سەرۆکی (CIA) و بەشی بەڕێوەبەرایەتی کۆکردنەوەی زانیاری‌و پرسەکانی پەیوەست بەم ڕێکخراوەوە ئەنجام دەدات.

ئەم دامەزراوەیە ئامڕازی پێویستی لەبەردەمدا نیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر دامەزراوەی زانیاری بۆشایی ئاسمان یان بونیادە نەبەستراوەکان بەوەزارەتی بەرگرییەوە, ناتوانێت کاریگەریی هێندەی هەبێت لەسەر بڕیارە دراوەکانی وەزارەتەکانی دی‌و دامەزراوەکان. سەرەڕای ئەوە, ڕێگایەکی ڕاستی بۆ بەرنامەو بودجەکان نییە, لەبەرئەوە ناتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوتی تایبەتکردنی بودجەش هەبێت. لەوڕووەوە ئەم ئەنجومەنە پێشنیاز دەکات کە دامەزراوەی بۆشایی ئاسمان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەوەزارەتی بەرگرییەوە بۆ لای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بگوێزرێتەوەو پڕۆسەی چالاکیەکانی بخرێتە سەر ئەو دەزگایە.

لەگەڵ ئەوەشدا, گرفتی ڕێکخستن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بۆشایی ئاسمان دەبێت لەئاستە نزمترەکانی دامەزراوەکانی ناو دەوڵەتیشەوە سەیر بکرێت. لە وەزارەتی بەرگریدا بەرپرسیارێتی داڕشتن‌و جێبەجێکردنی سیاسەتی بۆشایی ئاسمان و چاودێری کردنی لەنێوان ڕەگەزی جۆراوجۆری نوسینگەی وەزیری بەرگریدا دابەش بوە. ئێمە پێشنیاز دەکەین بەرێوەبەرێتییەکی چاودێری چالاکیەکانی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدان و دابینکردنی ئامادەکاری نیزامی‌و سودمەندبون لەئامادە کارییەکانی ئەمریکا لە بۆشایی ئاسماندا بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی دابمەزرێت. ئەم بەڕێوەبەرێتیە هەروەها دەبێت بەرپرسیارێتی هەماهەنگی چالاکی زانیاری سوپاو پرۆسەی پێویست بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەهۆی بێسیمەوە, هەم لەناو وەزارەت‌و هەم لەناو کۆمەڵگەی زانیاریدا لە ئەستۆدا بێت. بەمپێیە بەرێوەبەرێتی ناوبراو دەبێت سیاسەتی بۆشایی ئاسمان و زانیارییەکان‌و سیاسەتەکانی پەیوەست بەدامەزراوەی بۆشایی ئاسمانەوە، کەلە دیدی بەرگریانەوە داڕێژراوە لەگەڵ ئەو پرسانە لەسەر ئاستی ناودەوڵەت



هاوهەنگاو بکات. لەسەر ئەم بنچینەیە, وەزارەت هەم لەناو کۆمەڵگەکانی زانیاری‌و سیاسەتەکانی پەیوەست بە دامەزراوەی بۆشایی ئاسمان لەسەر ئاستی ناودەوڵەت, کە لە دیدی بەرگریانەوە داڕێژراوەو لەگەڵ ئەو پرسانە هاوهەنگاو بکات. لەسەر ئەم بنچینەیە, وەزارەتی بەرگری ڕادەسپێرین کە یاریدەدەرێتیەك بۆ وەزیری بەرگری دابمەزرێنێت بۆ کاروباری بۆشایی ئاسمان و جاسوسی و زانیاری لەڕێگەی هەڵسەنگاندنەوەی ئەرکەکانی ئێستاوە.

کۆمەڵە مانگە دەستکردەکانی بۆشایی ئاسمان و دامەزراوە پشتیوانیەکانی سەر زەوی بەپڕبەهاترین دامەزراوەی ژێرخانی وڵات وهەروەها بەبەشێك لەزیاناویترین تواناکانی ئەمریکا دادەنرێت. لەهیچ بوارێکدا وەك بۆشایی ئاسمان توانستی بەرگریمان پشتی بەنائارامی لەوجۆرە نەبەستوە. تەنانەت لەگەڵ بونی سیستمی ئاگادارکەرەوەو ئامادەکردنی زانیاری وێنەیی بێگومان کەگرنگی زۆریان هەیە, ئایدیاڵی پاراستنی تەواو عەیاری دامەزراوە ژێرخانەکان, کە لەبەشی یەکەمدا جەختی لەسەر کرایەوە, دەبێت بەتۆڕی بۆشایی ئاسمانی ئەمریکاشەوە ببەسترێتەوە. ڕەنگدانەوەی پشتبەستنی ئەمریکا بەدواین ئەنجامگیرییەکان دەیسەلمێنێت (ئەنجومەنی هەڵسەنگاندنی بەرێوەبردن و ڕێکخستنی چالاکیەکانی بۆشایی ئاسمان بۆ پاراستنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا) و گەشەسەندنی سەرمایەگوزاری لەبواری پاراستنی توانا ئاسمانیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دامەزراندنی تۆڕێکی چاودێری لەئاسماندا پێشنیاز دەکات.

تۆڕێکی لەوجۆرە لەهەنگاوی یەکەمدا پێویست بەوە دەکات ئەمریکا بتوانێت ئاگاداری پێشوەختانەی هێرشکردنە سەر سیستمەکانی بێت‌و پاشان کاردانەوە بنوێنێت. شێوازەکانی پارێزگاریکردن دەبێت پەرەپێبدرێت و پراکتیك بکرێت. دەستڕاگەیشتنی دەوڵەت بە بۆشایی ئاسمان دەبێت بەجۆرێك فراوان بکرێت کە لەڕوی ئابورییەوە سودبەخش بێت. چەندی توانستەکانی ئەمریکا لەسەرئاستی

www.pertwk.com

ئەنجامدانی هێرشی سوپایی لەئاسمانەوە بێ کەموکوڕی بێت, توانای ئەم وڵاتە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بۆشایی ئاسمان و ژیاندنەوەی سیستمەکان پاش دوچاری هێرشبون و کەم کردنەوەی زیانەکان بەخۆتردەبن. ئەنجومەن بەسوربونەوە ڕادەسپێرێت ڕەوتی مۆدێرنکردنی تواناکانی وڵات لەسەر ئاستی ئەنجامدانی هێرشی سوپایی لە بۆشایی ئاسمانەوە پەلەی تێدا بکرێت.

### "کۆمەڵگەی زانیاری"

بنەمای دامەزراوەی کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا پێویستی بە گۆڕانکاری نییە. ئەم کۆمەڵگەیە زۆر لەو ڕاسپاردانەی لەلایەن دامەزراوەکانی دییەوە کراون پیادەکراوە. ئەنجومەن زیاتر ئاوڕ لەوگۆڕانکاریانەی سیاسەتی زانیاری و ئۆپراسیۆن و سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەوڕاسپاردانە دەداتەوە، کەلەبەشەکانی دی ئەم نوسراوەدا هاتون.

لەهەمان کاتدا بەهۆی بەشداری بەجێوڕێی کۆمەڵگەی زانیاری لەکاری سیاسەتدانان و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان تازیارێکی گەورەی پێبەخشراوە, کەچی نەیتوانیوە سەبارەت بەتاقیکردنەوەی ئەتۆمی هیندستان ئاگاداری بدات, یان پێشبینی گەشەکردنی خێرای توانای موشەکی ئەتۆمی ئێران و کۆریای باکور بکات. ڕێکخراوە زانیاری‌و هەواڵگریەکانی ئەمریکا چەندین جار بێتوانایی خۆیان بەرامبەر بەوەڵامدانەوەی پێداویستی ڕوو لەگەشەکردنی ئەو ڕێکخراوانە پیشانداوە، کەهەوڵدەدەن کار لەسەر گرفتی گەورەو ئاڵۆزتر بکەن. کەمبونەوەی بەرچاوی سەرچاوەی زانیاریی مرۆیی لەدەیەی دواییدا ناچاری کردوین هاوسەنگیەکی مەترسیدار لەنێوان وڵاتەکان و ناوچەکانی بەرکێڕقی زانیاری و ئەوبەرەنگارییانەی لەسەر ڕێگای ئەمریکادان دروست بکەین. جەنگاوەران لەمەیدانی شەڕدا زۆرجار بەهۆی ئەوەی زاینای وردو شڕۆڤەکراوی پێویست



بەدەستیان ناگات نائومێد دەبن. ئەمە لەکاتێکدایە کەدەزانن ئەم زانیاریانە لەسیستمی زانیاری وڵاتدا هەیە.

مایەی سەرسوڕمان نییە لەگەڵ ڕمانی دیواری بەرلیندا کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا سەنتەری خۆی لەدەستداوە. لەوکاتەوە تا ئێستا سێ گرفتی تریش بۆ بەرەنگاربونەکانمان زیاد بوە. یەکەم, جیهانی ئەمڕۆ شوێنێکە مەترسی ئاڵۆزی بەربڵاوتری دروستکردوەو بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵیاندا پێویست بەهەمەڕەنگی زانیاری‌و ئامرازی نوێ هەیە. دوەم, سەرچاوەکانی بەردەستی ئەمریکا, چ سەرچاوەی دارایی چ سەرچاوەی مرۆیی کەمبونەتەوە. سێیەم, مەترسی چالاکیە تیرۆرییەکان‌و بڵاوبونەوەی چەکی کۆکوژو هەروەها ململانێی نەتەوەیی و کارەساتی مرۆیی بونەتە هۆی ئەوەی کە سەرمایەدارانی ئەمریکا زیاتر لە بیری دامەزراندنی سیستمێکی ئاگادارکەرەوەو بەڕێوەبردنی قەیراندا بن تا ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو شڕۆڤەکارییەکی ماوە درێژ.

سەرئەنجام، ئەو سێ‌گۆڕانەی باسکرا زیاتربونی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی زانیارییە بەبەراورد لەگەڵ دوو دەیەی ڕابردو. ئەم پێداویستیانەش لەکرپارانی سوپاییەوە سەریانهەڵداوە, بۆیە کۆمەڵگەی زانیاری بەبەراورد لەگەڵ دوو دەیەی ڕابردو پەیرەوی لە سیاسەتێکی سنوردارترو ماوەکورتتر دەکات. بەسەرنجدان لەناتەواوی سەرچاوەکان, ئەمە بەو واتایەیە کە ئاوڕی تەواو لەناوچەو گۆڕانکاری گرنگ لەجیهاندا نادرێتەوە, کۆمەڵگەی زانیاری ئەرکەکانی خۆی لەسەرئاستی ئەنجامی شڕۆڤەکردنێکی هەمەگیرتر بەڕێوە نابات ، کەلای هەموان پەسەندەو دەتوانێت پیادەی بکات .

ئەم ئەنجومەنە جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوە کە دەبێت بەرنامەڕێژی ستراتیژانە لە هەموو دامەزراوەکانی سەربەئاسایشی نەتەوەیی وڵاتدا بناسرێت و پیادە بکرێت. هەروەها جەخت لەسەر گرنگی ژیانی سیاسەتی ڕێگریکردن

www.pertwk.com

دەکەینەوە. هەردوو ئەم بابەتە پێویستیان بەبەرهەمەکانی کۆمەڵگەی زانیاری هەیە، تابتوانن پشتیوانی لە ئەفراندنی لەوجۆرە بکەن، بەڵام ڕەوتەکانی ئێستا بەئاڕاستەیەکی پێچەوانە دەجوڵێن.

ئەم ئەنجومەنە گرنگیەکی زۆری بەبەشەکانی دیبلۆماسیەت, بەتایبەتی ئابوری هونەری وڵاتداری لەئەمریکا داوە. دەبێت هەموو کۆمەڵگەی زانیاری ڕادەی تەقەلاکانی لەسەر ئاستی نیزامیو پلەبەپلە لەوبالاتر لەسەر ئاستی ئابوری درێژەپێبدات. لەجیهانێکدا کە گەشەکردنی زانستو تەکنۆلۆژیای تایبەت بەیەکێك لەتوانا بەرچاوەکانی وڵاتێك دادەنرێت, دەبێت کۆمەڵگەی زانیاری هەرلەسەرەتاوە نیگەرانی ئاسایشی تەکنۆلۆژیای ویلایەتە یەکگرتوەکان بێت, بەتایبەتی پەیوەندییە فەزاییەکان. بەداخەوە لەم بوارەشدا ئەم کۆمەڵگەیە نەك بەئاڕاستەی نزیکبونەوە لە پێداویستیەکان بەڵکو بەئاڕاستەی دورکەوتنەوە لێیان دەجوڵێت. سەرچاوەی تایبەتکراو بۆ چارەسەرکردنی لەوجۆرە پرسە ئابوریو تەکنیکیە لەحاڵەتی کەمبونەوەدایە.

بۆ وەڵامدانەوەی بەرەنگاربونەوەی لەوجۆرە هەندێك لەڕێگەی ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوەییەوە پێشنیازی بەهێزکردنی سەرۆکایەتی (CIA) یان کردوە, لەوانەش پێدانی دەسەڵاتی زیاتر لەبواری داڕشتنی بودجەو کۆنترۆڵکردنی زیاتری پێرسناڵی کار لەهەموو کۆمەڵگەی زانیاریدا. بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو هەوڵەی ئێستا بۆ بەهێزکردنی بەرێوەبەرێتی کۆمەڵگەی زانیاری و لەهەمان کاتدا درێژەدان بەپەیوەندی پراکتیکانەی نێوان سەرکۆمارو سەرۆکی (CIA) و وەزیری بەرگری لەحاڵەتی بەئەنجامگەیاندندایە. ئێمە پێشنیاز سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی دامەزراوەیی ناکەین, بەڵام لەسەر ئاستی



بەهێزکردنی ڕۆڵی سەرۆکی (CIA) و کارامەکردنی ئەو پڕۆسەیەی سەرەوە پێشنیازمان هەیە.

یاسای ئاسایشی نەتەوەیی دەنگ لەسەر دراویساڵی (1947) بەرپرسیارێتی ڕێنوێنیکردنی چالاکی زانیارییەکانی خستۆتە ئەستۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. دەوڵەتە جیاوازەکان لەپراکتیکدا شێوازی جۆراوجۆریان لەهەمبەر ئەم چالاکیانە گرتۆتەبەر. بەجۆرێ هەندێجار سەرەتای کاریان بەچالاکی کۆکردنەوەو شرۆڤەکاری زانیاری داوە, هەندێکجاریش لەکاتی سەرهەڵدانی قەیراندا بەتەواوی لەسەر هەماهەنگ کردن لەسەر ئاستی خستنە ڕوی کاردانەوەی زانیاری چەقیان بەستوە.

بۆ بەدەستهێنانی ستراتیژێکی داڕێژراو, کەلەبەشی دووەمی وتاری ئەم ئەنجومەندا هاتوە, کاریگەرترکردنی پێشنیازەکانی ئەم بەشە لەسەر ئاستی دابینکردنی بودجە, دەبێت ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر لەدیاریکردنی سەرەتاکانی زانیاری نەتەوەیی بدرێت. لەوبارەیەوە پێنشنیاز دەکەین:

**( سەرکۆمار دەستور بەسەرۆکی (CIA) بدات بەپێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سەرەتاکانی زانیاری دیاری بکات".**

لەم بارەیەوە ئێمە دوبارە ئەنجامگیریەکانی لیژنەی پێکهێنراو سەبارەت بەدیاریکردنی ڕۆڵ و تواناکانی کۆمەڵگەی ویلایەتە یەکگرتوەکان– لیژنەی براون رادمن– بەگوێدا دەدەینەوە. لەهەمان کاتدا نامانەوێت چۆنیەتی بەکارخستنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن سەرکۆمارەکانی ئایندەوە بەسەریاندا بسەپێنین, بەڵام لەوباوەڕەداین ئەمە ئەرکێکە مایەی ژیانەو دەبێت بەباشترین شێوە ئەنجام بدرێت. دەبێت پشکەکانی سەرکۆمار لەبواری دیاریکردنی

www.pertwk.com

سەرەتاكانی ستراتیژی زانیاری لەڕێگەی هاوكاری بەردەوامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ سەرۆكی (CIA) ئەنجام بدرێت. سەرۆكی (CIA) یش دەتوانێت سود لەهەمان هاوكاری بۆ دیاریكردنی سەرەتاكانی دەربارەی كۆكردنەوەو شرۆڤەكاری زانیاری وەربگرێت. گرنگی پێدانی لەوجۆرە, هەماهەنگی تەواو لەنێوان سیاسەتمەداران و هەوڵەكانی كۆمەڵگەی زانیاری زامن دەكات. لەكاتێكدا كە سیاسەتمەداران خۆیان بەبەشێك لە پرۆسەی زانیاری بزانن, كۆمەڵگەی زانیاریش دەبێتە خاوەنی پارێزگاریكردنێكی زیاتر. لەوباوەڕەداین ئەم ڕەوتە لەگەڵ پێكهێنانی بەڕێوەبەرێتیەكی بەرنامە ڕێژی ستراتیژی لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا (هەروەك لەبەشی ئەنجومەنی نەتەوەییدا پێشنیار كرا) ئەنجامی پێویست بەدەستدەهێنێت. خاڵی گرنگ ئەمەیە كەدەبێت ڕێنماییە سیاسی و ستراتیژییەكانی كۆمەڵگەی زانیاری هاوكات و هەماهەنگانە دابڕێژرێت.ئێمە جەختمان لەسەر گرنگی پاراستنی ئاسایشی وڵات لەسەدەی نوێدا كردەوە, بەتایبەتی پێمان لەسەر ئەوە داگرت كەلەڕوی زانیارییەوە دەبێت پێشتر بخرێت, بەو واتایەی كەدەبێت توانای ئەمریكا بۆ بەكارهێنانی سەرچاوەی زانیاری لەڕوی مرۆییەوە بەهێزتر بكرێت. ئەم پرۆسەیە دەسەبەری دڵنیایی دەسەڵاتی بەشداربوان لەچالاكیە نهێنیەكانی زانیاری ودانانی كەسانی دەرەكی وەك فەرمانبەر دەكات, كە بۆكۆكردنەوەی زانیاری گرنگ دەربارەی تیرۆریزم و ئەو مەترسیانەی دی كە هەڕەشە لەوڵات دەكەن باشترین توانایان هەیە.

لەپاڵ لیژنەی نەتەوەیی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزم, لەو بڕوایەداین كە دەبێت ئەو ڕێنماییانەی لەئارادان بۆ بەركارخستنی لایەنگرانی دەرەكی جارێكیتر چاویان پێدابخشێنرێتەوە, تا گومان نەمێنێت كەئەم كەسانە هاوكات لەگەڵ



ڕێزگرتنی یاساو مافی مرۆڤدا لەبواری كۆكردنەوەی زانیاری و ڕۆڵەكان و شێوازە تێرۆریستەكان توانای كۆمەڵگەی زانیاری بۆ بالاترین پلە بەرز بكەنەوە. ئێمە پێداویستی پیادەكردنی پێودانگە بنەڕەتیە ئەخلاقیەكان لەهەموو هەنگاوێكی دەوڵەتی ئەمریكادا پەسند دەكەین. بەڵام بۆ نمونە كەسانێكی كەدەتوانن بەباشترین شێوە یاریدەمان بدەن بۆ خۆهەڵقورتاندن لە ڕێكخراوە تیرۆریستیەكان, ناتوانرێت لەڕوی ئەخلاقیەوە بەهاوڵاتیەكی كامڵ و بێكەموكوڕ ونمونەی بەرزی مۆراڵی دابنرێت. لەداڕشتنی بڕیاری ئۆپراسیۆن لەم بوارەدا دەبێت لەنێوان بەرژەوەندیییەكانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكاو بزوێنەری پاراستنی بەهاو بنەماكانی ئەم وڵاتەدا هاوسەنگی ڕەچاو بكرێت. بەوهۆیەوە پێشنیاز دەكەین :

**( سەرۆكی (CIA) وەك سەرەتایەكی كۆمەڵگەی زانیاری وڵات جەخت لەسەر لەئەستۆگرتنی سەرچاوەی زانیاری سەبارەت بە تیرۆریزم بكاتەوە, لەم بایەرەیەوە بێگومان بێت كە لەبارەی داڕشتنی ڕێنماییەكانی زانیارییەوە لەنێوان پێداویستیەكانی دابینكردنی ئاسایش و ڕێزگرتن لە بنەماو بەهاكانی میللەتی ئەمریكاوە هاوسەنگی بەرقەرارە.)**

سەرۆكی (CIA)یش دەبێت سەرەتایەكی زیاتر بەشرۆڤەكردنی ڕەوتەكانی ئابوری و زانستی و تەكنۆلۆژیا بدات, واتە ئەو بوارەی كەكۆمەڵگەی زانیاری ئەمریكا لەتوانای تەواوی ئەو ڕەوتە بێبەشە. لەگەڵ ئەوەدا كە پاش قەیرانی دارایی لە ئاسیادا پێشكەوتن ڕویداوە, بەڵام ئاڵوگۆڕی ئابوری و زانستی لە جیهاندا هێندە خێراو بەرچاوە كە دەبێت ئەمریكا بۆ دەرككردن بەڕوداوە جیهانیەكان ئامرازی نوێ بەركاربخات. وەزارەتی خەزنەداری لەم بوارەدا تەقەلای بەرچاوی داوە, بەڵام هێشتا ڕێگایەكی درێژی لەپێشدایە. دەبێت ئەم وەزارەتەو

www.pertwk.com

دەزگای (CIA) یش لەبواری ئەوقەیرانەدا زیاتر پێکەوە هاوهەنگاو بن. لەمبارەیەوە ڕادەسپێرین کە:

**( کۆمەڵگەی زانیاری جارێکی تر جەخت لەسەر کۆکردنەوەی زانیاریو شرۆڤەکردنی سەبارەت بە بزواندنە ئابوری، زانستی، تەکنۆلۆژیو ئاسایشی وڵات بکاتەوە, لەپرۆسەی ئامادەکردنی شرۆڤەکردنەکانیدا سەرچاوەی زانیاری بەرفراوانترو بێسنورتر بەکاربهێنێت. پێویستە کۆنگرێسیش پشتگیری لەزیادکردنی بودجە بەرنامەی نەتەوەیی زانیاری دەرەکی بۆکۆکردنەوەو شرۆڤەکردنی بکات.))**

بۆدرێژەدان بەدەسەڵاتی ئەمریکا لەسەر ئاستە سروشتیولەهەمان کاتدا دروستکردنی توانای نوێ, دەبێت سەرکۆمارو کۆنگرێس بەرایی بەزانیاری ئابوریو زانستیو تەکنۆلۆژی بدەن. پێویستە لەسەرمان بودجەی گشتی لەو بوارەدا بەڕادەیەکی باش زیاد بکەین, سەرۆکی (CIA) لەڕەوتی چاکترکردنی کۆکردنەوەو شرۆڤەی زانیاری جەخت بکاتەوە. ئەم پرسە لەلای خۆیەوە پێویستی بە ئەنجامدانی سەرمایەگوزاری سەرەکیە بۆ گەشەپێدانی توانستی مەودا درێژەی کۆمەڵگەی زانیاری لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی زانیاری, بەڵام ئەم توانستانە هەرچۆنێك بێت بۆ پشتگیریکردنی بەرنامەڕێژی ستراتیژانە، کە بەدرێژایی ئەم باسە جەختی لەسەر کراوەتەوە، گرنگی زۆریان هەیە.

بۆبەدەستهێنانی لێکدانەوەی باشتر لەبواری نانیزامیدا, سەرچاوەی ئاشکراو ڕاگەیەندراوی زانیاری بەشێکی گرنگ لەم بوارەدا پێکدەهێنێت بۆ ڕوبەڕو بونەوەی زۆر لەبەرەنگاربونەوە نوێیەکان, بەتایبەتی بەرەنگاربونەوەی ئابوریو زانستیو تەکنۆلۆژیا. دەبێت سەرنجی زیاتر لە سەرمایەی زیانیاری بدەین,



کەلەسەر ئاستێکی بەرفراوانو بێسنور لەبەردەستماندایە. تێڕامانێکی کورت لە کۆمەڵگەی زانیاری لەپێشبینیکردنی بۆ تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکانی هندستان, لەکاتێکدا کە بڵاوکراوەکان پێش زانیارییەکان لەو بارەیەوە بڵاویان کردبۆوە, باس لەگرنگی توانستی سودوەرگرتن لەزانیاری بەرفراوانو بێسنورو پەیوەست بەپرسە ئاساییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەکات.

لەبەرئەوە جەخت دەکەینەوە لەسەر بەهێزکردنی تواناکان بۆسودمەندبون لەسەرچاوەی زانیارییە مرۆییەکان و پەرەدان بەو هەوڵانەی دراوە لەسەر ئاستی ڕاڤەی زانیاری دەربارەی بابەتی جۆراوجۆرو گونجاندنی زانیاری ئاشکرا لەپرۆسەی شرۆڤەکردنی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لەهەموو سەرچاوەکانەوە. بەڵام بۆ دەسەبەرکردنی پێداویستیە زانیارییەکانی ئایندەی وڵات دەبێت پەرە بە توانستی تەکنۆلۆژیای کۆمەڵگەی زانیاریش بدرێت.

ماوەیەکی زۆر باڵادەستی تەکنۆلۆژیا لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا دانراوە. بەڵام هەندێك لەدامەزراوەکان لەناو بەرنامەی زانیاری دەرەکیدا تەنها لەسەدا سێ تا چواری بەدجەی خۆی بۆ هەموو لایەکی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانو تەنها لەسەدا یەکی بۆ بەرەوپێشبردن تەرخانکردوە. ئەمە نیشانەی ئافەتی خەرجی گشتی کۆمەڵگەی زانیارییە نەك پێودانگێکی ڕاستەقینە, لەکاتێکدا کەمافو تازیاری کارمەندانی ئەم کۆمەڵگەیە زۆرتر بوە. بۆ بەلاداخستنی گومان لەتایبەتکردنی بودجەی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان پێویستە هەوڵی هاوهەنگاوانە بدرێت.

لەهەمان کاتدا دەبێت کۆمەڵگەی زانیاری سەبارەت بەتواناکانی تەکنۆلۆژیاکەی بەنەزمێکی نوی بیربکاتەوە. لەکاتی جەنگی سارددا ئاژانسی

www.pertwk.com

ئاسایشی نەتەوەیی (National Security Agency)و دامەزراوەکانی دی بەبەکارهێنانی کەلوپەلی پێشکەوتوی هەواڵگریو ئەلکترۆنی زۆر سودمەندیان لە زانیارییە بەدەستهێنراوەکان وەرگرتوە. لەسەردەمی ئنتەرنێتدا تۆڕە جیهانیەکان و پەیوەندی کێبڵیو بێسیم بەشێوەیەکی بەربڵاو بەرکارخراوە, تەکنیکی گۆڕینی پەیامەکان بەرەمزیش زۆر پێشکەوتوە. بەسەرنجدان لەم هەموو ئاڵوگۆڕانە، کۆکردنەوەی زانیاری بەبەکارهێنانی ئاماژە هەواڵگرییەکان بەجۆرێکی گەورە سەختو دژواربوە. دەبێت ئەمریکا خاوەنی باشترین زەمینەو تواناکان بێت بۆ بێگومان بون لەوەی بەبێ لەدەستدانی نهێنی ولات زۆرترین زانیاری کۆبکاتەوە. هەروەها پێویستە ئەمریکا بۆ وەلامدانەوەی بەرەنگارییەکانی ئاینده, پێرسناڵی تەکنیکیو زانستی خاوەن دەسەڵاتی بالا بەرکار بخات. لەم بوارەدا, ئێمە پێشنیار دەکەین کەسەرۆکی (CIA) لەسەر ئاستە تەکنیکیەکان دەربارەی کارامەیی ئێستای توانای زانیارییەکان هەڵسەنگاندنێکی ستراتیژانە ئەنجام بدات, ئەم هەڵسەنگاندنە بخاتە بەردەم سەرکۆمار, تا لەوە دڵنیابێت کە کاری کۆکردنەوەی زانیاری لەهەموو ئاستەکاندا, بەتایبەتی ئاستەکانی پەیوەندی بە بۆشایی ئاسمان و تەکنۆلۆژیای هەواڵگری نوێوە هەیە دەتوانرێت بەباشترین شێوە ئەنجام بدرێت.

لەحاڵەتێکدا کە کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا لەهەموو بوارەکاندا بێتوانا بێت, چ لەبواری کۆکردنەوەی زانیاریو چ لەبواری شرۆڤەکردندا, دەبێت قولایی ڕوپۆشی زانیارییەکانی وەك خولی جەنگی سارد بەرفراوان بکات. بۆدرێژەدان بەم هەرەمی دەسەلاتە دەبێت بودجەو زانستو تایبەتمەندی زیاتر لەسەر ئاستی زانستی زانیاریو هەواڵگری بەرکاربخرێت. هەروەها پێویستە لەسەرمان بۆ



بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێی داهێنراوی بەرز هاوکاری کەرتی تایبەت بکەین.

بەگشتی, ئەم ئەنجومەنە بۆهەماهەنگی کردنی زیاد لەوەی بە بەرەنگاربونەوەی زانیارییە ناسەربازیەکان دراوە جەخت لەسەر زیادکردنی بودجەی بەرنامەی زانیاری دەرەکی دەکاتەوە. ئێمە هێشتا پێویستمان بەکۆکردنەوەی زانیاری سوپایش هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دابینکردنی ڕادەیەکی زیاتری بودجەکانی نییە. بۆ بەردەوامی بەخشین بەتوانستی تەکنۆلۆژیای کۆمەڵگەی زانیاریو دروستکردنی توانایەکی تاکانە لەسەر ئاستی زانیاری ناتوانرێت پشت لەپێداویستی بەرفراوانکردنی سەرچاوەی گشتی کۆمەڵگەی زانیاری بکرێت.

www.pertwk.com

## فه سلی پێنجه‌م

# پێداویستییه مرۆییه‌كانی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی

درێژه‌دان به‌ده‌سه‌ڵاتدارێتی ئه‌مریكا له‌جیهاندا به‌نده به‌چۆنایه‌تی كارمه‌ندانی ده‌وڵه‌تی ویلایه‌ته یه‌كگرتوه‌كانه‌وه له‌سه‌ر هه‌موو ئاسته‌كان – به‌نیزامی و نانیزامیشه‌وه –. ڕاده‌ی چاكی كارمه‌ندانی كه‌رتی گشتی ئه‌مریكا ژێرخانێكه ده‌بێت ستراتیژێكی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی كارامه‌ی له‌سه‌ر بونیات بنرێت. ئه‌مه‌ش به‌گشتی به‌و هۆیه‌وه‌یه كه سه‌ركه‌وتن له‌ئاینده‌دا پێویستی به‌باڵاده‌ستی ده‌بێت له‌بواری شاره‌زایی له‌ته‌كنیكی پێشكه‌وتودا، له‌ئابورییه‌وه بگره تا ئۆپراسیۆنی سه‌ربازی و هه‌روه‌ها باڵاده‌ستی به‌سه‌ر شێوازو چه‌مكه‌كانی به‌ڕێوه‌بردنی حكومه‌ت.

به‌ئاوڕدانه‌وه‌یه‌ك له‌وه‌ی پێشتر باسی لێوه‌كرا, ڕه‌وتی دابه‌زینی حه‌زو ئاره‌زوه‌كان بۆ ڕاژه‌كردن له‌ده‌وڵه‌تدا وه‌ك كارێكی شه‌ره‌فمه‌ندانه زۆر مایه‌ی نیگه‌رانییه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه ئه‌م گرفته له‌ناو وه‌زاره‌ت و دامه‌زراوه ده‌وڵه‌تیه‌كان و هێزی چه‌كداردا به‌شێوه‌ی جۆراوجۆر ڕێگری لێده‌كرێت، كه‌چی هه‌موو به‌ڕێوه‌به‌رێتی و دامه‌زراوه‌كان له‌بواری به‌ركارخستن و هێشتنه‌وه‌ی گه‌شاوه‌ترین ئاماده‌یی ئه‌مریكی دوچاری گرفتی له‌وجۆره دێن. ده‌كرێت ئه‌م گرفتانه بۆ چه‌ند فاكته‌رێك بگه‌ڕێنه‌وه :



– گه‌شه‌كردنی به‌رده‌وامی ئابوری ئه‌مریكا, كه هه‌لی زۆری كاركردنی له‌كه‌رتی تایبه‌ت فه‌راهه‌م كردوه. ئه‌م هه‌لی كاركردنانه– به‌به‌راوردكردن له‌گه‌ڵ هه‌لی هاوشێوه‌ی كاركردنی ده‌وڵه‌تی – ماف و خزمه‌تگوزارییه‌كی گه‌وره‌تر فه‌راهه‌م ده‌كات. هه‌روه‌ها گه‌ییشتنه پله‌ی باڵای به‌رپرسیارێتی و پێشكه‌وتو له‌شوێنگه‌كانی كاركردن له‌كه‌رتی تایبه‌ت له‌چاو ده‌وڵه‌تییدا، كه پێویست به‌بڕینی ئه‌ملاولای زۆر ده‌كات و ڕوبه‌ڕوی كه‌ندوكۆسپ و دواكه‌وتنی به‌رچاو ده‌بێته‌وه, به‌خێراییه‌كی زۆر زیاتر ده‌سه‌به‌ر ده‌كرێت.

– وشكی و دور ودرێژی و پێداگری ڕۆتینی ڕه‌واڵه‌تی پێرسناڵی ده‌وڵه‌تی، له‌وێنه‌ی (سیستمه‌كانی) پێدانی موچه, به‌رزكردنه‌وه, خانه‌نشینی و تازیاری كاركردن، زه‌مینه‌ی دڵساردی ئاره‌زومه‌ندان ده‌ڕه‌خسێنێت.

– نه‌مانی فاكته‌ری بزواندنی گشتگیر, كه‌وه‌ك خولی جه‌نگی سارد فاكته‌ربێت بۆ هاندانی ئه‌مه‌ریكیه نه‌ته‌وه‌په‌رسته‌كان بۆ خزمه‌تكردن به‌ده‌وڵه‌ت و خزمه‌تگوزارییه گشتییه‌كان.

– ڕه‌خنه‌ی به‌رده‌وام و به‌دواداچونی سیاسه‌تمه‌داران و ڕۆژنامه‌كان له‌كارمه‌ندان و دامه‌زراوه ده‌وڵه‌تیه‌كان, كه‌ده‌بێته هۆی زیادبونی ناڕه‌زایی و لاوازبونی هه‌ستی ڕێزگرتن و به‌شایسته‌دانانی كاروباری ده‌وڵه‌تی.

– وێناكردن و تێڕوانینی نێگه‌تیڤانه به‌رامبه‌ر به به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه ده‌وڵه‌تیه‌كان.

ئه‌وفاكته‌رانه‌ی كاریگه‌ری به‌رده‌وامیان به‌سه‌ر ڕاكێشان و به‌ركارخستن و هێزه‌كاندا سه‌پاندوه به‌ته‌واوی ڕون و له‌به‌رچاون. بۆ نمونه، ژماره‌ی داواكارانی به‌شداربون له‌ئه‌زمونی خزمه‌تگوزاری ده‌ره‌كیدا زۆر كه‌م بۆته‌وه‌و وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه ئاماژه به‌گرفتی به‌ربڵاوی پاراستنی هێزه‌كانی خۆی ده‌كات. كۆمه‌ڵگه‌ی تایبه‌تمه‌ندی زانست و ته‌كنۆلۆژیای زانیاری ڕوبه‌ڕوی گرفتی گه‌وره بۆته‌وه. توخم و به‌شه‌كانی (ناو) ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی و ئیداره‌كانی ده‌وڵه‌ت و هه‌مو

www.pertwk.com

وەزارەتەکانی دی ڕوبەڕوی هەمان گرفت هاتون, ئەم حەقیقەتەی کەوەزارەتو ئیدارە دەوڵەتیەکان – لەکاتێکدا کە شەپۆلی خانەنشینی کارمەندە کۆنەکان کارێکی حەتمیە – هەنگاوی ئەوتۆ لەبواری بەکارخستنو ڕاکێشانی هێزدا نانێن, ئەمەش بۆتەهۆی زیاتر تیژبونی ئەم گرفتانە. ئەو ڕەوتانەی باسکران لەپەیوەندییاندا لەگەڵ هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەکی گشتی کەلێنی ڕۆشنبیری نێوان نیزامیەکانو میللەتی (لەبواری گشتی خۆیدا) ، کەلەژێر کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی خزمەتی نیزامیو کارگوزاری ساڵی 1970 دایە، فراوانتر کردوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعەی کە توانستو تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیرانەی تاکی نیزامی ئەستونگەی توانای نەتەوەییو ڕابەرایەتیکردنی ئەمریکا بۆ جیهان پێکدەهێنن, لێرەدا جەخت لەسەرخواستی ئەنجومەن دەکەینەوە، کە لەقۆناغی دوەمی باسەکەدا هاتوە – بەرمەبنای ئەوە دەبێت "ویلایەتە یەکگرتوەکان پەیوەندیو پەیوەستیەکانی خەڵکی ئەمریکا لەگەڵ ئەو گروپە لەخەڵکی کەلەناو هێزە چەکدارەکاندا ڕاژەدەکەن بەهێز بکات.

## تەقەلا ومەیلی نەتەوەیی بۆ ڕاژەکردن بەوڵات

ئەنجومەن لەو باوەڕەدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی باسیان لێوەکرا هەوڵوتەقەلاو ویستێکی نەتەوەیی پێویستە بۆدوبارە ژیاندنەوەو بەهێزکردنی متمانەو ڕوی ڕاژەکردن بەوڵات بۆ کێشکردنی باشترین کەسانی ئەمریکی لەشوێنکاری نیزامیو نانیزامی دەوڵەتدا. هەنگاوی سەرەکیو بنەڕەتیانە لەم ڕێچکەیەدا دەبێت ژیاندنەوەی تێڕوانینی پۆزەتیڤانە بێت بەرامبەر بەئیداراتی دەوڵەت. دەبێت ئەم خاڵە لە بەرزترین ئاستدا ڕونبکرێتەوە, کە نابێت نائەقلانیەتو بێهودەبون لەسیاسەتەکان, یان دامەزراوە دەوڵەتیەکان بخرێنە بەردەم گروپی بچوکی کارمەندانی فیدراڵی. بەپێچەوانەوە دەبێت بەجۆرێکی



شایستە دەست بۆپرسەکان ببرێتو لەهەمان کاتیشدا دەبێت هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ پێداگرتن لەسەر گرنگی ئیدارەکانو دامەزراوە دەوڵەتیەکان. بۆ پیادەکردنی هەوڵو ویستێکی لەوبابەتە پێویست بەپەیماندانو ئیلتیزامی بەهێزو شێلگیرانەی سەرکۆمار, یاسادانەرانی کۆنگرێسو هەنگاوی داهێنەرانەی ئیدارەو دامەزراوەکانی ناو هەموو دەوڵەتی فیدراڵی دەکات.

بەڵام بەتەنها وتەی بریقەدار کافی نییە, لەلایەکەوە دەبێت ئیدارەو دامەزراوە دەوڵەتیەکان هێندە باش بکرێن کەلای سەرانی ئایندەی سەدەی بیستو یەكو (وەچەی نوێ) مایەی ململانێی پڕ بەهاو ڕەزامەندی بێتو لەلایەکی دییەوە دەبێت سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییە هەنوکەییەکانی وڵاتو دەوڵەت لەبواری دەستەبژێری خاوەن تایبەتمەندی لەبوارەکانی زانستو تەکنۆلۆژیاو هەروەها تاکی خاوەن تایبەتی بەرزو شارەزا لەڕشتەکانی زانستی کۆمەڵایەتیو زمانەکانی بێگانەو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا هەنگاو هەڵنێت.

کەمبونەوەی سەرچاوەی دارایی پێویستی زانکۆو دامەزراوەکان بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی لەو بابەتە دەتوانێت کاریگەری لەسەرتوانستی دەوڵەت لەبواری ئەفراندنی ڕابەرانی ئایندەی خاوەن زانستی تەواودا هەبێت، بۆ نمونە لەبوارەکانی زمانی بێگانەو ئابوریو مێژوو. کە ئەو کورتهێنانە لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ بەرەنگارییە ئەمنیەکانی سەدەی بیستو یەك مەترسیدار دەبێت. لەسەر ئەو بنچینەیە ئەنجومەن بەمجۆرە ڕادەسپێرێت :

**( کۆنگرێس (پاشکۆیەکی گشتی) یاسای پەروەردەی ئاساییشی نەتەوەیی بەڕادەیەکی بەرچاو فراوان بکات , بەجۆرێك کە یاسای ناوبراو پارێزگارییەکی هەمەلایەنەیی دەربارەی خوێندن لەڕشتەکانی زانستی کۆمەڵایەتی, زانستە مرۆڤایەتییەکانو زمانە دەرەکیەکان, لەجیاتی ڕاژەی سەربازیو نانیزامی بەوڵات لەخۆ بگرێت).**

## پرۆسەکانی دانانی پۆستی سەرکۆماری

ویست و تەقەلای هاوئاهەنگ و بەکۆمەڵ بۆ زیادکردنی کێشکردن بەرەو ڕاژەکردن بەولات یەکەمین هەنگاوە بۆ دەسەبەرکردنی بەردەوامی ئەوتاکانەی ئامادەن لەبەڕێوەبەرێتی و دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا کاربکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەسیستمەکانی بەڕێوەبەرێتی کارمەندانی هەموو دامەزراوە دەوڵەتیەکانی (بەشدار لە) ئاسایشی نەتەوەییشدا کارێکی پێویست دەبێت. یەکێك لەو بونیادانەی پێویستی بەڕیفۆرمسازی دەبێت سیستمی پرۆسەکانی دانانی پۆستی سەرکۆمارە .

ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەر ئاستی بەرزی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەپێچەوانەی زۆربەی ولاتەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی دەرەوەو کارمەندانی ناڕەسمی وەزارەت یان دامەزراوە هاوبەندەکانی بەرکاردەخات. بەرزترین پلەدارانی ئەم تاکانە لەو کەسانەن کە لەلایەن سەرکۆمارەوە دانراون, پۆستەکانیان پێویستی بە پشتگیری و دەنگی کۆنگرێس هەیە. ئەوانەی لەلایەن سەرکۆمارەوە دانراون خاوەنی تایبەتمەندی پڕبەهای جۆراوجۆرن و– لەئایدیای نوێ, ئەزمونی دەرەوەی دەوڵەت, شارەزایی تایبەتمەندو زۆرجار چالاکی کاریگەری کەسایەتی– بەگواستنەوەی سیاسەتەکانی سەرکۆمار بۆ وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە دەوڵەتیەکان لەمیانەی بەرپرسیارێتیی سیاسیدا هێڵی پیادە کردنەکان زامن دەکەن.

بەپێچەوانەی تازیارەکانی ئەم دامەزراوەوە, بەپێی بەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەك کەبەو دواییانە ئەنجامدراوە, پرۆسەی پۆستبەخشینەکانی سەرکۆمار لەسەردەمی پاشەکشەکردندایە. خەڵکانێکی نێو ئەم پرۆسەیە، کە بۆ ئەو پۆستانە دادەنرێن ئەرك و ماندویەتیان هێندە گەورەیە زۆر لەو شارەزاو خاوەن ئەزمونانە لەوەرگرتنی ئەو پۆستانە هەڵدێن. دورو درێژیی نائاساییانەی کرداری پشتگیری کۆنگرێس و بونی بڕیاری ئەخلاقیانە– وەك بەرژەوەندی



www.pertwk.com

پێچەوانە, پێویستی ئاشکراکردنی پێشینەی دارایی پاڵێوراون – لەپرسە خراپەکانن. لەسەر ئەم بنچینەیە پێشنیاز دەکەین :

**( بەمەبەستی ڕیفۆرمسازی ئاڕاستەی ئێستای پۆستبەخشینەکانی سەرۆکایەتی کۆماری دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن پێکەوە هاوکاری بکەن و (ڕیفۆرمسازی پرۆسەی ناوبراو) بەکەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە ئاستە باڵاکانی ئەرکی دەوڵەتی لەبەرچاوی زۆر لەئەمریکیە پلە یەکەکان و بەرجەستەکان خستوە ئەنجام بدەن . ئەم دوو دەسەڵاتە بەتایبەتی دەبێت ژمارەی پۆستە بەرزە ناهەمیشەییەکانی ڕاپەڕاندن، کە پێویستی بەپشتگیری (سەنا) هەیە، بەڕێژەی لەسەدا بیست و پێنج کەمبکاتەوە و پرۆسەی دانان کورت و کەم بکاتەوەو بڕیارە سەختە ئەخلاقیەکان چاك بکەن .)**

ئێمە بانگهێشتی سەرکۆمار دەکەین بەهاوبەشی لەگەڵ کۆنگرێس بۆ گەیشتنە ڕێکەوتنێك لەبواری ڕیفۆرمسازی یاساکانی ئایندە تەکانێکی دەمودەستانەی داهێنەرانەی کار ئەنجام بدات.

### دامەزراوەی دەرەکی

دەزگایەکی دەرەکی کارامەو بزوێنەر بۆسەرکەوتنی پێشنیازی ئەجومەن لەسەر ئاستی نوێگەری لەدامەزراوەی وەزارەتی دەرەوەدا زۆر گرنگە, لەنێوان سیستمەکانی کارکردنی دەوڵەتدا, دەزگای دەرەکی – کە فۆرمەکانی تایبەتمەندێتی و ئاوڕدانەوەی سەرەکیانەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردن لەهەموو سیستمە نیزامی و نانیزامیەکانی دی جیادەکاتەوە – لەپێش هەمویانەوە پێویستی بەڕیفۆرمسازی دەبێت.

هەرچەندە هەندێك لەو باوەڕەدان کە دەزگای دەرەکی بەشی گەورەی خۆی لەفۆرم و مەیلی مێژوییانەی پاراستوە, بەلام چاودێرانێکی کە بەوردی و لەنزیکەوە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دەزگایەیان تێبینی کردوە لەوباوەڕەدان ئەم دەزگایە

www.pertwk.com

چیتر لە توانابیدا نییە بۆ روبەڕوبونەوەی بەرەنگاربونەوە دیپلۆماسیەکانی سەدەی بیستو یەك خەڵکی خاوەن تایبەتمەندی کێشبکات. لەدروستکردنی هەلومەرجێکی لەوجۆرەدا چەندین هۆکار هەیە. کۆمپانیاو دامەزراوە نادەوڵەتیەکان ئێستاش هەلی کاکردنی جۆراوجۆریان هەیە, کەجگە لەو تازیارانەی تا ماوەیەکی پێش ئێستاش لەدەزگای دەرەکیدا هەیبون– وەك ژیان لەپشتی دەریاکانەوە, فێربونی زمانە بێگانەکانو بەدەستهێنانی ئەزمون لەمیانەی دانوستان لەگەڵ لایەنە دەرەکیەکان – ئەو سەختیو مەترسییەی لەدەزگای دەرەکیدا ڕوبەڕوی کارمەندانی دەبێتەوە لەلای کەرتی تایبەت نییە. هێڵەکانی پیادەکردنی (ناوخۆیی) خودی وەزارەتیش –لەوانە کرداری نائاسایی لاوازی بەکارخستنو تایبەتمەندیو مەرجی تایبەتی ئەزمونی بەشداری سەرزارەکیانە– لەگەڵ دیدی ڕاکێشانی پێرسناڵی خاوەن بەهرەی زانستیو شارەزایی پێویست بۆ دەزگایەکی کارامەی دەرەکی ناکۆکن. کەمبونەوەی هەلی پەروەردەیی تایبەتمەندبونو پیشەیش لەلایەکەوە گرفتێکی ئەوکارمەندانەیە کەدەمێنێتەوەو لەلایەکی دیشەوە بەڵگەیە بۆ ئەوانەی واز لەم دەزگایە دەهێنن. بەپێی ئەو خاڵانەی خستمانە ڕو, ڕادەسپێرین :

**( سەرکۆمار دەستور بدات بەسیستمی دەزگای دەرەکی تابەسڕینەوەو چاککاری لەپڕۆسەی تاقیکردنەوە، بۆبەرزکردنەوەی بەرچاوی ئاستی پەروەردەی بەردەوامی بەدەستهێنانی تایبەتمەندێتیو گۆڕینی ڕابەرایەتی بۆ یەکێك لەبەها ڕەسەنەکانی وەزارەتی دەرەوە، ڕیفۆرمکارییەکی تەواو ئەنجام بدات".**

هەروەها سەرکەوتنی دەزگای دەرەکی پێویستی بەوەیە کەکارمەندەکانی بەردەوام شارەزاییو زانستی نوێ فێربن. بەهەمان شێوەش کەبۆ بەڕێوەبەرێتیەکانی دەوڵەت ڕامانسپارد, ئەنجومەن پشتگیری زیادکردنی کارمەندان بەڕێژەی لەسەدا دەبۆ پازدە بۆئەم دەزگایە دەکات, تائەو ئەگەرە



فەراهەم ببێت کەلەهەر خولێکی سەردەمدا هەمان ڕێژە لەکۆی کارمەندانی سەرقاڵی بەسەربردنی خولی پەروەردە بن.

ئێمە بانگهێشتی سەرکۆمارو وەزیرانی دەرەوە دەکەین بۆ هەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانی پلەبەرزی وەزارەتی دەرەکی تواناکانی بەڕێوەبردن, توانستی بەڕێوەبردنی ئیداری، تایبەتمەندیو شارەزایی واقعیانە لەبەرچاو بگرن. ئەم وەزارەتەش دەبێت لەسەر ئاستەکانی خوارەوەی خۆی شێوازی گونجاو لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرێتی ئامادەکارییەکان پیادە بکات.

جگە لەم بابەتانە, ئەنجومەن لەسەر ئەو باوەڕەیە دەبێت ڕوی دەرەوەو ڕواڵەتی ئەو کەسانەی لەسلکی دیپلۆماسیدا ڕاژە بەوڵات دەکەن وردبینی تێدا بکرێتو پارێزراوبن. وەك ڕێگایەك بۆ دابینکردنی ئەم دیدە پێشنیاز دەکەین ناوی دەزگای دەرەکی بۆ ( دەزگای دیپلۆماسی ویلایەتە یەکگرتوەکان) بگۆڕێت. ئەم گۆڕینە ڕوکەشانەیە ئەو خاڵە دێنێتەوەیاد کە ئەم گروپە بەرژەوەندی وڵاتانی دەرەکی دابین ناکات, بەڵکو یەکێکە لە دنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

### *بەڕێوەبەرێتیەکانی دەوڵەت*

هەرچەندە لەسەر ئاستی چۆنایەتی قەیران لەبەڕێوەبەرێتیەکانی دەوڵەتدا هاودیدی بونی نییە, بەڵام ئەم بەشە بەئاشکرا ڕوبەڕوی گرفت بۆتەوە, کەپێویستی بەگرنگیو ئاوڕلێدانەوەی ڕاستەقینە هەیە. ئەوگرفتانەبریتین لە: پیربونی هێزی کاری فیدراڵی, بەرەنگارییە ڕێکخراوەییەکان (بەرکارخستن)ی کارمەندانی نوێ لەناو بەڕێوەبەرێتیەکانی دەوڵەت، کەلێنی گەورە لە بەرکارخستنو پاراستنی خاوەن پسپۆڕیەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریو خەڵکانی شارەزا لەبواری زمانە بێگانەکاندا.

یەكێك لەگرفتە سەرەكیەكانی هەموو بەڕێوەبەرێتیەكانی دەوڵەت دوچاری هاتون هێزی كاری كۆنو بەرەو بەساڵاچونیانە. شەپۆلی خانەنشینی ئەم هێزی كارانە، كەبەرۆكی هەژدە ساڵی ئاینده دەگرێتەوە, لەزۆربەی زۆری بەڕێوەبەرێتیەكانی دەوڵەتدا بەرەو سەردەمی قەیران هەنگاو دەنێت. ئەوەشی كاریگەری شەپۆلی گەورەی خانەنشینی گەورە دەكات كەمی ژمارەی كارمەندانی بیست بۆ چل ساڵەیە لەزۆربەی دامەزراوەكاندا.

سەرەڕای ڕەشبینیو نیگەرانی هەندێك, شرۆڤەو لێكۆڵینەوەكانمان باس لەوە دەكەن، كە ئەندامانی گروپی تەمەنی پێكهێنەری "وەچەی ×" (وەچەی لاوانی ئێستا) كاركردن لەناو دەوڵەتدا بەیەكێك لەكاروانی كاركردنی پێویست دادەنێن. ئەگەر بەركارخستن لەبەڕێوەبەرێتیو دامەزراوەكانی دەوڵەتدا سەربگرێت زۆر لەو تاكانەی كە لەسنوری ئەو تەمەنەدان ڕوو لەشوێنكارە فیدراڵیەكان دەكەن. بەڵام لەو مەیدانەدا دوو گرفتی سەرەكی لەئارادایە : دانەوەی قەرزە قورسەكانی لاوان، كەئەنجامی قەرزكردنە بۆخوێندن و ئاڵۆزیو دورو درێژبونی پڕۆسەی بەركارخستنو پشتگیری ئاسایش.

سێیەمین گرفتی سەرەكی بەڕێوەبەرێتیەكانی دەوڵەت سەختی ڕاكێشانو هێشتنەوەی خاوەن ئەزمونەكانی بواری تەكنیكی زانیارییە. كەلێنی نێوان ماف، تازیاری كەرتە تایبەتەكان، گشتگەرایی، نەگونجاوی دامەزراوەكانی كاركردنو تایبەتمەندێتی پۆستە دەوڵەتیەكان, بەكۆ بەركارخستنی شارەزایانی تەكنیكی زانیاری سەخت دەكەن.

سەبارەت بە زمانی باویش هەمان گرفت لەئارادایە. لە جیهانی پاش جەنگی ساردد ا ویلایەتە یەكگرتوەكان لەگەڵ بەرەنگاربونەوەیەكی بەرفراوانی ئاسایشی نەتەوەیی ڕوبەڕوبۆتەوە.

ئەم هەلومەرجە پێویستی بەبەكارهێنانی هەرچی زیاتری لێكۆڵیارانی هێڵی پیادەكردن (سیاسەت)و كارمەندانی زانیاری پسپۆڕ لەوڵاتو ناوچەو پرسە



www.pertwk.com

جۆراوجۆرەكان هەیە. ئەم تایبەتمەندیانە زۆرجار لای ئەو تاكانەیە كەیەكێك لەزمانەكانی مامەڵەی پێدەكرێت زمانی ڕەسەنیان بوەو خاوەنی ئەزمونی كەلتوری ڕاستەوخۆشن, بەڵام تاكی لەوجۆرە ئاساییە لەكاتی داوای پشتگیری ئاسایش ڕوبەڕوی زۆرترین دژواری دەبنەوە. لەو بارەیەوە پێشنیاز دەكەین :

**"سەركۆمار فەرمانی لادانی ئاستەنگەكانی بەردەم بەركارخستنی بەڕێوەبەرێتیەكانی دەوڵەت بدات, پڕۆسەیەكی بەركارخستنی خێراو ئاسانتر بكاتە جێگرەوەی و پێداگری لەسەر بكات، كە بەرنامەكانی چاككاری، بەهێزكردنی پەروەردەیی تایبەتمەندبون (پیشەیی)، پاراستنی هێزی كار لەڕوی چۆنایەتی مافەكان و دابینكردنی سەرچاوەی دارایی پێویست لەلایەن كۆنگرێسەوەی بۆدەسەبەر بكرێت.)**

پڕۆسەی پشتگیری ئاسایش دەبێت بەجۆرێك ڕیفۆرمسازی بكرێت، كەئەگەری گەیشتنە لێوەشاوەیی كارامەتربون بەرامبەر بەپێویستی بەركارخستن فەراهەم بكات. سەرەڕای ئەوە, بەمەبەستی زیادكردنی (پشكەكانو) هەڵبژاردنەكانی دامەزراوە دەوڵەتیەكان لەسەر ئاستی بەركارخستنو پاراستنی كارمەندان بەچۆنایەتیەكی بەرزترەوە, دەبێت سەرچاوەی دارایی زیاتر بۆ ئەم بەڕێوەبەرێتیانە دابین بكرێت. ئەنجومەن لەپلەی كاملكردنی پێشنیازەكانی سەبارەت بەدەزگای دەرەكی باسی لە (گروپی ویلایەتە یەكگرتوەكان) كرد, كە هەمان ئەمەش بۆ هەموو بەڕێوەبەرێتیەكان بەشیاوی پیادە كردن دەزانێت : (سەبارەت) بە دامەزراوەی هێزی كارو ئەو سەرچاوانەی دەخرێنە خزمەتی كارمەندانەوە, دەبێت ڕەچاوی ڕێژەی لەسەدا دە تا پازدە بكرێت، كە دەبێت بەردەوام لەخولی پەروەردەییدابن.

بەمجۆرە "ژمارەی تەواوی كارمەندەكان"ی بەڕێوەبەرێتییەك یان دامەزراوەیەك دەبێت وەك ژمارەیەكی زیاتر لەسەدا دە تا پازدەی پۆستەكان (شوێنگەی كارەكان) دابنرێن.

www.pertwk.com

سەرەڕای ئەو بابەتانەی سەرەوە, گرنگیدانی تایبەت بەئامادەکاری بۆ دەسەبەرکردن‌و پاراستنی ڕێکخستنی درەوشاوە لەبواری تەکنیکی زانیاری لەوبەش‌و شوێنگە تایبەتیانەی کارکردن، کە گرنگترین ئەرك‌و کاریان لەئەستۆدایە، زۆر پێویستە. لەهەمان کاتدا دەبێت هەوڵ بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پێشتیوانیکردن لەسەرچاوە دەرەکیەکان بدرێت. لەئێستادا هەندێك لەدامەزراوەکان لەبواری پێدانی مافەکاندا بەپێی بەهای بازاڕ بەپسپۆڕانی بەرجەستەی تەکنیکی زانیاری هەنگاویان ناوە. دەوڵەتیش تا ئەو شوێنەی کە لەبەرژەوەندیدایە تا ئەوپەڕی ئاسانکاری بۆجێگۆڕکێی پسپۆڕانی تەکنیکی زانیاری لەنێوان دامەزراوەی دەوڵەتی‌و کەرتی تایبەتدا دەکات, ئەم هەنگاوانەو کاری لەو بابەتە لەلایەکەوە دەتوانن کامەرندانی لاو هانبدەن بۆ مانەوەی زیاتر لە (بەڕێوەبەرێتی یان دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا) ولەلایەکی دییەوە وا لەدەوڵەت دەکات تواناو ئامادەکارییەکانی لەبواری تەکنۆلۆژیای زانیاریدا بەئاسانیەکی زیاترەوە لەنێوان بەڕێوەبەرێتی‌و دامەزراوەکانیدا جێگۆڕکیٚ پێبکات.

توخمی ئاسایشی نەتەوەیی لەبەڕێوەبەرێتیەکانی دەوڵەتدا لەگەڵ پرسێکی دیشدا ڕوبەڕو دەبێتەوە. پێویستبونی بەرکارخستنی ئەو پرۆفیشنالانەی کەهەم ئەزمونێکی فراوانیان لەپرۆسەی ڕێکخراوەییدا هەیە و هەم خاوەنی زانستێکی قوڵن لەبواری پرسە بنەڕەتیەکانی هێڵی پیادەکردن‌و سیاسەتدا. ئاوێتەکردن و یەکپارچەکردنی ڕێکخراوە ئاساییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی (وەزارەتەکانی دەرەوە, بەرگری, دەزگای (CIA)و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) لەگەڵ دامەزراوە ئابورییەکان (وەزارەتەکانی دارایی, بازرگانی‌و نوسینگەکانی نوێنەرایەتی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتوەکان) لەداڕشتن‌و جێبەجێکردنی هێڵەکانی پیادەکردندا – کە لەقۆناغی دوەمی ڕاپۆرتەکەی ئەنجومەندا پێشنیاز کراوە– پێویستی بەستراتیژێکی سەرچاوەی مرۆییانەیە تابتوانێت ئەم ئامانجانەی ژێرەوە دەسەبەربکات : هەلی بەرفراوان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی‌و



ئەزمون لەبارەی زانیاری چەند بەڕێوەبەرێتیەك یان چەند دامەزراوەیەك, لادانی ئاستەنگ دروستکردن لەنێوان بەڕێوەبەرێتییەکان، سیستمێکی کارمەندسازی‌و پلەبەرزکردنەوە, بۆئەوەی ئەوکەسانەی، کە لەکاتی‌ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ گرفتەکان لەئاستە باڵاکاندا سەرپاگیرو یەکپارچەدەبن و لێوەشاوەیی دەنوێنن, هانبدات و پاداشتیان بکات.

سیستمی بەڕێوەبەرێتی ئێستا توانای بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی نییە, چونکە نانیزامیەکانی بەرکارخراوی بواری ئاسایشی نەتەوەیی بەدەگمەن لەدەرەوەی بەڕێوەبەرێتی خۆیان خزمەت‌و چالاکی دەنوێنن. لەو بارەیەوە پێشنیاز دەکەین :

**( دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕێچکەی کاری نانیزامی‌و فەرهەمکردنی گروپێکی خاوەن شارەزایی‌و ئەزمونی فراوان لەبواری (داڕشتن)ی هێڵی پیادەکردن بۆ بەشە جیاجیاکانی ئەو دەسەڵاتە – گروپێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی نەتەوەیی– پێکبهێنێت).**

ئەو وەزارەت‌و بەڕێوەبەرێتیەی لە (پێکهاتن‌و چالاکی) گروپی ناوبراودا بەشداری دەکەن بریتین لە : وەزارەتەکانی بەرگری, دەرەوە, دارایی, بازرگانی, داد، هێزو(دامەزراوەی تازە پێکهاتو)ی ئاژانسی نەتەوەیی ئاسایشی وڵات و وەزارەت‌و ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لەسیاسەت داڕشتنی نێوان دامەزراوەکان سەبارەت بەپرسە سەرەکیەکانی ئاساییشی نەتەوەیی رۆڵی گرنگ‌و بنەڕەتیانە دەگێڕن. ئەوە ئەندامانی گروپی ئیداری ئاسایشی نەتەوەیی نین کەهەموو پلەکانی وەزارەتەکان‌و بەڕێوەبەرێتییە باسکراوەکان پڕدەکەنەوە, بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر وەزارەت یان بەڕێوەبەرێتیەك لەلای خۆیەوە ژمارەیەك لەکارمەندەکانی بۆ هەندێك لەپۆستی ئەو گروپە دەنێرن. بەمەبەستی هێشتنەوەی ئەو جیاوازیانەی لەنێوان پاراستن‌و پشتیوانی زانیاری لەسیاسەت‌و هێڵی

www.pertwk.com

پیادەکردن (دیاری کراو) و (سیاسەتی داڕێژراو) دا هەیە, کارمەندانی کۆمەڵگەی زانیاری نابنە بەشێك لەگروپی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نەتەوەیی.

لەگەڵ ئەوەی دەزگای دەرەکی سەربەخۆ لەگروپی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نەتەوەیی دەمێنێتەوە, بەڵام پێویستە جۆرێك پەیوەندی پێکهاتەیی لەنێوان ئەو دوانەدا هەبێت. ئەندامانی گروپی ناوبراو ئەو دەسەڵاتو مۆڵەتەیان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی هەموو پۆستو ئەو شوێنی کارانەی دامەزراوەی وەزارەتی دەرەوە ، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەگەڵ (داڕشتن)ی هێڵی پیادەکردندا هاوبەندن, لەگەڵ ئەوانی دی ململانێ بکەن. کارمەندانی دەزگای دەرەکیش دەتوانن بۆ بەدەستهێنانی پۆستەکانی سەربەگروپی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەموو وەزارەتە بەشداربوەکان (لەچالاکیەکانی ئەم گروپەدا) لەگەڵ ئەوانەی دی ململانێ بکەن. کارمەندانی گروپەکە دەتوانن هەندێك لەپۆستە هەڵبژێردراوەکان لەهەندێك لەباڵوێزخانەکانی (ویلایەتە یەکگرتوەکان)و فەرماندەیی هاوبەشی سەربازی پڕبکەنەوە. بەتێپەڕبونی کات, جیاوازی نێوان دەزگای دەرەکیو گروپی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نەتەوەیی کاڵ دەبێتەوە.

## *کارمەندانی سوپا*

ئەمڕۆ هێزە سەربازییەکان بەبەراورد لەگەڵ بەشی سڤیلی دەوڵەت لەبواری ڕاکێشانو بەرکارخستنی پێرسناڵی خاوەن چۆنایەتی پێویست ڕوبەڕوی گرفتی زیاترو گەورەتر دەبێتەوە. لەکاتێکدا خەرجیەکانی ڕاکێشانو بەرکارخستن لەماوەی چوار ساڵی ڕابردو تا ڕادەی یەك بۆ سێ زیادیان کردوە, کەچی ئاماژەی چۆنایەتی ئەو کەسانەی پەیوەندی بەهێزە چەکدارەکانەوە دەکەن نزمبونەوەی لەسەدا چل پیشان دەدەن. ئەو گرفتانەی کە لەبواری هێشتنەوەی ئەو کارمەندانەی خاوەن چۆنایەتی پێویستن لەئارادایە هەڕەشە ئامێزترن. سەرئەنجامی ئەرکی زۆری ئۆپراسیۆنەکان لەلایەن هێز کەمەکانی سوپاوە – سەرەڕای فاکتەری دی وەك کۆنیو بەسەرچویی کەلوپەلەکان, وشکیو پێویستی جێبەجێکردنی بودجەکان, کەمبونەوەی تازیاری خێزانی, نەشیاوی چاودێرییە تەندروستیەکانو ناڕەزایەتی خێزانی– پانتاییەکی وێڵیو نامۆیی فراوانی لەنێوهەموو ئاستە سەربازییەکاندا دروستکراوە. ڕەزامەندبون لەکار بەڕادەیەکی بەرچاو کەمبۆتەوە و ژمارەیەکی ڕوو لەزیادبونیش لەو تاکانەی خاوەنی چۆنایەتیەکی پێویستن – زۆر زوتر لەگەیشتن بەتەمەنی خانەنشین بون – کاری سەربازی بەجێدەهڵێن، یان هەر هێندە مەرجەکانی خانەنشین بونیان چنگکەوت خۆیان خانەنشین دەکەن. بڕێك لەژمارەکان گرفتەکان ڕوندەکەنەوە : هێزی دەریایی ڕوبەڕوی کەمبونەوەی نۆ سەد فڕۆکەوان لەسەر ئاستی گەورەترین کەمی فڕۆکەوان لەسەردەمی ئاشتیدا دەکەن (کەمی هەزارو دوسەد فڕۆکەوان بەبەراورد لەگەڵ پێداویستی ئۆپراسیۆنەکان). پێشبینی دەکرێت ئاستی کەمبونەوەی فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی تا ساڵی (2002) دوو بەرامبەر ببێت . ئەفسەرانی خاوەن چۆنایەتی پێویستیش لەحاڵەتی زوو بەجێهێشتنی ڕاژەی سەربازیدان. لەکاتێکدا کە لەساڵی( 1987) دا نزیکەی لەسەدا سیو هەشتی دەرچوانی کۆلیژی سەربازی (ویست پۆینت) پێش بەسەربردنی دە ساڵ ڕاژەی پراکتیکانە هێزی زەمینیان بەجێهێشتوە, ڕێژەی دەرچوانی هەمان کۆلیژ لەساڵی (1999 ) دا پێش ڕاژەی دە ساڵی تەواو بە شەستوهەشت لەسەدا گەیشتوە. ئەو ئەفسەرانەشی کە خاوەنی چۆنایەتی بەرزنو پلەی بەرزیان هەیە (هەروەها هاوپلەکانیشیان لەهێزیی دەریایی) بەدەستکێشانەوەی زوو واز لەهێزە چەکدارەکان دەهێنن.

ئەنجومەن لەو باوەڕەدایە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەبێ بەلاوەنانی سەنتراڵگەرایی لەسیستمەکانی بەڕێوەبەرێیەتی بەرکارخستن ناتوانێت بزوێنەرەکانی لەسەر پێدانی ماف، تازیاری نوێ، فەراهەمکردنی ڕستێك لەتازیاری ڕێکخراوەیی ڕاژەی سەربازی وەستاوە لەڕاکێشان، پارێزگاریکردنی

www.pertwk.com

شـارەزایانی تـەکنیکی و دەرچـوانێکی کـەبۆ ڕوبەڕوبونـەوەی بەرەنگارییـەکانی سەدەی بیست و یەك پێویستن دروست بکات.

ئێمە سەرکۆمارو کۆنگرێس بانگهێشت دەکەین بۆ نواندنی نەرمونیانی ئیداری لەگـەڵ هێــزە چـەکدارەکان بـۆ ئاوەژوکردنـەوەی سیسـتمە پێرسـناڵیەکان و گونجاندنیان لەگەڵ ئەرك و کرداری ئەم هێزانە لەسەدەی بیست و یەکدا.

پێشـترو لەهـەمان بەشـدا، پەرەپێـدانی بنەڕەتیانـەی بـواری گشـتی یاسـای پـەروەردەی ئاسایشـی نەتـەوەیی، داڕشتن و بەدەنگگەیانـدنی یاسای پـەروەردەی زانسـتی و تـەکنیکی ئاسایشـی نەتـەوەیمان بـە دڵنیاییـەوە پێشـنیارکرد، تائـەو ئەنگێزانـە زۆر باشتر هانـدەربێت بۆ کارمەنـدە پلـە بـەرزەکان درێـژە بـەڕاژە بـدەن. سەرەڕای ئەوەش ئەم هەنگاوە تەواوکارەی خوارەوە پێشنیاز دەکەین :

( **کۆنگرێس سەرەڕای (پەرەپێدانی بەرچاوی تازیارەکانی باسکران لە) لیستی یاسـای (تازیارەکـانی) کارمەنـدانی هێـزە چـەکدارەکانی مونتگمریـدا, دوایـین یاساکان و (تێـزو لیسـتەکان)ی بـواری تازیـاری هێشـتنەوەی کارمەنـدانی خـاوەن ئەزمون و بەدەسەڵات – لەوانـە گواسـتنەوەو ئاڵوگۆڕی (کـار), (خزمـەتگوزاری)، پزیشکی و خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبون – بەهێزبکات."**

هــەروەها دەبێــت ئــەو یاسـایانەی بونەتــەهۆی ئــەوەی سیسـتمە نیزامیــە پێرسـناڵیەکان تونـدو زیـاد لـەڕادە سـەنتراڵی بـن بـەجۆرێك چـاك بکـرێن بـەپێی پێویسـت گونجـاوی بـۆ ڕوبـەڕو بونـەوەی بەرەنگارییـەکانی سـەدەی بیسـت و یـەك دەسەبەر بکەن.

ئەنجومەن ڕادەسپێرێت :

( **کۆنگرێس و وەزارەتی بەرگری هاوکاری بکەن بۆ بـەلاوەنانی دیسپلینی ئـەو دەسـتە یاسـایانەی پەیوەسـتن بەکارمەنـدانی سـوپاییەوە, کـە مەرجـەکانی بەشـداربون لەسـوپا, پۆسـتەکان و پێـدانی پلــە, بەڕێوەبـەرێتی کـارپێکردن, خانەنشینی و موچە لەخۆ دەگرێت.)**



بەگشتی, ئەنجومەن پێشنیازی ئەنجامدانی ڕیفۆرمی بنەڕەتی لەبواری سیاسەت و ئەجندای بێرسناڵی لەهەردوو ئاستی سوپایی وسڤیلدا دەکات. سەبارەت بەئاستی دواییان ئێمە جەخت لەسەر پێداویستی دەمودەستانەی ڕیفۆرم و چاککردنی پڕۆسەی دانانی کەسایەتی پلەبەرز لەلایەن سەرکۆمارەوە دەکەین, هەروەها لەسەر چاککاری دامەزراوەی دەرەکی و پێکهێنانی "گروپێکی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نەتەوەیی" پێدادەگرین، کە بتوانێت توانستەکانی دەوڵەت لەئاوێتەکردنی ڕەهەندو ئاڕاستەکاندا بەهێز بکات. ئەو هەندەش لە ڕاسپاردەکانمان، کە وابەستەن بە پێرسناڵی سوپاوە بریتین لە : پەرەپێدانی ڕاکێشکردن بۆ ڕاژە لەدەوڵەتدا (شوێنکاری دەوڵەتی) لای ئەو لاوانەی خاوەنی چۆنایەتی بەرزن, هەروەها تازیاری زیاتر بۆ ئەو جۆرە ڕاژانە، مۆدێرنەکردنی سیستمەکانی بەڕێوەبەرێتی بەرکارخستن, خانەنشینی، ماف و تازیاری کاری سوپایی. ئەنجومەن لەڕاسپاردەیەکیدا سەبارەت بەپێداویستی مرۆیی ئاسایشی نەتەوەیی، زیادکردنی یەدەگی ئەو تاکانەی خاوەن چۆنایەتی پێویستن, کەمکردنەوەی دڵساردبونەوەی خێرا، پەرەدان بەچاودێریکردن وپاراستنی (هێزی کار)ی لەبەرچاو گرتوە. هەرچەندە ئەو بابەتانەی باسکران پێویستن و مایەی ژیانن و هەستیارن, بەڵام ڕیفۆرمسازی لەناویاندا، کەباسی لێوەکرا، یاریدەی شایان دەدات بۆ ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی قەیران یان چارەسەرکردنی هەلومەرجی قەیراناوی. لەگەڵ ئەو ڕۆحیەتەی کاریگەرە لەبەردەم ئامادەبونی نوێنەرانی هەردوو پارتی دیموکرات و کۆماریخواز لەئەنجومەن, بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو بەرەنگارییانەی باسیان لێوەکرا بانگهێشتی سەرکۆمارو کۆنگرێس دەکەین .

www.pertwk.com

## فەسلی شەشەم

# ڕۆڵی کۆنگرێس

لەماوەی ساڵانی رابردودا, لەدوای جەنگی دوەمی جیهانەوە دەسەڵاتی یاسادانان بەبەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەڕادەیەکی زۆر کەمتر نوێسازی وڕیفۆرمی بەخۆوە دیوە. بێگومان ئەو هێزە شاراوەیەی یاسادانەرانی نێو کۆنگرێس لەڕیفۆرمسازی بونیادە هاوبەشەکەیاندا کۆنگرێس ڕوبەڕوی دژواری دەکاتەوە. لەهەمان کاتدا ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەدەی بیست و یەك و ڕۆڵی بەرجەستەی خۆهەڵقورتاندن و ئامادەیی هەمیشەیی لەکاروبارەکانی جیهان، کە لەوەچەی ئێمەدا سروشتێکی ژیانی ئەمریکی پێکدەهێنێت, پێویستیان بەدوبارە هەڵسەنگاندنەوەو تەقەلایەکی ڕاستەقینەی تاکانەو کۆگەلی کۆنگرێس و ئەندامەکانێتی.

هەڵسەنگاندنێکی لەوبابەتە دەبێت بەپێکهێنانی دەرککردنێکی هاوبەش بۆدەسەڵاتی یاسادانان لەداڕشتن و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەکی خولی پاش جەنگی سارد دەستپێبکات. دابەشکردنی ئەرکەکانی دوو دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن لەلایەن دەستوری بنەڕەتیەوە پێداویستی هاوکاریکردنی ئەم دوو دەسەڵاتە بۆ دروستکردنی گونجاوییەك لەسیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا دەخاتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەهەندێك جێگادا لەجیاتی ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆنگرێسدا تەنیا لەهەنگاوەکانی خۆی



ئاگاداری کردۆتەوە. لەزۆر بابەتدا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، وەك ڕێگرێك نەك وەك هاوبەشێك، ئەو ڕەوشە بەردەوامەی کە لەکاتی سەرهەڵدانی قەیراندا پارێزگاری لەدەوڵەت بکات, لەزۆرکاتدا وەك بەرئەنجامی پێدراوەکانی کۆنگرێس لەشوێنگەی قەیرانەکاندا سەریهەڵداوە. کۆنگرێس لەلای خۆیەوە بەشێوەیەکی بەردەوام بەرپرسیارێتی تەواوی لەبواری ڕونکردنەوەی پرسەکان وکێشەکانی سیاسەتی دەرەکی بۆ ئەندامانی لەئەستۆ نەگرتوە.

هەروەها زۆرجار کۆنگرێس ڕاوێژکاری لەگەڵ دەسەڵاتی راپەڕاندن پەسند ناکات و دامەزراوەیەکی بۆخۆی پاراستوە، کەلەجیاتی ئەوەی توانای جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا بەهێز بکات, ئەو توانایەی لاوازو لەرزۆك کردوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕیانە پێویست بەچەندین هەنگاو دەبێت، کەباسیان لێوە دەکەین, بەڵام وەك یەکەم هەنگاوی دەمودەستانە ڕادەسپێرین کە :

( سەرۆکی کۆنگرێس پێداچونەوەیەکی تەواوی بە دوو ئەنجومەنی دوو پارتەکە لەسەر ئاستی پەیوەندی دەسەڵاتی یاسادانان لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەکی ئەنجام بدات."

بەبڕیاردان لەسەر ئەم پێداچونەوەیە دەبێت و پێویستە ڕیفۆرمەکان لەسێ بواردا پیادە بکرێت : بەرزکردنەوەو زیادکردنی تایبەتمەندی هەریەك لەئەندامانی کۆنگرێس لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی نەتەوەیی" دروستکردنی ئاڵوگۆڕی دامەزراوەیی و پراکتیکانە لەسنوری دەسەڵاتی یاسادانان" پێکهێنانی گفتوگۆیەکی پایەدارو کارامە لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن لەبارەی پرسەکانی (وابەستەبە) ئاسایشی نەتەوەیی.

سەرەڕای بەرفراوانی بەرەنگارییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەکی کە ڕوبەڕوی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆتەوە, زۆر لەئەندامانی کۆنگرێس زانیارییەکی کەم و ئاگاییەکی ئەوتۆیان لەو بوارەدا هەیە. بەگشتی سەرەتا بنەڕەتیەکانی

www.pertwk.com

هەڵبژاردنیان لەسنوری سیاسەتی ناوخۆدا قەتیس ماوە. گرنگیدانیان بەسیاسەتە دەرەکیەکان لەسنوری پەیوەندی هەندێك خاوەن بەرژەوەندی تایبەت، یان گروپی نەتەوەیی بەرجەستەی بوارەکانی هەڵبژاردن، تێناپەڕێت. بەمەبەستی دروستکردنی بنکەیەکی فراوان لەئەندامانی بەئاگا لەپرسەکانی سیاسەتی دەرەکی و بەشداریکردن لەو پرسانە لەناو کۆنگرێسدا, ڕادەسپێرین کە :

( سەرانی کۆنگرێس‌و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەرنامە ئامادە بکەن بۆ هاندانی یەك یەکی ئەندامان ( ی کۆنگرێس ) بۆ خوێندنی زانست‌و ئەزمونکاری لەئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەکیدا.)

ئەم ڕاسپاردەیە، بەتایبەتی ئەم واتایانەی خوارەوەی لەخۆگرتوە :

– دەبێت سەرۆکی کۆنگرێس زەمینەیەکی بەرفراوانی پرسەکانی سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی نەتەوەیی– کە سنوری ئاشنابونی سەرەتایی لەو بوارانە تێدەپەڕینێت– بۆ ئەندامەکانی کۆنگرێس فەراهەم بکات. دەبێت پەروەردەکردنی لەو جۆرە لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆنگرێس بکاتەوە .

پەروەردەکردنێکی کارامە ( ی نوێنەران) سەرەڕای دەسەبەرکردنی ئاڵوگۆڕی دیدی زانستیانەترو هاوبەشیکردنی زیاتر لەگەڵ دەسەڵاتی راپەڕاندن لەپرسەکانی سیاسەتی دەرەکیدا, ئەو توانستەشیان پێدەبەخشێت کە بەجۆرێکی کارامەتر کەسەکانی بواری هەڵبژاردنەکانیان لەگرنگی بابەتەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەییەوە ئاگادار بکەنەوە.

– دەبێت نوێنەران هانبدرێن لە پێناوی ئامانجی دروستدا سەفەری دەرەوە بکەن. لەهەمان کاتدا دەبێت هەوڵی هاوبەش‌و هەماهەنگ بدرێت تا سەفرەکانی خۆشگوزەرانی لەکاری دروست‌و پێویست بۆبەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی جیهان‌وپرسە جیهانیەکان لەیەکدی جودابکرێنەوە.



– دەبێت هانی ئاڵوگۆڕکردنی دیدودیدارەکان لەنێوان ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و وڵاتان بدرێت‌و پەرەی پێبدرێت.

– دەبێت لەگەڵ گەشەپێدانی سەنتەری مەشقی سەربازی زانکۆی بەرگری نەتەوەیی ئەو توانایەی بۆدەسەبەربکرێت کەپراکتیکانە هەموو ئەندامانی کۆنگرێس بتوانن لەهەموو خولێکی دوو ساڵەدا لەیەکێك یان چەند مەشقێکی جەنگیدا بەشداری بکەن. ئەندامانی کۆنگرێس بەپراکتیك کردنی ڕۆڵەکان لەجیاتی بڕیاردەرە سەرەکیە ئەمریکی و بێگانەکان زیاتر هەست بەسنوردارییەکانی دەسەڵاتی ئەمریکا دەکەن، هەروەها دەرکی زیاتر بەو واقیعە دەکەن کە هەموو هەنگاوێکی ئەمریکا بەبێ ئاوارتە جێگایەکی گشتیانەی چەند لایەنەی لەدەرەوە هەیە. لەبەشێکی ئەو بابەتانەدا بۆ ئەوەی ئەو مەشقانە سودبەخش‌و ئاقڵانە بن, دەبێت بەردەوام لەنێوان سیناتۆرەکان‌و ئەندامانی کۆنگرێسی بەشداربوی ئەو مەشقانە لەگەڵ سەرانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن چاو پێکەوتن ئەنجام بدرێت.

زیادبونی دەسەڵاتی ئەندامانی کۆنگرێس بەسەر پرسەکانی ئاشایشی نەتەوەییدا هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەیە، کە دەبێت لەبواری چۆنایەتی ڕێکخستن‌و ئەنجامدانی کاری کۆنگرێسدا هاوشانی ڕیفۆرمی دامەزراوەیی بێت. تا ئێرە ڕاسپاردەی زۆرمان لەبارەی دامەزراوەی کۆنگرێسەوە خستەڕوو. بە مەبەستی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ بەرەنگارییەکانی چارەکە سەدەی داهاتو, پێشنیاز دەکەین کۆنگرێس هەنگاوی دیش بهاوێژێت :

**( دەبێت کۆنگرێس پێکهاتەی ئەو کۆمیتانەی ئێستای لۆژیکانەتر بکات، بەجۆرێك باشتر ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکان دابین بکات, بەتایبەتی کۆمیتەکانی ئێستای دەنگدان، کەدەبێت لەگەڵ کۆمیتە لقیەکانی (پسپۆڕان) ،متمانە و بودجەی تایبەت ئاوێتە و پێکەوە گرێبدرێن.)**

www.pertwk.com

ئەم سەرنجدانە بەلایەنی کەمەوە دوو تازیاری گرنگی هەیە. تازیاری یەکەم، بەرەو پێشبردنی هێڵی پیادەکردنی لۆژیکانەی دەسەڵاتی کۆمیتەییە, چونکە (لە حاڵەتی بەدیهێنانی ئەو جۆرە ڕاسپاردەیە) هەمو توخمەکانی سەربە بودجەو متمانەو دەنگدان ناونیشانێك بۆکۆمیتەیەك گەڵاڵە دەکرێت. تازیاری دوەم، فەراهەمکردنی دەسەڵاتی زیاترە بۆئەو کەسانەی کە هەم ئەرکی چاودێریکردنیان خراوەتە ئەستۆیان و هەم دیاریکردنی متمانەو بودجە. لەوسیستمەی ئێستادا دەسەڵات لەکۆمیتەکانی یاسادانانەوە بۆ کۆمیتەکانی دیاریکردنی متمانەو بودجە – کەخاوەنی دیدێکی تەسك بینانەتری بودجەن – دەگوێزرێتەوە. لەڕێگای بەستنەوەو تێکەڵکردنی کارەکانی هەردوو کۆمیتەی ناوبراو دەتوانرێت هەوڵی زیاتر بخرێتەگەڕ بۆ لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی پیادەکردنی یاساکانی تایبەتی بە سیاسەتی دەرەکی و دەرئەنجامەکانی پیادەکردنیان و شێوەی باشتری دەسەبەرکردنی ئامانجە (دیاریکراوەکان بۆ ) سیاسیەکان و هێڵی پیادەکردن.

پاش ئەوەی کۆنگرێس هەلومەرجی ناوخۆی ڕێکخست سەرەی نەهێشتنی ڕاڕایی بونی ڕاوێژکاری و بەردەوامی هەماهەنگی نێوان دوو دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن دێت. لەوێوە کەکۆنگرێس باشترین هەڵبژێردراوی بونیادی حکومەتە، ئەو جۆرە سیاسەت و بەرنامەی دەسەڵاتی پیادەکردنەی، کەفراوانترین دیدگای کۆنگرێس دەسەبەر دەکات، باشترو زیاتر پشتگیری گشتی بۆ خۆی کێش دەکات.

ئەو بەرهەڵستکاریانەی کە (لەکاتی لێکۆڵینەوەی لیستەکانی دەوڵەتدا) لەلایەن دیدە جیاوازەکانی کۆنگرەوە دەخرێنەڕوو دەتوانن بەناچارکردنی دەوڵەت بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسانەی کەپێشتر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە نەکراوە یان سەرنجیان لێنەدراوە سیاسەت "هەڵبژێرن". سەرئەنجام ئەوەیە کۆنگرێس دەتوانێت سەرکۆمارو یاریدەدەرە گەورەکانی ناچار بە شەفافیەتی بەرنامەی دەوڵەت بکەن، تا بەو جۆرە خەڵکی ئەمریکاو جیهان زیاتر لێی شارەزا بن.



بەسەرنجدان لەم تازیارانە، دەبێت هەوڵ بۆ چاککردنی پڕۆسەی ڕاوێژکاری بدرێت. لەوبارەیەوە ڕادەسپێرین :

**( دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەڕاوێژکردن لەگەڵ کۆنگرێس گرنگیەکی بەردەوام بەسیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی نەتەوەیی بدات و سەرچاوەی بۆ دابین بکات. کۆنگرێسیش لەلای خۆیەوە بەراییەکی زیاتر بەڕاوێژکاری بدات و وەك بەشێك لەوهەنگاوانە دەسبداتە پێکهێنانی گروپێکی ڕاوێژکاری هەمیشەیی لەئەندامانی کۆنگرێس."**

***هەندێك لەمیکانیزمەکان دەتوانن ئاسانکاری زیاتر بۆ ڕاوێژکاری بکەن:***

– دەبێت کۆنگرێس گروپێکی هەمیشەیی ڕاوێژکاری پێکهاتو لەسەرۆکەکانی کۆنگرێس و سەران و ئەندامانی پایەبەرزی کۆمیتە بنەڕەتیەکانی بەشدار لەسیاسەتی دەرەکی دروست بکات. ئەندامانی دی کۆنگرێسیش، کە پەیوەستن یان خاوەن شارەزایی تایبەتن، دەتوانن لەبابەت و پرسە تایبەتەکاندا هاوکاری گروپەکە بکەن. گروپی ڕاوێژکاری باسکراو بەشێوەیەکی ڕێکخراو – لەدانیشتنە نارەسمی و تایبەتەکاندا– چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەکەن. ئەو نوێنەرانە دەتوانن بەشێوەیەکی گونجاو لەئاستی کابینە یان لەسەر ئاستی یاریدەری وەزیربن. دەستوری ئەو جۆرە دانیشتنانە بەتەواوی سنوردار نابن و ئەندامەکانی ڕێگایان پێدەدرێت ئەو پرسیارانەی سەرقاڵیانی کردوە بخەنەڕوو. دانیشتنی لەوجۆرە نەك تەنیا والەگروپەکانی کۆنگرێس دەکات توانای وەڵامدانەوەی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی هەبێت, بەڵکو ئەگەری ئەوەش فەراهەم دەکات ئەو توانستە بەم گروپە ببەخشێت کەلەئامادەکردنی ڕێوشوێنی پێشەکیانە ڕۆڵیان هەبێت. گروپی ناوبراو لەوکاتانەدا کەسەرکۆمار نیازی

www.pertwk.com

هەنگاوی سەربازی دەبێت یان ڕوبەڕوی قەیرانێکی سیاسی لەدەرەوە دەبێتەوە, بەشێوەیەکی کتوپڕی کۆبونەوە دەگرێت.

– بەچاوپۆشیکردن لە مامەڵەی سەرانی هەردوو دەسەلات، دەبێت دەوڵەتیش هەوڵبدات لەگەڵ گروپێکی بەرفراوانتر لەئەندامانی کۆنگرێس ڕاوێژ یان ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکات. دەبێت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەستپێشخەری بکات بۆ ناردنی دەسەڵاتدارە باڵاو ئاست بەرزەکانی بۆ کۆنگرێس‌و لەبارەی سیاسەتی دەرەکیەوە بەسەرنجدانێکی وردەوە دیقەت لەدیدگاو نیگەرانی یەکەبەیەکەی ئەندامانی کۆنگرێس بدات.

– سەرئەنجام, بۆ ئەوەی کۆنگرێس بتوانێت بەکاراییەکی زیاترەوە هاوبەشی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بکات, دەبێت خۆی ڕاوێژکاری لەگەڵ گروپی فراوانی پێشەوایانی بواری زانست, ئابوری نێودەوڵەتی, بەرگری, زانیاری‌و سەرمایەگوزاری سەرکێش لەتەکنۆلۆژیای پێشکەوتودا ئەنجام بدات. دامەزراندنی سیستمێکی ئاسایی‌و یەکڕەنگ بۆ دروستکردنی پەیوەندی ئەندامانی کۆنگرێس لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارانەی کە تیایدا بڕیاردەدەن کارێکی پێویستە. هەر چوار بەشی (فەرهەنگەکانی نەتەوەیی زانست) دەبێت لەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دیارترین زاناو ئەندازیاران لەگەڵ ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان گەورەترین ڕۆڵ بگێڕن. دامەزراوەکانی تایبەت بەئامادەکردن‌و داڕشتنی هێڵەکانی پیادەکردن، کە خاوەنی گەنجینەی تایبەتمەندی ئاستەکانی بەرگری و سیاسەتی دەرەکین، دەتوانن یاریدەی زیادبونی باڵادەستی (ئەندامانی) کۆنگرێس بەسەر ئەو پرسانەدا بدەن.



سیاسەتێکی کارامەی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەدەی بیست‌و یەك پێویستی بەئاوێتەکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی راپەڕاندن‌و یاسادانان دەبێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کەهەوڵێکی سێ لایەنەی چڕبۆوە لەسەر سیستمی کۆمیتەیی کۆنگرێس‌و هەوڵی زیاتری ڕاوێژکارانەی بەهێز لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان‌و ڕاپەڕاندن یاریدەی شیاوی ویلایەتە یەککگرتوەکان دەدات بۆ (سەرکەوتن) لەڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ هەر بەرەنگارییەکی ئایندە.

www.pertwk.com

## دوا وته

ئەم ئەنجومەنە بەرمەبنای هەڵسەنگاندنی خۆی لەواقعو ئاڵوگۆڕەکانی بیستو پێنج ساڵی ئایندە ( قۆناغی یەکەم) هەنگاوی بۆ داڕشتنی ستراتیژێك (قۆناغی دوەم) و بەرنامەیەکی ڕیفۆرمسازی بۆ یاریدەدانی پیادەکردنو بەدیهێنانی ستراتیژی ناوبراو (قۆناغی سێیەم) هاویشتوە. ئاڵوگۆڕێکی مایەی پراکتیکمان پێشنیاز کردو لەسەر ئەوحەقیقەتە وەستاین، کە گۆڕانکاری کاتی دەوێت. ئەوەش دەزانین، کەهەندێك لەو پێشنیازە ناوبراوانە, چەندەش پراکتیکانەو ئاقلانەبن بەهۆی نەبونی ڕابەرایەتی لێبڕاو بڕیاردەر یان شێوازی گونجاوەوە هیچ کاتێك بواری پیادەکردنی نابێت .

ئێمە سەبارەت بەبەدواداچونی ڕاسپاردەکانی ئەم نوسراوە لەلایەن دەوڵەتو کۆنگرێسی نوێوە گەشبینین, چونکە بەبڕوای ئێمە ئەم ڕاسپاردانە خاوەنی تایبەتمەندی پۆزەتیڤانەو بڕواهێنەرانەن. ئەوەی کە بۆ پیادەکردنی ئەم ڕاسپاردانە چ شێوازێکی تایبەت بەرکاردەخرێت بابەتێکی مامناوەندییە. گرنگ ئەوەیە کە سەرکۆمار ئەو میکانیزمە زامن بکات کەبۆ پیادەکردنی ڕاسپاردەکان دەشێت. لەوبارەیەوە ڕادەسپێرین کە :

**( سەرکۆمار بۆئەوەی دەسەبەری دڵنیایی بکات سەبارەت بەوەی کەئەم ڕاسپاردە بنچینەییانەی ئەم ئەنجومەنە دەبنەهۆی ڕودانی ڕیفۆرمی گرنگو پێویست بۆزامنکردنی ئاسایشی نەتەوەییو ڕابەرایەتی کردنی ئەمریکا بۆجیهان لەماوەی چارەکە سەدەی داهاتودا, پێویستە میکانیزمێکی ڕاپەڕاندن و پراکتیك کردن بدۆزێتەوە.)**

ئەگەر فەرمانی ئەنجامدانی ڕیفۆرم بەجدی وەربگیرێت، بەڵام میکانیزمی هەڵبژێردراو دەسەڵاتدارانی پلەبەرز وەك بەرپرسو وەڵامدەرەوەی



بەرەوپێشبردنو ڕێنوێنیکردنی ڕیفۆرمەکان دیاری نەکەن, پەرۆشی و هاوئاهەنگی بۆ گۆڕینی واقیع بەخێرایی لەناودەچێت. ئەمە لەدیدی ئێمەوە ترسناك دەبێت. بۆ نمونە, وەك جیاوازی نێوان وەزارەتێکی بەرگری کەبەجۆرێکی گونجاو وڕاست ڕیفۆرمسازی تێدا ئەنجام درابێت، لەگەڵ وەزارەتێکی، وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، لەچوار چێوەی زیادە خەرجیدا ساڵانە دەیەها ملیارد دۆلار زیانی دەبێت.

جیاوازی لەنێوان دامەزراوەیەکی کارامەتری وەزارەتی دەرەوە و هەمان دامەزراوەی بێتوانای ئێستا، کەتیایدا بەبەدەستهێنانەوەی هەلە لەدەستچوەکان لەبواری پێشگرتن لەسەرهەڵدانی قەیرانە وێرانکارییە دەرەکیەکانی کە بەرژەوەندیو بەهای ئەمریکا بەشێوەیەکی یەکسان دەهاوێتە ژێر کاریگەرییەوە دەتوانرێت بەراورد بکرێت.

جیاوازی نێوان سیستمێکی پێرسناڵی دەوڵەتی، کە لەتوانایدا بێت ئامادەترین سەرمایە مرۆییەکان ڕابکێشێتو بیپارێزێت, لەگەڵ سیستمێکدا کەئەو توانایەی نەبێت, دەتوانرێت لەسەرکەوتن یان شکستی تەواوی هەموو سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بەڕونی ببینرێت. جیاوازی نێوان ڕێکسختنی مۆدێرنانەی ئاسایشی وڵات لەگەڵ زۆری و پەرشوبڵاوی ڕێکخراوەکانو بەرپرسیارێتی ئەم بوارەی کە ئەمڕۆ ڕوبەڕومان بۆتەوە دەتوانرێت لەڕزگاربون یان لەدەستدانی دەیەها هەزار خەڵکی ئەمریکیدا بدۆزێتەوە.

ئەم ئەنجومەنە ئەوپەڕی تەقەلای خۆی بۆ پێشنیازکردنی ڕێگاچارەی دروست بۆ گرفتە نائاساییەکان بەگەڕ خستوە. ئیتر لەئەستۆی ئەوانی دیدایە کە – لەپێناوی نەتەوەی ئەمریکادا – ئەوپەڕی کۆشش بکەن بۆ دەسەبەرکردنی هەرچی زیاتری سودمەندبون لەبەرهەمی تەقەلاکانمان.

www.pertwk.com

# پەراوێزەکان

1-William S. Cohen, "Preparing foir a Grave New World", Washington Post July 26, 1999 P. A 19.

(2) بڕوانە پاشکۆکانی ئەم لێکۆڵینەوە, بەشی یەکەم.

(3)ئـەم دەسـتەواژەیە یەکـەمجار لەلایـەن فرانسـیس کایرانکراسـەوە دانـراوە, بڕوانە: Frances Cairncross, The Death of Distance: How the Communications Revolution Will Change Our Lives, (Boston: Harveard Business School Press, 1997).

(4) تاقیگەی لینکۆڵن لەپەیمانگای تەکنۆلۆژی ماساچوست (MIT) لەحاڵەتی تاقیکردنەوەی باترییەکی ناو کیفی ئیسپرتدایە, کەلەتوانایدایە کۆمەڵگەی (IC) بەگەڕ بخات. وزەی پێویست بۆجوڵە دابین بکات. بڕوانە:

T. Starner, "Human- Powered Wearable Computing," I.B.M. Systems Journal, Vol. 35, Nos. 3 & 4, 1996.

□–Foreceat 98: A Vision for Advanced Research and Technology (Fort Meade, MD: National Security, Offic of Technology Policy, 1997.

6-Eric Drexler, Engines of Creation (New York: Anchor Doubleday, 1987).

زۆر لەتیۆرەکانی دکتۆر درکلسر دەبێت لەڕووی تاقیکارییەوە بسەلمرێنرێت.

□–John Markoff, "Tiniest Circuits Hold Prospect of Explosive Copmuter Speeds", New York Times, July 16, 1999, P.1.



(8)لەئێستادا چەندین پرۆژە لەبواری بەرهەمهێنانی تازەگەری تەکنۆلۆژیا لەئارادایە. بۆ نمونە بڕوانە:

William E. Halal, Michael D. Kull, znd Ann Leffman, "Emerging Technologies: What's Ahead for 2001 – 2030", The Futurist, Nov –Des. 1997.

9- The New Petroleum', Foreign Affairs, Jan/ Feb. 1999.

دەوڵەتی کلنتۆن لەمانگی دەی 1999 ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەرەکی لەم بوارەدا کردۆتە یاسا.

10-Energy Information Administration, Annual Energy Outlook 1999 (Washington, DC: Department of Energy, December 1998) Geoffrey Kemp, Energy Superboul: Strategic Politics and the Persian Gulf and Caspian Basin (Washington, DC: Nixon Center for Peace and Freedom, 1997); and Anthony H. Cordesman, The Changing Giopolitics of Energy (Washington, DC: Center for Strategic and International Studies, August 12,1998).

□□–Daiel A. Lock and Randall P. Nottingham, "Global Macket penetration of Communications Equipment: Computer Telephones, and Television, "Standard & poor's DRI World Economic Outlook, First Quarter 1999, p. 39.

12-Walter B. Wriston, "The Third Technological Revolution, "Foreign Affairs, Sept/Oct. 1997, p. 172.

(13)هەندێك لەچاودێران لەو باوەڕەدان پەرەسەندنی ئارەزو وحەزی هەندێك لەکۆمەڵگە داخراوەکان, بەتایبەتی سەبارەت بەوانەی کەسەودای جیهانێکی یەکپارچەی خێراو پێشکەوتو و پڕ ململانێن کەمو زۆر لەو بزواندننەدا رەگیان هەیە. بڕوانە:

Robert D. Kaplan, An Empire Wilderness: Travels into America's Future (New York: Random House, 1988) pp. 33-5:

www.pertwk.com

and Edward J. Blakely and Mary Gail Snyder, Fortress America: Gated Communities in the United States (Washington, DC: Brookings, 1997).

(14)بۆ لێکۆڵینەوەی تاقیکاری دوورودرێژ لەم بوارەدا لەم سەرچاوانەدا هاتوە:

Jane N. Healy, your Child's Growing Mind: A Guide to Learning and Brain development from Brith to Adolescence (New York: Doubleday, 1994).

"Understanding TV's Effects on the Developing Brain, " AAP News, May 1998.

Committee on Communications, American Academy of Pediatrics, "Children, Adolescents, and Televetion (Re9538), "American Academy of Pediatrics, October 1995.

□□–Thomas Friedman, "Are You Ready?" New York Times, June 1, 1999, p. A23.

16–هەروەها وەڵامی باربارا ئارنراییش و کاتا پولیت بەو وتارەی دواییان لەژمارەی ژانویە/ فوریە 1999 ی هەمان بڵاوکراوەدا سەیر بکە:

Helen Fisher, The First Sex: The Natural Talents of Women and How They Are Changing the World, (New York: Random House, 1999); Francis Fukuyama, "Women and the Evolution of World Politics," Foreign Affairs, Sept/Oct 1998.

(17) بۆ نمونە لەو بوارەدا سەیری ئەمە بکە:

Celia W. Dugger, "India's Poorest Are Becoming Its Loudest, "New York Time, April 25, 1999, (Week in Review), p.3.

18-Nicholas Eberstadt, "Asia Tommorow, Gray and Male, "The National Interest, No. 53 (Fall 1998), pp. 63-5.

□□–Francis Fukuyama, The Great Disrution: Human Nature and the Reconstitution of Social Order (New York: Free



Press, 1999), znd David Whitman, "More Moral." The New Republic Policy, Summer 1999, pp. 18-9.

□□–Andrew Shapiro, "The Internet" Foreign Policy, Summer 1999, p. 25.

(21) چەندین ژمارە لەئارادان کە ئێستا پرۆسەی لەوجۆرە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا لەحاڵەتی بەدیهێناندان. بڕوانە:

Deconestructing Distrust:L How American View Government (Washington, DC. Pew Research Center, 1988), pp. 15-6.

22-Hamish McRae, The World in 2020: Power, Culture, and Prosperity (Boston: Harvard Businness School Press, 1994), p. 179.

(23) نمونە مێژووییەکان لەم سەرچاوانەی خوارەوە خواستراوە:

Michael Vlahos, "Entering the Inphosphere," Journal of International Affairs, Apring 1998.

(24) تێڕوانینی کورت دەبارەی دروستی پەیوەندی نێوان تەکنیکی زانیاری و زیادبوونی بەرهەمهێنان لەم سەرچاوەیەدا ببینە:

Steve Lohr, "Computer Age Gains Respect of Economists," New York Times, April 14, 1999, pp. A, C 14.

(25)ئەم پرسە سوتاندنی جەنگەلستانەکان بۆ دەسەبەرکردنی زەوی بۆ کشتوکاڵ, تێکدانی ڕێچکەی رووبارەکان, بڕینەوەی درەختەکان, نەهێشتنی بیابان, سودوەرگرتن لەئافات و بەکارهێنانی شێوازی گونجاو بۆ کشتوکاڵ رکدن دەگرێتەوە.

26-Steve Lonergan, "The Roles of Enveronmental Degradation in Population Displacement, "Enveronmental Change and Security Project, The Woodrow Wilson Center, Issue 4 (Spring 1998), PP 5-15.

www.pertwk.com

□□–International Federation of red'Cross and Red Crescent Societies, World Disaster Report 1999 (New York: IFRC, 1999).

28-Daniel Bell, The Cultural Contradictions of Capitalism (New York: Basic Books, 1976)

□□–Humman Development Report 1999, United Nations Development Program pp. 29-30.

(30) لەنامەی تایبەتی ئەم بڵاوکراوەیە دەربارەی کاریەری ئینتەرنێت بڕوانە:

Indiana Journal of Global Studies, Spring 1998.

31-James Kurth, " The Post-Modern state." The National Interest, No. 28 (Summer 1992); and John Lewis Gaddis, Living in Candlestick Park," The Atlantic  Montly, April 1999, PP. 65-74.

(32)بەپێی راپۆرتی ئەنجومەنی ئەوروپا هێشتا ئەم پرسە لای زۆربەی ئەوروپاییان جێگای بڕوا نییە. بڕوانە:

Eurobarometer 50, Cited in Domonque Moisi, "Dreaming of Europe," Foreign Pollicy, Summer 1999, P.49.

33-John Newhous, "Europe's Rising Regionalism." Forign Affairs, Jan/ feb. 1997.

(34) زانایان تا ئێستا توانیویانە کۆدەماری مێشکی مێشکێك بە دروستکراوەیەکی سیلیکۆنی بگۆڕن. ئەنجامەکان پیشانیان داوە کەدەمارە راستەقینەکان و دەمارە دروستکراوەکان هەمان تایبەتیان هەیە. دەتوانێت لەوێنەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە لەم سەرچاوەیەدا بڕوانیت:

Bussines Week's Speacial Summer 1999 Issue on innovation, P.106.

(35)ئەم بابەتە پێشتر بەسەر مشکدا تاقیکراوەتەوەو سەرکەوتووە. بڕوانە:

Social Behavor Transformed with One New Gene, Science Daily, August 19, 1999, P.1.



(36)ئەم بابەتە لەلایەن فرانسیس فۆکۆیاماوە خراوەتەڕوو:

Francec Fukuyama. "Second Thoughts: The Last Man in a Bottle", The National Interest, No. 56 (Summer 1999).

(37)لێکۆڵینەوەی گەشبینانەو رەشبینانە هەر بەردەوامە. بڕوانە:

Virginia Postrel, Ther Future and Its Economics (New York: Free Prees, 1998).

لەم کتێبەدا ئەم دوو گروپە رونکراونەتەوەو لەهەمان کاتدا لایەنگری لە گەشبینی دەکرێت.

(38)بوپێی پێناسەکانی بانکی جیهانی, بازاڕە نێو دەوڵەتیەکانی سەرمایە کاغەزی قەرزو بەهادارن. سەرمایەگوزاری راستەوخۆی دەرەکی بریتییە لەبنچینەی سەرمایەو سەرمایەگوزاری نوێبوونەوەی سودەکان بووە, کە لەباڵانسی کارکردنی داراییدا بەدیارکەوتوون و, سەرمایە رەسمیەکان بریتین لە بڕەی کەلەڕێگای فەرزە ماوەدرێژەکانەوە لەبڕواپێکراوە رەسمیەکانی وەك دامەزراوەی چەند نەتەوەیی یان دەوڵەتانەوە بەدەست دێت.

(39)بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی هاوکاری ئابوری و پەرەپێدان (OECD) دارایی سندوقی خانەنشینی کەلەناو بازاڕی سەرمایەدا سەرمایەگوزاری کراوە, لەساڵانی 1990 وە تا 1995 لەبڕی چوار ملیارو نۆسەد ملیۆن دۆلارەوە بۆ هەشت ملیارو دووسەد ملیۆن زیادی کردوە. بڕوانە:

The World in 2020: Towards a New Global Age (Paris: OWCD, 1997), P. 52.

40-Matthew Symonds, "The Net Impreative" and "When Companies Connect," The Economist, June 26-July 2 1999.

(41) لەساڵی 1992دا رادەی بازرگانی لەبەرامبەر رێژەی بەرهەمی ناوخۆدا لەسەدا پازدە نزیك ببۆوە. پێش جەنگی یەکەمی جیهان ئاستی بازرگانی لەبەرامبەر رێژەی بەرهەمی خۆماڵیدا کەمێك لەسەدا نۆ زیاتر بوە. بڕوانە:

www.pertwk.com

Benjamin J. Cohen, "Phoenix Risen: The Ressurection of Global Finance," World Politics, January 1996, znd Mark Hallenberg, "Tax Competition in Wilhemine Germany and its Implications For the European Unionm" World Poloitics, April 1996.

(42) بۆ بەدەستهێنانی شرۆڤەی ئەم بابەتە بڕوانە:

OECD, The World in 2020, P. 37.

(43) هەندێك لەو ئاڵوگۆڕانە. كاریگەری ڕێژەیی جوڵەداری بەهایە, كەدەبێتەهۆی ئەوەی بەبێ بەشداریكردنی سودمەندبونی بابەتی پیشەسازیو بەرهەمهێنانی هەرزانتر یان گرانتر بن. بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە:

Dani Rodrik, " Has Globalization Gone Too Far?" California Management Review, Spring 1997, pp. 29-53.

(44) دواجار مەكسیك نمونەیەكی دیاری ئەم خواستەیە, لەدەركردنی تەكنۆكراتە دەرچووەكانی ئەمریكا لەئاستە بەرزەكانی پارتی دەسەڵاتەوە بگرە تا گەورەترین مانگرتنی خوێندكاری لەچل ساڵی رابردودا. بڕوانە:

Sam Dillon, "Mexico's Presidental Hopefuls Are New Breed." New York Times, June 24, 1999.

Julia Preston, "Student Strike in Capital Jarring All of Mexico," New York Times, June 21, 1999.

□□–Robert B. Reich, " Trading Insecurities," Financial Time, May 20, 1999.

46-Thomas Sowell, Migrationsand Cultures: A World View (New York: Basic Books, 1996).

Lawrence E. Harrison, "The Cultural Roots of Poverty," Wall Street Journal, July 13, 1999.

47-International Energy Outlook 1999 (Washington, DC: Energy Information Administration, 1999), P. 141.

(48) ئێستا ئابوری یابان لەوپەڕیدایە. بڕوانە:



Stephanie Storm, " Japan Grows 1.9%, to Economists," New York Times, June 11, 1999, P. C. 1.

49-C. Fred Bergsten, "America and Europe: Clash of Titans?" Foreign Affairs, March/ April 1999.

(50) سەرمایەگوزاری راستەوخۆی دەرەكی ئاوارتەیە. بەردەوامی سەرمایەگوزاری دەرەكی راستەوخۆ بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتوەكان لەقەیرانی ساڵانی 1997 و 1998 دا لەسەدا پێنج كەمتربۆوە. بڕوانە:

Glogal Development Finance, P. 14.

(51) ئەو سەرمایانەی دەچنە ناو ئەو وڵاتانەی لەحاڵەتی گەشەكردندان دابەشكردنێكی نایەكسانیان هەیە. بۆیە لێرەوە زۆرینەی سەرمایەكان لەهەندێك بازاڕی گەشەكراودا چڕبۆتەوەو تا ئەو شوێنەی كەپەیوەستە بەگرنگی جموجۆڵی سەرمایەی جیهانیەوە ئایدیای وڵاتانی لەحاڵەتی گەشەكردندا گومڕاكارن.

(52) بۆ نمونە, ئەنجومەنی نەتەوەیی دەڵاڵەكان لەمانگی جوندا كاغەزی ترخداریان بەهاوكاری كۆمپانیای بانكی سافت راگەیاند بەخێرایی جۆرێكی چاككراوی تۆڕی ئەلكترۆنی بازاڕی هاوبەش دەخاتەڕوو, تا لەیاباندا بۆ مامەڵەكردنی هاوبەشی ئەمریكاو یابانی بەكاربهێنرێت, بەمجۆرە بازاڕێكی شەوانەو رۆژانە پێكدێت ئەمە یەكەمین نمونەی جۆری هاوكاری كۆمپانیاكانە. بڕوانە ..... ئینگلیزییەكە ...

(53) بۆ ئەم پێشبینیە, ڕێكخراوی هاوكاری لەڕووی پێوانەكردنی ئابوری وڵاتەكانەوە سود لەپێودانگێك وەردەگرێت كەپێی دەوترێت ستانداردی بەرامبەری توانای كڕین (PPP). لەم رۆژەدا (PPP) لەلایەن (CIA), وەزارەتی بەرگری, بانكی جیهانی, سندوقی نێودەوڵەتی دراو, هەروەها ڕێكخراوی هاوكاری ناوچەییشەوە بۆ پێوانەكردنی بەرهەمی نەتەوەیی بەكاردەهێنرێت. هەرچەندە ئەم شێوازە خەوشی سودوەرگرتنی لەڕێژەی ئاڵوگۆڕی بەها تێدا نیە لەپێوانەی ئابوریەكاندا, بەڵام خۆی گرفتی تێدایە, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

www.pertwk.com

Edward Wyatt, "Mareket Place," New York Times, June 16, 1999, P.C 11.

هەڵسەناندنی برەودارتر پیشانی دەدەن کە چین بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ئابورییەکی بەئەندازەی ئەمریکا دەبێت بیستو چوار ساڵ بەشێوەیەکی مامناوەندیو لەسەدا دوازدەو لەسەدا چل گەشەکردنی ئابوری ساڵانەی هەبێت, کە بەئاشکرا نامومکین دەردەکەوێت. هەروەها گومانی تێدا نییە کە لەڕابردوودا ڕێکخراوی هاوکاریو دامەزراوە تایبەتەکانی دی لەبەرامبەر گەشەکردنی ئابوری وڵاتاندا هەڵەیان هەبوە.

Murray Widenbawm, "China's New Economic Scenario: The Future of Sino- American Relations," Orbis, Spring 1999, PP. 223-4.

(54)لەم نمونەیەدا کۆی پازدە وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ ئایسلەندو نەرویجو سوید سەپێنراون. جیاوازی سەرەکی نێوان گەشەی زۆرو گەشەی کەم لەوەدایە کە ئاستەنگەکانی بازرگانیو کۆمەكو دارایی لەسەر هەنارەدەکان بۆ لەسەدا پەنجا یان سفر کەم ببێتەوەو ئاوێتەکردنی داراییو ریفۆرمی بازاڕی کار بەدی بێنێتو بەکارهێنانی وزەو هەروەها بەهای نەوتو پەرەسەندنی دانیشتوان زیاد بێت یان نەبێت. بڕوانە:

OECD, The World in 2020, P. 63.

(55)لەخویَ،دنەوەیەکی سەرنجڕاکێشانەی کەلەو دواییەدا لەلایەن ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە کراوە هەوڵ دراوە ئەم بابەتە چاکبکرێتەوە. بڕوانە:

Safeguarding Prosperity in a Global Financial System: The Future International Financial Archicture, Report of an Independent Task Force (New York: Council on Foreign Relations, September 1999).

(56)ئەم هەوڵانە مومکینە هاوکاتی ئەو کۆششانە بێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەرزەکانی ئەو وڵاتانەی لەحاڵەتی گەشەکردندان. چونکە



زیادبوونی قەرزەکان نەك تەنها زیان بە وڵاتانی قەرزدەر بەڵکو وڵاتانی قەرزکاریش دەگەیەنێت. بڕوانە:

Bob Davis. "G-7 Moves to Revamp Financial Systems, "Wall Street Journal, June 21, 1999, P. A23.

(57)تەنانەت هەندێك باس لەنەمانی سندوقی نێو دەوڵەتی دەکەن, چونکە هەر لەسەردەمی نەمانی ڕێژەی ئاڵوگۆڕی جێگیرەوە, ئەم ڕێکخراوە ئەرکی گۆڕاوە. لەنمونەی ئەو کەسانە جۆرج شۆڵتز وەزیری دەرەوەو خەزنەداری پێشوی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

(58)ئەمە گۆڕانکارییەکی تەواو نییە, هێنانو گواستنەوەی (پارەی پیس لەدەیەی 1930 بۆتەهۆی گرفتی لەوجۆرە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Harry Gelber, Sovereignty Throught Interdependence (London: Klewer Law International, 1997), espically Chapter 2.

59-Zanny Minton Beddoes, "From the EMU to AMU? The Case for Regional Currecies, Foreign Affairs, July/ August 1999, PP. 8-13.

60-"Global Financial Survey, "The Economist, January 30, 1999, P. S 15.

61-Ibid.

(62)ئەرجەنتین پراکتیکانە بانکی فیدراڵی رزروی وەك دادەوەری سیاسەتی دارایی ئەم وڵاتە ناساندوە.

(63)ئەنجامی سەرەکی راپۆرتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (ساڵی 1999)

Peter F. Drucker. " The Age of Social Transformation, "Atlantic Monthly, November 1994.

(64) ئینگلیزی.........

www.pertwk.com

(65)لێکۆڵینەوەکی کورت دەربارەی مەیای نوێ دەتوانرێت لەم سەرچاوەیەدا بخوێنرێتەوە:

Laura D'Andrea Tyson, "Wages and Panic Buttons," New York Times, August 3, 1999.

(66)بەپێی پێناسەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان, ولاٌتە پێشکەوتوەکان بریتین لە: کەنەدا, ویلایەتە یەکگرتوەکان, ولاٌتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا, ئایسلەندا, ئیسرائیل, مالتا, نەرویج, سویسرا, ئوستراليا, نیوزلەنداو یابان.

ولاٌتانی لەحالٌەتی پەڕینەوەن بریتین لە: روسیا, ئەوروپای خواروی خۆرهەلاٌت, ولاٌتانی ناوچەی بالٌکان, کۆماری چیك, نەمسا, پۆلٌۆنیاو ولاٌتە سەربەخۆو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

هەموو ولاٌتانی دی لە ئەفریقا, ئەمریکای لاتین, دەریای کاریبی, ئاسیا (چین)لەولاٌتانی لەحالٌەتی گەشەکردندان.

67-The White House, "Protecting America's Critical Infrastrures: PDD on Critical Infrastructure Protection, May 1998.

The Marsh Commission Report itself, Called the Precident's Commission on Critical Infrastructure (Washington, DC: GPO, October 1997).

68-Paul Rogers, Simon Whitby, and Malcolm Dando, "Biological Warfare against Crops," Scientific American, June 1999, PP. 70-5.

(69)راستتر ئەمەیە کە بلٌێین "دووبارە گەڕانەوە" بۆ ئەو سەردەمە, چونکە ئەم دیاردەیە پێش ئەم سەدەیەش باو بوە. شێوازێك کە لەڕگایەوە بنجامین دیزرائیلی کەنالٌی سوێسی لەخدێوی ئیسماعیل بۆ بەریتانیای گەورە کۆنترۆلٌ کرد. ئەمە نمونەیەکی بەرجەستەیە, بەلاٌم تاکە نمونەش نییە:

70-Figures are taken from "The National Security Dimensions of the Global Capital Markets. "remarks of Roger



W. Robinson before the Alaskan World Affairs Council, May 7, 1999.

"Can We Prevent U.S. Credit Flows From Fueling Russian Proliferation," remarks of Roger W. Robinson before the Non-Proliferation Policy Education Center, May 19, 1999.

71-Peter F. Drucker, "The Global Economy and the Nation – State," Foreign Affairs, Sept./ Oct. 1997, PP. 159 – 71.

□□–Saskia Sassen, Losing Control? Sovereigny in an Age of Globalization (New York: Columbia Univercity Press, 1996).

(73) لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە:

Jean – Marie Guehenno, "The Impact of Globalization on Strategy," Survival, Winter 1998/99.

□□–Linda Weiss, The of the Powerless State (Ithaca, NY: Cornell University Press, 1998.

بەشێوەیەکی فراوان (وایس) چەند بابەتێکی دیاریکراو لەوانە کۆریای خواروو, تایوان, یابان, سویدو ئەلٌمانیا دەخاتە ژێر لێکۆلٌینەوەو شرۆڤەوەو, دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەولٌەتەکان دەتوانن شێوازەکانی دووبارە کۆنترۆلٌکردنەوەی کاریگەر نەبەسەر سیاسەتی ئابوریدا بگرنەبەر.

□□–Wolfgang H. Reinicke, "Global Public Policy," Foreign Affairs, Nov./ Dec. 1997, p. 137.

(76) رەخنەگرە خاوەن دیدە جیاوازەکان بریتین لە:

John Gray, False Dawn: The Delisions of Global Capitalism (London: Granta, 1998).

William Greider, One World, Ready or Not: The Manic Logic of Global Capitalism (New York: Simon & Schuter, 1997).

www.pertwk.com

Zygmunt Bauman, Globalization: The Human Cinsequences (New York: Columbia Univercity Press, 1998)

77-Peter F. Drucker, "The Rise, Fall and Return of Pluralism," Wall Street Journal, June 1, 1999.

(78)لەکاتێکدا کەئەمڕۆ لەولآتانی پێگەیشتودا ڕێژەی دارایی دەرانی کارگەران بەرامبەر بە بەردەواکارانی بێکار سیٚ بۆ یەکە, لەماوەی سی سالٚی داهاتوودا ئەگەر ریفۆرم ئەنجام نەدرێت ئەم ڕێژەیە بۆ یەكو نیو یان تەنانەت بۆ یەك کەم دەبێتەوە. واتە بەشێکی بەرهەمی نەتەوەیی کەبەتەواوی بۆ دابینکردنی تازیارەکانی سالٚمەندان خەرج دەکرێت دەبێت بۆ لەسەدا شازدە زیاد بکات.

Peter G. Peterson," Gray Dawn: The Global Aging Crisis," Foreign Affairs, Jan./ Feb. 1999, p. 46.

79-Seceretary of Defense William S. Cohen, Annual Report to the President and the Congress, 1999. Edward Warner, Assistant Secretary of Defense for Strategy and Thread Reduction, Testimony to the House National Security Committee, January 29, 1998.

1998 Strategic Assessment: Engaging Power for Oeace (Washington, DC: National Defence Univercity, 1998) PP. 15-6.

80-Dale Echilman, "The Coming Transformation of the Muslim World," The 1999 Templeton Lecture on Religion and World Affairs, Foreign Policy Research Institute, June 9, 1999.

(81)ئەو خەیالٚەیە کە بەباشیو بە بەدەستهێنراوەکان پشتگیری کراوە لەلایەن جان مالامود شمیس لەم وتارەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

"Now Thet Risk Has Become Our Reward," New York Times, July 25, 1999 (Week in Review), p. 15.



ئەمە ەبو واتایە نییە کە هاولآتیانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بەرەهایی لەتەلەفات بێزاربوون. دەرئەنجامە بەدەستهێنراوەکان باس لەوە دەکەن کەزۆربەی ئەمریکییەکان لەحالٚەتێکدا کەبەرژەوەندییەکانی نەتەوەییان بەرهەڕەشە دەکەوێت تەلەفاتی زۆریش هەڵدەگرن. بڕوانە:

John Muller, The Common Sence," The National Interest, No. 47 (Spring 1997).

82-John Muller, Retral from Doomsday: The Obsolescence of Major War (New York: Basic Books, 1989). Michael Mandelbaum, "Is Majior War Obsolete?" Survival, Winter 1998 – 99.

(83)شرۆڤەیەکی کورتی پڕ لەناوەڕۆك هاوەلٚ بۆ چەند نمونەیەك لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

Barbara Crossette, "The Internet Changes Dictatorship's New York Times, August 1, 1999 (Week in Review), pp. 1,16.

Akita Iriye, Cultural Internationalism and World Order (Baltimore, MD: Johns Hopkins University Pressm 1997).

74-Fkuyama, The Great Disruption.

(85)هەڵبەتە لەدیدی سامۆیل هاتینگۆنەوە ئەم ئەگەرە لەئارادایە. بگەڕێرەوە بۆ: سامۆیل هانتیگتون, پێکدادانی شارستانیەکانو نوێکردنەوەی سیستمی جیهانی, وەرگێڕان.

86-Weiss' The Myth of the Won't Go Away," The Economist, July 31, 1999, pp. 8-10.

(87) پەرەگرافی دووەمی مادەی یەك لەفەسلّی یەکەم لەگەڵ پەرەگرافی هەفتەی مادەی دووەم لە فەسلّی یەك جیاوازە.

88-Marianne Heiberg, ed., Subduing Sovereingy: Sovereingy and the Rights to Intervene (London: Pinter, 1994).

www.pertwk.com

89-Samuel Huntington, "The Lonely Superpower." Foreign Affairs, March/April 1999.

(90)بەشێك لەم بابەتە لەم وتارەی خوارەوە وەرگیراوە:

David Rieff, "The Precarious Triumph of Human Rights," New York Times Magazine, August 8, 1999.

91-Yehezkel Dror, Crazy States: A Conterconventional Strategy (Lexington, MA: Heath Lexington Books, 1971).

(92)ئەم ئیستدلالە لەم کتێبەی ژێرەوەدا بخوێنەرەوە:

"Is Magor War Obsolete: An Exchange," Survival, Summer 1999, pp. 139-52

(93)بەوجۆرەی کەوترا جەنگێکی کە هندستانو پاکستانو لەوانەیە ئێرانیش دوچاری بین بەدوور نازانرێت, بەڵام سرۆڤەکاران سەبارەت بەوەی ئەو سیٚ وڵاتە ناوبراوە (وڵاتانی گەورە)بن هاوبڕوانین.

(94)بەپێچەوانەی بیروڕای باو, نەهامەتیو رەنجێکی لەم جەنگانەوەدا دەوت جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ سەردەمی جەنگی ساردنییە. بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

Yahya Sadowski, The Myth of Global Chaos (Washigton, DC: Brookings INstitutino Press, 1998), P. 121.

Shahi Tharoor, "The Future of Civil Conflict," World Policy Journal, Spring 1999, pp. 1-11.

(95)خوێندنەوەی دەوڵەتیانە لەم بارەیەوە بریتین لە:

Combating Proliferation of Weapons of Mass Destruction, Report of the Commission to Assess the Organization of the Federal Government to Combat the Proliferation of weapons of Mass Destruction, July 14, 1999; "Executive Summary," Report of Commission to Assess the Ballistic Missile Thrat to the United States, July 15, 1998; Transforming Defense: National Security in The 21 Century, Report of The National



Defence Panel, December 1997; and W. Cohen, Preleferation: Threat and Response, OSD Report to Congreess, November 1997.

گرنگترین خوێندنەوە لەلایەن بەشی تایبەتەوە ئەنجام دراوە بریتین لە:

Fred C. Ikle, Homeland Defence (Washington, DC: CSIS, 1999); and William Webster, et al., Wild Atom; Nuclear Terrorism (Washington, DC: CSIS, 1998), Key periodical literature includes: Fred C. Ikle, "The Problem of the Next Lenin," The New Face of Terrorosm, "The Washington Quarterly, Autumn 1998.

کتێبە نوێیەکانیش بریتین لە:

Joshua Lederberg, ed., Biological Weapons: Limiting the Threat (Cambridge, MA: MIT Press, 1999); Richard Danzig and Pamela Berkowsky, Biological Weapons – Limitig the Threat (Cambridge, MA: MIT Press, 1999); Jessica Stern, The Ultimate Terrorists (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1999); Richard A. Falkenrath, et al., America's Achilles Heel (Cambridge, MA: MIT Press, 1998); Philip B. Heyman, Terrorism and America: A Commonsense Strategy for a Democratic Society (Cambridge: MIT Press, 1998): Ken Alibeck with Stephen Handelman, Biohazard: The Chiling True Story of the Largest Covert Biological Weapons Program in the world (New York: Columbia University Press, 1998).

96-Hoffman, Inside Terrorism, p. 196.)

97-Ian O. Lesser, Bruce Hoffman, John Arquilla, David Ronfeldt, and Michele Zanini, Countering the New Terorism (Santa Monica, CA: RAND, 1999).

www.pertwk.com

Zalmay Khalilzad, David Shlapak, and Ann Flanagan, "Overview of the Future Security Environment. "Sources of Conflict in the 21 Century: Regional futures and U.S. Strategy, Zalmay Khalilzad and lan O. Lesser, eds. (Santa Monica. CA: RAND, 1998).

98-Michael G. Vickers, Warfare in 2020: A Primer (Washington, DC: Center for Stratigic and Budgetary Assessments, 1996).

(99)بەدەستهێنانی ئامادەکارییەکانی شتێك و کێشکردنی هۆشمەندانەی دووبابەتی جیاوازن. بڕوانە:

Chris C. Demchak, Military Organizations, Complex Machines: Modernization in the U.S. Armed Services (Ithaca, NY: Cornell University Press, 1991).

100-John Weltman, World Politics and the Evolution of War (Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press, 1995).

101-Cohen, "Preparing for a Grave New World."

102-SECDEF address at the Conference on Terrorism, Weapons of Mass Destruction, and U.S. Strategy. University of Georgia, April 28, 1997; SECDEF News Conference, Release of OSD Report on WMD Proliferation, November 25, 1997; SECDEF Annual Report to thePresident and the Congress, March 1998, p. 26; and Acting CIA Director George Tent, Testiony to the Senate Armed Services Committee, February 5, 1997.

(103)چەندین ئاوارتەیی لەئارادایە. × 7 گرنگترینیانە.

(104)بەهاوکێشەکی یەکسان، هۆکارەکانی میکرۆبی لەوێنەی ئەنتراکس (برینی رەش) هەزاران جار لەگازە دەمارییەکان بەهێزترە.

105-Falkenrath et al., p.112.



106-Richard Preston, "The Demon in the Freezer, "The New Yorker, July 12, 1999, pp. 44-61.

107-J.D. Holum, Remarks for the Fourth review Conference of the Biological Weapons Convention (Geneva: U.S. Arms Control and Disarmament Agency, November 21, 1996).

Robert P. Kadlec, Allan P. Zelicoff, and Ann M. Vrtas, "Biological Weapons Control: Prospects and Implications for the Future," in Lederberg, pp, 95 – 111.

□□□–Center for Conunterproliferation Research, The NBC Thrat in 2025 (Washington, DC: National Defens University, 1997).

109-Paul Bracken, "America's Magiont Line," The Atlantic Monthly. December 1998, pp. 58-93.

Paul Kugler, Changes Ahead: Future Directions For the U.S. Overseas Military Presence (Santa Minica, CA: RAND, 1998).

110-Franck J. Cilluffo, et al., Cyberterrorism, Cyberwarfare….. Averting an Electronic Waterloo (Washington, DC: CSIS, 1998).

Roger C. Molander, Peter A. Wilson and Robert H. Anderson "S.S. Strategic Vilnerabilities: Threats Against Society, "in Zalmay M. Khalilzad and John P, White, Strategic Appraisal: The Changing Role of Information in Warfare (Washigton, DC: RAND, 1999), pp. 253-80.

(111) لەوانە ویلایەتە یەکگرتوەکان، بگەڕێرەوە بۆ:

Preparing for the 21 Century, Commission on the Roles and Capabilities of the United States Intelligence Community, 1996, p. 27. Organisation for Economic Cooperation and

www.pertwk.com

Development, 21 Century Techniologies Promises and Perils of a Dynamic Future (Paris: OECD, 1998), pp. 14-5.

112-Lt. Gen. Patrick M. Hughes, Director, Defense Intelligence Agency, "Global Threats and Challenges to the United States and Its Interestes Abroad," Statement for the SenateSelectCommittee on Intelligence, February 5, 1997.

113-Instute for National and Stratigic Studies, Strategic Assessment 1999 (Washington, DC; National Defence University, 1999).

114-Institute for National and Stratiegic and Techological Inevitabilites, Occasional Paper No. 6 (Air University, Maxwell Air Force Base: Center for Strategy and Technology, Air War College, January 1999).

Dana J. Johnson, Scott Pace, and C. Bryan Gabbard Space Emerging Options for National Power (Santa Monica, CA: RAND, 1998).

Christopher Lay, "Can We Control Space?" presentation to Electronics Industry Association, October 1997.

115-U.S. Department of Defense, Joint Chifs of Staff, Joint Vision 2010 (Washington, DC: Molander, USGPO, 1996).

116-Roger C. Molander, PeterA. Wilson, David A. Mussingtonm and Richard F. Mesic, Strategic Information Warfare Rising (Washington, DC: RAND, 1998).

117-Keith Payne, Deterrence in the Second Nuclear Age (Lexington: University of Kentucky Press, 19096).

118-Lawrence Freedman, "The Revolutionin Stategic Affairs, "Adelphi Papers 318, 1998, p. 77.

119-Barry Watts, Clausewitzian Friction War, McNair Paper 52 (Washington, DC: National Defense University, October, 1996)>



120-"Making Intelligence Smarter: The Future of U.S. Intelligence," Report of zn Indepdendent Task Force, Council on Foreign Relations, February 1996.

(121)بۆ خوێندنەوەی زیاتر بگەڕێرەوە بۆ:

Stephen Ambrose, Citizen Soldiers (New York: Simon & Schuster, 1997).

(122)بەلاّم بەم شتە خۆبەخۆ روونادات و، پێشکەوتنی بەئاستەنگە ئیداریەکانەوە بەستراوە. ئەمە لەخاورەوە بخوێنەرەوە:

Andrew Krepinevich, "Emerging Threats, Revolutionary Capabilities, and Milatary Transformation," Testimony before the Senate Armed Services Committee on Emerging Threats and Capabilities, March 5, 1999.

123-Robert H. Scales, Future Conflict (Carlisle, PA: U.S. Army War College, 1999).

(124) لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئێمە (ئەوروپای خۆرئاوا)مان بە (western Europe)نوسیوە. پیتی (W)مان بەبچوك نوسیوە. هەروەها ئەوروپای خۆرهەلاّت و سەنتەریشمان بەپیتی گەروە نوسیوە. ئەم هەنگاوەمان بەلّگەی دیاریکراوی خۆی هەیە، نوسینی ئەم پیتانە بەپیتی گەورە نمونەیەکە بۆ جەنگی سارد دەگەڕێتەوە، کەبارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیانەی هەبوو. ئەوروپای خۆرئاوا واتە ئەوروپای دیموکراسی و ئەوروپای خۆرهەلاّتی واتە ئەوروپای کۆمۆنیستی بوو. لەو سەردەمەدا بەگەورە نوسینی (کەپیتالّ)یەکەم پیتی ئەو دەستەواژانە راست بوون، چونکە یاریدەی دەداین شتێکی لەجۆری دابەشکردنی جیوگرافی رووت بەدەست بهێنین. ئاشکرایە ئەمڕۆ ئەم جیاکارییە چەمکی خۆی لەدەستداوە. هەرچەندە هێشتا (west)بەچەمکی ناخۆرئاوایی جیوگرافی بەکاردەهێنین و مەبەستمان ولاّتانی دیموکراسییە کە خاوەنی بازاڕی ئازادن و ریشەی هزریان بۆ رێنانس و سەردەمی رۆشنگەری دەگەڕێتەوە.

www.pertwk.com

125-U.S. Bureau of the Census figures and projections, 1999.

(126)ژمارەی بەرهەمی نەتەوەیی ناوخۆی وڵاتەکان لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە: ئینگلیزییەکە....

بۆ تێبینی کردنی ئاماری پەیوەست بەگەشەی وڵاتانەوە تا ساڵی 2025 بڕوانە: دیارە ئامارەکانی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری پەرەپێدان پێش ساڵەکانی 1997 و 1998 (واتە ساڵانی قەیرانی ئاسیا) تۆمار کراوە کە لەبەهای کەم دەکاتەوە. بەڵام بەهەرحاڵ تاکاتی تۆمارکردنی ئەم راپۆرتە هیچ زانیارییەك سەبارەت بەخولی پاش قەیرانەکە لەبەردەستدا نییە.

World Development Indicators (Washington, DC: The World Bank, 1998),pp.180-2.

127-Paul S. Schroeder, "The New World Order?" Washington uarterly, Spring 1994, and Daniel Deudaney and G. John Ikenberry, "The Logic of the West "World Policy Journal, Winter 1994.

128-Robert Blackwill, ed., The Future of Transatlantic Relations: Report of an Independent Task Force (New York: Council on Foreign Relations, Febrwary 1999).

129-Sheetal K. Chand and Albert Jeager, IMF Occasional Paper 147: Aging Populations and Public Pension Schemes (Washington, DC: International Monetary Fund, 1996), p. 12.

(130)هەموو ژمارەکان پەیوەست بە دانیشتوان لێرەداو لەوەی لەوەی دواییدا لەبانکی زانیاری نێودەوڵەتی ئیدارەی سەرژمێری ویلایەتە یەکگرتوەکان وەرگیراوە.

131-OECD, The World in 2020,  p92.

(132)ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری‌و پەرەپێدان لەسیناریۆی گەشەکردنی باڵادا, ڕێژەی گەشەکردنی بەرهەمی نەتەوەیی لەناوخۆی ویلایەتە یەکگرتوەکانی



لەسەدا دوو و لەدەدا شەش لەساڵێکدا پێشبینی دەکات. ناوەندی بەرهەمی گەشەی باڵا لای ئەندامانی فعلی یەکێتی ئەوروپاو ئەو وڵاتانەی لەم دواییەدا بۆ ئەندامێتی ئەو یەکێتییە هەڵبژێردراون بۆ لەسەدا دوو لەدەدا شەش پێشبینی کراوە. بڕوانە:

OECD, The World in 2020,p 92.

134-World Development Indicators (Washington, DC: The World Bank, □□□□)pp. □□□ --□.

(135) لێرەدا مەبەستمان لەوڵاتانی حەوزی باڵکان چەمکە جیوگرافیاکەیەتی.

136-Peter W. Rodman, Drifting Apart? Trends in U.S. – European Relations (Washington, DC: The Nixon Center, 1999).

(137)هێرشی ڤێتنام‌و داگیرکردنی کامبۆج (1979 – 1989)و جەنگی سنوریی ساڵی 1979ی چین‌و ڤێتنام تا رادەیەك ئاوارتەن.

(138)گەشەکردنی دانیشتوان یەکێکە لەفاکتەرەکانی بزاوتنی رەهای ئابوری ئاسیای خۆرهەڵات. دانیشتوانی پێنج وڵاتی گەورەی ئەم ناوچەیە لەساڵی 2025 بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 1999 تا رادەیەك بەمجۆرە دەبێت: چین لەملیارێك‌و دووسەد ملیۆنەوە بۆ ملیارێك‌و چوارسەد ملیۆن دەگات. ئەندەنوسیا لەدووسەدو سیازدە ملیۆن بۆ دووسەدو هەشتاو هەشت ملیۆن. یابان لەسەدو بیست‌و شەش ملیۆن بۆ سەدو بیست ملیۆن. فلیپین لەهەشتا ملیۆنەوە بۆ سەدو بیست‌و یەك ملیۆن.

ڤێتنام لەهەفتاو شەش ملیۆنەوە بۆ سنوری سەدو چوار ملیۆن دەڕوات. دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ئاسیا لەساڵی 2025 دا لەکۆی چوارو لەسەدا هەشتاوچوار بەرامبەر ئەمریکای باکورو شەش‌و لەسەدا پەنجاوشەش بەرامبەر بەدانیشتوانی ئەوروپا دەگات.

139-OECD, The World in 2020, p. 92.

www.pertwk.com

(140)تا ساڵی 2025 ژمارەی ئەوکەسانەی کەلەشارەکاندا ژیان بەسەر دەبەن نیوەی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ئەو شارە پێکدێنن. لەساڵی 1999 تەنها لەسەدا سیو پێنج خەڵکی دانیشتوای شاری بوون. پیربوونی دانیشتوانی ئاسیای خۆرهەڵاتی دیاردەیەکی گرنگە، کە لەبیستو پێنج ساڵی ئایندەدا دەبێت ئاوڕی لێبدرێتەوە. لەماوەی نێوان ساڵەکانی 1995و 2025 دا رێژەی تاکی پازدە تا شەستو چوار ساڵە بۆ تاکی شەستو پێنجو لەوڵاتانی ناوچەکەدا بڕوات، وەك ئەم شرۆڤەیەی خوارەوە:

چین لەیازدەوە بۆ شەش، یابان لەپێنجەوە بۆ دوو، ئەندەنۆسیا لەچواردەوە بۆ هەشت، کۆریای خواروو لەدوازدەوە بۆ دوو، کۆریای باکور لەچواردەوە بۆ شەش، ئوستralیاو زلاندنو لەشەش بۆ چوار، مالیزیا لەچواردە بۆ هەشتو فلیپین لەحەڤدەوە بۆ دە.

بۆ وردەکاری زیاترو بەشێك لەدەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Nick Eberstadt, "Asia Tomorrow, Gray and Male," The National Interest, No. 53 (Fall 1998), pp, 56- 65.

Milton Ezrate, Kawari: How Japan's Economic and Cultural Transformation Will Alter the Balance of Power Among Nations (Reading, MA: Persues Books, 1999).

141-Peter Schwart and Peter Leyden, "The Long Boom: A History of the Future, 1980 – 2020, "Wired, July 1997).

142-Monxin Pei, "Is China Democratizing? " Foreign Affairs, Jan/ Feb, 1998.

(143)بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەو وردەکاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە 53 لەبەشی یەکەم.

144-International Energy Outlook 1999 (Washington, DC: Energy Information Administration, 1999), Tables A4, Dl.



□□□–David Zweig, "Undemocratic Capitalism: China and the Limits of Economisim , "The National Interest, No, 56 (Summer 1999).

146-U.S. Department of Defence, The United States Security Strategy for the East Asia – Pacific Region 1998, p. 36.

(147)وەزارەتی پیشەسازیو بازرگانی نێودەوڵەتی ئەوەی بەدەستهێناوە کە تەنانەت ئەگەر یابان لە مەنگبونی (رکود)ی هەشت ساڵەی ئێستای بێتەدەر، لەماوەی یەكو لەدەدا هەشت، کەپاش ساڵی 2010 بە ئاستێکی نزمی لەسەدا سفرو لەدەدا هەشت دەگات، بەدەستبهێنێت. ئەم دەستکەوتەی کە دانیشتوانی بەخێرایی لە حاڵەتی پیربووندایە قەرزداری بانکەکانو کەمبوونەوەی سودمەندیی لەبەرچاو دەگرێت، گەشبینانەیە. گروپی ناسودمەندییو بەناوبانگی هاوبەندی رۆژنامەی (نیکیی) لەتۆکیو بەناوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئابوری یابان، پێشبینی گەیشتنی گەشەکردن بۆ نزیکی سفر کەم دەبێتەوە لەساڵی 2003 داو نزمبونەوەی بەرهەمی نەتەوەیی ناوخۆییش دەکات تا ساڵی (2025). بڕوانە:

Peter Harcher, The Ministry (Cmbridge: Harvard Business School Press, 1998).

148-Bracken, "America's Magiot Line."

(149)ئەم هەلومەرجە سوپای ئەمریکا بۆ وڵاتێکی کە سنوری بەچینەوە هەیە دەگوێزرێتەوەو بەئاشکرا شرۆڤەی سیاسیانەی هەیە.

150-Population and the World Bank: Adapting to Change (Washington, DC: The World Bank, 1999) pp. 8-9.

(151) لەو سەدو هەفتا ملیۆن کەسەی تا ساڵی 2025 لەدەوروبەری دەریای ناوەڕاست دەژین، لەسەدا دە ئەوروپی، لەسەدا بیستو دوو تورکو لەسەدا شەستو هەشت عەرەب دەبن.

www.pertwk.com

(152) تۆڕی تەلـەفزیۆنی (الجزیـرە) کـە سـەنتەرەکەی لـە (دۆحـە)ی (قگـر)ە، لەبیسـتو دوو وڵاتـی عەرەبیـدا بەرنامـەکانی وەردەگیرێـتو ناسروشـتیانە چۆتە بـەردڵان. ئـەم تـۆڕە لـەلای دەوڵـەتە دیکتاتۆرەکـان کـەلای ئـەوان هـەواڵو فەزایـەکی کراوە هەڕەشەیە، ترسو بیمی دروست کردوە.

153-Ernst Gellner, Nationalism (Washington Square, NY: New York University Press, 1997), Chapter 13.

(154) نمونەیـەکی شـایانی بـاس بێـت کتێـبو قورئانـە کەلەلایـەن (محمـد شهرور)ەوە نوسراوەو، هەر لەسەردەمی بڵاوبونەوەی (1992) تا ئێستا دە هـەزار نوسـخەی لـەجیهانی عەرەبـدا لێفرۆشـراوە. (شـهرور) کـە ئەنـدازیارێکی سـوورییە پشتگیری لەموسڵمانانی ریفۆرمخـواز دەکـات کەبـەرەو نوێکـاری دەچێت. هەنـدێك لەزانایان کتێبەکەیان قەدەغە کـردوەو بـەرەو نوێکـاری دەچێت. هەنـدێك لـەزانایان کتێبەکـەیان قەدەغـە کـردوەو بـە (بدعـە)ی دادەنـێن. بـەڵام ئـەم دیدەنـە بۆتـەهۆی ئەوەی خەڵکی کتێبەکەی نەکڕن، یان لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام نـەدەن. نمونـەی لـەوجۆرە دەتوانرێـت، لـەتورکیا، بـەنگلادیش، ئەندەنوسـیا، مـەراکیش، میسـر و وڵاتانی دی ببینرێت.

(155) لەم بارەیەوە لەم سەرچاوەیە بنوارە:

Ernst Gellner, Post-Modernism, Reason, and Religion (London: Routladge, 1992).

دیـاردەی لـەوجۆرەش لـەبارەی بزاوتـی بـاو بـەرەو سـونەتی لەیەهودیەتیشـدا دەبینرێت، کەهەندێك لەکاریگەرییەکانی یەکسانە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Haim Soliveichik, "Rupture and Revolution: The Transformation of Modern Orthodoxy, "Tradition 28: 4 (Summer 1992).



(156) بـەڵام هندسـتانیش زۆرینـەی نەخوێنـدەوارانی جیهـان لـەخۆدەگرێت. (نزیکـەی پێـنج سـەد ملیـۆن نەخوێنـدەوار) لەئایندەیـەکی نزیـدا دوابـەدوای چین دانیشتوانەکەی دەبێتە یەك ملیارد کەس. لەم وتارەی خوارەوە بڕوانە:

Barbara Crossette, "In Daysm Indiam Chasing China, Will Have a Billion People, " New york Times, August 5, 1999.

(157) هاوکاری ئیسرائیلو هندستان لەساڵی 1994 وە بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوە، بەڵام بەبێ دەنگو رەنگ. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:

Ze' ev Schiff, "The Complex Israel- India Connection," Ha' aretz, August 19,1998; and "India and Israel vs Pakistan, "Foreign Report, June 11, 1998.

158-Ali R. Abootalebi, "Middle Eastern Economies: A Survey of Current Problems znd Issues, "Middle East Review of International Affairs (Ramat Gan), September 1999.

159-Lisa Andreson, "Obligations and Acountability: Islamic Politics in North Africa, "Deadelus, Summer 1991.

ئەم کارەش دەربارەی هندستان کەتەنها لەسـەدا چواریەکی خـەڵکی ئـەو دراوە دەدەن دروستە.

(160) عمـانو عەرەبسـتانی سـعودی لـەڕۆژانی ئـەم سـەردەمەدا لـەپێش هەموانەوە بەوجۆرە بوون. عمان لەدەیەی هەفتادا لەداخراوی خۆی کەم کردەوەو، عەرەبستانی سعودی وەك دەرئەنجامێك لەگەڵ رێڕەوی رۆژگاردا لەپایزی 1998 بۆ یەکەمین جار ڤیزای توریبیستی بەکەسانی دەرەوەدا.

161-Arnon Soffer, Rivers of Fire: The Conflict Over Water in the Middle East (New York: Rowman & Littlefield, 1999), pp. 49 – 50.

(162) زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی لەخشتەبەندی گەندەڵی جیهانیدا لەقوڵایی خشتەکەدان. بۆ نمونە بڕوانە:

"1998 Corrupion Preception Index" prepared by Transparency International and Gottigen University's Internet Center for Corruption Research.

(163)ژمارەی ئەو کەسانەی دوچاری نەخۆشی ئایدزبوون لەباشوری بیابانی ئەفریقا بەنزیکەی چواردە ملیۆن دەخەملێنرێت کە دوو بۆ سێیەمی هەموو ئەو ژمارەیەیە کەبۆ هەموو جیهان دانراوە. (بیست‌و یەك ملیۆن‌و هەشت سەد هەزار کەس). بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

UNAIDS Program data, World Almanac, 1998, p. 840.

سەبارەت بە پەناهەندەکان، لەسەدا سی‌و پێنجی ئەوانەی لیژنەی بالاَی پەناهەندەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان نیگەرانیانن دەکەونە بیابانی ئەفریقای باشورو تا ئەمڕۆ بەرزترین رێژەیە ... بڕوانە:

UNHCR, The State of the World's Refugees: A Humanitarian Agenda (Oxford: Oxford University Press, 1997).

164-Susan Rice, "Bram Fischer Memorial Lecture," Rhodes Scholars" Southern Africa Forum, May 13, 1999.

165-Freedom in the World 1997 – 1998 (New York: Freedom House, 1998). Pp. 600 – 1 and the 1999 Index of Economic Freedom (Washington, DC: Heritage Foundation, 1999).

(166) لەسالانی 1990 تا 1994 ناوەندی دەستکەوتی سالاَنەی سەرمایەگوزاریەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان راستەوخۆ بە بەهای نوسراو نزیکەی لەسەدا بیست‌و هەشت بوە، کەسیٚ بەرامبەری رادەی دەستکەوتی سەرمایەگوزارییەکانی جیهانی بوە لەو خولەدا. بڕوانە:

Department of State "U.S. Trade and Investment in Sub-Saharan Africa, "December 1997.



www.pertwk.com

(167)بۆ نمونە، گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی ناوخۆیی لە 1998 دا موریس زیاتر لەسەدا دەو لەبوتسوانا نزیکەی لەسەدا حەوت‌و لەگانا نزیکەی لەسەدا شەش بوە. بڕوانە:

IMF, World Economic Outlook, October 1998, p. 188.

(168)لەساڵی 1999 دا تێکڕای دانیشتوانی ئەم دوو ولاَتە بەمجۆرە بوە: نایجیریا سەدو سیازدە ملیۆن کەس، ئەفریقای خواروو چل‌و سیٚ ملیۆن، قەرەباڵغترین دانیشتوانی دوو ولاَتی ناعەرەبی بریتین لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی (پەنجا ملیۆن) کەس.

(169)بەرهەمی ناوخۆی نەتەوەیی ئەفریقای خواروو لەساڵی 1998 سیٚ سەدو شەش‌و نیو ملیار دۆلار بوە (بەپێی توانای کڕین) کە لەگەڵ یەك بۆ سێی هەموو بەرهەمی ناوخۆیی ئەفریقای باشوری بیابانە (نۆسەدو سیٚ ملیار دۆلار). لەساڵی 1998 دا پاش ئەفریقای خواروو بەرزترین بەرهەمی ناوخۆیی لای نێجیریابوە کە سەدو دوازدە ملیار دۆلار بوە.

(170) بڕوانە نمونەی سەرنجڕاکێش لەم سەرچاوەیەدا:

A short but interesting feature on Chevron's relationship with Nigeria is Norimitsu Onishi. "Deep in the Republic of Chevron," New York Times Magazine, July 4, 1999.

171-IMF, Global Economic Prospects, October 1998, p. 189.

(172)بۆ خوێندنەوەی وردەکاری بڕوانە:

The United Nations population figures for 1998.

173-"The Demographic Impact of HIV/AIDS," United Nations Population Division, 1998.

174-UNHCR, The State of the World's Refugees: A Humanitarian Agenda (New York: Oxford University Press, 1997), pp. 286 – 7.

www.pertwk.com

(175) ژمارەی ئیسپانیەکانی ناو ویلایەتە یەکگرتوەکان لەم ژمارەیەش زیاترە (بیست‌و دوو ملیۆن کەس) بەڵام هەموو ئەو ئیسپانیانەی, واتە ئەوانەی باپیرەیان لەوڵاتی ئیسپانیاوە هاتون, بەئیسپانی قسە ناکەن.

176-CIA World Factbook, 1998.

(177) ئەو ژمارانە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Abraham Lowenthal, "Latin America in a Yime of Global Finannial Turmoil, "March 1999 (unpub lished draft).

178-Inter-American Development Bank Report Economic and Social Progress in Latin America: Facing Up to Inequality in Latin America (Washington, DC: 1998) p. 1.

179-Ibid

180-Humphrey Taylor, "Pollution Internet, No. 51 (Spring 1998).

(181) پێشبینیەکان لەسەر بنچینەی دەرئەنجامەکانی رێکخراوی هاوکاری ئابوری‌و پەرەپێدان لە (جیهان لەساڵی 2020) وەرگیراوە.

182-The World Bank, World Development Indicators 1998.

183-Kinght Kiplinger, World Boom Ahead: Why Business and Consumers Will Prosper (Washington, DC: Kiplinger Books, 1998), pp. 94 -8.

(184) بەپێی ئاماری 1996 بازرگانی لەسەدا هەفتاو پێنجی بەرهەمی ناوخۆیی کەنەدا پێکدەهێنێت.

(185) رێکخراوە ناوچەییەکانی دی بریتین لە: گروپی وڵاتانی ئاند (بۆلیڤیا, کۆلۆمبیا, ئەکوادۆر, پیرۆ, ڤنزویلا) و بازاڕی هاوبەشی ئەمریکای سەنتەر (وانتیمالا, هندۆراس, نیکاراگوا, سلڤادۆر, پانەماو کۆستەریکا).

186-Ingnatius, "Dollarization in Latin America, " Washington Post, April 28, 1999, p. A25.

187-Kiplinger, World Boom Ahead, p. 95.



188-Stockholm International Peace Research Institute, SIPRI Yearbook 1998: Armaments, Disarmament and International Security (Oxford: Oxford University Press, 1998), p. 214.

189-Allen Hammon, Wich World? Scenarios for the 21 Century (Washington, DC: Island Press, 1998), p. 131.

(190) بەپێی ئاماری بانکی جیهانی پێش گواستنەوەی رەسمی سەرمایە کورتی حسابی بەردەوامی بەڕازیل لەساڵی 1996 دا بیست‌و چوار ملیاردو سیٚ سەد ملیۆن دۆلار بوە.

(191) لەساڵانی 1994 و 1995 ژمارەی ئەو تاوانانەی کەبەپۆلیس گوزارش دراوە لەسەدا سی‌و شەش‌و لەساڵی 1996 بۆ لەسەدا چواردە زیادی کردوە. بەڵام زۆرتریش تاوانەکان لەمەکسیك بەپۆلیس راناگەیەنرێت. بڕوانە:

"A Stain Spreads Across Latin America, "Los Angeles Times, April 25, 1999.

192-Sam Larid, "Mercosur: Objectives and Achievements," World Trade Organization paper, May 23, 1997.

(193) بەکورتی, گەشەپێدانی ئەمریکای لاتین لەرابردوودا بۆتەهۆی شکستی ئابوری, چونکە دەوڵەت دەرامەتی تەواوی بۆ درێژەدان بە بەرنامە سیاسیەکانی پارتەکانەوە نییە. ئەگەر هاتنە ناوەوەی سەرمایە ببڕێت‌و قەرزیش لەبەردەستدا نەبێت, وڵاتێك بەتەنها ناتوانێت ئەمجۆرە سیاسەتانە پیادە بکات. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم سەرمایەیە دەتوانرێت لەبازرگانی ناوچەییەی روو لەفراوانبوون, کە هەر ئێستا لەئارادایە, بەدەست بێت.

(194) کۆلۆنەاکنی فەڕەنسا لەنیوەگۆی خۆرئاوادا بریتیە لە: مارتینیك, گوادالوپ, (لەوەش زیاتر شپیترو میکلون). کۆلۆنەکانی هۆڵەندا بریتین لە: ئەوروپاو ئانتیلەکانی هۆڵەندا (کوراسایوە بونیر, سبا, سنت ئوستانیوس, بەشێك

www.pertwk.com

له سن مارتین) کۆلۆنەکانی کایمان, ئانگوییلا, بەرمودا, دورگەکانی ترکس‌و ئایکاس‌و دورگەکانی ڤیرجین.

195-Elliott Abrams, "The Shiprider Solution: Policing the Caribbean," The National Interest, No. 43 (Spring 1996).

(196)لەڕووی تەکنیکیەوە, ئەم کارەنوێ روویداوە, چونکە کیك هەرگیز یاسای بنەڕەتی ساڵی 1982ی ئیمزا نەکردوە.

(197)لەوانەیە مانیتۆبا, یوکون‌و قەڵەمڕەوەکانی باکوریش لەم چوار چێوەیەدا بن, هەموو دانیشتوانی بریتیش کولومبیا, ئالبرتا, کاسکاچوان, مانیتوبا, یوکون وقەڵەمڕەوەکانی باکوری خۆرئاوا نۆملیۆن‌و سێ سەد هەزار کەسە.

198-U.S. Bureau of the Census International Data Base at www.census .gov/ ipc/ www/idbprint.html.

199-"Americans' Median Age Is 35-2, the Highest Everm" New York Times, June 15, 1999.

200-"Global Aging in the 21st Century," U.S. Bureau of the Census (Washington, DC: U.S. Department of Commerce, December 1996).

201-Peter G. Peterson, Gray Dawn: How the Coming Age Wave Will Transform America – and the World (New York: Random House, 1999), p. 29.

202-Marilyn Moon, Medicare, Medicaid, and the Health Care System," Life in an Older America Robert N. Butler, Lawrence K. Grossman, and Main R. Oberlink, eds. (New York: The Century Foundation Press, 1999). P. 42.

(203)لەساڵی 1970 دا لەسەدا چوارو حەوت لەدەی دانیشتوانی ئەمریکا لەدایکبووی دەرەوەی ئەم وڵاتەبوون. ئەم ژمارەیە لەساڵی 1997 دا گەیشتە لەسەدا حەوت‌و لەدەدا نۆ. بڕوانە:



Campbell J. Gibson and Emily Lennon, Historical Censusm February 1999).

204-Peterson, Gray Dawn.

205-Moon "Madicare, Medicaid, and the Health care System," p. 41.

(206)هەموو دەرئەنجامەکانی ئەم بەندە لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە:

Population Projections of the United State by Age, Sex, Race, and Hispanic Origin: 1995 to 2050 (Washington, DC: U.S. Bureau of the Census, 1996).

(207)لەشیکارو شرۆڤەکراوە لە:

Orlando Patterenson, The Paradox of Integration (Washington, DC: Civitas, 1997).

208-National Scince Foundation, National Science Board, Science and Engineering Indicators, 1998, NSB-98-1, 1998, pp. 3019.

209-NationalCenter for Education Statistics, "The Condition of Education 1999 (NCES 1999 -022)", (Washington, DC: U.S. Department of Education, 1999), p. 6.

210-Ibid., p. 122.

211-National Center for Education Statistics, 1992 National Adult Literacy Survey (Washington, DC: U.S. Department of Educatios, 1992).

212-Current Populations Reports P 20 – 496 (Washington, DC: U.S. Bureau of the Census, 1996).

213-Michael Kelly, "A National Calamity," Washington Post, June 16, 1999, p. A 37.

214-Eileen Poe-Yamagata, "Children in Single- Parent Homes, 1970-1996, adapdet from the 1996 Green Book (Washington DC: U.S. Congress, 1998).

www.pertwk.com

215-Jason Filds and Kristin Smith, "Poverty, Family Structure, and Child Well- Being Indicators From the SIPP" (Washington, DC: U.S. Bureau of the Census, 1998).

216-"Internet Development" in International Telecommunications Union, Challenges to the Network (Geneva: ITU, 1997), chapter2.

217-(Thomas P.M Barnett and Pat A. Pentland, "Digital Wave: Future Trends in, Navigation Telecommunications, and Computing, "CAB 98 – 52, Center for naval Analyses, June 1998.

218-the special feature issue of Scientific American, "Your Bionic Future," Fall 1999.

(219)ئەم تەکنۆلۆژیایە بەخێرایی لەحاڵەتی گەشەکردندا. بڕوانە:

Nicholas Wade, "New Study Hints at Way to Prevent Aging," New York Times, August 27, 1999.

220-Frank Killelea, "International Defense Trends and Threat Projections:R & D Spending Trends," briefing at the Johns Hopkins University Advanced Physics Laboratory, February 26, 1999.

(221)بەپێی ئامارەکانی دامەزراوەی نەتەوەیی زانستو هاوکارییەکانی ئابوریو پەرەپێدان, هەموو ئەو بڕە دراوانەی کەلەساڵی 1997 بەهیمەتی دامەزراوە نادەوڵەتیەکان (سەر بە بازرگانی, سەمتەرەکانی پەروەردەی بالا, سەرمایەگوزارییە ناسودمەندییە تا یبەتەکان)بۆ بەدیهێنانو پەرەپێدانی زانستو تەکنۆلۆژیا خەرج کراوە, لەسنوری سەدو پەنجاو نۆ ملیار دۆلارا بوە (بە بەهای دۆلار لەساڵی 1990)دا.

لەڕووی پێوانەکردنەوە, هەموو یابان حەفتا ملیار دۆلار, ئەڵمانیا سنوری سیو سێ ملیار دۆلار, ئیتاڵیا یازدە ملیار دۆلار کەنەدا نۆ ملیار دۆلاریان خەرج کردبوو. بەواتایەکی دی سەرمایەگوزاری بەدیهێنانو پەرەپێدانی نادەوڵەتی



ویلایەتە یەکگرتوەکان, نزیکەی بەرامبەر هەموو سەرمایەگوزارییەکانی شەش مێملی ئەو بوارەدا دەبێت. بڕوانە:

National Science Foundation, Science and Engineering Indicators, 1998m Appendix A, table 4-2.

"Basic Science Technology Statistics "at www.oecd.wash.org.

222-U.S. Department of Commerce, Bureau of Economic Analysis, "National Data Accounts," August 26, 1999. 5.

(223)بۆ یەکەمجار, سەرۆك کلنتۆن ئەم توانستەی لەبیستو هەشتەمی ژوئن 1999 بەڕوونی گەلاڵەکرد. بڕوانە:

David E. Sanger, "Clinton Sees the Possibility of Zero U.S. Dept by 2015 "New York Times, June 29, 1999.

224-Lohr, "Computer Age Gians Respect of Economists."

225-Department of Commerce, Bureau of Economic Analysis, "International Investment Data, Foreign Direct Investment in the United State: Capital Flows," at www.bea.gov/bea/dil/htm

226-"U.S. Aggregate Foreign Trade Data, GDP and U.S. International Trade in Goods nad Services, 1987 – 98," U.S. International Trade in Goods and Services, 1987 – 98," U.S. Department of Commerce, Bureau of Economic Analysis, at www.ita.docgov/industry/otea/usfth/tabcon.html.

(227)ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرامەتی ناوەنجی نەتەوەیی دیاری کردوەو, ژمارەی ئەو کەسانەی کەزیاتر لەڕادەی ئەو ناوەنجییە دەرامەت بەدەستدەهێنن, لەگەڵ کەسانێکی کەلەوە کەمتر دەرامەتیان بەراورد دەکات. بەدیاریکردنی ساڵێکی دڵخواز وەك ساڵێکی بنەڕەتی, ئەم دیاریکردنە بزاوتی دابەشکردنی دەرامەت لەڕوویەکی ناوەنجییەوە بەرەولایەکی دی دەگۆڕێت.

www.pertwk.com

228-Daniel H. Weinberg, Current Population Reports: A Brief Look at Postwar U.S. Income Inequality (Washington, DC: U.S. Census Bureau, June 1996).

(229)لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە:

Tyson, "Wages and Panic Buttons."

(230)لەساڵی 1996 دا نزیکەی لەسەدا دوو هەشت لەدەدا خەڵکی ئەمریکا بە کشتوکاڵو ماسیگرتنو دارستانەوە سەرقاڵ بوون. نزیکەی لەسەدا بیستو سێو هەشت لەدەدا لەبەشی پیشەسازیدا چالاکیان کردوەو، ئەوانی دی نزیکەی لەسەدا هەفتاو سێو لەدەدا سێ لەبەشی خزمەتگوزاریدا (کە خزمەتگوزاری گشتی لەسەر ئاستی فیدراڵ، ویلایەتو لۆکاڵی دەگرێتەوە) کاریان کردوە.

سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەم:

OECD, Labor Force Statistics, 1976 – 1996 (Paris: OECD, 1997).

نوسینگەی ئاماری هێزی کار پێشبینی دەکات کەتا ساڵی 2006 کارکەرانی بواری تەکنۆلۆژیای باڵا نزیکەی لەسەدا شازدەی هێزی کار پێکدەهێنن. دامەزراوەکانی کاری کڕینی کاڵاو خزمەتگوزاری لەلایەن پیشەسازی تەکنۆلۆژیای باڵا (بۆ خەرجی لەتەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانی خۆیدا) لەکارکردن لەتەکنۆلۆژیای باڵا خێراتر گەشەدەکاتو، لەساڵانی 1996 تا 2006 لەسەدا پەنجاو چوار زیاد دەکات. بڕوانە:

Daniel Hacker, "High-technology employment: a broader view," Monthly Labor Review, June 1999, pp. 18-28.

U.S. Department of Commerce, Falling Through the Net: Defining the Digital Divide (Washington, DC: USGPD, 1999).



(231)دامەزراندنی کۆمپانیا و دامەزراوە نوێیەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکان زۆر لەکۆمەڵگەکانی دی زیاترە. باجو خەراجی دامەزراندنی کۆمپانیاکان لەئەمریکا چوار بەرامبەری ئەو وڵاتانەی ئەوروپایە.

232-Arthur Schlesinger, Jr. the Desuniting of America (New York: w.w.Norton, 1992).

233-Jeams Schlesinger, "Framentation and Hubris," The National Interest, No. 49 (Fall 1997), pp. 4,6.

234-Ted Halstead, "A Politics for Geneation X," The Atlantic Monthly, August 1999.

235-A Nation of Spectators: How Civic Disengagement Weakens America and What We Can Do About It, Final of the National Commission on Civic Renewal (Washington, DC: June 1998).

236-Robert Putnam, "Bowling Alone: America's Declining Social Capital," Journal of Democracy, January 1995.

237-Deconstructing Distrust: How Americans View Government.

238-Stephen Ambrose, "The End of the Draft, and More, "National Review, August 9, 1999.

239-John Hall and Charles Lindholm, Is America Breaking Apart? (Princeton: Princeton University Press, 1999).

240-James E. Curtis, Douglas E. Baer, and Edward G. Grabb, "Voluntary Association Membership in Fifteen Countries: A Comparative Analysis, American Sociological Review, Vol. 57 (1992), pp. 139 – 52.

Virginia A. Hodgkinson and Murray S. Weitzman, Giving and Volunteering in the United States (Washington, DC: Independent Sector, 1996).

www.pertwk.com

(241)دەرئـەنجامی هەڵسـەنگاندنی ئـەو دیدانـە دەتوانێـت لەهەڵسـەنگاندنی دیدی دامەزراوەی گالوپدا ببینرێت. بۆ نمونە سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Satisfaction with U.S. " and " Religion: Gallup Social and Economic Indicators, 1999," at www.gallup.com.

242-American Religious Data Archive, Lilly Endowment, Dept. of Sociology and Anthropology, Purdue University, Queens 1996 Survey, Also see Richard Cimino and Don Lattin, "Choosing My Religion," American Demographics Magazine, August 1998.

243-John E. Rielly, ed, American Public Opinion and U.S. Foreign Policy (Chicago: Chicago Council on Foreign Relations, 1999).

(244)فەهرستی ئەم خۆتێهەڵقورتاندنەی پێش بەشداری لەبۆسناو کۆسۆڤۆ لەم سەرچاوەیەدا ببینە:

Richard F. Grimmett, Instances of the United of United States Armed Forces Abroad, 1798 – 1995, Congressional Research Service Report 96 – 119F, February 6, 1996, pp. 18 -25.

245-Barry Glassner, The Culture of Fear (New York: Basic Books, 1999), and David Whitman, The Optimism Gap: The I'm OK-They're Not Syndrome and the Myth of American Decline (New York: WEalker and Com 1998).

246-David Segal, Jerald Bachman, Peter Freedman – Dopan, and Patrick O'Mally, "Propensity to Serve in the U.S. Military: Temporal Trends and Subgroups Differences, "Armed Forces & Socity, Spring 1999, p. 421; and LloydMatthews, "Primer on Future Recruit Diversity, "in



Population Diversity and the U.S. Army (Carlisle, PA: U.S. Army War College, 1999), pp. 1-6.

247-Military Attrition: Better Data, Coupled with Policy Chanfes, Could Help the Services Reduce Early Separations, GAO Report NSIAD-98-13, September 1998; and F. E. Garcia K. S. Lawler, and D. L. Reese, Women at Sea: Unplanned Losses  and Accession Planning Center for Naval Analyses Research Memorandum 98 – 182, March 1999.

(248)سام نان لەساڵی 1992 دا بۆ سوپای ویلایەتە یەکگرتوەکان رۆڵی ناوخۆیی پێشنیاز کردو, باب داڵو لامار ئەلکساندەر لەململانێی سەرۆکایەتی کۆمار لەساڵی 1996 پێشنیازی لەوجۆرەیان خستەڕوو. بڕوانە:

Charles Dunlap, "The Origins of the American Military Coup of 2012," Parameters, Winter 1992 – 93, pp. 2-20.

(249)بۆ نمونە بڕوانە سەرچاوە:

Gary Hart, The Minuteman: Restoring an Army of the People (New York: Free Press, 1998).

(250)لەخولی ساڵانی 1991 – 1997 رێژەی دەرچوانی زانستی کەلەبەشی تایبەتەکاندا دامەزرابوون, لەسەدا دە زیادی کردوە (لەسەدا سیو دووە وە بۆ لەسەدا چلو دوو زیادی کردوە) داواکاری دەرچوانی رشتەکانی بازرگانی دارایی لەم بەرنامەیەدا روو لەزیادبوونە. ئەەرچی ژمارەی داواکارانی تاقیکردنەوەکانی دەزگای دەرەکی وەزارەتی دەرەوە ئاڵوگۆڕێکی کورت پیشان دەدات, بەڵام ئەوکەسانەی دەچنە بواری خزمەتگوزاری دەرەکیەوە, بەمەبەستی زیادبوونی ململانیٚ لەگەڵ پیشەسازی تایبەت سەفەری سنوردارتر دەکەن.

(251)نابێت ئەم سیناریۆیە راستەوخۆ لەگەڵ وێناکردنی دیدێکی سیاسیانە کەهەمان ناوی هەیەو دەڵێت (جەن لەنێوان دیموکراسیەکاندا پراکتیکانە نامومکینە) تێکەڵ بکرێت. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:

www.pertwk.com

Charles Dunlap, "the Origins of the American Military Coup of 2012," Parameters. Winter 1992 – 93, pp. 2-20.

www.pertwk.com

# U. S.

## National Security Strategy in $21^{st}$ Century